رۆمان

م. موئەدەب پەرور

ڕۆکسانا

وەرگێڕانی: چنار بێستانسووری

CamScanner



ڕۆکسالا... م. موحەمەد بەر

CamScanner



ئەم کتێبە لەلایەن چەناڵی kteb_khana2 کراوەتە pdf لە تیلیگرام

کتێبخانەی گۆلدن بووک
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
07701598762 - 07501444434
Goldenbook @ktebfroshe warzer

کتێبخانەی چوارچرا
سلێمانی سەرەتایی شەقامی مەولەوی
قەرغی سەعید ئەفەندی کۆبی
٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧ - ٠٧٥٠١١٢٨٣٨٨
Ktebxanai chwarchra

CamScanner



ڕۆکسانا

م. مونەدەب پوور
وەرگێڕانی: چنار بێستانسووری

CamScanner

به ناوی خوای تاک و تەنیا

ناوی کتێب: ڕۆکسانا
نووسەر: م. موئەدەب پور
وەرگێڕ: چنار بێستانسووری
دیزاین: هەرێم عوسمان
شوێنی چاپ: چوارچرا
نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم ٢٠٢٣
تیراژ: ١٠٠٠دانە

CamScanner

وەرزی یەکەم

لەگەڵ ئامۆزاکەم لە سەیارەکەی مندا دانیشتبووین و خەریکبووین بە شارێگەیەکی زۆر قەرەباڵغدا دەڕۆشتین، من شۆفێریم دەکرد و مانیش لە تەنیشتمدا دانیشتبوو و پاڵیدابوو بە جامی سەیارەکەوە و هەروا کە ئارام ئارام دەچووینە پێشەوە، لەگەڵ یەک قسەمان دەکرد. باوکی من و مانی دوو برابوون کە هەمیشە بە یەکەوە دەژیان، هەمیشەش بە یەکەوە هاوبەش بوون، ئێستاش کارگەیەکی گەورەیان هەیە، ماڵەکانمان لە تەنیشت یەکەوەن. دوو خانووی دوو نهۆمی لەگەڵ دوو حەوشەی گەورە و پڕ گوڵ و گیا و دارو درەخت کە دیوار لە نێوانیاندا نییە.

من و مانی چەند ساڵێکە زانکۆمان تەواو کردووە و هەر لەو کارگەدا کاردەکەین، دایکی مانی کاتی لەدایکبوونی مانی کۆچی دوایی کرد، لەبەر ئەوەی یەک ساڵ جیاوازی تەمەنمان هەیە، دایکم شیری بە ئەویش داوە، مامیشم دوای دایکی مانی ئیتر هاوسەرگیری نەکردەوە، ژنەکەی زۆر خۆشدەویست. لە ڕاستیدا دایکی من مانی گەورە کرد و ئێمە وەک دوو برا وابووین، بۆ هەر جێیەک کە دەڕۆیشتین و هەر کارێکمان کە دەکرد، بە یەکەوە دەڕۆیشتین و بەیەکەوە دەمانکرد، واتە مانی دەڕۆشت و منیش بەدوایدا، تۆزێک هاروهاج و بزێو بوو، بەڵام ئاغاو میهرەبان و فیداکار. باوکم و مامم دوو ئۆتۆمبیلی مۆدیل بەرزیان بۆ کڕیبووین و خستبوویانە ژێر پێمان، موچەکەشمان لەگەڵ ئەوەی هەفتەی دوو سێ ڕۆژ زیاتر کارمان نەدەکرد، زۆر زۆر بوو، لە باکوریش دوو ڤیلای زۆر زۆر گەورەمان هەبوو، مانی هەر ئەهات بەسەریدا کاری وێل ئەکرد و بە بیانووی نائارامی باری دەروونی هەردووکمان جۆرێک لە جۆرەکان بۆی دەردەچووین و سێ چوار ڕۆژێک لەوێ دەماینەوە. بە کورتی لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا دانیشتبووین و من قسەم دەکرد و مانیش پاڵی دابوو بە جامەکەوە و هەم گوێی لە گۆرانی دەگرت و هەم لەگەڵ من قسەی دەکرد.

- ئەلیم ناران ئیتر بە کەلکی ئەوە نایە تیدا بژی، ئەوەندە قەرەباڵغ بووە ناتوانیت هەناسەی تیادا بدەیت.

مانی- کەوابوو لیبیدە بڕۆین بۆ باکور.

- دور ڕۆژ نابینت لە باکور گەڕاوینەتەوە، مامە و ئەوان گۆڕمان بۆ هەڵدەکەنن. سەیرکە توخوا مەتر مەتر ئەچینە پیشەوە، جا ئیتر شارەوانیش با هەر لە پەسا مۆڵەتی بینا بدات و بەردەوام خانوو دروست بکەن و لە پەسا شار قەرەباڵغتر بینت.

هەر لەم کاتەدا دور کچ کە لە کەنار شەقامەکەدا وەستابوون دەستیان لی ڕاگرتین. سەیریکم کردن و پێم لیداو چوومە پێشتر و بە مانیم وت:

- ئەبینن کە نرخی ئەم ئۆتۆمبیلە ئەوەندەی چەند ئاپارتمانێک ئەبینت، کەچی وا ئەزانن تەکسییە، ئەوەندە هەندێ کەس بە هەموو جۆرە ئۆتۆمبیلێک ئیشی تەکسییان کردووە خەلکی ڕاهاتوون دەست لە ئۆتۆمبیلەکانی تریش ڕا بگرن. کابرا نرخی ئۆتۆمبیلەکەی پازدە، شازدە ملیۆنە، کەچی لە ڕێگەدا خەڵک سواردەکات تا بۆ نموونە پارەی بەنزینی ئۆتۆمبیلەکەی دەربهێنیتەوە، بە ڕاستی ڕۆژگارێکی خراپە!

مانی- زۆرا تف تف لەم ڕۆژگارە.

- بێ ئەربینت.

مانی- ئەی بارودۆخی ئابوری بۆ ناڵێیت؟!

- وێران! کابرا لە سێ شوێن کاردەکات تەنها بۆ ئەوەی بتوانێت خەرجی ژیانی پەیدا بکات، بێچارە شەو ماندوو و مردوو دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئیتر توانای وەلامدانەوەی سلاوی ژنەکەیشی نیە چ بگات بە بابەتەکانی تری ژن و مێردایەتی.

مانی- بمرم بۆ دڵی ئەو ژنە کە پرسەخانەیە.

- زەهری مار!

مانی- ئێ ئەتان فەرموو.

- کاتێکیش گەیشتە ماڵەوە، بێچارە ئیتر گیانی تیا نییە قسە بکات چ بگات بەوەی کە بە کوڕەکەیدا ڕابگات، بە کچەکەیدا ڕابگات، بە...

مانی- لێرەدا ڕۆڵی ئێمەی گەنج دەست پێدەکات، واتە لە ڕاستیدا ئێمە دەبێت بە کچەکەی ڕابگەین، کێشەکانی چارەسەر بکەین، ڕێنمایی بکەین، یانی بمرم بۆ دڵی ئەو ژنە کە کولبەی خەم و خەفەتە.

- چی؟

مانی- هیشتا له بیری ئەو ژنە بەدبەختەدام!

- وتبە.

هەر لەم کاتەدا گەیشتم بە سی کچ و هەر کە لە تەنیشتیاندا وەستام، بە پیکەنینەوە ئاماژەیان کرد کە دەیانەویت سەرکەون، رووەکرد بەولاوە و کەمێک ڕێگەکە کرایەوە و نزیکەی پازدە مەتر چوومە پێشەوە، خولەکێک دواتر هەر سێکیان گەشتن پێمان و بەکێکیان ویستی دەرگای دواوە بکاتەوە، زوو لای خۆمەوە دامخست و جامەکەی لای مانیم توزێک دادایەوەو پێم وت:

- ببورە خانمی بەریز، بەلام وا دیارە ئەم ئوتومبیلەتان بە هەڵە لێبووە بە تەکسی. خێرا جامەکەم هەڵدایەوە و ڕێگە کەمێک کرایەوە و پێم لێدا و ڕۆیشتم.

- زور سەیرن! بەزور دەیانەویت سەرکەون.

مانی- ویلیانکە، خەریکبوون ئەتان فەرموو!

- ئەری ئیتر، کاتێک باوک لە ماڵدا نەبێت، تەواوی فشاری ژیان دەکەوێتە سەر شانی دایک. ئەویش چۆن دەرەقەتی چەند منداڵ بێت؟

مانی- بەراستی سەختە! ئیستا ئەگەر پیاوەکە شەو کە ئەگەڕایەوە ماڵەوە پێی رادەگەشت، واتە ئەگەر دەیتوانی یارمەتی بدات، ئەمە شتێکی تر بوو.

ترافیک کەمێک سوک بوو و کەوتینە ڕێ و بە بەردەم دوو کچی تردا تێپەڕین و هەردوو بە پێکەنینەوە دەستیان لێگرتین، گرنگیم پێنەدان و تێپەڕیم و بە مانیم وت:

- ئەم بابەتانە گاڵتە نین، کارەساتن!

مانی- فەرمایشتی ئێوە تەواو لە جێی خۆیدایەتی.

- ئەمەوێ بزانم ئێمە هاتووینەتە دنیا تا وەکو مەکینە کاربکەین؟

مانی- من و تۆ؟

- من و تۆ خۆ هەر کارناکەین، ئەو خەڵکە بەدبەختە ئەڵێم.

مانی- بە تەواوی ڕاست ئەفەرموون!

- چۆن تۆ ئەمڕۆ ئەوەندە بێ دەنگ و بەئەدەبیت؟

مانی- ئاخر ئەوەندە وتەکانی ئێوە شیرین و ڕەوانە!

هەروا پاڵیدا بوو بە دەرگاکەوە و خەریکبوو سەیری منی دەکرد، هەر لەم کاتەدا بە بەردەم دوو کچی تردا تێپەڕین، دیسان دەستیان لێڕاگرتین، هەروا کە بە ئارامی بە بەردەمیاندا تێئەپەڕیم بە مانیم وت:

- چون ئەمانە تەنها دەست لە ئێمە ڕانەگرن؟ ئەگا دیسان خەریکی ئاماژە و شت بیت؟

مانی- من خۆ ئیرکانژمێرە وەکو بەچکەی مرۆڤ هەروا دانیشتووم و پشتم لە شەقامەکەیە، مەگەر ئەوەی کە بە کلکم ئاماژە بکەم.

بینیم ڕاست دەکات، سەیریکیم کرد و وتم:

- ئاخر تۆ هەر کاتێک بێدەنگ دەبیت، دیارە خەریکی کارێکی.

مانی- ئێستا لەبەرئەوەی کە دۆسیەکەم ڕەشە، هەرچی ڕووبدات تاوانی منە؟

- ئەی بۆچی ئەمانە تەنها دەست لە ئێمە ڕادەگرن؟

مانی- خەڵکی لەم چەند ساڵەدا هەموویان بوون بە دەروونناسێکی تەواو، دەم و چاوی تۆش نەجابەت و پاکی لێ ئەبارێت، ئەوەیە کە متمانەت پێدەکەن و دەیانەوێت سوار ئۆتۆمبیلەکەت ببن، واتە هەستی متمانە پێکردن لای خەڵکی دروست دەکەیت.

هەر کە ویستم قسە بکەم هەمان ئەو کچانە هاتنە پێشەوە و، یەکێکیانی چەند دانەیەکی دا لە شوشەکەی لای مانی.

زوو دەستم خستە سەرگێڕ و تۆزێک چوومە پێشەوە، مانی وتی:

- ئێستا چی تیایە ئەم بێچارانەش سواربکەین؟ ئێمە خۆ هەر خەریکین لەم ڕێگەوە دەڕۆین، ئۆتۆمبیلەکەش خۆ چۆڵە، بەخوا خێرە.

- پشتت لابە ببینم.

مانی- بۆچی؟

- تۆ لابە

مانی- پشتم ئازاری هەیە، پاڵمداوە بە دەرگاکەوە تا تۆزێک ئارام بێتەوە.

دەستیم گرت و کێشامە ئەملاوە، لەپڕ پەڕەیەک کاغەز لە پشتییەوە کەوتە خوارەوە

- ئەوە چی بوو؟

مانی- چی چی بوو؟

- ئەو کاغەزە؟

مانی- کام کاغەز؟

- هەر ئەوەی کە بەو جامەوە بوو.

مانی- ئەها، ئەو کاغەزانەیە کە ئەیچەسپێنن بە جامی ئۆتۆمبیلە تازەکانەوە

- ئەوانە خۆ ئەچەسپێنن بە جامی پێشەوە!

مانی- ئیستا ئەمەیان چەسپاندووە بە حامی ئەنیشتەوە، واز لەم بابەتە لاوەکییانە بهینە، خەریکبووی دەربارەی ئەو مبردەی کە بە ژنەکەی راناگات قسەت دەکرد، ئەز قەزا ج بابەتیکی سەرنجراکیش و شیرین بوو!

ئیستۆپم گرت و نوشتامەوە و لە ئەنیشتییەوە کاغەزەکەم هەلگرت، سەیریکیم کرد، حەپەسام، لەسەری نووسیبوو (وەلەنجەک- زەعفەرانیە بە ١٠ تمەن سەرکەوە بە خواردنەوەی فینگەوە تایبەت بە خانمان).

کاغەزەکەم گرت بەرە و رووبی و وتم:

- ئەمە چییە مانی؟

مانی- وەلەنجەک، زەعفەرانیە ١٠ تمەن، یانی چی؟ یانی زەوی ئەوی مەتری بە دە هەزار تمەن؟ ئەها! لەو ریکلامانەی مامەلەی زەوی و زارە، مرۆڤگەلیکی سەیرن! کاغەزی ریکلامەکانیان بەزور دەخەنە ئوتۆمبیلی خەلکییەوە، بەراستی بی شەرمییە! حەقتە نارەحەت بیت، منیش بۆ ساتیک نارەحەت بووم، ئیستا ئەوە بمینیت ریکلامەکە بەزور دەخەنە ئوتۆمبیلەوە، لەوە نارەحەتم کە ریکلامەکەیان درۆیە، واتە زەوی وەلەنجەک مەتری دە هەزار تمەنە؟ قۆلبڕینە وەلا، یەکیکیش نییە ری لەم کارانەیان بگریت، بەراستی مرۆڤ کاتیک رووبەرووی ئەم شتانە دەبیتەوە.....

- تەریق نابیتەوە مانی؟

سەیریکی منی کرد و سەیریکی دەرەوەی کرد و وتی:

- بۆ نا، بەخوا ئەمجارە تەریق ئەبمەوە.

- باشە لانیکەم بۆ جاریکیش بووە تۆ تەریق بوویتەوە.

ئوتۆمبیلەکانی دواوە هۆرنیان بۆ لیدام و منیش کاغەزەکەم هەلدایە سەر قاچی مانی و کەوتمە ری، وتی:

- لەوە تەریق ئەبمەوە کە ئەم هەموو گولی رۆز و مریەم و ئەستەرەن و میناو یاسەمەن و لالە لە کەنار ئەم شەقامەدان و چلیکیان بە دەست منەوە نییە، ئاخر دژە مرۆڤ، بەلای گولەکانی ناو مال، تۆ ج بوونەوەریکی کە گرنگی بە سروشت نادەیت؟ دەی توش خۆ مرۆڤیت، سەرەنجام ئەبی حەزت لە گولیک بیت یان نە؟

- ئەری، بەلام ئەو گولەی کە من حەزم لییەتی لە ناو ئەمانەدا نییە.

مانی- دەی زووتر بلی تا بگەریم و لەنیوان ئەمانەدا بۆت بدۆزمەوە، ناوی ئەو گولە جوان و بۆنخۆشە چییە؟ تایبەتمەندییەکانی چین؟ چەند پەری هەیە؟ چەند کاسە گولی

هەیە؟ زمارەی پۆرگەکانی چەندە؟ بڵێ ئیتر درەنگە.

- مێخەک، من عاشقی مێخەکم.

سەیرێکی کردم وتی:

- مردوو شۆر ئەو زەوق و سەلیقەت بەرێت، ئاخر مێخەک گوڵە؟

- تا ئێستا سەبەتەیەک مێخەکت کڕیوە؟

- بۆ مەگەر دارتاشم سەبەتەیەک بزمار و مێخەک بکڕم؟ دواتریش لە پڕ بەربێتەوەو هەرچی بزمارە بچن بەو شوێنەی مرۆڤدا!

- من حەزم لێیەتی.

مانی- خوا ڕەحمی کردووە، کە حەزت لە مێخەکە، ئەگەر بۆ نمونە حەزت لە کاکتۆس بکردایە ئەوە ئیتر واوەیلا! هەر کە سەبەتەیەکمان لێی لە باوەش بکردایە تێکە تێکە ئەبووین، ئێستا بۆچی ئەوەندە خێرا ئەڕۆیت؟

- دەی ڕێگە کراوەتەوە ئیتر.

مانی- لانیکەم ئارامتر بڕۆ ئێستا کە نایانکڕیت هیچ نەبێت با سەیریان بکەین.

- چەند قسە ئەکەیت مانی! مێشکم چوو.

مانی- مێخەک؟ مێخەکیش بوو بە گوڵ؟ ئاخر ئەمە سروشتە تۆ هەتە؟ سروشتت وەکو گوێنی زبرە، سروشتت وەک سمارتە وایە.

دواتر لایکردەوەو سەیری دەرەوەی کردو وتی:

- خۆزگە ئێستا ئۆتۆمبیلەکەی خۆم لێرە بوایە تا ناو ئۆتۆمبیلەکە و داشبل و سندوقی دواوەم پڕ بکردایە لەم گوڵانە، هەر نازانم بۆچی چوومە بەشی ئەندازیاری؟ من ئەبوایە مەشتەلێکی گوڵفروشیم بکردایەتەوە، ئەندازیاری بیناسازی بەکەلکی هاوشێوەکانی تۆ دێت کە سروشتتان ناقۆلا و ناڵەبارە، بەردەوام ئەبێ سەروکارتان لەگەل خشت و چیمەنتۆ و ئاسن و لوله و کرێکار و بەنادا بێت، قوربانی خوا بم بەم مرۆڤانەیەوە! ئاخر خوایە گیان ئەمەش مرۆڤ بوو تۆ دروستت کرد؟

بە کورتی تا بەردەم ماڵەوە بۆڵەی هات. ماڵمان لە زەعفەرانییە بوو، نزیکەی نیو کاتژمێر دواتر گەیشتین و هەر کە پێچم کردەوە بەردەم ماڵ و وەستام، لای مانییەوە کچێکی نزیکی بیست و یەک، بیست و دوو ساڵە هاتە پێشەوە، مانی هێشتا خەریکبوو بۆڵەی بەسەر مندا دەکرد و ئاگای لەولا نەبوو، من خەریکبووم لەملاوە سەیرم دەکرد، ئەمدەناسی، وامدەزانی دەیەوێ لەسەر شوستەکەوە بڕوات و من بەردەمم گرتووە،

هەروا خەریکبووم سەیرم دەکرد، مانی وتی:

- ئاگات لە کوییە؟ خەریکم لەگەل تو قسە دەکەم.

- کچیک لە پشت سەرتەوە وەستاوە.

سەیریکی منی کرد و زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- درۆ دەکەیت وەکو سەگ!

- بەگیانی تو.

مانی- بەگیانی تو چی؟

- خانمیک ڕێک لە پشت سەرتەوە وەستاوە.

کەم کەم زەردەخەنەکەی گۆڕا بۆ پێکەنین و وتی: زیاتر لە بارەیەوە بڵێ.

- دەی لابکەرەوە و خۆت ببینە.

مانی- ئاخر ئەزانم درۆ ئەکەیت، بەڵام ئەو خەونە درۆش بێت هەر جوانە، بە ئایەت کە لە زمانی شێرە بەفرینەیەکی وەک تۆوە ببیستریت.

- کەریکی سەیری!

مانی- دەی ئێستا ئەوی تری بڵێ.

- ئەوی تری چی؟ کچێک ڕێک لە پشت جامی ئۆتۆمبیلەکەوە وەستاوە.

دیسان پێکەنی و وتی:

- قژی چۆنە؟ چی لەبەردایە؟ جوانە یان نە؟ بڵێ ئیتر.

لەپڕ کچەکە چەند دانەی دا لە جامی ئۆتۆمبیلەکە، مانی لە ترسدا خۆی هەڵدایە باوەشی من و وتی:

- وای خودای میهرەبان! چی خەریکە ڕوودەدات؟

هەم پێکەنینم دەهات و هەم لەبەردەم کچەکەدا ناشیرین بوو.

- شەرم بکە مانی.

هەروا لە باوەشی منداا بوو بە ئارامی سەری وەرگێڕا بەرەو لای جامەکە هەر کە کچەکەی بینی خێرا وتی:

- وای دێو! ئامۆزا گیان نەهێڵیت ئەمە من بخوات.

پاڵمنا بۆ ئەولاوە و جامەکەم دادایەوە، کچێکی کال و جوان بوو، لەچکێکی شینی بەسەرەوە بوو و بالاپۆشێکی شینی زۆر کالیشی لەبەردا بوو، هەر کە جامەکە دادرایەوە سلاوی کرد، وێستم وەڵامی بدەمەوە، مانی خێرا وتی:

- تکا ئەکەم دەردەسەریمان بۆ دروست مەکەن.

لەبر پیکەنین گرتمی و سەرم داخست، کچی بیچارە بە سەرسوڕمانەوە وتی:

- بەخوا من نامەوێت دەردەسەریتان بۆ دروست بکەم.

مانی- خەریکن ئازارمان دەدەن.

کچەکە سوور بوو بووەوە بە شەرمەوە وتی:

- داوای لێبوردن ئەکەم، بەڵام من تەنها پەیامێکم پێیە بۆتان، تازە ئەگەر....

مانی- دەتەوێ ژمارە و شتمان پێبدەیت؟ من نامەوێت.

کچەکە- نە بەخوا، واتە من هەرگیز...

مانی- ئێستا مەپەشۆکێ، ژمارەکەت لەسەر کاغەز نوسیوە یان ئەبێ لەبەری بکەین؟ وای مێشکم ئێستا هیچ وەرناگرێت!

کچەکە- نامەوێت ژمارە بدەم بەخوا.

بینیم داماوە هاکا دەستیکرد بە گریان، خێرا وتم:

- ئ فەرمایشتێکتان هەبوو خانم؟

ئاوی دەمی قوتدا و بە ئارامی وتی:

- ببورن من بەدوای ئاغای هامون و مانی شەباهەنگدا دەگەڕێم، بەو نیشانەی کە پێیانداوم وابزانم ئێوەن.

مانی- ئەگەر ڕاست دەکەیت ژمارەی ناسنامەکانمان چەندە؟

کچەکە پێکەنینی دەهات، کێشام بە کەلەکەی مانیدا و هەر کە ویستم لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزم مانی هاواری کردو وتی:

- مەڕۆ خوارەوە دەتخوات.

ئەمجارە کچەکە بوورایەوە لە پێکەنیندا. دابەزیم و چووم بەرەو لای و وتم:

- من هامونم و ئەوانیش ئامۆزامن، مانی.

دەستی هێنایە پێشەوەو هەروا کە تەوقەی لەگەل دەکردم وتی:

- دەنگوباستان چۆنە؟ من ڕۆکسانام.

- مەمنون، دەنگوباسی ئێوە چۆنە؟

ڕۆکسانا- سوپاس، باشم، هەرچەند لە سەرەتاوە بە ڕاستی ترسام و پەشۆکام.

- لەبێ ببورن، مانی تۆزێک سوعبەت چیە!

ڕۆکسانا- تۆزێک؟

- فەرموون، وتتان پەیامیکتان پییە بۆ ئیمە؟

لایکردەوە بەلای مانیدا کە هێشتا لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بوو و سەیریکرد، منیش ئامازەم بۆ مانی کردو وتم:

- بۆ دانابەزیت؟

مانی- ئەترسم، نایەم.

ڕۆکسانا دەستیکرد بە پێکەنین، مۆرەیەکم لە مانی کرد، بە ئارامی دەرگاکەی کردەوە و دابەزی و وتی:

- من دابەزیم، بەلام ئەگەر پەیامەکەت لەو پەیامە سارد و وشک و بێ گیانانە بێت بۆی دەرئەچم، ئەچمەوە ناو ئۆتۆمبیلەکە دووبارە.

ڕۆکسانا هەروا کە پێدەکەنی وتی:

- نە، بە پێچەوانەوە پەیامێکی باشە، تەنها ئەگەر بکرێت بچینە شوێنێک کە کەسی لێ نەبێت.

- کوێ بۆ نمونە؟

مانی- بچینە سندوقی دواوە، کەسی تیا نییە.

من دەستمکرد بە پێکەنین، ڕۆکساناش فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوارەوە، خێسەیەکم لە مانی کرد، ڕۆکسانا وتی:

- مەبەستم ئەوەیە بچینە شوێنێک کە بتوانین بە ئاسودەیی قسە بکەین.

- دەی تەشریف بهێننە ماڵەوە.

ڕۆکسانا- ماڵەوە نە.

- نیگەران مەبن، دایکم لە ماڵەوەیە.

- هەر لەبەرئەوە حەز ناکەم بچینە ماڵەوە.

هەر کە ئەمەی وت مانی زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- ئەوەندە بە دڵنیاییەوە قسە مەکە، لەوانەیە دایکت چوو بێت بۆ کڕین.

- زەهری مار!

مانی- واتە ئەڵێم لەوانەیە لە ماڵەوە نەبێت.

ڕۆکسانا هێشتا پێدەکەنی، وتم:

- دەی ئێوە بڵێن بۆ کوێ بڕۆین؟

ڕۆکسانا- ڕاستییەکەی من شارەزای ئێرە نیم، وامزانی ئێوە جێیەک شک ئەبەن،

ئەزانن بابەتیکی گرنگە، بچینە جێیەکی چۆل کە بتوانین قسە بکەین.

مانی- ئەتانەوێت بچین بۆ شاخ؟ ئێستا ناوەڕاستی هەفتەیەو کوڕەپەرو تیا ئەخوێنێت.

دووبارە ڕۆکسانا دەستیکرد بە پێکەنین و وتی:

- مەبەستم ئەوەیە جێیەک بێت کە بتوانین دابنیشین و قسە بکەین.

مانی- دەی سێ تەپلەکیش لەگەل خۆماندا دەبەینە ئەو سەرە، چۆنە؟

ئەمجارە منیش دەستمکرد بە پێکەنین، خۆیشی هیچ پێکەنینی نەدەهات، ڕۆکسانا نیستا نیتر خۆی پێنەئەگیراو بەردەوام خەریک بوو پێدەکەنی و بە پێکەنینەوە قسەی نەکرد.

ڕۆکسانا- هەر لەم ناوە شوێنێکی لێ نییە؟

مانی- یاری بیست پرسیارییە؟ ئێ ئەو شوێنەی کە ئێوە مەبەستتانە، نەکرێت بفەرموون ناوەوەی شارە یان دەرەوەی شار؟ واتە ئاو و ئاوەدانی تیایە یان نە؟ چگە لەوەش کە کاتیشی هات ڕێنماییەکمان بکەن.

ڕۆکسانا- مەبەستم کافێیەک، شتێکە.

مانی- من ئەو کافێیانەی کە لەو شەقامەو سێ چوار ڕێ سەرووتر و حەوت هەشت کۆلان خوارترن، شارەزا نیم، تا ئێستاش قاچم تێیان نەخستووە، لەمەودواش نایخەم مەگەر ئەوەی کە بەزۆر بمبەن و گەرنا خۆم بە تەنهایی ناڕۆم ئەمە لە من.

- ئێستا بابەتەکە ئەوەندە گرنگە ڕۆکسانا خان؟

ڕۆکسانا هەروا کە هەوڵیدەدا ڕێ لە پێکەنینەکەی بگرێ، وتی:

- زۆر گرنگە کاک هامون.

- کەواتە ئەرموون سەرکەون.

دەرگای دواوەم بۆ کردەوەو دانیشت و خۆشم ڕۆشتم سەرکەوتم و مانیش دانیشت.

- بۆ کوێ بڕۆین مانی؟

مانی- من خۆ وتم ئەم ناوە شارەزا نیم، بەگ دانێ بۆ دواوەو بچۆ سەر شەقامی سەرەکی.

بەسەر پردەکەدا ڕۆشتمە ناو شەقامەکەو چووم بەرەو شەقامی سەرەکی و پێچم کردەوە بەرە و سەرەوە.

- ئێ؟

مانی- ئێ چی؟

- لە کوییە ئینتر؟

مانی- من خۆ نەڕۆشتووم تا ئیستا، دووەمین جوار ڕیان بەدەستی چەپدا پەچم کردەوە بۆ هەمان شەقام کە مانی وتی و چوومە پیشەوەو پرسیم:

- لە کوییە؟

مانی- بۆچی بەردەوام لە من دەپرسی؟ لە بەردەم ئەم خانووەدا ڕایگرە. لە شوینێکدا پارکم کرد و هەرسێکمان دابەزین و بە مانیم وت:

- ئیرە خۆ کافێی لینییە.

مانی- ئەری، بەڵام بریارە چەند ساڵێکی تر بەکێک لێرەدا دروست بکەن.

- ئیستا کاتی گاڵتەیە؟

مانی- برۆ بەردەم ئەو خانووە و زەنگێک لێدە ئینتر.

- ئەو ماڵە؟

مانی- ئەری بابە.

چووینە بەردەم ماڵێک و وەستاین و سەیرێکی مانیم کرد و زەنگەکەیم لێدا، پیاوێک وەڵامی دایەوە، لەو زەنگانە بوو کە وێنە پیشان دەدات، هەڵیگرت و وتی:

- سڵاو ئاغا مانی، فەرموون.

دواتر دەرگاکەی کردەوە، سەیرێکی مانیم کردو وتم:

- لە هیچ... لە هیچ شوێنێک کەس تۆ ناناسێت!

مانی- ئیستا خراپە کارەکەتم بەڕێکرد؟

ڕۆکسانا پێکەنی و ئێمەش چووینە لاوە تا ئەو چووە ژوورەوە و دواتریش من و مانی، خانوویەکی گەورە بوو بە حەوشەیەکی پڕ گوڵ و دڵگیرەوە، ناو خانووەکەیان زۆر جوان و شێک ڕزاندبووەوە و مێز و کورسییان دانا بوو، پڕ بوو لە کچ و کوڕ، موزیکێکی خۆشیشی خرابوویە سەر، هەر کە چووینە ژوورەوە خانمێک کە وادیاربوو لەوی کارسۆن بوو، هاتە پێشەوەو لەگەڵ مانی سڵاو و هەواڵپرسی کرد و ئێمەی بردە سەر مێزێک و هەرسێکمان دانیشتین و داوای سێ نیسکافەمان کرد. ڕۆکسانا سەیری دەوروبەری کردو وتی:

- پێموانەبوو شوێنی وا بوونی هەبێت.

مانی- منیش پێموانەبوو، هەروا لە خۆوە ئەم خانووەم پیشاندا، بەڵام لەبەرئەوەی کە بەختی ئەم هامورنە وەکو عەمودی کارەبایی بەرزە و دڵیشی پاکە، لێیداو کافێ دەرچوو.

ڕۆکسانا پێکەنی و وتی:

- ڕێک بەو شێوەن کە پێیان وتبووم.

مانی- ببوورن دەربارەی من چییان بە ئێوە وتووە؟

ڕۆکسانا- ئەوەی کە قسەخۆش و شادو کەمێکیش...

مانی- ئێتر کارتان بەسەر ئەوەی ترەوە نەبێت، یانی ئەوەی تر گرنگ نییە.

ڕۆکسانا دەستیکرد بە پێکەنین و پاشماوەی قسەکەی نەوت.

مانی- ببوورن دەربارەی ئەم هامونە چییان وتووە؟

ڕۆکسانا- جدی و تۆزێک...

مانی- تۆزێک نەو زۆر بێفەڕ، خاوەنی سروشتێکی مردو، لە ڕاستیدا پێکهاتووە لە چوار ئیسقان و سی چل کیلۆ ماسولکە کە ڕۆحێکی لاواز وەکو خشتی کازاخی گەمارۆیداوە.

ڕۆکسانا کە هەر پێدەکەنی وتی:

- نەبەخوا، ئاوا باسیان نەکردووە.

مانی- خانم باوەڕ بکەن ئەم مرۆڤە کۆمەڵێک تایبەتمەندی ڕەوشتی هەیە کە لە عەمودی کارەباشدا نییە، ئەوەندە ئەم کوڕە وشک و بێ گیانە کە ئەگەر سەد سال لە دارستانەکانی باکوردا بینێژین یەک گەڵای لێ سەوز نابێت، داری وشک لەچاو ئەمدا گوڵی هەمیشە بەهارە، لە ڕەوشت چیتان بۆ بڵێم تا باوەڕ بکەن؟ ئەو ئەکتەرە پیاوەی کە خۆشی ئەوێ ئارنۆلدە، بۆ ئەکتەری ژنیش لایەنگری ئەو پیرەژنەیە کە لە فیلمەکاندا هەمیشە ڕۆڵی جادووگەر دەبینێت، لە ڕەنگدا حەزی لە ڕەنگی نیلی مەیلەو ڕەشە، لە ئۆتۆمبیلی وەرزشیدا حەزی لە لۆرییە، فیلم! تەنها فیلمی ئەکشن و بکوژ بکوژ، ئەو خواردنەی حەزی لێدەکات و بەردەوام لە ڕیستۆرانتەکاندا داوای دەکات کەبابی قەفقازییە، ئیستاش لەبەردەم ئێوەدا ڕەچاوی کرد کە داوای نیسکافەی کرد، ئەگەر ئێوە نەبوونایە ئیستا لێرەدا داوای نان و چایی دەکرد، ئێوە نازانن من لە دەست ئەمە چی دەکێشم!

ئەو دەیوت و ڕۆکسانا پێدەکەنی.

مانی- بەخودا ئەڵێی سەد ساڵە ئێوە دەناسم ڕۆکسانا خان.

ڕۆکسانا- زۆر مەمنون.

مانی- ببوورن ئێوە جگە لە خۆتان خۆشکی ترتان نییە؟

روکسانا- نا، نیمه

مانی- خوا بتانهیلیت بو دایک و باوکتان.

روکسانا- سوپاس

مانی- خەریکبووم دەموت، لە گولدا حەز لە میخەک دەکات، باوەڕ دەکەن؟

روکسانا- بەڕاست؟ ئەزقەزا منیش حەزم لە میخەکە

مانی- واتە لە راستیدا هەمیشە پێی دەڵێم، واتە هەر کاتژمێرێک پێش ئێستا خەریکبووم پێم ئەوت کورەکە، تەنها شتێک کە ژیانی تۆی بەم دنیا بەستۆتەوە هەر ئەو خۆشەویستییەتە بۆ گوڵی میخەک. ئەم گوڵی میخەکە چەند جوان و سەرنجڕاکێشە! من هەمیشە بەیانیان ئەچمە بەردەم ئەم گوڵفرۆشییانەوە لە پشت شوشەوە سەیری گوڵە میخەکەکان ئەکەم، بەڕاستی شاکاری سروشتە! ئەتوانیت بڵێیت لە گوڵی کەرکوژەش بۆنخۆشترە.

خێسەیەکم لێکردو بە روکسانام وت:

- ئێ، باشترە گفتوگوکانمان دەست پێبکەین، بە دڵنیاییەوە بابەتێکی زۆر گرنگ کە ویستتان لێرە لە بارەیەوە قسە بکەین.

مانی- ئێستا ئەگەر زۆریش گرنگ نەبوو، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە ئێمە هەرسێکمان شاد و دڵخۆش لێرەداین.

هەر لەم کاتەدا هەمان خانم نیسکافەکانی بۆ هێناین و خستییە بەردەممان و دواتریش پیاوێک کەوا دیار بوو خاوەنی ئەوێ بوو هات و لەگەڵ مانیدا سلاو و هەوال پرسییەکی گەرم و گوڕی کردو کاغەزێکی پێدا کە چەند ژمارەی لەسەر بوو پێیدا و پێیوت:

- ئاغا مانی ئەمانە چەند دانەیەک لە هاوڕێیان پێیاندام کە بیدەم بە ئێوە.

مانی خێرا لێی وەرگرت و خستییە گیرفانی و کاتێک کابرا ڕۆیشت بە ڕۆکسانای وت:

- چەندێک ئەم هاوڕێیانە ڕێزیان هەیە! ژمارەکەیان ئەدەن کە تەلەفۆنیان بۆ بکەم تا هەوالی بەکتر بزانین، خوا بیانپارێزێت، خەریکبووم دەموت، حەز لە دەنگی ئوم کەلسوم دەکات، ئەم شریتەی دەخاتە سەری و وەها چێژی لێوەردەگرێت کە مەپرسە!

بە قاچ کێشام بە قاچیداو بە ڕۆکسانام وت:

- ئێمە سەرتاپا گوێین، ڕۆکسانا خان.

تۆزێکی لە نیسکافەکەی خواردەوەو وتی:

- من لەلایەن پورتانەوە (خوشکی باوک) پەیامم بۆ هێناون.

- پورمان؟

سەری راوەشاند، وتم:

- لەوە نەچی بە هەلە تیگەیشتبن، ئیمە پورمان هەر نییە.

روکسانا- بۆ نا، هەتانە.

- روکساناخان باوکی ئیمە خوشکیان هەر نییە.

مانی- جاری پەلە مەکە هامون گیان، مرۆڤ کاتێک پورێکی خۆرایی پەیدا دەکات خۆ فریی نادات، ئێستا با پورێکیشمان لە سوچێکدا هەبێت، ج کێشەیەکی تیایە؟ خۆ جیی کەسی تەنگ نەکردووە، ببورن روکسانا خان ئێوە کە زانیاری فراوان و کۆی شەجەرەنامەی بنەمالەی ئیمەتان لایە، ئەگرێت بڵێن ئیمە کچە پورمان هەیە یان نا؟

روکسانا- تاڕادەیەک!

مانی- بانی چی؟ مەگەر ئەگرێت مرۆڤ تا ڕادەیەک کچە پوری هەبێت؟

روکسانا- ئاخر چۆن پێتان بڵێم؟

مانی- خۆم تێگەیشتم، کاتێک مرۆڤ دوای بیست و حەوت، بیست و هەشت سال پورێک بدۆزێتەوە، ئەم پورە دەبێتە تاڕادەیەک پور، ئێ کچەکەشی دەبێتە تاڕادەیەک کچە پور، ئێستا بێ زەحمەت بڵێن ئیمە تاڕادەیەک چەند پور و کچە پورمان هەیە؟ جگە لەوەش بڵێن ئیمە لە تەنیشت ئەمانەدا بیر لە چەند مێردی پور بکەینەوە؟ وە ئایا ئیمە دەبێت بەرگەی بوونی کوڕە پور بگرین؟ ئەگەر هاتوو کوڕەپوریش بوونی هەبوو، بە غیرەتە یان بێ غیرەت؟ دەمارگیرە لەبەرامبەر خوشکەکەیدا یان نە؟ (هەر وەڵامێکی ڕاست یەک نمرە).

ڕۆکسانا تەنها پێدەکەنی، وتم:

- ڕۆکسانا خان گاڵتە دەکەن؟

ڕۆکسانا- نە بەخوا کاک هامون، ئاغا مانی قسەی خۆش دەکات و پێکەنینم دێت، بەڵام ڕاستیم پێ وتن، ئێوە پورێکتان هەیە.

- ئاخر ئەم پورە چۆن لەپڕ دروست بوو؟

مانی- بە بۆچوونی من ئەم پرسیارە پرسیارێکی بێ ئەدەبانەیە، یەکەم پور یان هەر مرۆڤێکی تر لە پڕ دروست نابێت، جا ئیتر پور بێت یان هەر کەسێکی تر، دووەم تۆی زەبەلاح هێشتا نازانی پور چۆن دروست دەبێت؟

- تۆ دەزانی چۆن لەپڕ پەیدا بووە؟

مانی– من نازانم چۆن لەپڕ پەیدا بووە، بەڵام دەزانم چۆن دروست بووە.

- ئاه! بهیڵە بزانم بابەتەکە چییە، ڕۆکسانا خان ئەگریت زیاتر ڕوونی بکەنەوە؟

ڕۆکسانا- پورتان وتیان، واتە ببورن من تەنها پەیامەکەی ئەوتان بۆ دووبارە ئەکەمەوە، پورتان وتیان ئێوە دوو دانە برازا ئەگەر غیرەتتان هەیە فریای پورتان بکەون.

لامکردەوە بەلای مانیدا کە بێدەنگ بوو بوو و خەریک بوو سەیری ڕۆکسانای دەکرد، وتم:

- تۆ چی ئەڵێیت؟

هەروا کە سەیری ڕۆکسانای دەکرد، وتی:

- ئەزانم کە ڕۆکسانا خان درۆ ناکەن، بەڵام چیرۆکێکی زۆر سەیرە!

- ڕۆکسانا خان ئێوە چ نزیکایەتییەکتان لەگەڵ پوری ئێمە هەیە؟

مانی– نەکا لەپڕ بڵێیت تا ڕادەیەک خوشکی منی، بە هیچ شێوەیەک تاقەتی ئەمەیانم نییە.

ڕۆکسانا کە هەر پێدەکەنی، وتی:

- نە، من خوشکی هیچ کام لە ئێوە نیم، من خوێندکاری زانکۆم، پوری خانم گەورەییان نواند و لە ماڵەکەیاندا ژوورێکیان دا بە من.

مانی– ببوورن ڕۆکسانا خان، پوری خانمی ئێمە چەند دانە ئا لەم گەورەییانەی کردووە؟ واتە چەند کچ وەکو ئێوە لەوێ ژووریان هەیە؟

ڕۆکسانا- ئێمە سێ نەفەرین.

مانی– کەوابوو پوری خانمیش پانسیۆنی کردووەتەوە.

ڕۆکسانا– ئەوان پارە لە ئێمە وەرناگرن.

مانی- ئەوکات ئەڵێن من لە کێ ئەچم؟ دەی لە پورم ئەچم ئیتر، منیش هیچ کات پارە لە خانمان وەرناگرم

سەیرێکی ڕۆکسانام کردو وتم:

- ئێستا ئێمە ئەبێت چی بکەین؟

ڕۆکسانا– ببورن، بەڵام من تەنها پەیامەکەی ئەوانم بە ئێوە گەیاند، ئیتر خۆتان دەزانن.

لامکردەوە سەیری مانیم کرد، وتی:

- ڕۆکسانا خان بە پورمان بڵێن ناتوانێت لە خشتەمان بەرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە

سەری لیدەدەین.

ڕۆکسانا- بۆچی ئیستا نایەن؟ من خەریکم دەچم بۆ ئەوێ، ئێ ئێوەش وەرن، ئەو پیرەژنە خۆشحال دەکەن، زۆر ئائومێد و خەمبارە، ژنێکی بەڕاستی باش و مێهرەبانە. تنکا ئەکەم وەرن.

سەیری چاوەکانیم کرد، وەها بە ڕاستگۆییەوە قسەی دەکرد، کە قسەکانی دلی ئەگرت.

- مانی تەلەفۆنێک بکە بۆ بابەو ئەوان، بیانوویەکیان بۆ بهێنەرەوە.

مانی- مالی پورمان لە کوێیە؟

ڕۆکسانا- گیشا.

لە جێگەکەم هەستام و وتم:

- بڕۆین ڕۆکسانا خان.

ڕۆکسانا- دێن؟

- پورم بۆ گەیاندنی پەیامەکەی کەسێکی باشی هەڵبژاردووە، ئەڕێ، هەر ئیستا بەیەکەوە دەڕۆین، هەرچەند هێشتاش پێموایە یان هەڵە تێگەیشتنێک هەیە یان بابەتێکی تر لەنێواندایە، بەهەرحال ئێمە پورمان نییە، بەڵام لەبەرئەوەی بابەتەکە بۆ خۆشمان سەرنجڕاکێشە لەگەڵتان دێین.

هەرسێکمان هەستاین و لە کافێکە هاتینە دەرەوە، مانی تەلەفۆنێکی بۆ ماڵەوە کرد و بەرنامەکەی ڕێکخست و سواری ئۆتۆمبیل بووین و بەرەو گیشا کەوتینە ڕێ. نزیکەی نیو کاتژمێر دواتر لە گیشا بووین و ڕۆکسانا کۆڵانێکی پێ پیشاندایین، چووینە ناوی و لەبەردەم خانوویەکی دوو نهۆمیدا وەستاین، خانوویەکی تاڕادەیەک مۆدێل کۆن بوو، هەرسێکمان دابەزین و ڕۆشتین بەرەو خانووەکە و ڕۆکسانا زەنگی لێداو دەرگا کرایەوە و چووینە ژوورەوە، خانووەکە باکووری بوو، بە حەوشەیەکی بچوک، بەڵام دلگیردا تێپەڕین و بە چەند قادرمەیەکدا سەرکەوتین، دەرگای ڕاڕاوەکە کرایەوەو دوو کچی تر هاتنە دەرەوەو سڵاویان کرد، هەر کە مانی چاوی پێیان کەوت بە خەمبارییەوە وتی:

- سڵاو پوورە باشەکانم، یاخوا ببمە پێشمەرگتان، سەد هەزار جار سوپاس بۆ خوا کە ئێمەی بە یەک گەیاندەوە، زۆر بیرم نەکردن، توخوا بهێلن دوای ئەم هەموو ساڵە دووری لە باوەشتان بگرم، ئیوە بونی باوکمتان لیدێت.

ئەمەی وت و چوو بەرەو لایان، هەردووکیان دەستیان کرد بە پێکەنین و ڕۆکسانا

وتی:

- کاک مانی ئەمانە هاوریکانی منن، پوری خانم ئەوانن.

هەر لەوبوە پشت پەنجەرەی یەکیک لە ژوورەکانی پیشاندا، من و مانی هەردووکمان لامانکردەوە بەولادا، خانمیکی پیر لە پشت پەنجەرەی بالا نوینی ژوورەکدا وەستا بوو خوی دابوو بەسەر گوچانیکدا و خەریکبوو سەیری ئیمەی دەکرد. هەردووکمان بیدەنگ بووین و سەیری ئەو خانمەمان دەکرد، وا دیاربوو بابەتەکە جدی بوو، دەموچاوی ئەو خانمە لیکچوونیکی زوری لەگەل مامم، باوکی مانیدا هەبوو، هەردووکمان حەپەساوین، لەوانەیە نزیکەی سی چرکە هەروا سەیرمان کردبیت، لەپر مانی لایکردەوە بەلای هەمان ئەو دوو کچەدا و وتی:

- ئیوە بە هەلە تینەگەیشتوون؟ من پیموایە ئیوە پوری ئیمەن، بە تەمەنی ئەو خانمەدا وا دەرناکەوینت پوری ئیمە بیت، جا ئیتر خۆتان بیتام مەکەن و وەرنە پیشەوەو برازاکانتان لەباوەش بگرن.

کچەکان دووبارە دەستیان کرد بە پیکەنین و ڕۆکسانا هاتە پیشەوەو وتی:

- ئەیانناسینم، مریەم و سارا، هاوڕێیانی من.

مانی بە نارەحەتی تەوقەی لەگەل هەردووکیان کردو وتی:

- من هیشتا هەست دەکەم هەلەیەک ڕوویداوە، ئەلیم ڕۆکسانا خان من کاتیک منداڵ بووم جاریک لە دایکمم بیست کە پوریکم هەبووە (خوشکی دایک) کاتیک بیست و یەک بیست و دوو ساڵ بووە ون بووە، ئەگرینت ڕێی تی ئەچیت یەکیک لەم دوو خانمە پورە ونبووەکەی من بیت؟

ڕۆکسانا کە هەر پیدەکەنی وتی:

- وا نازانم کاک مانی، پیموایە پورە ون بووەکەی ئیوە ئیستا ئەبیت نزیکەی پەنجا ساڵ بن.

مانی- نە، هەرگیز وا نییە، پوری من بیست و یەک ساڵ بووە کە ون بووە ئیستاش لای من هەر ئەو بیست و یەک ساڵە، تەواوە.

هەروا کە گوتم لە قسەکانی مانی دەگرت چاویشم بەو خانمە پیرەوە بوو، ئەویش خەریکبوو سەیری منی دەکرد، دەم و چاوی زۆر لام ئاشنا بوو، بەلام نەمدەزانی لە کوی بینیومە، هەر لەم کاتەدا ڕۆکسانا هاتە بەردەم من و وتی:

- نایەنە ژوورەوە کاک هامون؟

سەیریکم کرد و ڕوبشتم بەرەو ڕاڕەوەکە، دوو کچە چوونە لاوە و من چوومە ژوورەوەو لە ڕاڕەوەکە تێپەڕیم و گەشتمە بەردەم دەرگایەک، لە پڕ هەمان خانمی پیر دەرگاکەی کردەوەو زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

- تۆ هامونی؟

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- لە باوکت نەچیت.

تەنها سەیریم کرد، مانیش بە دوامدا هات و هەر کە ئەو خانمەی بینی بە هێواشی چرپاندی بە گوێمدا:

- پورمان یاریزانی بەیسبۆڵە، چ دارێکی بە دەستەوەیە!

ئەو خانمە بیستی و پێکەنی و وتی:

- تۆش مانیت، ڕێک وەک باوکت.

مانی- سڵاو پورێ گیان، دانەیەک لەم کچە پورانەمان بدەرێ، کارمان هەیە و ئەبێ بڕۆین، دواتر کە دەرفەت ڕەخسا دێینەوە بۆ دیداری ماچ و مووچ.

بە ئەنیشتک کێشام بە کەلەکەیدا، ئەو خانمە دەستیکرد بە پێکەنین و لەبەردەم دەرگاکەدا لاچوو وتی:

- وەرنە ژوورەوە، هەرچەندە زۆر درەنگە، بەڵام هەر باشە.

مانی- پورێ خانم ئەگەر درەنگە، ئەتانەوێت ئێستا بڕۆین بەیانی بێینەوە؟ یان ئێوە ماندوون، فەرموونە ژوورەکەتان و پشوو بدەن، منیش لەگەڵ ئەم خانمانەدا لە بنچ و بناوانی بابەتەکە ئەکۆڵمەوەو ئەنجامەکەی بەیانی بە ئێوە ڕائەگەیەنم، چۆنە؟

پورێ خانم- وەرە بڕۆ ژوورەوە سەگبابی بێ حەیا.

مانی- ئێ... پورێ خانم هێشتا نەگەیشتووین، دەستتکرد بە گاڵتە؟

بە ئارامی چوومە ژوورەوەو مانیش بە دوامدا هات و ڕۆکسانا و مریەم و ساراش هاتن، ڕۆکسانا چوو دەرگای ژووری میوانی کردەوە و هەموومان چووینە ژوورەوە و دانیشتین و خزیشی چووە دەرەوە و خولەکێک دواتر بە سینییەک چاییەوە گەڕایەوە، لەم خولەکەدا، ساتێک سەیری مریەم و سارا و ساتێک سەیری ئەو خانمەم دەکرد، ڕۆکسانا بە سینییە چاییەکەوە هاتە بەردەممان خولکی کردین و ئاماژەیەکی بە مریەم کرد ئەویش هەستار چووە دەرەوە و کەمێک دواتر بە سەبەتەیەک میوە و دەورییەوە گەڕایەوە، سەبەتە میوەکەی هێنایە بەردەمم و وتی:

- فەرموون کاک هامون.

- مەمنون، حەزم لیی نییە.

مریەم- ئەگەر قورسە خوم بوتان پاک دەکەم.

سەیریکم کرد، پیکەنینەکەی خواردەوە و کەمێک خۆی کۆکردەوە، مانی بە ئارامی پێی وت:

- حەوەکە تورەیە!

لەپڕ ئەو خانمەو کچەکان دەستیان کرد بە پێکەنین، خێسەیەکم لێکرد، وتی:

- چیتە ناوچاوت ترشاندووە؟ خوا پورێکی پێداوین لەگەل سێ تا ڕادەیەک کچە پوور، ئیتر چیت ئەوێ؟

پاکەتی جگەرەکەم دەرهێناو بەو خانمەم وت:

- مۆلەت هەیە لێرەدا جێگەرە بکێشم؟

پوری خانم- جگەرە شتێکی باش نییە.

- کەوایە ئەچمە دەرەوە ئەیکێشم.

هەر کە وێستم هەستمەوە وتی:

- نەموت لێرە جگەرە مەکێشە، وتم شتێکی باش نییە، ئێستا دانەیەکیش بدە بە من، چەند زووش ڕقی هەڵئەستێت!

هەستامەوەو خولکم کرد، دانەیەکی هەڵگرت و بۆم داگیرساندو دوانیشم بۆ خۆم و مانی داگیرساند، وێستم پێی بدەم بێنیم بە چاو خەریکە شوێنێکم پێشان ئەدات، لامکردەوە بەلای ئەو شوێنەی کە پێشانی ئەدام و سەیرم کرد، بینیم چەند وێنەی بچوک لەسەر سۆپای ژوورەکەیە، دووبارە لامکردەوە بەلای مانیدا، لەپڕ وێنەکان لە مێشکمدا جێگیر بوون، چوومە پێشتر، وا دیار بوو هیچ هەڵەیەک ڕووینەداوە، وێنەکان چوار دانە بوون، هەموویان کۆن و زەرد بوو بوون، دوانیان وێنەی دوو کوڕی منداڵ بوون لەگەل کچێکدا کە لەوان گەورەتر بوو، وێنەی ئەو دوو کوڕە منداڵەم بە تەواوی دەناسی، باوکم و مامم، دوو وێنەی تر کە سێ کەسی بوون، باپیرەم و ژنێک و هەمان ئەو کچە منداڵە، لامکردەوە بەلای ئەو خانمەدا، وتی:

- ناسیتتەوە؟

- وێنەی باوکم و مامەم.

پوری خانم- ئەو کچەش منم.

سەبریکی تری وینەکانم کردو جگەرەکەمدا بە مانی و وتم:

- زۆر ڕوون نییە.

پوری خانم- ئەوی تریان چی؟ وینەی باپیرت خۆ ئەناسی؟!.

ئەمەیان ئیتر ئینکاری لینەئەکرا.

- وانە ئیوە پوری ئیمەن؟

پوری خانم- ئەری کورەکە گیان، هیچ درۆیەک لە ئارادا نییە.

- ئەی تا ئیستا لە کوێ بوون؟ بۆچی تا ئیستا باوکمان دەربارەی ئیوە هیچیان بە ئیمە نەوتووە؟

پوری خانم سەبریکی ڕۆکسانای کرد، ئەویش ئاماژەیەکی بە مریەم و سارا کردو هەرسیکیان لە جێگاکانیان هەستان و لە ژوورەکە چوونە دەرەوە.

پوری خانم- جاری چاییەکەتان بخۆنەوە تا وردە وردە تێتانگەیەنم.

چاییەکانمان هەڵگرت و کەمێکمان لێخواردەوە، وتی:

- دوایین جار کە بینیمتان دوو سێ مانگ پێش ئیستا بوو.

- لەکوێ؟

پوری خانم- ڕێک لەبەردەرگاکەتاندا، تا ئیستا دوو سێ جار هاتوومەتە بەر دەرگاکەتان و براکانم بینیوە

- چۆن دوزیمانتانەوە؟

پوری خانم- باوکتان مرۆڤێکی وا نین کە ئەدوزرێنەوە، بە تایبەت بەو کارگە گەورە و بەناوبانگەوە!

- ئیستا بۆچی ویستتان بماندوزنەوە؟

پوری خانم- چیرۆکەکەی زۆر دوور و درێژە، ئەبێ لە دەرفەتێکدا بۆتان بگێڕمەوە.

- بەڵام ئیمە ئەبێت بڕۆین.

پوری خانم- ئەری، بەڵام من بۆ شتێکیتر ئیوەم ویست، وانە بۆ یارمەتی، ڕاستییەکەی سەرەتا بۆ یارمەتی، بەڵام هەر کە قاچتان خستە ئەم ماڵە لەبەر هەستم بە دڵگەرمی و پشتگەرمی کرد، هەستمکرد ئیتر تەنها و بێکەس نیم، وانە هەرکەس دوو برازای گەنجی وەک ئیوەی هەبێت ئیتر بێکەس نییە

- مەمنون، ئێ یارمەتییەکمان لەدەست دێت؟ کێشەی ئابوریتان هەیە؟

پوری خانم- کچەکەم، کچەکەمم بۆ بهێنەوە.

من و مانی سەیریکی یەکترمان کرد، مانی وتی:

- لە مال هەلهاتووە؟

پوری خانم- تا رادەیەک!

مانی- تارادەیەک هەلهاتووە؟ واتە نیوەی رۆژ لە ماڵەوەیەو نیوەکەی تری هەلدێت؟

پوریش پیکەنی و وتی:

- رقی لی هەلگرتووم، دووسال ئەبێت.

مانی- دوو ساڵە رقی هەلگرتووە و ئێستا کەوتووەتە بیرتان؟

پوری خانم- هەواڵم لێی هەبوو، ژوورێکی لە خانوویەکی باش کە لێی دڵنیابووم بەکری گرتبوو و بۆ خۆی دەژیا، وتم ماوەیەکی بەسەردا بڕوات و ئارامتر بێتەوە، ئەچم بە دوایداو ئەیگەڕێنمەوە، بەڵام هەڵەم کرد.

مانی- هاوسەرگیری نەکردووە؟

پوری خانم- نە.

مانی- تەمەنی چەندە؟

پوری خانم- نزیکەی بیست و دوو ساڵە.

من و مانی سەیریکی یەکترمان کرد، مانی وتی:

- ببورن پوری خانم ئێوە چەند ساڵن؟

پوری خانم- دەوروبەری هەشتا، هەشتاو شتێ.

مانی- ماشەلا! ڕۆنی کرماشان ئەمەیە، هەزار جار الله أكبر! واتە ئێوە نزیکەی شەست ساڵ بوون کە ئەم پرچ ئاوریشمییەتان هێناوەتە دنیاوە، دەستتان خۆش بێت، ژنی ئێرانیتان ڕوو سپی کردووە!

پوری خانم- کچی خۆم نییە، هێنام و گەورەم کرد، هەر کە ئەمەی زانی لێیداو ڕۆشت.

- پێتان نەوتبوو؟

پوری خانم- نە.

- بۆچی؟

پوری خانم- کەرێتی!

مانی- دوور لە گیانی ئێوە، بەڵام خۆی چۆن زانی؟

پوری خانم- سەگبابێک پێی وت، قولبڕێکی ماستاوچی.

- دوژمنایەتی لەگەڵتان هەبوو؟

پوری خانم- وردە وردە هەموویتان بۆ دەگێڕمەوە.

مانی- وینەیەک، شتێکیتان لانییە؟

پوری خانم- بە دڵنیاییەوە دەیناسن.

مانی- ئیمە؟ بە گیانی پوری خانم، یەکێان من لەم دوو ساڵەدا تۆبەم کردووەو بەردەوام لە ماڵەوە بووم و لە کلکی باوکم دوورنەکەوتووەتەوە، هەرکەسێکیش هەرچی بێ وتوون دوژمن بووە، ئەڵێن نە، ئەم هامورنە شایەتە.

پوری خانم- ئەی سەگباب!

مانی- یانی ئیوە ئەڵێن ئیمە خیانەت لە پورمان دەکەین؟ واتە ئیمە مرۆڤانێکی واین کە بچین و کچی پورمان فریو بدەین؟ سەرو گوێلاکمان هەر لەوە دەچێت ئاوا بین؟

پوری سەیریکرد و پێکەنی، مانی وتی:

- فەرمووتان دوو ساڵا؟

پوری سەری ڕاوەشاند.

مانی- ببورن کچەکەی پوری گیان ناوی فەریبایە؟

پوری خانم- نە.

مانی پێکەنی و بە ئارامی وتی:

- بیتا.

پوری دیسان پێکەنی و وتی:

-نە

مانی دیسان بە پێکەنینەوە وتی:

- سەحرا؟ شوهرە؟ ئازیتا؟ پانتە؟ ڤیولێت؟

پوری خانم- هیچ کامیان نییە

مانی- دەی الحمدلله ئەوە ساڵێک هیچ، بەخێر تێپەڕی!

پوریش پێکەنی و بە ئارامی لە جێگەکەی هەستاو لە ژوورەکە چووە دەرەوەو ساتێک دواتر بە گۆڤارێکەوە گەڕایەوەو گۆڤارەکەی خستە بەردەممان، من و مانی سەیرێکی گۆڤارەکەمان کرد، گۆڤاری خشتەکان بوو، مانی هەڵیگرت و هەروا پەڕەکانی هەڵدەدایەوە و دواتر لەسەر پەڕەیەک ڕایگرت و سەیرێکی کردو وتی:

- ئێ! لەوانەیە بە ئاسانی بیدۆزینەوە.

سەیریکی گوڤارەکەم کرد، پەموابوو وێنەیەک بان شتێکیتر دەربارەی کچە پوورەکەمانی تیابە. مانی وتی:

- دەست پێدەکەین، لە نوسینەکانی خوالێخۆشبوو جەلال ئال ئەحمەدە، پێکهاتووە لە حەوت پەیت.

- چی؟

مانی- لە پێکهاتەکانی ئەوتە، سی پەیتە، بیورن پوری گیان ناوی کچەکەتان کردی خشتەیە؟

پورێش پێکەنی و وتی:

- سەیری بەرگەکەی بکەن.

بە سەرسورمانەوە سەیری پورێم کردو گۆڤارەکەم لە مانی کە ئەویش بە حەپەساوی سەیری پورێی دەکرد، وەرگرت و سەیری وێنەی رووی بەرگەکەم کرد، باوەڕم نەبوو! دووبارە سەیری پورێم کرد، ساتێک دواتر وتم:

- ئەوان کچە پوری ئێمەن؟

مانی گۆڤارەکەی لە دەستم وەرگرت و سەیرێکی کردو وتی:

- ئی... کەوابوو ئێمە تا ئێستا لە خۆڕا پارەی بلیتی سینەمامان داوە.

دووبارە گۆڤارەکەم لە دەستی وەرگرتەوە و سەیرم کرد، لەسەر بەرگەکەی وێنەی خانم.... بوو کە ماوەی پێشتر لە فیلمێکدا ڕۆڵی بینی بوو، کچێکی جوان بوو، چاو و برۆ ڕەش و زۆر پێکەوتوو بەژن و باڵا ڕێک، ئەزقەزا لەبەر جوانییەکەشی بوو کە هەر بەو فیلمە دەرکەوت و ناوبانگی دەرکرد.

گۆڤارەکەم خستە سەر مێزەکەو بە پورێ خانمم وت:

- ناوی..... هەر ئەوەی کە پێی ناسراوە؟

پورێ خانم- نە، ناوی ترمەیە، کاتێک زانی کچی من نییە ڕۆشت و ناسنامەیەکی تری بۆ خۆی دەرکرد، واتە بەناوی باوکییەوە ناسنامەی دەرکرد، ناوەکەشی گۆڕی و کردی بەوە.

مانی- ناوەکەی خۆی جوانتر بوو.

پورێ خانم- ئیتر..

- ئێستا ج چارەڕوانییەکتان لە ئێمە هەیە؟

پورێ خانم- بیگەڕێننەوە

- جا ئیسقا؟

مانی - ئیسقا کە چیژی هونەرمەندبوونی چیشتووە و بەناوبانگ بووە؟ مەگەر دیتەوە؟

پوری خانم- نامەوی ئیتر کاری ئەکتەری بکات.

- بۆچی؟

پوری خانم- دواتر پێتان ئەڵێم.

- ئەگەر نەیویست بێتەوە چی؟

پوری خانم- دەیەوێت، بە دڵنیاییەوە دێتەوە، تەنها ئەبێت یەکێک یارمەتی بدات.

- ئیمە دەناسیت؟

پوری خانم- باسی براکانمم بۆ کردووە، ئەزانێت براکانم هەریەکەیان کوڕێکیان هەیە.

مانی- ناونیشانێک، شتێکیتان لایە؟

پوری خانم- ماڵە تازەکەی نە، بەڵام ئەمشەو فیلم تۆمار دەکەن.

- لە کوێ؟

پوری خانم- کاتژمێر دووی دوای نیوەشەو لە شەقامی...

هەر لەم کاتەدا دەرگای ژوورەکە کرایەوەو ڕۆکسانا بە سینییەک چای ترەوە هاتە ژوورەوەو خولکی کردین. پوری خانم وتی:

- ڕۆکسانا هەموو شتێک دەزانێت، خوا بیپارێزێت، زۆر یارمەتیدەرمە.

ڕۆکسانا- ڕێزتان هەیە، کارێکی وام نەکردووە.

- ترمەخان خوێندویەتی؟

پوری خانم- ئەری، زانکۆی تەواو کردووە

ڕۆکسانا سینییەکەی خستە سەر مێزەکەو خۆیشی دانیشت. چاییەکانمان خواردەوە، دواتر وتم:

- ڕێگە بدەن ئێمە زەحمەت کەمکەین

پوری خانم- جاری زووە

- لە بەیانییەوە کە لە ماڵ دەرچوورین هێشتا نەگەڕاوینەتەوە، نیگەران ئەبن.

ئەمەم وت و هەستامەوە، مانیش هەستاو ماڵئاواییمان کردو لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە، لەبەردەم دەرگای ڕاڕەوەکەدا پوری وتی:

- هامون؟

لامکردەوە بەلایدا.

پوری خانم- بارمەتیم ئەدەن؟

- هەرل ئەدەین.

دەستیکرد بە گریان و وتی:

- ئەگەر ئیوە کاریکم بۆ نەکەن ئیتر کەسم نییە، ئەگەر بریار بێت بگەڕێنەوە، ئەنها ئیوە دەتوانن بیگەڕێننەوە.

مانی- مەگەر کەسی تریش ڕوشتووە بەدوایدا؟

فرمیسکەکانی سڕی و وتی:

- دووجار خۆم، جارێکیش ڕۆکسانا لەگەل مریەم و ئەوان

دووبارە دەستیکردەوە بە گریان، مانی چووە پێشەوەو ناوچاوی ماچکردو وتی:

- خەفەت مەخۆن، خوا گەورەیە.

دووبارە لەژێر لێوەوە مالئاواییم کردو چوومە ڕاڕاوەکەو لەوێشەوە چوومە حەوشە، مانی و ڕۆکساناش لە پشت سەرمەوە هاتن، کە گەیشتینە حەوشە مانی بە ڕۆکسانای وت:

- ئێوە لەگەل کچەکەی پوریدا قسەتان کردووە؟

ڕۆکسانا- ئەری

مانی- کچێکی چۆنە؟

ڕۆکسانا- کچێکی باشە.

مانی- خانمان هەموویان باشن، مەبەستم ئەوەیە لەوانەیە کە خۆیان بە شت ئەزانن؟

ڕۆکسانا پێکەنی و وتی:

- دەی ئێستا ترمە خانم ئەکتەرە، ئاساییە ئەگەر هەندێک گۆڕابێت.

مانی- ئێ تێگەیشتم، پێویست ناکات هیچی تر بڵێیت، ڕاستی لێرە تەلەفۆنتان هەیە؟

ڕۆکسانا- ئێستا ژمارەکە ئەنوسم و بۆتان ئەهێنم.

مانی- پێویست ناکات، بیڵێن لە مۆبایلەکەمدا خەزنی دەکەم.

ڕۆکسانا ژمارەی مالەوەی دا بە مانی و مانیش ژمارەکەی خۆی دا بە ڕۆکسانا و مالئاواییمان لێکرد و هاتینە دەرەوەو سوار ئۆتۆمبیل بووین و کەوتینە ڕێ، تا ناوەڕاستی پارکی وی، هیچ کاممان قسەمان نەکرد، لەپڕ مانی وتی:

- بۆچی ئەم بابەتەیان لە ئێمە شاردووەتەوە؟

- نازانم.

مانی - بیم وایت پوریمان که گەنج بوره ئۆزیک هاروهاجی کردووه و له بەهەشت دەریکراوه.

- مایت ئاوا له بارەیەوه قسه بکەیت، هەرچی بیت پورمانه.

مانی - هاروهاجی کردن گەر ئۆزیک بیت خۆ کێشەی نییه.

- ئیستا چۆن بیگەڕێنینەوه؟

مانی - کاریکی سەخت نییه، پرۆپاگەندەیەکی بۆ دروست دەکەین و له دنیای هونەر دەیگەیینه دەرەوه.

- ئەمەیان ئیتر گالته نییه، کاریکی قورسه.

مانی - خوا گەورەیه.

نیو کاتژمێر دواتر گەیشتینه ماڵەوه، باوکم و مامم و دایکم خەریکبوون نانی نیوەڕۆیان دەخوارد، هەر که گەیشتین دەستیانکرد به بۆله بۆلکردن که تا ئیستا له کوێ بووین و بۆچی مۆبایلەکانمان داخستووه.

سڵاومان کردو هەردووکمان ڕۆشتین جلەکانمان گۆڕی و دەست و دەم و چاومان شورد و هاتینه سەر مێز، دایکم چێشتی بۆ تێکردبووین، مانی دەستیکرد به خواردن، مامم پێی وت:

- تا ئیستا له کوێ بوون؟

مانی - دیلی خوشکی ئێوه!

لەبر باوکم و مامم و دایکم دەستیان له خواردن هەڵگرت و به حەپەساوی سەیری من و مانییان کرد، لەوانەیه نزیکەی سی چرکه، خولەکێک تەنها سەیریان کردبێتین، دواتریش مامم وتی:

- دیسان دەستت کرد به هەڵیت و پەڵیت وتن هەتیو؟

- نه مامه گیان، ڕاست دەکات.

باوکم- واتای چی؟

- پورمان ناردبووی به دواماندا، ئێمەش چووین بۆ ئەوێ.

باوکم هەستا و جگەرەیەکی داگیرساندو دووباره گەڕایەوه سەر مێزەکەو وتی:

- ئێ؟

- هیچ ئیتر، چووین بۆ ماڵەکەی، له گیشا.

باوکم- ئێ؟

مانی- دەبوبەست ئیمە ببینیت و قسەمان لەگەل بکات.

هەر کە مانی ئەمەی وت باوکم هەستاو چووە حەوشە، مامیشم بە دوایدا ڕۆشت. سەیریکی مانیم کرد، هەستاو بە دواياندا ڕۆشت و خولەکێک دواتر گەڕایەوەو وتی:

- هەردوو برا سەریان هەلگرت بەرەو بیابان.

- چی؟

مانی- سوار ئوتومبیل بوون و ڕۆشتن.

لاسکردەوە بەلای دایکمداو وتم:

- بابەت چییە؟

دایکم- چی بلیم ئاخر؟

مانی- بلی عەزیز، ئیمە ئەمڕۆ و سبەی هەمووشت دەزانین.

مانی بە دایکمی دەوت عەزیز، دایکم ساتێک بێ دەنگبوو و دواتر وتی:

- زرخوشکیکیان هەبووە گوایە لەمال هەڵدێت و باپیریشتان لە میرات و هەموو شتێک بیبەری دەکات، من تەنها ئەوەندە ئەزانم.

- ئەم خانمە ناوی چییە؟

دایکم- ناوی پورتان؟

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- لیا.

- لیا؟

مانی- ئەم ناوە چییە؟

دایکم- ئاخر دایکی ئێرانی نەبووە.

- باپیرە بۆچی ئەو کارەی کردووە؟

دایکم- ئاخر ئەو کاتە ڕەکو ئێستا نەبووە، هەڵهاتن لە مال ڕەکو تاوان وابووە. ئەویش بۆ کچێک.

- باوکم و ئەوان چی؟

دایکم- باوکت و مامت ئەو کاتە زۆر بچووک بوون، ئێ کاتێک باوکیان حاشای لە لیا کردووە، ئەوان چییان لە دەست ئەهات؟ دواتریش بەردەوام لە ماڵەوە بە خراپە باسی کردووە و نەفرینی کردووە، ئەمەش کەم کەم کاریگەری لەسەر ئەمان داناوە و بووەتە هۆی بێزارییان لە خوشکەکەیان، گوایە باپیرتان تا کۆتایی تەمەنیشی لەسەر قسەی

خوی سور بووه و بەلینی لەمانیش وەرگرتووە کە ناوی لیا نەهێنن، نانەکەتان بخون ساردبووەوە.

- من پێم ناخورێت.

مانی- بەڵام من پێم دەخورێت.

دەستیکرد بە نانخواردن، دایکم زەری خانمی بانگکردو وتی:

- زەری خانم وەرە چێشتی ئەم منداڵە گەرم بکەرەوە، ساردبۆتەوە.

مانی- عەیبی نییە عەزیز، خواردم و تەواویش بوو.

سەیریکیم کرد و خەریکبوو خێرا خێرا نانەکەی دەخوارد، پێموت:

- زوو بیخۆ، ئیشم پێتە.

دەورێیەکی تەواو کرد دووبارە چێشتی تری بۆ خۆی تێکرد.

-چیتە ئەوە؟ لە قات و قرییەوە هاتوویت؟

دایکم- بهێڵە نانەکەی بخوات منداڵەکەم، چیتە بەسەریەوە؟

- دایکە ئێوە پورە لیاتان بینیوە؟

دایکم- نە دایکە، هەر نەشم ئەوێرا لەبەردەم باوکتدا ناوی بهێنم.

- ئەوەندە لێی بێزارە؟

دایکم- چوزانم وەللا!

لامکردەوە و سەیری مانیم کرد، دەوری دووەمیشی تەواو کردو دەستیکرد بە تێکردنی چێشتی تر.

- ئەتەوێ تەلەفۆن بکەم چڵەو کەبابێکیشت بۆ بهێنن؟

مانی- نە، خواردن هەیە، چڵەو کەباب بۆچی؟

- ئەتەوێت خۆت بکوژیت؟ ڕێگەی ئاسانتریش هەیە.

دایکم- وازی لێبهێنە با نانەکەی بخوات.

لە گیرفانم جگەرەیەکم دەرهێناو دامگیرساند، دایکم وتی:

- ئیستا لەپڕ باوکت و ئەوان ئەگەڕێنەوە.

من و مانی لەبەردەم باوکم و مامەدا جگەرەمان نەدەکێشا.

دایکم- ئەم جگەرەیە چییە دایکە؟ جگە لەوەی شێرپەنجەی پێوەیە هیچی تری تیایە؟ خەریکبووم بیرم دەکردەوە، ساتێک لامکردەوە بەلای مانیدا، سێیەمین دەوری تەواو

کردو دەستیکرد بە خواردنی زەلاتە.

- مانی لەوانەیە تووشی شتێک بیت، لانیکەم بەزەییت بە گەدەی خۆتدا بێتەوە.

مانی- زەلاتە خواردن ئەزم ئەکات.

- زەلاتە یەک دەوری ئەزم دەکات، چارەنووسی ئەو دوو دەورییەی تر کێ ڕوونی دەکاتەوە؟

مانی- دوای ئەمە کە دەسرم خوارد خۆی چارەنووسی ئەو دوانەی تر ڕوون دەکاتەوە.

لەدەستی تورەبووم و هەستام و دەستیمگرت و ڕامکێشا، هەروا کە هەڵدەستایەوە، پارچەیەک نانی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و وتی:

- بۆچی وا ئەکەیت؟

- خەریکم ڕزگارت ئەکەم.

مانی- بابە ئەبورێمەوە لە برسا، عەزیز سفرەکە کۆمەکەرەوە، ئەگەڕێمەوە.

ڕامکێشاو لەگەل خۆمدا بردمە سەرەوە بۆ ژوورەکەم، چووە سەر سیسەمەکە دانیشت و دەستیکرد بە خواردنی ئەو پارچە نانە.

- ئەمشەو چی دەکەیت؟

مانی- نان ئەخۆم و تێر ئەبم.

- بتەقێتەوە مانی!

مانی- بابە برسیمە دەی!

- دەربارەی ئەو کچە، ترمە ئەڵێم.

مانی- ئەها، ئێ ئەچین بەدوایدا.

- ئەگەر نەهات چی؟

مانی- ئەگیشین بەسەریداو ئەیهێنینەوە، من لە شتێکی تر ئەترسم.

- چی؟

مانی- ئەترسم سبەی، دوو سبەی هەواڵمان پێبگات کە داپیرەیەکی فریودراومان هەیە کە ساڵەهایە لە ماڵ هەڵهاتووەو تازەیی پۆلیس دۆزیویەتییەوە و ئێستاش لە بەندیخانەیە و ئەبێ بچین وەریبگرینەوە.

- وتبە.

وەرزی دووەم

کاتژمێر نزیکی یەک و نیوی دوای نیوەشەو بوو کە لەگەڵ مانی بە دزییەوە لە ساڵ هاتینە دەرەوە، مانی ئوتومبیلەکەی لەبەردەگا پارک کردبوو، هەردووکمان سەرکەوتین و کەوتینەری، نزیکەی کاتژمێر دوو بوو گەیشتین بە هەمان ئەو شەقامەی کە فیلمیان لی تۆمار ئەکرد، سەرەتای شەقامەکەیان داخستبوو نەیان ئەهێشت ئوتومبیل بچێتە ناوەوە، ئەو ناوەش پڕ بوو لە خەلک.

- ئەم هەموو خەلکە لێرە چی دەکەن؟ ئەویش بەم شەوە؟

مانی- خەلکی ئێران هونەر دۆستن.

- دەی ئێستا چی بکەین؟

مانی- با ئوتومبیلەکە پارک بکەم دواتر بەپێ دەڕۆین.

ئوتومبیلەکەی لە شوێنێکدا پارک کردو دابەزین، نزیکەی بیست مەترێک لە سەرەتای شەقامەکەت دەبڕی تۆمارکردنی دیمەنەکانی فیلمەکە دەستی پێدەکرد، پرۆژێکتۆر و کۆمەلێک تابلۆو چەند نیمکەت و کامێراو ئەم شتانەیان لەسەر شەقام و شۆستەکە دانابوو، لەو شوێنەوەی کە پرۆژێکتۆرەکانی لێبوون ئیتر نەیان ئەهێشت کەس بچێتە پێشەوە، پۆلیسێک و دوان لە کارمەندەکان لەوێدا وەستابوون و ئاگاداربوون کەس نەچێتە پێشەوە، خەلکەکەش کە زۆربەیان کچی گەنج بوون، هەر لەوێدا سەیریان دەکرد، لەگەڵ مانی چووینە پێشترو لە یەکێک لەو کارمەندانەی ئەوێم پرسی:

- ببورە ئاغا، خانم.... ئەمشەو کاری تۆمارکردنیان هەیە؟

سەیرێکی کردم و سەری ڕاوەشاند، دووبارە پرسیم:

- ببوورە چۆن دەتوانین ببینین؟

پێکەنی و وتی:

- کاتێک فلیمەکەیان تەواو بوو و چووە سەر شاشە، دەچنە سینەماو بلیت دەگرن و دەیبینن.

وە دووبارە پێکەنی، مانی وتی:

- ئەی ئەوان چۆن ئەتوانن ئێمە ببینن؟

پێکەنینی کابرا پچڕاو هیچی نەوت، مانی بە ئارامی پێی وت:

- سەیرکە کاکە گیان، ئێمە کەسوکاری ..... خانمین، ئەبێت ئەمشەو چەند خولەکێک دەربارەی بابەتێکی زۆر گرنگ قسەیان لەگەل بکەین، ئەگەر ئێستا ئەکرێت ڕێگە بدەن بچینە ژوورەوە، یا ئەوەی خۆتان پەیامەکەی ئێمەی پێبگەیەنن.

کابرا دووبارە سەیری کردین و وتی:

- نابێ کاکە، ئەم کارانە قەدەغەن.

مانی- چی قەدەغەیە؟

کابرا- پەیام گەیاندن.

مانی- دەی ڕێگە بدەن ئێمە بچینە ژوورەوە.

کابرا- ئەوەش قەدەغەیە.

مانی- دەی ئەوان بانگ بکەنە دەرەوە.

یارۆ- ئەویش قەدەغەیە، ئەکتەرەکان نابێت لە ناوچەی تۆمارکردنی فیلمەکە بچنە دەرەوە.

مانی- ئەمانە ئەکتەرن یان دیلی جەنگ؟

کابرا- جا ئیتر هەرچی.

مانی- دەی بە دەرهێنەر یان ئامادەکار بڵێن یەک خولەک بێت تا ئێرە.

دووبارە پێکەنی و وتی:

- من لێرە ناتوانم یەک هەنگاویش بجوڵێم.

- کاکی بەڕێز ئێمە نە ئەمانەوێت بێزاریان بکەین و نە خەیال واژۆ وەرگرتن و ئەم شتانەمان هەیە، کارێکی یەکجار گرنگمان بەوان هەیە، هەر ئەمە.

کابرا- من هیچم لەدەست نایەت، مەگەر ئەوەی دەرهێنەر بڵێت.

- دەی دەرهێنەر بانگ بکەن.

کابرا- مۆڵەتم نییە لێرە بجوڵێم.

مانی چووە پێشترو لە تەنیشتیدا وەستاو پێکەنینێکی بۆ کردو شتێکی خستە گێرفانی چاکەتەکەی و وتی:

- ئێستا ئێوە تۆزێکی تر بیربکەنەوە، بزانن ڕێیەک نییە؟

کابرا بە ئارامی دەستی برد بۆ گیرفانی و توێکەی کردەوەو سەیرێکی پارەکانی کردو بە زەردەخەنەوە وتی:

- ڕێی هەیە، بەڵام زۆر سەختە!

مانی دووبارە تۆزێکی تر پارەی خستە گیرفانی و وتی:

- بزانە ئاسانتر نەبوو؟

کابرا پێکەنینێکی تری کردو وتی:

- لێرەدا بوەستن تا من دەگەڕێمەوە

دواتر شتێکی بە هاوڕێکەی وت و لێیداو ڕۆشت، دوو سێ خولەک دواتر گەڕایەوە و وتی:

- ئەوەی کە دێت یاریدەدەری دەرهێنەرە، هەرچیتان ئەوێت پێی بڵێن.

تۆزێک چاوەڕێمان کرد، بەڵام کەس نەهات، کابرا دووبارە ڕۆشت و ئەمجارە لەگەل کەسێکی تر گەڕایەوە و ئێمەی پێ پێشاندا، ئەویش بەپەلە و خێرا خێرا وتی:

- فەرموون ئاغایان!

مانی- سڵاو

کابرا خێرا وتی:

- تکا ئەکەم کورت و پوخت و خێرا بڵێن.

مانی- سڵاو، خانم..... ببینین

کابرا سەیرێکی مانی کردو وتی:

- یانی چی ئاغا؟

مانی- لەمە کورتترو بەسوودترو خێراتر شارەزانیم، ببورن.

کابرا- ئەتانەوێت خانم ..... ببینن؟

- بەڕێز ئاغای دەرهێنەر، ئێمە کەسوکاری ئەوانین و بابەتێکی گرنگ هەیەو ئەمانەوێت بیانبینین.

کابرا- سەیرکەن ئاغایان، هەرجارێک کە فیلم لە دەرەوە تۆمار ئەکەین ژمارەیەک خزم و خوێش پەیدا ئەبن.

- چۆن بیسەلمێنین کە بەڕاستمانە؟

کابرا- ئێوە ئەگەر خزمی ئەون، بە دڵنیاییەوە ناونیشانی مال یان ژمارە مۆبایلەکەیتان لایە.

- ئیمە خزمی ئەوانین، بەڵام نە ناونیشانی ماڵیانمان لایەو نە ژمارە تەلەفۆن.

کابرا- دەی بەداخەوەم.

- کامێ بەریز، بابەتەکە زۆر زۆر گرنگە!

کابرا- منیش زۆر زۆر بەداخەوەم!

مانی- ئالفای ئازیز زۆر بەداخەوە مەبن، بۆ دڵتان باش نییە، کارەکەی ئێمەش هیندەی ئەم بەداخەوەبوونەی ئێوە گرنگ نییە، بێ زەحمەت بە کارەکەتان ڕابگەن جەنابی دەرهێنەری گەورە، بەڵام دواتر نەڵێن مۆڵەتمان وەرنەگرت و تکامان نەکردو لەم قسانە.

کابرا سەیرێکی ئێمەی کردو دواتر شتێکی بە پۆلیسەکە وت و لێیداو ڕۆیشت، مانیش دەستی منی گرت و ڕایکێشاو هەروا کە لەگەل خۆیدا دەیبردم، وتی:

- وەرە بە دڵنیاییەوە قسەت نەبووە ئێمە ئەمشەو کچە پورەکەمان ببینین، ناشکرێت لەگەل قسەمەتدا شەڕ بکەین، وەرە بڕۆین.

- ئەی چی بکەین؟

مانی- بیدە دەست قسەت.

- قسەت یانی چی؟ ڕاوەستە بزانم.

مانی- قسەت یانی چارەنووس و فەرمانی خوداو ناوچاوان.

ئەمانەی ئەوت و منیشی لەگەل خۆیدا ڕادەکێشا.

مانی- هەر کەسێک لە ناوچاوانی شتێک نوسراوە، هەر شتێکیش لە ناوچاوانی مرۆڤ نوسرا بێت، هەر ئەوە ڕوودەدات.

گەیشتینە بەردەم ئۆتۆمبیلەکەو بە کۆنترۆل دەرگاکەی کردەوەو لە پشت سوکانەوە دانیشت و وتی:

- وەرە سەرکەوە ئەزیزم.

- ئاخر بە دەستی بەتاڵ بگەڕێینەوە؟ وەڵامی پورێ چی بدەینەوە؟

مانی- ئێ کاتێک نابێت، نابێت ئیتر، ئێمە خۆ هەوڵی خۆمانماندا، بیست هەزار بەس تەمەنم خستە گیرفانی کابرا، سەرکەوە.

- هەر ئەوە؟

مانی- ئێ.. خۆ ناکرێت بچین لە کابرایەک بپارێینەوە کە لە قسە تێناگات.

سەرکەوتم و وتم:

- دەی ئیتر چۆن بیدۆزینەوە؟

مانی - قسمەت، بیدە دەست قسمەت، ئەگەر بریار بیت ئەم ئرمە خانمە ببینین، هەر ئەیبینین.

ئەمەی وت و ئوتومبیلەکەی خستە ئیش و هەر لەویدا بەگی داناو کەمێک ڕۆشت بەرەو ئەو شوینەی کە فیلمەکەیان لێ ئومارەدەکرد، بە ئارامی ڕۆشتنە دواوە، وتم:

- ئاگات لە خەلکەکە بیت.

هەر کە ئەمەم وت، حەوت هەشت جار زور بە توندی قاچی لە ئوتومبیلەکە توند کرد، خەلکەکەش کە ئەمەیان بینی چوونە لاوە، لەپر قاچی لەسەر کلاچ لابرد و ئوتومبیلەکە بە دەنگێکی زور زور بەرز بۆک فەرتەناشی کردو بە خێرایی چووە دواوە، زمان و هەناسەم بە یەکەوە وەستان، تەنها ئەوەم بینکرا سەیری دواوە بکەم، ڕێک وەکو فیلمە پۆلیسییەکان وابوو، خەلکەکە هەموو چوونە دواوە، مانی کێشای بە یەکێک لەو هیمایانەی کە بەردەم ڕێگەکەی گرتبوو و فڕێی دایە لاوەو دای لە پرۆژێکتۆرێک و دواتریش لەتابلۆیەک کە ڕووناکییە ڕەنگاوڕەنگەکانی پێچەوانە دەکردەوە و دوای ئەوەش لە چەند کورسییەک کە لەویدا دایانتابوو و ڕێک چووە ناوەڕاستی شوێنی فیلم ئومارکردنەکە و ئیستۆپی گرت، لامکردەوە و سەیریم کرد، زور بە ئارامی وتی:

- قسمەتی دوابڕاو کە پێم دەوتی ئاوایە، گێڕی پێش و دوام بەیەکەوە تێکەل کرد.

ئوتومبیلەکەی کوژاندەوەو دابەزی، منیش خێرا دابەزیم، بۆ ساتێک هەموو خەلکەکە بە حەپەساوی سەیری ئەم دیمەنەیان دەکرد، وایاندەزانی ئەمەش بەشێکە لە فیلمەکە، ساتێک دواتر هەمان کابرا کە یاریدەدەری دەرهێنەر بوو هاتە پێشەوەو بە تورەییەوە وتی:

- بۆچی وانکرد؟

مانی- برو گەورەترت بانگ بکە.

دواتریش دوو جگەرەی دەرهێنار دایگیرساندن و دانەیەکیانی دا بە من، کابرا سەیرێکی ئیمەی کرد کە بە ئارامی لەویدا وەستابووین و دواتریش سەیرێکی ئوتومبیلەکەی مانی کردو هیچی نەوت. هەر لەم کاتەدا ئەو پۆلیسەکە هاتە پێشەوەو وتی:

- ئەمە چ شوفێری کردنێکە کاکە؟

مانی- هەر ئەوەنەی لێ ئەزانم، زور خراپە؟

هەر لەم کاتەدا دەرهێنەرەکە کە بە ناوبانگیش بوو، هاتە پێشەوەو وتی:

- نە زور خراپ نەبوو، تەنها نزیکبوو چەند کەس بکوژیت.

مانی- ئیوه دەرهینەرن؟

دەرهینەر- وا ئەڵێن.

مانی- دەمویست بە شیوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێتان ڕابگەیەنم کە هەوڵبدەن تا لەم فیلمە ئەکشنانە بەرهەم بهێنن.

دەرهینەرەکە زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- پەیامەکەت زۆر بە ڕوونی گەیشت، ئێستا زەحمەت بکێشن و ئۆتۆمبیلەکەتان لابەن

مانی- واتە چاوەڕێی ئەفسەری پشکنین نەکەین؟

دەرهینەر- نە کاکە، من سکاڵام نییە، قەرەبووشم ناوێت.

مانی- من سکاڵام هەیە، ئاخر لێرە، لە ناوەڕاستی شەقام، کاتژمێر دوو نیوی دوای نیوەشەو، کاتی تۆمارکردنی فیلمە؟ ئەویش بەبێ بوونی بەربەست یان چرایەکی سوور یا شەوڕەنگێک، هەروەکو خۆتان فەرمووتان، لەوانە بوو چەند کەس بکوژرێن.

دەرهینەر- ئێستا سوپاس بۆ خوا خۆ هیچ نەبووە.

هەر لەم کاتەدا هەمان یاریدەدەری دەرهینەر هاتە پێشەوەو شتێکی چپاند بە گوێی دەرهینەردا، ئەویش پێکەنی و وتی:

- ئێوە هەمیشە بۆ بینینی کەسوکارتان ئاوا لە پڕ تەشریف ئەبەن؟

مانی- کاتێ کە زۆر تامەزرۆی دیدار بین!

دەرهینەر- تۆمارکردنەکەتان خۆ تێکدا، لانیکەم بە دیدارو بینینەکەتان ڕابگەن.

مانی- ج دەرهینەرێکی گول و تێگەیشتوو! هەموو فیلمەکانتم بینیوە.

دواتر سوێچەکەی فڕێدا بۆ هەمان یاریدەدەری دەرهینەر و وتی:

- بینیت وتم زۆر بەداخەوە مەبە؟ ئێستا ئۆتۆمبیلەکە لابە تا شوێنی تۆمارکردنی فیلمەکە پاک ببێتەوە

دواتریش دەستی منی گرت و لەگەل دەرهینەر کەمێک چووینە پێشەوە، بۆ ئەو شوێنەی کە خانم.....یان هەمان ترمە خانم لەگەل چەند خان و ئاغای تر کە دیاربوو ئەکتەربوون و، یەکێک لە ئەکتەرە پیاوەکان کە ئەویش بەناوبانگبوو، وەستا بوون و خەریکبوون سەیری ئێمەیان دەکرد. هەر کە گەیشتینە بەردەمیان، دەرهینەر وتی:

- خانم..... ئەم ئاغایانە کاریان بە ئێوەیە، ئەڵێن خزمتانن.

خانم..... سەیرێکی ئێمەی کردو وتی:

- خزمی من؟

مانی- تا رادەیەک کوڕە خاڵانین.

سانیک بی دەنگ بوو و دواتر بە زەردەخەنەوە وتی:

- ئەها!

هەر کە ئەمەی وت ئەوانەی کە لە دەوروبەریدا بوون سەیریکی ئیمەیان کردو خانمان بە زەردەخەنەوە و ئاغایانیش بە ڕووگرژی کەمێک چوونە ئەولاتر، دەرهێنەرەکە هاتە نزیک مانی و وتی:

- کە کارەکەت تەواو بوو، پێش ئەوەی بڕۆیت سەریکم لێبدە.

مانی سەریکی ڕاوەشاند، دەرهێنەریش ڕۆشت، ماینەوە من و مانی و ترمە، ترمە وتی:

- هەوالم هەبوو کە گوایە دوو کوڕە خاڵم هەیە، بەڵام چاوەڕێم نەئەکرد، ئەویش وەها خاڵوزاگەلێک!

مانی- تۆ ترمەیت؟

ترمە- ئەری خۆمم.

مانی- بێ چەنەچەن مەتری بە چەند؟

ترمە سەیریکی مانی کردو دواتر دەستیکرد بە پێکەنین و بە نەفەرێکی ئەوێی وت کە چاییمان بۆ بهێنێت و دواتر لایکردەوە بەلای ئیمەداو وتی:

- چی بووە ئیمەتان کەوتووەتە بیر خاڵوزاگەل؟

مانی- یەکیان من زۆر دەمێکە ئارەزوومە کە ئێوە لە نزیکەوە ببینم و پێتان بڵێم بەڕاستی لە یەکەم فیلمدا کە ڕۆڵتان بینی ڕۆڵەکەتان زۆر زۆر چی بڵێم؟

ترمە خەریکبوو پێدەکەنی و سەری ڕادەوەشاند، مانی وتی:

- زۆر زۆر ناشرین و نالەبار بوو، هیوادارمبووم واز لەم کارە بهێنن و ...

ترمە- بڕۆ ونبە، چ خاڵوزاگەلێکی سەیرن!

مانی- بە دڵنیاییەوە بەو ڕۆڵ بینینەتەوە چاوەڕوانی ئۆسکار بوویت!

ترمە- تۆ شێتی یان وا دەرئەخەیت کە شێتیت؟

مانی- نە، بەڕاستی شێتم، هیچ خۆ وادەرخستنێک لە گۆڕێ نییە، فیلمی یەکەمتم دووجارم بینیوە.

ترمە- ئەگەر ڕۆڵەکەم خراپ گێڕا بۆچی دووجار ڕۆشتوویت بۆ سەیری؟

مانی- لەبەرئەوەی زۆر جوانیت!

ترمە زەردەخەنەیەکی بەروویدا کردو وتی:

- ئیستا بوویت بە خاڵوزایەکی باش و ئیسک سوک و قوز.

دواتر لایکردەوە بەلای منداو ناماژەی بۆم کردو بە مانی وت:

- هیشتا نەتانوتووە ناوتان چییە؟

مانی- یانی ئەتەویت بلیییت ناومان نازانیت؟

ترمە- هامون و مانی، ئەو هامون، تۆش مانی، هەر نەتان وت چی بووە ئیمەتان کەوتووەتە بیر؟

مانی- یەکەم، تا ئەمڕۆ هەر نەمانزانیوە پورمان هەیە چ بگات بە کچە پور، دووەم، هاتووم لەگەلتا هاوسەرگیری بکەم پورزا گیان.

ترمە دەستیکرد بە پێکەنین و وتی:

- ئەگەر دەستگیرانم هەبێت چی؟

مانی- وەها ئەکێشم بە سەرتدا کە دەستگیرانداریت بیر بچێتەوە.

ترمە کە هەروا پێدەکەنی وتی:

- هیچ لە تۆ دوور نییە، ڕاستی ئەوە چ کارێک بوو کردت؟ بیرت لەوە نەکردەوە کە لەوانەیە سکالات لەسەر تۆمار بکەن و بتخەنە زیندان؟

مانی- مرۆڤ کاتێک پورزایەکی جوانی وەک تۆی هەبێت ئیتر بیر لەم شتانە ناکاتەوە.

ترمە- بە ڕاستتە یان ئەمەش وەک قسەکانی ترتە؟

مانی تەنها پێکەنی، ترمە وتی:

- دەنگوباسی ئێوە چۆنە کاک هامون؟

- سوپاس.

ترمە- بیستبووم کە ڕەفتاری هەردووکتان ڕێک پێچەوانەی یەکترە، بەڵام پێم وانەبوو ڕاست بێت.

سەرم ڕاوەشاند، مانی وتی:

- حەپ حەپ، حەوەکە تۆڕەیە!

مۆڕەیەکم لێکرد، ئەفەریک چایی بۆ هێناین و خولکی کردین، هەرسێکمان هەڵمانگرت و سوپاسمان کرد، مانی وتی:

- خێرا ژمارەکەتم پێبدە تا بیرم نەچووە.

ترمە- مەگەر ئەتانەوێت بڕۆن؟

مانی- نه.

ترمه- ئی دوایی پیت نەدەم.

- له کاتمان گرتن، باشتره ئیوه بگەڕێنەوه سەر کارەکەتان، دوائر بەیەکەوه قسه دەکەین.

ترمه- دەی ئیوه لیرەدا بن تا کارەکەم تەواو دەکەم.

دوائر سەیریکی مانی کردو پیکەنی و ڕۆشت، من و مانیش هەر لەویدا وەستاین، نیو کاتژمیر دوائر تۆمارکردنی فیلمەکە دەستیپیکرد، چیرۆکەکە ئاوا بوو، که که گوایه ترمه تورەیه، به تۆراوی له مال دیته دەرەوەو دەڕوات تا سوار ئۆتۆمبیلەکەی ببیت، ئەو ئەکتەرەش که بەناوبانگ بوو، ئەبوایه بهاتایه بەدوایداو ڕێی لێ بگرتایه تا نەتۆرێت و بڕوات. چوار پینج جار ئەم دیمەنەیان دووبارە کردەوەو دەرهێنەر (کات Cut)ی ڕاگەیاند، هەله له ئەکتەرە کوڕەکەوه بوو، واته تۆزێک سست و خاوبوو، جارێک درەنگ دەهاته دەرەوه، جارێک زوو، جارێک قسەی بۆ نەدەهات، وا بزانم جاری شەشەم بوو که ترمه به تورەیی له مال هاته دەرەوەو چوو بەرەو ئۆتۆمبیلەکه، ترمه لەو فیلمەدا ناوی سەحرا بوو، ئەکتەرە کوڕەکه به دوایدا ڕایکرده دەرەوەو هەر لەویدا به دەنگێکی تا ڕادەیەک بەرز وتی:

- سەحرا! سەحرا! مەڕۆ ڕاوەستە.

هەر که ئەمەی وت دووبارە دەرهێنەر (cut)ی ڕاگەیاند، ئەکتەرەکه ئەمجارە تورەبوو و وتی:

- ئیتر بۆچی؟ ئەمجارە خۆ هەم به پەلەو هەم زوو هاتمه دەرەوەو قسەشم بۆ کرا، (cut) بۆچی؟

هەر که دەرهێنەر ویستی قسه بکات مانی وتی:

- برای من دەی کاکی دەرهێنەر حەقیەتی، مرۆڤ کاتێک کچێکی ئاوا جوان لێی تۆراوەو خەریکه بەم کاتەی شەو به تورەییەوه دەچیته دەرەوه خۆ ئاوا بانگی ناکات، کاڵەک فرۆشەکەی گەڕەکی ئێمه که عەسر دێت و کاڵەکەکانی دەمێننەوه و بۆی نافرۆشرێت له ئێوه توندترو بەرزترو بەسۆزتر و بەهەستتر هاوار دەکات، کاڵەک،! کاڵەکی شیرینمان لایه،!

لەپڕ ئەو خەلکەی که لەویدا بوون دەستیانکرد به پێکەنین، مانی وتی:

- ئیوه به شێوەیەک ئەم خانمه بانگ دەکەن که ئەڵێی تازه بەری بەیانییەو تا عەسر کاتتان هەیه که کاڵەکەکانتان بفرۆشن.

CamScanner

ئەمجارە دەرهینەرو ئەواوی سنافەکەش دەستیانکرد بە پێکەنین، ترمە هەر لەویدا لە ئەنیشت ئوتومبیلەکە دانیشتبوو و پیدەکەنی، کورە ئەکتەرەکەش هەروا خەریک بوو سەیری مانی دەکرد، بە هیواشی کیشام بە کەلەکەی مانیدا، مانی خێرا پێی وت:

- دلوای لیبوردن دەکەم ئاغای..... من لەبەرئەوەی سەیری فیلمەکانی ئێوە دەکەم لە ڕووی دلسوزییەوە ئەم قسەم کرد، ئوخوا پێتان ناخۆش نەبێت.

کورەکە سەیریکی مانی کردو وتی:

- تکا ئەکەم، پیم وایە ئێوە باشترن لە من بۆ ڕۆڵ بینین، تکا ئەکەم فەرموون.

هەر کە ئەمەی وت مانی چاوەڕێی نەکردو وتی:

- ئەی بە سەرچاو!

ڕیستی بروانە پیشەوە، مەچەکیم گرت، دەرهێنەر کە بینی بارودۆخ باش نییە بە پێکەنینەوە هاتە پیشەوەو بەو کوڕەی وت:

- ئەزیزم ئەوان گاڵتەیەکیان کرد تا ماندوویەتیمان دەربچێت، بەڵام قبوڵی بکە کە زۆر ئەچووبوویتە ناو هەستەوە.

کوڕەکە کە زۆر توڕە بوو، وتی:

- چیبکەم؟ ئەبێت کاتێک سەحرا خەریکە دەڕوات خۆم بکوژم؟ دواتر ئەگەر من هونەرمەندم، خۆم ئەزانم ئەبێ چیبکەم، پێویست ناکات ئێوە ئاگادارم بکەنەوە، ئێوە بە کاری خۆتان ڕابگەن.

دەرهێنەر پێی ناخۆش بوو کە وایوت، یانی لە ڕاستیدا قسەیەکی خراپی لەبەردەم هەموواندا پێ وت، ئەویش بۆ ئەوەی حەقی خۆی بکاتەوە، وتی:

- ئاغای.... ئەم ڕۆڵە ئەوەندە ئاسانە کە هەموو کەسێک دەتوانێت بیبینێت، ئەڵێن نە؟ ئەوەتا.

دواتر بۆ ئەوەی تۆڵەی قسەکەی ئەوی کردبێتەوە بە مانی وت:

- ئاغا بێ زەحمەت ئەکرێت ئێوە ساتێک تەشریف بهێنن؟

مانیش دەستی لە دەستی من دەرهێناو هەروا کە ئەڕۆشت بەرەو لای دەرهێنەر، وتی:

- ئەی بەسەر دوو گلینەی چاوەکانم، واهاتم.

خێرا چووە تەنیشت دەرهێنەر، دەرهێنەر پێی وت:

- ئەزیزم ئەم خانمە هاوسەری ئێوەیە، ئیستاش تۆراوەو خەریکە دەڕوات، ئێوە

رابکەن بەدوایداو نەهێڵن بڕوات، هەر ئەمە.

مانی - وانە بووە بە عەسرو نبوە پیکابێک کاڵەک ماوە.

هەر کە ئەمەی وت هەموان دەستیانکرد بە پێکەنین، خودی ئەو ئەکتەرەش پێکەنینی دەهات.

دەرهێنەر - دیالۆگەکەشت ئەمەیە (سەحرا! سەحرا! مەڕۆ، ڕاوەستە).

مانی - خەیاڵتان ئاسودە بێت، ئەگەر ئەم سەحرا خانمە توانی سەر ئۆتۆمبیل بکەوێت، من ئەم ئۆتۆمبیلە بە دیاری دەدەم بە ئێوە.

ئەمەی وت و بەرێکەوت بەرەو ئەو خانووەو دەرگاکەی کردەوەو چووە ژوورەوە، ترمەش کە هەروا پێدەکەنی چوو بەرەو خانووەکەو ئەویش چووە ژوورەوە، دەرهێنەریش بە بڵندگۆ هاواری کرد:

- جوڵە.

هەر کە ئەمەی وت، ترمە بە تورەیی لە ماڵ هاتە دەرەوەو چوو بەرەو ئۆتۆمبیلەکە، مانیش خێرا بە دوایدا هاتە دەرەوەو یەکجار بە مەبەست خۆی خست کە یانی قاچی خزاوەو دواتریش خێرا لە جێگەکەی هەستاو هەر لەوێوە هاواری کرد:

- سەحرا! سەحرا گیان! گووم خوارد، هەڵەم کرد، مەڕۆ.

دواتریش هەروا کە ئەشەلی و ئەهاتە پێشەوە، بە دەستیشی ئەیکێشا بە سەریداو ئەیوت:

- ئیتر لە کاتی خۆیدا قاپەکان ئەشۆم، لە کاتی خۆیدا گسکی کارەبایی ئەدەم، قور بکەن بە سەرما چی بکەم کە لە ئوتوکردن باش نازانم، بەڵێن ئەدەم ئەویش فێربم.

هەروا کە ئەیکێشا بەسەریدا، گەیشت بە سەحرا، ترمە هەر لەوێدا لە بەردەم ئۆتۆمبیلەکە دانیشتبوو و تەنها پێدەکەنی، مانی هەر کە پێی گەیشت، وتی:

- ئاخر ئەزیزم مرۆڤ خۆ گەر نیوکاتژمێر درەنگتر مێردەکەی قاپەکان بشوات ناتۆرێت و بەم کاتی شەوە لێی بدات و بڕواتە سەر شەقام، هەستە، هەستە بڕۆینە ماڵەوە، منداڵەکان خەفەت دەخۆن، هەستە ناشرینە لەبەردەم دراوسێکاندا.

دواتر سەیرێکی ترمەی کە هەر لەوێدا دانیشتبوو، کردو لایکردەوە بەلای دەرهێنەرداو وتی:

- ئاغای دەرهێنەر خەیاڵتان ئاسودە بێت، سەحرا خانم جاری بوراوەتەوەو وا نازانم جاری بتوانێت بۆ هیچ شوێنێک بڕوات.

CamScanner

لەبر خەلکەکە دەستیانکرد بە چەپڵە لێدان بۆی، لایکردەوەو وەک نیشانەی ڕێز بەرامبەر خەلکەکە خۆی نوشتاندەوەو دەرهێنەر کە خەریکبوو چاوی دەسڕی هات پێشەوەو وتی:

- نایاب بوو، ئەم هەمرو دیالۆگەت لە کوێوە هێنا؟

دواتر تەوقەی لەگەل مانی کردو چوو بۆ لای ئەکتەرە کوڕەکە کە هەر لەوێدا وەستابوو و سەیری مانی دەکردو وتی:

- بینیتان ئاغای.....؟ ڕۆڵێکی زۆر ئاسانە!

هەر کە ئەمەی وت، کوڕەکە قینی کردو لێیدا و ڕۆشت، مانی وتی:

- ئەی دڵی ناناگا! ئەکتەرەکەتان تۆرا.

دەرهێنەرەکە هات بۆ لای مانی و وتی:

- وێلیکە، ئەمەش وا ئەزانێت تۆم کروزە، لە چوار فیلمدا ڕۆڵی بینیوە قسەی لەگەل ناکرێت، زۆر لەخۆباییە.

هەر لەم کاتەدا ترمە لە جێگەکەی هەستاو خانمێک هاتە پێشەوەو بە کلینسێک بە ئارامی چاوی کە بەهۆی فرمێسکەوە تەڕبوو بوو، پاککردەوە، هەر کە وێستی گریمی بکات، دەرهێنەر وتی:

- پێویست ناکات خانم، بۆ ئەمشەو بەسە

دواتر بە یاریدەدەرەکەی وت:

- بڵێن کۆی بکەنەوە.

مانی- وابزانم بەرنامەکەتانمان بە تەواوی تێکدا.

دەرهێنەر- نا، پێش ئەوەی ئێوە بێن تێکچوو بوو، هەر لە سەرەتاوە نەیدەویست ئەمشەو بێت بۆ تۆمارکردن، ئێستا خۆت چی؟

مانی- من خۆ هەر لە سەرەتاوە لە کەشوهەوای فیلم تۆمارکردندا بووم، ئەوان نەیانهێشت بێمە پێشەوە.

دەرهێنەر دووبارە پێکەنی و وتی:

- ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ویستت ببێتە ئەکتەر سەرێکم لێبدە.

دواتر کارتەکەی دا بە دەست مانییەوەو مالئاوایی کردو ڕۆشت.

مانی- چۆن بووم هامون؟

- تەریق نابێتەوە؟ تەواوی بەرنامەکانیانت تێکدا!

- مانی ئاخر کوره جوریک بانگی سەحرای دەکرد دەتوت ئوتۆمبیلی زبلی گەڕەکەکەیان بانگ دەکات تا کیسەی زبلەکەیان ببات.

ترمە- زەهری مار!

مانی- مەبەستم سەحرایە ، ئیستا چی ئەکەیت؟ ئوتۆمبیلت پییە؟

ترمە- نە.

مانی- دەی وەرە بڕوین.

ترمە- ڕاوەستە با جلەکانم بگۆڕم.

مانی- ڕاکە دەی.

ترمە چوو بەرەو کابینەیەک کەوا دیار بوو ژووری گریمی گەڕۆک بوو، چووە ناوی و دە خولەک دواتر گەڕایەوە بۆ لای ئیمەو وتی:

- بڕۆین.

ڕوومکردە مانی و وتم:

- پڕۆژیکتورەکەیانمان شکاند.

ترمە- کێشە نییە، خۆم دوایی لەگەڵیاندا حسابی ئەکەم.

مانی- پێویست ناکات.

دواتر هەرسێکمان ڕۆشتین بەرەو لای یاریدەدەری دەرهێنەر کە خەریکبوو سەرپەرشتی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانی دەکرد، هەر کە چاوی بە ئیمە کەوت، وتی:

- بەڕاستی نایاب بوو!

مانی- قوربانت ، ببورن ئەگەر نارەحەتم کردن.

دوایی کیفی پارەکەی دەرهێناو سێ چەکی بانکی سەد هەزار تمەنی لێدەرهێناو پێیدا.

- ئەمەش قەرەبووی پڕۆژیکتورەکەتان.

یاردەدەری دەرهێنەر هەر کە ئەمەی بینی شاگەشکە بوو، تۆزێک لە خۆی بووەوەو دواتر چەکەکانی وەرگرت و سوێچی ئوتۆمبیلەکەی دایەوە بە مانی و هەرسێکمان ماڵئاواییمان لێکردو چووین بەرەو لای ئوتۆمبیلەکە، کاتێک بە بەردەم خەڵکەکەدا تێپەڕین، دووبارە چەپڵەیان بۆ مانی و ترمە لێدا، ئەوانیش سوپاسیان کردن و ڕۆشتین سوار ئوتۆمبیلەکە بووین و مانی دەستێکی بۆ هەموان ڕاوەشاندو بەڕێکەوتین.

دوای دوو سێ خولەک بە مانیم وت:

- دەرهێنەرەکە زۆر پیاو و تێگەیشتوو بوو کە سکاڵای لەسەر تۆمارنەکردی.

CamScanner

مانی - ئەری، بەلام کاتێک کارەکەی ئێمەی بینی و دواتریش چاوی بە ئۆتۆمبیلەکەمان کەوت، زانی کە باشترە دەنگە دەنگ نەکات، واتە دور گەنج کە ئۆتۆمبیلێکی سێ سەر میلۆنی لەژێر پێیاندایەو وەها کەرێتییەک دەکەن، بە دڵنیاییەوە پشتیان گەرمە.

- بەلام کارەکەت خراپ بوو.

ترمە سەیرێکی مانی کردو وتی:

- خراپ، بەلام کاریگەر.

مانی پێکەنی و وتی:

- ئێ، نانی ئێوارەت خواردووە؟ یانی برسیت نییە؟

ترمە- نا، ماندووم.

مانی- ناونیشانی ماڵەکەتم پێ بدە با بڕۆین.

ترمە- برۆ بەرەو لای چوار ڕیانەکەی وەلی عەسر.

مانی- لەوێ ئیشت هەیە؟

ترمە- ماڵەکەم لەوێیە.

مانی- ئەوێ؟

ترمە- دەی بەلا.

مانی- بۆچی ئەوێ؟

ترمە- دەی بە ئەندازەی پارەکەم خانووم بە کرێ گرتووە.

مانی- مەگەر باری ئابووریت باش نییە؟

ترمە- نە، ئەو خانووەش کە تیایدام کرێیە.

مانی- ئەی ئەو فیلمەت چی؟

ترمە- چوار ملیۆنیان پێدام کە دامە پێشەکی ئێرە.

مانی- ناتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ لای پورێ؟

ترمە- نە، جارێ ئامادەییم تێدا نییە.

مانی- ئاخرەکەی کەچی؟ گریمان ئێستا ئێمە ویستمان بێین بۆ خوازبینی، ئەبێ چی بکەین؟

ترمە لایکردەوەوسەیرێ مانی کردو پێکەنی و وتی:

- کاک هامون ئێوە زۆر کەم قسە دەکەن.

- مەگەر ئەم کوڕە ئەهێڵێت کەس قسە بکات؟ مۆڵەت هەر نادات.

مانی- دەی ئیستا من بیدەنگ ئەبم تو تۆزێک قسە بکە.

- دەمویست بڵیم زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئیوەم بینی.

مانی- ئەمە ئەبوایە سی کاتژمێر پێش ئیستا بتوتایە، ئەمەش لە قسەکردنت!

- ئاخر تو ناهێڵیت.

مانی- دەی من ئیتر هیچ ناڵێم.

دوای کەمێک وتی:

- دەی شتێک بڵێ ئیتر.

- چی بڵێم؟

مانی- چۆزانم، هەر ئەوانەی کە ئەتویست بیاڵێیت و من نەمدەهێشت.

- بیرم چوون.

- مانی دەی من مۆڵەتم هەیە قسە بکەم؟

- ئەری، قسە بکە.

لە ئاوینەکەوە سەیرێکی ترمەی کە لە دواوە دانیشتبوو، کردو وتی:

- پوری زۆر بیرت ئەکات.

ترمە بە ئارامی وتی:

- ئەزانم.

لامکردەوە بەلایداو پێم وت:

- ئیمە بەڵێنمان پێداوە کە ئیوە بگەڕێنینەوە بۆ ماڵەوە.

ترمە- هەموو شتێکی پێ وتون؟

- ئەری، بەڵام ئەمە یانی چی؟

ترمە- خۆشم نازانم.

- هەست دەکەم کە ئیوەش بیری ئەکەن.

ترمە- نازانم.

دواتر سەیرێکی شەقامەکانی کردو وتی:

- بۆ کوێ ئەڕۆیت مانی؟

مانی- خولەکێک دانیشەو هیچ مەڵێ.

- چۆن چوونە بواری سینەماوە؟

ترمە- لە میوانی یەکێک لە هاوڕێکانمدا، ئاغای... بەشداری کردبوو، کاتێک منی بینی

دەموچاوی بەدل بوو و پێشنیاری بۆ کردم، منیش کە چارەم نەبوو، قبوڵم کردو ئەویش منی بە ئامادەکار ناسانڵ.

- حەزت لەم کارەیە؟

ترمە- سەرەتا ئەری، بەڵام ئێستا نە.

- بۆچی؟

ترمە- لەبەر چەند هۆکارێک کە دواتر پێتان ئەڵێم.

- بۆ ئەم فیلمە بڕیارە چەندێک حەقدەست وەربگرن؟

ترمە- جاری خۆ گرێبەستیشم نەکردووە.

- تێناگەم.

ترمە- ئەمە گرتەی یەکەم بوو کە تێکیشچوو.

سەیریم کرد، پێکەنی و وتی:

- دواتر بۆتان باس دەکەم.

ئیتر منیش هیچم نەوت، مانیش بێدەنگ بوو، دە خولەکێک دواتر لە بەردەم یەکێک لە بیناکانی باوکم و مامەدا ڕایگرت و لایکردەوە بەلای ترمەداو وتی:

- ئەم بینایەت بەدڵە؟

ترمە لە جامەکەوە سەیری بیناکەی کردو دواتریش وتی:

- زۆر جوانە! شوێنەکەشی زۆر خۆشە! هی ئێوەیە؟ماڵتانە؟

مانی- نە، ماڵمان لە زەعفەرانیەیە.

ترمە- ئەی ئێرە چییە؟

مانی- باوکم و مامم دروستیان کردووە، جاری دوو نهۆمی چۆڵ

ترمە- ئێ؟

مانی هەروا کە لێیدەخوڕی وتی:

- خانووەکەت بدەرەوە بە خاوەنەکەی و وەرە بۆ ئێرە.

ترمە- چی بکەم؟

مانی- بیگوێزەرەوە بۆ ئێرە.

ترمە بێدەنگ بوو و هیچی نەوت، مانیش بەڕێکەوت بەرەو ئەو ناونیشانەی کە پێیدا بووین، دوای کەمێک ترمە وتی:

- ئێوە ئەزانن بۆچی باوکتان خوشکەکەیانیان دەرکردووە؟

- نە، بەهیچ شێوەیەک، واتە تا ئەمڕۆ هەر نەماندەزانی کە پورمان هەیە، بەڵام ئەمڕۆ شتگەلێکمان زانی، ئەویش زۆر کەم، بەڵام پوری بەڵێنی داوە کە بۆمان باس بکات.

ترمە- باوکتان زانیویانە کە ئێوە زانیوتانە پورێکتان هەیە؟

- ئەری، هەر ئەمڕۆ، زۆریشیان پێ سەیر بوو.

ترمە- چۆن زانیتان؟

- ئێمە تازە گەیشتبووینە بەردەم ماڵ کە کچێک بە ناوی ڕۆکسانا لە بەردەم ماڵدا چاوەڕێمان بوو.

ترمە- ڕۆکسانا؟

- ئەری، ئەیناسیت خۆ؟

ترمە- ئەری، کچێکی چاکە.

- بە کورتی پێی وتین کە ئێوە پورێکتان هەیەو ناردویەتی بە دواتاندا، ئێمەش سەرەتا باوەڕمان نەکرد، بەڵام دواتر بینیمان بابەتەکە ڕاستە، چووینە ماڵەکەی و بینیمان، ئەویش شتگەلێکی پێ وتین و داوای کرد کە تۆ بدۆزینەوە و بتگەڕێنینەوە.

ترمە- هەر ئەمڕۆ؟

- هەر ئەمڕۆ.

ئیتر هیچی نەوت، نزیکەی بیست خولەک دواتر گەیشتینە بەردەم ماڵەکەی، نزیکی چوار ڕیانی وەلیعەسر بوو، لە یەکێک لە لاکۆلانەکانیدا، کاتێک گەیشتین دابەزی و وتی:

- ئێستا دراوسێکان ئێمە بەیەکەوە ببینن جۆرێک بیردەکەنەوە.

مانی- ئامادە بە بۆ ماڵ گواستنەوە.

ترمە- ئاخر...

مانی- ئاخری ناوێت.

لایکردەوەو سەیری منی کرد، پێم وت:

- ئێوە ئیتر تەنها نین ترمە خان، ئێوە دوو خاڵۆو دوو خاڵۆزاتان هەیە، بەگوێی مانی بکەن.

ترمە- ئاخر من هێشتا سێ چوار کاتژمێر نابێت کە ئێوەم بینیوە.

- ڕاستە، بەڵام لەگەڵ هاتنە دنیای ئێوە، من و مانی خاڵۆزاتان بووین و باوکمان خاڵۆتان.

ترمە- ئاخر من خۆ کچی...

- ئیتر ئەم قسانە مەکەن.

مانی- ئیستا بلێ بزانم، بەیانی چی دەکەیت؟

ترمە- تا کاتژمێر دوانزە دەخەوم، راستی ژمارەکەم بنوسە.

مانی موبایلەکەی دەرهێناو وتی:

- بلێ.

ترمە ژمارە تەلەفونی ماڵەکەی وت، مانی لە موبایلەکەیدا خەزنی کردو وتی:

- موبایلت نییە؟

- ترمە، نە، پارەی پیشەکی نیرەشم بە زور پیکەوە نا.

لە گیرفانم موبایلیکم دەرهێناو پیمداو وتم:

- ئەمە بگرن تا دواتر دانەیەکتان بۆ بکڕین.

ترمە- ئاخر وا نابێت.

- بۆ نا، ئەبێت.

ژمارە موبایلەکەمم پێداو وتم:

- بەپێچەوانەی موبایلەکەی مانییەوە، موبایلەکەی من زور کەم تەلەفۆنی بۆ دێت.

ئەگەریش هاتوو کەسێک ویستی لەگەل من قسە بکات، ژمارەکەی مانی پێ بدەن.

ترمە- چۆن بەکاردەهێنرێت؟

مانی زوو فێری کردو وتی:

- جاری هەروا کاری پێبکە تا دواتر بە تەواوی فێرت ئەکەم.

دواتر کارتەکەی دا بە ترمە، ترمە سەیرێکی کردو وتی:

- ئافەرین، ئەندازیاریشیت، ئێوە چی کاک هامون؟

مانی- بەیەکەوە کاردەکەین، واتە کاتێک دەستدەکەین بە دروستکردنی بینایەک، من کاری ئەندازیاری دەکەم و هامونیش عەرەبانەی دەستی ئەگرێت بە دەستەوە.

- زەهری مار.

ترمە دەستیکرد بە پێکەنین، مانی وتی:

- من و ئەم بە ناو ئەندازیارین، بەڵام تا ئیستا ژوورێکی قورپینەشمان دروست نەکردووە.

ترمە دووبارە پێکەنی و وتی:

- دەی ئیتر من ئەبێ بڕۆم، ببورن کە خولکتان ناکەم بۆ ماڵەوە، ئەزانن خۆ؟

- کاریکی دروست دەکەن، ئیمەش دەبێت بڕۆین.

ئەوقەی لەگەل هەردووکمان کردو کەوتەڕێ بەرەو ماڵەوە، ئیمەش وەستاین تا بچێتە ژوورەوە، دووبارە لایکردەوەو ئارام و بە شەرمەوە وتی:

- زۆر خۆشحال بووم کە هاتن بەدوامدا.

مانی- ئەمە ئەبوایە سێ چوار کاتژمێر پێشتر بتوتایە، خۆ تۆ لە هامون خراپتریت.

پێکەنی و وتی:

- زۆر پێویستم بە پشتیوانی هەبوو.

من و مانی لەپڕ بێدەنگ بووین، وتی:

- کچێکی تەنها بە ڕاستی سەختە بۆی کە بتوانێت بە پاکی بژی، خۆ تێئەگەن؟

مانی سەری ڕاوەشاندو من وتم:

- خەیاڵتان ئاسودە بێت، ئێتر ئێمە هەین.

سەیری مانی کردو وتی:

- بەڕاست؟

مانی- بەڕاست، دەستپێکەکەت خۆ بینی؟

پێکەنی و وتی:

-نایاب بوو!

مانی- ئێستا بڕۆ بخەوە، سبەینێ تەلەفۆنت بۆ دەکەم ئامادەبە بۆ ماڵ گواستنەوە.

ترمە پێکەنی و ڕۆشت و دەرگای ماڵی کردەوەو دووبارە لایکردەوەو پێکەنی و دەستێکی بۆ ڕاوەشاندین وتی:

- مەمنون لەبەر هەموو شتێک، وەک سەندرێلام لێهاتووە، لەپڕ هەموو شتێک بەیەکەوە.

دواتریش چووە ماڵەوە، من و مانیش سواربووین و بەڕێکەوتین، مانی وتی:

- من وامدەزانی بارودۆخی باشە.

- تازە لەیەک فلیمدا ڕۆڵی ببینیوە، بزانم، ئەوانەی کە وتت بە ڕاستت بوون؟

مانی- نە بابە، ویستم دڵی خۆشی بکەم.

- بەڕاستتە؟

مانی- ئەری بە گیانی تۆ.

- مردوشۆر بتبەن. هەتیو بیرت نەکردەوە دواتر ئەبێت چی وەڵامی پۆری بدەیتەوە؟

CamScanner

بیرتنەکردەوە خەریکی بە هەستی کەسیک یاری دەکەیت؟ بیرت نەکردەوە...
بیرتنەکردەوە خەریکی بە هەستی کەسیک یاری دەکەیت؟ بیرت نەکردەوە...
مانی- زوربباشە بابە، ئیستاکە تو ئەوەندە نارەحەتیت بەسەرچاو، دەچمە خوازبینی.
- پیم رائەبویریت؟
مانی- ئەری.
- زەهری مار، هەر لیرەدا رایگرە دابەزم.
مانی- دانیشە ئامۆزا، گالتەم لەگەل کردی.
- بەراستی بەدلتە؟
مانی- ئەری، بەلام وانازانم باوکم و ئەوان رازی بن.
- بۆ نا، بە دلنیاییەوە رازی ئەبن.
مانی- لە کوێوە ئەزانی؟
- ئەوەندە مامە لە دەستی تۆ نارەحەتە لە خوایەتی یەکێک پەیدا ببێت و ببێتە ژنت و بتبات و بروات.
مانی- ئیشێکم بۆ ئەکەیت؟
- چ ئیشێک؟
مانی- بەیانی لەگەل بابەم قسە بکە، بابەتەکەی پێ بڵێ.
- بابە بهێڵە لانیکەم بیست و چوار کاتژمێر بەسەر یەکتر ناسینتاندا تێپەڕێت ئینجا.
مانی- جاری تۆ قسە بکە، دواتر ئەهێڵم بیست و چوار کاتژمێر تێپەڕێت.
- مەگەر من گالتەجاری تۆم؟ ناتوانم.
مانی- سەیرکە من دایکم نییە، سەیرکە من خەم دەخۆم، تۆ دڵت دێت منداڵێک کە هەرگیز دایکی نەبینیوە لە خۆت بڕەنجێنیت؟ ئەگەر دایکم زیندو بوایە بە ئەوم دەوت، بەلام من چیبکەم کە هەتیوم و کەسم نییە.
- زوربباشە ئیتر، دیسان خەریکی کەرم دەکەیت؟
مانی- ئەم قسانە چییە هامون گیان؟ تۆ ئاغایت، تۆ وەکو برای من وایت، ئەگەر ڕۆژێک تۆ نەبینم لەتاو خەفەت دیق دەکەم.
- وتم خۆ، زۆر باشە، واز لە زمان لوسی بهێنە ئیتر، سبەی لەگەل مامە قسە ئەکەم لەپڕ سوکانی وبلکردو دەستیکردە ملی من و دەستیکردە ماچکردن.
- ئاه، ئ کەریکی! ئاگات لە بەردەمت بێت، تووشی ڕووداوێک ئەبین.
دووبارە سوکانەکەی گرت و وتی:

- سوپاس بۆ ئەوەی کە کەر بوویت و یارمەتیم ئەدەیت.
- ئەمزانی دوایی وا ئەلییت، بەلام ئاگاداربە، هاوسەرگیری کردن ئیتر گالتە نییە، ژنهێنان یاری نییە، ترمە من نییە کە لە پەسا فیلی لی بکەیت، جا ئیتر خۆت ئەزانی.
مانی- باشە، خەیالت ئاسودەی ئاسودە بیت.
- ئیستا چۆن بوو لەپر بیری هاوسەرگیری کەوتە سەرتەوە؟
مانی- دەمەوی بچم بیمە ئەکتەر.
- دەی ج پەیوەندییەکی بە هاوسەرگیرییەوە هەیە؟
مانی- دەمەویت لە جیهانی هونەردا هاوسەرگیرییەکی ناکام بکەم و دوو پرۆپاگەندە بۆ خۆم دروست بکەم و ناوم بکەویتە سەر زمان، ئاوا زووتر بەناوبانگ ئەبم، لەبیریشت نەچیت مارەیی کەم دابنییت تا کاتی جیابوونەوە زۆر زیان نەکەم.
- تۆ نابیتە مرۆڤ، بە دڵنیاییەوە تەواوی ئەم ڕەفتارانەت بە ترمە ئەڵیم.
مانی- لە دەمت دەرنەچیت بیڵییت، باوەڕ دەکات و وا ئەزانیت ڕاست ئەکەیت.
- خوا بە فریای ترمەی داماو بکەویت، دوای هاوسەرگیری چۆن بتوانیت تۆ لە ماڵدا ڕابگریت؟
مانی- ئەز قەزا من پیاوێکی خێزان دۆستم، بەڵێنیت پێدەدەم کاتێک کە هاوسەرگیریم کرد ڕۆژی دوو کاتژمێر بە خێزانەکەم ڕابگەم.
- کاتەکانی تریشت بە دڵنیاییەوە بەوانی تر ڕادەگەیت.
مانی- سەرەنجام ئەبێت هەناسەیەک بدەم یان نە؟

وەرزی سێیەم

چارەکێک دواتر کەیشتینە ماڵەوە و ئۆتۆمبیلەکەمان هەر لەوێ، لە بەردەرگا پارک کردو بە بێ دەنگی چووینە ژوورەوە، کاتژمێر نزیکەی شەشی بەیانی بوو کە خەوتین. چاوم تازە گەرم بووبوو، دایکم خەبەری کردمەوە، کاتژمێر دەی بەیانی بوو، هەستام ئاوێکم کرد بە خۆمدا و جلم لەبەر کردو چوومە خوارەوە، باوکم و دایکم و مامم لە سەر سەکۆکە، نانی بەیانیان دەخوارد، سلاوم کرد و چووم دانیشتم، باوکم وتی:

- دوێنێ شەو لەکوێ بوون؟

باوکم هێشتا ناڕەحەت بوو، بە ئارامی وتم:

- ڕۆشتبووین بەدوای کچە پوورەکەماندا.

لەپڕ چاییەکە پەڕییە قوڕگی مامم و دەستیکرد بە کۆکین، خێرا هەستامەوە و چەند دانەم کێشا بە پشتیدا، باوکم وتی:

- چوون بەدوای ئەوەی کە بووە بە ئەکتەر؟

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- بۆچی؟

بە ئارامی بابەتەکەم بۆ باسکردن، بە بیدەنگی گوێیان گرت، تۆزێکم لە چاییەکە خواردەوەو دوای کەمێک وتم:

- شتێکی تریش هەیە.

باوکم- چی؟

- پەیوەندی بە ماممەوە هەیە.

مامم سەیری کردم و وتی:

- بڵێ مامە گیان.

- مانی!

مامم- مانی چی مامه؟

- عاشق بووه!

ئەمجارە هەردووکیان دەستیانکرد بە کوکین، دایکم خەریکبوو بە ئارامی پیدەکەنی، باوکم وتی:

- عاشقی کێ؟

- ترمە.

مامم- ئەو کچە؟

- مامە گیان ئەو کچە ئیوە و باوکم بە خاڵوی خۆی دەزانیت.

لەپڕ مامم هاواریکرد:

- خاڵوی؟

دواتر وا دیار بوو خۆی تێگەیشت و بە ئارامی وتی:

- بەڵام ئاخر!

- دەزانم مامە گیان، بەڵام خۆ ئەو تاوانی نییە، خۆیشی تازە یەک دوو ساڵە زانیویەتی کە کچی پوری نییە، تا ئێستا وایزانیوە کە ئیوە و باوکم، خاڵی ئەون و جاری کێشەتان لەگەل دایکی هەیە.

باوکم- تەمەنی چەندە؟

- نزیکەی سێ چوار ساڵ لە ئێمە بچوکترە.

- باوکم- چۆن نەیزانیوە کە لە ڕووی تەمەنەوە ناگونجێت کچی ئەو خانمە بێت؟

- ئەو خانمە؟ پوری ئەڵێن؟

باوکم بەبێ تاقەتییەوە وتی:

- ئەری، ئەو.

- نازانم، بەڵام پوری وا دەرناکەوێت کە زۆر لە ئیوە گەورەتر بێت، یانی زۆر باش ماوەتەوە.

مامم- سیازدە چواردە ساڵ لە ئێمە گەورەترە.

- بەهەرحال کێشەکانی ئیوە پەیوەندی بە ترمە یان مانییەوە نییە، مامە گیان، هەرچی لەنێوان ئیوە و پوریدا هەبووە، هەم کۆن بووەو هەم پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە.

تۆزێکم لە چاییەکەم خواردەوەو دووبارە وتم:

- بە بۆچوونی من ترمە کچێکی باشە، هەم باش هەم جوان و خانم، بە داخەوە کاتێک

ئەم بابەتەی زانیوە زۆر کاری تێکردووە، لەم بارەشەوە هیچ گوناهێکی نییە.

مامم- ئاخر چۆن شتی وا ئەبێت مامە گیان؟ ئێمە ساڵەهای ساڵە لەگەڵ دایکیدا قسەمان نییە، ئێستا کچەکەی بێت و ببێتە ژنی کوڕەکەم؟

- مامە گیان پێش بڕیاردان باشترە بۆ یەکجاریش بووە ترمە ببینن، بە دڵنیاییەوە ئەچێ بە دڵتاندا، کچێکی زۆر باشە، وتم خۆ، ئەو ئێوە و باوکم بە خاڵوی خۆی دەزانێت.

مامم- ئێستا ئەو هەتیوە لە کوێیە؟

- مانی؟ مەگەر لە ماڵەوە نەبوو؟

مامم- نە، هەرچی لە خوارەوە بانگم کرد وەڵامی نەدایەوە.

- بەیانی بە یەکەوە گەڕاینەوەو چوو خەوت.

مامم- وامزانی هاتووە بۆ ماڵی ئێوە.

- نە مامە گیان بە دڵنیاییەوە ئاگای لێ نەبووە ئێوە بانگتان کردووە، ئاخر نزیکی بەیانی بوو کە خەوتین، ئێستا ئەچم بانگی ئەکەم.

هەستام و چوومە حەوشەی ماڵ مانی و ئەوان و لەوێشەوە چوومە نهۆمی سەرەوە بۆ ژوورەکەی مانی، سەری کردبووە ژێر بەتانییەوەو خەوتبوو و تەنها توزێک لە قژی دیاربوو، دوو سێ جار بانگم کرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە، چوومە پێشەوەو بەتانییەکەم لەسەر لادا، بینیم چەند پشتییەک لەژێر بەتانییەکەدان و فلچەیەکی جل پاککردنەوەیشی لەسەروی پشتییەکانەوەیە، توزێک لە سەری فلچەکەی لەژێر بەتانییەکەوە خستبووە دەرەوە تا وەک قژی دەربکەوێت، هەر لەوێدا دانیشتم، ئەگەر مامم ئەیزانی دیسان ئەیکرد بە هات و هاوار، هەمیشە کاتێک مانی ئەم کارانەی ئەکرد، مامم ئەیکرد بە شەڕ لەگەڵیدا، ئێستا کە بابەتەکەی ترمەشم پێوتبوو، ئیتر واوەیلا! تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و پەیوەندیم پێوە کرد، چەند جارێک زەنگ ڕۆشت و دواتر وتی:

- ئەو بەشداربووەی کە داواتان کردووە لە بەردەستدا نییە، تکایە ژمارەکە لێمەدەنەوە.

دواتر پەیوەندییەکە پچڕا، وامزانی هێڵەکە خراپ بووە، دووبارە ژمارەکەیم لێدایەوە، هەمان خانم وتی:

- بەشداربووی بەڕێز لەبەردەستدا نییە، بێ زەحمەت دواتر تەلەفۆن....

لەپڕ پەیوەندییەکە پچڕا، تەلەفۆنەکەم خستەوە شوێنی خۆی، بەڵام لەپڕ بە خۆمدا هاتمەوە، ئەو دەنگە تۆمارکراوە هەر جارێک شتێکی پێ وتم، جارێک وتی ئەو بەشداربووەی داواتان کردووە، جارێک وتی بەشداربووی بەڕێز، جارێک وتی بێزەحمەت ژمارەکە لێ

مەدەنەوە، جاریک وتی بن زەحمەت دواتر تەلەفۆن بکەنەوە. زوو تەلەفۆنەکەم هەلگرت و دووبارە پەیوەندیم پێوەکرد، دیسان هەمان دەنگ وتی:

- ئەو ژمارەی داواتان کردووە....

ئەمهێشت قسە بکات و وتم:

- من ئامۆزای مانیم، پێی بڵێن ئیشێکی گرنگم پێیەتی.

هەر کە ئەمەم وت هەمان دەنگی تۆمارکراو وتی:

- سلاو کاک هامون!

- سلاو لە بەندەوە، بن زەحمەت مۆبایلەکە بدەن بە مانی، هەمان دەنگ بە پێکەنینەوە وتی:

- بەسەرچاو، ببورن.

- تکا ئەکەم.

ساتێک دواتر دەنگی مانی هات؟

- ئەلو، هامون چی بووە؟

- زەهری مار، شەرم ناکەیت؟

مانی- بۆچی؟

- هیچ دیارە لە کوێیت؟

مانی- هەر ئێستا لەناو جێگەدام.

- سەرت دای لەبەرد، من ئێستا لە ژوورەکەتدام.

مانی- لەوێ چی دەکەیت؟

- ئەزانی کاتژمێر چەندە؟

مانی- چەندە؟

- دەی بەیانی.

مانی- ئەی وای خەبەرم نەبووەوە!

- ئەوە دەنگی کێ بوو؟

مانی- دەنگی خزمەتگوزاری ڕاژەی بەشداربوان بوو. دەی.

- زەلیل بی، خزمەتگوزاری ڕاژەی بەشداربوان هەر جاریک شتێک بە مرۆڤ ئەڵێت؟ دواتریش سلاو و هەواڵپرسی لەگەڵ مرۆڤ دەکات؟

مانی- ئێ سکرتێری هەیە.

- سکرتیری مۆبایلەکەی تۆ ناوی منیش دەزانیت؟

مانی- ئیستا کاتی ڕەخنەگرتن لە تۆڕی ڕاگەیاندن و ئەم شتانە نییە، بڵێ بزانم چی بروە؟

- بابەتەکەم بە مامم وت، ئەیەوێت قسەت لەگەل بکات، بەڵام ئیستا من ئەڕۆم و دەستی ئەگرم و ئەیهێنمە ژوورەکەت تا ببیتە مرۆڤ، با بێت ئەم فلچەی جل پاککردنەوەو پشتیانە ببینێت، ئەوکات بزانم مۆڵەت ئەدات ژن بهێنیت؟ شەرم ناکەیت؟ تۆ هەر دوێنێ شەو بریاری هاوسەرگیریتدا، ئەتهێشت لانیکەم چەند کاتژمێرێکی بەسەردا تێپەڕ بێت.

مانی- هەڵەم کرد هامون گیان، هینم خوارد، بەخوا شەیتان هەڵیخەڵەتاندم.

- شەیتان هەڵیخەڵەتاندی؟ جا شەیتانی بێچارە دەرەقەتی تۆ دێت؟ لانیکەم بتهێشتایە چەند کاتژمێرێک تێپەڕێت.

مانی- بە گیانی تۆ چەند کاتژمێر تێپەڕی بوو.

- وتبە، لە پەساش بە گیانی من سوێند دەخوات!

مانی- ئیستا چی بکەم هامون گیان؟

- لە من ئەپرسیت؟ من هەر ئەزانم لەم کارانە بکەم تا دواتریش دیزە بە دەرخۆنەی بکەم؟

مانی- ڕاستەکەیت ها، بابەم خۆ نەهاتۆتە سەرەوە؟

- وانازانم.

مانی- دەی هامون گیانم، یاخوا قوربانی تۆبم ئامۆزای قۆز و پێکەوتووم، ئەگەر زەحمەت نییە ئەو شوێنەواری تاوانە لەناو ببە.

- شوێنەواری تاوان چییە؟

مانی- ئەو فلچەو پشتیانە ئیتر.

- ئێ، ئەی خۆت چی ئەکەیت؟

مانی- دەی دیمەوە بۆ ماڵەوە.

- ئیستا لە کوێیت؟

مانی- نوساوم بە تۆوە.

- چی؟

مانی- تەنها یەک دیوار دووری خستۆتە نێوانمان.

- بیدەنگ نابیت هەتیو!، ڕاکە زوو.

مانی- هاتم، هاتم، بای بای.

- چی بەمانە بلیم؟

مانی- هیچ مەلی، تەنها بلی لە سەرەوە نەبوو.

تەلەفۆنەکەم داخستەوەو جیگەی خەوەکەیم چاککردو هاتمە خوارەوەو چوومەوە بۆ حەوشەکەی خۆمان و بە مامم وت:

- لە ژوورەکەی نەبوو مامە گیان.

باوکم- یانی چی؟ لە کوییە؟

- نازانم.

- مامم من ئەزانم، بە دلنیاییەوە ڕۆشتووە بەدوای سەگبابیدا!

دایکم کە بەردەوام بەرگری لە مانی دەکرد، وتی:

- مامە گیان ئیوە هەمیشە بە گومانن لەم منداڵە.

مامم- براژن ئیوە هیشتا ئەمەتان نەناسیوە! ئەگەر منداڵی منە، من ئەزانم ج جانەوەریکە!

زەری خانم، خزمەتکارەکەمان، خەیکبوو چایی بۆ دەهێناین، هەر کە ئەم قسەی بیست وتی:

- تۆخوا وا مەلێن مامە گیان، ئاغا مانی گوڵە!

مامم- ئەو باوک سەگە هەموتانی خەڵەتاندووە، تەنها من ئەیناسم، ئیستا دانیشن تا سەروکەللەی دەرکەوێت و ئاشکرای بکەین لە کوێ بووە.

دایکم- ئیوە چاییەکەتان بخۆنەوە، لە هەر کوێ بێت دێتەوە.

هەر کە مامم چاییەکەی هەڵگرت بیخواتەوە، مانی بە کڵپل دەرگای حەوشەکەی کردەوەو هاتە ژوورەوە، زەرفێکی نایلۆن بە دەستییەوە بوو، خەریکبووین لە دوورەوە سەیرمان دەکرد، هاواری کرد:

- نانتان خۆ نەخواردووە؟ چووم نانی تازەم کڕی.

هەر کە ئەمەی وت دایکم سەیرێکی مامەی کردو وتی:

- بینیتان مامە گیان؟ کوڕەکەم بووەتە پیاو ئیتر، ئیتر ئەبێ بەڕاستی لە بیری ژندا بێ بۆی.

خەریکبووم سەیرم دەکرد، هەروا کە خەریکبوو لە حەوشەکەوە ئەهاتە پێشەوە، سەیری باخچەو گوڵ و درەختەکانی کردو وتی:

- مرۆڤ کاتێک بەیانی زوو هەڵدەستێت چەند چوست و چالاکە! هامون تۆیش لەمە بەدوا بەیانیان تۆزێک زووتر هەستە بزانە ئ چیژێک نەبینیت! مرۆڤ هەست بە زیندووبوونەوە دەکات، چییە بەردەوام خەوتوویت!

سەیرێکیم کردو وتم:

- بەسەرچاو.

دواتریش هاتە پێشەوەو سڵاوی لە هەموومان کردو وتی:

- ئەوە چی بوو نانەوا قەرەباڵغێک بوو، کەس بە کەس نەبوو.

دواتریش زەرفە نایلۆنەکەی کە چەند دانە نانی بەربەری بردراوی تێدابوو، دایە دەستی من و وتی:

- هەر لەوێ پێمدان، بە چەقۆ پارچە پارچەیان کرد تا ئاسانتر بخرێتە ناو فرێزەرەوە.

دواتریش چاوێکی لە من داگرت، زەرفەکەم لە دەستی گرت، زەری خانم وتی:

- بارەبی تەمەن درێژ بێت، دەستت خۆش بێت، ئیتر کاتی ژنهێنانتە دایکە.

هەر کە زەری خانم ئەمەی وت مانی سەری داخست بە شەرمەوە وتی:

- لەژێر سایەی گەورەکاندا، ئیشەڵا!

زەرفەکەم بردو دام بە دەست زەری خانمەوەو ئەویش لێی وەرگرتم و کەوتە ڕێ بەرەو ماڵەوە، منیش بە دوایدا ڕۆشتم، چەند هەنگاو کە ڕۆیشت وا دیاربوو دەستی بەر نانەکان کەوت، لەپڕ لایکردەوە و ویستی شتێک بڵێت، خێرا ئاماژەم بۆ کرد و وتم:

- نانەکان سارد دەبنەوە زەری خانم، وەرە زۆرم برسییە.

خێرا لەگەڵ خۆمدا بردم بەرەو ماڵەوە، بە ئارامی پێی وتم:

- دایکە ئەمانە ئەڵێی هەر ئێستا لە فرێزەر دەرهێنراون.

- هیچ مەڵێ زەری خانم، ئەم نانە مۆدێلەکەی ئاوایە، نانەواکە کە نانیان تەواو دەبێت، ئەم نانانە کە خستوویانەتە فرێزەر دەدەن بە خەڵک تا کارەکەیان بەڕێ بکەن.

زەری خانم- وای قوڕ بەسەرم! ئیتر ئەبێ لە نانەواش نانی بەستوو بکڕین؟

- لای مامم و ئەوان باسی ناکەیت، مانی ئەدەنە بەر تانەو توانج.

زەری خانم- من سەرم دای لە بەرد! ئێستا وەها گەرمیان ئەکەمەوە وەک ئەوەی تازە لە تەنور دەریانهێنابێت.

- دەستتان خۆش بێت.

زەری خانم ڕۆشت بەرەو چێشتخانەو منیش گەڕامەوە بۆ دەرەوەو لە تەنیشت

مانیدا، لەسەر میزەکە دانیشتم، باوکم پیکەنینیکی بە ڕووی مانیدا کرد و وتی:

- دەنگوباس مامە گیان؟

مانی ئاهیکی هەڵکێشاو وتی:

- دەنگوباسێک نییە مامە گیان، ژیانێکی دووبارە شیاوی باس نییە، نە دڵخۆشییەک، نە سەرگەرمییەک، نە گۆڕانکارییەک، هیچ، لە بەیانییەوە کە مرۆڤ لە خەو هەڵدەستێت تەنها دووبارەبوونەوەیە، ئیتر ئەوەندە تەنها لەگەڵ ئەم هامونەدا قسەم کردو هەستام و دانیشتم کەم کەم خەریکم تووشی نەخۆشی دەروونی و نائومێدی دەبم، ئەم هامونەش ئەوەندە گێژو حۆلە، ئەبێت سەد دانە ڕستەی پێ بڵێیت تا وەڵامی ڕستەیەکت بداتەوە، بە گیانی ئێوە مامە گیان لەتاو تەنهایی خەریکە دڵم دەتەقێت، نە هاودەمێک، نە دۆستێک، نە گۆڕانکارییەک.

ئەمانەی وت و سەری داخست، باوکم وتی:

- ئەمانە چارەسەر دەبن مامە گیان، کاتی خۆی بێت هەمووشت چارەسەر دەبێت.

مانی- ئاخر دەی کەی مامە گیان؟ بە گیانی ئەم هامونە حەز ئەکەم بڕۆمە شوێنێک کە کەسی لێنەبێت، ئەوەندە هاوار بکەم، ئەوەندە هاوار بکەم!

دایکم- ئاخر بۆچی دایکە؟

مانی- ماندوبووم لەم تەنهاییە عەزیز، خەریکە ئیتر قژم سپی ئەبێت، ئێستا چش لە من، ئەم داماوە، هامون، ئەم خەریکە ئیتر کەچەل ئەبێت، ئەبێت سبەی و دوو سبەی کە ویستمان بچینە شوێنێک بۆ خوازبینی بۆی، ڕیشاڵەکانی قڵچەی جل پاککردنەوە بچەسپێنین بە سەریەوە تا بوک پەشیمان نەبێتەوە، هەر بەستوویەتی.

لامکردەوەو سەیریم کرد، وتی:

- کە سەیرت ئەکات ئەڵێی مردووی گۆڕستانە، بێ گیان! بێ هەست! ساردا! داهاتوو نادیار! بابە ئاخر لە بیری ئێمەدا بن، بە ناخێر ئێوە گەورەی ئێمەن.

باوکم لایکردەوەو سەیرێکی منی کردو وتی:

- ئەگا ئەو قسانەت لە بەر خۆت بوو؟

- نەبەخوا.

مانی- بۆچی شەرم ئەکەیت هامون گیان؟ ئێ بڵێ کە ژنت ئەوێت.

- من ژنم ئەوێت؟

مانی- دەی بەڵێ ئیتر، یانی چ جیاوازییەکی هەیە؟ تۆ ژنت بوێت چ من؟

مامم- هەتبو ئاخر تو مروڤیت وا ژنت نەویت؟

مانی- مەگەر نەتانبینی بەیانی چووم نانم کری و هاتمەوە؟

مامم- هەر ئەوە؟ بە یەک نان کڕین یانی ئیتر ئەواوە؟

مانی- بچم ئەوت بکرم؟

من و دایکم و باوکم دەستمان کردە پیکەنین.

مامم- سەیرکە کوڕەکە گیان ئەو خەیاڵە لە مێشکی خۆت دەربکە کە بچیت و ئەو کچە بهێنیت.

مانی- کام کچ بابە گیان؟

مامم- چوزانم، ئەوەی کە بووە بە ئەکتەر.

دواتر لایکردەوە و سەیری منی کردو وتی:

- ناوی چی بوو؟

- ترمە مامە گیان

مامم- ئەها، ترمە، بیری ئەو کچە لە مێشکت بکە دەرەوە.

مانی- ئاخر خۆشمدەوێت بابە گیان، شەوێک نەیبینم ئاگام لە خۆم نییە.

مامم- مەگەر تو چەند جار بینیوتە؟

مانی- یەکجار.

مامم- مرۆڤ بە یەکجار بینین عاشق ئەبێت؟

مانی- ئاخر خۆیم ڕووبەڕوو یەکجار بینیوە، فیلمەکەیم پێنج جار بینیوە تا ئێستا، پێنج جار یەک کاتژمێرو نیوی دەکاتە چەند؟

مامم- دەست بکەردوە بە هەلیت و پەلیت وتن!

مانی- ئاخر بابە گیان مەگەر ترمە عەیبی چییە؟ هەم جوانە، هەم پێکەوتووە، هەم خانمە، هەم بڕوانامەی هەیە، هەم ئەکتەرە، هەم خزمە، لە کۆتاییشدا ئەگەر نەمانویست تۆپێکی دەبەینە بازار هەر لەوێدا پاڵی پێوە ئەنێین بڕوات.

مامم- ئەو خزمی ئێمە نییە.

مانی- باشە، تۆڕە مەبن، خزمایەتییەکە ئەسڕینەوە.

مامم- ئەو بە کەلکی تۆ نایەت.

مانی- بەڵام من تەنها ئەوم خۆشدەوێ، جگە لەو کەسی ترم ناوێت، عاشقی بووم، گیانم بە گیانییەوە بەستراوە، هەر هەناسەیەک کە دەدەمەوە، کاتێک هەڵیدەکێشمەوە

ئەڵێت ترمە، ئێمە گیانبەگیان لە دوو جەستەدا، بە کوڕێی بان ئەو بان هیچ کەس، ئەگەر ترمەم بۆ نەهێنن لێی ئەدەم لەم شارە ئەڕۆم، ئەچمە شوێنێک کە دەستتان پێم نەگات، ئەڕۆم تا کۆتایی ئەمەن بە بادی ئەوەوە ئەژیم، جا ئیتر چی ئەلێن ئێوە؟

مامم- ئەو بەکەلکی تۆ نایەت.

مانی- دەی باش سەیری من بکەن، ئەمە دواییین جارە کە ئەمبینن، ئەم نانی بەیانییە ئەخۆم و ئەڕۆم، بەبێ ترمە ژیان بۆ من بێ مانایە، نانی بەیانیشم هەر ئەوەیست، هەر بە ترسێنی لێی ئەدەم و ئەڕۆم.

مامم- من خۆم کچێکی جوان و خانم و باشم بۆ دوزیوینەتەوە، ئێستا نانەکەت بخۆ تا پێت بڵێم.

مانی زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- من گۆڵن بکەیت راست ئەکەیت بابە گیان؟

مامم- ئەری.

مانی- بەسەرچاو، ئێستا زوو نانەکەم ئەخۆم.

دایکم و باوکم دەستیان کرد بە پێکەنین، لامکردەوەو سەیریم کرد، هاواری کردو وتی:

- زەری خانم ئەو نانە بهێنە ئیتر!

لەژێر مێزەکەوە توند کێشام بە پوزیدا، بە دەنگی بەرز وتی:

- ئاخ بۆچی لێم ئەدەیت؟

- تۆ مەگەر دوێنێ شەو بە منت نەوت لەگەل مامم قسە بکەم؟

مانی- ئێ، بۆچی نا؟

- مەگەر نەتوت ترمەت دەوێ؟

مانی- ئێ، بۆچی نا؟

- مەگەر دوو کاتژمێرە نالێیت بەبێ ترمە ناتوانیت بژیت و ئەم قسانە؟

مانی- ئێ، بۆچی نا؟

- ئێ چی بوو؟ ئەی ئەم قسانەت لە چییە؟

مانی- ئێ با بڕوێن ئەو کچەش کە باوکم بۆی دوزیومەتەوە ببینێن ئێنجا، لەوانەیە لە ترمە باشتر بێت، من خۆ نابێت بخەلەتێم، ئەزانی کە ئەم باوکە میهرەبان و باشەم چەندێک خەرجی منی کردووە؟ خوا پێی خۆشە لە قازانجدا زیان بکات؟

سەیریکیم کردو هەر لەوا کە لەسەر میزەکە هەلدەستامەوە وتم:

- تو نابیتە مروڤ!

مەچەکی گرتم و دووبارە دایبنیشاندمەوە سەر میزەکە و وتی:

- نیستا تو بو نارەحەت ئەبیت؟

- دوینی شەوت بیرچوو کە چیت بە ترمە وت؟

مانی- چیم وت؟

- ئەمەوی بیم بو خوازبینیت و ئەم قسانە؟

مانی- ئەمانەم وت؟

- بەلی.

مانی- لەبەردەم تودا وتم؟ دلنیایت؟

- بەلی.

لایکردەوە بەلای مامەمداو وتی:

- بیورە بابە گیان، ناتوانم کچیکی تر بهینم، هامون نارەحەت ئەبیت.

- ئی..... پەیوەندی بە منەوە چییە؟

مانی- بە بۆچوونی تو هەر ئەم ترمە باشە؟

- من چوزانم.

مانی- نیستا ئەگەر باشیش نەبوو، ماوەیەکیتر وازی لی ئەهینم و ئەچم بە دوای یەکیکی تردا، چ عەیبیکی تیایە؟

هەر کە ئەمەی وت، مامم دەستی درێژ کردو لەسەر میزەکە کەوچکیکی چایی هەلگرت و تیی گرت، سەری لاداو هەروا کە پیئەکەنی، دەستی منی گرت و ڕایکیشاو هەلهاتین بەردو حەوشەی مالی ئەوان.

مامم دەستیکرد بە هاوارکردن، مامم هەر هاواری ئەکردو مانیش پیئەکەنی. هەردووکمان ڕۆشتین بۆ مالی ئەوان، کاتیک پیکەنینەکەی تەواو بوو، وتی:

- ئی نیستا چیبکەم؟

- من قسەم لەگەلت نییە.

مانی- بۆچی؟

- ئاخر کەی تو عاقل ئەبیت؟ هەموو شتیک بە گالتە وەرئەگریت.

مانی- بە گالتە کارەکان باشتر ئەچنە پیش، نیستا چیبکەین.

CamScanner

- یانی چی؟

مانی- واتە بەرنامەی ئەمڕۆت چییە؟

- ئەمەوێت سەرێک لە پۆری بدەم و ڕووداوەکەی بۆ باس بکەم.

مانی- دەی منیش سەرێک لە کچە پۆری ئەدەم و ڕووداوەکەی بۆ باس ئەکەم، تۆ بڕۆ بۆ لای پۆری، منیش ئەچم بۆ لای کچە پۆری، خۆزگە دایک و کچیکمان ئەدوزییەوە تۆ دایکەکەت بهێنایەو من کچەکە، ئەوا بابەتەکە کۆتایی پێ ئەهات.

سەیرێکیم کرد و کەوتمە ڕێ بەرەو ماڵەوە، هاواریکرد:

- سڵاو بگەیەنە بە پۆری و بڵێ خەیاڵی لە هەموو ڕوویەکەوە ئاسودە بێت، گیانی من بەستراوە بە گیانی کچە پورێوە.

دووبارە سەیرێکیم کردو وەڵامم نەدایەوە، وتی:

- نانە بەستووەکان تازە بوون؟ بەڕاستی خوا ئەم نانەوا لەم گەڕەکە نەسێنێت، چ هەلسوکەوتێک! چ هەست بە بەرپرسیارکردنێک! چ ئاردێک!

دیسان وەڵامم نەدایەوەو چووم بەرەو حەوشەکەمان و لەگەل بۆلە بۆلی مامدا نانەکەم خواردو ڕۆشتم جلەکانمم گۆڕی و کەوتمە ڕێ بەرەو ماڵی پورە لیا.

هەینی بوو و شەقامەکان چۆڵ، نیوکاتژمێری نەبرد کە گەشتمە بەردەم ماڵەکەیان و زەنگم لیدا، تۆزێک دواتر ڕۆکسانا وەڵامی ئایفۆنەکەی دایەوە و دەرگاکەی کردەوەو چوومە حەوشە، بینیم ڕۆکسانا لە قادرمەکان هاتە خوارەوەو هەر لەوێوە سڵاوی کرد، کەمێک چوومە پێشەوەو وەڵامی سڵاوەکەیم دایەوە، وتی:

- تەنهان؟

- بەڵێ.

ڕۆکسانا- کاک مانی نەهات؟

- نەخێر.

ڕۆکسانا- حاڵتان باشە؟

- مەمنون.

ڕۆکسانا- فەرموون تکا ئەکەم.

- ئێوە فەرموون، منیش لە خزمەتتاندام.

بەرێکەوت بەرەو ماڵەوەو هەروا بەدەم ڕۆشتنەوە وتی:

- کچەکان ڕۆشتن بۆ شاخ، پێداگرییان کرد منیش لەگەلیان بڕۆم، بەڵام دڵم خەبەری

دابوو که لەوانەیە نبوە تەشریف بهینن، ئەوە بوو لەگەلیان ئەڕۆشتم و....

ئەمهیشت قسەکەی ئەواو بکات و وتم:

- پوری لە ماڵەوەیە؟

لایکردەوەو سەیریکی کردم و وتی:

- لەماڵەوەن، بفەرموون.

بەریکەوت و لە قادرمەکان چووە سەرەوە، هەروا کە بەرە و پیشەوە ئەڕۆیشت، سەیریم کرد، پانتولیکی جینی لەپیدابوو لەگەل دانەیەک لەم بلوزانە کە تازە بووبوو بە مودیل، قژی ئالتونی تۆخ بوو کە زۆر سادە لە پشتەوە بە گولیکی سەر بەستبووی و وا دیاربوو خۆی ڕەنگی کردبوون، بالای بەرزو هەیکەلیکی زۆر جوان. گەیشتە بەردەم دەرگای ڕاڕەوەکەو وەستا تا پێی بگەم دواتریش وتی:

- فەرموون، تکا ئەکەم.

بەدەست ئاماژەم بۆ کرد بەو مانای ئەو لە پیشەوە بڕوات، دەرگای ڕاڕەوەکەی کردەوەو چووە ژوورەوە و منیش بە دوایدا ڕۆشتم و گەیشتم بە دەرگای هۆڵەکە، لەویدا وەستاو دووبارە خولکی کرد کە من بچمە ژوورەوە لە پێشدا، ئەمجارە وتم:

- ئیوە فەرموون، ئاوا چەند خولەکە کاتمان هەر بە خولککردنەوە بەفیڕۆ ئەچێت، فەرموون تکا ئەکەم.

بۆ ساتێک بە حەپەساوی سەیری کردم، دەم و چاویکی زۆر جوان و شیرینی هەبوو، بەڵام ئەوەی کە لە دەم و چاویدا زیاتر سەرنجی مرۆڤی ڕادەکێشا، چاوی بوو، چاوی گەورە و هەنگوینی بوو کە لەگەل ڕەنگی ئالتونی قژیدا زۆر بەیەکەوە دەگونجان، بە کورتی لایکردەوەو دەرگای هۆڵەکەی کردەوەو چووە ژوورەوەو منیش بە دوایدا ڕۆشتم و هەر کە چوومە هۆڵەکەوە بینیم پورە لیا هاتووەتە بەردەم دەرگا، سڵاوم لیکرد، هەستمکرد کە چاوەڕێیە بچم و لە باوەشی بگرم، بەڵام خۆم هەستێکی وام نەبوو، واتە هێشتاش وەکو بێگانەیەک وابوو لام، خۆی یەکسەر تێگەیشت و وەڵامی سڵاوەکەی دامەوە و وتی:

- باشی پوری گیان؟

- مەمنون.

پوری- وەرە، وەرە ژووری میوان.

وەستام تا خۆی لە پێشەوە ڕۆشت و دەرگای ژووری میوانی کردەوەو چووە

زوورەوە و منیش بە دوایدا روشتم، لەسەر قەنەفەیەک دانیشت و وتی:

- دانیشە پوری، روکسانا گیان زەحمەت ئەکیشیت چاییمان بۆ بهینیت؟

روکسانا- بەسەر چاو پوری خانم.

ئەمەی وت روشت بەرەو چیشتخانەکە، لەسەر قەنەفەیەک کەمیک لەولاترەوە دانیشتم، پوری وتی:

- چی بوو ئەزیزم؟ روشتن؟

سەرم راوەشاند، وتی:

- حالی چۆن بوو؟ چۆن بینیتان؟ یانی کچیکی چۆن بوو بەلاتانەوە؟

- بەیەکجار بینین خۆ ناتوانی هەلسەنگاندن بۆ کەسیک بکەیت.

پوری- راست ئەکەیت پوری، بەلام هەر ئاواش ئەتوانیت کەمیک مرۆڤەکان بناسیت.

- بەهەرحال بینیمان.

پوری- قسەتان لەگەل کرد؟

- کەمیک، بەلام جاری ئامادە نییە بگەڕیتەوە ئێرە.

ساتیک بیدەنگ بوو، دواتر وتی:

- ئەزانم.

پاکەتی جگەرەکەم لە گیرفانم دەرهیناو خولکم کرد، دانەیەکی هەلگرت و بۆم داگیرساند، ئەوەی خۆشمم داگیرساند، خەریکبوو بیری دەکردەوە، هیچم نەوت، چەند خولەک دواتر رۆکسانا بە سینییەکەوە گەڕایەوەو هاتە پیشەوەو خولکی کردم، وامزانی چایی هیناوە، هەر کە ویستم هەلیگرم بینیم قاوەیە، خێرا دەستم کێشایەوەو وتم:

- من قاوە ناخۆمەوە.

رۆکسانا- بۆچی؟

- حەزم لێی نییە.

رۆکسانا- تامی زۆر خۆشە.

سەیریکیم کرد، خێرا وتی:

- ببوورن ئیستا چاییتان بۆ ئەهینم.

- نە زۆر مەمنون، هەر هیچ ناخۆم، زەحمەت مەکێشن.

پوری پێکەنی و وتی:

- رۆکسانا گیان چایەکی بۆ بهینە.

ڕۆکسانا زوو ڕویشت تا چایی بهێنێت، تۆزێک وەستام و دواتر وتم:

- سەبرکەن خانم، من ئەبێت هەموو شتێک بزانم، من ئەبێت بزانم کێشەی ئێوە لەگەڵ باوکم و مامم لەسەر چی بووە، ئەبێ بزانم کە....

پوری- هێشتا بە من ئەڵێت خانم؟

ساتێک بێدەنگ بووم و دواتر وتم:

- هێشتا زمانم ناسوڕێت کە بە پوری بانگتان بکەم، خۆتان ئەبێت تێبگەن چی ئەڵێم.

پوری- تێ ئەگەم، حەقتە.

تۆزێک بێدەنگی هاتە ئاراوەو هیچ کاممان هیچمان نەوت، جگەرەکەمم کوژاندەوە، ڕۆکسانا بە سینییەکی ترەوە کە کوپێک چایی لەسەر بوو گەڕایەوەو خولکی کردم، هەڵمگرت و سوپاسم کرد، دواتریش لەسەر قەنەفەیەک لە تەنیشت منەوە دانیشت و کوپە قاوەکەی هەڵگرت.

پوری وتی:

- پوری، دوێنێ شەو چی بوو سەرەنجام؟

ڕووداوەکـەم بۆ گێڕایەوە، لەگەڵ ڕۆکسانادا دەستیانکرد بە پێکەنین، کاتێک پێکەنینەکەیان تەواو بوو، پوری وتی:

- وەکو باوکی وایە، لەو چەند ساڵەی کە بەیەکەوە دەژیاین، پشیلەیەک، سەگێک یان باڵندەیەک لە ترسی باوکی نەیان ئەوێرا بێن بەلای ماڵی ئێمەدا، زۆر بزێو بوو.

دواتریش سەیرێکی منی کردو وتی:

- تۆش هەروا، ڕێک وەک باوکت وایت، بێدەنگ و مۆن، بەڵام میهرەبان و خۆڕاگر.

سەرم وەرگێڕا بەلای سۆپاکەدا کە وێنەکانی لەسەر بوو و دواتریش لامکردەوە بەلای پوریداو وتم:

- بڕیارە ترمە خانم مال بگوازێتەوە.

پوری- بۆچی؟

- بەکێک لە ئاپارتمانەکانی باوکم و ئەوان چۆڵە، نزیک ماڵی خۆمانە، مانی پێی وت بێت لەوێ بژی.

ساتێک بێدەنگ بوو، دواتر وتم:

- شتێکی تریش هەیە.

پوری- چی پوری؟

- مانی دوینی شەو بینی وتم کە دەربارەی هاوسەرگیری ئەو و ترمە خانم، لەگەل مامم قسە بکەم.

پوری زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- دەی قسەت کرد؟

- مامم رازی نییە، بەلام مانیش سەرسەخت و کەلە رەقە، ئەزانم هەرچۆنیک بیت قسەی خۆی دەباتە سەر.

چاییەکەم هەلگرت و کەمیکم لینخواردەوەو جگەرەیەکی ترم داگیرساندو وتم:

- ئاتانەوێت دەربارەی ڕابردوو قسەم بۆ بکەن؟

پوری- بۆچی نا، بەلام ئەبێت سەرەتا خۆت بتەوێت بیزانیت.

- ئەمەوێ بزانم.

پوری- کێشەی ئێمە لەوەدایە کە بەردەوام دەمانەوێت بچینە ناو ڕابردووەوە، ڕاهاتووشمان چووەتە ناو ڕابردوومانەوە، کاتی ئەوەیە کە ئێتر واز لە ڕابردوو بهێنین، ڕابردوو ئێتر مردووە، باشترە ئەم مردووە بنێژین و سەرمان وەرگێڕین بەرەو ئایندە، بەلام تا ئێستا شتی وا نەبووە، یەکیان خودی من.

- سەرەنجام ئەگەریش بڕیاربێت ئەم مردوانە بنێژین، نابێت یادگارییەکمان لێیان هەبێت؟

پوری- بۆچی نا، بەلام تەنها لە ناستی یادگارییەکدا، ناشبێت ئەم یادگارییە سێبەر بخاتە سەر ئایندە و ئێستامان، هەرچەند بۆ من خستوویەتی.

سەرم ڕاوەشاند، ئەویش جگەرەیەکی لەسەر مێزەکە هەلگرت و و دایگیرساندو دەستیکرد بە کێشانی، دوو سێ خولەکێک هیچی نەوت، دواتریش سەیرێکی منی کردو وتی:

- تۆ هیچ دەربارەی باپیرەت دەزانیت؟

- نە.

پوری- دەزانی کە باوکت و مامت لە ژنی دووەمی بوون؟

- نە.

پوری- باپیرت دوو ژنی هەبوو، یەکەمیان دایکی من بوو، دووەمیشیان دایکی باوکت و مامت

ساتێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

CamScanner

- نازانم لە گویرە دەست پێبکەم و بۆت بڵێم، یەک دنیا قسەی کەلەکە بوو لەسەر دڵمە کە ئەگەر سەریان لابدریت، ئیتر ناتوانریت پێشیان پێ بگیردرێت.

- من گوێم لێیانە.

پۆری- تەنها گوێگرتن بەس نییە، ئەبێت هەست بکەیت، ئەبێت تێبگەیت، هەندێک لە باوک و دایکەکان، واتە لە ڕاستیدا زۆربەیان گوێ لە قسەی منداڵەکانیان دەگرن، بەڵام ناتوانن هەستیان پێبکەن و لێیان تێبگەن، ئەوەیە کە مەودا ئەکەوێتە نێوانیان، مەودای نێوان دوو ئەوە، ئێستاش لەنێوان من و تۆدا بابەتەکە بە پێچەوانەوەیە، ئەمجارە ئەبێت تۆ گوێ لە قسەی من بگریت و لێم تێبگەیت، باشە؟

-هەوڵدەدەم.

سەری ڕاوەشاندو وتی:

- تۆ دەربارەی مێژوو چی ئەزانیت؟ لە دەورەی قاجار و سەردەمی ئەحمەد شاو ئەو کاتانە؟

- هەندێک زانیاریم هەیە.

پۆری- ئەم شتانە کە بۆت باس ئەکەم، لە دایکمەوە بیستوومن، خۆم لەدایک نەبووبووم، زۆریش زانیاریم نییە، هەر ئەوەندەت بۆ باسدەکەم کە بیستوومەو ئەزانم.

هەناسەیەکی تازەکردەوەو وتی:

- باپیرەو داپیرەی دایکم ئێرانی بوون، بەڵام لەو ئێرانییانەی کە سالانێکی زۆر پێش ئێستا کەوتنە دەست ڕوسیا، ئەو کاتەی کە شەڕ بووە و ئێمە شکستمان خواردووە، ئەوانیش کەم کەم دەبن بە ڕوس، واتە ڕوسیا ڕوسیای سور نەبووە، ڕوسیای تزاری، باپیرە و داپیرەم هەردووکیان لە خێزانە خانەدانەکان بوون، خانووی وەک کۆشک و گالیسکەی شەش ئەسپی و نۆکەر و کرێکار و ئاهەنگی ئەوتۆو موزیک و سەمای باڵی و شانۆی ناوماڵ و ئەم شتانە، ئەمانەت لە کتێبەکاندا خوێندۆتەوە، یا بۆ نموونە لە هەندێ لەم فیلمە کۆنانەدا بینیوتن یان نە؟

- هەندێک شت لەبارەیانەوە دەزانم.

پۆری- باوکی باپیرەم لەو مرۆڤانە بووە کە حەزی کردووە بەشێک لە ڕوسیا بێت و هەمیشە خۆیشی بە ڕوسی زانیوە، بەڵام بە پێچەوانەوە باپیرەم حەزی کردووە ئێرانی بێت، ئێستا ئەم دووانە لە یەکتر تێنەگەیشتن یان نە، بمێنێت، بە دڵنیاییەوە ئەوانیش لە یەکتر تێنەگەیشتوون، لێیگەڕێین، داپیرەشم و خێزانەکەی هەر بەو شێوەیە بوون،

مۆدیرن و شیک و بە وتەی هەندیک، بۆرژوا. گوایە کاتێک داپیرەم چوار پێنج سال بووە مامۆستای زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و مۆسیقای هەبووە و خزمەتکاری تایبەت و مامۆستای سەمای باڵێ و ئەم شتانە، باپیرەشم هەروا، لە تەمەنی سیازدە چواردە ساڵیدا شمشێر وەشێنێکی باش بووەو شارەزا بووە بە دەمانچەی سەرپێ تەقە بکات و بۆ نموونە بۆ پاراستنی شەرەف یا بەدەستهێنانی ئەو کچەی کە خۆشیئەویت لەگەل رەقیبەکانیدا دوئێل بکات و هەموو هەفتەیەک بە ئەسپ بڕوات بۆ ڕاو و بۆ لای مامۆستای زمان و مامۆستای سەماو ئەم جۆرە شتانە، ئەمەش تێگەشتی؟

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- ئێستا لەم شتانەی کە وتم چی فێربوویت؟

- خێزانی باپیرەو داپیرەت بەشێک لە خانەدانەکانی ئەو سەردەمە بوون و خاوەنی کۆشک و تەلارو پارەی زۆرو لەو سەردەمەدا زۆر مۆدێرن بوون.

پۆری- ئافەرین.

- بەڵام بابەتێک لام ڕوون نییە.

پۆری- چ بابەتێک؟

- ئێرانی سەردەمی قاجار ئاوا نەبووە، واتە کچیان ئەبوایە لە ماڵەوە بمانایەتەوەو کۆرانیش گوایە دەچوونە قوتابخانە و دواتریش دەچوونە نوسینگەی کاری باوکیان لە بازاڕداو دەبوونە کاسب، مەگەر ئەوەی کە.....

پۆری- مەگەر ئەوەی کە چی؟

- باپیرە و داپیرەتان لە چ شارێک بوون؟

پۆری زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- گورجستانی سۆڤیەت، یانی گورجستانی ئێران، ئەڵبەتە ئەگەر بمانتوانیایە دوای ئەوەی کە ماوەی ئەو پەیمانانە تەواو بوون وەرمان بگرتایەتەوە.

- بۆچی گورجستان؟

سەیرێکی منی کردو وتی:

- مەگەر جیاوازی هەیە بۆت؟

- دەی نە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی کەسێک کە لە گورجستان دەژی، ئەبێت مەسیحی بێت.

ساتێک بێدەنگ بووم و دواتر بە گومان و دوو دڵییەوە وتم:

- ئیوە مەسیحین؟

زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- نازانم، یانی ئیستا ئیتر نازانم.

جگەرەیەکی تری هەلگرت و دایگیرساندو وتی:

- تا ئیرە کە رتوومە ئیگەیشتی یان نە؟

سەرم راوەشاند، وتی:

- کاتیک داپیرەم نزیکی هەژدە ساڵ بووە، شەویک لە یەکیک لە ئاهەنگەکاندا داوای لیدەکەن پیانۆ لیبدات بۆ میوانەکان، داپیرەشم ئەچیت و لە پشت پیانۆوە دانەنیشیت و دەست ئەکات بە لیدانی پیانۆ، گوایە لەو سەردەمەدا هیشتا ئەوە باو نەبووە کە پاکیزەیەک لە خیزانە خانەدانەکان گۆرانی بڵیت، بەڵام لەپر نازانم چی ئەبینت کە داپیرەم هەروا خەریکبووە پارچە موزیکیکی لیداوە، لەگەلیشیدا دەستدەکات بە گۆرانی وتن، هەر کە دەنگی کەوا دیارە خۆشیش بووە، بەرز ئەبیتەوە، هەموان بیدەنگ ئەبن و گەنجەکان لە دەوری کۆدەبنەوە. هەموان پێیان سەیر بووە، ئەمە لەوانەیە یەکەمجار بوو بیت کە کچیکی خیزانیکی خانەدان لە ئاهەنگیکی خانەدانەکاندا، گۆرانی وتبیت. چپەچپ، ئەکەویتە نێوان ژنان و کچان، لە هەموو شوێنێک بە دوای قسەو قسەڵۆکەوە بوون ئیتر، بە گورتی ئەم دەچپینیت بە گوێی ئەوداو ئەو بە گوێی ئەودا تا دەنگە دەنگ ئەکەویتە ناو هۆڵەکە. بەڵام داپیرەم گوێ بە هیچ کەس نادات و گۆرانییەکەی تەواو دەکات.

کە گۆرانییەکە تەواو دەبینت لە جیگەکەی هەڵدەستیتەوەو لادەکاتەوە بەلای میوانەکاندا هەر چاوەڕێ دەکات تا بزانیت پەرچە کرداریان چییە، بەڵام کەس ورتەی لێوە نایەت، ئەوە هیچ کە هانیان نەداوە، هەموو ژنەکانیش بە خێسەوە سەیریان کردووە، ئێ لە راستیدا داپیرەم داب و ئەریتیکی شکاندووە کە تا ئەو ڕۆژە پێشینەی نەبووە، باوکیشی کە ئەم بارودۆخە ئەبینیت، لەگەل ئەوەی لە دەست کچەکەی کە دەکاتە داپیرەی من تورە بووە، بەڵام بۆ پشتگیری کردنی دەچیتە پێشەوە و لە باوەشی دەگرینت و لەگەل خۆی ئەیبات و بە ئارامی دەچینت بەرەو دەرگای هۆڵەکە، دایکی داپیرەشم ئەچینت بۆ لایان و سەرەتا کچەی لە باوەش دەگرینت و ماچی دەکات و دواتر هەرسێکیان دەچن بەرەو دەرگاکە، هەر لەم کاتەدا یەکەمین کوڕی گەنج دەستدەکات بە چەپڵە لیدان، دواتر دووەم و ئینجا سێیەم و لەپر تەواوی ئەو کوڕە گەنجانەی کە لەو ئاهەنگەدا بەشداربوون، دەست دەکەن بە چەپڵە لیدان بۆی، چەپڵەلیدانی کوڕانی گەنج هەمان و هاتنە پالی کچانی

گەنج هەمان.

بە کورتی هەرچی کچ و کور کە لەوی بوون بۆ پشتگیری کردن و هاندانی ئەم کارە ئازایانەی داپیرەم دەست دەکەن بە چەپڵە لێدان. لەپر تەواوی ئەو پیاوانەشی کە لەوی بوون لەگەڵیان هاودەنگ دەبن و ئەوانیش دەستدەکەن بە چەپڵەلێدان بۆ داپیرەم، خاوەن ئاهەنگەکەش بەکسەر ئەچێت بۆ لایان و ئاهێنێت کە لە هۆڵەکە بچنە دەرەوە، هەمهەمەو مقزمقز دەکەوێتە ئاهەنگەکە، ئەوەندە چەپڵەی بۆ لێدەدەن کە داپیرەم ناچار دەبێت دووبارە بگەڕێتەوە پشت پیانۆکە، دەستدەکات بە مۆزیک لێدان و گۆرانی وتن، کە ئەمجارە بە هاندانی هەموو میوانەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. هەمیشە بۆ ئەوەی داب و نەریتێکی پواو بگۆڕدرێت، بوێری و پشتگیری پێویستە، هەر لەوێدا دە خوازبێنیکار بۆ پەیدا ئەبێت کە لە سبەینێکەیەوە دەکەونە ڕێ بەرەو ماڵیان بۆ خوازبێنی، لەپڕ داپیرەم دەبێتە خاڵی سەرنجی هەموو خێزانە ناسراوەکان، بەیانی ئەو هاتووەو شەو ئەوی تر، بەڵام داپیرەم وەڵامێکی تەواوی بە کەسیان نەداوەتەوە، خێزانەکانیش بۆ ئەوەی سەرنجی ڕابکێشن، شەوێک ئەم بانگهێشتی کردوون و میوانی ڕێکخستووە بۆیان، شەوێک ئەو، لەنێوان تەواوی ئەم خێزان و خوازبێنیکارانەدا، دووانیان لەڕووی خانەدانی و بەراورد بە دەرباری ئەو سەردەمە یان بۆ نموونە تزار، لە هەموویان سەرتربوون بە جۆرێک کە ئەوانی تر وردە وردە دەکشێنەوەو دەمێننەوە ئەم دوو گەنجە کە هەردووکیان هەم تەدو باڵا جوان بوون، هەم پێکەوتوو، هەم ئازا، هەم خوێندەوار.

بە کورتی هەردووکیان لە هەموو ڕوویەکەوە بێ کەم و کورتی بوون و داپیرەشم نەیزانیوە کامیان هەڵبژێرێت، ئەمانەش هەردووکیان دڵێک تا سەد دل عاشقی داپیرە دەبن. هەردووکیان زۆر ئاغاو ڕەسەن، ئەهاتنە ماڵی داپیرەم و بەیەکەوە دادەنیشتن و قسەیان دەکردو بەردەوام هەوڵیان دەدا کە دڵی داپیرەم ببەن، بەڵام گوایە کە داپیرەم عاشقی هەردووکیان بووەو نەیتوانیوە لە نێوانیاندا یەکیان هەڵبژێرێت، هەر لەم کاتەدا لەپڕ هەردووکیان بۆ ماوەی مانگێک دیار نامێنن، هیچ کەسیش هەواڵی نەزانیون، واتە نە بە داپیرەم هیچیان وتبوو نە بە کەسی تر، تا ئەوەی کە دوای یەک مانگ سەرو کەڵەیان پەیدا دەبێتەوە، یەکیان بە دەستی بریندارو ئەوی تر بە قاچی بریندارەوە، مەڵی ئەم دووانە بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ داپیرەم بەیەکەوە بڕیار ئەدەن بچن بۆ شەڕ، جا نێتر کام شەڕ؟ خوا ئەزانێت، لەوانەیە یەکێک لەو شەڕانەی کە لەو کاتەدا هەموو لایەکی ڕوسیای گرتبووەوە، بۆ نموونە لەوانەیە یەکێک لە شارەکاندا، جوتیارو وەرزێر

دەستیان کردبیت بە شورش، دەی ئەزانی، بارودۆخیکی ڕوسیا زۆر خراپ بوو، زۆربەی خەلکەکەی برسی بوون و ژمارەیەکی کەمیان دەولەمەند، وەکو ئیستای ئێمە، بە کورتی ئەم دووانە بەیەکەوە ئەچنە شەڕو بڕیار ئەدەن هەرکامیان بە ساغی گەڕایەوە لەگەل داپیرەم هاوسەرگیری بکات، ئەزقەزا هەردووکیان بە ساغی دەگەڕێنەوە، تەنها توزێک بریندار بوو بوون، ئەو هەواڵە دەم بە دەم ئەگەڕێ و لە شاردا بڵاو ئەبێتەوە کە بەڵێ، لەبەر خاتری فلان، دووان لە ئەجیبزادەکان بۆ کێبڕکێ چوونەتە بەرەی شەڕو بە بریندارێ گەڕاونەتەوە.

بە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە بازاڕی خوازبینی داپیرەم گەرمتر دەبێت و لە دوورو نزیکەوە هەوال ئەگات کە خێزانە خانەدانەکانی تریش بە نیازی خوازبینی کردنی داپیرەمن، ئێ کاتێک وەها هەواڵێک بە گوێی هەمووان دەگات، ترس دەکەوێتە دڵی ئەم دوو گەنجەوە، لەبەرئەوەی لەوانە بوو خوازبێنیکاری دواتر لە هەموو ڕوویەکەوە بە بەراورد بەم دووانە لەسەرترو باشتر بێت.

ڕۆژێک بەیانی زوو ئەکەونە ڕێ بەرەو دەرەوەی شار هاوڕێ لەگەل چەند شایەت و ژمارەیەک گەنجی خانەدان و دۆستەکانیان، بە دوو دەمانچەوە وەکو ئەم فیلمە بیانییانە لەگەل یەکتر دوئێل ئەکەن. تا خێزانەکانیان ئاگادار دەبن و دێن تا پێشیان پێبگرن، یەکێکیان بریندار ئەبێت، ئەویش بریندێکی ناڕاسایی، ئەو گەنجەش کە بریندارێ کردبوو زۆر جوامێرانە خۆی لە باوەشی دەگرێت و بە هاوکاری ئەوانی تر دەیخەنە ناو گالیسکەو دەیگەیەنن بە پزیشک و چارەسەر، داپیرەم کە ئاگاداری ئەمە دەبێت بەپەلە لەگەل دایک و باوکیدا دەچێتە دیار سەری ئەو گەنجە، بەڵام کاتێک ئەگەن کە ئێتر کار لە کارترازاوەو ساتەکانی کۆتایی ژیانی بووە، ئەو گەنجەش کە گوایە نازانم سیریوژای ناو بووە، سرپۆشکای ناو بووە دەستی داپیرەم دەگرێت و تکای لێدەکات کە وەک ڕێز لێگرتنێک لە خوێنەکەی، لەسەر ئەم پەیمانە بمێنێتەوە و لەگەل ڕەقیبەکەیدا هاوسەرگیری بکات و لە ساتی کۆتایی تەمەنیدا وەک خانەدانێکی ڕەسەن دەستی داپیرەم دەگرێت و ئەیخاتە دەستی ڕەقیبەکەیەوە، ڕەقیبەکەشی کە ناوی نیکۆلا بووە بە دیار سەرییەوە فرمێسک دەڕژێت تا ئەو دەمرێت.

دواتریش وەک ڕیزلینانێک لە مەرگی ڕەقیبی ڕەسەن، بڕیار ئەدەن تا یەک ساڵ دواتر هاوسەرگیریی نەکەن، ئەم هەواڵەش لە شاردا بڵاوئەبێتەوەو ئەگاتە شارەکانی ترو وەکو ئەفسانەیەکی لێدێت، لەبەرئەوەی ئەوان ڕیزێکی ئاوایان لە ڕەقیب گرتووەو ڕەقیبیش لە

ساتی کۆتایی تەمەنیدا تکای لیکردون کە ئەگەر لەبەرخاتری پاراستنی شەرەفی ئەویش بووبێت، پێویستە لەگەل یەک هاوسەرگیری بکەن، خەلکیش ڕێز لەم عەشقە دەگرن، دوای یەک ساڵا، ئەو ڕۆژەی کە بڕیار بووە لەگەل یەک بچن بۆ کلیسا و هاوسەرگیری بکەن، پێش ئەوە ئەچنە سەر گۆڕی سریوژاو گول و ئەم شتانەی بۆ ئەبەن و دووبارە مۆلەتی لێودرئەگرن و دواتر ئەچنە کلیسا، گوایە نیوەی دانیشتوانی شار کۆبووبوونەوە لەبەردەم ئەو کلیسادا تا بزانن ئەو کچە شێوەی چۆنە یان چ جۆرێکە کە لەبەر ئەو کەسێک کوژراوە.

هاتنی ئەو خەلکە بۆ کلیساو کۆبوونەوەیان لە شەقامدا، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو هاوسەرگیرییە بە شکۆیەکی زیاترەوە بەڕێوە بچێت، واتە خێزانی هەردوولا و کەسوکارەکەیان لەناو کلیساکەدا بوون و خەلکیش لەبەردەم دەرگای کلیساکە، کاتێک مەراسیمەکە تەواو ئەبێت و ئەم دووانە ئەبنە ژن و مێرد، لەپڕ دەرگای کلیسا ئەکرێتەوەو دایک و باوک و کەسوکاری سریوژا یاخود سریوشکا بە جلی ڕەشی ماتەمینییەوە بە بێ دەنگی دێنە ناو کلیسا، دەی ئەزانی خۆی باو نییە کە لە مەراسیمی بوکێنیدا کەس بە جلی ڕەشەوە بێت، بە کورتی ئەوان کە ژمارەشیان زۆر بووە، بە جلوبەرگی ڕەشەوە دێنە پێشەوە تا دەگەن بە بوک و زاوا، لەو کلیسادا ورتە لە کەسەوە نەهاتووەو هەمووان چاوەڕوان بوون ببینن بابەت چییە.

دایکی سریوشکا ئەچێتە پێشەوەو لە جانتاکەی یا لە گیرفانی بەستەیەک دەردەهێنێت و دەیدات بە بوک و زاوا و ئەڵێت: (ئەمە دیارییە لەلایەن کوڕەکەمەوە بۆ ئێوە)، بوک و زاوا بە سوپاس و شەرمەوە بەستەکە ئەکەنەوەو ئەبینن مستیلەیەک لەناویدایە، دووبارە سوپاسیان ئەکەن، ئەمجارە دایکی سریوشکا ئەڵێت (دیارییەکیشم پێیە بۆتان لەلایەن خۆم و باوکی و تەواوی خزمانەوە) کە ئەمە ئەڵێت هەمووان خۆشحال دەبن لەوەی کە هەموو شت خەریکە بە خێرو خۆشی دەڕواتە پێش و دایک و باوکی سریوشکا بابەتەکەیان لەبیرکردووە و لە خوێنی کوڕەکەیان خۆشبوون، هەرچەندە کە هەردوو ڕەقیبەکە بە ویستی خۆیان و زۆر پیاوانە لەگەل یەک دوئێلیان کردبوو، بەڵام سەرەنجام لەم نیوەدا خوێنێک ڕژا بوو.

کوڕی گوڵم کە تۆ بیت، بوک و زاواو هەموان خۆشحال دەبن لەپڕ دەموچاوی دایکی سریوشکا دەگۆڕێت، هەر لەم کاتەدا تەواوی ئەو کەسانەی کە جلی ڕەشی پرسەیان لەبەردا بووە چۆک دائەدەن بەناو بۆ نزا، دواتریش دایکەکە بە دەنگی بەرز هاوار دەکات

و ئەلیت (من دایکی سەربوشکا لەلایەن خوم و ئەواوی خزمانەوە لەم شوینە پیروزەدا، ئەفرین لە تو دەکەم. تو دەتوانی بە یەک هەڵبژاردنی سادە پیش بە کوشتنی کوڕەکەی من بگریت. بەڵام تو شوومی، پی و قەدەم ڕەشی، ئیمە هەموومان ئەفرینت لێئەکەین کە تو و ئەوانەشی کە لە دوات جێدەهێڵن هیچ کات لە ژیاندا ئارامی نەبینن و داوا لە خواوەند دەکەم کە سیبەری شوومی تو لەم شارە دوور بخاتەوە).

کە ئەمە ئەلیت لەپڕ هەراو هوریا دەکەوێتە نێوان کەسوکاری بوک و زاوا، گەنجەکان دەست دەبەن بۆ شمشێرەکانیان تا دووبارە خوێنڕشتن بەرپا بکەنەوە. بەڵام باوکی بوک و باوکی زاوا دەچنە پێشەوەو هەمووان بێدەنگ دەکەن و خێزانی سەربوشکا هەروا کە ئارام هاتبوون، ئارامیش دەڕۆن، کەشێشێش بۆ ئەوەی زەهری ئەم بابەتە لەناو ببات دەست دەکات بە نزاکردن و ئەم شتانەو مەراسیم ئەواو دەبێت و بوک و زاوا لەگەل کەسوکارەکانیاندا لە کلیسا دەچنە دەرەوە. هەوالی ئەم ئەفرین کردنە پێش ئەوان گەشتبووە دەرەوەو خەڵکی لەم ڕووداوە ئاگادار بووبوون. کاتێک بوک و زاوا دێنە دەرەوە، خەڵکی بووبوون بە دوو دەستە. ژمارەیەکیان نزایان بۆ کردوون و ژمارەیەکیان نەفرین، بە کورتی بارودۆخێکی زۆر خراپ لەوێدا دروست بوو بوو و زاوا، بوک کە لەو کاتەدا گریاوە، سەر گالیسکە دەخات و بەرێدەکەوێت و خزم و کەسوکارەکەشیان بەدوایاندا. کاتێکیش کە ئەگەنە مالی زاوا کە بڕیار بووە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە لەوێ بەڕێوە بچێت، نە بوک و زاوا تاقەتیان هەبووە نە کەسوکارەکەیان. ئەوە بووە کە ئاهەنگەکە تێکدەچێت و هەمووان دەچنەوە مالی خۆیان و، بوک و زاواش دەچنە ژوورەکەیان و بوک لەتاو ئارەحەتی دەبوورێتەوە. ئەمە بوو ڕووداوی هاوسەرگیری باپیرەم و داپیرەم، جا ئیتر ئەمانەت تا ئێرە لەبیر بمێنێت تا دواتر ئەوی ترت بۆ بگێڕمەوە.

جگەرەیەکم لە پاکەت دەرهێناو دامگیرساندو چووم بە بیردا، لەپڕ بینیم ڕۆکسانا بە سینییەکەوە لەبەردەممدا وەستاوە. سینییەکەی بەرەو ڕووم گرت، چەند کوپ قاوەی لەسەر بوو، سەرم بەرزکردەوە، وتم:

- مەمنون، حەزم لێی نییە.

ڕۆکسانا- بۆچی؟ ماندوویەتیتان دەردەکات.

- زۆر مەمنون حەزی لێناکەم.

ڕۆکسانا- ئەم قاوە لەگەل ئەوانی تر جیاوازە، یەکجار تاڵی بکەنەوە.

- سەیرکەن روکسانا خان، من مروڤێکی مۆدێرن و ئەمرۆیی نیم، حەز بە قاوەو نیسکافە خواردنەوە و راپ و رەنگکردنی قژ بە شێوەی ئەم بیانییانە ناکەم، حەز دەکەم هەروا ئیرانی بمێنمەوە، ئیوەش باشترە هەروا بن، چایی زۆر لە قاوە باشترە.

دواتر ئاماژەم بۆ قژی کردو وتم:

- زەردو ئالتونی کردنی قژیش بە بۆچوونی من، بۆ تەمەنی ئێوە کەمێک زووە.

لەپر سەیرێکی پورینی کردو دواتریش بە سەرسوڕمانەوە بە منی وت:

- کاک هامون من قژم رەنگ نەکردووە.

پورینش پێکەنی وتی:

- رەنگی سروشتی قژی ئاوایە پوری گیان.

حەپەسام، ئاخر رەنگی قژی زۆر جوان بوو، پێموابوو رەنگی کردووە، توزێک خۆم کوکردەوەو وتم:

- ئی ئەوە هیچ، ئەی قاوە خواردنەوەو ئەم شتانە چییە ئیتر؟

روکسانا- من هەمیشە قاوە ئەخۆمەوە.

- هەر ئەوەیە ئیتر، لاساییکردنەوە، ئەم لاسایی کردنەوە کوێرانە کلتوری ئێمەی ئەوتاند.

روکسانا- بەڵام ئەمە کلتوری خۆمە کاک هامون.

- یانی چی؟

روکسانا- ئاخر من...

ساتێک بێدەنگ بوو و دواتر بە خێرایی وتی:

- من مەسیحیم.

دواتریش هەروا سەیری چاوی کردم، منیش سەیری چاویم کرد، ئەو چارە هەنگوینی رەنگانەی کە لە قژی تۆختر بوون، لەپر گەڕایەوە تا بروات، وتم:

- خراپ نییە منیش جارێک قاوە بخۆمەوە.

پێکەنی و خۆلکی کردم، کوپێکم هەڵگرت و خستمە بەردەمم، دووبارە پێکەنی و چوو بۆ لای پوری و خۆلکی ئەویشی کردو گەڕایەوەو لەسەر قەنەفەکەی ئەنیشت من دانیشت، دەستمکرد بە خواردنەوەی قاوەکە، وتی:

- چۆنە کاک هامون؟

- خراپ نییە، واتە تامی خۆشە، ئەڵبەتە چاییش خۆشە، قاوەش خۆشە.

هەردووکیان دەستیانکرد بە پێکەنین. پوری وتی:

- ڕۆکسانا قاوە نایاب دروست دەکات.

تۆزێکێتر قاوەم خواردەوەو وتم:

- زۆر خۆشە!

پوری- خۆیشی زۆر جوانە!

لەژێر چاوەوە سەیری ڕۆکسانام کرد کە سەری داخستبوو و قژی ڕژابووە سەر دەموچاوی، پوری ڕاستی دەوت، ڕۆکسانا کچێکی زۆر جوان بوو!

- پوری جگە لەوەش زۆر زۆریش گرنگی بە خوێندن دەدات، بە پلەی نایاب لە زانکۆی حوکمی وەرگیراوە.

- ئافەرین! ئافەرین!

سەری بەرزکردەوە تا سوپاسم بکات، هەروا لە ژێر چاوەوە سەیریم دەکرد، کچێکی زۆر جوان بوو، بڕۆی بەرزو درێژ، دەم و لووتی بچوک، پێستی بڕۆنزی و ڕەنگ جوان.

پوری -دایکی ئێرانی بووە، باوکیشی فەڕەنسی.

لامکردەوەو بەسەرسوڕمانەوە سەیریم کرد، پێکەنی و وتی:

- بینیتان چەند ئێرانی ماومەتەوە؟!

هیچم پێ نەبوو بۆ وتن، بۆیە وتم:

- مانی هەوالی نەبوو.

پوری- مۆبایلی پێیە؟

- نەری، ئەکرێت تەلەفۆنێک بکەم؟

ڕۆکسانا هەستاو وتی:

- ئێستا بۆتان ئەهێنم.

- نە، مەمنون، خۆم دێم.

هەستامەوەو بەدوایدا ڕۆشتم، تەلەفۆن لە هۆلەکە بوو، ژمارەی مانیم لێدا، پەیوەندی ئری لەگەلدا بوو، وێستم دووبارە ژمارەکەی لێبدەمەوە لەپڕ هەستم کرد لە دوارە دەستێک بەر شانم کەوت، لامکردەوەو بینیم تالێک قژی درێژ بە دەست ڕۆکسانارەبە خێرا وتی:

- تالێک قژ بەسەر شانتانەوە بوو.

دواتر بەزەردەخەنەیەکەوە سەیری کردم.

- بە دڵنیاییەوە قژی دایکمە، ئەم بلوزە هەر ئەمڕۆ لەبەرمکردووە.

دووبارە پێکەنی، نازانم بۆچی لەبەر منیش پێکەنیم، بەڵام زوو پێشم بە خۆم گرت و لامکردەوە بەڵای تەلەفۆنەکەداو دووبارە ژمارەی مانیم لیدایەوە، ئەمجارە وەڵامی دایەوە:

- ئەلو، مانی؟

مانی- ها!

- هیچ دیارە لە کوێیت؟

مانی- هەر لەم دەوروبەرە

- دەوروبەر کوێیە؟

مانی- بڵێ مالی دۆست لە کوێیە؟

- بێتام مەبە، لە کوێیت؟

مانی- خەریکم بەدوای هێنەکەیاندا ئەگەڕێم، واتە زەنگەکەیان.

- زەهری مار، لە پشت دەرگاوەیت؟

مانی- ئەرێ بابە، زەنگەکەیان لەکوێدایە؟ ئەها، دۆزیمەوە.

- ڕاست ئەکەیت؟

مانی- بێکەرەوە هاتم.

- ئێستا ئەیکەمەوە.

- مانی ڕاستی هامون گیان سڵاو، بیرم چوو لە سەرەتاوە بێڵێم.

- سڵاو و زەهری مار، وەرە ژوورەوە.

تەلەفۆنەکەم داخستەوەو بە ڕۆکسانام وت:

- ڕۆکسانا خان دەرگاکە بکەنەوە، مانی لە پشت دەرگاوەیە.

هەر لەو کاتەدا مانیش زەنگی لێداو ڕۆکسانا دەرگاکەی کردەوە، خێرا دەرگای ڕاڕەوەکەم کردەوەو چوومە دەرەوەو لەسەر سەکۆکە وەستام، مانی هەر کە گەیشت وتی:

- وای ئەمڕۆ چەند جوان بوویت ئەمشەو! ئەم ڕەنگە تازەی قژت چەند لێت دێت! کەناریە زەردەکەم.

- زەهری مار، تۆ بڕیار بوو بچیت سەرێک لە ترمە بدەیت، سەرلێدانێک ئەوەندە

دریژه دەکیشیت؟

مانی- دەی سەرلیدانیک یانی چی؟ سلام و عەلەیکیک و چوار دانە قوربان و ساقە لەلایەن منەوەو چوار دانە نازو نوز لەلایەن ئەو، دوو دانە فشەفش کردن کە دوینی شەو تا بەیانی نەخەوتووم و تەنها بیرم لە تو کردووەتەوە لەلایەن من و دوو دانە پرسیار کە دوینی شەو بیرت لە چی دەکردەوە لەلایەن ئەو ...

- زەهری مار، منت لیرە بە تەنها جیهیشتووە، هیچیش بیر ناکەیتەوە.

مانی- چی بووە ئەزیزم؟ نارەحەتیان کردوویت؟

دواتر لەپر بە دەنگی بەرز هاواری کردو وتی:

- کی پەنجەی کردووە بەم هەنگوینەی مندا؟ ئەیکوژم.

دواتر بە ئارامی شتیکی چپاند بە گوینمدا.

- مردووشور بتبەن مانی، بەراستی بی تەربیتیت.

مانی- ئی دەی چی بکەم؟ کاتژمیرنیک بە تەنها لە شوینیکدا جیمهیشتیت، سەیرکە نەتتوانی خوت بگریت، من خۆ ناتوانم شەو و ڕۆ بەدوای تۆوە بم، خۆیشت کەمیک داوین پاک بە.

پیکەنینم دەهات، وتم:

- وەرە بچینە ژوورەوە، ئەوەندە هەلیت و پەلیت مەلی، بڕۆ ژوورەوە.

- مانی بسم الله الرحمن الرحیم، چووم بۆ خوازبینی!

هەردووکمان چووینە ژوورەوەو مانی سلاو و هەواڵپرسی لەگەل ڕۆکسانا کردو چووینە ژووری میوان و مانی هەر کە پوریی بینی وتی:

- پوری گیان سلاو، یاخوا قوربانی شیوەی وەک مانگت بم.

پوری- سلاو پوری، شتگەلیکم بیست.

هاتە پیشەوەو دەم وچاوی پوریی ماچکردو چووە سەر قەنەفە دانیشت و وتی:

- پوری گیان خزمایەتی لەجیی خۆی، ڕاست بلی بزانم ئەم ترمە ئەسلە؟ ئەگەر ئەسلە، ئیمە بەشی دەستیک جلمان لیی بوینت، چەندمان لەسەر دەکەوینت؟

پوری دەستیکرد بە پیکەنین، وتی:

- تو سەرەتا کالاکە بە باشی ببینە دواتر.

مانی- ببینیومە، لیدراوی و میدراویشی نییە، بی چەنەچەن دواجار بە چەند؟

پوری کە بەردەوام پیدەکەنی وتی:

- لەبەرئەوەی تۆیت، خۆت وەکیل بە.

مانی- پۆری گیان ئەم تۆپەت دانابوو بیدەی بەسەر برازاکەتدا؟

پۆری- بی خەمبە، بیکەلک نییە بیدەم بەسەرتدا.

هەر لەم کاتەدا رۆکسانا بە سینییەکەوە هات و خولکی مانی کرد.

مانی- ئەمە چییە؟

رۆکسانا- قاوە.

مانی- تا مامەلەکە تەواو نەبیت نایخۆم، نمەکگیر ئەبین و کلاو ئەچیتە سەرمان.

پۆری و رۆکسانا دەستیانکردە پێکەنین و مانی هەروا کە کوپە قاوەکەی هەلدەگرت وتی:

- چیتان کردووە لەم منداله کە من لێرە نەبووم؟ داماوە قورگی پڕە لە گریان، حەوەکەمان خەفەتبارە.

پۆری- مەلێ، کوڕەکەم ئاغایە.

مانی- ئەمە بە چەند هەلدەگریت؟ هومایلی ئەسلە ها.

بە خێسەوە سەیریم کرد، وتی:

- ئێ پۆری گیان چی ئەلێیت؟ خوازبینی کردنەکە تەواو ئیتر؟

پۆری- کام خوازبینی؟

مانی- بەد بەد! ئەی من نیو کاتژمێرە چی ئەلێم؟ وابزانم خەریکم خوازبینی ترمە ئەکەم.

پۆری- ئەمە چ مۆدیلێکی خوازبینییە سەگباب؟

مانی- بیانوو ئەگریت؟ هەر نەمویست ئەو کچە ناشرینە ناحەزە شلشلەت، هەستە هامون گیان بچین بۆ دوکانێکی تر، ئینستا بۆ نیوەڕۆ چیتان هەیە؟

پۆری- نیوەڕۆ؟

مانی- یانی ناتانەوێت زاواکەتان بۆ نانی نیوەڕۆ بهێلنەوە وا نازانن سبەی بۆ کچەکەتان سەرشۆڕییە؟ وا بیرناکەنەوە چوار ڕۆژی تر سەرکۆنەی ئەکەم؟

پۆری- بەڕاستتە پۆری؟ یانی بۆ نیوەڕۆ لێرە ئەمێننەوە؟

لامکردەوە بەلای مانیداو ئاماژەیەکم بۆ کردو دواتر بە پۆریم وت:

- نە، زۆر مەمنون، ئەبێت بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە، ئیتر زەحمەتتان نادەین.

مانی- تۆ ئەتەوێت بڕۆی، بڕۆ، بەناخێر من زاوای ئەم ماڵەم، تازە بەو شێوەش کە

بۆنی دیت وا دەردەکەوێت ببمە زاوای سەر مال

- مانی شەرم بکە.

مانی- بۆچی شەرم بکەم؟ بۆ تێکەیەک نان؟

پوری- ج زەحمەتێک ئەزیزم؟ بەخوا خۆشحال ئەبم؟ کاتێک ئێوە لێرەن، لەم ماڵەدا ئەلێی بەهارە.

دواتر لایکردەوە بەلای ڕۆکسانادا و وتی:

- ڕۆکسانا گیان ئەزیزم، هەستە بیرێک بۆ نانی نیوەڕۆ بکەرەوە.

- نە، زەحمەت مەکێشن، من بە دڵنیاییەوە ئەبێت بڕۆم.

مانی- ڕاست دەکات ڕۆکسانا خانم، هامون جگە لە ماڵی خۆیان ناتوانێت لە هیچ شوێنێکی تر نان بخوات، هەستە هامون گیان زووتر بڕۆ تا ئێمەش بە کارەکەمان ڕابگەین.

- تۆش ئەبێت لەگەڵم بێیت.

مانی- سوێند بە خواوەندی خوا لێرە ناجوڵێم، پوری گیان لە ماڵەوە بیجامەیەکتان نییە؟

- شەرم بکە مانی، خولەکێک وەرە کارم پێتە.

دەستیم گرت و بردمە هۆڵەکەو پێم وت:

- جوان نییە هێشتا هیچ نەبووە بۆ نیوەڕۆ لێرە بمێنێنەوە.

مانی- بۆچی جوان نییە؟

- دەی جوان نییە نێتر، واتە ئەبێت ئەوان بانگهێشتمان بکەن، یا لانیکەم بە زۆر پیداگری بکەن کە بیمێنێنەوە، ئاوا ناشرینە.

مانی- نانی نیوەڕۆ خواردن لە ماڵی پوری خۆ بانگهێشتی لەپێشتری ناوێت.

- ئیستا بانگهێشتی لەپێشتر نە، لانیکەم خۆ ئەبێت چوار خولکمان بکەن.

مانی- من شەرم ناکەم، ئەگەر تۆ ناڕەحەتی بڕۆ.

- خولەکێک وەرە ئەملاتر کارم پێتە.

دەستیم گرت و بردمە ناوەڕاستی هۆڵەکەو وتم:

- ئەمەوێت شتێکت پێ بڵێم.

مانی- گیانم، بڵێ.

- ئەڵێم ئەگەر تۆ بە تەنها لێرە بمێنیتەوە دروست نییە.

مانی- بۆچی دروست نییە؟

سەیری دەورووبەرم کردو وتم:

- وەرە ئەملاتر کارم پیتە.

تۆزێک چووینە ئەولاتر

- مانی گیانم، بلێ.

- ئەلێم ئەم ڕۆکسانا خانمە قاوەیەکی هێناو منیش خواردمەوە.

مانی- بە دزییەوە خواردتەوە؟

- واتای چی؟

مانی- یانی ڕازی نەبوون تۆ بیخۆیتەوەو خواردتەوە؟

- هێواش قسە بکە.

دووبارە بە ئارامی وتی:

- یانی دەرمانخواردیان کردیت؟

- نە، ئەلێم ئەم ڕۆکسانا ڕەنگی قژی سروشتییە.

بە ئارامی وتی:

- من کفن بکەیت، ڕاست ئەکەیت؟

- ئەری بە گیانی تۆ، تازە پۆری دەیوت لە زانکۆی حکومی بە پلەی نایاب وەرگیراوە.

مانی- بلێ بە مەرگی تۆ.

- ئەلێم بە گیانی تۆ.

مانی- ئێ، ئیتر چی؟

- تۆزێک وەرە ئەملاتر، با کەس دەنگمان نەبیستێت.

دووبارە تۆزێک چووینە ئەولاتر، لەوسەری هۆڵەکە، وتم:

- تازە باوکیشی ئێرانی نییە.

مانی- تۆو پێنج تەن ڕاست ئەکەیت؟

- ئەری بەخوا، گوایە باوکی فەرەنسییە.

مانی- باوکی سیخورە؟

- نە.

مانی- دژبەرانی شۆڕشی ئیسلامییە؟

- نە بابە.

- مانی پەیوەندی لەگەڵ هیزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات هەیە؟

- ئەم قسانە یانی چی؟

مانی- واتە ئەلیم بەدوایەوەن؟

- نە.

مانی- ئەی هەتیو بۆچی منت هیناوەتە بەردەم ئاودەست ئەم قسانەم بۆ ئەکەیت؟

- ئاه..! هیواش قسە بکە.

بە ئارامی وتی:

- دەی ئاخر وا خەریکە خۆمان ئەکەین بە ناو تەوالیتەکەدا.

- دەی لێرە کەس دەنگمان نابیستێت.

مانی- لێرەدا شتێکت دوزیوەتەوە؟

- نە. مێشکت لە کوێیە؟

مانی- بە گیانی تۆ هەر هیچ تێناگەم، لێرە چی بووە؟

- ئەلیم باش نییە بە تەنهایی لێرە بمێنیتەوە.

مانی- یانی ئەلێیت مەترسییەک، شتێکی هەیە بۆم؟

- نە بابە.

مانی- ئەی چی؟

- هیواشتر قسە بکە.

- بابە ئیتر خۆشمان گوێمان لە دەنگی خۆمان نییە.

- یانی ئەلیم ئەگەر بریارە بۆ نیوەڕۆ لێرە بیت، هەردووکمان بمێنینەوە باشترە ها.

مانی- یانی دەتوانین لە کاتی مەترسیدا بەرگری لە یەک بکەین؟

- بەرگری چییە؟ هەر ئەوەی کە لای یەکین و دڵی یەک دەدەینەوە.

مانی- خەریکم کەم کەم ئەترسم، یانی ئەگرێت ئەشکەنجەو شت لە ئارادا بێت؟

- ئاه... هیواش

مانی- بابە دەنگم ئیتر ئەلێیت لە بنی بیرەوە دێت.

- ئێ!

مانی- ئەلیم وەرە هەر لێرەوە بە دزییەوە بۆی دەرچین، ئیتر ناچین بەدوای ترمەشدا بکە بە گۆڕی باوکییەوە.

- بۆچی؟

مانی- دەی بەو شیوەی کە تۆ ئەلییت وا دیارە کارەکە کیشەی تیئەکەویت.

- ێ کاریک؟

مانی- چی؟

- ئەلیم ێ کاریک؟

- مانی: بەرزتر بیلی، دەنگت هەر نایە.

توزیک بەرزتر وتم:

- ئەلیم ێ کاریک؟

- مانی هەر ئەوەی کە هاتین بۆ ئەم ماڵە ئیتر.

- مەگەر چی بووە؟

مانی- من نازانم، تۆ ئەلییت با نیوەڕۆ لێرە نەمێنینەوە.

- من کەی وتوومە نیوەڕۆ نەمێنینەوە؟

مانی- مەگەر تۆ نەتوت ئێرە ترسناکە؟

- نەموت ترسناکە، وتم بە تەنهایی بمێنیتەوە جوان نییە.

مانی- دەی من ئەبێت چیبکەم؟ کە قسەم کردو وتم نیوەڕۆ دەمێنمەوە خۆ ناکرێت ئیستا بچم و بڵێم نامێنمەوە، ێ هەڵەیەکم کرد! لال بێت ئەم زمانەم، خوا ئەم ڕۆکسانا داماو و زەلیل بکات کە هات بە دواماندا.

- ئاه... چیتە بەسەر ڕۆکساناوە؟

مانی- ئەڵێم، بچین و سور بە پوری بڵێین نامانەوێت نیوەڕۆ بمێنینەوە؟

- یانی چی؟ شتی وا چۆن ئەبێت؟

مانی- یانی چی ناوێت، ئی من ئەترسم، ئەگەر شتێکیان کردە ناو خواردنەکەمانەوە چی؟

- بۆچی ئەبێت شتێک بکەنە ناو خواردنەکەمانەوە؟

مانی- هێواش ....

بە ئارامی وتم:

- بۆچی ئەبێت شتێک بکەنە ناو خواردنەکەمانەوە؟

مانی- مەگەر نەیانکردە ناو قاوەکەی تۆوە؟

- نە.

مانی- ئەی بۆچی نەتخواردەوە؟

- خواردمەوە.

مانی- پێی نیگەچووبێت؟

- نە، زۆر خۆشبوو.

مانی- ڕۆکسانا بە زۆر دەرخواردی دایت؟

- نە.

مانی- بە نازو عیشوە کەری کردیت و خواردتەوە؟

- نە بابە.

مانی- ئەی چۆن زۆری لێکردیت بیخۆیتەوە؟

- زۆری لێنەکردم، تکای کرد، منیش خواردمەوە.

مانی- ئێ دەی ئێستا لە چی ئەترسیت؟

- ناترسم.

مانی- ئەی بۆچی ئەلێیت لێرە بە تەنها نەمێنمەوە؟

- لەبەرئەوەی منیش حەزئەکەم لێرە بمێنمەوە.

مانی- دەستت خۆشبێت کە من بە تەنها جێناهێلیت، بەلام باشترە هەردووکمان بە دزییەوە هەلبێین.

- بۆچی؟

مانی- ئێ بڕۆین تا شتێکمان بەسەر نەیەت ئیتر.

- مەگەر بڕیارە چیمان بەسەر بێت؟

مانی- هێواشتر قسە بکە.

- ئەلێم بڕیارە چی ڕووبدات؟

مانی- من نازانم، تۆ بە منت وت.

- داویەتی لە کەللەت؟

مانی- بانی چی؟

- من مەبەستم ئەوەیە کە ئێستا بڕیارە نیوەڕۆ لێرە بمێنیتەوە، هەردووکمان بمێنینەوە باشترە.

مانی- تا ئاگامان لە یەکتر بێت؟

- ئاگاداری یەکتر بۆچی؟

مانی- چوزانم، تۆ وات وت.

- بابە تۆ بۆ وات لیهاتووە؟ پیشتر من یەک وشەم بوتایە تۆ کوتاییەکەی هەموو شتیک تیئەگەشتیت.

مانی- بە دلنیاییەوە شتیکیان کردووەتە ناو قاوەکەی منیشەوە کە وا وەکو مەنگولەکانم لیهاتووە.

- ئەم قسانە چییە ئەیانکەیت؟

مانی- بابە ئەمانە تۆ پیت وتم.

- من کەی شتی وام بە تۆ وتووە؟

مانی- هەر لە سەرەتاوە کە منت هینایە دەرەوە.

- هینامیتە دەرەوە تا پیت بلیم منیش حەز ئەکەم لیرە بمینمەوە.

مانی- بۆچی؟

- دەی منیش هینم لی بەسەرهاتووە.

مانی- حالت تیکچووە؟

- ئاه... بۆچی هەلیت و پەلیت ئەلییت؟

مانی- دەی ئاخر چیت بەسەرهاتووە؟

- هیچم بەسەر نەهاتووە، ئەلیم منیش ڕۆکسانام چووە بە دلدا، حەز ئەکەم زیاتر لای بم.

تۆزیک سەیری کردم و دواتر دووبارە بە ئارامی وتی:

- یانی عاشقی بوویت؟

- عاشق کە نە، بەلام چووە بە دلما.

ئەمەم وت و پیکەنیم، مانیش پیکەنی و دواتر بە هیواشی و ئارامییەوە وتی:

- یانی دوو کاتژمیرە منت هیناوەتە بەردەم ئاودەست کە بلییت ڕۆکسانات چووە بە دلدا؟

دواتر دووبارە پیکەنی، منیش بە پیکەنینەوە وتم:

- ئەری ئیتر.

دووبارە بە هیواشی وجدییەوە وتی:

- ئەی ئەو قسانەی کە دەتکرد چی؟ ئەوەی کە قاوەت خواردەوەو لیرە مانەوە ترسناکەو ئەم شتانە؟

- مەبەستم ئەوە بوو کە منیش لەگەل تۆ لیرە بمینمەوە.

دووبارە پێکەنی و بە هێراشی وتی:

- ڕاتە لە ڕاستیدا نەتدەتوانی قسەی دڵت بە جوانی بە زمان دەربڕیت.

پێکەنیم و وتم:

- ئەری ئیتر.

دووبارە بە ئارامی وتی:

- ئەی بۆچی ئەو قسانەت لێرەدا پێ وتم؟ ئێ یەکجاری بتبردمایەتە ناو خودی ئەوالیتەکەو لەویدا پەردەت لەسەر ئەم عەشقە لابدایە.

- دەی ئاخر ئیتر ئەوەیان عەیب بوو.

مانی- یانی ئێمە ئێستا دوو کاتژمێرە لێرەدا، لەبەردەم ئاودەست، خەریکین چپەچپ ئەکەین، عەیب نییە؟

- دەی بۆچی نا، ئێستاش عەیبە، خەتای تۆیە کە هەرچی من ئەڵێم تێناگەیت.

سەیرێکی کردم و وتی:

- یارەبی تێکە تێکە بیت بۆ خۆت و ئەم عەشقە بێ سەروبەرەت، ئابڕووت لەبەردەم ئەمانەدا بردم، ئێستا بگەڕێینەوە ئەوێ چی بڵێین؟ بڵێین دوو کاتژمێرە لەبەردەم تەوالێدا چی ئەچێنین بە گوێی یەکتردا؟

- ڕاستەکەیت ها، هەر ئاگاشم لەوە نەبوو.

مانی- جا تۆ ئاگات لە چی هەیە؟ دەی نەتئەتوانی هەر لە سەرتاوە بە یەک وشە بیڵێیت ئەم کچەت چووە بە دڵدا؟

- چوزانم، شەرمم ئەکرد.

مانی- لە کێ؟ لە منی نێرەکەر کە شەو و ڕۆژ لەگەڵتام شەرم ئەکەیت؟

- ڕاست ئەکەیت، زۆر عەیبە!

مانی- ئێستا ئیتر بە ڕاستی ئەبێت بە دزییەوە لێرە هەڵبێین، یانی دەبێت لە شەرمدا هەڵبێین.

- دەی وەرە تا ئاگایان لێی نییە بۆی دەربچین.

مانی- بۆی دەربچین تا سبەی دوو سبەی بڵێن ئەم دووانە بە یەکەوە چوونە بەردەم تەوالێت و تۆزێک بەیەکەوە دەستبازییان کردو دواتریش لە شەرمدا هەڵهاتن؟

- ئێ دەی چی بکەین؟

مانی- وەرە بڕۆین قوربک بکەین بە سەرماندا.

دەستی گرتم و لەگەل خۆیدا رایکێشام و بردمی بەرەو ژووری میوان و چووینە چووینە ژوورەوە، بینیم پۆری و ڕۆکسانا بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئێمە ئەکەن، هەر کە ڕۆکسانا و پۆری دەستیان کرد بە پێکەنین، منیش پێکەنیم، پۆری وتی:

- چی بووە پۆری گیان؟ شتێک ڕوویداوە؟

مانی- نە پۆری گیان خەریکبووین لەبەردەم ئاودەستەکەدا بە یەکەوە ڕاوێژمان دەکرد کە چ گوێیەک بخۆین، واتە نیوەڕۆ چی بخۆین.

- هامون لە شتێک ناڕەحەت بووە؟

مانی- نە، هەرگیز، ئەزقەزا حەوەکە خۆشحالی خۆشحالە.

لامکردەوەو بە مۆڕەوە سەیریم کرد، ڕۆکسانا بە خۆشحالییەوە هاتە بەردەم من و وتی:

- ئێوەش دەمێننەوە؟

- ڕاستییەکەی حەزدەکەم بمێنمەوە، بەڵام لە ماڵەوە کارم هەیە.

مانی- ئاه... دیسان لە بیرتچوو؟ من ئیتر نایەمە بەردەم ئاودەست.

ڕۆکسانا- توخوا بمێننەوە.

ئەم ڕستەی ئەوەندە لە ناخی دڵ و بە پاکییەوە وت کە بێ ویست چاوم تێبڕی، لەوانەیە نزیکەی پازدە بیست چرکە هەروا سەیریم دەکرد تا مستەکۆلەیەک کێشرا بە کەلەکەمداو هاتمەوە سەرخۆم، لامکردەوە بەلای مانیدا، خێرا وتی:

- خەریکی هەناسە تازە دەکەیتەوە؟

- چی؟

مانی- ئەڵێم خەریکی ماندوێتی دەردەکەیت؟ دەی وەڵام بدەرەوە ئیتر، دەمێنیتەوە یان نە؟

- تۆ خۆ ئەزانیت من ئەمڕۆ لە ماڵەوە کارم هەیە.

مانی- بەڵێ، من بە تەواوی دەزانم، بەڵام ئەم ڕۆکسانا خانی داماوە خۆ نازانێت.

مۆڕەیەکم لێکرد، وتی:

- ئەڵێم چۆنە تەواوی کارە دواکەوتووەکانی ئەمڕۆ بخەیتە سبەی؟

لامکردەوەو دووبارە سەیری ڕۆکسانام کرد، ئەویش خەریکبوو سەیری منی دەکرد، بیرمچوو لەسەر چی قسەمان دەکرد، مانی وتی:

- تەلەفۆن بکەم بۆ ماڵەوەو بڵێم بەرنامەکەی ئەمڕۆت بخەنە سبەی؟

هەروا کە سەیری ڕۆکسانام دەکرد وتم:

- چ بەرنامەیەک؟

مانی- پشکنینی بەرهەمە پیترۆکیمیاوییەکان و بەستنەوەیان بە کۆمپانیا بیانییەکانەوە.

-چی؟

مانی- ئاغای (لورە) مەگەر تۆ ئەمڕۆ لە ماڵەوە دنیایەک ئیش و کارت نەبوو؟

تازە هاتمەوە بە خۆمداو وتم:

- بۆ نا! بۆ نا! دنیایەک کاری خەڵک ڕژاوە بەسەرما!

مانی- ئەڵێم ها، خوا پێی خۆش نییە کاری دواکەوتووی خەڵک وێڵ بکەیت و لێرەدا بوەستیت و چاو ببڕیتە ڕۆکسانا خان.

لەپڕ پۆری و ڕۆکسانا دەستیانکرد بە پێکەنین، ئەوەندە شەرمم کرد! ویستم شتێک بە مانی بڵێم، خۆی زووتر وتی:

- ئەلبەتە کارەکانی خەڵک ئەکرێت سبەینێش ئەنجام بدرێن، ڕۆکسانا خان، ئەم کوڕە، هامون، ئەمڕۆ لێرە دەمێنێتەوە ئێوە باشترە لە بیری نانی نیوەڕۆدا بن.

ڕۆکسانا- نانمان ئامادەیە، تەنها کەمێک شت ماون کە ئەبێت بیانکڕم.

مانی- دەی بڵێن چیتان ئەوێت، ئێمە ئەچین ئەیکڕین.

ڕۆکسانا- نە نە، هەر ئەبێت خۆم بڕۆم.

مانی- ئێستا نانی نیوەڕۆ چییە؟

ڕۆکسانا- دۆلمە، حەزی لێئەکەن؟

مانی- بۆچی حەزی لێئەکەین؟

دواتر لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- ئێوەش حەزی لێئەکەن؟

- خودی دۆلمەیە؟

مانی- نەخێر، لە خزمەکانی دۆلمەیە.

پۆری و ڕۆکسانا دەستیانکرد بە پێکەنین، وتم:

- مەبەستم شتێکی تر بوو.

مانی- خودی دۆلمەیە یانی چی؟ دۆلمە دۆلمەیە نیتر.

- مەبەستم ئەوە بوو چ دۆلمەیەک، بە تۆ چی کە من چی ئەڵێم!

مانی- زور باشه، با حەوەکە خوینی خۆی پیس نەکات، ئەمرۆ خودی دولمە کاری مەبووە نەیتوانیوە بیت و بریکارەکەی ناردووە.

ڕۆکسانا کە هەروا پیدەکەنی بە ڕیکەوت بەرەو هۆلەکە وتی:

- من ئیستا ئەگەڕێمەوە، کەرەستەکانی ئامادەیە، ئیو کاتژمێری ئر پێنەگات.

پوری- ڕۆکسانا گیان لەسەر ڕیگەت دەرمانەکانی منیش لە دەرمانخانە بکڕە.

ڕۆکسانا- بەسەرچاو پوری خانم.

ئەمەی وت و لە کاتێکدا کە باڵ پۆشەکەی بەدەستەوە بوو گەڕایەوە ژووری میوان و وتی:

- زوو دەگەڕێمەوە.

دووبارە وەها سەیری کردم کە نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، خۆی پێکەنی و ڕۆشت.

پوری- وەرن خولەکێک دانیشن، تا جگەرەیەک بکێشین دەگەڕێتەوە.

مانی- پوری گیان با ئێمەش یارمەتی بدەین.

پوری- هەموو شتێکی ئامادە کردووە.

مانی- دەی باشە، ئێمەش سفرەکە ڕائەخەین، ئیوەش بڕۆن پشوو بدەن، وەرە هامون وەرە، با لانیکەم هونەری مێز ڕازاندنەوە پیشان بدەین، نەڵێن ئەم ئاغایانە تەنها دەزانن بخۆن و بخەون.

دەستی منی گرت و ڕایکێشام بەرەو چێشتخانەکەو هەروا کە لەگەڵ خۆیدا دەیبردم وتی:

- وەرە با تۆزێک یارمەتی بدەین.

- چ یارمەتییەک؟

مانی- وەرە بزانم چ کارێک ئەتوانین بکەین.

چورینە چێشتخانەو مانی سەیری سەر غازەکەی کردو وتی:

خۆ هیچ ئامادە نییە.

- تۆ لە کوێوە ئەزانیت؟

مانی- دەی بە شێوەیەکی ئاسایی ئەبێت مەنجەڵێک، شتێک لەسەر غازەکە بێت.

- لەوانەیە لە بەفرگرە (سەلاجە)کەدا بێت

چوو بۆ لای بەفرگرەکەو تۆزێک سەیری کردو دواتر قاپێکی لەناو دەرهێناو وتی:

- ئەمەتانی، کەرەستەکانی دولمە.

- ئەیناسیتەوە؟

مانی- ئەری بابە.

- دەی ئێستا ئەبێت چی بکەین؟

مانی- ئێستا پێت ئەڵێم.

دووبارە چوو بۆ لای بەفرگرەکەو چەند باینجان و تەماتەو بیبەریکی دەرهێناو خستیە سەر میزەکە لە تەنیشت کەرەستەکانی تری دۆلمەکەو وتی:

- خۆ هێشتا ئەمانەی ورد نەکردووە.

لە کوێوە ئەزانیت ئەبێت ورد بکرێن؟

مانی- دەی دیارە ئیتر.

- ئاخر لە کوێوە دیارە؟

مانی- دۆلمەیە ئیتر بابە، خۆ تەیارە نییە، چوار شت لەگەل یەک تێکەل ئەکەن و ئەبێتە دۆلمە، تەنها شتێک کە هەیە ئەبێت خوێ و بیبەرەکەی بەپێی یاسا بێت، کەیبانووی باش ئەندازەی خوێ و بیبەر لە دەستیدایە، چەقۆیەکم ئا لەوێدا بدەرێ، بزانم.

- خواردنەکە خراپ ئەکەیت ها.

هەروا کە خەریکبوو دەستی ئەشۆرد، وتی:

- تۆ وا ئەزانیت ئەم خانمانە چی ئەکەن؟ وا ئەزانی هەر بەڕاست بەو شێوەی کە ئەیلێت چێشتلێنان گرانە بۆیان؟ نە کەرە، ئاوا ئەڵێن تا کارەکە گەورە دەربخەن، ئاغایانیش خۆ تاقەتی چێشتلێنانیان نییە، هەروا بابەتەکە قبول ئەکەن، تا ئێستا هەر ئاگات لەوە بووە کە سەیری چێشتخانەکان بکەیت؟ نە، تا ئێستا سەیرتکردووە یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی هەر چێشتخانەیەک ئاوێنەیە، ئەگەر وتت بۆچی؟

دەستی شۆرد و چوو لەسەر کورسییەک لە پشت میزی چێشتخانەکەوە دانیشت و چەقۆیەکی هەڵگرت و وتی:

- لەبەرئەوەی کە خانمی مال باینجان و تەماتەو گۆشت و نیسک و لەتکەنۆک دەخاتە ناو مەنجەڵێک و دەیخاتە سەر بۆ کوڵان، دواتر دەچێتە بەردەم ئاوێنە تا کاتی نیوەڕۆ، کاتی نیوەڕۆ کە دێت خواردنەکە خۆی ئامادەیە، دواتریش دەیکاتە ناو دەوری و بە هەزار دانە منەتەوە دەیخاتە بەردەم ئاغای مالا، ئاغاش خۆ ئاگای لە هیچ نییە داماوە، سەیریکی خواردنەکە دەکات و دەبینێت، ئاه... باینجانە هەیە، تەماتەیە هەیە، گۆشتە هەیە، لەتکەنۆکە هەیە، نیسکە هەیە، سەوزەیە هەیە، ئێ لای خۆی چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئەڵێت

هەر یەکێک لەمانە ئەگەر چارەکێک کاتی بردبێت دەکاتە سێ کاتژمێر، بەدبەختە نازانێت ئەم خانمانە هەموو ئەمانە بە یەکەوە ئەتلەینە ناو مەنجەل و ژێرەکەی کز دەکەن تا وردە وردە دەم بکێشێت.

- چی؟

مانی- وردە وردە دەم بکێشێت.

- برۆ وێبە!

مانی- بە گیانی تۆ ڕاست ئەکەم، خۆم هەم لە عەزیز ئەمەم بیستووە هەم لە زەری خانم، ئێستا بڵێ بۆچی ژێرەکەی زیاد ناکەن؟ لەبەرئەوەی بە نیوکاتژمێر ئامادە ئەبێت و ئاشکرا دەبێت چێشتلێنان ئەوەندەی پێناچێت، ئەمە ڕازێکە لە نێوان خانماندا کە هیچ کامیان ئایدرکێنن، ئەلبەتە لای ئاغایان ئایدرکێنن، تۆ هەر وەرە دانیشەو خۆت سەیرکە.

باینجانێکی قەلەوی هەلگرت و دەستیکرد بە وردکردنی لەناو دۆلمەکەدا.

- مانی خراپی ئەکەیت ها!

مانی- ئاخر خۆ شتێکی وا نییە تا خراپ ببێت، خۆیشت بتەوێت خراپ ئابێت، وەکو شەقامێک وایە کە هەرچی لێبکەیت لە کۆتاییدا هەر دەگات بە شوێنێک.

- ئاخر لە کوێوە ئەزانێت کە ئەبێت ئەمانە ورد بکەیتە ناو دۆلمە؟

مانی- دەی خۆت سەیرکە ئێتر، ئەم باینجانانە ببینە، تۆوەکەیان دەرهێناوە، سەیری ئەم بیبەرە بکە، تۆوەکەی دەرهاتووە، ئەم تەماتە ببینە، ئەمانەش تۆوەکەیان دەرهێنراوە، لە بنەڕەتدا کاری چێشتلێنان دژی هەموو تۆوێکە، واتە لە هەر شوێنێکدا تۆوت بینی ئەبێت دەریبهێنیت و فڕێی بدەیت تا خواردنەکە خراپ نەکات، هەموو ئەمانە وردە دەکەین، بەڵام گەورە نە، یەکێک لە جوانکارییەکانی چێشتلێنان ئەوەیە کە ئەبێت هەموو شتێک ورد بجنیت تا لەژێر ددان دیار نەبێت، کە ورد جنیتن، هەموویان بەیەکەوە تێکەل ئەکەیت و بە تەواوی ئەیشێوێنیت تا لێک بثاڵێن، ئەم لێکئالانەش جوانکارییەکی ترە، کاتێک هەموو شتەکان بە باشی لەگەل یەک تێکەل بن، کاتی لێنان ئاوەکەی ناچێتە لایەک و دانەکەی بۆ لایەکی تر، ئەمانە فێربە تا سبەی دوو سبەی کە ژنت هێنا لە پەسا چێشتلێنانەکەی نەکێشێت بە سەرتا، پیاو ئەبێت لە هەر شتێک کەمێک شارەزایی هەبێت

- ئێ دوای ئەوە؟

مانی- خۆی و بیبەر، ئەوەی کە تام ئەدات بە خواردن،خۆی بیبەرە، ئەم دووانە ئەگەر برەکەیان شارەزا بێت ئێتر تەواوە، واتە ئەتوانێت بڵێیت شێفێکی تەواویت، سەیرکە،

CamScanner

هەموویان ورد ورد ئەکەم، ئەلبەتە ئەم بیبەرە سەوزە بلییت و ئەلییت تۆزێک زۆرە، وات بە شێوەیەکی ئاسایی چوار دانە بیبەری سەوزی گەورە ناکەنە ناو دولمەوە، ئەلبەت چیشتلینەرەکان جیاوازن، سەلیقەیە ئیتر، یەکێک بیبەری زۆر تینەکات یەکێک ئەمانە، سەیرکە خەریکم هەموویان ورد ورد ئەجنم، خواردن ئەبێت لەژێر دداندا دیار نەبێت، فێربە.

- ئاخر خۆ نابێت ئەوەندەش وردی بکەیت.

مانی- ئەویش سەلیقەیە، بەلام لە بنەڕەتدا ئەبێت ورد ورد بکرێت.

- دواتر ئەبێت چی بکرێت؟

مانی- دوای ئەو تیکئالانەی کە پێموتی ئەبێت هەموویان بکەیتە ناو تاوەیەک یان مەنجەلێک و هەلیانکزێنیت.

- دلنیایت یان لە خۆتەوە ئەیلێیت؟

مانی- ئەری بە گیانی تۆ، خۆت تا ئێستا لە عەزیزت نەبیستووە؟ کە بەیانی زەری خانم دێت بۆ لای و پێی ئەلێت (خانم فلان خواردن چی لێبکەم) ئەویش ئەلێت بۆ نمونە (نیسک و لۆبیاو فلان و فلان بخە ناو تاوەو هەلیانکزێنە)، لە بنەڕەتدا ئەم زاراوەی (هەلیکزێنە) بەشێک لە یەکەمین فرت و فێلەکانی چێشتلێنانە، خۆ ئەزانی چییە؟

- نە.

مانی- ئەی تۆ چی ئەزانیت؟ بەخوا سبەی دوو سبەی ژنەکەت بێچارەت دەکا ها! تۆزێک راوەستەو ئەم شتانە فێربە.

- من ناقەتی ئەم شتانەم نییە.

مانی- نابەوێت بە تەواوی شارەزا بیت، هەر ئەوەندە سەری لێدەربکەیت کە زلی نەکەن لات و کلاو نەکەنە سەرت، بەسە، سەیرکە، ئەمانە ئێستا ئامادەن، بەس تێکەل کردنەکەی ماوە، ئەبێت بە باشی تێکەل بکرێن.

دەستیکرد بە تێکەلکردنی هەموویان بە دەست و تۆزێک دواتر وتی:

- ئەمە ئیتر ئامادەیە، تەنها چیم پێوتیت؟

- خوێ و بیبەر.

مانی- ئافەرین، فێربوویت، خواردن ئەگەر زەهری ماریش بێت کە خوێ و بیبەری بە ئەندازە بوو ئیتر پەنجەشی پێوە ئەقرتێنن، کۆل لەو خوێ و بیبەرە مەدە.

هەستاو تۆزێک خوێ و بیبەری کردە ناو دولمەکەو دووبارە تێکی ئالاندو وتی:

- ئەواوی ئەو کارانەی کە کردم لەلایەک، ئەم خوی و بیبەرە لەلایەک.

- ئیستا ئەو هەلکزاندنەی کە وتت چییە؟

مانی- ئەها، ئەوە بۆ ئەو کاتە ئەبیت کە بۆ نمونە خانمی مال درەنگ لە خەو هەلدەستیت یاخود بە هەر هۆکاریک بیت ئەبیت خواردنەکە زوو ئامادە بکات، ئەلبەتە نابیت مرۆڤ ئەوەندە بە گومان بیت کە هەمیشە بلیت خانمی مال درەنگ لەخەو هەستاوە، ئەو خوینم بدەری وا دیارە خویی کەمە.

- سوپر دەرنەچیت.

مانی- نە بابە بە ئەندازەیە.

- ئی؟

مانی- ئەری، نابیت وەها بیرکردنەوەیەکت دەربارەی خانمی مال هەبیت، ئەلبەتە جار جار وایە، بەلام نەک هەمیشە، هەندیک جاریش ڕوو ئەدات کە بۆ نموونە ئاغای مال بریارە زووتر لە دەوام بگەڕیتەوە، ئەو کاتەیە کە لەبری ئەو (دەمکیشان)ەی کە پیم وتیت، ئەبیت خواردنەکە هەلبکزینریت، واتە لە ڕاستیدا کرداری لیتان بە هەلکزاندن خیراتر دەبیت و نزیکەی یەک لەسەر چواری کاتی بنەڕەتی دەبات. ئیستا مەنجەلەکانیان لە کوییایە؟

- بە دڵنیاییەوە لەو کەوانتەرەدایە.

مانی- بگەڕێ و بیدۆزەرەوە و بمدەری.

- ئەبارەی مەنجەلەکە گرنگ نییە؟

مانی- سەلیقەیە ئیتر، واتە ئەزانی مەنجەلی گەورە زیاتر دەرئەکەوێت و لەبەرچاوە، شان و شەوکەتیشی زیاترە، یانی بۆ نموونە لە پڕ ئاغای مال دێتە چێشتخانەکەوە، مەنجەلێکی گەورە ئەبینیت بەسەر غازەوە جیاوازە لەوەی کە مەنجەلێکی بچوک ببینیت، بەخوا ئەمانەی کە من خەریکم پێت ئەلێم کەس پێت نالێت ها!

- دەستت خۆش بێت.

مانی- قوربانت، دۆزیتەوە؟

لە یەکێک لە تاکەکاندا مەنجەلێکی تەواو گەورەم دەرهێناو پێمدا، وتی:

- ئەها، ئەم مەنجەلە بەشکوترین مەنجەلە کە تا ئیستا ببینیومە، ئاغای مال ئەمە بەسەر غازەوە ببینیت ئیتر جوکەی لێوە نایەت، بمدەری.

کەوستەکانی دولمەکەی تێکردو چوو بەرەو غازەکەو وتی:

- ئیستا لینان، بیرت نەچێت کاتێک کار بە غاز دەکەیت سەرەتا شقارتەکە دابگیرسێنە دواتر غازەکە بکەرەوە، ئیستا هەر خۆمانین چێشتلینان ئەوەندەش فشە نییە، هەندێک وردەکاریشی هەیە، یەکێکیان ئەم غازەیە، ئەگەر سەرەتا غازەکە بکەیتەوەو دواتر بەدوای شقارتەدا بگەڕێیت سبەینێکەی لە دادگایت بۆ جیابوونەوە.

غازەکەی داگیرساندو مەنجەلەکەی خستە سەری و وتی:

- غازەکەیان بچوکە، یانی بۆ ئەم مەنجەلە بچووکە.

- یانی چارەسەری نییە؟

مانی- بۆچی نا بابە، ئەویش ڕێگەی هەیە، ئەبێت بیخەمە سەر دوو چاو.

- تۆ ئەمانە لە کوێوە فێربوویت؟

مانی- کارێکی وا نییە خۆ، هەر جارێک بۆ نموونە ئەچیتە چێشتخانە، سەیرێک بکە، دە جار بیست جار کە سەیرتکرد فێردەبیت، بەس ئەبێت گوێشت هەڵبخەیت تا ئەو قسانەی کە هەندێکجار لەنێوان خانمی مال لەگەڵ بۆ نموونە کچەکەی، خوشکەکەی، یان دایکی، ئالوگۆڕ دەکرێت، بسپێرێت بە مێشکی.

- ڕۆن و ئەم شتانەی ناوێت؟

مانی- نە، ڕۆن بۆ مەنجەڵی ئاساییە کە خواردنەکەی پێوە ئەلکێت، قاپ ئەگەر تیڤال بێت ڕۆنی ناوێت، تازە ئاویشی ناوێت.

- ئەم مەنجەلە تیڤالە؟

مانی- ئەری ئیتر، وەرە سەیریکە، بیناسە، ناوەکەی ئاوا بێت پێی ئەڵێن تیڤالا.

- ئیستا چی؟

مانی- ئیستا ئیتر وازی لێئەهێنیت خۆی پێئەگات، ئیتر بە خەیاڵی ئاسوودە بچۆ بەردەم ئاوێنە، بە خۆت ڕابگە، خۆت جوان بکە، دەستێک بیهێنە بە قژتا، ئەمە خەریکە کاری خۆی دەکات، نیوکاتژمێری تر ئامادەیە، سەیرکە بزانە لەناو بەفرگرەکە هێج جێنەماوە بیکەینە ناوی.

- مەگەر شتی تریش ماوە تێی بکەین؟

مانی- سەلیقەیە ئیتر، هەندێک کەس سەوزەشی تێئەکەن، هی وا هەیە گوێزیشی تێئەکات، سەلیقەیە ئیتر

- ئەی خواردنەکانی تر چی؟

هەروا کە خەریکبوو دەستی دەشۆرد وتی:

- وەکو چی؟

- پاقلە پلاو.

مانی- ئیستا توش پیویست ناکات خواردنە قورسەکان فیربیت، هەر ئەم ئاسانانە بزانیت بەسە.

- دەی مرۆڤ کە هاوسەرگیری کرد، پاقلە پلاویش دەخوات ئیتر.

مانی- ئی ئەلبەتە، ئەویش جۆریک خواردنی ئیرانییە، دوو جگەرە داگیرسینە، تا باسی ئەویشت بۆ بکەم

دوو جگەرەم داگیرساندو یەکیانم پیداو هەردووکمان لە پشت میزی چیشتخانەکەوە دانیشتین، وتی:

- سەیرکە، هەندیک لە خواردنەکان لە یەکتر جیابوونەتەوە.

- یانی چی؟

مانی- بۆ نموونە هەر ئەم پاقلە پلاوە، ئەم پاقلە پلاوە لە خیزانی کفتەو شۆربایە، بەلام رەچەلەکیان هەمان پاقلە پلاوە، سەیرکە، برنج و پاقلەو شویت تیکەل ئەکەت و ئەیخەیتە سەر، کاتی نیوەڕۆ سەری مەنجەلەکە لا ئەدەیت، ئەگەر بینیت بە تەواوی دروست بووە ئەوە پاقلەپلاوە، ئەگەر بینیت ڕەق و هەڵتوقیوە وەک توپی تینس، توش دەستکارییەکی ئەکەیت و ئەیبیتە کفتە، ئەگەریش بینیت شل و شیواوە، پەرداخیک ئاوی تیدەکەیت و ئەیبیتە شۆربا، ئەلبەتە ئەمانە هی سەرەتای هاوسەرگیرین کە بوکی خانم فیشتا شارەزای یاساکان نەبووە، دواتر ئیتر فیری ئەندازەی شتەکان ئەبیت، بابەتی گرنگ لە چیشتلیناندا ئەوەیە کە هیچ کاتیک وزە بەرنەدەیت و نەبینییەکانت ئاشکرا نەکەیت.

- یانی چۆن؟

مانی- بۆ نموونە ئەگەر شل و شیواو دەرچوو و لەبری پاقلەپلاو بوو بە شۆربا، نیوەڕۆ ئاغای مال بە نییەتی پاقلەپلاو هاتە سەرمێز چی پێ ئەڵیت؟ بۆ نموونە ئەڵیت بەهرام گیان ئەمڕۆ ئەوەندە حەزم لە شۆربا بوو کە نەمتوانی خۆم بگرم و شۆربام دروستکرد، ئەو کاتە ئیتر هەستی چەشتنی ئاغای مال ئامادە دەبێت بۆ شۆربا، ئیتر بیانووش ناگرێت، بۆچی؟ چونکە سەردەمی زگوردی ئەوەندەی لەفەو پیتزا خواردووە کە شۆربا وەکو خەون وایە لای، یان ئەگەر ڕەق و توندو وەک توپ دەرچوو، دیسان خۆت نادۆزینیت و وەها دەست پێشنەخەیت کە ئاغای مال خۆی بە بەرپرسیارو تاوانباریش

دەزانیت.

- چۆن؟

مانی- هیچ، هەرکە گەیشتەوە ماڵەوەو لەسەر مێزەکە دانیشت، بە توندی و تانەو توانجەوە پێی ئەڵێیت (بەهرام ئێمە نابێت بەهۆی تۆوە کفتە بخۆین؟) ئەویش خۆی کردەکاتەوەو ئەڵێت (من کەی وتومە کفتە ناخۆم؟) خانمی ماڵیش خێرا ئەڵێت (سەرەتای دەستگیرانیمان ئیتر، مەگەر نەتوت حەزت لە کفتە نییە؟) ئاغای ماڵیش ئەزانێت لە کاتی دەستگیرانیدا چی درۆی زل و فشە فشی کردووە لای خانمدا. ئیتر جوکەی لێوە نایەت و خێرا ئەڵێت (ئەری، ئەری، ئەڵبەتە هەم حەزی من گۆراوەو هەم دەستاوی تۆ ئەوەندە خۆشە کە کفتەکانت وەکو ئێستەیک دەردەچن).

- بابە یەکجار واش نییە.

مانی- بۆچی نا، بە گیانی تۆ چۆنت پێ ئەڵێم ئاوایە، با ژن بهێنیت ئەو کاتە خۆت تێئەگەیت، هەمووی بابەتی بە گوێدا خوێندنە، بە بەگوێدا خوێندن ئەتوانیت هەموو شتێک لە مێشکی لایەنی بەرامبەرتا جێگیر بکەیت.

- ئێستا باسی چێشتلێنانەکە بکە.

مانی- ئیتر ئەتەوێت چی بزانیت؟

- شلەو ئەو شتانەی تر.

مانی- ئەوانە خۆ لە هەمووی ئاسانترن، سەیرکە تەواوی شلەکان گۆشتیان تیایە، جا ئیتر ئەگەر مەعدەنوسی زیادە هەبوو ئەیکەیتە ناوی و ئەبێتە قورمەسەبزی، ئەگەر شتێکی تری زیادەش هەبوو ئەیکەیتە ناوی و ئەبێتە شلەی کەرەوز، چوار دانە هەڵوژە لە ماڵەوە هەیە ئەیکەیتە ناوی و ئەبێتە هەڵوژە بە سپێناخ، هەموویان لە یەک بابەتن.

- خۆزگەم پێت، من هەرگیز ناتوانم فێری ئەم شتانە بم.

مانی- فێر ئەبیت، ئەم هەموو دەرس و هاوکێشەو هەزار دانە شتی قورس فێربوویت و زانکۆت تەواو کرد، ئەمانە هەر هیچ نین، تەنها وەک ئەوەی کە پێم وتی خۆی و بیبەرت بیرنەچێت.

- نە، ئەوە ئیتر لە مێشکمدا جێگیر بووە.

مانی- شتێکی تریش هەیە.

- چی؟

مانی- نوێکاری، واتە هەر خواردنێکت دروستکرد ئەتوانی شتی تری زیادەشی

نیمکەیت، چوار دانە هەلوژەی ترش، لەتیک گیزەر، گیانم بوت بلیت پارچەیەک کالباس، دوو دانە باسترمە، لەتیک قوخ، ئەمانە پییان ئەوترێت نوێکاری، هەر کامیانت کردە ناو خواردنەکە ناویکی نوێی لێئەنێیت، رولێتی باسترمە، شلپاوی مێوە، کیوسیکی کالباس.

- تو ئەمانە لە کوێرە فێربووێت؟

مانی- شتێکی وا نییە، تەنها ناوەکانیان گەورەیە، هەر ئەو خواردنانەی خومانن، وردە وردە هەموویانت فێرئەکەم، جاری هەستە بزانە ناو بەفرگرەکە چی زیادەی تیایە بمدەری بیکەمە ناو دولمەکە.

هەستام و چووم بۆ لای بەفرگرەکەو بینیم چەند لەت باینجان و ئەمانەو بیبەر لەناو دەورییەکدان، دەرمهینان و پیشانی مانیم دان و وتم:

- ئەمانە چین؟

هاتە پێشەوەو سەیرێکی کردن و وتی:

- ئەها، شتێکی وا نییە، فرێیان بدە.

- وا دیارە بۆ شتێک دانراون، وابزانم سەری ئەم باینجان و تەماتەو بیبەرانەن.

مانی- سەیرکە، هەندێک شتی وەک باینجان و تەماتەو بیبەر بە دڵنیاییەوە ئەبێت سەردەکەیان کە قنچکی پێوەیە لێیکەیتەوەو فرێی بدەیت، ئەمانە لەناو خواردندا ناکوڵێن و خواردنەکەش خراپ ئەکەن، فرێیان بدە.

- مانی دڵنیایت کە وایە؟

مانی- دڵنیام، فرێیان بدە.

- بەڵام ئەمانە زۆر جوان بڕدراون، مرۆڤ کاتێک ئەیەوێت قنچکی باینجان لێیکاتەوە، ئەوەندە لێی وردنابێتەوە، ئینجا نایشیخاتە ناو بەفرگر.

سەیرێکی تری کردو وتی:

- هەرچەندە دڵنیام، بەڵام پرسیارکردنێک زەرەری نییە، با بۆ ئەرخەیان بوونیش بروە لە پوری بپرسم، بەڵام ئەزانم ئەبێت فرێیان بدەیت.

ئەمەی وت و چوو بۆ لای پوری و دوو خولەک دواتر گەڕایەوە وتی:

- سەیرکە هامون گیان، تەواوی ئەوانەی کە پێموتی هەر وایە، بەڵام تەنها هەڵەی نیە کە هەر گرنگیش نییە، ئەوە بوو کە لەبری ئەوەی ئەمانە ورد بکەین و بیکەینە ناو کەرەستەکانی تری دولمەکە، ئەبوایە ئەوانمان بکردایەتە ناو ئەمانە، گرنگیش نییە ها، ڕەچەڵەکیان یەکە، لە بنەڕەتدا هیچ جیاوازییان نییە، واتە سەرەنجام ئەبێت تەواوی ئەمانە

بخوین. جا ئیتر ئەم لەودا بیت یان ئەو لەمدا.

- ئەی ئەمانە چین؟

مانی- کاتێک کەرەستەکانی دۆلمەکەمان بکردایەتە ناو باینجان و تەماتە و بیبەرەکان. ئەمانەشمان ئەنا بەسەریاندا ئیتر.

هەروا کە دەورییەکەم بە دەستەوە بوو سەیریم دەکرد، وتی:

- تیکەشتی؟

- نە.

مانی- مەبەستم ئەوەیە کە بیچارەبووین هامون، ئیستا لەبەردەم ئەمانەدا ئابڕوومان ئەچیت.

- بۆچی؟

مانی- کەرە ئەم دۆلمەیە ئەو دۆلمەیە نییە خۆ، ئەمە دۆلمەی باینجان و تەماتەو بیبەرە.

- ئەوکات کە منیش لە ڕۆکسانا پرسیار ئەکەم تۆ پێم ڕائەبوێریت.

مانی- من لە کوێ ئەمزانی، وامزانی دۆلمەی گەلامێوە، پێم وابوو ڕۆکسانا چووە گەلامێو بکڕێت. ئیستاش شتێکی وا نەبووە، ئەوانەی کە پێموتی بیرتنەچێ، هیچ کات ورە بەرمەدەو هەمیشە دەستی خۆت پێش بخە.

- چۆن ئیتر؟

مانی- تا من ئەڕۆم و دێمەوە تۆ ئەمانە بخە ناو زەرفێکی زبلەوەو بیانخە بەردەم دەرگا، بە ڕۆکساناش بڵێ من و مانی هەموو کەرەستەکانی دۆلمەکەمان کردە ناو تەماتەو باینجان و بیبەرەکان، بەڵام هەر کە کارەکەمان تەواو بوو، سینییەکە هەڵگرایەوەو هەمووی ڕژایە سەر زەوی، ئیمەش فڕێماندان، من ڕۆشتم.

- بۆ کوێ؟

مانی- چەلەو کەباب ئەکرم و ئەیهێنم، ئاسانترین چێشتلێنان هەر ئەمەیە، چەلەو کەباب، پیتزا، لەفە، سەریان گەرم بکە تا دێمەوە.

- سەیرکە، ئەو دوو هاوڕێی ڕۆکساناش دێنەوە.

مانی- باشە، باشە، تۆ شوێنەواری تاوانەکە لەناوببە.

ئەمەی وت و ڕایکرد بەرەو دەرگای ڕاڕەوەکە، منیش لە چەکمەجەکان زەرفێکی زبلم دەرهێناو وبستم کە کەرەستەی دۆلمەکەی تێبکەم بینیم هەمووی لکا بە بنی

مەنجەلەکەوە، هەرچیمکرد بنی مەنجەلەکە پاک نەبووەوە. ناچار بووم مەنجەلەکەش هەلبگرم و بیخەمە بەردەرگا، جا ئیتر چۆن بردم تا پوری تینەگات. خوا ئەزانیت، دە خولەک دوای ئەوەی کارەکەم تەواو بوو، روکساناو مریەم و ساراش گەرانەوە ماڵەوە. دوای سلاو و هەواڵپرسی و ئەم شتانە، روکسانا چوو بۆ لای بەفرگرەکە تا کەرەستەی دولمەکە دەربهێنیت، منیش خێرا بە بیانووی هەوا گۆڕین چوومە حەوشە. لەپەساش سەیری کاتژمێرم دەکردو لە دلی خۆمدا جنێوم بە مانی نەدا، تۆزێک دواتر زەنگی دەرگایان لێدراو لە ژوورەوە کردیانەوەو مانی بە حەوت هەشت چلەرکەبابەوە گەرایەوەو هەر کە منی بینی وتی:

- لە حەوشە چی ئەکەیت؟ شاربەدەریان کردیت؟

- وتبە بەم وانەی چێشتلێنانەتەوە! تەواوی کەرەستەی دۆلمەکە نووسابوو بە بنی مەنجەلەکەوە.

مانی- ئی چیت لێکردن؟

- چیم لێکردن؟ بە مەنجەلەکەوە خستمنە بەردەرگا.

مانی- مەنجەلت بەو بەشکوییە خستە بەردەرگا؟

- ئاخر هەرچیم کرد بنەکەی لێنەبووەوە.

مانی- ئیستا خستوونە کوێ؟

- ئەو سوچە تا دیار نەبێت.

مانی زوو رۆشت و مەنجەلەکەی هەلگرت و خستییە سوچێکی حەوشەکەو هەردووکمان چووینە ژوورەوە، هەر کە گەیشت دەستیکرد بە سلاوو هەواڵپرسی لەگەل مریەم و سارا، پوری بە سەرسامییەوە وتی:

- ئەمانە چین پوری؟

مانی- پوری گیان ئەوەندە دلمان سوتا!

پوری- دلی دوژمنت بسوتێت پوری، مەگەر چی بووە؟

مانی- تەواوی کەرەستەی دۆلمەکەمان خستە ناو تەماتەو باینجان و بیبەرەکان و ویستمان بیخەینە ناو بەفرگرە، بەلام کە قاچمان گیرا لەو کورسییە دوابڕاوەو هەمووی پەرش و بلاوبووەوە بە زەویدا، ناچار چووم لە دەرەوە خواردنم هێنا.

پوری- فیدای سەرتان، بۆچی چوویت خواردنت کڕی؟ هەر لێرە شتێکمان دروست دەکرد، دەی بهاتیتایە بە منت بوتایە شتێکم ئەکرد.

مانی- وازی لیبهینن، من هەستیاریم بە باینجان هەیە، وەرن ئیستا چلەو کەبابەکان ئەیبەستن.

ڕۆکسانا خێرا چلەوکەبابەکانی لە مانی وەرگرت و بردی بۆ چێشتخانەو من و مانیش لەگەل پوری چووینە ژووری میوان و دە خولەک دواتر ڕۆکسانا هات و بانگی کردین، ئیمەش هەستاین و چووینە ژوورێکی تر کە مێزی نانخواردن لەوێ بوو، هەرسێکیان مێزەکەیان زۆر جوان ڕازاندبووەوە، دانیشتین و دەستمانکردن بە خواردن. مریەم وتی:

- لە چێشتخانەکە بۆنی سوتاوی ئەهات.

مانی- ئەری ئەری، لە دەرەوەش ئەهات، وا دیارە خەریکن قیر ئەتوێننەوە.

پوری- دۆلمەکە لە کوێدا ڕژا؟ ئەبێت جوان پاکی بکەینەوە تا مێروولە تێی نەدات.

مانی- خۆمان جوان پاکمان کردەوە.

پوری- بە چی؟

مانی- بە دەست ئیتر، دواتریش کلینسمان تەڕکردو جوان شوێنەکەیمان پاککردەوە.

پوری- خوا مەرگم بدات! یەک ڕۆژ هاتنە ئێرە ئەو هەموو کارەتان کرد!

مانی- فیدای سەرتان، کار بۆ پیاوە ئیتر، بیخۆن ئەیبەستێت.

دووبارە دەستمانکردەوە بە خواردن، بەڵام بینیم ڕۆکسانا هیچ نالێت و نارەحەتە، لەپڕ بیرێک هات بە مێشکمدا، بەڵام هیچم نەوت تا خواردنەکە تەواو بوو، من و مانی و پوری چووینە ژووری میوان و ڕۆکساناو ئەوانیش دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی مێزەکە. دە خولەک، چارەکێک دواتریش مریەم چایی بۆ هێناین و کەمێک دواتر ساراو ڕۆکساناش هاتنە ژووری میوان و دانیشتن، مانی دەستیکرد بە قسەکردن و سەرخستنە سەر هەموان و پورێش بورابووەوە لە پێکەنیندا، بەڵام ئەوان تەنها زەردەخەنەیان دەکرد، تێگەیشتم کە ڕاست بۆی چووم، حەزم دەکرد بە جۆرێک ڕۆکسانا ببەمە دەرەوە و ڕووداوەکەی بۆ باسبکەم، هەر بۆیە پێموت:

- ببورە ڕۆکسانا خانم، دەستشۆری لە کوێیە؟

هەر کە ڕۆکسانا وێستی قسە بکات مانی وتی:

- ئەو شوێنەیە کە ئەمڕۆ لە بەردەمیدا وەستابووین و خەریکبووین بڕیارمان دەدا نیوەڕۆ چی بخۆین

هەمووان دەستیانکرد بە پێکەنین، خێسەیەکم لێکردو لە جێگەکەم هەستام و بە ڕۆکسانام وت:

- ئەگریت پیشانم بدەن؟

مانی زووتر لە ڕۆکسانا هەستاو هەروا کە بەرەو لای من دەهات وتی:

- خولەکێک ئێمە دڵمان خۆش بوو تۆ دیسان کارت گەیشتە تەوالێت؟ وەرە پێت پیشان بدەم بزانم ئەم جۆرەی تەوالێتت بەدڵە یان نە.

خێسەیەکی ترم لێکردو لە ژووری میوان چوومە دەرەوە، ئەویش هەروا کە خەریکبوو قسەی دەکرد، بەدوامدا هات.

مانی- تەوالێتەکە هەمووی فەخفوریيە و تەختەکەشی سیرامیک، لەگەڵ دوو بەلوعەی ئاوی ساردو گەرم هیوادارم بەدڵتان بێت.

هەر کە هاتە دەرەوە باڵیم گرت و ڕامکێشایە ناوەڕاستی هۆڵەکەو پێموت:

- هەر بە خەیاڵی گاڵتە کردن بە!

مانی- یانی چی؟

- تێناگەیت ئەمانە پێیان ناخۆش بوو.

مانی- کێ؟

- ڕۆکساناو ئەوان.

مانی- چییان پێناخۆش بووە؟

- ئەوەی کە چڵەوکەبابمان کڕی.

مانی- یانی ئەیانەوێت پارەکەیمان پێبدەن؟

- تۆ بۆچی ئەمڕۆ وات لێهاتووە؟

مانی- بەگیانی تۆ نازانم باسی چی ئەکەیت.

- بابە ڕۆکسانا لەبەرئەوەی موسڵمان نییە وا ئەزانێت ئێمە نەمانویستووە لەو خواردنە بخۆین کە ئەو دروستی کردووە.

مانی ساتێک بیریکردەوەو دواتر وتی:

- چۆن تۆ بەو هەموو کەرێتییەوە تێگەیشتی و من نە؟

- زەهری مار! ئێستا ئەچم و هەموو ڕووداوەکەیان بۆ ئەگێڕمەوە.

هەردووکمان گەڕاینەوە ژووری میوان و هەر کە دانیشتین من وتم:

- ڕاستی ئەمڕۆ شتێک ڕوویداوە کە ئەبێت بە ئێوە بڵێین.

پۆری- چی بووە ئەزیزم؟

- مانی بیڵێ.

مانی سی جگەرەی دەرهیناو دایگیرساندن و دووانیانی دا بە من و پوری و دواتر وتی:

- شتیکی گرنگ نییە بابە، وتمان نەکا هەلە تیکەیشتن رووبدات، لەبەرئەوەیە دەمانەویت دانی پیانبینین

پوری- دان بە چیدا بنین؟

مانی- ئەو تاوانەی کە کاتژمیریک پیش ئیستا لە چیشتخانەکەدا ئەنجاممانداا.

هەموویان بیدەنگ بوون و سەیری مانییان کرد، مانی وتی:

- من و هاودەستەکەم هامون، تیکەلمان کردن و هەموویانمان ورد ورد کردو دواتر سوتاندنمان، واتە سەرەتا ورد وردمان کردن دواتر تیکەلمان کردن.

هەموویان تەنها سەیریان دەکرد ئەویش پیکەنی و وتی:

- بابە ئەمرۆ کاتیک رۆکسانا خان رۆشت بۆ کرین، من و هامون ویستمان یارمەتی بدەین، چووین بەفرگرەکەمان کردەوەو کەرەستەی دۆلمەکەمان بینی، وامانزانی کارەکانی رۆکسانا خان ماویەتی، ئیمەش زوو باینجان و تەماتەو بیبەرەکانمان ورد ورد کردو کردماننە ناو کەرەستەی دۆلمەکەو لەگەل یەک تیکەلمان کردن و دواتریش بە ئەندازە خوی و بیبەرمان کردە ناو مەنجەلەکەو خستمانە سەر، کە کارەکەمان تەواو بوو بە خۆشحالی و پیکەنینەوە چووین دەربارەی کارەکەمان پرس و جۆمان بە پوری خانم کردو تیکەیشتین کە پەنمانداوە، هەر لەو کاتەدا لەبەرئەوەی کە دۆلمەکە سوتا و نووسا بە بنی مەنجەلەکەوە، بردمان و خستمانە بەردەرگاو منیش چووم لە دەرەوە خواردنم هینا، ئەمە بوو رووداوی دانپیدانانەکەی ئیمە، ئیستاش مەنجەلەکەتان بە بنی سوتاوەوە لە سوچی حەوشەکەدایە برۆن هەلیگرنەوە، ئۆخەی باری گوناهەکەمان سوک بوو!

هەر کە ئەمەی وت لەپر هەموویان دەستیانکرد بە پیکەنین، ئەوەندە پیکەنین کە فرمیسک بە چاویاندا هاتە خوارەوە، تۆزێک دواتر لامکردەوە بەلای رۆکساناو بە ئارامی پیموت:

- بە شتیکی تر تیکەیشتبوون، مەگەر نا؟

بە ئارامی سەری راوەشاندو پیکەنی.

وەرزی چوارەم

کاتژمێر نزیکی یەک و نیوی دوای نیوەشەو بوو کە هەردووکمان بە دزییەوە لە ماڵ هاتینە دەرەوەو سوار ئوتۆمبیلە بووین و کەوتینەڕێ بەرەو ماڵی ترمە، هەروا کە ئەڕۆشتین بە مانیم وت:

- ئاشرین نییە ئێمەش لەگەڵی ئەڕۆین؟

مانی- خۆی ویستوویەتی.

- ئاخر بابەت چییە؟

مانی- بابە ترمە کچێکی جوانە، ڕاستە؟

- ئەری.

مانی- تاڕادەیەک هەر بەو یەک فیلمە ناوبانگیشی دەرکردووە، ڕاستە؟

- دەی کە چی؟

- دەی ناوی ئیتر، ئەوی تری خۆت تێبگەو بەرەو پێش بڕۆ، کچێکی جوان کاتێک دەبێتە ئەکتەرو ناوبانگ دەردەکات یانی چی؟ یانی پارە، کاتێکیش تەنهایە دە چاو بەدواوەیەتی، هەمووشیان ئەزانن کە تا ماوەیەکی تر ئەوەندە بەناوبانگ دەبێت کە سالی لە چوار پێنج فیلمدا بەشداری دەکات، هەر بۆیە لە کەلەیاندا بیری ناجۆر دەکەنەوە، ئێستا ناڵێم هەموویان، بەڵام سەرەنجام لە هەموو شوێنێک ژمارەیەک مرۆڤی خراپ هەن، تێبگەیت خۆ؟

- ئەری.

مانی- هەموو لە بیری ئەوەدان کە کەلکی خراپی لێوەرگرن، ئێستا ئێمە ئەبێت ئاگامان لێی بێت و بۆ هەرکۆی دەڕوات لەگەڵیدا بین، تا هەموان بزانن کە تەنها نییە و نەتوانن کەلکی خراپی لێوەرگرن.

- دەی سەرەنجام چی؟

مانی- هیچ ئیتر، ئەو کاتەی کە ئەوان نائومێد بوون و دەستیان لە بیرکردنەوەی

CamScanner

ئەگونجاو هینا. خومان کەلکی خراپی لیوەرئەگرین.

- زەهری مار! تو ئابیتە مروڤ!

مانی- ئاخر شتەکە زور ئاسانە، ئیتر بۆ تیناگەیت؟

- مەبەستم ئەوەیە کە سەرەنجام چی؟

مانی- لەوانەیە، ئەلیم لەوانەیە، ئەگەر زور پیداگری کرد و زور زور تکای لیکردم هاوسەرگیری لەگەل بکەم

- ئی دواتر ئەهیلیت بەردەوام بیت لەسەر کاری ئەکتەری؟

مانی- ئەرکاتە ئەبیت زیاتر چالاک بیت چونکە ئەبیت منیش بەخێو بکات.

- مردووشور بتبەن مانی!

مانی- بۆچی جنێو ئەدەیت؟

- لەبەرئەوەی کەلکی ئەوەت نییە دوو قسەی جدیت لەگەل بکرێت.

مانی- هێشتا ئەرێسراوە و ئەپێسراوە تۆ زەماوەندەکەت رێکخست! با سەرەتا بزانم کچەکە منی بەدلە دواتر پێی ئەلیم دانیشە لە ماڵەوە، جاری لەبەردەمیدا ئەم قسانە مەکە، من هێشتا خۆشم نازانم چی ئەکەم

- بەهەرحال بیر لە باوکیشت بکەرەوە.

مانی- یانی بیر لە ژن بکەمەوە بۆی؟

- لەبیری دژایەتییەکەیدا بە.

مانی- ڕاست ئەکەیت، ئەمانە ئەلێیت دووژمنایەتییان لەگەل یەک هەیە، جاری خوا گەورەیە، بزانم چی ئەبیت، تۆ چی؟

- من چی چی؟

مانی- چی چی یانی چی؟

- ئاخر وتت تۆ چی منیش وتم من چی چی؟

مانی- بەلی منیش وتم چی چی یانی چی؟

- مەبەستم ئەوەیە کە تۆ چی یانی چی؟

مانی- ئەها! لە ڕاستیدا ئەمە زاراوەیەکی زمانەوانییە، تۆ چی یانی تف لە گۆڕی باوکت، مانای واتایەکی تریشی ئەوەیە کە کەر خۆتی.

- بی ئەربیەت!

مانی- بۆ منیش ئەری؟ من بووم کە نیوەڕۆ وتم ڕۆکسانا خان دەستشۆری لە

کوبدایە؟

- ڕەمویست بەو بیانووە بیبەمە دەرەوەو قسەی لەگەل بکەم.

مانی- لەبەردەم تەوالیتدا؟ چەند شاعیرانە! ئ سروشتیکی ڕەوانت هەیە تۆ! ئەگەر سکیشت هەر ئاوا ڕەوان بێت ئیتر تەواو نایابە!

- وتبە.

مانی- یانی ڕۆکسانات نەچووە بە دڵدا؟

- نە ئەگری بڵێیت چووە بە دڵمدا و نە ئەگری بڵێیت نەچووە بە دڵمدا تێئەگەیت چی ئەڵێم؟

مانی- ئەری بابە، واتە لە ڕاستیدا ئێستا تۆ نیرەموکیت، سێ جۆر مرۆڤ بوونیان هەیە نێرو مێ و نێرەموک، تۆ ئێستا جۆری سێیەمیانیت، جا ئیتر کەی ئەبیت بە نێر، خوا ئەزانێت.

- زەهری مار!

مانی- ئاخر ئەمە ئ جۆرێکی ڕستەیە؟ نە ئەگریت بڵێیت چووە بە دڵمدا نە ئەگریت بڵێیت نەچووە بە دڵمدا!

- ڕستەکەم زۆریش تەواوە.

مانی- سەیرکە ڕستەکەت وەک ئەوە وایە بڵێیت:

- علی چوو بۆ قوتابخانە علی نەچوو بۆ قوتابخانە، ئێستا ڕوونی بکەنەوە چارەنووسی علی بێچارە چییە؟ لەوانەیە علی بە نییەتی چوون بۆ قوتابخانە لە ماڵ هاتبێتە دەرەوە، بەڵام لە نیوەی ڕێگەدا وەستاوە.

- تۆ لەم شتانە تێناگەیت.

مانی- بێزەحمەت ئێوە کە تێئەگەن، بە بەندە بڵێن لە کاتی ئێستادا علی لە کوێیە؟ ئەما وابزانم کە لە ماڵ هاتووەتە دەرەوە تووشی منداڵانی خراپ بووە و ڕۆشتووە بە دوای هەتیوبازیدا، لە ڕووی دەستوری زمانیشەوە بڵێیت ئەم ڕستە هەر هەڵەیە.

- هەڵەیە هەڵەیە! پەیوەندی بە تۆوە چییە کە ڕستە چۆن ئەڵێم؟ ئاگات لە شوفێرییەکەت بێت

مانی- بەسەرچاو! بەسەرچاو! حەوەکە ئارامبە.

- بەردەوام لە کاری ئەم و ئەودا خۆت هەڵئەقورتێنیت.

مانی- بەسەرچاو ئیتر خۆم هەڵناقورتێنم بێ زەحمەت، بەس ئەتوانم تکایەکت لێبکەم؟

- فەرموو!

مانی- بی زەحمەت سەرەتا چارەنووسی علی یەکلایی بکەرەوە کە لە ناوەڕاستی شەقامدا وەستاوە دواتر بڕۆ بەدوای ڕۆکسانای بێچارەدا.

- خوا ئاگاداره هەر لێرەدا دائەبەزم.

مانی- بەسەرچاو، هەلەمگرد، حەوەکە بەخشندە بە! حەوەکە ببورە!

شەقامەکان چۆل بوون و نزیکەی بیست خولەک دواتر لەبەردەم مالی ترمەدا بووین، مانی زەنگی دەرگاکەی لیدا، خولەکێک دواتر هاتە دەرەوە و لەگەل مانی هاتن بەرەو لای ئوتومبیلەکەو سەرکەوتن و لەگەل من سلاو و هەواڵپرسی کردو مانی کەوتەڕێ، توزێک دواتر ترمە وتی:

- ئەزانم بێزارم کردوون، بەڵام خۆم زۆر خۆشحالم کە ئێوەم لەگەڵدان.

مانی- ئەم قسانە چییە؟ بێزارکردن یانی چی؟

ترمە- بۆچی نا، بێزارکردنە دەی، لەم کاتەی شەودا هەمووان خەوتوون ئەوکات ئێوە ئەبێت ئاگاتان لە من بێت.

مانی- ئەڵبەتە ڕاست ئەکەن، ئێمە بە شێوەیەکی ئاسایی کاتژمێر دە، دەو نیوی شەو، دوای خواردنی کوپێک شیر بۆ خەوێکی ئاسودەو ددان شۆردن بۆ پاکوخاوێنی دەم و ددان، بە هەموان ئەڵێین شەوێکی خۆش و ئەچینە ناو جێ و تا بەیانی بە ئاسودەیی دەخەوین، ئێستا کێشە نییە چەند شەو بەرنامەکانمان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام بە مەرجێک تەنها چەند شەو بێت تا زیان بە تەندروستیمان نەگات.

لەپڕ من دەستمکرد بە پێکەنین، لایکردەوە سەیرێکی کردم وتی:

- حەوەکە زەهری مار! حەوەکە پێکەنینی نا کات.

ترمە- بەڕاست کاتژمێر دە دەخەون؟

مانی- ئەڵبەتە، بێجگە لەو شەوانەی کە سەعیمان زۆر هەبێت.

ترمە- لێتان نایەت، هەرکەس ئێوە ببینێت وا ئەزانێت...

مانی- سەری دای لە بەرد وا بیرئەکاتەوە، ئەم بیرکردنەوانە هەر لە بنەڕەتەوە هەڵەن.

من دووبارە پێکەنیم، مانی دیسان سەیرێکی کردم و وتی:

- حەوەکە ئەمشەو زۆر دڵی خۆشە.

ترمە- بە دڵنیاییەوە درۆ ئەکەیت بۆیە کاک هامون پێئەکەنێت.

مانی- کاک هارون هەندیکجار سیمەکانی تیکەلی ئەکات و لەخووە پیئەکەنیت.
ترمە- هارون؟ مەگەر ناویان هامون نییە؟
مانی- بۆ نا، واتە بە هامون دەنوسریت و بە هارون دەخوینریتەوە.
لامکردەوەو خیسەیەکم لیکرد، ترمە وتی:
- کاک هامون بەراست ئیوە شەوانە کاتژمیر دە ئەخەون؟
- ئەو شەوانەی کە ئەمانەویت وەکو ئەمشەو، کاتژمیر دوازدە، یەک، بە دزییەوە لە مال بیینە دەرەوە.
ترمە هەروا سەیری ئەکردم، وتم:
- لەم جۆرە شەوانەدا مانی هەر لە کاتژمیر نۆوە ئەلیت، ئی... بۆچی ئەمشەو من ئەوەندە خەوم دیت؟ دواتریش لە پەسا باوینشک ئەدات و کاتژمیر دە هەردووکمان هەلدەستین و ئەچینە ژوورەکانمان، بە بۆنەی ئیمەوە ئەو شەوە هەمووان زوو ئەخەون، دواتریش مانی دوو پشتی ئەخاتە ژیر بەتانی و فلچەی پاککردنەوەی جلیش ئەخاتە سەر سەرینەکەی تا وا بزانن قژیەتی، دواتریش دیت بەدوای منداو لەویش هەمان کار دەکات و هەردووکمان بە دزییەوە لەمال دیینە دەرەوە، ئەو شەوە ئوتومبیلیش ناهینیتە ماڵەوە، هەردووکمان سەرئەکەوین و ئەڕوین.
ترمە دەستی کرد بە پیکەنین، مانی وتی:
- بەخوا تۆ ئەگەر ژن بهینیت بیچارە ئەبیت، دوایی نەلیت پیی نەوتووم.
ترمە- درۆ ئەکات کاک هامون، پیاو ئەگەر ڕاستگۆ بیت، ژنەکەی هەمیشە عاشقیەتی.
مانی- دەی خراپییەکەی هەر لەوەدایە ئیتر، ژن ئەبیت تەنها سالی یەکەم عاشقی میردەکەی بیت، لە سالی دووەمەوە ئەبیت ڕقی لیی بیت، هەموو شەوێک لە مال بیکاتە دەرەوە تا میردە بتوانیت هەناسەیەک بدات.
ترمە- جا ئەوە ژیانی پێ ئەوترێت؟
مانی- بۆ ژن نازانم، بەلام بۆ پیاو ئەڕێ، بۆ نموونە ئەگەر من لەگەل تۆ هاوسەرگیری بکەم کاریکی وا ئەکەم کە لانیکەم هەفتەی یەک شەو لە مال بمکەیتە دەرەوە تا بتوانم بە کارە دواکەوتووەکانم ڕابگەم.
هەر کە مانی ئەمەی وت، ترمە لە پشتەوە بە جانتاکەی کیشای بەسەریدا، من دەستمکرد بە پیکەنین، مانی نیستوپی کردو لە ئوتومبیلەکە دابەزی و وتی:
- من لەگەل تۆدا نایەم، ژنێک کە دەستی لیدانی هەبیت بە کەلکی ژیان نایەت.

ترمە- چش!

هەر کە ئەمەی وت مانی سەری هینایە ناو ئوتۆمبیلەکەو وتی:

- ترمە، تا ئیستا کەس پێی وتوویت کە شێوەت لە (ئیرنە پاپاس) ئەچێت لە رولی هندی جگەرخوردا؟

ترمە- وەرە سەرکەوە، درەنگ ئەکەوین.

مانی- سەرئەکەوم، بەلام بزانە کە هاوسەرگیری لەگەل تۆدا بە یەکێک لە کارە سەختەکان دادەنرێت و ئەبێت لانیکەم هەفتەی سێ رۆژ پشوو بدەم.

ترمە- ئیستا کێ ویستویەتی لەگەل تۆدا هاوسەرگیری بکات؟ من بەنیازی هاوسەرگیری نیم، جارێ لەگەل کارەکەمدا هاوسەرگیریم کردووە.

مانی- ئێ...! ئیشەلا بەیەکەوە کەلتە کۆن بن، دەی بێزەحمەت تەشریف بهێنە خوارەوەو دەستی ئیشەکەتان بگرن و هەردووکتان بەیەکەوە بڕۆن بەلای کاری تۆمارکردنی فیلمەکەتانەوە.

ترمە- خۆت بێتام مەکە مانی، درەنگ ئەکەوم.

مانی- دەنگ نایەت!

ترمە- تکا ئەکەم سەرکەوە.

مانی- ئەمە یانی ناماقوڵیم کرد؟

ترمە پێکەنی وتی:

- زەهری مار!

مانی- دەنگ نایەت!

ترمە- بابە درەنگ ئەکەوم و دوایی دەرهێنەر دەست ئەکات بە قسە کردن.

مانی- ببورن خانم (ترمە لۆپێز)! دنیا تاریکەو دەم و چاوتان دیار نییە

ترمە- تۆ گیانی من سەرکەوە مانی!

مانی- ئێ، ئەمە قسەیە!

ئەمەی وت و سەرکەوت و کەوتەری، ترمە وتی:

- بێچارە ئەو کچەی کە ئەبێتە ژنی تۆ!

مانی- خوا لە ناخی دڵت ببیستێت.

کە مانی ئەمەی وت ترمە ڕوویکردە ئەولاوەو پێکەنی، وتم:

- ئەمشەو بابەتی تۆمارکردنەکە چییە؟

ترمە- سەرەتا ئەبێت هەمان دیمەنی دوێنێ شەو دووبارە بکەینەوە.

- چیرۆکەکە چییە؟

ترمە- ژنێکە کە لەگەل مێردەکەیدا کێشەی هەیەو ئەیەوێت لێی جیابێتەوە.

مانی- ج ژنێکی ئێگەیشتووە و ج مێردێکی خۆشبەختە! دەستی چەپ و ڕاستی مێردە لە ژێر سەری ئێمە!

ترمە- وێبە! سەرەتا بزانە کەس هەیە هاوسەرگیریت لەگەلدا بکات دواتر بێر لە جیابوونەوە بکەرەوە.

مانی- ئێستا بۆ کوێ بڕۆین؟ هەر ئەو شوێنەی دوێنێ شەو؟

ترمە- ئەرێ، بەڵام مەڕۆرە پێشەوە، ئۆتۆمبێلەکە کەمێک دوورتر پارک بکە

دە خولەک چارەکێک دواتر گەیشتین و مانی ئۆتۆمبێلەکەی کەمێک دوورتر پارک کردو دابەزین، دیسان وەکو دوێنێ شەو خەلکی کۆبووبوونەوە، مانی سەیرێکی خەلکەکەی کردو وتی:

- ئێمە هەر لێرەدا ئەبین، تۆ بڕۆ.

ترمە- بۆچی؟

مانی- بە خەیاڵی ئاسودەوە بڕۆ بەلای کارەکەتەوە.

ترمە- هەرگیز! بە دڵنیاییەوە ئێوە ئەبێت لەگەڵم بن.

دواتر سەیرێکی مانی کرد و پێکەنی و وتی:

- ئێستا ئەگەر کاک هامون بۆیان سەختە قەیناکات، بەڵام تۆ ئەبێت بۆ هەر شوێنێک کە من ڕۆشتم لەگەڵما بێیت.

مانی- تیر و پشکەکە بەناوی منی شێتەوە دەرچووە؟

ترمە دووبارە پێکەنی وتی:

- مەگەر ناتەوێت هاوسەرگیریم لەگەل بکەیت؟

مانی- ئەگەری لەسەدا پێنج زیاتر نییە.

ترمە- کەواتە ئەبێت لەگەڵمدا بێیت.

ئەمەی وت و سەیرێکی تری مانی کرد و بە پێکەنینەوە بەرێکەوت، مانیش بە کۆنترۆل دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی قوفل کرد و وتی:

- ئەی بەسەرچاو!

دواتر دەستی منی گرت و ڕایکێشاو هەرسێکمان ڕۆشتین بەرەو لای خەلکەکە کە

سەبری وینەگرتنی دیمەنەکانی فلیمەکەیان نەکرد، تۆزێک دواتر گەشتین پێیان و بە ئارامی بە میوانیاندا تێپەڕین و چووینە پێشەوە و گەیشتینە هەمان ئەو شوێنەی کە دوێنێ شەو ڕێیان لێگرتبووین، پاسەوانەکە هەر کە چاوی بە ئێمە کەوت پێکەنی و سلاوی و هەواڵپرسی کرد و خێرا بەربەستەکەی لابرد و پێش ئەوەی خەڵکی تێبگەن ترمە هاتووەو داوای وازوی لێیکەن، هەرسێکمان چووینە شوێنی وێنەگرتنی فیلمەکەو و پاسەوانەکە دووبارە بەربەستەکەی دادایەوە، هەر لەم کاتەدا دەرهێنەرەکە هات پێشەوەو بە پەکەوە سلاو و هەواڵپرسیمان کردو بە ترمەی وت بروات زوو ئامادە بێت و دواتریش بە ئەفەریکی وت کە بۆ ئەم دووانەمان دوو کورسی و چایی بهێنێت. من و مانیش سوپاسیمان کردو چووینە سوچێک وەستاین، تۆزێک دواتر دوو کورسی و دوو کوپ چایی و کێکیان بۆ هێناین و دانیشتین و چاوەڕوانی هاتنی ترمەمان کرد، هەر کە ویستمان چاییەکەمان بخوێنەوە، هەمان ئەکتەر کە ڕۆڵی مێردی ترمەی ئەبینی، هاتە پێشەوەو سلاوی کرد، هەردووکمان هەستاینەوە و سلاو و هەواڵپرسیمان لەگەڵی کرد، وتی:

- ببورن، ڕەفتاری دوێنی شەوم زۆر ناشرین بوو.

مانی- ڕێزتان هەیە، ئێوە ئەبێ من ببورن، کارەکەی منیش زۆر ناشرین بوو، بەڵام تەنها بۆ خۆشی بوو.

کورەکە پێکەنی و وتی:

-بەڵام بۆچوونی دەرهێنەر شتێکی ترە!

مانی- بانی چی؟

پاکەتێک جگەرەی لە گێرفانی دەرهێناو خولکی کردین، ئێمەش یەکی دانەیەکمان هەڵگرت و مانی بە چەرخ بۆی داگیرساندین، دوو مژی لێداو وتی:

- بە دڵنیاییەوە ئەزانن کە من تازە ناوبانگم دەرکردووە، گرێبەستەکەم لەم فیلمەدا مەرجدارە، ڕاستییەکەی دەستپێکی ئەم فیلمە زۆر باشە، سیناریۆکەشی زۆر نایابە، وات زۆر گرنگە لام کە لەم فیلمەدا ڕۆڵ ببینم، تێئەگەن خۆ؟

مانی- بە دڵنیاییەوە ڕۆڵی تیا ئەبینن!

- ئاخر ئێستا بابەتی ئێوە هاتووەتە پێش، منیش دوێنێ شەو کەمێک زیادەڕەویم کردو پەلاماری دەرهێنەرمدا، ئەویش لێم زوێر بووە و لەوانەیە کە...

مانی ئەیهێشت قسەکەی ئەواو ببێت و وتی:

- ئەم قسانە بخە لاوە براکەم، بیرت لای کارەکەت بیت

پیکەنی و وتی:

- ئاخر راستییەکەی ئیوە دوینی شەو زور باش رولەکەتان بینی، زوربش قوز و پیکەونوون هەردووکتان.

دووبارە پیکەنی و وتی:

-ڕا دیارە دەرهینەر ئەیەویت پیشنیارتان پی بدات.

مانی- دوینی شەو پیشنیاری دا.

لەپر رەنگی کورەکە بەری و خیرا وتی:

- دوینی شەو؟

مانی- ئەری، منیش رەتمکردەوە، ئیستاخەیالت ئاسودە بیت و برو بە کارەکەت رابگە.

سەیریکی کردین و دواتر دەستی هینایە پیشەوە و تەوقەی لەگەل هەردووکمان کرد و وتی:

- مەمنون.

وبستی شتیکی تر بلیت، بەلام بانگیان کرد و ڕۆشت، کاتیک تەنها ماینەوە وتم:

- تاوانی تۆیە ئیتر، ئەچیتە هەر شوینیک ئەبیت خۆت دەربخەیت، ئاخر چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە کە کابرا ئەزانیت رۆل ببینیت یان نە؟

مانی- تاوانی من چییە؟ کاتیک دنیای هونەر لە دوورەوە توانا لە منداە دەدوزیتەوە، من چیم پی ئەکریت؟

- بەخوا ئەگەر ئەمشەو بتەویت لەبری ئەو کورە رۆل ببینیت ئیتر نە من و نە تۆ، ئیتر ناوی من ئەهینیت، مەگەر نابینی ئەگەری ئەوە هەیە کارەکەی لە دەست بدات؟

مانی- بابە تا ئیستا کەی بینیوتە من ئانی کەسیک ببرم؟

- ئەلیم ئەگەر!

مانی- خەیالت ئاسودە بیت، دانیشە چاییەکەمان بخۆینەوە.

هەردووکمان دووبارە دانیشتینەوە، هەر لەم کاتەدا ترمە لە کابینەیەک هاتە دەرەوە، جلەکانی گۆرییوو و مکیاجیکی زور جوانیشی بو کرا بوو، لە دوورەوە سەیریکی کردو هەر کە ئیمەی بینی هات بەرەو لامان، ئیمەش لە جیگەکەمان هەستاینەوە، هەر کە گەیشت وتی:

- ئاسودەن؟

مانی- ئەری بابە، برۆ بە کارەکەت رابگە.

ترمە- ئەچن بۆ هیچ شوینێک!

مانی- خەیالت ئاسودە بێت، برۆ، زۆریش جوان بوویت!

پێکەنی و وتی:

- سوپاس.

دواتریش رۆیشت بۆ لای شوێنی فیلم تۆمارکردنەکە، من و مانیش دووبارە دانیشتینەوە سەر جێگاکانمان هەر کە ویستمان چاییەکەمان بخۆینەوە، ئەمجارە دەرهێنەر هاتە پێشەوە، دووبارە هەستاینەوە و ماندوونەبوویمان لێکرد، دواتر مانی بردە ئەولاترو کەمێک قسەی لەگەل کرد و دواتر دووبارە گەڕانەوە لای من و دەرهێنەر داوای لێبوردنی کردو ڕۆشت، کاتێک تەنها کەوتین پێم وت:

- ئێشی چی بوو پێت؟

مانی- دووبارە پێشنیاریدا، بە هەردووکمان.

- تۆ چیت وت؟

مانی- ڕازیبووم دەی.

- زەهری مار! بە ڕاستتە؟

مانی- نە بابە، واتە لەسەر حەقدەستەکە کێشەمان هەبوو، من دەموت بیست ملیۆنمان دەوێت، ئەو دەیوت بە هەردووکتان بیست هەزار تمەن زیاتر نادەم.

- ئێ... بێتام مەبە!

مانی- بابە پێشنیاری بۆ کردین، منیش وتم نە، ئێستاش دانیشە با ئەو چاییە دوابڕاوە بکەینە توزەلقورتمان.

دووبارە دانیشتینەوەو هەر کە ویستمان چاییەکەمان بخۆینەوە، هەمان ئەکتەری پیاو هاتە پێشەوەو وتی:

- ببورن دووبارە بێزارتان ئەکەم.

دیسان هەردووکمان لە جێگەکەمان هەستاینەوەو مانی وتی:

- بێزارکردن چییە ئەزیزم؟

کوڕەکە پێکەنینێکی کردو وتی:

- ڕاستییەکەی پرسیارێکم لێتان هەیە، بەڵام شەرم ئەکەم بیپرسم.

مانی- شەرم بۆچی؟ گیانم، بلێ.

هاتە پێشترو بە ئارامی وتی:

- ئێوە دوێنێ شەو کە لە دەرگای مال هاتنە دەرەوە، چۆن ئەوەندە سروشتی خۆتاندا بە زەویدا؟

مانی- دەی ئەوە خۆ کاریکی وا نییە، قاچیکت شل بکرد.

کوڕەکە سەیریکی ئەملاولای کردو دواتریش بە ئارامی وتی:

- ئاخر دروستکراو دەردەکەوێت، تاقیمکردووەتەوە، واتە لە ماڵەوە زۆر تاقیمکردووەتەوە، بەڵام هەرچیم کرد سروشتی دەرنەکەوت.

مانی- وەڵا چی بڵێم؟ من دوێنێ شەو هەر ئەو کارەم کردو بوویش.

کوڕەکە سەیریکی مانی کردو دواتر بە داماوی وتی:

- زۆر مەمنون، لەم دیمەنەدا دیسان هەوڵدەدەمەوە، مەمنون.

زۆر دڵم بۆی سوتا، هەر کە ویستی بڕوات وتم:

- ئاغای..... یەک خولەک بوەستن.

دواتریش بە مانیم وت:

- دەی شتێک بکە ئیتر.

مانی- چی بکەم ئاخر؟

- چووزانم، کاریک بکە ئەوان هەر کە لە مال دەردەچن بکەون بە زەویدا.

مانی- قسەی سەیر ئەکەیت! ئاخر من لەم دوورەوە ئەتوانم چ کاریک بکەم کە ئەوان لەوێ بکەون بە زەویدا؟ مەگەر ئەوەی کە بڕزمە بەردەرگاو هەر کە هاتە دەرەوە پاشقولی لێبدەم.

کوڕەکە پێکەنی و من وتم:

- تۆ ئەگەر بتەوێت ئەتوانیت، یەڵا!

مانی سەیریکی منی کردو دواتر بە کوڕەکەی وت:

- ئەتوانی یەک دوو خولەک، ئەمانە دوابخەیت؟

کوڕەکە پێکەنی وتی:

- ئەری، ئەگەر زۆرتریشت بوێت ئەتوانم.

مانی- نە، هەر ئەو دوو خولەکە بەسە، ئێوە بڕۆنە ماڵەوە، بەڵام ئارام بڕۆن تا دوو خولەک زیاتر درێژە بکێشێت ڕۆشتنەکەتان، بڕۆ.

کە ئەمەی وت، کورەکە ریکەوت بەرەو ماڵەوە و مانیش ڕۆشت بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکەی خۆی و دوو سێ خولەک دواتر بە قوتوویەک ڕۆن ئیستۆپەوە گەڕایەوەو وتی:

- خوا سەرەنجامی ئەمشەو بەخێر بگێڕێت، من ڕۆشتم بەرەو نواندنی تایبەت!

ئەمەی وت و چوو بۆ لای ترمە کە هەر لەو ناوەدا خەریکبوو لەگەل خانمێکدا قسەی دەکرد. خەریکبووم لە دوورەوە سەیرم دەکرد، چەند شتێکی بە ئارامی پێ وت و شوێنێکی لای بەردەرگای ماڵ پێ پیشاندا و دواتر ڕۆشت بەرەو ماڵا، ئیتر نەمبینی خەریکی چییە، بەڵام پێنج خولەک دواتر گەڕایەوەو وتی:

- خوا بکات ترمە ئاگای لە خۆی بێت، گەر نا ئەمشەو ئەبێت بچینە نەخۆشخانەو واز لە تۆمارکردنی فیلم بهێنن، ئیستا ئیتر دانیشە با ئەم Ice tea بە ئاسودەیی بخۆینەوە.

هەر لەم کاتەدا دەرهێنەر بە بلندگۆ دەستیکرد بە قسەکردن و هەموان بێدەنگ بوون و هەرکەس چووە سەر کاری خۆی و ئامادەبوون بۆ تۆمارکردن و دەرهێنەر جوڵەی کامێراو دەنگ و ئەکتەرەکانی ڕاگەیاند تۆزێک دواتر لەپڕ دەرگای ماڵ کرایەوەو ترمە بە تورەیی هاتە دەرەوەو مانی بە ئارامی لە پاڵ گوێمدا وتی:

- شای نەقشبەندا! خوا بکات قاچی نەخاتە ناو ڕۆنەکە.

تازە زانیم چی کردووە، ویستم شتێک بڵێم، بەڵام لەم کاتە ترمە خێرا هات و تێپەڕی و هیچی بەسەر نەهات، یەکسەر بەدوایدا ئەکتەرە پیاوەکە هاتە دەرەوە، هەروا کە وەکو دوێنێ شەوی مانی بە گەرمی بانگی ترمەی دەکرد، ڕایکرد بە دوایدا، لەپڕ قاچی هەڵخلیسکاو بە توندی و سروشتی کەوت بە زەویداو دووبارە هەستایەوەو ڕایکردو هات بەرەو لای ترمە، ترمە ئیتر سوار بوو بوو و دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی داخستبوو، کورەکە چەند دانەیدا لە جامەکە، بەڵام ترمە ئۆتۆمبیلەکەی داگیرساندو پێی لێداو ڕۆشت، هەر لەم کاتەدا دەرهێنەر کاتی (Cut)ی ڕاگەیاند. ساتێک هەموان بێدەنگبوون و دواتر، سەرەتا دەرهێنەر چەپڵەی بۆ لێدان و ئینجا ئەوانی تر، لە دوورەوە دەم و چاوی کورەکەم دەبینی، زۆر خۆشحاڵ بوو، لایکردەوە بەلای ئێمەدار هەر کە چاوی بە مانی کەوت، پێکەنی، مانیش بۆی پێکەنی، سەیرێکی مانیم کردو پێموت:

- ئەگەر سەرو ملی بیکێشایە بە شوێنێکدا چی؟

مانی- ئەوکات ئیتر سروشتی سروشتی دەرئەچوو، لەوانەشە ئۆسکاری وەربگرنایە.

- کوڕی باش ئەمە چ کارێک بوو کردت؟

مانی- تۆ وتت دەی.

- من وتم ڕۆن ئیستۆپ بریژە ئەوی؟

مانی- ئەی چیم بکردایە؟ بمکیشمایە بە پشت ملیدا تا بەسەردا بکەوتایە بە زەویدا؟ ئەبوو هەر ئەم کارانەم بکردایە ئیتر، بە ئەمانە ئەلین نواندنی تایبەت.

هەر لەم کاتەدا ئەکتەرە کورەکە هاتە پیشەوەو هەر کە گەیشت پیمان وت:

- نایاب بوو.

مانی- ئیتر ئەبیت ببورن، هەر ئەو کارەم لەدەست ئەهات، خۆ ئازارتان پینەگەشت؟

کورەکە پیکەنی وتی:

- تۆزیک، بەلام بەڕاستی نایاب بوو! ئەگەر پیتان وتبومایە دروستکراو دەردەکەوت، بەلام لەبەرئەوەی خۆم ئاگادار نەبووم، زۆر سروشتی دەرچوو، بەڕاستی مەمنونتانم، نازانم بۆچی ئەم دیمەنە لام قورس بوو بوو و نەمدەتوانی بە تەواوی ڕۆلەکە بگێڕم.

مانی- ئیستا خۆ بە خێر تێپەڕی.

هەر لەم کاتەدا هەموان دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی کەلوپەلەکان، کورەکە وتی:

- تەشریف بهێننە ماڵەوە، دیمەنی دواتر لە ماڵەوە ئەگیرێت، من بە یارمەتیتان ئەڕۆم تا ئامادە بم.

مانی- بابەتی فیلمەکە چییە؟

کورەکە بە ئارامی وتی:

- ژن و پیاوێکن کە خەریکن لە یەکتر جیادەبنەوە، واتە سەحرا داوای جیابوونەوەی کردووە.

مانی- بۆچی؟

کورەکە پێکەنی و وتی:

- ئەمە وردە وردە دەردەکەوێت، واتە لە ڕاستیدا تاوانی منە.

مانی- بابە سەلەواتی لێ بدەن و بچن بەلای ژیانتانەوە.

کورەکە دووبارە پێکەنی و وتی:

- سەحرا تازە زانیویەتی کە ئیشی من چییە، هەر لەبەرئەمەیە ئەیەوێت لێم جیا ببێتەوە.

مانی- چ پەیوەندییەکی بە ژنەوە هەیە کە ئیشی پیاو چییە؟ خەرجی مالی ئەوێت ئیوەش ئەیدەن، بزانم خۆ داهاتت باشە؟

کوڕەکە- نایاب! لەم فیلمەدا ئەم خانووە هی منە.
هەر لەم کاتەدا دەرهێنەر کوڕەکەی بانگکردو ئەویش داوای لێبوردنی کردو ڕۆشت و خولەکێک دواتر ترمە هات بۆ لامان و هەروا کە پێنەکەنی وتی:
- چ کاریکت کرد مانی!
مانی- خۆ تۆ ئاگات لە خۆت بوو؟
ترمە- ئەری، من لە تەنیشتی ڕۆنەکەوە تێپەڕیم.
مانی- دەی سوپاس بۆ خوا.
ترمە- وەرن بڕۆینە ژوورەوە، دیمەنەکانی تر لەوێ تۆمار دەکرێن.
هەرسێکمان کەوتینەڕێ بۆ ژوورەوە، کاتێک دەرهێنەرەکە گەیشت پێمان، پێکەنی و بە مانی وت:
- ڕۆنیش هەندێکجار شتێکی باشە ها!
مانی پێکەنی، دەرهێنەر وتی:
- تۆ هەر دروستکراویت بۆ ئەکتەری، بەلام حەیف کە دەولەمەندی و پێویستت بە پارە نییەو گەر نا بە دڵنیاییەوە ئەمهێنایتە ناو ئەم کارە.
ئەمەی وت و ڕۆشت، مانی سەیرێکی منی کردو وتی:
- ئەوە ئیتر تۆ شایەت بەو ببینە ئەمە چەند کلکە قنگەی من دەدات ها!
- تۆ خۆیشت پێت خراپ نییە!
مانی- من پێم خراپ نییە کە یەکێک کلکە قنگەم بدات؟
- ئەری دەی.
مانی- دەستت خۆش بێت!
ترمە-بە ڕاست مانی بۆچی ڕازی نابیت؟ ئەگەر ڕازی بیت ئەتوانین فیلمی داهاتوو بە یەکەوە ڕۆل ببینین.
مانی- من لەگەل کەمتر لە نیکۆل کیدمان ڕازی نابم ڕۆل ببینم، لە خۆڕاش پیداگری مەکە.
ترمە- بڕۆ ونبە، زۆر لەخۆڕازیت ها!
مانی- خۆم لە خۆم ڕازیم ئەوە هیچ، زۆری تریش لێم ڕازین.
ترمە- بیرت چوو لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا چیم لێ کردیت؟
مانی- دە وەرە! بەردەوام توندوتیژی، ئەوکات ئەڵێن ئاغایان توندوتیژن!

- ترمە خانم، ئەم بەشەی تر کە ئەتانەویت تۆماری بکەن، چیرۆکەکەی چییە؟

ترمە- سەحرا بریارە لە سەید جەواد جیابینەوە.

مانی- سەید جەواد؟

ترمە- مێردەکەی من لەم فیلمەدا ناوی سەید جەوادە، ئەلبەتە هاوڕێکانی وا بانگی ئەکەن، بەڵام ژنەکەی هەر بە ناوی خۆیەوە کە ناوی نار ناسنامەکەیەتی بانگی ئەکات.

مانی- لە ناسنامەدا ناوی چییە؟

ترمە- کامبیز.

- ئەی سەید جەواد چییە؟

ترمە- ناوەکەیەتی لە مۆبایلدا.

- ناوەکەی لە مۆبایلدا چییە؟

مانی- هەر ئەوەی کە کچان کاتێک لە تەلەفۆندا لەگەل بێگانەیەک قسە دەکەن، ئەیڵێن، بە شێوەیەکی ئاساییش کچان زیاتر لە ناوێکی ناو مۆبایلیان هەیە.

- دیسان دەستت کردەوە بە هەڵیت و پەڵیت وتن؟!

ترمە- هەندێک کەس دوو ناویان هەیە، یەکیان لە ناسنامەدا، ئەوی تریان لە مۆبایلدا.

مانی- وەکو خودی تۆ هامون گیان، لە ناسنامەدا ناوت هامونە و من هەمیشە لە مۆبایلدا بە حەودکە بانگت ئەکەم.

ترمە دەستیکردە پێکەنین، لامکردەوەو سەیرێکیم کرد، خێرا خۆی کۆکردەوەو وتی:

- ببورن کاک هامون، تاوانی ئەم مانییەیە.

لامکردەوەو سەیری مانیم کرد، سەری داخست و وتی:

- بە گیانی تۆ تەنها ویستم تێتبگەیەنم.

هەر لەو کاتەدا دەرهێنەر بانگی ترمەی کرد و هەرسێکمان چووینە ژوورەوە، ناوەوەی خانوەکە زۆر جوان و شیک ڕازێنرابووەوە، خانوویەکی دوو نهۆمی گەورە بە کەلوپەلی گرانبەها و پیانۆیەک لە ناوەڕاستی هۆڵەکەو بارێکی بەتاڵی خواردنەوە کهولییەکان و کۆمەڵێک شتی تری جوانەوە، چارەکێک، بیست خولەک دواتر هەرکەس لە جێگەی خۆی وەستاو هەموو بێدەنگ و ئامادەبوون بۆ تۆمارکردن، ترمە و هەمان ئەو کوڕە ئەکتەرە لەگەل خانمێکی بە تەمەندا کە لەو فیلمەدا دایکی ترمە بوو، لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا وەستابوون و ئامادەبوون بۆ تۆمارکردنی دیمەنەکە، دەرهێنەر تۆزێک ڕەخنەی لە ڕووناکییەکە گرت و تیمەکە چاکیان کردو دواتریش دیسان هەمووان بێدەنگ بوونەوەو

دەرهێنەر جوڵەی ڕاگەیاند. لەپڕ ترمە بە تورەیی دەستیکرد بە هاوارکردن و وتی:

سەحرا- تۆ لەوێ چیت ئەکرد کامبیز؟

کامبیز- بۆچی هاوار ئەکەیت؟

سەحرا- بە ئارەزوو! بڵێ لەوێ چیت ئەکرد کامبیز؟

کامبیز- تۆ خۆت لەوێ چیت ئەکرد؟

سەحرا- من لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بووم.

کامبیز- دەی منیش لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بووم.

سەحرا- بە سەر ماتۆرەوە؟ ئەویش لەگەڵ سەد دانە ماتۆرسواری تر؟

دایکی سەحرا- دەی دایکە بە دڵنیاییەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بووە.

سەحرا- ئەری لەگەڵ هاوڕێکانیدا بووە، بە دڵنیاییەوە وا بووە.

دایکی سەحرا- ئێ دایکە مەگەر چ عەیبێکی تیایە؟

سەحرا- هیچ! هیچ!

دایکی سەحرا: دەی کەوابوو سەڵەواتی لێبدەن و کۆتایی پێبهێنن.

سەحرا- بە دڵنیاییەوە تەواوی دەکەین، بەڵام دوای ئەوەی کە زانیم ئەمە، ئەو شەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێ نامۆ و سەیرانەیدا لەوێ چی دەکرد!

دایکی سەحرا- دەی بە دڵنیاییەوە ئەویش ڕۆیشتووە سەیری خوێندکارەکانی زانکۆ بکات.

سەحرا- سەیر بکات یان....

لەپڕ بە تورەییەکی زیاترەوە هاواری بەسەر کوڕە ئەکتەرەکەدا کرد و وتی:

- لەوێ چیت دەکرد؟ بۆچی هەموو هاوڕێکانت بە دەورتەوە بوون و لە هەر سەد جەواد سەید جەوادیان بوو؟ وەڵام بدەرەوە!

ئەمەی وت لەسەر بارێ خواردنەوە کهولییەکان، پەرداخێکی خاڵی هەڵگرت و گرتیە کوڕە ئەکتەرەکە، ئەویش خۆی لاداو پەرداخەکە دای بە زەویدا و شکا. بەکسەر دەرهێنەر کاتی (Cut)ی ڕاگەیاند، دووبارە ئەوانەی کە لەوێ بوون چەپڵەیان بۆ ترمە لێدا، دواتریش دەرهێنەر وتی دەستکاری دیمەنەکە نەکەن و چارەکێک دواتر دەست دەکەنەوە بە کار، هەر لەم کاتەدا دوو سێ نەفەر بە چەند سینییەکەوە کە چایی و شیرینی لەسەر بوو، هاتن بەرەو لای ئێمە، ترمەش هاتە لامان و هەرسێکمان ڕۆشتین لەسەر چەند قەنەفەیەک دانیشتین، مانی وتی:

- ئەواو بوو؟

ئرمە- نا، تۆزیکی تری ماوە.

مانی- بە گشتی هەر شەویک چەندیک تۆمار دەکەن؟

ئرمە- نزیکەی دوو خوولەک.

مانی- بەراستە؟ ئەوە خۆ زۆر کەمە!

ئرمە- نە، ئەگەر هەر شەویک بتوانین دوو خولەکی بەکەلک تۆمار بکەین زۆر باشە، لەم دیمەنە مەروانە، ئەمە بە ریکەوت باش دەرچوو، بەشیوەیەکی ناسایی تۆمارکردنی یەک دیمەن جاری وا هەیە دوو کاتژمیر کاتمان ئەبات، ئیستا بلی کارەکەم چۆن بوو؟

مانی- نە، بەراستی نایاب بوو!

ئرمە- مەمنون، ئەمردین و تۆ جاریک بە منتا هەلدا!

مانی- دەی کاتیک کارەکەت باشە ئەبیت پیاتا هەلبدریت.

ئرمە- سوپاس.

مانی- تۆ بەراستی باش توانیت رۆلی ژنیکی خۆ تیهەلقورتین و شیت بگیریت! هەر ئەتوت خودی خۆتی.

ئرمە- زەهری مار!

مانی- بەتایبەت ئەو ساتەی کە پەرداخەکەت هەلدا، ریک ئەتوت هەر ئەو ساتە لە شیتخانەوە هیناویتیان بۆ ئیرە، بەراستی نایاب بوو!

ئرمە- تۆ چوزانی ئەکتەری چییە؟ کاک هامون ئیوە بلین، چۆن بووم؟

- زۆر باشبوو، سروشتی و بە هەستەوە.

ئرمە- زۆر مەمنون، ئیوە زۆر تیگەشتوون!

مانی- لەبەرئەوەی پیایدا هەلدایت تیگەشتووە؟ ئیستا ئەگەر رەخنەیەکی لیبگرتیتایە، ئەویش ئەبووە کەر و گیل؟

- بی ئەدەب!

ئرمە- کاک هامون چاییەکەتان ساردبوەوە، واز لەم بیسەلیقەیە بهینن.

هەر لەم کاتەدا دەرهینەر دووبارە هەموویانی بانگکردو ئرمەش هەستاو رۆشت و لە شوینەکەی سەرەتایدا وەستا. کامبیزیش لە شوینی خۆیدا وەستاو رووناکی و دەنگ و شتەکانی تریان چاککرد و دەرهینەر جولەی راگەیاند، خەریکبوون دیمەنەکانی تری فیلمەکەیان تۆمار دەکرد، سەحرا هەر بەو تورەییەوە چوو بەرەو لای میزەکەو

سوبچەکەی لەسەری هەلگرت و چوو بۆ لای کامبیز و لەبەردەمیدا وەستاو هاواری کرد بەسەریداو وتی:

- تا نەزانم ئیشی تۆ چییە ناتوانم لەگەلتدا بژیم!

ئەمەی وت و رویشت بەرەو دەرگاکە و دوو سێ هەنگاوی بە خێرایی ناو وا دیار بوو دووبارە پەشیمان بووەوەو گەڕایەوە بەرەو لای کامبیز و لەپڕ زۆر خێرا، کراسەکەی کامبیزی کە کردبووی بەسەر پانتولەکەیدا، هەلدایەوەو شتێکی گەورەی وەکو مۆبایلی لە ژێری دەرهێنا کە شتێکی وەکو ئاریلی پێوە بوو و هەر کە کامبیز ویستی پێشی لێبگرێت، بە توندی گرتییە دیوارەکە، لەپڕ دایکی کێشای بە دەموچاوی خۆیداو بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- چی ئەکەیت کچی؟ تێکچوویت؟

سەحراش مۆرەیەکی لە دایکی کردو ڕایکرد بەرەو دەرگای مال و کردییەوەو چووە دەرەوە، لەم کاتەدا دەرهێنەر کاتی (cut) ڕاگەیاندو تۆمارکردنەکە وەستاو هەموان ماندوونەبوونیان لە یەکتری کرد. دەرهێنەر بە نەفەرێکی وت:

- لەبیرت نەچێت دیمەنێکی چەند چرکەیی لەبەردەم زانکۆدا بگرێت، کاتی هاتنە دەرەوەی خوێندکارەکان بڕۆ تا قەرەباڵغییەکە سروشتی بەرچاو بکەوێت، دواتریش دیمەنی کامبیزو چەند ماتۆرسوار و هاوڕێکانی مۆنتاژ بکەنە سەری، دوو سێ تێلاش بە دەستیانەوە بێت.

دواتریش دووبارە هەموان ئامادەبوونەوە و دەرهێنەر جوڵەی ڕاگەیاند، بەشێکی کورت بوو، کامبیز دوای ساتێک سەیرکردنی ئەو مۆبایلە ئاریل درێژەی کە لە شێوەی بێتەلدا بوو و کەوتبووە سەر زەوی، ڕایکرد بەرەو دەرگاو لە مال چووە دەر و دەرهێنەر کەتی ڕاگەیاندو تۆمارکردنەوە کۆتایی پێهات و من و مانی ڕۆشتین بۆ لای دەرهێنەر ماندوونەبوویمان لێکرد، ترمەش تۆزێک دواتر جلەکانی گۆڕی و هات بۆ لامان و ماڵئاواییمان لە ئەکتەرە کوڕەکە و ئەوانی تر کردو مانی ڕۆشت ئۆتۆمبیلەکەی هێنابە بەردەم ماڵەکە و من و ترمە سەرکەوتین و کەوتینەڕێ و لە شوێنی فیلم تۆمارکردنەکە هاتینە دەرەوە. ترمە بە مانی وت:

- ئێ چۆن بوو ئاغای ڕەخنەگر؟

مانی- بەڕاستی نایاب بوو! خۆزگە ئەمشەو نیکۆلاس کەیج و نیکۆل کیدمان هەردووکیان لێرە بوونایە و نیکۆلاس کارەکەی کامبیزی دەبینی و نیکۆل هی تۆ، دواتر بە

شەرمەزارییەوە دەگەڕانەوە بۆ هۆلیودو ئیتر سەریان لەبەردەم خەڵکدا بەرزنەنەکردەوە، من لە جێی لیژنەی دادوەران بم لەبری سیمورغی بلوری، چل مورغی بلوریم ئەدا بە ئیوە، تازە بۆ ئەم رۆڵە چل مریشک کەمە، درۆم نەکردبێت هەر بۆ ئەم دیمەنە، شەست ڕەفتا مریشک پێویستە، ئەوکات ئەلێن بۆچی سینەمای ئێران بینەری نییە، دەی مریشک نادەن بە ئەکتەرەکانیان تا بیخۆن و گیانیان بەبەردا بێتەوەو بتوانن بە باشی کارەکەیان بکەن!

ترمە- ناوی مریشکت هینا، برسیم بوو.

مانی- دەی ئەگەر بڕیار بێت تۆ هەموو شەوێک دوای فیلم تۆمارکردن برسیت ببێت و حەز لە مریشک بکەیت، ئیتر کاتی دابەشکردنی خەلاتەکان مریشک نامێنێتەوە تا سی دانەیان بدەن بە تۆ!

ترمە- بەڕاست یانی ئەوەندە خراپ ڕۆڵم بینی؟

- ترمە خان ئەمە هەر ڕاهاتووە بە هەڵیت و پەڵیت وتن و ئەگەر نا ئیوە ڕۆڵەکەتان زۆر باش بینی.

ترمە- مەمنون کاک هامون، خۆزگە ئیوە ئەندامی لیژنەی دادوەران بوونایە!

مانی- تۆ خەم مەخۆ، جاری ڕۆڵەکەت ببینە، من بەهێزی پارە و واستە خودی سیمرغی ڕاستەقینە لە قولەی قاف ئەگرم و ئەیهێنم و ئەیدەم پێت.

ترمە- ئەو کارە بە پارە ناکرێت.

مانی- تۆ ئاگات لێ نییە، ئەمڕۆ ڕۆژ ڕۆژی پارەیە، بە پارە ئەتوانیت مردوو زیندوو بکەیتەوە کچەکە گیان.

ترمە- من سیمرغی ڕاستەقینەم ناوێ، هەر ئەو سیمرغی بلورییەم ئەگەر پێبدەن، بەسمە.

مانی- ئەویش ڕێگەی خۆی هەیە، جاری با شیشێک کەبابت لە نەوەی هەمان ئەو سیمرغە پێبدەم کە لە کاتی ئێستادا بۆ مرۆڤی برسی لە سەد دانە سیمرغی بلوری باشترە.

- ئەتەوێت بڕۆیت بۆ کوێ؟

مانی- لەم نزیکانەدا خواردن فرۆشێکی لێیە، بچوکە، بەڵام خواردنەکەی خۆشە و شەو و ڕۆژیش کراوەیە، ئێستا ئەگەین.

ئەمەی وت و پێچیکردەوە ناو شەقامێک و لەوێوە چووە سەر شەقامی سەرەکی

CamScanner

و توزیک چووینه پیشەوە و لەپڕ بینیمان کە ئەوسەری شەقامەکەیان داخستووەو ئوتومبیلەکان ئەپشکنن. مانی خیراییەکەی کەمکردەوە و وتی:

- مردووشۆر ئەو ئیشەت بیەن ترمە، دە وەرە، ئیستا ئەبینت ئەمشەو لە بنەکەی پۆلیس ڕۆژ بکەینەوە، ئاخر ئەمە ئیشە تۆ هەتە؟

لامکردەوە بەلای ترمەدا، بینیم ڕەنگی بە ڕووەوە نەماوە، بە ئارامی پێم وت:

- نیگەران مەبە، هیچ نییە.

ترمە- ئەگەر بمانگرن چی؟

مانی- ئەگەر بمانگرن؟ دلت خۆشە! هەر ئیستا بە کەلەپچەوە بەڕێمان دەکەن، ئەلبەتە بە توزیک بەهارات و ترش و خوێوە.

ترمە- بە چییەوە؟

مانی- جنێو بە دایک و خوشک و شتی تر.

ترمە- ناکرێت هەر لێرەوە پێچ بکەینەوە و بگەڕێینەوە؟

مانی- وا ئەزانیت ئەمەش فیلمە کە کاک کامبیز دێوریکی ئەکتەرانە بکاتەوە و هەلبێت و کەسیش نەتوانێت بیگرێت؟ ئەزانی هەر کە من پێچمکردەوە بە بێتەلێک و چوار دانە لەو ماتۆرانەی کە لەوێدان گرتووینیان و ئەوکات لەبری پیازی قرچاوی سادە یەک پیازی قرچاومان بە نەعناوە بۆ دروست ئەکەن کە هەر مەلێ!

ئەمەی وت و پێی لێداو گەیشتە ئەو شوێنەی کە شەقامەکەیان داخستبوو و ئیستۆپی گرت، کوڕێکی

گەنج هاتە پێشەوەو سلاوی لە مانی کردو وتی:

- بێزەحمەت بەلگەنامەکەتان.

مانی بەلگەنامەکانی لەناو داشبلەکە دەرهێناو پێیدا، چاوێکی پیاخشاندن و دوای ئەوە وتی:

- ببوورن، تەشریف بۆ کوێ ئەبەن؟

مانی- وەلا برسیمانە، خەریکین ئەڕۆین چوار شیش سیمرغ بخۆین، واتە چلەوکەباب بخۆین، ئەلبەتە ئەگەر بکەوینە بەر بەزەیی ئێوە.

کوڕەکە پێکەنینێکی کردو وتی:

- ببوورن، ئێوە لەگەل خانم چی یەکن؟

مانی- خوشک و برا، من برای ئەم خانمەم، ئەم ئاغاش برای بەندەیە، ئێوە برای ئەم

خانمەن، بەندە برای ئیوەم و هەتا کوتایی، وانە لە راستیدا بیگانە نین بە یەک.

کورەکە دووبارە پیکەنی و هەر لەویوە هاواریکردو بەکیکی بانگکردو دوانو هەر بە پیکەنینەوە بە مانی وت:

- کارەکە گیریکرد.

مانی- ببوورن گیرەکەی چەند پیچە؟

کورەکە- بە رادەی پیویست پیچی هەیە.

بە ئارامی بە مانیم وت:

- سەر مەخە سەریان، شیت بوویت؟

ترمەش کە زور ترسا بوو بە ئارامی و پارانەوەوە وتی:

- مانی تۆخوا جوان و بە ئەدەبەوە قسەیان لەگەل بکە، من خەریکم خیرا خیرا دوعا ئەکەم، بە دلنیاییەوە وازمان لیئەهینن، پیان بلی خالوزاو پورزاین.

مانی- من ئەلیم ئەگەر دوعا کاریگەری هەبووایە، بە ئەفرین ئیستا بەریم کردبوون.

ئەمەی وت و لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی، هەر لەم کاتەشدا پیاویکیتر هاتە پیشەوە و لەگەل کورە گەنجەکەدا کەمێک قسەی کردو دەستێکی هێنا بە ریشیداو هاتە پیشەوەو بە مانی وت:

- ئی کوڕی گەنج، بەم کاتەی شەو لەگەل ئەو خانمەدا بۆ کوی ئەڕۆن؟

مانی- بەکەم، سلاو.

- سەلامو عەلەیکوم.

مانی- دووەم، ماندوو نەبن.

پیکەنی و وتی:

- سەلامەت بن.

مانی- سیهەم، عەرز بکەم لە خزمەتتاندا بەندە ئیشی تەکسی ئەکەم.

- بەم ئۆتۆمبیلە؟ ئەمە هەر هیچ نەبێت سێ سەد ملیۆن تمەن نرخیەتی.

مانی- عەرزم کرد لە خزمەتتاندا، بەندە جار جاری کاری تەکسی ئەکەم، ئەمشەویش خەریکبووم ئەڕۆشتمەوە بۆ ماڵەوە کە ببینیم ئەم خانم و ئاغا لە کەنار شەقامەکەدا وەستاون و خەریکن لە پەسا لەگەل یەک قسە ئەکەن و سەیری شتێک ئەکەن.

- ئی، بابەتەکە خەریکە سەرنجڕاکێش ئەبێت.

مانی- قوربانی دەمتان، ئیستا سەرنجڕاکێش تریش ئەبێت، گیانم بە فیداتان، بەلی،

خەریکبوون لەگەل یەک قسەیان دەکردو سەیری پارچە کاغەزیکیان دەکرد، لەپەسا قسەیان دەکردو لە پەسا سەیری کاغەزەکەیان دەکرد، منیش لەویوەی کە مرۆڤیکی زانخوازم، ئیستۆپم گرت، واتە وتم نەکا شتیکی خراپ بەسەر ئەم خوشک و برامانا هاتبیت.

کابرا پیکەنی و وتی:

- کاریکی زور باشتان کرد.

مانی- بەلی گەردانی سەرتان، بە کورتی دابەزیم و پرسیم (برای من، خوشکی من، شتیک بووە؟) ئاغایەک کە ئیوە بن، ئەو برامان کە لەناو ئوتۆمبیلەکەدا دانیشتووەو میشیک میوانی نییە، دەستی هینایە پیشەوەو ئەمەی پیشاندام.

کیفی پارەکەی لە گیرفانی دەرهیناو چەکیکی بانکی لیدەرکردو پیشانی کابرای داو وتی:

- بەلی، دەموت ئەم چەکە پەنجا هەزار تمەنییەی بە بەندە پیشانداو وتی لەگەل ئەم خوشکەدا لە شەقامدا دوزیویانەتەوە.

کابرا- ئی! ئی!

مانی- گیانم بۆتان بلی، عەقلمان کرد بە یەک وتمان چی بکەین لەم دوابراوە، ئەم خوشکە وتی ئەچینە پیشەوەو سەرەنجام تووشی مرۆڤیکی باشی وەک ئیوە ئەبین، کە هەروا دەرچوو و ئیستاش ئەمە ئەمە ئەدەین بە ئیوە کە بیگەیەنن بە دەستی خاوەنەکەی.

کابرا پیکەنی و وتی:

- ئەوان بیریکی یەکجار باشیان کردووەتەوە.

مانی- بە دلنیاییەوە.

دواتر چەکەی دا بە کابراو وتی:

- فەرموون، ئیتر لە گەردنی ئیمە نەما.

کابرا- دەستتان خۆشبیت، بەلام ئیوە دلنیان کە تەنها یەک چەک بووە؟

مانی- بە تەواوی، هەر ئەو تاقانەیە بوو، ئی ئیستا ئیمە ئەرکی خۆمانمان ئەنجامدا ریگەمان ئەدەن بڕۆین و بە ئیسراحەتەکەمان رابگەین؟

کابرا- ئەلبەتە، فەرموون تکا ئەکەم، لەبارەی ئەمەشەوە خەیالتان ئاسودەی ئاسودەی بیت.

مانی- خەیالمان ئاسودەی ئاسودەیە، ئیمە هەر کە لە سەرەتاوە ئیوەمان بینی

دەستمان لەمانە شۆری، یانی وا بیرمان کردەوە.

کابرا- تا درەنگ نەبووە فەرموون.

مانی- ببوورن، لە پێشەوە ڕێگەی تری لێیە کە شەقامەکە داخراوە؟

کابرا- چۆن مەگەر؟

مانی- ئەڵێم ئەگەر لەپڕ چەکێکی ترمان دۆزییەوە، لەوێ تەسلیمی بکەین.

کابرا دووبارە پێکەنی و وتی:

- وا نازانم، گریمانەی ئەوەشی کە ئێوە چەکێکی تر بدۆزنەوە زۆر کەمە، فەرموون.

مانی- ڕاستی ئەگەر پێویست بە لێکۆڵینەوە دەکات لە بارەی من و ئەم خانم و ئاغاوە، لە خزمەتداین.

کابرا- ئێوە لە کارەکانتاندا ئەوەندە ڕاستگۆن، بە دڵنیاییەوە لە وتەکانیشتاندا هەروان، فەرموون تکا ئەکەم.

مانی- خوا لە مردووەکانتان خۆشبێت کە بەم کۆتایی شەوە تووشی دەردیسەریتان نەکردین.

کابرا- خوا لە مردووی ئێوەش خۆشبێت.

مانی سەرکەوت و دەستێکی بۆ کابرا ڕاوەشاندو و کەوتەڕێ، تۆزێک کە ڕۆشتین لەپڕ ترمە ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو وتی:

- وای خەریکبوو لە ترسا جەڵدە لێی دەدام.

مانی- تا ئێستا نەیانگرتوویت؟

ترمە- نەبەخوا.

مانی- سێ چوار جار بتگرن ڕادێیت، بەڵام دوعاکانت زوو گیرا ئەبن ها، ئەڵبەتە بە تۆزێک یارمەتی من

ترمە- مانی بەڕاستی تۆ چ بوونەوەرێکی؟

مانی- چۆن مەگەر؟

ترمە- پشوودرێژ! ئارام! بۆ قسە دانەماو!

- جاری چیت بینیوە؟

ترمە- هەر بەڕاست ئەم چیرۆک و قسانەت لە کوێ هێنا؟ خەریکم کەم کەم لێت ئەترسم.

مانی- من ئەبێت لە تۆ بترسم کە دوعاکانت بەو خێرا گیرا ئەبن.

ترمە- ئەری ئاگات لە خۆت بێت، من لەبەرئەوەی دڵم پاکە داوای هەرچی لە خوا بکەم پێم ئەدات.

مانی- کەوابوو دوعات کرد من ببمە قسمەتت و دوعاکەت گیرا بوو.

ترمە- ئەوە ئەفرین بوو دامینی گرتم.

مانی- کەوایە دامینێکی موبارەکەت هەیە، قەدری بزانە.

ترمە- بەڵام بەراستمە مانی، تۆ بەراستی حەیفە کە ئەو بەهرەت بەهەدەر بروات، من ئەگەر لەجێی تۆ بوومایە ڤیزام وەرئەگرت و ئەچووم بۆ ئەمریکاو راستەوخۆ ئەچووم بۆ هۆلیود، تۆ هەر لە بنەڕەتەوە هونەرمەندی، بەراست بۆچی تا ئێستا نەچوویت بۆ ئەمریکا؟ دڵنیام ئەگەر بڕۆیت بۆ باڵیۆزخانە ڤیزات پێئەدەن، گەیشتیتە ئەمریکا راستەوخۆ بڕۆ بۆ هۆلیود، قەدو باڵاو هەیکەلیشت بۆ هونەرمەندی نایابە.

مانی- ئەزقەزا جارێک ڕۆشتم.

ترمە- بۆ کوێ؟

مانی- یەکجار ڕۆشتم بۆ دوبەی و چوومە باڵیۆزخانەی ئەمریکا، بەڵام نەکرا.

ترمە- بۆچی؟

مانی- وەڵا چوومە ژووری باڵیۆز و سڵاوم کرد، ئەویش وەڵامی دایەوەو وتی فەرموون، ویستم بڵێم ئەمەوێت بچم بۆ ئەمریکا، پەشۆکام و وتم مەرگ بۆ ئەمریکا.

ترمە- بەراستە؟

مانی- ئەری بە گیانی هامون.

ترمە- ئی باڵیۆز چی وت؟

مانی- هیچ، ئەویش خێرا وتی مەرگ بۆ ئیسرائیل.

ترمە- بەراستە؟

مانی-تۆ چەند سادەیت!

ترمە- ئی دەی چی وت؟

مانی- هیچ ئیتر، بە دووان لە پاسەوانەکانی وت ئەم شێتە بکەنە دەرەوە، هەرچی هاوارم کرد وتم بابە ئاگام لە خۆم نەبوو، هەڵەی ڕێزمانی بوو لە یاساکانی زمانی ئینگلیزیدا، گوێیان نەگرت و باڵیۆز وتی جارێ بڕۆ هەر کاتێک یاسای زمان فێربوویت بگەڕێرەوە.

ترمە- قەیناکە، جارێکی تر بڕۆ، منیش دوعات بۆ دەکەم، بە دڵنیاییەوە ڤیزات پێئەدەن،

من دوعاکانم رەت ناکرینەوە، تا ئیستا دوعام بۆ هەر کی کردووە، ئیشەکەی جیبەجی بووە، هەر کەسیکیش دڵی شکاندووم نەفرینم لیکردووە، بەڵایەکی بەسەر هاتووە، من نەفەرێک ئەناسم کە کارەکەی تەواوە.

مانی- ئی.... کەوایە ئاگات لێیە کە من هەزار نەفەر ئەناسم کە کارەکەیان لەو یەک نەفەرە هەزار جار تەواوترە.

من دەستمکردە پێکەنین، لایکردەوە بەڵای منداو بە پێکەنینەوە وتی:

- وا دیارە تۆش ئەو هەزار نەفەرە ئەناسیت ها، ئەی شەیتان، حەوەکە بە دەماخە.

- زەهری مار!

ترمە- بەڕاستی کە مانی! من خەریکم بە جدی قسە ئەکەم، نەفەرێک هەیە کە جارجار دوعام بۆ ئەنووسێت، هەمیشەش یەک دوو دانە لەو دوعانە لە جانتاکەمدایە، لە هەر شوێنێک کە کارەکەم کۆسپی تێئەکەوێت، ئەوان بە فریام ئەگەن، ئەگەر ئەمجارە ڕۆشتم دووانیش بۆ ئێوە ئەهێنم، ویردێکی فێرکردووم کە هەرکات ئەیخوێنم و فوو ئەکەم بە سەروچاوی کەسێکدا زمانی ئەبەسترێت، ویردێکی تریش ئەزانم کە زۆرم لەسەر کەوت، بیست هەزار تمەنی لێوەرگرتم تا فێری کردم، ئەم ویردەیان هەر کاتێک کەسێک لەگەڵمدا کەڵە ڕەقی بکات و ببێتە ڕێگر لە بەردەممدا و نەهێڵێت کارەکەم بکەم ئەیخوێنم و فوو ئەکەم بە سەروچاویدا، هەر لەوێدا کابرا شل ئەبێت و کارەکەم بەڕێ ئەکات.

مانی- تو گیانی من بەڕاستتە؟

ترمە- بەخوا!

مانی- لێم کڕیت بە بیست و پێنج هەزار تمەن، ئەم ویردە زۆر بەکەڵکی من دێت، گرێی کارەکەم ئەکاتەوە، توخوا فێرم بکە.

ترمە- مەگەر ئیشت هەیە کێشەی تێکەوتبێت؟

مانی- دەی مرۆڤ شتێکی ئاوای لە گیرفانیدا بێت خۆ زەرەر ناکات، بیست و پێنج هەزار تمەن چییە؟ وەلا خۆڕاییە!

ترمە- دەی جارێکیتر کە چووم بۆ لای بۆت ئەهێنم.

مانی- دەستت خۆشبێت، ئەگەر ئەوەم هەبێت، گەشتم بە هەر کەسێک، ئەگەر ویستی لە بەرامبەرمدا خۆڕاگری بکات، یەک فووی تێئەکەم کە خێرا شل ببێت وەک هەویر، سەیرکە بەڕاست، ئەگەر ئەمجارە ڕۆشتی لە کابرا بپرسە بزانە پوچەڵکەرەوەی جادووشی لایە.

ترمه- یانی چی؟

مانی- یانی ئەوەی کە ویردیکی ترمان فێر بکات کە دوای ویردی یەکەم بیخوێنین تا کابرا لە بارودوخی هەویرو شل و شۆڤی بێتە دەرەوە، پارەکەشی هەرچەندێک بێت ئەیدەم.

ترمە- رائەبویریت؟ بترسە ها.

مانی- ترمە گیان ئەگرێت تکایەکت لێبکەم؟

ترمە- بلێ.

مانی- ئەگرێت دەرگای دووکانەکەت دابخەیت؟ ببوورن ها!

ترمە- باوەڕ ناکەیت؟

مانی- ئەم هەموو ساڵە خوێندوتە تا سەرەنجام بڕۆی بەدوای جادو و جادوگەریدا؟ بەڕاستی شەرم ناکەیت؟ بە دڵنیاییەوە ناو جانتاکەشت نینۆکی مردوو و دووگی گورگ و دەزووی کفنی مردووی تیایە.

ترمە- ئەوانە ئیتر کۆن بووە.

مانی- ڕاست ئەکەیت ها، ئێستا ئیتر مردووەکان لە پێشدا نینۆکیان کردووەو نیانەو گورگەکانیش ئەچنە خولی لەشجوانی و دووگ لە لەشیاندا نەماوە.

- تەنها ئەمێنێتەوە دەزووی کفنی مردوو.

مانی- ئەوانیش ئەگەر لەبری کفن مایۆ لەبەربکەن ئیتر چارەسەر ئەبێت.

ترمە- تۆ بڕوای پێمەکە، بەڵام من هەمە.

مانی- بەڕاستی مایەی شەرمە، ئەگا دەمبەست و مەمبەستیش لە ئێمە بکەیت.

ترمە- تۆ باوەڕ مەکە، بەڵام من هاوڕێیەکی کچم هەبوو کە هەمیشە بۆی ئەئەهات، دەستی ئەدایە هەر کارێک خراپی ئەکرد، چوو ماوەیەک بوو بە سکرتێر دەریانکرد، بەبێک لە کارخانەیەکدا دامەزرا و ماوەیەک دواتر دەریانکرد، چووە نوسینگە، بەڵام دیسان ماوەیەک دواتر خاوەنی نوسینگەکە ڕەخنەی لێگرت و دەریکرد، ئیتر ئیامابوو چی بکات، داماوە ئەبوایە کرێی خانووشی بدایە، سەرەنجام یەکێک ئەم ئاغای پێ ناسانە، جارێک چووە لای و چیرۆکی ژیانی بۆ گێڕایەوە، ئەویش لە چەند دانیشتنێکدا چەند جادووی پێداو دواتریش ژیانی هاوڕێکەی بە تەواوی پێچەوانە بووەوە، ئێستا وەرە سەیرکە لە دوبەی ج خانوویەکی هەیە؟

هەر کە ئەمەی وت من و مانی سەیرێکی یەکترمان کردو دەستمانکردە پێکەنین، مانی

وتی:

- ئەری، بیستوومە کچە ئیرانییەکان لە دوبەی زور کاریان باشە.

ترمە- لەوانەیە منیش روژیک بروم بو دوبەی.

مانی- تو ناماقولی ئەکەیت.

ترمە- دەستتکردەوە بە بی ئەدەبی؟

مانی- وانە مەبەستم ئەوەیە ئەگەر تو بروایت، من لیرە بە تەنهایی چیبکەم؟ جگە لەوەش جادوی ئەم ئاغا هیچی بو هاوریکەی تو نەکرد، لە راستیدا ڤیزای دوبەی کارەکەی بەرینکردووە.

دواتر لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- سەیرکە کاری خەلکی ئیمە گەیشتووە بە کوی!

لامکردەوە بەلای ترمەداو وتم:

- ترمە خانم ئەزانی کچانی ئیرانی لە دوبەی چی دەکەن؟

ترمە- ئەو لەو کارانە ناکات، لە کومپانیایەکدا دامەزراوە.

- هەمویان لە کومپانیایەکدا دامەزراون، بە وتەی پیشینان ئەبیت دەستبگرین بە کلاوەکەمانەوە.

مانی لە ئاوینەکەوە سەیریکی ترمەی کردو وتی:

- حەوەکە ئیستا غیرەتییە.

ئەمەی وت و لە بەردەم خواردن فروشییەکدا رایگرت و دابەزین و چووینە ژوورەوە، خواردنەکەی زور خوشبوو، نیوکاتژمیر دواتر ترمەمان گەیاندەوە ماڵەکەی و خوشمان روشتینەوە بو ماڵەوەو لە ترسی باوکم و مامم، بەیانی زوو هەستاین و چووین بو کارخانە.

• • •

وەرزی پێنجەم

کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ بوو کە لەگەڵ مانیدا هاتینەوە بۆ ماڵەوە و نانی نیوەڕۆمان خوارد و خەوتین تا کاتژمێر چوار کە دایکم بانگی کردین، هەردووکمان ئاوێکمان کرد بە خۆماندا و چووینە خوارەوەو زەری خانم چا و میوە و شیرینی بۆ هێناین، مانی هەروا کە چاییەکەی دەخواردەوە وتی:

- چاییەکەت بخۆرەوە دواتر یەکسەر ئەڕۆینە دەرەوە.

- بۆ کوێ؟

مانی- دەرەوە ئیتر.

- دەرەوە کوێیە؟

مانی- تۆ بە شێوەیەکی گشتی بە کوێ ئەڵێیت دەرەوە؟

- دەستشۆری.

مانی- بەڕاستی من تیاماوم لە کاری ئەم خواوەندی میهرەبانە کە چۆن ئەم هەموو زەوق و سەلیقەو سروشتە ناسکەی لە بوونی تۆدا کۆکردۆتەوە!

- یانی چی؟

مانی- ئاخر ئەکرێت هەموو شوێنێکی دەرەوەی چوارچێوەی ماڵ بە دەرەوە ناوببرێت، ئەوکات تۆ هەموویانت ویلکردووەو ئەڵێیت دەرەوە یانی دەستشۆری؟

- دەی بە شێوەیەکی گشتی بە دەستشۆری ئەڵێن دەرەوە.

مانی- ئێستا گریمان تۆ ڕاستەکەیت، بەڵام عەقڵیش شتێکی باشە، ئەکرێت من و تۆ هەردووکمان کارەکانمان بکەین و بە یەکەوە بچینە دەستشۆری؟ ئاخر ئەمە قسەیە کە تۆ ئەیکەیت؟

- گاڵتەم کرد بابە، ئێستا مەبەستت لە دەرەوە کوێیە؟

مانی- دەستشۆری ئیتر.

- ئاه..! بیتام مەبە، بۆ کوێ بڕۆین؟

مانی- ئەچین بۆ شوێنی خۆش خۆش، شوێنی دڵگیرو رازاوە، شوێنێک کە شادی لێیە، تێنەگەیت خۆ؟

- بۆ نموونە کوێ؟

دووبارە سەیرێکی کردم و وتی:

- هیچ بابە، مەبەستم هەر دەستشۆرییە.

- ئاخر تۆ بڵێ کوێ؟

مانی- بابە شوێنێک کە شاد بین و تۆزێک خۆش رابوێرین.

- دەی وەکو کوێ؟

مانی- شوێنێک کە لەگەڵ چەند نەفەر دابنیشین و گفتوگۆیەک بکەین و دەردەدڵێک بکەین و شتێک بخۆین و دیسان بڵێم یان هەوالی مەرگت تێگەشتیت؟

- تۆ شوێنەکەت دیاری کردووە؟

مانی- دەی ئەگەر دیاریم نەکردایە خۆ نەمدەوت.

- دەی بڵێ کوێ؟

مانی- بۆ نموونە کتێبخانەیەکی باش و پڕ بەرهەم کە ژمارەی کتێبەکانی زۆربێت و بتوانین لە چەند کاتژمێرێکدا کۆڵەبارێک لە زانست و زانیاری پاشەکەوت بکەین.

- گاڵتە ئەکەیت!

مانی- نە تۆ بە دەستی خۆم کفن بکەم.

- تۆ ئەهلی ئەم شتانە نیت.

مانی- بۆچی نا، تازە بووم بە ئەهلی.

- یانی هەردووکمان هەستین بچین بۆ کتێبخانە؟

مانی- ئەرێ بە مەرگی تۆ.

- ئیستا خۆ کتێبخانە کراوە نییە.

مانی- ئاه.. چەند خراپ!

- دەی لەوانەشە کراوە بێت.

مانی- هەرگیز خەمی کرانەوە یان نەکرانەوە بوونی مەخۆ، خۆ تۆ بەک سندوق کتێبت هەیە، چەند دانەیان هەڵگرەو بیانهێنە با بیانخوێنینەوە.

سەیرێکیم کردو وتم:

- پێم ڕائەبوێریت؟

هەر لەم کاتەدا دایکم هاتە سەر سەکۆکەو هەردووکمان سلاومان لێکردو لەسەر کورسییەک لە تەنیشت ئیمەدا دانیشت و وتی:

- میوە بخۆن.

من دەستمکرد بە پاککردنی موزێک، بینیم مانی خەریکە خیسەم لێئەکات، دوای تۆزێک دایکم هەستی پێکردو وتی:

- چیتە مانی؟ چی بووە؟

مانی- خەریکم خەم ئەخۆم عەزیز.

دایکم- بۆچی دایکە؟

مانی- ئاخر ئەم هامونە کتێبەکانیم پێنادات بیخوێنمەوە.

دایکم بە سەرسوڕمانەوە سەیریکردو وتی:

- مەگەر تۆ ئەتەوێت کتێب بخوێنیتەوە؟

مانی- ئەری ئیتر، کاتێک کە لەگەل ئەم هامونەدا هەڵسوکەوت ئەکەم ناچارم لە سوچێکدا دابنیشم و بەردەوام کتێب بخوێنمەوە، خۆ هیچی تری لەدەست نایەت.

دایکم ویستی شتێک بڵێت، بەڵام لەم کاتەدا تەلەفۆن زەنگی لێداو هەستاو چووە ژوورەوە، مانی یەکسەر وتی:

- مۆزەکەت خوارد؟

- خواردم.

مانی- ئەتەوێت پاشماوەی گفتوگۆی دەرەوە کە زۆریش شیرین بوو، لە بارەی دەستشۆرییەوە درێژە پێبدەین؟

- ئاد... بێتام مەبە.

مانی- هەستە تا دەهری نەبووم، جلەکانت لەبەرکەو بڕۆین.

- ئاخر بۆ کوێ؟

مانی- شوێنێکی خۆش.

- ئەی ترمە چی لێئەکەیت؟

مانی- هیچ.

- بانی چی؟

مانی- دەی ترمە ئ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟

- بانی چی ئ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

مانی- بابە ئەمە تا کاتژمێر دوانزە یەک خەونووە، باشە؟ یەک هەلدەستیت نانی بیۆەرو دەخوات تا دوو، باشە؟ دوو نەچیت خوێ نەشوریت تا سێ، باشە؟ سێ بەدیار ئەلەفونەوە دانەنیشیت و قسە لەگەل هاوریکانیدا نەکات تا چوار، باشە؟ چوار دووبارە ئەخەویت تا هەشت، باشە؟ هەشت دووبارە هەلنەستیت و شتێک نەخوات تا نۆ، باشە؟ نۆ بەدیار سەتەلایتەوە دانەنیشیت تا یازدە، باشە؟ یازدە کەم کەم کارەکانی نەکات تا دوازدە، باشە؟ دوازدەش نەکەویتە ڕێ بۆ تۆمارکردنی فیلم تا دوو سێ، باشە؟ دواتریش دووبارە شانۆکە دووبارە نەبیتەوە، باشە؟

- ئاه..... زەهری مار و باشە.

مانی- ئێ ئەمە کارەکەی ئاوایە، خەو و پشووی لەجێی خۆیدایەتی، منی بەدبەخت لەگەل توی قوربەسەر ئەبێت بەیانیان بچین بۆ کارخانە، ئێ ئاوا نە بە ژیانمان ڕانەگەین، نە بە خەومان، نە بە ژیانەکەی ترمان.

- کام ژیانی تر؟

مانی- هەر ئەو ژیانەی دەرەوەمان ئێتر، واتە دەستشۆرییەکەمان.

- دیسان دەست بکەرەوە بە هەلیت و پەلیت وتن.

مانی- چاک بووین بە دیلی ئەم خانمە، من ئێتر ناڕۆم بەدوایدا.

- ئاوا ئەتەوێت هاوسەرگیری لەگەل بکەیت؟

مانی- من ناماقوڵیم کرد، ئاوا خۆ هەر هیچ کات گیری ناهێنیت تا بتەوێت لەگەلی هاوسەرگیری بکەیت.

- دەی ئێستا ئەتەوێت چی بکەیت؟

مانی- هەردووکمان بچینە دەرەوە.

- من نایەم.

مانی- بۆچی؟

- ئەبێت بڕۆم بۆ لای پوری.

مانی- بۆ لای پوری یان بۆ لای ڕۆکسانا؟

- بەتۆ چی؟

مانی- دەی تۆ کە لە سەرەتاوە خەیاڵێکی وات هەبوو، تێکچوویت لە بارەی دەرەوە لێکوڵینەوەت کرد؟ هەر لە سەرەتاوە بتوتایە نایەم و ئەوەندەش وزەی منت بەفیڕ نەدایە.

- ئێستا خەریکم ئەیڵێم، نایەم.

مانی- چش، دەی منیش لەگەل تۆ دێم.

- بۆچی دێیت؟

مانی- ئەمەوێت بێم بزانم ئەم کچە، ڕۆکسانا چی لە گیانی تۆ ئەوێت.

- تۆ حەقت چییە بەسەر منەوە؟

مانی- چۆن تۆ حەقت بەسەر منەوە هەیە؟ ئەزانی چییە؟ ئەم پوری ئەیەوێت تۆلەی باوکمانمان لێبکاتەوە، ماڵەکەی بووەتە داوێک بۆ جیمز بۆند، چەند کچێکی کۆکردووەتەوە لەوی تا هەر کە ئێمە قاچمان خستە ئەوێ، هەر یەکی دانەیەکمان بدا بەسەردا، ج پورگەلێک پەیدا ئەبن! من هەر نازانم بۆچی پورەکان ئاوان؟! هەر بۆ ئەمەیە ئەگەر سەرنجت دابێت لە فەرهەنگی زمانی ئێمەدا زیاتر ئامانجی لێدانی هێرشە زارەکییەکان، خۆشکی باوکە.

- یانی چی؟

مانی- واتە بۆ نموونە یەکێک بە یەکێکی تر ئەگات و ئەڵێت (ئەی پورت.....) یان بۆ نموونە دوو نەفەر بە یەک دەگەن ڕاستەوخۆ یەکێکیان دەستپێشخەری دەکات و بە ئەوی تر ئەڵێت (کەر پوور)

- زۆر بێ تەربیتیت!

مانی- مەبەستم خوێری و بەڕەڵاکانە، تو گیانی من سەرنجت داوە؟ ئەوکات لە بەرامبەردا بۆ خۆشکی دایک هیچ وشەیەک نییە، بۆچی؟ هۆکارەکەی چییە؟

- وەلا منیش هەندێکجار بیرم لەم بابەتە کردووەتەوە، بەڵام نەمزانیوە هۆکارەکەی چییە.

مانی- پێت باش نییە ئەم بابەتە لەگەل خودی پورێدا بخەینە بەر باس؟

هەر لەم کاتەدا مۆبایلەکەی زەنگی لێداو لە گیرفانی دەریهێناو سەیرێکی کردو وتی:

- دە فەرموو، پوری یان خودی خۆی ڕاستەوخۆ دەستبەکار ئەبێت بۆ لەناوبردنی برازاکانی یان لە ڕێگەی دارو دەستەکەیەوە.

- کێیە؟

مانی- پورزا گیانت.

دواتر وەڵامی مۆبایلەکەی دایەوەو وتی:

- بەڵێ، فەرموو.

ترمە بوو.

مانی- عەلەیکە سەلام، بەلام ئەمڕۆ لەگەلتا نایەم قۆنەرە بکری، نایەم جاننا بکری، نایەم ڕووپۆش بکری، نایەم مکیاج بکری، نایەم پانتۆل بکری، بابە مەگەر من نۆکەری تۆم؟ گوناهم کرد کە خالۆزات دەرچووم؟ چی؟ جارێکی تر بیلێرەوە.

تۆزێک گوێی گرت و وتی:

- فشە ئەکەیت.

پێموت:

- چی ئەڵێت؟

مانی- ئەڵێ بیرتەکەم، بەلام من ئەزانم خەریکە وەک سەگ درۆ ئەکات، هەر کە بگەمە ئەوێ چاییەکم پێئەدات و دواتر ئەڵێ (مانی گیان تاقەتت هەیە بڕۆین بە یەکەوە جووتێک گۆرەوی بکڕین؟) ئەوکات ڕۆشتن بۆ کڕینی جووتێک گۆرەوی هەمان و ژێرو ژوورکردنی تەواوی کۆگای دوکانەکان، هەمان، هەر کە ئەمەوێت بۆلە بۆل بکەم شتێک ئەچپێنێت بە گوێمداو کەرم ئەکات، من نایەم، وەرە ئەم هامونە هەلگرەو بڕۆ.

دواتر تۆزێک بێدەنگ بوو و گوێی گرت و دواتریش بینیم خەریکە پێئەکەنێت و گوێ ئەگرێت.

- چییە؟ بێدەنگ بوویت.

دووبارە تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- زۆرباشە، ئیشەلا بە گوللەوە بیت کچەکە تا ئەوەندە منی سادە کەر نەکەیت، هاتم بابە، هاتم.

دواتر تەلەفۆنەکەی داخستەوەو هەستا.

- بۆ کوێ؟

مانی- ئەچم گۆرەوی بۆ بکڕم ، تۆش هەستە بابە گیان بڕۆ سەرێک بدە لە پورێ، هەستە ئەزیزم.

- زەهری مار!

دواتر هەروا کە ڕێکەوت تا بڕوات، دەستیکرد بە پێکەنین و گۆرانی وتن:

بڕۆ بازاڕ بابەبۆ گوێچکەی کچ گوارە بکڕە بابە

هەروا بە گۆرانی وتنەوە چووە حەوشەکەو دەرگاکەی کردەوە تا بڕوات، هەر لەوێوە هاوارم کردو وتم:

- بەدبەختی گوێ لە مست.

لای دەرگاکەوە سەری هێنایە ژوورەوەو وتی:

- بەلێ؟

- برۆ گورەوی بۆ بکرە بیچارە.

مانی- بەسەرچاو، روشتم بە بۆچوونی تۆ گورەوی نایلۆن باشە بان لۆکە؟

- بەراستی بیچارەی!

مانی- هەم بیچارە هەم بەدبەخت، بەلام جاری بای بای پیاوی بەتواناو سەرداری مال و سایەی سەری ژن، پیشنیار بۆ تۆش ئەکەم زووتر هەستیت و بڕویت بۆ مالی پوری گیان، لەوانەیە دەستی تۆش لە شوینی گیر بکات.

دەرگای داخست و روشت، منیش زوو هەستام و چوومە ژوورەکەم و جلەکانم گۆڕی و هاتمە خوارەوەو مالئاواییم لە دایکم کردو ئۆتۆمبیلەکەم لە گەراج دەرهێناو کەوتمە ڕێ بەرەو مال پوری. نیو کاتژمێر دواتر گەیشتم و ئۆتۆمبیلەکەم لە شوێنێکی کۆلانەکەیاندا پارککردو زەنگی دەرگاکەیانم لیدا، ڕۆکسانا وەلامی دایەوە:

- فەرموون.

- هامونم ڕۆکسانا خان.

ڕۆکسانا- سلاو، بەخێربێن.

- مەمنون.

ڕۆکسانا- فەرموونە ژوورەوە.

دەرگاکەم کردەوەو چوومە ژوورەوە، هەر کە لە حەوشەکە تێپەڕیم، زوو هات و دەرگای ڕارەوەکەی کردەوەو هاتە سەر سەکۆکەو سلاوی کرد، وەلامم دایەوە، دواتر وتی:

- دلم خەبەری دابوو کە ئەمڕو دێن بۆ ئێرە.

- ئێرە باشن؟

ڕۆکسانا- سوپاس.

- پوری خانم باشن؟

ڕۆکسانا- مەمنون، فەرموونە ژوورەوە.

ڕاوەستام تا سەرەتا خۆی بڕوانە ژوورەوە دواتر بەدوایدا ڕوشتم و لە ڕارەوەکە تێپەڕین و چووینە هولەکەو دوانزیش ژووری مێوان و بە خولکی ڕۆکسانا لەسەر قەنەفەیەک دانیشتم و وتم:

- لە کوێن؟

ڕۆکسانا- پۆری خانم؟ چوون بۆ دکتۆر.

- دکتۆر؟ بۆچی؟

ڕۆکسانا- هەندێکجار ئەچن بۆ لای دکتۆر.

- کەی ئەگەڕێنەوە؟

ڕۆکسانا- ئێستا ئیتر ئەبێت بێنەوە.

- دەی ئەگەر ڕێگە بدەن، من کارێکم هەیە ئەڕۆم و کاتژمێرێکی تر ئەگەڕێمەوە.

سەیرێکی کردم و وتی:

- ئەترسن لەوەی بە تەنها لەگەل کچێکدا بن؟

- ترس؟ بۆچی؟ واتە ڕاستی لەم ناوەدا کارێکم هەبوو، واتە کارێکی زۆر گرنگیش نییە، واتە ئەگەر بڕۆم خراپ نییە، بەڵام نەشڕۆم کێشە نییە، یانی.

ڕۆکسانا- کەوایە بمێننەوە.

سەیرێکی چاویم کردو وتم:

- بەسەرچاو.

ڕۆکسانا- ئێستا چاییتان بۆ ئەهێنم.

- ئاوە، بێزەحمەت لەو قاوەم بۆ بهێنن کە ئەو جارە دروستتان کرد.

سەیرێکی کردم و پێکەنی و چوو بەرەو چێشتخانەکە، خەریکبووم لەدواوە سەیریم دەکرد، ڕۆژی ئاڵتونی تۆخ بوو لە هەندێک شوێنیدا تاڵی کاڵیشی تیابوو، باڵای بەرز بوو و جوڵەکانی زۆر ناسک بوو. سەرم داخست و تۆزێک دواتر جگەرەیەکم دەرهێناو دامگیرساندو پاڵمدایەوە بە قەنەفەکەوە و دەستمکرد بە سەیرکردنی دەوروبەرم، لەسەر مێزێک چەپکێک لەم گوڵە دەستکردانەم بینی کە بە ڕۆژنامەیەک پێچرابوونەوە، هەستام و چوومە بەردەم مێزەکەو هەڵمگرتن و سەیرمکردن، لەپڕ ڕۆکسانا بە سینییەکەوە هاتە ژوورەوەو هەر کە بینی من سەیری گوڵەکان ئەکەم وتی:

- جوانن؟

شانم هەڵتەکاند، وتی:

- بەدڵتان بوو؟

- ئەگەر بڕیار بێت کە دڵمان بە گوڵی دەستکرد خۆشبکەین وا نازانم ئیرە شوێنی مانەوە بێت، کاتێک تەنها شتی دەستکردو درۆینە دەوروبەرمان بگرن، ئەو کاتەیە کە

ئیتر ژیانی مرۆڤەکان کۆتایی هاتووە.

ئەمەم وت و چەپکە گوڵە دەستکردەکەم خستەوە شوێنی خۆی. ڕۆکسانا سەیرێکی منی کردو دواتریش سینییەکەی خستە سەر مێزەکەو هاتە بەردەمی من و وەستاو وتی:

- وە ئەو کەسەی کە ئەبێتە هۆکاری بەدیهاتنی ئەمانە، چی؟

- ئەگەر ئەمڕۆ شتێکی وەکو گوڵ کە نیشانەو سیمبولی زۆر شتە بە دەستکرد بکرێت، ئیتر ئەو شتانەشی کە بە ئەوان دەیانچوێنین ئەبنە دەستکرد تر لە خۆیان، عەشقی دەستکرد، هاوڕێی دەستکرد، میهرەبانی دەستکرد، مرۆڤی دەستکرد، جا ئیتر بزانە کە ئەم بەناو هونەرمەندە خەریکە چی ئەکات!

ساتێک سەیری منی کردو دواتر دووبارە پێکەنی، بێ وێست سەیری دەم و چاویم کرد، یانی دەمویست سەیری بکەم هەر بۆیە شەرمم خستە لاوەو سەیریم کرد، بەڕاستی کچێکی جوان بوو، جوانی و سەرنجڕاکێشی کچێکی ئێرانی کە لەگەل ناسکی و شێوەی ئەورووپییەکان ئاوێتە بوو بوو، تا ئێستا ئاوا ڕاستەوخۆ و درێژخایەن سەیریم نەکردبوو، قژی دەگەیشتە خوار شانی، ڕەنگی پێستی جۆرێکی سەیر بوو، ڕەنگێکی زۆر جوان، لووتی بچوک و بەرەو سەر، ڕێک وەکو یەکێک لەم ئەکتەرە بیانییانە وابوو، تەواوی ئەم شتانە بەلایەک، چاوی بە لایەک، گەورەو بە ڕەنگی قاوەیی زۆر زۆر کاڵا. خەریکبووم سەیریم دەکرد، لەپڕ ڕۆشت بۆ لای گوڵەکان و هەڵیگرتن و چوو بەرەو سەتڵی زبلەکەو خستیە ناوی، هەر کە وێستم قسە بکەم وتی:

- بهێڵن لانیکەم من لەم ناپاکییەدا بەشدار نەبم.

سەیرێکی گوڵەکانم کردو وتم:

- مەگەر ئێوە دروستتان کردبوو؟

سەری ڕاوەشاندو وتی:

- لەمەودوا دروستی ناکەم.

سەیرێکیم کردو وتم:

- ئەتوانم لێتان بپرسم کە بۆچی ئەو کارەتان ئەکرد؟

ڕۆکسانا- منیش ئەتوانم پرسیارێکتان لێبکەم؟

- تکا ئەکەم.

ڕۆکسانا- ئەتوانم بپرسم بۆچی ئێوە ئەوەندە وشک و ڕووگرژن؟

سەیرێکم کرد، وتی:

- وا دیارە ئەئەبوو ئەو پرسیارەم بکردایە.

- نە، تکا ئەکەم، خۆم ریگەم پیدان، بەڵام من وشک و ڕووگرژ نیم.

ڕۆکسانا- بۆچی نا، وان.

.- نە، نیم

ڕۆکسانا- ئەی بۆچی ناوان؟

- چۆن؟

ڕۆکسانا- جۆرێکی تایبەت، مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی لێتان نزیک بێتەوە.

چوومە سەر قەنەفەیەک و دانیشتم و جگەرەیەکم داگیرساندو وتم:

- دەی پۆری کەی دێتەوە؟

ڕۆکسانا- بینیتان، هەر ناکرێت دوو قسەتان لەگەل بکرێت.

دووبارە سەیریم کرد، پێکەنی، منیش پێکەنیم، وتی:

- جاری پێشتریش کە پێکەنین، وامزانی کە ئێتر کەمێک خۆمانە ڕەفتار ئەکەن، بەڵام ئەمجارە کە هاتنەوە دیسان هەروا ساردو داخراون.

جگەرەیەکی ترم داگیرساند، حەزم دەکرد بە ئاسوودەیی قسەی لەگەل بکەم، حەزم دەکرد منیش وەکو مانی بمتوانیایە لەگەل هەموان پەیوەندی دروست بکەم، بەڵام وا نەبووم، بە دەست خۆم نەبوو. مژێکم لە جگەرەکەداو بە سەختی وتم:

- ئێوە ڕاستەکەن، بەڵام من وشک و گرژ نیم.

ڕۆکسانا- مرۆڤ هەست دەکات خۆتان بە شت ئەزانن، جا ئێتر یا لە بەر باری دارایی باشتانە یان لەوانەیە لەبەرئەوەی کە زۆر قۆزو پێکەوتوون.

- من؟

ڕۆکسانا- ئم.

پێکەنیم و سەرم داخست، وتی:

- ئەکرێت جگەرەیەکیش بدەن بە من؟

- مەگەر ئەیکێشن؟

ڕۆکسانا- ڕۆژی سێ چوار دانە، بەڵام لەبەردەم پۆری خانمدا نایکێشم.

دواتر لەپڕ وتی:

- ئەگەر پێتان ناخۆشە نایکێشم.

خولکم کردو بۆم داگیرساند، دواتر وتی:

- ئێستا ئیتر ئێوە پرسیارەکەتان بکەن.

- کام پرسیار؟

ڕۆکسانا- هەر ئەوەی کە ئەتانویست بیکەن؟

بە ئارامی وتم:

- ئێوە کچێکی زۆر هێنن.

ساتێک سەیری کردم و دواتر بە پێکەنینەوە وتی:

- لە جێی ڕشەی هێن ئەبێت چی دابنێم؟

سەرم بەرزکردەوەو سەیریم کرد و بە ئارامی وتم:

- جوان.

ڕۆکسانا- ئەمەیان ئەزانم، ئیتر چی؟

- تەنها ئەمە شارەزام، لەوانەیە ئەگەر مانی لێرە بووایە دە ڕشەی تریشی بووتایە، بەڵام من ناتوانم.

ڕۆکسانا- باوەڕکردنی سەختە.

شانم هەڵتەکاندو وتم:

- دەی کەی پۆرێ دێتەوە؟

ڕۆکسانا- دیسان بوونەوە بە بێگانە؟

زەردەخەنەیەکم کرد، وتی:

- ئەوەی کە وتتان پرسیار نەبوو، ئێستا پرسیارەکەتان بکەن.

جگەرەکەم کوژاندەوەو وتم:

- ئەو گوڵانەتان بۆچی دروست کردبوو؟ ئێوە کێن؟ لەم خانووەدا چی ئەکەن؟ دایکتان ئێستا لە کوێیە؟ باوکتان لە کوێیە؟

ڕۆکسانا- ئەمانە پرسیارن یان جۆرێک لە نارەزایەتی؟

- پرسیار، حەز ئەکەم هەموو ئەمانە بزانم.

قاوەکەی هەڵگرت و وتی:

- قاوەکەتان ساردبوویەوە.

کوپەکەم هەڵگرت و دەستمکرد بە خواردنەوە، وتی:

- ئەو گوڵانە دروست ئەکەم و ئەیانفرۆشم، ژیانمیان پێ بەڕێ ئەکەم.

- بۆچی؟

ڕۆکسانا- بۆچی؟ پرسیارێکی سەیرە!

- داوای لێبوردن ئەکەم، بەڵام یانی داهاتێکی ترتان نییە؟

ڕۆکسانا- نە بەداخەوە، واتە تا ئێستا چەندین جار ڕۆشتووم بەدوای کارێکی بێ کێشەدا گەڕاوم، بەڵام دەستم نەکەوتووە.

- بۆچی؟

پێکەنی و وتی:

- ئێوە لێرە ناژین؟

- دەی بۆچی نا؟

ڕۆکسانا- ئێوە لەبەر باری دارایی باشتان ناگاتان لە کۆمەڵگە نییە.

- ئەکرێت زیاتر ڕوونکردنەوە بدەن؟

ڕۆکسانا- تا ئێستا بۆ هەرجێیەک کە ڕۆشتووم یەکسەر دامەزراوم، بەڵام ماوەیەک دواتر دەرکراوم.

ڕیستم شتێک بڵێم بەڵام خۆی زوو وتی:

- چاوەڕوانی تریان لێم هەبوو، تێئەگەن؟

تازە تێگەیشتم چی ئەڵێت، زۆر نارەحەت بووم.

ڕۆکسانا- تازە ئەم گۆلانەش هەر دوو سێ جار ئەیبەم لە شوێنێک ئەیفرۆشم، واتە چەند جارێک کە لەیەک دووکان فرۆشتوومە، خاوەن دووکانەکە پێشنیارگەلی نەگونجاو ئەکات کە ناچار ئەبم ئیتر نەچمەوە بۆ ئەوێ، دەی ئەزانن زۆر کەس هەن کە ئەم شتانە دروست ئەکەن، فرۆشێکی وایشی نییە، ئەوەیە کە چەند جارێ لە سەرەتاوە لێم ئەکڕن تا لەوانەیە بتوانن بە ئەنجامێکی تر بگەن.

زۆر نارەحەت بوو بووم و نەمئەزانی ئەبێ چی بڵێم، قاوەکەمم خواردەوەو کوپەکەم خستە ناو ژێر پیالەکە، وتی:

- ئەکرێت تکایەکتان لێبکەم؟

سەیریم کرد، بە پێکەنینەوە وتی:

- پێم ناڵێن نا؟

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- نیەتێک بکەن و کوپەکەتان لەناو ژێر پیالەکەدا هەڵبگەڕێنەوە.

- بڕوام بەم شتانە نییە، درۆیە.

زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- ئەی بۆچی قبولتان کرد نەلێن نا؟

ساتێک سەیریم کردو دواتر لە دڵمدا نیەتێکم کردو کوپەکەم لەناو ژێر پیاڵەکەدا هەڵگەڕاندەوە، وتی:

- سوپاس.

جگەرەیەکی ترم داگیرساند.

ڕۆکسانا- زۆر جگەرە ئەکێشن.

- وەڵامی پرسیارەکانم نادەنەوە؟

جگەرەکەی کوژاندەوەو وتی:

- دایک و باوکم لەیەک جیابوونەتەوە.

- بۆچی؟

ڕۆکسانا- ئەتانەوێت هەموو ژیانی من لە چەند خولەکێکدا کورت بکەنەوە؟ ئەوکات بیرناکەنەوە ئیتر زیندوو بوون لام پووچ ئەبێت؟

- بۆچی؟

ڕۆکسانا- کاتێک مرۆڤ بتوانێت تەواوی ئەو سەختی و خۆشی و ڕۆژانەی کە چرکە بە چرکە هەستی پێکردوون و لەگەڵیان ژیاوە، دوای تێپەڕینی بیست ساڵا، کورتیان بکاتەوەو هەموویان لە ماوەی چەند خولەکێکدا بۆ نەفەرێک بگێڕێتەوە، خۆبەخۆ لای پووچ ئەبن، واتە ژیان پووچ ئەبێت، ژیانێکی بیست و چەند ساڵە کورت و کۆبکرێتەوەلە چەند خولەکێکدا، گاڵتەجار نییە؟

- بۆچی نا، وایە.

دواتر پێکەنی و کوپەکەی منی هەڵگرت و سەیری ناوەکەی کرد، لەوانەیە نزیکی پێنج خولەک هەروا سەیری ناوەکەی کردبێت، دواتر چاوی داخست، جگەرەیەکی ترم داگیرساندو هیچم نەوت، چاوی کردەوەو پێکەنی، ویستی بڵێم لەو کوپەدا بەدوای هیچدا مەگەڕێن، بەڵام خۆی وتی:

- یەک دنیا نیشانەی پرسیاری لەناودایە.

لەپڕ حەپەسام و خۆم کۆکردەوەو وتم:

- یانی چی؟

ڕۆکسانا- وە یەک دنیا قسە بۆ وتن.

سەیریم کرد، دووبارە وتی:

- دنیایەک غرور، دنیایەک بیدەنگی، دنیایەک فیداکاری و دنیایەک ڕق.

دواتر لەپڕ بە جدی و سەرسوڕمانەوە پرسی:

- بەڵام ڕق بۆچی؟

خەریکبووم سەیریم دەکرد، هەر لەم کاتەدا زەنگی دەرگایان لیدا، سەیرێکی منی کردو وتی:

- پوری خانمن.

هەستاو چوو دەرگاکەی کردەوەو تۆزێک دواتر دەرگای ڕاڕەوەکە کرایەوەو پوری هاتە هۆڵەکەو دواتریش لەگەل ڕۆکسانا هاتە ژووری میوان، لەبەری هەستام و سڵاوم کرد.

- سڵاو پوری.

سەیرێکی کردم و پێکەنی و وتی:

- سڵاو پوری گیان، چۆنی؟ ئەگەر بمزانیایە دێیت بۆ ئێرە نەئەچووم بۆ لای دکتۆر.

- بۆچی چوون بۆ لای دکتۆر؟

پوری- هەروا، هەندێکجار ئەڕۆم پشکنین ئەکەم، دانیشە ئەزیزم ئێستا دێم بۆلات.

ئەمەی وت و لە ژووری میوان چووە دەرەوە، ڕۆکسانا هاتە بەردەم مێزەکەو کوپەکەی منی هەڵگرت و بە پێکەنینەوە پێی وتم:

- هێشتا جوان سەیرم نەکردووە.

دواتر دووبارە پێکەنی و لە ژوورەکە چووە دەرەوە، بێ وێست بە دوایدا ڕۆشتم و تا بەردەرگاکە چووم، تازە لەوێدا بوو کە بە خۆمدا هاتمەوەو خێرا گەڕامەوە سەر جێگەکەم و دانیشتم. تۆزێک دواتر پوری هات، دیسان لەبەری هەستام و وەستام تا دانیشت، وتی:

- پیری و هەزار عەیب، دانیشە پوری گیان، مانی لە کوێیە؟

- چوو بۆ لای ترمە.

پێکەنینێکی کردو وتی:

- چاوی تۆ چییەتی؟ ئەوە چییە تبایدا؟

خێرا دەستێکم هێنا بە چاومداو وتم:

- هیچ نییە.

پوری- بۆچی نا، تیشکێک لە چاوتایە، تیشکێک کە من باش دەیناسم.

بە تەواوی حەپەسام، خێرا پاکەتە جگەرەکەمم دەرهێناو خولکیم کرد، دانەیەکی هەلگرت و بۆم داگیرساندو دانەیەکیش بۆ خۆم، وتی:

- تۆش ترمەت بێنیوە؟

- دوێنێ شەو.

پوری- چۆن بوو؟

- باش.

سەیرێکی دەرگای ژوورەکەی کردو کاتێک دڵنیا بوو کە تەنهاین وتی:

- پوری تۆ چی ئەڵێیت؟

- لەبارەی چییەوە؟

پوری- مانی و ترمە.

- ترمە نازانم، بەڵام مانی وا دیارە زۆری بەدڵە، ئەڵبەتە ئەگەر مەبەستتان ئەوە بێت.

پوری- مانیت پێ چۆنە؟

- ئاغا، خۆراگر، جوامێر.

سەری ڕاوەشاندو مژێکی لە جگەرەکەیدا و وتی:

- کوڕەکەی تۆ بوو بە دەست ڕۆکساناوە؟

سەرم ڕاوەشاند.

پوری- فاڵی بۆ گرتیتەوە؟

- تەنها چەند وشەیەکی پێ وتم.

پوری- باسی ژیانی خۆی بۆ کردوویت؟

- تەنها ئەوەی کە دایک و باوکی لەیەک جیابوونەتەوە.

دووبارە مژێکی لە جگەرەکەیداو لەپڕ چاوی کەوت بە سەتڵی زبڵەکەو گوڵەکانی لەناویدا بینی و لایکردەوە بەلای مندا، خێرا وتم:

- ئەو گوڵانەن کە ڕۆکسانا خانم دروستی کردوون.

پوری- لەناو سەتڵی زبڵەکەدا چی ئەکەن؟

- خۆی فڕێیدانە ناوی.

پوری- بۆچی؟

- لەبەرئەوەی من وتم ئەم کارە خیانەتە لە ڕاستییەکان.

پوری- ئەی ئەیەویت ژیانی چۆن بەری بکات؟ ئەگەر ئەم کارەش ئەکات داهاتیکی تری نییە، کچیکی پاکە، خۆی لە قەرەی هەموو کاریک نادات.

- پێی وتووم.

پوری- ئی؟

تۆزێک لای خۆم بیرمکردەوەو دواتر هەستام و چووم گولەکانم لەناو سەتلی زبلەکەدا دەرهێناو بردمن و خستمنە سەر مێزەکە، لەبەردەم خۆم و وتم:

- لەمەودوا خۆم لێیان ئەکرم.

پوری پێکەنی و مژیکی تری لە جگەرەکەیداو دواتر کوژاندییەوە، ڕۆکسانا بە سینییەک چایی بە دەستیکی و سەبەتەیەک میوە بە دەستیکی تریەوە، گەڕایەوەو هەر کە چاوی بە گولەکانی سەر مێزەکە کەوت، هەر لەوێدا وەستاو سەیرێکی منی کرد، وتم:

- هەرچی بێت نیشانەیەکی گوڵی ڕاستییە، جێگەیان سەتلی زبلی نییە.

سەبەتە میوەکەی خستە سەر مێزەکەو سەرەتا خولکی پورتی کرد بۆ چایی و دواتر من، سینییەکەشی خستە سەر مێزەکەو لەسەر قەنەفەیەک دانیشت و وتی:

- ج سودێکی بۆتان هەیە؟

- ئەمەوێت بیانکرم، لەمە بەدوا دروستیان بکەن و بیانفرۆشن بە من.

پێکەنی و وتی:

- ئیتر گوڵی دەستکرد دروست ناکەم.

پوری- ئەی ئەتەوێت چی بکەیت ئەزیزم؟

ڕۆکسانا- بیرێکی لێئەکەمەوە، نیگەران مەبن.

سەرم بە چاییەکەوە گەرمکردو ڕاوەستام تا پوری چاییەکەی بخواتەوە و دواتر وتم:

- پوری، پاشماوەی ژیانتانم بۆ ناگێڕنەوە؟

پوری- ئیستا؟

- ڕاستەکەن، ئیستا ماندوون، لە کاتێکی خراپدا بێزارم کردن.

پوری- نا ئەزیزم، سەرەتا تۆ بێزارت نەکردووین و دەرگای ئەم ماڵە هەمیشە بە ڕووتدا کراوەیە، دواتریش بهێلە میوەیەک بخەینە دەممانەوە، ئەوکات بۆت باس ئەکەم ئەگەر بەڕاستی بۆ بیستنی چیرۆکی ژیانی من هاتبیت و ئەمانە بەهانە نەبن.

هەر کە ئەمەی وت، ڕۆکسانا سەیرێکی منی کردو هەستاو وتی:

- دەی من ئەچم کەمێک سەعی بکەم، بە یارمەتیتان.

ئەمەی وت و خێرا لە ژوورەکە چووە دەرەوەو کاتێک دەرگای ژوورەکەی پێوەدا، پوری پێی وتم:

- خۆشت ئەوی؟

- نازانم.

پوری- چووە بە دڵتا؟

- ئەری، بەڵام لەبارەی خۆشویستنەوە دڵنیا نیم.

پوری- تا ئێستا عاشق بوویت؟

- نا.

پێکەنی، پەشۆکام و وتم:

- نازانم چیمە، حەز ئەکەم بەردەوام قسەی لەگەڵ بکەم.

پوری- کەوایە بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەو هاتوویت.

- نا، ئەمەوێت زیاتر ئێوە بناسم.

پوری- تۆ لەو جۆرە کەسانەیت کە ئەچیتە هەر شوێنێک خۆت گرفتار ئەکەیت، ئەم باش نییە بۆت، لەوانەیە تووشی دەردیسەریت بکات.

- شتێکم لێتان ئەوێت.

پوری- چیت ئەوێ ئەزیزم؟

- مۆڵەت هەیە لەگەڵ ڕۆکسانا خانم بە تەلەفۆن قسە بکەم؟

پێکەنی و وتی:

- بینیت ڕاستم وت، وا دیارە تووش بوویت.

سەرم داخست، وتی:

- شەرم مەکە، بانی شەرمی ناوێت تا کاتێک کە هەموو شت پاک بێت.

دواتر سەیری کردم، وتم:

- تێئەگەم چی ئەڵێن.

دووبارە پێکەنی و دوا قومی چاییەکەی خواردەوەو پاڵیدا بە قەنەفەکەوەو وتی:

- ماندووتر لەوەم کە بیمە چێژکخوان، بەڵام ناتوانم ئەو شتەی کە دەستم پێکردووە بێ ئەنجام وێڵی بکەم

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی:

- ژمارەی ئێرە لە خۆی وەربگرە و لە خۆیشی بپرسە ئەیەوێت تەلەفۆنی بۆ بکەیت

سەرم راوەشاند، تۆزێک سەیری کردم و وتی:

- موزیک هەڵگرە پاکیکە.

- مەمنون، حەزم لێی نییە.

پۆری- بۆ منی پاک بکە.

موزیکم هەڵگرت و پاکم کردو بە چەقۆ پارچە پارچەم کرد و خستمە بەردەمی، پارچەیەکی هەڵگرت و دەورییەکەی خستە بەردەمی من و وتی:

- تۆش بخۆ.

پارچەیەکم خستە دەمم، ئەویش جگەرەیەکی داگیرساند و چەند مژی لێدا و چاوی بڕییە من و تۆزێک دواتر وتی:

- سەیرکە، سەرەتای قسەکانم پێم وتی، ئەمجارە بابەتەکە بە پێچەوانەوەیە، ئەبێت منداڵەکانمان لە گەورەکانیان تێبگەن و هەستیان پێبکەن، بیرت لێرەیە؟

سەرم راوەشاند، هەناسەیەکی هەڵکێشاو جگەرەکەی کوژاندەوە و وتی:

- چیرۆکی ژیانی خێزانی منیش ئاوا تێپەڕی کە داپیرەم دوای ڕووداوی بوکێنییەکەی، دەرگای ژووری خەوتنەکەی کلیل ئەدات و ڕێگە بە کەس نادات بچێتە ناوی، یەک دوو ڕۆژیش دەم لە هیچ نادات و دواتریش کە برسێتی و تینوێتی فشاری بۆ ئەهێنن، تەنها ڕێگە ئەدات خزمەتکارەکان سینی خواردنەکەی بخنە پشت دەرگای ژوورەکەی و بڕۆن بەلای کاریانەوە و ئەویش هەڵیگرێت و بیخوات. ئاغایەک کە ئێوە بن تا دوو سێ هەفتە ئەم بەزمە درێژەی هەبووە، خزمەتکارەکان نان و ئاوەکەیان بۆ ئەبرد و ئەیانخستە پشت دەرگای ژوورەکەی و ئیتر هیچ کەس حەقی بەسەرییەوە نەبووە، یانی باپیرەم وای بیرکردووەتەوە کە ئەو ڕووداوە گورزێکی دەروونی گەورە بووە بۆ ژنەکەی و هێشتبووی کە ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕێت و داپیرەم وردە وردە لەبیری بکات و ڕۆحیەی سەرەتای بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام دوو سێ هەفتەیەک تێنەپەڕیت، ئەبینێت ئەخێر وا دیارە بابەتەکە جدییە، ئەوە ئەبێت کە چەند جار ئەڕوات و لەپشت دەرگای ژوورەکەوە قسەی لەگەڵ ئەکات و گیانم و تەمەنم و قوربانت بم و ئەم شتانە ئەڵێت، بەڵکو داپیرەم ڕازی ببێت و دەرگای ژوورەکە بکاتەوە، بەڵام هەرچی ئەمیان پیداگری ئەکات ئەویان ئینکاری ئەکات، سەرەنجام شەوێک ئیزنی هەموو خزمەتکارەکان ئەدات و تیر مەشروب ئەخواتەوە و کاتێک چاک مەست ئەبێت، بە ئارامی لە قادرمەکان

ئەچینە سەرەوەو زۆر بە خوێن ساردی ئەچینە بەردەم ژوورەکەی داپیرەم و دەرگای ئەشکێنیت و ئەچینە ژوورەوە، داپیرەشم کە ئەیبینیت، ئەزانیت زۆر پرە، بۆیە ئەیەوێت لە ژوورەکە هەڵبێت، باپیرەشم یەک زللە ئەدات لە دەموچاوی و بێهۆش ئەکەوێ و لە بێهۆشی داپیرەمدا شەوی بوکینی بەری ئەکەن، جا ئیتر داپیرەم چارەکێک دواتر، نیو کاتژمێر دواتر، کاتژمێرێک دواتر، دێتەوە هۆش، نازانم، بەڵام کاتێک دێتەوە هۆش و بە رووداوەکە ئەزانیت، دەستدەکات بە گریان و زاری و هاوار و قیژە قیژ کردن، باپیرەشم کە بە مەبەستی گەیشتووە، وازی لێئەهێنیت تا هەرچەندی پێخۆشە هاوار بکات. ئەو شەوە تێئەپەڕیت و ڕۆژ ئەبێتەوە، سبەینێ بەیانی خزمەتکارەکان دێنەوە سەر کار و باپیرەشم ئەچێتە دەرەوەو بە دوایدا دارتاش دێتە ماڵەوەو قوفڵی دەرگای چاک ئەکاتەوەو ئەڕوات، داپیرەشم کە ئەمە ئەبینیت وا ئەزانیت باپیرەم دوێنێ شەو لە مەستیدا کارێکی وای کردووە و لە کاری خۆی پەشیمانە، بەڵام کاتێک دووبارە شەو دێتەوە، باپیرەم وەکو شەوی پێشتر هەموو خزمەتکارەکان ئێزن ئەدات و دیسان زۆر خوێنساردە ئەچێتە بەردەم ژوورەکەی داپیرەم، سەرەتا دەستێک ئەدات لە دەستگیرە و هەر کە ئەبینیت دیسان داخراوە، بە یەک لەقە دەرگاکە ئەشکێنیت و ڕووداوی دوێنێ شەو دووبارە ئەبێتەوە، بەڵام ئەمجارە ئیتر گوایە خەبەر لە زللەو بێهۆشی ئەبووەو تەنها هاوار و قیژەی و نارەزایەتی داپیرەم بەرز ئەبێتەوە. گیانم بۆت بڵێ ئەو شەوەش تێئەپەڕیت و ڕۆژ ئەبێتەوە و دیسان خزمەتکارەکان دێنەوە سەر کارو باپیرەم ئەچێت دەرەوەو بە دوایدا دارتاش دێتە ماڵ و قوفڵی دەرگاکە چاک ئەکاتەوە، داپیرەم کە ئەم ڕووداوەش ئەبینیت بیر ئەکاتەوە تا بزانیت ئەم کارە چی تێدایە، شەو قوفڵ ئەشکێنیت و بەیانی چاکی ئەکاتەوە، جا ئیتر کە من ئەڵێم داپیرە، تۆ ژنێکی پیری حەفتا هەشتا ساڵە مەهێنە بە بیری خۆتدا، ئەو کاتە داپیرەم کچێکی جوانی بیست ساڵە بووە و باپیرەشم گەنجێکی پێگەشتوو و قۆزی بیست و حەوت بیست و هەشت ساڵە بووە، بە کورتی ئەو ڕۆژەش ئەبێتەوە شەو و دیسان باپیرەم هەموو خزمەتکارەکان پاڵ پێوە ئەنێت و ئەچێتە سەرەوە، پشت دەرگای ژووری ژنەکەی، سەرەتا دەستێک لە دەستگیرەکە ئەدات کاتێک ئەبینیت داخراوە، لەقەیەک و بەرنامەی دوو شەوی پێشتر دووبارە ئەبێتەوە بەر جیاوازییەی کە ئیتر هاوار و قیژە و نارەزایەتی داپیرەم ئەگۆڕێت بۆ بۆڵە بۆڵ و گلەیی، ئەمە بوو بە چەند شەو؟ سێ شەو، سبەینێ بەیانییەکەی دیسان قوفڵەکە چاک ئەکرێتەوە و بەرنامەی ئاسایی دووبارە ئەبێتەوە تا دووبارە شەو ئەگاتەوە و باپیرەی

ئیمە خزمەتکارەکان ئیزن ئەدات، داپیرەم کە ئاگاداربووە و گوێی لە دەنگی ڕۆشتنی خزمەتکارەکان بووە، یەکسەر دۆلابێک ڕائەکێشێت و ئەیهێنێتە پشتی دەرگای ژوورەکە و مێزێکیش ئەخاتە پشت دۆلابەکەو دائەنیشێت و چاوەڕێ ئەکات باپیرە بێتە سەرەوە، ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ ئەکات، لەپڕ ئەبینێت ئەخێر، کاتژمێر لە کاتەکەی دوێنێ شەو تێپەڕی و هەوال نەبوو، خێرا ئەڕوات و مێزەکە لە پشت دۆلابەکە لائەبات و دووبارە دائەنیشێت و چاوەڕێ ئەکات، تۆزێکی تر تێئەپەڕێت و بەلام دیسان ئەبینێت هەوال نییە، ئەمجارە دۆلابەکەش لە پشت دەرگاکە لائەبات، بەلام دیسان ئەبینێت دەنگ نییە، دووبارە هەڵئەستێت و ئەمجارە قوفڵی دەرگاکە ئەکاتەوەو خێرا ئەگەڕێتەوە سەر جێگەکەی و لەسەر سیسەمەکە دائەنیشێت تا بەڵکو هەوالێک ببێت، بەلام درێغ لە دەنگی کۆکەیەک. ئاغایەک کە ئێوە بن، داپیرەم کە ئیتر خووی گرتبوو بە باپیرەمەوە، ئەکەوێتە گومانەوە و بە ئارامی و بێ دەنگە دەنگ، دەرگای ژوورەکەی ئەکاتەوە و ئەچێتە دەرەوەو گوێ هەڵئەخات تا ببینێت باپیرە لەکوێیە، بەلام هەرچی سەیر ئەکات کەس لە هۆڵەکەی خوارەوە نابینێت، هەر بۆیە ئەکەوێتە ڕێ و لە قادرمەکان ئەچێتە خوارەوە، خانووەکانی ئەوانیش وەکو ترە کەلەکەکانی لای ئیمە نەبووە، کۆشک و تەلار و ئەم شتانە بووە و دە ژوور لە نهۆمی سەرەوە و دە ژوور و هۆڵ و کتێبخانە و شوێنی نانخواردن و چی و چی و چی لە نهۆمی خوارەوە. داپیرەشم ڕێئەکەوێت و ئەچێتە خوارەوەو بە ئارامی و بێ دەنگە دەنگ دەست ئەکات بە گەڕان، ئەم ژوور ئەگەڕێت ئەبینێت مێردەکەی دیار نییە، ئەو ژوور ئەگەڕێت ئەبینێت مێردەکەی دیار نییە، ئەو ژوورەکە، چێشتخانە، هۆڵی پێشوازی، ئەخێر مێردەکەی نییە کە نییە، دوایین شوێن کە بە عەقڵیدا دێت، ژووری خوێندنەوە بووە، ڕێ ئەکەوێت و ئەچێتە بەردەم ژووری خوێندنەوە، ئەبینێت دەرگاکەی قوفڵە، ئەمجارە نۆرەی ئەمیان بووە کە بە دەست و بە لەقە بکەوێتە گیانی دەرگای ژوورەکە، حەوت هەشت دانەیەک کە بە دەست و بە لەقە ئەکێشێت بە دەرگای ژوورەکەدا، باپیرەم دەرگاکە ئەکاتەوە و جا ئیتر دوای وتاریک لەم و وتاریکی ئاگرین لەو یان هەر بەبێ قسەو وتە، ئەم ژن و مێردە لەگەڵ یەک ئاشت ئەبنەوە. ئەمەت با لابێت تا ئەوی تریشت بۆ بگێڕمەوە.

ئەمەی وت و بە ئارامی لە جێگەکەی هەستاو لە ژوورەکە چووە دەرەوەو دوو سێ خۆڵەک دواتر بە چەند دانە حەب و پەرداخێک ئاوەوە گەڕایەوە، لەبەری هەستام و هەروا کە خەریکبوو لەسەر قەنەفەکە دائەنیشت وتی:

- ئاسوده به پوری، خوت تیکمەده.

- ئەم حەبانە هی چین؟

پوری- هی هەموو شتیک، حەبی فشاری خوین و دل و شەکرە و عەساب و هەموو شتیک، مروڤ کە تەمەنی هەلنەکشیت، حەبەکانی ئەبنە هاودەمی، ئیتر لەگەل حەب و گولاجەکانیدا ئەژی، یانی لیرە وایە، لە دەرەوە کابرا کە خانەنشین ئەبیت دەست دەکات بە گەران بە جیهاندا، پیرەژنی حەفتا ساڵە کە ڕوژ ئەبیتەوە ئارایش ئەکات و پاک و تەمیز ئەچیتە پارک دائەنیشیت و دان ئەدات بە باڵندەکان و ئەگەر بچی لای دابنیشی و لەگەلی قسە بکەیت، دە سال گەنج ئەبیتەوە، لیرە گەنجی بیست ساڵەش قسەی لەگەل ناکریت، ئەلیی فیشەکە شیتەیە، بۆچی؟ عەسابیان ئەماوە داماوانە، نە ئایندەیەک، نە ڕابردوویەک، نە یادەوەرییەکی جوان، ئینستاشیان خەریکە هەلاش و بەلاش تیئەپەڕیت، من لەو نیوەندەدا تیاماوم، ئەم گەنجانە کاتیک بگەنە تەمەنی ئیمە، یانی ئەگەر لە دەستی هیرۆین و خۆکوژی و هەزار دانە بەلای تر ڕزگاریان ببیت و بگەنە تەمەنی ئیمە، ئ یادگارییەکیان لە گەنجیتی و ڕابردوویان ئەبیت؟

ئەمەی وت و دانە دانەی حەبەکانی خواردو پەرداخەکەی خستە سەر میزەکەو جگەرەیەکی داگیرساند، وتم:

- ئەگەر نەخۆشی دڵتان هەیە، جگەرە بۆتان باش نییە.

پیکەنینیکی کردو وتی:

- من بەشی خۆم تەمەنم کردووە، ئیوە لەبیری خۆتاندا بن، هەر چرکەیەکی تەمەنی مروڤ ملیۆنان ملیۆن نرخەیەتی، بە خۆڕایی لە دەستی مەدە، کارت بە منەوە نەبیت.

لە گیرفانم پاکەتی جگەرەکەمم دەرهێناو دانەیەکم داگیرساند، سەیرێکی کردم و پیکەنی و سەرێکی ڕاوەشاندو وتی:

-ئەمان لە ئامۆژگاری پیرەژنەکان!

پیکەنیم و وتم:

- ڕێزتان هەیە.

مژیکیدا لە جگەرەکەی و وتی:

- بڵیم؟

- سەرتاپا گوێم.

پوری- سەیرکە، بە دڵنیاییەوە ئەپرسیت کە بۆچی خەریکم چیرۆکی ژیانی باپیرەو

داپیرەمت بۆ ئەگێڕمەوە، بەڵام مەبەستم هەیە، لە خۆڕا نە کاتی تۆ بەفیڕ ئەدەم و نە خۆم ماندوو ئەکەم.

- مەگەر ڕەفتارێکی ناشرینتان لە من بینیوە؟

پوری- نە پوری، بەڵام حەز ئەکەم ئەمانەت بۆ بگێڕمەوە تۆش جوان گوێ بگریت، بەڵام هەندێکجار خۆم لە ناوەڕاستدا پەشیمان ئەبمەوەو هەندێکجاریش وا بیر ئەکەمەوە کە تۆ پەشیمان بوویتەوە لە زانینی چیرۆکی ژیانی من.

- هەرگیز وا نییە.

سەیرێکی کردم و پێکەنی و وتی:

- ئێمەش تەنها ئەمانەمان بۆ ماوەتەوە کە دڵمان خۆش بکات، بۆ من و هاوشێوەکانی من کە زۆربەی کەسوکارمان چوونەتە ژێر خاک و ئەوانی تریشیان لە خانوویەکدا، لەنێوان هەزار دانە یادگاریدا، خەریکن تۆز ئەگرن و چاوەڕێن کەی نۆرەیان بێت، لێیگەڕێین، خەریکبووم دەموت، داپیرەم و باپیرەم بەو شێوەیە ئاشتبوونەوە و نۆ مانگ دواتریش دایکی من دێتە دنیاوە، کچێکی جوان و دڵبەر کە ناوی ئەنێن ناتاشا، هاتنە دنیای دایکم هەمان و گۆڕانی ڕۆحییەی باپیرەم و داپیرەم، ئیتر ئەم دوو نەفەرەو خێزانەکانیان لە دنیادا خەمیان نەبووە و داپیرەم کەم کەم ڕووداوی بوکێنییەکەی کە زۆر زۆر لای تاڵبووە، لەبیر ئەکات و بەژیانی ڕانەگات، ساڵێک بەسەر لەدایکبوونی دایکمدا تێپەڕ ئەبێت و ئیتر ماڵیان جگە لە شادی و خۆشی هیچی تیا نەبووەو ئەوانیش بەردەوام سوپاسی خوا ئەکەن، لەپڕ ڕووداوێک هەموو شتێک تێکدەدات بەسەر یەکدا. ڕۆژێک بەیانی داپیرەم لە خەو هەڵدەستێت و گوایە ئەچێتە سەر سەکۆکەیان، لەپڕ ئەبینێت شتێک لە سوچێکدا کەوتووە، ئەچێتە پێشەوەو ئەبینێت وای! چۆلەکەیەکە کە وا دیارە لەتاو سەرما ڕەقی بردووەتەوەو مردار بووەتەوە، بەڵام هەر کە لەسەر زەوی هەڵیدەگرێت ئەبینێت کە سنگی خوێناوییە، سەیرێکی ئەکات ئەبینێت نوکی پەنجەی بەر شتێک ئەکەوێت لە سنگی چۆلەکەکەدا، پەڕەکانی لائەدات و ئەبینێت یەکێک سوژنێکی کردووە بە دڵی ئەو بێزمانەدا، هەر کە ئەمە ئەبینێت، قیژەیەک ئەکات و ئەبوورێتەوەو ئەکەوێتە سەر زەوی، خزمەتکارەکان کە گوێیان لە دەنگی قیژەی خانم ئەبێت، ڕائەکەنە دەرەوە و ئەوانیش دەست دەکەن بە قیژەو هاوارکردن، لەم کاتەدا باپیرە ئەگات و ژنەکەی ئەکاتە باوەشەوە و ئەیباتە ژوورەوە و ئەیەوێت بنێرێت بە دوای پزیشکدا، بەڵام داپیرەم دێتەوە هۆش، هەموان خۆشحاڵ ئەبن، کەچی ئەبینن بە هۆش هاتووەتەوە،

بەلام زمانی ناجولێت تا بتوانێت قسە بکات و لە پەسا خەریکە بە هاوارو قیژەو نیما و ئامازە شتێک ئەلێت، توزێک چاوەڕی ئەکەن و شەربەتێکی پێدەدەن و ئاوێک ئەکەن بە سەروچاویدا، هەر کە حالی دێتەوە جێی خۆی بە گریان و زاری ڕووداوەکە ئەگێڕێتەوە، لەپڕ هەمووان ئەڕژنە هەیوانەکە، بەلام هەرچی ئەگەڕێن چۆلەکە نادۆزنەوە، باپیرەم دەست دەکات بە دلدانەوەی و پێی ئەلێت کە بە دلنیاییەوە وای بیرکردووەتەوە شتێکی وای بینیوە، بە کورتی هەرچۆرێک بووە باپەتەکە ئەبڕنەوەو ئەم ڕووداوە تێنەپەڕێت تا سێ ڕۆژ دواتر. سێ ڕۆژ دواتر دیسان بەیانییەک داپیرەم لە خەو هەڵدەستێت و لەبەرئەوەی ئیتر بەم بابەتە هەستیار بووە، بە ئارامی لە ژوورەکەی ئەچێتە سەر سەکۆکە، لە دوورەوە چاوی بە شتێک ئەکەوێت، بە ئارام و ترس و لەرزەوە ئەچێتە پێشەوە، لەپڕ ئەقیژێنێت و دیسان ئەبوورێتەوە، ئێستا خۆمانین، داپیرەیەکی سەیرم هەبووە! بەردەوام لە بوورانەوەدا بووە، بە کورتی لە دەنگی قیژەکەی هەمووان ئەڕژنە سەر سەکۆکەو ئەمجارە هەموان تێئەگەن بابەت چییە، کۆترێکی بێ زمانیان بە بزمارێکی گەورە کوشتبوو و فڕێیاندابووە سەر سەکۆکە، ئەمەیان ئیتر هەمووان بینیبوویان و خەو و خەون و خەیال نەبووە، باسی جادوو ئەکەوێتە نێوان خزمەتکارەکانەوە، بە تایبەت بەو پێشینەی کە داپیرە و باپیرەم هەیانبووە، هەرچەند کە بە تانەو توانجێکی باپیرەم هەموویان بێدەنگ ئەبن، بەلام تازە تیر لە کەوان دەرچووە و ناگەڕێتەوە، ئیتر کارێکیان لەدەست نەهاتووە، قسە تا کاتێک کە لە دەمی مرۆڤدایە ئەکرێت بەری لێبگیردرێت و لەژێر دەسەلاتی خودی مرۆڤدایە، کاتێک کرا، وەکو تیرێک وایە کە لە کەوان دەرچوو بێت، ئیتر ناتوانرێت بەری لێبگیردرێت. ئێستا قورگی من وشکبووە و ڕۆکساناش دیار نییە قاوەیەکمان بۆ دروست بکات.

- من ئەچم دروستی ئەکەم.

پوری- مەگەر ئەزانێت؟

- شتێکی لێئەزانم.

پوری- وەکو دولمەکە؟

پێکەنیم، وتی:

- قاوەکە بۆ دوایی، با چاییەک تێبکەم و بیهێنم.

خێرا هەستام و وتم:

- من تێیئەکەم.

پوری- دەستت خوش بێت، کوپەکان هەر لەوێدا لەسەر کەوانتەرەکەن، سەماوەرەکەش داگیرساوە.

چوومە چێشتخانەکەو دوو چاییم تێکردو گەرامەوەو خولکیم کردو دانیشتم، پوری کوپەکەی هەلگرت و وتی:

- زۆر بیری ئەو کچە ئەکەم.

- ترمە؟

پوری- ئەری، ئەلبەتە حەقیشیەتی، گورزێک بوو بۆ ڕۆحی.

- بە ئومێدی خوا چارەسەر ئەبێت.

سەرێکی ڕاوەشاند و کەمێکی لە چاییەکەی خواردەوەو دواتر وتی:

- بەلێ، هەموو شت چارەسەر ئەبێت، تەنها سەد سالی سەرەتای زەحمەتە.

پێکەنیم، چاییەکەی خواردەوەو وتی:

- بە کورتی باسی جادو و جادووگەری ئەبێتە وێردی زمانی هەمووان و هەوال دژە ئەکاتە دەرەوە کە خەریکن جادوو لەم خێزانە ئەکەن، ئەو کاتانەش ئەم قسانە گالتە نەبووە، خەلکی زۆر بڕوایان پێی هەبووە، هەرچەند کە ئێستاش جادو و جادووکاری و ئەم شتانە دەستی پێکردووەتەوە، وەل مرۆڤ شتی وا ئەبیستێت کە باوەڕ ناکات، ئێستا ئەگەر ئەمانە لە دەمی مرۆڤێکی نەخوێندەوار ببیستێت دیسان شتێکە، بەلام بەداخەوە مرۆڤە خوێندەوارەکانیشمان کەوتوونەتە سەر ئەم هێلە.

سەرێکی ڕاوەشاند و جگەرەیەکی تری داگیرساند و وتی:

- ئێستا کە من لە پەسا جگەرە دائەگیرسێنم، تۆش چاوم لێمەکە.

پێکەنیم و وتم بەسەرچاو، مژێکی لە جگەرەکەیدا و وتی:

- خوا نەکات کە قسە بۆ نەفەرێک یان خێزانێک هەلبواسن، هەر کەسە نزیکەکان لە ڕووی دلسۆزییەوە گیانی کابرا دەرئەکەن، تا ئێستا بینیوتە لە کولانەیەکدا کاتێک بۆ نموونە، پشتی یەکێک لە مریشکەکان پەلەیەکی ڕەشی بچووکی پێوە بێت؟ تەواوی مریشکەکان هەر کە چاویان بەو پەلە ئەکەوێت، وا ئەزانن دانەو دەنوکی لێئەدەن، هەر مریشکێک لە تەنیشتی ئەو بێزمانەوە تێپەڕ ئەبێت، دەنوکێکی لێئەدات، ئەوەندە دەنوکی لێئەدەن تا ئەو پەلەی سەر پەڕەکە کە هیچیش نەبووە، ئەبێتە برینێک و مریشکی بێزمان ئەکوژێت، کاری ئێمەی مرۆڤیش ئاوایە، گوایە لەوە بەدواوە هەرکام لە خزم و کەسوکار کە بە بابەتەکە ئەزانن، بە بیانووی بینین و دلدانەوە، ئەچنە ماڵەکەی و هەرکامێکیان

بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم جادووە، شتێکی بۆ پێشنیار ئەکەن و بەم کارەشیان بابەتێ ئەکەن بە جدی و کابرا ئەگەر بڕوای بەم شتانەش نەبێت، کەم کەم بەم قسە هەڵیت و پەلیتانە و چیرۆکە درۆینەکانیان و ئەو نمونانەی کە ئەیگێڕنەوە، باوەڕ ئەهێنێت، یەکێک ئەگات و پێی ئەڵێت، ئەرێ، ئێمە هاوڕێیەکمان هەبوو بەلایەکی وایان بەسەرهێنا و خەریکبوو داماو ئەبوو، تا فلان کاری کردو جادووەکە پوچەڵ بووەوە، یان خزمێکمان هەبوو جادوویەکی ئاوایان لێکردو خەریکبوو ژیانی لەدەست ئەچوو تا فلان کاری کردو جادووەکە گەڕایەوە بۆ خودی کابراو ئا لەم قسانە، داپیرەی منیش لە بارودۆخێکی ئاوادا گیری خواردبوو و بەهۆی دۆستان و خزمانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ باوەڕی بەم بابەتی جادووە زیاتر دەبوو و ورەی خراپتر تا ڕووداوی دواتر کە ئیتر خستییە سەر جێ، گوایە ڕۆژێکی تر لە ماڵدا پشیلەیەکی توپیو ئەدۆزنەوە کە بە شتێکی وەکو سیخ کوژرابوو، داپیرەم بە بینینی ئەمەیان ئیتر بە تەواوی هاوسەنگی دەروونی لەدەست دەدات و بارودۆخی تەواو خراپ ئەبێت، بەردەوام وا بیری کردووەتەوە کە یەکێک ئەیەوێت سیفێک شتێک بکات بە دڵی منداڵەکەیدا، دایکمی کە یەک ساڵ بووە، چەسپاندووە بە خۆیەوە ئەیهێشتووە کەس لێی نزیک ببێتەوە، باپیرەم کە لە سەرەتاوە گرنگی بە بابەتەکە نەدابوو، ئێستا ڕووبەڕووی کێشەی دەروونی داپیرەم دەبێتەوە کە ئەمەیان ئیتر ڕاستی بوو، هەرچی دکتۆریشی بۆ ئەهێنن سودی نەبووە، ئەڵبەتە هەسووان ئەزانن کە کێ لە پشت ئەم کارانەوەیە، بەڵام هیچیان لەدەست نەئەهات، لەبەرئەوەی کە یەکەم بەڵگەیان نەبووە و دواتریش نەیانتوانیوە ئەو کەسە بدۆزنەوە کە ئەم شتانەی هێناوە و خستوویەتییە ماڵیان، وردە وردە، یەک دووان لە خزمەتکەرەکان لێی ئەدەن و لەوێ ئەڕۆن و هەر ئەم ڕۆشتنەی ئەوان کارەکە خراپتر ئەکات و کاریگەری خراپیش لەسەر ئەوانی تر دائەنێت و کار ئەگات بە جێیەک کە باپیرەم ناچار دەستی ژن و منداڵەکەی ئەگرێت و دەرگای ماڵەکەیان دائەخات و لەگەڵ دوو سێ دانە لەو خزمەتکارانەی کە وازیان لێئەهێنا بڕۆن ئەڕوات بۆ شارێکی تر، لەوێ خانوو و کەلوپەل و پێداویستی ئەکڕێت و ژیانیان دەست پێدەکەن، بە خزمەتکارەکانیش ڕائەسپێردرێت کە ئیتر هیچ وشەیەک دەربارەی جادو و ئەم شتانە بە زماندا نەهێنن، خۆیشی ماوەیەک لە ماڵدا ئەمێنێتەوەو بە داپیرەم و دایکم ڕائەگات تا کەم کەم بارودۆخی دەروونی داپیرەم باشتر دەبێت، گوایە چەند مانگ بەسەر ئەم ڕووداوە تێپەڕ ئەبێت و ئیتر بابەتەکە کۆن ئەبێت و ئەڕوات بەلای کارییەوە، ئەوانیش خەریکبوون بۆ خۆیان ئەژیان و دایکی منیش کە تەمەنی نزیکەی دوو ساڵ بووە، زمانی

بڕنووەو مال و ژیانیانی گەرمکردووەو بە شیرین زمانییەکەی خەم و خەفەتی لەدل بردوون تا دووبارە شەوێک داپیرەم بە قیژە و هاوار لە خەو ڕائەپەڕێت و باپیرەم گۆڕ دائەگیرسێنێت کە ئەبینێت لە دار و دیوارەوە سیسرک ئەچێتە سەرەوە، ئەمجارە ئیتر خودی باپیرەشم ئەحەپەسێت و ترس ئەکەوێتە دلییەوە، خێرا داپیرەم لە ژوورەکە ئەباتە دەرەوە و دەرگاکە دائەخات و ژێرەوەی دەرگاکە بە پەڕۆ کۆنە ئەگرێت و ئەچێت بەلای داپیرەمەوە کە دووبارە حالی خراپ بووەتەوە، بەلام ئەمجارە ئیتر هیچی ئەبووە پێی بڵێت و دڵی بداتەوە، چونکە خۆیشی باوەڕی کردبوو کە ئەمانە هەموو جادوون، سەرەنجام هەر بەو شەوە دکتۆر ئاگادار ئەکەنەوە و حەب و شەربەتێک بە داپیرەم دەدەن و ئەیخەوێنن، بەلام ئیتر ئەم داپیرە نە بۆ من ئەبێتە داپیرە و نە بۆ دایکم، دایک و نە بۆ باپیرەم ژن، ئەچێتە جیهانێکی ترەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆی ئەخواتەوە و کەم کەم دەست دەکات بە قسەکردن لەگەل دەر و دیواردا، سەرەتا تەنها کاتێک کە تەنها بووە بە چپە چپ لەگەل خۆیدا قسەی کردووە، بەلام دوای ماوەیەک ئیتر لە بەردەم هەمووانداە بە دەنگی بەرز دەستدەکات بە قسەکردن و گوایە داوای بەخشین لە ڕۆحی سریوردا ئەکات، یانی تووشی جۆرێک نەخۆشی دەروونی بووە، باپیرەی بەدبەختم ئیتر تیاماوە، بە هەر کەسێک کە گەیشتووە دەست بە دامێنی بووە تا ئەوەی کە نەفەرێک کەشیشێکی کە نیوە دکتۆرێک بووە، پێ ئەناسێنێت، کەشیشیش کە بە ڕووداوەکە ئەزانێت، کەمەری هیمەت ئەبەستێت و شەو و ڕۆژ بە داپیرەم ڕادەگات و قسەی لەگەل ئەکات و وتاری بۆ ئەدات و دانپێدانانی لێوەرئەگرێت و چی و چی و چی و سەرەنجام دوای یەک دوو مانگ ئەڵێت من لەلایەن خواو سریۆژاوە تۆم بەخشیوە و تۆ ئیتر گوناهت نییە، بەم قسەو تەلقینانە، کەم کەم حالی داپیرەم باشتر ئەبێت و لە ناخی خۆیدا خۆی ئەبەخشێت و ئیتر هەست بە گوناه ناکات و خەریکبووە بۆ ژیان گەڕاوەتەوە تا دووبارە شەوێک کە ویستوویەتی بڕوات بخەوێت هەر کە بەتانییەکە لەسەر سیسەمەکە لائەدات ئەبینێت لەسەر جێگەی خەوەکەی وەک کرم پێچ ئەخوات، ئەمجارە ئیتر کار بە هاوار و قیژە ناگات، بەدبەختە ڕاستەوخۆ ئەبووریتەوە، یانی حەقیشی بووە، مرۆڤ شەو بڕوات بخەوێت و لەپڕ ببینێت هەزاران کرم خەریکن لەسەر جێگەکەی پێچ ئەخۆن بە یەکدا، سەرت نەیەشێنم، حالی لە پێشتریش خراپتر ئەبێت بە جۆرێک کە ئەمجارە هەرچی کەشیش پێی ئەڵێت من لەلایەن خواو سریۆژاو خۆم و دایکم و باوکم و هەموو کەسوکارمەوە تۆم بەخشیوە، سودی نابێت، یانی داپیرەم ئیتر هیچ تێنەگەیشتووە، تەنها ڕۆشتووەتە ژوورێک و دەوروبەری

و دەرودیواری پڕ کردووە لە خاچ و لەو ناوەڕاستەدا دانیشتووە، جا ئیتر بزانە ئەو ماڵ چ بارودۆخێکی هەبووەو حاڵ و ڕۆژی باپیرەم چۆن بووە، بەڵام چارەیەکیشی نەبووە، ئەبووایە بسووتایەو بسازایە، تازە ئەگەر هەر لێرەشدا کۆتایی پێبهاتایە دیسان باشبوو، یانی ماوەیەکی تر تێئەپەڕیت، ڕۆژێک لەپڕ هەموان گوێیان لە دەنگی زرمەیەک ئەبێت لە دەرەوە، سەرەتا کەس گرنگی پێنادات، بەڵام لەپڕ ئەبینن کە کۆمەڵێک کەس خەریکن بە مستەکۆڵەو لەقە ئەدەن لە دەرگای ماڵ و ئەقیژێنن و هاوار ئەکەن، هەر کە ئەمان دەرگا ئەکەنەوە ئەبینین، بەڵێ، تەرمی داپیرەم لەبەر دەرگای ماڵدا کەوتووە، تازە ئەزانن کە ئەو دەنگی زرمە، دەنگی کەوتنی داپیرەم بووە کە لە نهۆمی سەرەوەی خانووەکە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە.

- ئەمرێت؟

پوری- نازانم وەڵا، بەڵام بە گشتی ئەگەر کەسێک لە بەرزی حەوت هەشت مەترەوە بەسەر سەری خۆی فڕێ بداتە سەر شوێنێکی بەرد ڕێژ، بە دڵنیاییەوە ئەمرێت.

- هەر بەو سادەییە؟

پوری- وەڵا سادە نەبووە، بەڵام مرۆڤ کاتێک ئەدات لەسەری ئیتر بیر لەم شتانە ناکاتەوە.

- هەر بەڕاستی خۆکوژی کردبوو؟

پوری- وایان بە من وت، یانی دایکم ئاوای بۆ گێڕامەوە کە ئەویش لە باوکی، واتە باپیرەی منی بیستبوو.

- ڕووداوەکانی تر چی؟ چۆلەکەو پشیلە و سیسرک و ئەم شتانە؟ هەر بەڕاستی جادو بوون؟

پێکەنی و وتی:

- مەگەر تۆ بڕوات بەم شتانە هەیە؟

- نا.

پوری- دەی بە دڵنیاییەوە وا نەبووە، ئێستا گوێ بگرە با بۆت بگێڕمەوە، هەر ئەو ڕۆژەی کە داپیرەم خۆی دەکوژێت، بەیانییەکەی یەکێک لە خزمەتکارە ژنەکان دێت نامێنێت، لەبەرئەوەی ئیتر هەمووان پێیان وابووە کە ئەم خێزانە نەفرین لێکراون، ترس ئەکەوێتە دڵیانەوە و وا بیرئەکەنەوە لەوانەیە ئەویش شتێکی بەسەر هاتبێت، ئەچنە ژوورەکەی تا ببینن کەلوپەلەکانی ماون یان نە، لەم کاتەدا بە جۆرێک، جا ئیتر بە

ڕێگەوت بان هەر جۆرێکی تر، شوشەیەکی گەورەی پر لە زالو ئەدوزنەوە، تێگەیشتی؟

- هەمووی ئیشی خزمەتکارەکە بووە؟

پۆری- تۆلە!

- یانی خێزانی سریۆژا بەکرییان گرتبوو؟

پۆری- دەی خۆی خۆ بێ ئیش نەبوو ئەم بەلانە بەسەر داپیرەمدا بهێنێت، بە دڵنیاییەوە پارەیەکی باشیان دابووە پێی، خۆشیان ئەو شتانەیان بۆی هێنابوو کە بیخاتە ماڵی ئەوان تا داپیرەم شێت بکات.

- دواتر چی؟ باپیرتان ئەڕۆشت تۆلە لە خێزانی سریۆژا بکاتەوە؟

پۆری- بۆچی لەوان؟

- دەی بە دڵنیاییەوە ئەوان بە کرێیان گرتووە.

پۆری- دەی ئەڕێ.

- کەوایە هۆکاری مەرگ و خۆکوژی داپیرەتان ئەوان بوون.

پۆری- هۆکاری مەرگ و خۆکوژی داپیرەم، عەقڵی خۆی بوو، عەقڵی و شێوازی بیرکردنەوەی، کاتێک خورافات لە مێشکی کەسێکدا ڕیشە دابکوتێت، ئەم ڕووداوانە ئاسایە، من ئەگەر لە جێی داپیرەم بوومایە، هەر ئەو کاتە کە بۆ یەکەمین جار ئەو چۆلەکەم ئەبینی، هەڵم ئەگرت و فڕێم ئەدایە دەرەوە، دەنگیشم لێوە نەدەهات و نیشانم نەدا کە بەرامبەر ئەم بابەتە لاوازم، واتە خاڵی لاوازم نەئەدایە دەستی کەس و دواتریش ئاگەنیشتم و بیرم ئەکردەوە کە ئەم چۆلەکە بێزمانە، دوای کوشتنی بە دەستی مرۆڤێکی بێ بەزەیی، خۆی بەپێی خۆی نەهاتووەتە ئەوێ و بە دڵنیاییەوە کەسێک هێناویەتی، چ کەسێکیش ئەتوانێت ئەم کارە بکات؟ کەسێک کە لەو ماڵەدا هاتوچۆ ئەکات، جا ئیتر بۆچی ئەو کارە بکات، لەبەرئەوەی پارەیەکی باشی وەرگرتووە، لەلایەن کێوە؟ دیارە ئیتر، لەلایەن کەسێکەوە کە دوژمنایەتی لەگەڵیدا هەیە. سەیرکە پۆری گیان، هەمیشە لە هەموو شوێنێکی دنیا ژمارەیەک مرۆڤی قۆلبڕ و فێڵباز و بێویژدان هەن کە چاوەڕێن ژمارەیەک مرۆڤی سادە بەگیر بهێنن و کەڵکی خراپیان لێوەرگرن، هەمیشەش لە ڕێی هەست و سۆزیانەوە، زەبریان لێئەوەشێنن، خورافات لە مێشکی کەسێکدا ئەچەقێنن و گێرانی بەتاڵ ئەکەن، غیرەتی ئەجوڵێنن و سواری ئەبن، خاڵی لاوازی ئەدوزنەوە و ئەبزوێن، واشمەزانە ئەمانە هی زەمانی زووە، هەر ئێستاش تەواوی ئەمانە دووبارە بۆتەوە باو، وەرە سەد دانەت پێپیشان بدەم، ئەگەر بزانی ژمارەیەک مرۆڤی بێ

شەرەف خەریکن چی بەسەر ئەو خەلکەدا ئەهێنن، ڕێک وەک سەد ساڵ پێشتر، دوعا ئەنووسن، سیحرو جادو ئەکەن، سیحر پووچەڵ ئەکەنەوە، بانگی ڕۆحی مردوو ئەکەن، ئەیبەستن، ئەیکەنەوە، بە کورتی کاری وا ئەکەن ئەگەر بزانێت شاخت لێ ئەڕێت. هەمیشەش ژمارەیەک مرۆڤی بەدبەختی سادەلۆح دیلیانن، واتە مرۆڤەکان § کاتێک ئەفرین ئەکەن؟ کاتێک کە بۆ نموونە ناتوانن مافەکانیان لە ڕێگەی یاساییەوە لە کەسێک وەربگرنەوە، پەنا بۆ ئەفرین ئەبەن کاتێکیش ئەبینن کە ئەفرین هیچی لەدەست نایەت، ئەچن بە دوای سیحرو جادو و ئەم شتانەدا، فلان ژن دوای سی ساڵ بەیەکەوە ژیان، مێردەکەی ژنی بەسەر ئەهێنێت یان لێی جیا ئەبێتەوە و دوو فلسی مارەییەکەی ئەخات دەستی و دەری ئەکات.

یاخود دوای بیست ساڵ چەرمەسەری و سازان لەگەڵ ئەدارییەکەیدا، هەرێ بارودۆخی باش ئەبێت ئەچێت ژنێکی گەنج ئەهێنێت، ژنە بەدبەختەکەشی کە هیچی لە دەست نایەت و یاساش پشتگیری ناکات، ئەچێت بەدوای ئەم خورافاتانەدا و هەزار بەڵای تری بەسەردێت، یان بۆ نموونە وڵات کاری تێدا نییە، گەنجی داماو لە تاو بەدبەختی و سەرگەردانی خەریکە ڕوونەکاتە مادەی هۆشبەر، دایک و باوکیشی توانایەکی وایان نییە تا کارێکی بۆ بدۆزنەوە، کاتێک کە لە هەموو شوێنێک نائومێد ئەبن و ئەبینن ڕۆڵەکەیان خەریکە بە بەرچاویانەوە پەڕپەڕ ئەبێت، ئەڕۆن بەدوای سیحرو جادو و ئەم شتانە کە بۆ نموونە گرێی بەختی بکەنەوە، لەم شتانە ئەوەندە زۆرن کە هەر مەپرسە، کچانی پێگەیشتوو لە ماڵەوە ماونەتەوە لەبەرئەوەی کوڕەکان نە کارێکی باشیان هەیەو نە ماڵ و ژیان و تا بێن و ژن بهێنن، ئەوکات دایکی کچە وا بیرئەکاتەوە بەختی کچەکەیان بەستووە، خێرا ئەچێت بۆ لای یەکێک لەم قۆلبڕانە تا دوعایەک شتێکی پێبدات و بەختی کچەکەی بکرێتەوە، ئەمانە هەمووی لە نەزانی و نەفامی مرۆڤەکانەوەیە، یەکێک نییە بەمانە بڵێ ئاخر عاقل، کەچەل عەقڵی هەبوایە تیماری سەری خۆی ئەکرد، ئەم دوعا نووسانەش ئەگەر کارەکەیان دروست بوایەو ڕاستیان بوتایەو بیانتوانیایە گرێی کاری خەڵک بکەنەوە، ئیشێکیان بۆ خۆیان ئەدۆزییەوە و کاریان بە دوعا نووسین نەئەگەیشت و ئەبوونە دەوڵەمەندێکی وەکو حەمەقەدۆی موسڵا.

بە گیانی خۆت من خانمێکم ئەناسی کە یەکێک لەم دوعانووسانە بەڵایەکی بەسەر هێنا کە خەریکبوو ژیانی وێران ئەبوو، ژنە کوڕێکی هەبوو کە لە ماڵەوە کەوتبوو، یانی بەکالۆریۆسی هەبوو و خزمەتی سەربازیشی تەواو کردبوو و گەڕابووەوەو ئەبوایە

بچرایەتە سەر کار، بەلام کوا کار؟ ئەلبەتە کار هەبوو، بەلام چ کارێک؟ نە مووچەیەکی باشیان ئەدار نە پەیوەندی بە پسپۆڕی ئەو بەختەوە هەبوو، دەی سەرەنجام کاتێک گەنجێک دەڕوات بەدوای کاردا، چاوەڕێی ئەوە ئەکات ئەوەندەی پێبدەن کە بتوانێت سەرپەناێک بە کڕی بگرێ و سکیشی تێر بکات، موچەش قوربانی بم ئەوەندە نییە کە مرۆڤ بتوانێت هەفتەیەکی پێ بەڕێ بکات، بە کورتی کوڕە شێت بوو بوو، لە ماڵەوە لەگەل هەمووی شەڕی بوو، بەردەوام بە باوکی ئەوت ئێوە وتتان بڕۆم بخوێنم، ئەگەر ئەتانهێشت هەر لەسەرەتاوە کاسبیم بکردایە، تا ئێستا دزی و سەگبابی فێر بووبووم و ئێستا لانیکەم خانوویەکم بۆ خۆم هەبوو، سەرت نەیەشێنم، دایکە ئەوەندە چوو بۆ لای ئەم دوعانووس و قۆلبڕانە و شتی هێناو دەرخواردی ئەم کوڕەیدا کە داماوە خەریکبوو بەو هەموو بەدبەختییەوە گورچیلەکانیشی لەدەست بدات، سەرەنجام ڕۆژێک هات بۆ ئێرە، گوایە بۆ بینینی من و سەری دەردەدڵی کرایەوە، پێموت ژنی نەفام، لەبری ئەوەی ئەم هەموو پارەت ڕژاندە گێرفانی ئەو قۆلبڕانە، بڕۆشتیتایە و بیرێکی عاقڵانەت بکردایەتەوە، وتی ئێتر چی بکەم؟ وتم بینێرە دەرەوەی وڵات، وتی بینێرم تا موعتاد بێت و بگەڕێتەوە؟ وتم ئەگەر ماوەیەکی تر تێپەڕ ببێت، هەم موعتاد ئەبێت و هەم شێت و دواتریش خۆی ئەکوژێت، لانیکەم بینێرە دەرەوە تا تەنها موعتاد بێت، چوو بە بیرداو هیچی نەوت، دواتر بیستم باوکە ئۆتۆمبیلەکەی فرۆشتووەو هەندێ قەرزو قۆڵەشی کردووەو کوڕەی ناردووە بۆ ژاپۆن، باوەڕ بکە سێ چوار سال دواتر ژیانیان بە تەواوی گۆڕا، کوڕە موعتاد نەبوو کە هیچ، پارەیەکی زۆریشی لەوێ پەیدا کردو لێرە ئاپارتمانێکی بۆ باوک و دایکی کڕی و لەوێش ژنی هێناو ئێستاش سوپاس بۆ خوا بارودۆخی باشە، یانی ئەمەوێ پێت بڵێم ئێستاش ئەم خورافات و کەرێتییانە حەشر ئەکەن. جگەرەیەکی داگیرساندو وتی:

- ئەمەش چیرۆکی ژیانی داپیرەی ئێمە.

- چیرۆکێکی سەیر بوو!

پورێ- ئەک زۆر سەیر، جا ئێتر قسە قسە ئەهێنێت، با شتێکت بۆ بگێڕمەوە تا پێبکەنی، ئێمە ساڵێک بە خێزانی بانگهێشت کرابووین بۆ دێیەک، دێیەکی زۆر جوان بوو، بە کورتی ڕۆژێک کوێخای دێکە بانگهێشتی کردین بۆ ئانی نیوەڕۆ، هەموومان ڕۆشتین بۆ ماڵەکەی، داماوە چ ئامادەکارییەکی کردبوو! سفرە ڕاخرا بوو لە کوێوە تا کوێ، خزمەتی میوانیان ئەکرد ئێتر، بە کورتی خەریکبوو چێشتیان تێئەکردو کوڕەکانی

ئەیانهێنا و ئەیانخستە سەر سفرە، هەر لەم هاتوچۆو نوشتانەوە و ڕاستبوونەوەی ئەو داماوانەدا، لەپڕ بەکێک لە کوڕەکانی کاتێک کە خەریکبوو دەوری برنجەکەی ئەخست ناوەڕاستی سفرەکە، دوور لە ڕووت، بایەکی لێبووەوەو دەنگێکی لێوەهات، هەر کە ئەو ڕوویدا، هەموومان دەستمانکرد بە قسەکردن و دەنگە دەنگ تا بۆ نموونە بابەتەکە پێ بکەین و کابرا شەرم نەکات، کوڕە دەورییەکەی داناو چووە دەرەوە و ئیمەش بیدەنگ بووین، باوکی کوڕە بەو دیالێکتە ناوچەییەی خۆی، هەروا کە سەری داخستبوو و گوایە شەرمی ئەکرد، بە ئارامی وتی (ئەگەر ئەمە لە تۆوی ئیمەوێ، ئیتر کەس دەموچاوی ناوبنێت)، هێشتا قسەکە لە دەمیدا بوو کە لە دەرەوە دەنگی گولەیەک هات، هەموومان ڕژاینە دەرەوە، بینیمان ئەو داماوی بێچارە خەریکە لە خوێنی خۆیدا پەلەقاژە ئەکات. هەموومان هەناسەمان لێبڕا بوو، ئێستا تۆ وا ئەزانی باوکی چیکرد؟ سەری بەرزکردەوەو چووە بەردەم کوڕە کە ئیتر خەریکبوو تەواوی ئەکرد، بە ئارامی چەمایەوەو ناوچاوی ماچکرد و بە هەمان دیالێکت و بە شانازییەوە وتی (وەڕاستی کوڕی خۆموو)، بەس سەیرکە بزانە پێکەنینت نایەت؟ هەرچەند ئەبێت لە سەرەتاوە شین و شەپۆر بکەیت و بگریت دواتر پێبکەنیت، بەم نەزانییە پێبکەنیت، بەم بۆچوونە پێبکەنیت، بەم بیروباوەڕە پێبکەنیت، ئێستا گریمان مرۆڤ دەنگێکی لێوەهات، ئێ شتێکی سروشتییە، سەرەنجام لەوانەیە ئەمە بۆ هەر کەسێک بێتە پێش، لەبەر دەنگێک، گەنجێک خۆی کوشت، تۆخوا سەیرکە دەمارگیری بێ لۆژیک چ بەلایەک بەسەر خەڵکی ئەهێنێت!

جگەرەکەی کوژاندەوەو وتی:

- ماندوویت یان دیسان بڵێم؟

- هیچ ماندوو نیم.

پوری- ئێ، کەوایە گوێبگرە، کاتێک داپیرەم تووشی ئەم ڕووداوە ئەبێت، دایکم نزیکەی دوو ساڵ بووە، باپیرەم تەواوی خزمەتکارەکانی دەرئەکات و ئەو خانووە ئەفرۆشێت و ئەڕوات بۆ شارێکی تر و هەوڵدەدات هەموو شتێک لەبیر بکات، لە ڕاستیدا دووبارە دەستبکاتەوە بە ژیان، یانی کارێکی ژیرانە، لەوێ خانوویەکی زۆر گەورەو جوان ئەکڕێت و پەرستارو خزمەتکارو ئەم شتانە دائەمەزرێنێت و دەست دەکات بە پەروەردەکردنی دایکم، لەبەرئەوەی کە مارانگاز بووە، هەوڵدەدات دایکم کەمتر نزیکی بابەتی مەزهەبی و خورافی و ئەم شتانە بکەوێتەوە، لە ئەنجامدا کچێکی باش و لۆژیکی پەروەردە ئەکات، کچێکی خوێندەوار کە جگە لە زمانی ڕووسی، بەسەر زمانێکی بیانیشدا

ڕابووە و لەگەڵ موسیقا گەورە بووە و حوی شارەزای دوو نامیری موسیقا بووە و بەهۆی شادو و چی و چی و چی، لە ڕووی دارایییشەوە بارودوخیان نایاب بووە، گوایە هەر لەو شارەو هەر لەو ساڵانەدا بووە کە بە باوکی باپیرەت ناشنا دەبیت، یانی لە ڕاستیدا باپیرەت کە نەمەنیکی وایشی نەبووە، لەگەڵ باوکیدا هاتوچوی ئەو شارەیان کردووە و خەریکی بازرگانی بوون، ساڵیک لەو ساڵانە کە ئەوان لە ئیرانەوە هاتبوون بۆ ڕووسیا، لەگەڵ دایکم و باپیرەم ناشنا ئەبن و دەرگای دوستایەتی ئەکریتەوەو بەمان ئەو کالانەی کە لە ئیرانەوە هینابوویان دەیدەن بە ئەو تا بۆیان بفروشیت و لە بەرامبەردا ئەویش متمانە بە ئەمان دەکات و کالایان پیدەدات تا لە ئیران بۆی بفروشن و ساڵی دواتریش پارەکەی بۆ بهێنێتەوە و بیدەنەوە پێی، هەروا دوستایەتییەکەیان بەتین و بەتینتر ئەبیت و دوای چەند ساڵ ئیتر گیانیک بوون لە دوو جەستەدا، بەو شێوەی کە بیستورمە، باوکی باپیرەت پیاویکی یەکجار باش و جێی متمانە بووە و لە هاوڕێیەتیدا بەبەزراو، ئەمانە جۆرێک بە یەکەوە تەبا ئەبن کە ئەلێی چل ساڵە یەک ئەناسن، هەر ئەوینا بووە کە باپیرەت دایکی من ئەبینیت و عاشقی ئەبیت، بەڵام لە ترسی باوکی بەهۆی لیوەنایەت، بە کورتی ئەم ڕووداوە درێژەی ئەبیت تا کەی؟ شۆڕشی ڕوسیا، بە ئەنجامێکەوە لە کتێبەکاندا خوێندوتەوە کە ڕووداوی شۆڕشی ڕووسیا چی بووە، تەواوی دەوڵەمەندەکان هەر کە هەست بە ڕودانی شۆڕش ئەکەن، هەول ئەدەن تەواوی ماڵ و ژیان و زەوی و هەرچییان هەیە بیفرۆشن و لە ڕوسیا هەڵبێن، باپیرەی منیش کە یەکێک لە خاوەن موڵک و دەوڵەمەندەکان بووە، هەمان کار دەکات، واتە بگرە و بەردە دەستییکرد بوو و ئەویش بە ناچاری هەرچی هەبووە ئەیکات بە ئاڵتون و بەری ئەکەویت بەرەو ئیران، ئیستا بۆچی ئیران؟ لەبەرئەوەی هەم باپیرەی تۆ وەکو برای وابووە و هەم پیشتر یەک دووجار هاتبووە ئیران و هەم لەگەڵ ئیراندا ئاڵ و ویلی هەبووە، لە کورتی بیبیرمەوە، باپیرەم دەستی دایکم ئەگرێت و دێتە تاران و ئەچێتە ماڵی باوکی باپیرەی تۆ، ئەویش پیلاوی میوانەکانی ئەخاتە سەر چاوی و سەرقاڵی پێشوازی لە ئەوان ئەبیت، ئیستا دایکی من لەو کاتەدا چەند ساڵ بووە؟ شانزدە حەفدە ساڵا، کچێکی سەی جوانی قژکاڵی شیکپۆشی خوێندەواری هونەرمەندی ڕووسی، ئیتر خەریکین کەم کەم نزیک ئەبینەوە لە چیرۆکی ژیانی خودی من، ئەو کاتەش ج سەردەمێکی مێژووی ئیرانە؟ کوتاییەکانی قاجار، جا ئیتر بیربکەرەوە تاران ئەو کات ج حاڵ و بارودۆخ و ڕۆژێکی هەبووە! ئەمەت لەبیر بێت تا بچینە سەر باوکی باپیرەی تۆ، ئاغایەک کە ئێوە

بن. گوایە ماوەیەک پیشتر باوکی باپیرەت، کاروانیکی گەورە کالای ناردبووە رووسیا، بە بینەوەی کە پیشتر هەوالی دابیت بە باپیرەم، باپیرەشم بی ئاگادارکردنەوە هاتبووە ئێران، واتە لە راستیدا گیانی هەلگرتبوو و هەلهاتبوو، ئەو دیتە ئێران و کالاکانی باوکی باپیرەشت ئەچیتە رووسیا، لەویش کەس بە کەس نەبووە، خەلکی دانەرژن و ئەواوی کالا بازرگانییەکانی باوکی باپیرەت تالان ئەکەن، ئینستا باوکی باپیرەت لە ئەواوی ئەم رووداوانە بیئاگا بووە، کاتیک چەند کاتژمیرێک تێپەر ئەبێت و هەردووکیان تەنها ئەبن و باپیرەی من رووداوەکەی بۆ ئەگێرێتەوە، ئەویش تازە لە بابەتەکە تێئەگات، بەلام ئینز کار لە کارترازا بوو، چەند رۆژ دواتریش هەوالی تالانکردنی کالا بازرگانییەکانی پیئەگات و ئەو بیچارەش دوو کاتژمیر دواتر جەلتە لیی دەدات و دەمرێت، مایەپووچ بوو بوو ئینتر، واتە دار و ئەداری لەدەستچوو بوو، کالای کرییبوو ناردبووی بۆ رووسیا پشتبەست بەوەی کە ئەمجارە قازانجێکی زۆر دەکات، بیئاگا لەوەی کە دارونەداری لەدەستدەدات و تەنها ئەم خانووەی بۆ ئەمینێتەوە، بە کورتی لەتاو خەمی مایە پووچ بوون و شەرم لەبەردەم دۆست و ئاشنادا، جەلتە لیی دەدات و خانوویەک و ژنەکەی و منداڵەکانی کە یەکێکیان باپیرەی تۆ، واتە باوکی خودی من بووە، لەدوا جی ئەمێنێت.

دووبارە جگەرەیەکی داگیرساند و دوو مژی لێداو سەیرێکی منی کردو وتی:

- سەیرکە پوری گیان من تازە بە ئێوە گەیشتووم و ئێوەش هەروا، نە من بە ئەواوی ئێوە ئەناسم و نە ئێوە من، بەلام لەم یەک دوو جارەی بینیومن، ئەزانم کە کوڕی چاکن، خوا بتانهێلێت بۆ دایک و باوکتان، وا هەست ئەکەم تۆ گەنجێکی تێگەیشتوو و لۆژیکی بیت، ئینستا ئەگەر تاقەتی بیستنت هەیە، بلێ تا پاشماوەکەیت بۆ بگێڕمەوە، ئەگەریش توانای بیستنی راستیت نییە، زانینی تا ئێرە بۆت بەسە، ئینستاش ئینتر قسەم زۆر کردو ماندووم، ئەبێت پشوو بدەم، تۆش برۆ بیربکەرەوە تا جاری داهاتوو کە ئەتبینم، ئەگەر ویستت راستی بزانیت، بلێ تا پاشماوەکەیت بۆ بگێڕمەوە.

بیرێکم کردەوە و وتم:

- مەگەر ئ شتێک هەیە کە بیستنی سەختە؟

پوری- سەیرکە پوری گیان لەوانەیە تۆ وێنەیەکی زۆر باشت لە باپیرەت لای خۆت دروست کردبێت.

هیچم نەوت، هەستایەوە و منیش لە پەری هەستام، وتی:

- تۆ دانیشە، ئینستا بە رۆکسانا ئەلێم بێت.

دووبارە دانیشتمەوە، چەند خولەک دواتر ڕۆکسانا بە سینییەک چاییەوە هاتە ژوورەوە وتی:

- چەند خولەک پێشتر چایم لێنا، تازە دەمبووە.

هەستامەوەو سینییەکەم لەدەستی گرت و وتم:

- ئەگرێت چەند خولەک دابنیشن و قسە بکەین؟

سەیرێکی کردم و دانیشت، منیش دانیشتم، بەلام نەمئەزانی ئەبێت چی بڵێم، جگەرەیەکم داگیرساند، سەیرێکی کردم و پێکەنی، خێرا خولکم کرد و بۆم داگیرساندو دووبارە بێدەنگی هاتە ئاراوە، بینیم ئاوا زۆر ناشرینە، تۆزێک زۆرم بۆ خۆم هێناو وتم:

- ئەمەوێت زیاتر لە بارەی ئێوەوە بزانم.

ڕۆکسانا- منیش هەروا!

- ئێ!

ڕۆکسانا- ئێوە ژیان چۆن ئەبینن؟

- بەلێ؟

ڕۆکسانا- چ چاوەڕوانییەکتان لە ژیان هەیە؟

- تێناگەم.

ڕۆکسانا- دیدی ئێوە چ چوارچێوەیەکی ژیان ئەگرێتەوە؟

هەر کە وێستم وەڵام بدەمەوە زەنگی دەرگایان لێداو ڕۆکسانا لە جێگەکەی هەستاو تۆزێک دواتر گەڕایەوەو وتی:

- کاک مانییە، با بچم بە دەمیانەوە.

- پێویست ناکات، ڕەفتاری ئەو لەگەل من جیاوازە، ئێستا خۆی دێتە ژوورەوە، شەرم ناکات.

هەر کە ئەمەم وت مانی دەرگای ڕاڕەوەکەی کردەوەو هاتە هۆڵەکەو دواتریش هەروا کە خەریکبوو ئەهات بۆ ژووری میوان، دەستیپێکرد.

- سڵاو پوری گیان، یاڕەبی دەردی ئێوە بکەوێت لە تەپڵە سەری هەرچی خوشکی دایکی بێ ماریفەتە.

دواتر دەرگای ژووری میوانی کردەوەو بەدەم خۆچەماندنەوە بە دەنگی بەرز وتی:

- سڵاو!

من و ڕۆکسانا وەڵاممان دایەوە، سەری بەرزکردەوەو سەیرێکی هەردووکمانی کرد

و کاتێک بینی پوری لەوێ نییە وتی:

- زەهری مار، کێ سلاوی لە ئێوە کرد کە وەڵام نەدەنەوە؟

هەر لەم کاتەدا پوری لە پشت سەربیەوە وتی:

- عەلەیکە سەلام پوری گیان.

خێرا لایکردەوەو وتی:

- دەستت ماچ دەکەم پوری گیان گیانم.

پوری- لە کوێ بوویت پوری؟

مانی- لای چنراوەکانی ئێوە، چووم بۆ بینینی بەرهەمە چنراوەکانتان.

پوری- چی؟

مانی- لای ترمە خانم.

پوری سەیرێکی کردو دەستیکرد بە پێکەنین و وتی:

- ئێ، دەنگوباس؟

مانی- ئەم پارچە ترمەی ئێوە، یەکەم جۆرەکەی زبرە، دووەم دە ڕەنگ زیاتری هەیەو یەک ڕەنگ نییە، دواتریش ئەمە لە من فێڵبازترە.

پوری- هاتوویت ئەمانە بڵێیت؟

مانی- نە، هاتووم بپرسم سەرەنجام بە چەند پێمان ئەفرۆشن؟

هەر کە پوری ویستی شتێک بڵێت، مانی زوو وتی:

- گرانە خوا شایەتە.

پوری- خۆ من هێشتا هیچم نەوتووە سەگباب.

مانی- خەریکم زووتر ئەیڵێم تا نرخەکە بەلاڕێدا نەبەن، یەک خولەک وەرنە ئەملاوە نامەوێت لەبەردەم ئەمانەدا قسە بکەم.

دەستی پورێی گرت و چووە هۆڵەکە و خولەکێک دواتر بە تەنها گەڕایەوەو وتی:

- هەواڵەکان بە پوری خانم ڕاگەیەنران، ئێ ئێوە چۆنن؟

ڕۆکسانا- زۆر مەمنون.

مانی- ڕاستی ئاغا هامون سلاو!

سەیریم کرد، ڕۆکسانا بە پێکەنینەوە هەستاو چوو چای بۆ هێناو دووبارە دانیشتەوە بە مانیم وت:

- خەریکبووم لەگەل ڕۆکسانا خانم قسەم نەکرد تۆ هاتیت.

مانی- دەی ئیوە دریژەی پیبدەن، ئەسلەن حسابی مرۆڤ بۆ من مەکەن.
رۆکسانا دەستیکردە پیکەنین، پینموت:
- من لە مانای پرسیارەکانتان تیناگەم، ئەکریت دووبارە بیانپرسنەوە؟
رۆکسانا- ئەبوایە هەر ئەو کاتە گوییتان بگرتایە.
- مەبەستتان لە چوارچیوەی ژیان چییە؟
مانی- یانی دەوروبەری ژیان.
- تۆ قسە مەکە.
رۆکسانا- من وتم دیدی ئیوە چ چوارچیوەیەکی ژیان ئەگریتەوە؟
مانی- پرسیاری ئەندازیاری شیکار ئەکەن؟
- ئەبینت چ شتێک بگریتەوە؟
مانی- دریژی کۆی پانی کەرەتی دوو ئەکاتە چوارچیوە.
رۆکسانا پیکەنی و وتی:
- هەر ئەوە؟
مانی- خۆ داوای رووبەرتان نەکردبوو.
خیسەیەکم لیکردو دواتر بە رۆکسانام وت:
- بە دڵنیاییەوە ئیوە لەو بیرۆکە ئەوتۆیانەتان هەیە!
رۆکسانا- ئەکریت ئاوا بینت.
- ئافرینراو و جەماوەرو.....
رۆکسانا- ئەمانەش بەشێکی ژیانن.
مانی- بە یارمەتی، یانی دریژی و پانی ئیتر بەکەلک نایەن؟
رۆکسانا دووبارە پیکەنی.
مانی- خەریکی دەرس و راهێنانن؟ خۆزگەم پێتان، بەراستی بە ئیوە ئەڵێن خوێندکاری نموونە، ئەوەیە کە هاوشێوەکانی ئیوە هەمیشە پلەی یەکەم بەدەست ئەهێنن، هەر کە تەنها ئەبن ئەچنە سەر دریژی و پانی و چوارچیوە، توخوا منیش فێربکەن، لەوانەیە وێنەی منیش وەک خوێندکاری نمونە لە رۆژنامەکاندا بڵاوبکەنەوە.
رۆکسانا پیکەنی و وتی:
- زۆر حەزئەکەم لەو شوێنەی کە ئیوەو مانان وەستاون، سەیری ژیان و بە وتەی ئیوە، ئافرینراو و جەماوەر و ئەم شتانە بکەم و بزانم مرۆڤەکان لەو سەرەوە قەبارەیان

چەندە!

مانی سەیریکی کرد و دواتر بە ئارامی بەلام جۆرێک کە ڕۆکسانا ببیستێت، بە منی وت:

- ئاخ! ئاخ! ئاخ! ئەمە لەو کۆمۆنیستە توندڕەوانەیە.

دواتر لایکردەوە بەلای ڕۆکسانادا و وتی:

- بەە بەە! بەخوا ڕۆحم تازە بووەوە، وتم بۆچی هەر کە یەک نیگا ئیوەم بینی سۆمای چاوم زیادی کرد، خوا دەست بگرێت بە باڵتانەوە، ڕاستی ئاغا لینین چۆنن؟ خانم و منداڵەکان؟ بابە گەورە؟ دەنگوباسی کاک ستالین؟ سەریان سەلامەتە؟ چاوم خاکی بەرپێیان، چ هەیبەتێک! مرۆڤ کە چاوی بە سمێڵە موبارەک و پڕەکەیان ئەکەوێت حەز ئەکات ستایشی بکات، تۆخوا سڵاوی گەرم و گوڕی ئێمە بگەیەنە خزمەتیان. ئەی وای! خوا مەرگم بدات! خەریکبوو بیرم ئەچوو، دەنگوباسی ئاغای چی گیڤارا؟ ماوەیەکە دەنگیان نییە، خۆزگە ڕۆژێک ئەم مۆسکۆ بانگهێشتی ئێمەی ئەکردو ئەچووین بۆ زیارەتی ئەم خاوەن شکۆیانە.

ویستم شتێکی پێبڵێم، بە ئارامی وتی:

- بەدبەخت هەستە بڕۆین، ئەچەل بە دەوری سەرمانەوە باڵەفڕکی ئەکات، ئەم کچە چەپە، ئێستا ئەچێتە چێشتخانەکە و بە ئەسپایی لەناو مەنجەڵێک دەمانچەیەکی ڕووسی دەرئەهێنێت و ئەمانداتە بەر ڕێژنەی گوللە، هەستە با زوو بۆی دەرچین، سەیری نازو کریشمەو پێکەنینەکانی مەکە، ئەمە لەو دڵڕەقە بێ بەزەییانەیە.

ڕۆکسانا دەستیکرد بە پێکەنین، مانی خێرا وتی:

- باوەڕ بکەن من و ئەم هامونە دوورا و دوور ڕێز و خۆشەویستییەکی پاک و بێ خەوشمان هەیە بەرامبەر بەم ئاغایانە، ئەزقەزا ماوەی پێشتر ئاغای لینین کتێبێکی تازەیان دەرکرد، بەڕاستی چ قەلەمێک! من پێشنیاز ئەکەم بۆ تەواوی هاوڕێیان کە هەرکامێکیان دوو سێ دانە لەو کتێبە بکڕن، چ بیرۆکەگەلێک! چ ڕێبازێک!

-مانی یەک خولەک بیدەنگ ئەبیت یان نە؟ تۆ هەر هەستە بڕۆ شوێنێکی تر.

مانی- ئەی بەسەرچاو، تۆش هەستە تا بەلاو مەلایەکت بەسەر نەهاتووە لەگەل من وەرە.

ڕۆکسانا- کاک مانی من نە کۆمۆنیستم نە شتێکیتر.

مانی- گاڵتە ئەکەن!

ڕۆکسانا- نە، بەڕاستمە.

مانی- من باوەڕ ناکەم ئیوە بە ڕێبازێکی ئاواوە بڕواتان بە شتێک نەبێت.

ڕۆکسانا- باوەڕ بکەن، من تەنانەت بە دلیشم نین، ج بگات بەوەی کە شوێنکەوتەیان بم.

مانی هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

- سەد هەزار جار سوپاس بۆ خوا، بە تەواوی حەق بە ئیوەیە، ڕێبازەکەیان نەوەندە نا لەبار بوو کە خۆیشیان وازیان لێهێنا، ببوورن ئیوە باوەڕتان بە ج ڕێبازێک هەیە؟

ڕۆکسانا- ڕێبازی مرۆڤایەتی.

مانی- تازە داهاتووە؟ وا نازانم کەس تا ئێستا ناویشی بیستبێت.

ڕۆکسانا دووبارە دەستیکردە پێکەنین و وتی:

- بۆچی نا، هەم ناوەکەیان بیستووە و هەم زۆرکەسیش ئەندامن تیایدا.

مانی- ئەها، هەر ئەوەی کە حەزرەتی ئادەم سەرۆکیەتی؟

ڕۆکسانا- ئەو و تەواوی مرۆڤەکانی دنیا.

مانی- ببوورن خۆ ئەم ڕێبازە ململانێی چەکداری و ئەم شتانەی تیدا نییە!

ڕۆکسانا- تەنها ململانێی ناو ئەم ڕێبازە، ململانێیە لەگەڵ پیسی و ناشرینییەکانی ناو ناخی مرۆڤ.

- مانی ئەگەر یەک وشەی تر بڵێیت نەئەتناسم نە ئەمناسی.

لامکردەوە بەلای ڕۆکسانادا و وتم:

- ئەم قسانەتان یانی چی؟

ڕۆکسانا- مەبەستێکم نەبوو، هەروا وتم.

- ئەگەر وا ئەزانن ئێمە لەبەرئەوەی دەولەمەندین، مرۆڤایەتیمان لەبیرکردووە، لە هەڵەدان، من ئەمویست کەمێک قسەتان لەگەڵ بکەم، بەڵام ...

ئیتر هیچم نەوت، مانی دوو جگەرەی داگیرساندو یەکیانیدا بە من، هەرسێکمان بێدەنگ بووین، تۆزێک دواتر ڕۆکسانا وتی:

- من لە قسەکانم مەبەستێکی تایبەتم نەبوو، تەنها حەسودییەکی نەفامانە بوو.

- توانجێکی بێ هۆکار.

ڕۆکسانا- بێ هۆکار؟

مانی- بابە سەلاواتی لێبدەن و بچنەوە سەر حساباتە ئەندازیارییەکە، ئیوەش ڕۆکسانا

خانم دەمانهەو مەمانهە بخەنە لاوە، ئیمە دوو کەسین، تازە پوریشمان لیرەیە، ئیستا ئەلیبیت چی؟

لامکردەوەو خیسەیەکی ترم لە مانی کرد، وتی:

- با وا ئەزانیت دەستمان خالییە، تازە ئیمە شا عەباسیکمان هەیە، سمیلی چوار ئەوەندەی سمیلی ستالینە، ئەی چی!

ڕۆکسانا دووبارە پیکەنی و وتی:

- وانازانم دەولەمەندبوون بەو شیوەی کە هەمووان بیری لینەکەنەوە، چیژبەخش بیت.

مانی- کەوایە ئیوە ئاگاتان لیی نییە، ئەمڕو ڕۆژیکە ئەتوانی بە پارە هەموو شتێک بکڕیت، پیلاو، جلوبەرگ، ئۆتۆمبیل، مالا، ژیان، مرۆڤ!

ڕۆکسانا سەیرێکی منی کردو وتی:

- ڕاست دەکات؟ یانی ئەتوانی هەموو مرۆڤەکانیش بکڕیت؟

سەرم ڕاوەشاندو وتم:

- بەداخەوە تا ڕادەیەک ڕاست دەکات.

سەری داخست، وتم:

- لەوانەیە من هەلەبم، بەلام تا ئیستا نەمبیستووە و نەمبینیوە مەسیحییەکان ئاوابن، ئەویش کچەکانیان.

ڕۆکسانا- هەموو کچێکی ئێرانی ئەتوانێت و ڕێگەی پێدراوە کە تێبگات، تێبگات و بزانێت لە دەوروبەریدا چی ئەگوزەرێت.

- من ئەمدەویست لەگەل ئیوە بچمە ناو بابەتێکی سیاسی یان شتێکی لەو جۆرەوە.

ڕۆکسانا- ژیان خۆی سیاسەتە.

- ئەگەر بڕیار بێت کە لەگەل سیاسەت بژین و قسە بکەین و عاشق بین، ئیتر ئومێدێک بە زیندومانەوە نییە، بەلام ئیوە لە هەلەدان.

ئەمەم وت و لە جێگەکەم هەستام و ئاماژەم بۆ مانیش کرد کە هەستێت و بە ڕۆکسانام وت:

- سوپاس بۆ پێشوازییەکەتان.

ڕۆکسانا- مەگەر نەتانئەویست لە بارەی منەوە زیاتر بزانن؟

- بۆ نا، بەلام ئیتر نامەوێت.

ڕۆکسانا- بۆچی؟

مانی- ئیوا وا جەوتان گرت کە داماوە پەشیمان بووەوە، مروڤ کاتێک ئەیەوێت ڕەگەل کچێکدا قسە بکات، خۆ نابێت تاقیکردنەوەی داخلبوونی بکەن، هاتین لیرە پورمان ببینین، یا تاقیکردنەوەمان بکەن؟ ج دەورو زەمانەیەکە! لەبەر شتێکی بووچ و خالی ئەبێت تاقیکردنەوەی نایدولوژیا بکەین، هەر لەبەرئەوەیە کە کچان بی پیاو ماونەتەوە ئیتر، تاقیکردنەوەکەی سەختە، هەمووان تیانەکەون، وەرە بڕۆین هامون گیان، وەرە بڕۆین خۆم ئەتبەم بۆ قوتابخانەیەک کە تاقیکردنەوە و ماقیکردنەوەی نییە، هەر ئەوەیە کە پارە وەربخەیت و ناو تۆمار بکەیت.

کەونەری بەرەو دەرگای ژوورەکە، ڕۆکسانا خێرا وتی:

- بۆ کوێ؟

- ئەبێت بڕۆین.

ڕۆکسانا- ئێستا پوری خانم دێتەوە.

- مالئاوایان لێبکەن، بێزاریان ناکەین.

وا دیاربوو پەشیمان بوو و دەیویست بە جۆرێک پۆزش بۆ قسەکانی بهێنێتەوە، هاتە پێشەوەو وتی:

- دیسان ئەیلێمەوە، نازانم بۆچی ئەو قسانەم کرد.

- گرنگ نییە، مالئاوا.

هەر کە لە دەرگای ژوورەکە هاتمە دەرەوە، بینیم پوری لە هۆلەکەدا وەستاوە.

پوری- بۆ کوێ پوری؟

- ئێشمان هەیە ئەبێت بڕۆین، بە یارمەتیتان.

سەرم داخست و دەرگای هۆلەکەم کردەوەو چوومە دەرەوەو لەوێوە ڕۆشتمە حەوشەکەو دەرگاکەم کردەوەو لە بەردەرگاکە وەستام تا مانی بێت، تۆزێکی پێچوو، کە هات وتی:

- بۆچی وانکرد؟

- پەیوەندی بە تۆوە نییە.

مانی- حەوەکە ڕقی هەستاوە؟

- وەرە بڕۆین.

مانی- ئاه.. با قەیتانی قۆنەرەکانم ببەستم، ئەگیرێتە ژێر پێم.

نوشتایەوە تا قەیتانی قۆنەرەکانی ببەستێت، منیش جگەرەیەکم دەرهێناو دامیگرساندو سەیرێکی مانیم کرد، لەپڕ بینیم قۆنەرەکانی قەیتانی هەر نییە، تێگەیشتم بە مەبەست

خەریکە خۆی دوائەخات، هەر کە ویستم شتێکی پێبڵێم لەپڕ لە ئایفۆنەکەوە دەنگی ڕۆکسانا هات :

- کاک هامون!

- لێرەم، فەرموون.

تۆزێک وەستاو دواتر وتی:

- ئەگەر ویستتان ئەتوانن تەلەفۆنم بۆ بکەن، چاوەڕێتانم.

- لەخۆڕا چاوەڕێ مەبن، شەو زووتر بخەون، بەیانی باشتر بە وانەکانتان ڕائەگەن.

مانی سەیرێکی کردم و وتی:

- حەوەکە مامۆستایە؟

سەیرێکیم کردو کەوتمەڕێ بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکەم و سەرکەوتم و دامگیرساندو هەر کە مانی هات بەرەو لام، کەوتمەڕێ، لە ئاوێنەکەوە سەیریم ئەکرد، دەستی بۆ ڕائەوەشاندم و قسەی ئەکرد، دواتریش چوو بۆ لای ئۆتۆمبیلەکەی و سەرکەوت و کەوتەڕێ. چوومە سەر شەقامی سەرەکی گیشا و گەشتمە بەردەم بازاڕی گەورەی نەسر، شەقامەکە قیامەت بوو، پڕ بوو لە کچ و کوڕو زیاتر کچ، هەموویان شیک و جوان و قۆز، هەروا کە لە ترافیکدا وەستابووم لەپڕ لە ئاوێنەکەوە بینیم مانی لە ئۆتۆمبیلەکەی دابەزی و ڕایکرد و هات بەرەو لای من، هەر کە گەیشت ئاماژەی کرد جامەکە دابدەمەوە. ئەمزانی ئیشی چییە، جامەکەم دادایەوە، خێرا خێرا وتی:

- لادە کەنار پەنچەر بووم.

- ناماقولیت کرد.

مانی- ئەڵێم لادە کەنار دەهری بووم.

- خۆتی!

مانی- ئەڵێم لادە کەنار دەمارەکانم دایان لە یەک، ناتوانم بجوڵێم.

ڕێگەکە کرایەوەو ویستم بڕۆم، خۆی هەڵواسی بە جامی ئۆتۆمبیلەکەو وتی:

- تو گوڕی دایکم تەنها دە خولەک چاوەڕێبکە تا من نرخی دوو شت لەم بازاڕە بپرسم و بێمەوە.

- شەرم بکە مانی، تۆ کەی تێر ئەبیت؟

مانی- مەسەلە تێری و برسیتی نییە، سەیرکە ئێرە چۆنە، پیرەمێردی هەشتا ساڵە بەرەڵا بکەیتە ناوەوە، چارەکێ دواتر مێرد منالێک وەردەگرێتەوە.

- وەرە بڕۆین درەنگ ئەکەوین.

CamScanner

مانی- بەو خوای کە ئەیپەرستم ئەگەر من هاتم!

ئوتومبیلەکان لە دوامەوە دەستیان کرد بە هۆرین لیدان، جامەکەم هەڵدایەوەو کەونەری، بیست مەتر پیشتر، لامدایە سوچێک کە وەستان تیایدا قەدەغە بوو، ئەمزانی مانی تا نەچیتە ئێرە، قاچی لە گیشا ناخاتە دەرەوە، هاتمە پێشتر بینیم مانی هێشتا هەر لەوێ لە ناوەڕاستی شەقامەکە، لەبەردەم بازاڕی گەورەی نەسردا وەستاوەو ئوتومبیلەکەشی کەمێک لە دواتر، شەقامەکەی گرتووە و خۆیشی خەریکە سەیری لای بازاڕو خەلکەکە ئەکات و پێئەکەنێت، ڕامکرد بەرەو لای ئوتومبیلەکەی و چوومە پشت سوکان، سەیرێکی منی کردو کاتێک خەیاڵی ناسودە بوو، کەوتەڕێ بۆ لای بازاڕەکە، منیش ئوتومبیلەکەم بردە فەرعێکەوە و بە زۆر شوێنێکم دۆزییەوە و تیایدا پارکم کرد و هاتمە بازاڕەکە و چوومە نهۆمی سەرەوەی تەلارەکە، هەرچی ئەگەڕام مانی دیار نەبوو، بە کورتی لە تەلارەکە هاتمە دەرەوەو ڕۆشتم هەر لەوێ لەسەر قادرمەکان دانیشتم و جگەرەیەکم داگیرساندو دواتریش جگەرەی دووەم، بینیم سەرو کەللەی دەرکەوت، هەستام و چوومە بەردەمی، وتی:

- لە کوێی تۆ؟

- منت لێرە جێهێشت و ڕۆشتی ئێستا ئەڵێیت لە کوێی تۆ؟ نیو کاتژمێرە لێرە دانیشتووم.

مانی- بەڕاستی کات زوو تێئەپەڕێت، وەرە بچینە ژوورەوە.

- ژوورەوە بۆچی؟

مانی- ئێرە کافێیەکی لێیە کە..... یان هەر خۆت وەرە ببینە.

- من نایەم.

مانی- دەی وەرە خولەکێک دانیشە و شتێک بخۆرەوەو بڕۆین.

- نایەم.

مانی- کەوایە وەرە سەیری دوکانەکان بکە، بزانە چەند جوانن!

- نایەم.

مانی- دەی وەرە لەوانەیە کالایەک ببینیت کە بە کەلکت بێت و بتەوێت بیکڕیت.

- نامەوێت.

مانی- کەواتە بڕۆ بمرە، بەڕاستی کە بوونی شتی وەکو تۆ بەرەکەتی زەوی لەناو نەبات.

- مەگەر ترمە نەبینم.

پیکەنی وتی:

- گاڵتە نەکەیت، تۆ کاری وا لەگەڵ ئامۆزاکەت ناکەیت.

- بەخوا پێی ئەڵێم.

مانی- چی پێئەڵێیت؟ کە هاتووم لێرە شت بکڕم؟

- جا ئیتر یا ئەوە ئەڵێم یا شتێکی تر.

لەپڕ لەناو تەلارەکەوە بانگیان کرد، دەنگی چەند ئەفەرێک بوو، خێرا لایکردەوە بەلایانداو ئاماژەی کرد بە یانی مەیەنە دەرەوە.

- هاتوویت بۆ کڕین؟

مانی- بەڵێ، کڕین بۆ هەموان ئازادە.

- ئازادە ها؟ خەریکن بانگت ئەکەن کوڕی باش.

مانی- گوێی تۆ بە هەڵە ئەیبەستێت.

- خەریکن ئەڵێن مانی!

مانی- لەهەڵەدایت.

- ئێ.. خۆم بیستم.

دووبارە بانگیان کردەوە «مانی! مانی! مانی!»

- فەرموون مانی مانی کردنیان تەلارەکەی هەڵگرت.

مانی- خۆ ئیشیان بە من نییە، خەریکن ئەڵێن مامانی، مامانی، وا دیارە بانگی دایکیان ئەکەن، یان هەر سوێچی ئۆتۆمبیلەکەمم بدەرێ و تۆ بڕۆ، منیش بە دواتدا دێم، ئۆتۆمبیلەکەم لە کوێیە؟

سوێچەکەم پێداو شوێنی ئۆتۆمبیلەکەشم پیشانداو خۆشم کەوتمەڕێ بەرە و لای ئۆتۆمبیلەکەی خۆم و لەسەر ڕێگە پاکەتێک جگەرەم کڕی و سوار ئۆتۆمبیلەکە بووم، هەر کە کەوتمەڕێ لەپڕ ئۆتۆمبیلەکەی مانی وەکو بروسکە هات و لە تەنیشتمەوە تێپەڕی، ناوەکەی پڕ بوو لە کچ و کوڕ کە هەموویان خەریکبوون چەپڵەیان لێدەداو ئەیانقیژاند، خێراییەکەم زیاد کرد تا پێشی بگرم، بەڵام مەگەر ئەتتوانی بگەیتەوە بە مانیدا! لەسەرو ئەوبەرەوە پێچیکردەوەو ڕۆشت، پێکەنینم بە کارەکانی دەهات، کاتێ بەفیڕۆ نەئەدا، وات ژیانی بەفیڕۆ نەئەدا، لەدوورەوە بینیم بەرە و کام لا ڕۆشت، منیش پێچمکردەوە بەرەو لای پارکی وێ و ڕۆشتمەوە بەرەو ماڵ.

• • •

وەرزی شەشەم

ئەو شەوە کاتژمێر نۆ ڕۆشتم خەوتم، زۆر ماندوو بووم، تازە خەو بردبوومیەوە، بینیم یەکێک بانگم ئەکات، چاوم کردەوە بینیم مانی بەدیار سەرمەوە وەستاوە.

مانی- دیسان خەوتیتەوە؟

- ببورن ها، بەڵام مرۆڤ شەو ئەبێت چی بکات؟

مانی- بە دڵنیاییەوە بخەوێت.

- ئێ شەو بۆ خەوە ئێتر.

سەیرێکی کردم و وتی:

- من تیاماوم لە کاری ئەو خوا کە تۆی بۆچی دروستکردووە، دەی تراکتۆر هەبوو ئێتر، بەیانی ئەمانخستە ئێش و شەو ئەمانکوژاندەوە، ئێتر تۆی بۆچی بوو؟

بەتانییەکەمدا بەسەرمدا و هەر لەژێرەوە وتم:

- بەتۆ چی؟ کەی کێشەی تۆیە؟

مانی- کێشەی من نییە، بەڵام من لێکۆڵەرەوەم لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، ئەرکی من ئەوەیە کە جارجارێک مرۆڤگەلی وەکو تۆ کە لەبیریانکردووە مرۆڤن، ئاگادار بکەمەوە کە لە ژیاندا شتگەلی تریش جگە لە کارکردن و خوێندن و پاککردنەوە و خواردن و خەوتن هەن، ئاخر پیاوی باش تازە کاتژمێر نۆ و نیوە، مریشکیش ئێستا نەخەوتووە کە تۆ خەوتوویت.

- بۆنا، مریشک هەر کە دنیا تاریک ئەبێت ئەچێتەوە هێلانەکەی و ئەخەوێت.

هەروا کە بەتانییەکەی لەسەرم لائەدا، وتی:

- ئەو مریشکانە، مریشکی زەمانی زوو بوون، مریشکی ئێستا هەر کە دنیا تاریک ئەبێت دەستی کەلەشێرێک ئەگرێت و ئەچنە دیسکۆیەک، ڕیستۆرانتێک، شوێنێک، هەستە شەرمبکە.

- بابە من خەوم دێت، لە قسە تێناگەیت؟

مانی- بەخوا جادوویان لێکردووویت و قوفلێکیان لێداویت.

لەپڕ کەوتەوە بیرم و لە جێگەکەم هەستامەوەو وتم:

- ئەها، لەبیرم چوو، عەسەر بینیمیت هاتی بە تەنیشت مندا تیپەڕیت و ڕوشتی، ئەوان کی بوون لەناو ئوتومبیلەکەتدا؟

سەیریکی کردم و بەتانییەکەی دایەوە بەسەرمدا و هەروا کە لەسەر لیواری سیسەمەکە هەلئەسنا وتی:

- بخەوە بابە، تا خاوەن مال ویستی دز بگرێت، دز خاوەن مالی گرت من هاتم شیوازی ژیان فێری تۆ بکەم و لەم حالەتی بیدەنگ و خەموکییە ڕزگارت بکەم، ئەو کات تۆ خەریکی منیش بیدەنگ ئەکەیت، بابە ئاویش ئەگەر هەروا لە شوێنیکدا وازی لێبهێنیت ئەگەنێت.

بەتانییەکەم خستە لاوەو وتم:

- بە گوێی من ئەکەیت تۆش بخەوە، تووشی کەمخەوی بوویت.

سەیرێکی تری کردم و دواتر لەسەر لیواری سیسەمەکە دانیشت و وتی:

- سەیرکە پرسیارێکت لێئەکەم، ئەگەر ڕاست وەلامت دامەوە و قەناعەتم کرد، منیش پشت ئەکەم لە تەواوی ژیانم و هەر ئێستا ئەڕۆم خەوی مەرگ ئەکەم.

- دەی، بپرسە.

مانی- ئەبێت سەرەتا بەلێن بدەیت و سوێند بخۆیت.

- دەی بەلێن دەدەم.

مانی- ئەبێت سوێندیش بخۆیت.

- بەلێنمدا ئیتر.

- مانی- ئەبێت سوێندیش بخۆیت تا بیلێم.

- سوێند بە چی بخۆم؟

مانی- بە تەواوی ڕیساکان و هاوکێشە بیرکاری و فیزیایی و کیمیاییەکان و سیگۆشەکان و چووزانم ژمێریاری و ئەندازیاری و هەرچی کتێبی خوێندنی دنیایە لەبەرئەوەی ئەزانم تەنها لەبەرخاتری ئەمانەیە ئەژیت.

- وتبە.

مانی- دەی، هەر بە بەلێنەکەت ڕازیم، ئێستا بلێ بزانم تۆ ژیان چۆن ئەبینی؟

- هەرچۆن ببینم، وەکو تۆ هەڕەمەکی لێی ناڕوانم.

مانی- باشە، واتە بە شێوەیەکی قول و مەعنەوی ئەیبینی؟

- تا ڕادەیەک شتێکی لەو بابەتە.

مانی- وانە روانینیکی عیرفانیت هەیە بۆ ژیان.

- شتیکی لەو بابەتە.

مانی- دەی ئیستا بلی بزانم (حافز) ت پی قبولە وەک مامۆستایەک لە بواری عیرفاندا؟

- دەی دیارە خۆ، بەلی.

مانی- وەرە دەستت بگرم و بتبەم بۆ لای چوار مامۆستای حافزناس تا پیت بلین حافز خۆی چۆن ژیاوە، بەدبەختی بیچارە هەستە قیافەی خۆت لە ئاوینەدا ببینە، تەنها ریشیک و دوشەکەیەک و نیرگەلەیک و سەماوەریکت کەمە تا وەکو ئەم پیرەمێردە هەشتا ساڵانەت لیبیت، کەولیک لە ژێرتدا دابخەیت و لە سووچیکی ژوورێکدا دابنیشیت و نیرگەلەو سەماوەر بخەیتە لایەک و سی چل کتێبی حافزو مەولاناو خیام و شەمسی تەبریزی و ئەبو رەیحانی بیرونی و عارفی قەزوینی و سەعدی شیرازی و فیردەوسی توسی و عەتاری نەیشابوری و محمەد بن حسەینی بەیهەقی و نیزامی گەنجەوی و محەمەد جوینی و ناسر خەسرە و قوبادیانی و عەروزی سەمەرقەندی و دە دوازدە دانەی تر لەم عارفانە لەلایەکی تردا هەڵبچنیت و خۆیشت لەو ناوەڕاستەدا دابنیشیت و تۆزێک لەم بخوێنیتەوە و چایەک بخۆیتەوە، تۆزێک لەو بخۆیتەوە و مژێک لە نیرگەلەکە بدەیت، تۆزێک لەوی تر بخوێنیتەوەو دواتر لە پەسا لە ناوەڕاستدا سەرت ڕاوەشێنیت و جەو وەرگریت؟

خەریکبووم پێی پێدەکەنیم، وتی:

- خۆ ناوی هیچ عارفێکم لەبیر نەکرد؟

- بۆ نا، هاوچەرخەکانت نەوت.

مانی- بەدبەخت ئەوانە کە وتم هاوچەرخی تۆن، تۆ شێوازی بیرکردنەوەو بیرۆکەکانت هی ئەو کاتەیە کە تازە مەولانا ئەیویست بچێتە قوتابخانە.

دەستمکرد بە پێکەنین، خۆیشی پێکەنین گرتی و وتی:

- ئاخر قوربانت بم ئەگەر بەزەییت بە خۆتدا نایەتەوە بەزەییت بەو داماوانەدا بێتەوە، ئاخر ئەوانیش مال و ژیانیان هەیە، کاتژمێرێک وازیان لێبهێنە با بە ژن و منداڵەکانیان ڕابگەن، خۆ پیاویان نەکوشتووە کتێبیان نووسیوە، وەڵا مرۆڤ مامۆستاش ئەگرێت، ڕێگەی پێ ئەدا داماوە لەنێوان دوو وانەدا هەناسەیەک تازە بکاتەوە، خۆ تۆ مافی یەک کاتژمێر وانەوتنەوەشیان پێ نادەیت، پارەتداوە و کتێبێکت کڕیوەو بە شێوەی بیست و چوار کاتژمێر داتمەزراندون و کاریان پێدەکەیت.

پیکەنیم و تم:

- زۆرباشە، ئێستا هەستم چیبکەم؟

مانی- هیچ، هەستە ئاوێک بکە بە سەرو چاوتداو شتێک بخۆ و برۆ دووبارە بخەوەرەوە، بابە بەخوا ئەگەر تۆ هەر ئاوا برۆیتە پێش تا ساڵێکیتر ئەم کاتانە تیانەچیت.

- مرۆڤ ئەبێت واز لە چیژە مادییەکان بهێنێت تا بگات بە چیژە مەعنەوییەکان.

مانی- مرۆڤێک کە واز لە دنیا و چیژەکانی بهێنێت تەنها ئەگات بە کەریتی، تازە لەو دنیاش ئەیبەن و لە تەویلەیەکدا ئەیبەستنەوەو بەیانی بە بەیانی سەرزەنشتی ئەکەن ک بۆچی سودی لە دیارییەکانی خواوەند وەرنەگرتووە.

- زۆرباشە بابە، سەرم کەوت، ئێستا خۆ نەخەوتم و هەستام، بڵێ چیبکەم؟

مانی- برۆ وەکو بەچکەی مرۆڤ تەلەفۆنێکی بۆ بکە.

- بۆ کێ؟ ڕۆکسانا؟ نەتبیست چی پێوتم؟ بە گیانی تۆ دەمویست قسەی لەگەل بکەم، بەڵام هەر وازی لێبهێنە، بە من ئەڵێت مرۆڤ ناتوانێت لێت نزیک ببێتەوەو کەسێکی داخراویت.

مانی- ئێ لەمەیاندا ڕاست دەکات، خۆیشم تا ئێستا سەد جار پێتم وتووە، ئاخر بابە گیان تۆش مرۆڤیت، تۆزێک خۆت بکەرەوە بهێڵە شتێکیش بچێتە ناو تۆوە، یانی بهێڵە خۆشەویستی بچێتە دڵتەوە.

- زەهری مار، بێئەدەب!

مانی- ئێستا تۆ هەستە تەلەفۆنێکی بۆ بکە.

- ئیشم پێی نییە تا تەلەفۆنی بۆ بکەم، یانی قسەیەکم نییە بۆ وتن.

سەیرێکی کردم و وتی:

- دەی ئەگەر قسەت پێ نییە بۆ وتن، هیچ، من پێموابوو کە...، وازی لێبهێنە، بەڕاست لە دایکبوونت نزیکە.

- چۆن لەبیرت ماوە؟

مانی- مەگەر ئەکرێت خولەکێک تێپەڕێت و من بیر لە تۆ نەکەمەوە؟ تۆ وەکو برای من وایت، تازە لە براشم نزیکتری، هەر بۆیە لەگەل عەزیز و ئەوان بیرمان کردەوە و وتمان بۆ جەژنی لەدایکبوونەکەت چ دیارییەکت بکڕین، کە هەم بەدڵت بێت و هەم بتوانی سودی لێ ببینێت.

- نە ئیتر، حەزم لەم کارانە نییە، هەر ئەوەندەی کە لە بیرمدا بوون بەسە بۆم

ماته پێشەوە و دەم و چاوی ماچکردم و وتی:

- ئیشەڵا دەردی تۆ بکەوێت لە گیانی من کە ئەوەندە نەفست بەرزە، بەڵام مەگەر جەژنی لەدایکبوون بێ دیاری ئەبێت؟

پێکەنیم و وتم:

- کەوایە تەنها شتی بچووک.

مانی- بچوکە بە گیانی تۆ، یانی شتێکی شیاوی باس نییە.

- کەواتە پێم مەڵێ تا کاتی خۆی.

مانی- نە، ئەبێت بیڵێم، لەوانەیە خۆیشت بۆچوونێکت دەربارەی هەبێت، چونکە دواتر لێمان وەرناگرنەوە

- ئێ چییە ئێستا؟

مانی- سەرەتا ئەوەی عەزیز ئەڵێم و دواتریش بەدوای یەکدا.

عەزیز: کورسییەکی تایەدار.

مامم: ڕادیۆیەکی بچوکی دوو شەپۆل.

بابەم: چاویلکەیەک لەوانەی کە چوارچێوەی خڕی ئەستووریان هەیە، منیش بەتانییەک، دواتریش بەیانی بە بەیانی کە من ئەمەوێت بڕۆم بەدوای چێژە مادی و دنیاییەکاندا، تۆ دانەنیشینمە سەر ئەو کورسییەو چاویلکەکت ئەکەمە چاوت و ڕادیۆکەشت ئەدەم بە دەستەوە و بەتانییەکەش ئەناڵێنم لە دەورت تا سەرما لێت نەدات و ئەتبەمە بەردەم پەنجەرەکە بەرامبەر بە خۆر، تا هەم میکرۆبەکانت لەناوبچن و هەم لەوێدا دابنیشی و لە جامەکەوە سەیری تێپەڕینی تەمەن بکەیت، چۆنە؟ لە دیارییەکانت ڕازیت؟

خەریکبووم پێدەکەنیم، چوو بەرەو تەلەفۆنەکە و هەڵیگرت و ژمارەیەکی لێداو تۆزێک دواتر دوو فووی کردە ناو تەلەفۆنەکەو دواتر وتی:

- ئەلو، ئەلو، تاقیدەکەمەوە، یەک، دوو، سێ، چوار، دەنگ دێت؟

تۆزێک گوێی گرت و دوای تۆزێک وتی:

- ببوورن، خانەی بەسالاچوان و کەمئەندامانی کەهریزەکە؟ خۆشکی سەلام و عەلەیکوم، ئەمویست بزانم ئێوە جێگەتان هەیە بۆ برایەک کە ئیفلیجی مێشکی هەیە؟

تۆزێکیتر گوێی گرت و دووبارە وتی:

- نە، نە، خۆی هەموو کەل و پەل و پێداویستییەکی هەیە، کورسی تایەدار و ڕادیۆ و بەتانیمان بۆ کڕیوە، تەنها تاقمێک ددان ماوە کە داومانە بە کردن و سبەینێ ئامادە

ئەبیت و خۆم ئەچم بۆی ئەهێنمەوە و ئەیخەمە دەمی و ئەیهێنمە خزمەتتان، ئیتر گیانی ئێوەو گیانی ئەم باپیرەی ئێمە.

دووبارە تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- نە، نە، ڕاستە کە گەورەی بنەماڵەکەمانە، بەڵام داماوە ئەمەنێکی وای نییە، وان ئەگەر جارێکیتر ئەستێرەی هاڵی نزیکی زەوی ببێتەوە، بەسەریەکەوە دەکاتە حەوت جار کە بە دیداری باپیرەی ئێمە گەشتووە.

هەروا کە پێدەکەنیم پێموت:

- تەلەفۆنەکە دانێ خۆت بێتام مەکە.

تەلەفۆنەکەی بەرەو ڕووم گرت و وتی:

- وەرە خۆت دایێ.

هەر کە لێم وەرگرت وتی:

- بەڵام پێشنەوەی کە داینێیتەوە، یەک ئەلو بڵێ.

بە ئارامی تەلەفۆنەکەم خستە لای گوێم و وتم:

- ئەلو!

ڕۆکسانا- سڵاو کاک هامون.

باوەڕم نەئەکرد کە ئەم کوێر بووە ژمارەی مال پورم و ئەوانی لێدابێت، لەپڕ پەشۆکام و وتم:

- ببوورن، ئێوەن؟

ڕۆکسانا- خۆمم، بەڵام وادیارە ئێوە ئامادە نەبوون.

- بۆچی نا، یانی نە، یانی بووم.

دەستیکرد بە پێکەنین، تیامابووم چی پێبڵێم، ئاماژەیەکم بۆ مانی کرد بە مانای ئەوەی چی بڵێم، ئەویش تەنها سەیری ئەکردم، بێنیم ئاوا ناشرینە، خێرا بە ڕۆکسانام وت:

- ببوورن، یەک خولەک.

دەستم نا بە دەنگبەری تەلەفۆنەکەداو بە مانیم وت:

- عەجەب کەریکی! ئیستا من چیبکەم؟

مانی- مەپەشۆکێ، ئارامبە، خولەکێک ڕاوەستە.

خێرا کورسییەکەی ڕاکێشاو منی دانیشاندە سەری و جگەرە و ئەپلەکی جگەرە و چەرخی خستە سەر مێزەکەی بەردەمم و وتی:

- ئیستا ئیتر بە دڵنیاییەوە هەست بە ناسودەیی ئەکەیت.
- ئەری، بەڵام چی بڵیم؟
خێرا کتێبێکی لەناو کتێبخانەکە دەرهێناو پێیدام و وتی:
- دەستبکە بە خوێندنەوەی وەرزی چوارەمی ئەم کتێبە بۆی.
- ڕنبە مانی، ئیستا کاتی گاڵتەیە؟ بڵێ چی بڵیم؟
خێرا کورسییەکیشی بۆ خۆی هێناو لە تەنیشتی مندا دانیشت و وتی:
- بڵێ ئەمویست قسەتان لەگەڵ بکەم.
خێرا دەستم لەسەر دەنگبەری تەلەفۆنەکە لابرد و وتم:
- ببوورن، ئەمویست ئەگەر ئەکرێت قسەتان لەگەڵ بکەم.
ڕۆکسانا- بۆچی نا.
- زۆر مەمنون.
ڕۆکسانا- لەبارەی چییەوە ئەتانەوێت قسە بکەین؟
تیامام چی بڵێم، خێرا دەستم خستە سەر دەنگبەری تەلەفۆنەکەو بە مانیم وت:
- ئەڵێ ئەتانەوێت لەبارەی چییەوە قسە بکەین، زوو بڵێ.
مانی- بڵێ لە بارەی پیری و کوێری و پەککەوتەیی و کەنەفتی و خانەنیشینی پیشوەخت، بڵێ بۆچوونی ئێوە چییە.
- مردووشۆر ئەو قیافەت ببەن مانی کە هیچ کات دەست لە گاڵتەکردن هەڵناگریت.
مانی- ئاخر ئەوە پرسیارە تۆ ئەیکەیت؟
خێسەیەکم لێکرد و تەلەفۆنەکەم خستەوە لای گوێم و وتم:
- ببوورن ڕۆکسانا خانم، ڕاستییەکەی کەمێک پەشۆکام.
ڕۆکسانا- بۆچی؟
- نازانم.
ڕۆکسانا- کەواتە بهێڵن من دەست پێبکەم، داوای لێبوردنتان لێدەکەم لەبەر قسەکانی ئەمڕۆم.
- نە من ئەبێت داوای لێبوردنتان لێبکەم لەبەر هەڵسوکەوتم.
ڕۆکسانا- من ئەو قسانەم کرد، کەواتە من ئەبێ داوای لێبوردن بکەم.
- من ئەو ڕەفتارەم لێوەشایەوە، کەواتە ئەبێت من داوای لێبوردن بکەم.
ڕۆکسانا- دەی ئەتوانین هەردووکمان داوای لێبوردن لە یەکتر بکەین.

- ئەری، ئەتوانین هەردووکمان داوای لیبوردن بکەین.

مانی- چەند سەرنجراکیش! لەنیوان ئەو هەموو بابەتانەی کە کچ و کوڕ دەتوانن لەبارەیەوە قسە بکەن، بابەتی داوای لیبوردنی دوو لایەنەو پۆزش هێنانەوەی بەک لایەنەتان هەلبژاردووە؟

ڕۆکسانا- کاک مانین؟

- بەلی.

ڕۆکسانا- چی ئەلێن؟

- وەکو هەمیشە چرت و پرت.

- ئەوکاتەی لەگەل من قسەتان ئەکرد، چییان دەوت؟

- وەکو تەواوی ئەو شتانەی کە بەردەوام ئەیانلێیت.

پێکەنی و وتی:

-ئەگەر حەز ئەکەن کاتێکیتر قسە ئەکەین کە ئێوە ئاسودە بن.

- نە، نە، هەر ئێستا باشە، ئاسودەم، تەنها خولەکێک ڕاوەستن.

ئاماژەم بۆ مانی کرد کە لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە، لە جێگەکەی هەستاو وتی:

- باشە، من ئەڕۆم تا ئێوە بتوانن بە ئاسوودەیی داوای بەخشین لە یەکتر بکەن. منیش لە ژوورەکەی تر داوای لێخۆشبوونتان بۆ ئەکەم.

ئەمەی وت و چووە دەرەوەو دەرگاکەی پێوەدا، کاتێک خەیالم ئاسودە بوو کە ئیتر تەنهام و مانی بێزارم ناکات بە ڕۆکسانام وت:

- مانی ڕۆشت.

ڕۆکسانا- دەی.

- یانی ئەلێم ئێستا ئیتر تەنهام.

هەر کە ئەمەم وت لەپڕ دەرگای ژوورەکە کرایەوەو مانی خۆی هەلدایە ژوورەوەو وتی:

- یاخوا بە قوربانی ئەو تەنهایی و بێکەسییەت بم، ئاوا قسە مەکە، دلم قاژەی دێت. پاکەتی جگەرەکەم تێکرت، هەلهات و ڕۆشت، ئێستا ئەمەوێت دووبارە لەگەل ڕۆکسانا قسە بکەم، بەلام پێکەنینم دێت.

ڕۆکسانا- چی بوو؟

- هیچ، دووبارە گەڕایەوە ژوورەکەو گالتەی کرد.

رۆکسانا-ئێستا رۆیشتووە؟

- نازانم وەلا؟

رۆکسانا- ئێ، خەریکبوون دەتانوت.

- من دەموت؟

رۆکسانا- ئەری، ئیوە خەریکبوون قسەتان دەکرد.

- راستییەکەی بیرم چوو چیم ئەوت.

رۆکسانا- لەبارەی ئەوەی ئیستا ئیتر تەنهان.

- بەلێ؟

رۆکسانا- وا دیارە بیرتان لە شوێنێکی ترە.

- راستییەکەی خەریکم سەیری ئەملاولا ئەکەم کە نەکا مانی لە پشت دەرگا یان بالکۆنەکەدا وەستا بێت

رۆکسانا- کاکی مانی زۆر بزێون!

- ئاگرە، بەلایە، بزێو چییە؟ باوەڕ بکەن لەم گەڕەکەدا ئابڕووی بۆ نەهێشتووین.

رۆکسانا- مەگەر چی ئەکەن؟

- ئەگەر بڵێم چ کارگەلێک ئەکات، ئیتر ناوی من ناهێنن، ئیستا با وازی لێبهێنین، وا دیارە بەڕاستی ڕۆشتووە؟

رۆکسانا- ئێ!

- راستییەکەی ئەمەوێت زیاتر ئیوە بناسم.

رۆکسانا- زیاتر بە ڕۆحیاتم ئاشنا بن، یان زیاتر لەبارەی ڕابردوومەوە بزانن؟

- هەردووکیان.

توزێک بێدەنگ بوو، وتم:

- ئەگەر پێتان ناخۆشە....

رۆکسانا- نە، بەڵام نازانم ئەبێت بێڵێم یان نە.

- کەواتە باشترە لەبارەیەوە قسە نەکەین.

رۆکسانا- من تا ئێستا دەربارەی ڕابردووم لەگەڵ کەس قسەم نەکردووە.

- تەنانەت پورێش؟

رۆکسانا- تەنها پوری خانم ئەزانن.

- وەرن بابەتەکە بگۆڕین.

رۆکسانا- نازانم ئەتوانم متمانەتان پیبکەم یان نە.

تۆزێک پێمناخۆش بوو، بەڵام بینیم حەق بە ئەوە، هەر بۆیە وتم:

- من خۆم هەمیشە هەوڵمداوە ژیانێکی ئاساییم هەبێت، ئەڵبەتە ئەگەر مانی بهێڵێت. من هەمیشە سەرم بە کاری خۆمەوەیە، بەڵام مانی ناهێڵێت، تا پێش ئەوەی کە ئێوە ببینم و بزانم پورێکم هەیە، بەیانی بە بەیانی هەڵئەستام تا بڕۆم بۆ کارخانە، ئەڵبەت ئەگەر دیسان مانی بەرنامەیەکی ئەهێنایەتە پێش و...

رۆکسانا- کاتێک دایک و باوکم لە یەک جیابوونەوە، سەرپەرشتی منیان سپارد بە دایکم کە ئێرانی بوو، ماوەیەک لە فەرەنسا ژیاین، شەوێکیان کاتژمێر یازدە دوانزە بوو کە هەواڵیاندا بە دایکم کە داپیرەم مردووە، ئەویش بۆ دیاریکردنی میراتییەکەی گەڕایەوە ئێران، سامانێکی زۆری بەرکەوتبوو، خانوویەکی گەورەو چەند زەوییەک و پارەی کاش و ئەم شتانە، ئەو کاتە دایکم تەمەنی سی و شتێک بوو.

ساتێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

-هامون بۆچی ئەتەوێت ئەمانە بزانیت؟

تیامام کە چی بڵێم، ساتێک بیرم کردەوە و ویستم بە جۆرێک پێی بڵێم کە چوە بە دڵمدا یان بڵێم هەست ئەکەم خۆشمئەوێ، بەڵام خۆی زوو وتی:

- ئەو کاتەی کە بۆیەکەم جار ئێوە منتان بینی، من یەکەمجارم نەبوو.

- تیناگەم!

رۆکسانا- پێش ئەوە چەند جارێک لەگەڵ پوری خانمدا هاتبووینە بەردەم ماڵتان و کارخانەکەتان.

- بۆچی؟

- پوری خانم دەیویست ئێوە ببینێت، هەم ئێوە و هەم براکانی.

- تیناگەم!

رۆکسانا- کاتێک چەند جارێک ئێوەی بینی، هەستیکرد ئەتوانێت داوای بارمەتیتان لێبکات.

- ئێ؟

رۆکسانا- هەر لە جاری یەکەمەوە کە ئێوەم بینی، حەزم دەکرد لێتان نزیک ببمەوە، باشترین بیانووشم هەبوو، کاتێکیش بینیمن وا خۆم دەرخست کە ناتانناسم.

دووبارە بێدەنگ بووەوە، منیش هیچم نەوت، لەپڕ وتی:

- هامون برۆ بەدوای ژیانتدا.

ئەمەی وت و تەلەفۆنەکەی داخستەوە، تیامابووم بۆچی وایکرد، دووبارە ژمارەکەیم لیدایەوە، سێ زەنگ ڕۆشت تا هەلیگرت، دیار بوو کە گریاوە.

- ئەلو، ڕۆکسانا خان؟

ڕۆکسانا- گوێم لێتانە.

- ئەم قسانە یانی چی؟

ڕۆکسانا- پلانێک.

- پلانی چی؟

ڕۆکسانا- هەوڵبدەم ئێوە عاشقی خۆم بکەم.

- ئەخشەی کێ بوو؟

ڕۆکسانا- دڵم.

- لەکوێوە ئەزانن کە عاشقتان بووم؟

پێکەنینێکی تاڵی کردو وتی:

- ئەگەر کچێک لەمە تێنەگات ئەوە ئیتر هیچ.

- دەی ئێستا گریمان واش بێت، بۆچی ناڕەحەتن؟ خۆ پلانەکەتان گرتوویەتی.

ڕۆکسانا- ئێستا ویژدانم ئازارم دەدات.

- ئاخر بۆچی؟

ڕۆکسانا- لە گوێی من بکەن، بڕۆن بەدوای ژیانتاندا، من بەکەلکی ئێوە نایەم.

- لەکوێوە ئەزانن؟

تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- تکا ئەکەم ئیتر تەلەفۆن مەکەن، لەمەودواش کاتێک ئێوە هاتن من هەوڵدەدەم لە ماڵەوە نەبم، خوات لەگەڵ هامون.

- ڕاوەستن، من هێشتا قسەکانم تەواو نەبووە، ئەمە دادپەروەرانە نییە کە ئێوە قسەکانتان بکەن و بڕۆن

ڕۆکسانا- ئەمەی لە قازانجی خۆتانە.

- ئێوە لە کوێوە ئەزانن قازانج و زەرەری من لەچیدایە؟

ڕۆکسانا- من ئیتر ئەبێت تەلەفۆنەکە دابخەمەوە، تکا ئەکەم هەموو شتێک فەرامۆش بکەن، تکا ئەکەم.

- من پرسیارێکم هەیە تا وەڵامم نەدەنەوە وازناهێنم.

ڕۆکسانا- چ پرسیارێک؟

- بۆچی دڵتان پڵانی دانا؟

بێدەنگبوو.

- تا وەڵام نەدەنەوە وازناهێنم.

تۆزێکێتر بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- لەبەرئەوەی عاشقتانم.

لەپڕ هەستێکی خۆش کە تا ئێستا تاقیم نەکردبووەوە ڕووی تێکردم، هەستم دەکرد لەپڕ هەموو شوێنێک و هەموو شتێک لەلام جوان بوون، دڵم جۆرێکی لێهات، دەستەکانم خاوبوونەوەو بێ ویست خەندەیەک هاتە سەر لێوم، حاڵێکی سەیرم هەبوو، ناتوانم بڵێم چی بوو، بەڵام هەرچی بوو ئەتوت تەواوی جەستەمی پڕ کردووە، هەر بیریشم لێنەئەکردەوە کە ڕۆژێک بە یەک ڕستە ئاوام لێبێت.

ڕۆکسانا- وەڵامەکەتان وەرگرت؟

هیچم نەوت.

ڕۆکسانا- ئێستا ئیتر بڕۆن، ئەوە بۆتان باشترە، لە منی وەربگرن.

- خەریکم دێم بۆ ئەوێ.

ڕۆکسانا- بۆ کوێ؟

- ماڵی ئێوە.

ڕۆکسانا- ئێستا؟

- جاری خوات لەگەڵا.

ڕۆکسانا- ڕاوەستن، کاک هامون تکا ئەکەم، توخوا کاری وا مەکەن.

- تا بیست خولەکی تر لەوانەشە کەمتر لەوێم، ئەگەر لە نهۆمی سەرەوە سەیری شەقامەکە بکەن ئەمبینن، ئەبێت ڕووبەڕوو قسەتان لەگەڵ بکەم.

ڕۆکسانا- توخوا مەیەن، گوێ بگرن کاک هامون، درۆم لەگەڵ کردن، من ڕقم لێتانە، من هەر بێزارم لە خۆتان و ڕەفتاریشتان، کاک هامون توخوا، کاک...

تەلەفۆنەکەم داخستەوەو دەستمکرد بە گۆڕینی جلەکانم، لەبیری ئەوەدا بووم کە ئۆتۆمبیلەکەم لە گەراجدایەو ناتوانم دەرببهێنم، چونکە باوکم و ئەوان پێیان ئەزانی، ڕامکردو لە ژوورەکەم چوومە دەرەوەو لە سەربانەوە چوومە سەربانی ماڵی مانی د

ئەوان و چوومە خوارەوەو ئارام بە شێوەیەک کە دەنگ بەرز نەبێتەوە، چوومە نهۆمی دووەم، بۆ ژوورەکەی مانی، بە هێواشی لە دەرگامدا، بەلام وەلامی نەدامەوە، خوا خوام نەکرد کە نەڕۆشتبێت بۆ شوێنێک، دەرگام کردەوەو چوومە ژوورەوە، بینیم خەوتووە، وبستم خەبەری بکەمەوە، بینیم کاغەزێکی بە سنجاق لکاندووە بە بەتانییەکەیەوەو لەسەری نووسیوە:

هەر کەسێک من لە خەوی نازو شیرین خەبەربکاتەوە، کەرە.

واژۆ: پاریزراو

ڕامەوشاند، سەری لەژێر بەتانییەکەوە دەرهێناو وتی:

- مەگەر خوێندەواریت نییە؟ ئەتەوێت ببێتە کەر؟

- هەستە مانی، کاتی گاڵتە نییە.

هەستاو وتی:

- چی بووە؟ چیتە، بۆچی ڕەنگت پەڕیوە؟

- ئۆتۆمبیلەکان لە گەراجدان، ئێستا ئەبێت بچم بۆ ماڵی پوری و ئەوان، نامەوێت بایکم و ئەوان بزانن.

مانی- ئەوی بۆچی؟

- ئەمەوێت هەر ئێستا ڕۆکسانا ببینم.

سەیرێکی کردم و وتی:

- بەڕاستتە؟

- ئەری بابە، ئەری.

مانی- یانی ناتوانیت تا بەیانی خۆت بگریت؟

- ئەبێت هەر ئێستا بیبینم.

مانی- ئەڵێم، لە یەک تا سەد بژمێریت، تۆزێک دێیتەوە سەر خۆت و دواتریش پەرداخێک ئاوی ساردو....

سەیرێکیم کردو کەوتمە ڕێ، زوو هەستاو وتی:

- هاتم، بابە هاتم.

- بۆ ئۆتۆمبیل چی بکەین؟

مانی- من هەمیشە بۆ کاتی پێویستی ئاوا، ئۆتۆمبیلەکەم لە دەرەوە دائەنێم، بەس ئەوەندە کاتم پێبدە کە نەپەشۆکێم و بیجامەکەم بگۆڕم، ئەوانیتر هەمووی ئامادەیە.

خێرا جلەکانی گۆری و وتی:

- مانی ئامادەیە بۆ جێبەجێ کردنی هەموو چالاکییەکی شووم و چەپەڵی شەوانە. لییدە بڕۆین، تازە هەستت بە ژیان کردووە.

کەوتینە ڕێ بەرەو سەربانەکەو هەروا کە ئەڕۆشتین وتی:

- ژیان واتە ئەمە، بڕیاردان، جێبەجێکردن، بە گیانی خۆت ئەگەر هەر نیستا تەلەفۆن بکەیت بۆ حافزو مەولانا و سائیب بە کورتی هەر کامیکیان، لە مال نین، واتە حەفیشیانە. خۆ ناکرێت بیست و چوار کاتژمێر شیعر بڵێیت و عارف بیت.

گەیشتینە سەربانەکەو ڕۆشتین بەرەو مالی دراوسێکەمان، شوێنێکی پێ پێشاندام و وتی:

- وەرە، ئێرە جێ پێی هەیە، قاچتی بخەرە سەرو بڕۆ سەرەوە.

- بچینە سەربانی دراوسێکەمان؟

مانی- ئەرێ ئیتر.

- دواتر چی بکەین؟

مانی- لەوبەری سەربانەکەوە، دار چنارێکی لێیە، بە ئەودا ئەچینە خوارەوە.

- ئەگەر یەکێک بمانبینێت چی؟ ئابڕوومان ئەڕوات.

مانی- ئیتر ئەوەیە، یا ئابڕوو یا ڕۆکسانا.

- من نایەم.

مانی- کەوایە بڕۆ بە دیار کتێبەکانتەوە دابنیشە، ئەم کارە لە تۆ نایەت برا.

- ئاه... مانی درەنگە.

مانی- ئێ من چیبکەم؟ خەبەری مەرگت بڕۆ سەرەوە ئیتر، لەوبەریشەوە بە ئارامی بە درەختەکەدا بڕۆ خوارەوە.

- شتێکیتر نییە لێوەی بڕۆمە خوارەوە؟

- وەلا ئەندازیاری ئەم بینا بیری لەم کاتانە نەکردبووەوە تا مەسعەدێکی پانوراما بۆ بیناکە دابنێت، ئیستا ئەگەر تا بەیانی چاوەڕێ ئەکەیت، من لە زووترین کاتدا ئەلەفۆنی بۆ ئەکەم و ...

- ئاه.. بیتام مەبە مانی، بیرێکی تر بکەرەوە.

مانی- خوا مەرگی من بدات لە دەست تۆ، کارەکەت لەوێ چەند دەخایەنێت؟

- دە خولەک چارەکێک.

مانی- دوو گاتژمیر بو تو.

- نه بابه هەر ئەو دە خولەکە بەسە.

مانی- ئیستا وا ئەلیین، کە چاوت بە بار کەوت، لە پەسا کات دریژ دەکەینەوە.

- باڵا ئیتر.

مانی- وەرە بچینە خوارەوە.

دەستی منی گرت و چووینە خوارەوەو لە ریی قادرمەکاندا وتی:

- ئەچینە خوارەوە، ئەگەر تووشی کەسێک بووین کە بە دڵنیاییەوە ئەبین، ئەڵیم تو سکت ئێش ئەکات و خەریکین ئەچین بو ئەخوشخانە، ئیستا دەستبگرە بە سکتەوە، یانی ئێش ئەکات.

خێرا دەستم گرت بە سکمەوە ویستم بچمە خوارەوە، دەستی راکێشام و وتی:

- ئەمە چ مودیلێکی سک ئێشەیە؟ وەکو ناپلیۆن پۆناپارت دەستت خستووەتە سەر سنگت، ئەڵیم بە هەردوو دەستت سکت بگرە، مرۆڤ کە ژەهراوی ئەبێت و سکی ئەداتە ئێش، وەکو مار پێچ ئەخوات.

- ئاخر چۆن؟

هەر کە ئەمەم وت مشتێکی توندی کێشا بە سکمدا، ئازار تەواوی جەستەمی تەنییەوە.

مانی- ئاوا.

بە هەردوو دەست سکم گرت، باڵی گرتم و رایکێشام.

- بەراستی شێتی مانی، هەر بەراست ئیستا سکم ئێش دەکات.

مانی- وەرە، لە بەرامبەردا ئیستا سروشتی سروشتییە.

هەر کە گەیشتینە خوارەوە، بینیم مامم لە هۆڵەکەدا دانیشتووەو خەریکە سەیری تەلەفزیون دەکات، کە چاوی بە ئێمە کەوت لە جێگەکەی هەستا و هاتە پێشەوەو وتی:

- چی بووە؟ چیتە مامە گیان؟

مانی- هیچ نییە، مەپەشۆکێن، ژەهراوی بوونێکی سادەیە.

مامم- ئاو نەباتی کەرمت پیدا؟

مانی- پیدا، لە یەک تا سەدیشم ژمارد، کاریگەری نەبوو

مامم- چی؟

مانی- یانی چاوەڕێم کرد تا کاریگەری ئاو نەباتەکە دەرکەوێت، بەڵام دەرنەکەوت، ئێمە روشتین بابە گیان.

مامم- نەکا ڕیخۆڵە کوێرەی بێت؟

مانی- دەی ئەبێت پزیشک بیبینێت.

مامم- ڕاوەستن با منیش بێم.

مانی- نە، نە، ئێوە هەر لێرە بن تا ئەگەر عەزیز یان مامە زانییان نیگەران نەبن.

مامم- ئێستا ئەیبەیت بۆ کوێ؟

مانی- کلینیکی ڕۆکسانا، بەشی ژەهراوی بوون.

مامم- لە کوێیە؟

مانی- نزیکە.

مامم- لوقمان دەولەش هەیە.

هەر کە مامم ئەمەی وت، مانی لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- لوقمان دەولەت ئەوێ یان ڕۆکسانا؟

پێکەنینم ئەهات، بەلام ئەوەندە سکم ئێشی ئەکرد کە نەمدەتوانی پێبکەنم.

مانی- نە، لوقمان دەولە زۆر دوورە، ئەمەیان نزیکترە، خوات لەگەل بابە.

مامم- گەیشتن تەلەفۆن بکەن.

مانی- بەسەرچاو، بەسەرچاو.

مامم- لەبیرت نەچێت هەتیو.

مانی- بەسەرچاو بابە.

باڵی ڕاکێشام و چووینە حەوشەکەوەو لەوێشەوە ڕۆشتینە کۆڵان و سواری ئۆتۆمبیلەکەی مانی بووین و دایگیرساندو وەکو بروسکە بۆی دەرچوو.

- مانی بەڕاستی شێتی.

مانی- دەست حەقمە؟

- بەخوا، هەر بەڕاستی سکم ئێش ئەکات.

مانی- لە پێناوی بۆرە پیاودا خۆت بدە بە کوشت، ئەڵێت بە دەردی خوا مرد.

- زەهری مار، خێرا بڕۆ.

مانی- ئەتەوێت گەرمی گەرم بیبینیت؟ یانی تا سارد نەبووەتەوە چاوت پێی بکەوێت بۆ ئەوەی بێتام نەبێت؟

- بێتام مەبە مانی.

مانی- ئاخر بڵێ چی بووە؟ تۆ خۆ ئەوەندە بە کول نەبوویت، ئەمسال نقورچکەم

لیت بگرتایه، سالیکی تر ئەتوت ئاخ، چی بووە ئەمشەو ئەوەندە گورج و گوڵ بوویت؟
ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە، هەم ئەو شتانەی کە پوری پێی وتبووم، هەم قسەکانی ڕۆکسانا، وتی:

- سەیرە ها!

- ئەری زۆر گوماناوییە!

مانی- یانی لە ڕاستیدا تۆ خەریکیت ئەچیت بۆ ئەوی تا گومانەکانت بڕەوێنیتەوە.

- وتبە.

مانی- کەوایە عاشقی کابرا بوویت، ها؟

- نە بابە، چووە بە دڵمدا.

مانی- ئەفرەت لە دایک و باوکی مرۆڤی درۆزن.

- ئاه.. خێرا بڕۆ، چاوەڕوانە.

مانی- بابە ئەمە ئۆتۆمبیلە خۆ فڕۆکە نییە، تازە خەریکم سەدو چل ئەڕۆم

- پێی لێنادەیت، سێ سەد و شتێک ملیۆنت داوە ئەمەت کڕیوە؟ دەی ژیانێکت بکڕیایە توندتر ئەڕۆشت

مانی- ئەو قایشە شل و بێ خاوەنەت ببەستە ئەوا بۆی دەرچووم.

لەپڕ وا پێی لێدا کە ئۆتۆمبیلەکە وەک فڕۆکە دەڕۆشت، بە شێوەیەک کە خۆم ترسام و وتم:

- ئەموت ئەوەندەش خێرا، ئێستا تووشی ڕووداوێک ئەبین.

مانی- هەرگیز نەگەیشتن باشترە لە درەنگ گەیشتن، یا قالیچەی حەزرەتی سلێمان هاوار!

سێ چوار خولەک دواتر لە گیشا بووین و چووینە سەرەوەو دوای دوو خولەک لە بەردەم ماڵی پوری و ئەواندا ئێستۆپی گرت و وتی:

- گەشتیارانی بەڕێز، هەر ئێستا لە فڕۆکەخانەی گیشا نیشتینەوە، پلەی گەرما شەست حەفتا پلە بەلکو زیاتریشە، هیوادارم دیسان تەشریف بهێننەوە بۆ هێلەکەی ئێمەو بڕۆین بەملاولادا.

ویستم دابەزم، دەستی گرتم و وتی:

- سەیرکە هامون، ئەگەر ئێستا بڕۆیت ئیتر هەموو شت تەواو بووە ها، ئیتر ناتوانیت بگەڕێیتەوە، بیرتکردۆتەوە؟ ئەم ڕۆکسانا موسوڵمان نییە، خەریکی کارێکی پڕ زەحمەت

دەست پیدەکەیت، ئەگەر لە خۆت دڵنیا نیت، هەر ئێستا بگەڕێرەوە، چونکە دواتر ناتوانیت.

- دڵنیام.

مانی- تۆ هێشتا شەرم لە خۆت و من ئەکەیت و ناوێریت بڵێیت خۆشم ئەوێ.

سەیریکیم کردو وتم:

- خۆشم ئەوێ مانی.

پێکەنینێکی کردو وتی:

- ئەزانی ترمە چی پێوتم لەبارەی ڕۆکساناوە؟

- چی وت؟

مانی- ئەیوت ئەم ئامادەکارە سەرەتا پێشنیاری بە ڕۆکسانا داوە دواتر بە ترمە، یانی ڕۆکسانا ڕازی نەبووە، ئەیوت ڕۆکسانا ڕێک ئەڵێی شارۆن ئیستۆنە، ڕاست ئەکات، لێی وردبوویتەتەوە؟

سەیریم کرد و پێکەنیم، وتی:

-ئێستا بڕۆ.

- دەستت خۆشبێت، تۆ بگەڕێرەوە ماڵەوە، خۆم دێمەوە.

مانی- من هیچ کات سەگیش لەسەر شەقام وێڵ ناکەم، بڕۆ درەنگە.

دەم و چاویم ماچ کردو دابەزیم، هەر لەوێوە سەیری باڵکۆنەکەیانم کرد، ڕۆکسانا پاڵیدابوو بە مەحەجەرەکانەوە و خەریکبوو سەیری منی ئەکرد، جگەرەیەکم دەرهێناو دامگیرساندو چوومە بەردەم دەرگاکەیان و وەستام، خولەکێک دواتر دەرگاکەیان کرایەوەو هاتە دەرەوە، تیشێرت و پانتۆڵێکی لەبەردا بوو، بێئەوەی هیچ بڵێم، سەیرم کرد، مانی و ترمە ڕاستیان دەکرد ڕێک لە شارۆن ئیستۆن ئەچوو، لەپڕ هەمان هەستی خۆشی ڕووی تێکردم، هەر لەبیرمچوو لە کوێم و لە دەوروبەرم چی ئەگوزەرێت، حەزم ئەکرد هەروا بووەستم و سەیری بکەم، نە حەزم ئەکرد خۆم قسە بکەم، نە ئەو، ئەوەندە ئەو ساتە لەلام شیرین بوو کە حەزم نەئەکرد تەواو ببێت.

ڕۆکسانا- بۆچی هاتیت؟

- هاتم وەڵامێکی ترتان لێوەربگرم.

ڕۆکسانا- وە دواتریش وەڵامێکی ترا!

- لەوانەیە، ڕووپۆشەکەتان لەبەر بکەن تۆزێک بەیەکەوە پیاسە بکەین، ئەگەر ویستتان بە پورێش بڵێن کە لەگەل منداڵ.

CamScanner

ساتیک سەیریکردم، بەلام دەموچاوی هیچ شوێنەوارێکی خۆشحالی پێوە دیارنەبوو، وەک ئەوەی کە ئیختیاری لە دەستی خۆیدا نەبێت، دەستی لە دەرگاکە بەرداو بە ئارامی چووە ماڵەوەو پێنج خولەک دواتر گەڕایەوە، هەمان ڕووپۆشی ئەو ڕۆژەی پۆشی بوو لەگەل لەچکێکدا، بە ئارامی دەرگای ماڵەوەی پێوەداو لایکردەوە بەلای منداو سەیری کردم، چاوەڕێ بوو کە من بڵێم لە کام لاوە بڕۆین، کەوتینەڕێ بەرەو ئەوپەڕی کۆلانەکە، هەموو شوێنێک چۆڵ بوو و کەس لە کۆلانەکەیانەوە تێنەئەپەڕی، چەند هەنگاوێک ڕۆشتین، پێموت:

- ئێستا پێم بڵێن.

سەیرێکی کردم و وتی:

- من بەکەڵکی ئێوە نایەم.

- نەموت ئەوە بڵێن.

ڕۆکسانا- شتێکیتر نییە بۆ وتن.

- بۆچی نا، هەیە.

ڕۆکسانا- کەواتە من شارەزا نیم.

- بۆچی سەرەتا ئەتانویست کە..

لایکردەوەو دووبارە سەیریکردم، ساتێک بیدەنگبووم و دواتر وتم:

- بۆچی ئەتانویست عاشقتان ببم؟

تەنها سەیری کردم و وەڵامی نەدایەوە، دووبارە پرسیمەوە:

- بۆچی ئێوە بە کەڵکی من نایەن؟

کەوتەڕێ و دوو سێ هەنگاو چووە پێشەوە، لە پشتەوە خەریکبووم سەیریم ئەکرد، لەپڕ بینیم بە دەستی جوڵەیەکی لەسەر سنگی کردو دواتر لایکردەوەو وتی:

- ئەمویست دڵتان بسووتێنم، ئەمویست بە بەچکە دەوڵەمەندێکی پێشان بدەم کە هەموو شت بە پارە ناکڕدرێت، ئەمویست دڵم ئاو بخواتەوە، هەر ئەوە.

- هەر ئەوە؟

ڕۆکسانا- ئەمە، ئێستا دڵت ئاسودە بوو؟

- ئەڕێ، ڕاستی سەرکەوتوو بوون، چونکە زۆر دڵتان سووتاندم، ئێستا دڵتان ئاوی خواردەوە؟

ڕۆکسانا- ئەڕێ.

- دەی ئێستا پێم بڵێن بۆچی بەکەلکی من نایەن؟ پرسیاری دووەمم ئەوە بوو.

سەیرێکی کردم و وتی:

- بۆچی لە قسە تێناگەیت؟ من هەر تۆم بەدل نییە، نە خۆت، نە ئەو ڕەفتارە قەلبانەت، ئەوەندە ڕەفتارت قەلبە کە لە سەرەتاوە قسەت لەگەل نەنەکرا، مانی لەبارەتەوە ڕاستی دەوت، هەر بەڕاست بۆ ئەوە باشیت بە هارون بانگت بکرێت، ئەڵێی مارت قوتداوە، ناشزانیت قسە بکەیت.

دواتر دەستیکرد بە لاساییکردنەوەم.

ڕۆکسانا- سەرکەوتوو بوون لەوەی کە دڵم بسووتێنن، دڵتان ئاوی خواردەوە، هێشتا وا ئەزانیت لەگەل پورتدا قسە ئەکەیت، تۆ چیتداوە لەم کارانە؟ تۆ لەو کوڕە بێتام و نوزاوییانەیت کە ئەبێت دایک و باوکت کچێکت بۆ بدۆزنەوە و خوازبێنی و کارەکانی تر تەواو بکەن و تازە دوای ئەمانە ناوەکەیت پێبڵێن، بڕۆ بەلای کارتەوە.

ئەمانەی وت و هەروا چاوی تێبڕیم، زۆرم پێناخۆش بوو، ئەگەر ئەمانەی بە ئارامی بوتایە زۆر نارەحەت نەئەبووم، بەڵام تاڕادەیەک خەریکبوو هاواری ئەکرد، زۆرم لە خۆمکرد تا زلەیەکی لێنەدەم، تەنها سەیرێکیم کردو گەڕامەوە و دوو سێ هەنگاو ڕۆشتم، ئێستا ڕووم نەئەهات بگەڕێمەوە بۆ لای مانی، بگەڕێمەوە چی پێبڵێم؟ ئەم هەموو ڕێگەو بەو حاڵەوە هێنام، ئێستا پێی بڵێم ڕۆکسانا ئەو قسانەی پێوتووم؟ لەسەر جێگەکەم وشک بوو بووم، قاچم نەئەچووە پێش، تۆزێک هەروا وەستام و جگەرەیەکی ترم داگیرساندو لامکردەوە بەلایدا، هەر کە وێستم شتێک بڵێم، خێرا وتی:

- بەڕاستی چ ڕوویەکت هەیە!

خەریکبوو لەتاو نارەحەتی ئەخنکام، خۆزگە پیاو بوایە تا وەڵامم بدایەتەوە، لە کاتێکدا کە گریان قورگی گرتبووم، هێواش، بەڵام بە ڕق و نارەحەتییەوە پێموت:

- بگەڕێنەوە با بتانگەیەنمە ماڵەوە.

کە ئەمەم وت، پشتی تێکردم و وتی:

- تووشی عەجەب دەردەسەرییەک بووم!

ئەمەی وت و دووبارە بە دەستی جوڵەیەکی وەکو جاری پێشتری لەسەر سنگی ئەنجامدا.

ئیتر تەواو توڕە بوو بووم، پێموت:

- بۆچی هاوار ئەکەن؟

ڕۆکسانا- بۆ ئەوەی دەست لەسەرم هەلبگریت و بڕۆی بەلای کارتەوە، بابە من دەستگیرانم هەیە، تێئەگەیت؟

ویستم بڵێم بە جەهەنەم کە دەستگیرانت هەیە، بەلام خۆمم گرت و وتم:

- زۆرباشە، من ئەڕۆم، تەواو بوو.

لامکردەوە بەملادا، بینیم مانی لە پشت دارێکەوە هاتە بەردەمم، بۆ ساتێک حەپەسام، نزیکبوو تۆڵەی قسەکانی ڕۆکسانا لەو داماوە بکەمەوە، بەلام خۆمم گرت و بە تورەیی پێموت:

- بڕۆین مانی.

مانی- بۆ کوێ؟

- ماڵەوە ئیتر.

مانی- هاوار مەکە، ئارامبە، تۆ چەند سادەیت کوڕەکە!

سەیریم کرد، ئاماژەیەکی بۆ کردم و پشت سەرمی پێ پیشاندام، لامکردەوە بەلای ڕۆکسانادا، بینیم پاڵیداوە بە دارێکەوەو خەریکە سەیری من دەکات و هێدی هێدی فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارەوە، دووبارە لامکردەوە بەلای مانیدا، هەر نەمدەزانی بابەتەکە چییە، مانی پێکەنی و وتی:

- ئەمانە کاتێک دەیانەوێت بۆ نموونە درۆیەکی مەسلەحەتی بکەن، پێش ئەوە لەسەر سنگیان خاچ ئەکێشن و داوا لە خوا ئەکەن کە بیانبەخشێت.

دووبارە لامکردەوە بەلای ڕۆکسانادا، لەپڕ هەروا کە پاڵیدا بوو بە دارەکەوە، دانیشت و سەری خستە سەر ئەژنۆی.

مانی- گەرە خەریکبوو درۆی زلی بۆ ئەکردیت و لە پەساو خێرا خێرا خاچی ئەکێشا، چ فێڵبازن ئەم کچانە!

دواتر سەری داخست و ڕۆشت بەرەو ئۆتۆمبێلەکە، لامکردەوە بەلای ڕۆکسانادا و چووم بۆ لای و لە بەردەمیدا دانیشتم و وتم:

- درۆت لەگەل کردم؟

هیچی نەوت.

- من بیستبووم کە مەسیحییەکان درۆ ناکەن.

هەروا کە سەری لەسەر ئەژنۆی بوو، بە دەنگێکی گریاناوی و نووساو و بەدەم هەنسکەوە وتی:

- ئەگەر درۆم کرد لەبەر خۆت بوو، ئەگەرنا ئەو کارەم نەئەکرد.

بە ئارامی پێموت:

- خۆ تۆ نازانیت باشەو خراپەی من لە چیدایە.

دووبارە هەر بەو شێوە وتی:

- من بۆ تۆ باش نیم.

لەپڕ بێویست دەستم ڕۆشت بۆلای قژی، لەچکەکەی کەوتبووە سەر شانی، بە ئارامی نەوازشم کرد، لەپڕ سەری بەرزکردەوەو دەستی گرتم و ماچیکرد و وتی:

- توخوا بمبوورە، زۆر ڕاهێنانم کرد تا کاتێک کە تۆ گەشتیتە ئێرە، ئەمانەت پێبڵێم.

- زۆریش سروشتی پێت وتم.

ڕۆکسانا- نا، بە خوا، نا، هەمووی درۆ بوو، بەڵام زۆر شت هەیە تۆ نایزانیت.

بە ئارامی سەرم بردە لای گوێچکەی و پێموت:

- هاوسەرگیریم لەگەڵ ئەکەیت؟

ساتێک بێدەنگ بوو و بە حەپەساوی سەیریکردم.

- ئەرێ؟

ڕۆکسانا- ئەزانیت خەریکی چی ئەڵێیت؟

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- تۆ هیچ لە بارەی منەوە نازانیت، ئەگەر بزانیت....

- منیش وتم ئەمەوێت بزانم.

دووبارە سەیریکردم، لەپڕ لە جێگەکەی هەستاو وتی:

- باشە، پێت ئەڵێم، کاتێک زانیت خۆت لێی ئەدەیت و ئەڕۆیت.

لەچکەکەیم کە بەسەر شانییەوە بوو، دایەوە بە سەریدا، سەیرێکی کردم و پێکەنی، دوو بە دوو دەستمان کرد بە پیاسەکردن، جگەرەیەکی تریشم داگیرساند.

ڕۆکسانا- دانەیەکیش بدە بە من.

پاکەتەکەم گرت بەرەو ڕووی، دانەیەکی هەڵگرت و بۆم داگیرساند، تۆزێکیتر ڕێمان بڕی، وتی:

- کاتێک هاتین بۆ ئێران، من دەوری یازدە دوازدە سال بووم، هاتینە ماڵی داپیرەم کە لە سەرەوەی شار بوو، دایکم تەواوی ئەو زەوییانەی فرۆشت کە بەریکەوتبوو، ئەڵبەت من ئەو کاتە زۆر بچوک بووم، بەڵام ئەمزانی کە پارەیەکی زۆری دەستکەوتووە.

- ببوورن، بۆچی دایک و باوکت لەیەک جیابوونەوە؟

ڕۆکسانا- ئەمەم دواتر زانی، کاتێک کە گەورەتر بووم، وانە کاتێک کە بە بارەوەرییەکانمدا ئەچوومەوە، تووشی هەندێک شت ئەبووم کە لە کاتی خۆیدا زۆر لام ڕوون نەبوون، بەڵام کاتێک گەورەتر بووم لە مانای هەموویان تێگەیشتم.

هەروا کە ئەڕۆشتین چاوم کەوت بە ڕووپۆشەکەی کە خۆلاوی بوو بوو، باڵیم گرت و ڕامگرت و پشتیم تەکاند، پێکەنی و وتی:

- تۆخوا کارێک مەکە کە زیاتر عاشقت بم، من هەرواش خەریکم عەزاب ئەکێشم و خۆم لەبەر ئەم کارە سەرزەنشت ئەکەم.

- هۆکارێک نییە بۆ ئەم کارەت، بۆچی کاری وا ئەکەیت؟

ڕۆکسانا- نازانم، بەڵام دواتر دەردەکەوێت.

جگەرەکەی خستە سەر زەوی و وتی:

- من هیچ کات لە دەرەوەی مال جگەرە ناکێشم، ئێستا هەستم کرد بەڕاستی پێویستم پێیەتی.

پێکەنیم، سەری وەرگێڕاو کەوتە ڕێ و وتی:

- باوکم فەرەنسی بوو و لە کۆمپانیایەکی فەرەنسیدا کە لە ئێران چالاکی هەبوو، کاری دەکرد، یانی سەرۆکی بەشێکی ئەو کۆمپانیا بوو کە لە تاراندا لقێکی هەبوو، ئێستا نازانم چۆن، بەڵام بە شێوەیەک لەگەڵ دایکم ئاشنا ئەبێت و دوای چەندجار بینین و قسە لەگەڵ یەک کردن، عاشقی ئەبێت و پێشنیاری هاوسەرگیری پێئەدا.

دواتر لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- دایکم ژنێکی زۆر جوان بوو!

سەیرێکی چاویم کرد و وتم:

- ئاشکرایە.

پێکەنی و دووبارە کەوتە ڕێ و وتی:

- ئاوا بۆت بگێڕمەوە، باوکمیان ئاسان بەگیر هێناو کۆمەڵێک مەرجی قورسیان بۆ دانا، ئەمانە باوکم پێی وتم، داوای ئاڵتون و زێڕیان لێکردبوو، ئەویش زۆر زۆر و شتی تریش، ئەڵبەتە لەبەرئەوەی عاشقی دایکم ئەبێت، هەمووی قبول ئەکات و هاوسەرگیرییەکە سەر ئەگرێت، نزیکەی ساڵێک دواتر، دایکم بە پێچەوانەی ویستی باوکمەوە، دووگیان ئەبێت، کاتیش چ کاتێکە؟ دوو سێ ساڵ دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، کاتێک لێرە شۆڕش

CamScanner

هەلئەگیرسینت، ماوەیەک دوای ئەوە ئەو کۆمپانیا گەورە فەرەنسییە، لقەکەی لە تاران دائەخات و باوکم ناچار ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا، دایکیشم لە خوای ویستووەو لەگەلیدا ڕۆشتووە؟

- باوکتان حەزی لێرە نەبووە؟

ڕۆکسانا- بۆ نا، هەمیشە ئەیوت عاشقی ئێرانە، بەلام دەی ئیتر ئەبوایە بگەڕایەتەوە، چونکە لێرە ئیشی نەبووە، بە کورتی هەردووکیان ئەگەڕێنەوە فەرەنسا و ماوەیەک دواتر، من لەوێ لەدایک ئەبم، تا چەند ساڵێک ژیانیان زۆر باش بووە، بەلام دواتر لەپڕ هەموو شتێک گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- دایکم عاشقی باوکم نەبوو، خۆشی نەئەویست، تەنها لەوانەیە لەبەر چاو ر چاولێکەری یا پۆزلێدان لەبەردەم کەس و کارەکەیدا، لەگەل باوکم هاوسەرگیری کردبوو، دەی بوونی مێردی فەرەنسی لەو کاتەدا شتێکی کەم نەبووە، ئەویش مێردێکی دەولەمەند، ئەگەرچی چوارده پازده ساڵیش لە خۆی گەورەتر بوو بێت، ئاخر باوکیشم ئەوەندە لە دایکم گەورەتر بووە.

- لە کوێوە ئەزانیت کە خۆشی نەویستووە؟

ڕۆکسانا- بە ڕەفتارەکانیدا، باوکم زۆر لەسەرخۆ بوو، هەمیشە بە ئارامی قسەی ئەکرد، تەنانەت کاتێکیش کە دایکم لە خۆوە بیانووی پێئەگرت و ئەبوو بە شەڕیان، باوکم قسەی خراپی نەئەکرد و هەمیشەش لەبەر من ئەو زووتر بابەتەکەی ئەبڕییەوە و ئەمەش دایکمی چاوقایمتر ئەکرد، دەی یاساکانی ئەوێ لەگەل هی ئێرە جیاوازەو پارێزگاری لە ژن ئەکات، سەرەتا نەمئەزانی هۆکاری ئەم کارانەی دایکم چییە، بەلام دواتر کەمێک تێگەیشتم، ئەلبەتە نەک بە تەواوەتی، بەلام شتگەلێکم زانی و لەوانەیە هەر ئەم زانینەی من بوو کە بووە هۆی جیابوونەوەیان.

- لەبەر تۆ لەیەک جیابوونەوە؟

ڕۆکسانا- نا، لەبەر شتی تر، ئەزانی، دایکم ڕەوشتێکی تایبەتی هەبوو، ئەملی لە ماڵەوە دانیشتن و سەختی کێشان و سووتان و سازان و ماڵداری و منداڵ گەورەکردن و ئەم شتانە نەبوو، ئەو منیشی خۆشنەئەویست و ئەگەر دوو گیان بوو بوو، لەوانەیە لەبەر ئەوە بوو بێت کە پێگەی خۆی لە ڕووی ڤیزاو نیشتەجێ بوونەوە پتەو بکات، ئەمانەم کاتێک زانی کە گەورەتر بووم.

له دوو ساڵییەوە منی خستە باخچەی ساوایان، باوکم ناڕازی بوو، بەڵام ئەو دەیوت مندال ئەبێت کۆمەڵایەتی ڕابهێنرێت، من بە درێژایی ڕۆژ لەوانەیە دادەی باخچەکەمم زیاتر لە دایکم ببینیایە، لە بەیانییەوە تا کاتژمێر سێ و چوار لەوێ بووم، باوکم کاتژمێر چوار ئەهات بۆ باخچەو منی لەگەڵ خۆی دەبردەوە بۆ ماڵەوە، کاتێک دەگەیشتمەوە ماڵەوە، دایکم خەوتبوو و باوکم خۆی بە من ڕادەگەیشت، بۆ نمونە جلەکانمی دەگۆڕی و خواردنی پێدەدام و یاری لەگەڵ ئەکردم و ئەم شتانە تا دایکم خەبەری دەبووەوە، زۆربەی شەوەکانیش ئەبوو باوکم ببردایەتە دەرەوە، دیسکۆو ڕێستۆرانت و ئەم جۆرە شوێنانە، پەرستاریکیشیان بۆ من گرتبوو، کاتێک ئەوان لە ماڵ نەبوون، ئەهات و ئاگای لە من ئەبوو، کاتێکیش ئەوان دەگەڕانەوە ماڵەوە کە من خەوتبووم.

لەپڕ لایکردەوە بەلای منداا، بینیم ئەگری، گریانەکانی زۆر سەیر بوو! بێدەنگ، تەنها تنۆکەکانی فرمێسک هەروا بە چاویدا ئەهاتنە خوارەوە، زۆر ناڕەحەت بووم، بە دەستم فرمێسکەکانیم سڕی، پێکەنی و وتی:

- دایکم تەنانەت شیری بە منیش نەدا، ئەیوت هەیکەلی تێکدەچێت، تێنەگەیت؟

دووبارە کەوتینەوە ڕێ، تۆزێک دواتر وتی:

- ئەمە بەرنامەی من بوو تا کاتی چوونە قوتابخانەم هات.

- ببوورە، تۆ زۆر باش بە فارسی قسە ئەکەیت.

لەپڕ بە حاڵەتێکی تایبەت لایکردەوە بەلامداو وتی:

- لەبەرئەوەی من ئێرانیم.

پێکەنیم و وتم:

- ئێ باشە.

لەپڕ حاڵتەکەی گۆڕاو وتی:

- ببوورە، من لەسەر ئەم بابەتە زۆر دەمارگیرم.

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- دایکم لە سەرەتاوە زۆر پێداگری ئەکرد کە من ئەبێت بچمە قوتابخانەیەکی زۆر باش، قوتابخانەیەک کە کاتژمێری وانەکانی زۆر بوو، بەڵام باوکم ناڕازی بوو، سەرەنجام دایکم قسەی خۆی بردە سەرو منیان خستە قوتابخانەیەک کە لە بەیانییەوە تا کاتژمێر پێنجی دوانیوەڕۆ لەوێ بووم، ئەڵبەتە من ڕاهاتبووم، لام سەخت نەبوو، بە کورتی هەموو ڕۆژێک تا کاتژمێر پێنج وانەم هەبوو، جگە لە یەک ڕۆژ کە تا یەک زیاتر لە

قوتابخانە نەبووم، ئەو ڕۆژەش ئەبوایە دایکم بهاتایە بە شوێنمدا، چونکە باوکم لەسەر کار بوو، ڕۆژانی تر بە شێوەیەکی ئاسایی باوکم ئەیبردم بۆ قوتابخانەو ئەیگەڕاندمەوە، بیرمە لە پۆلی چوار بووم، باوکم لەو شوێنەی کە کاری لێدەکرد ڕایانسپارد بچێت بۆ شارێکی تر، ئاخر ئێمە لە پاریس ئەژیاین، بەلام باوکم ناچار بوو بچێت بۆ مارسیلیا، کاری کومپانیاکەیان زیاتر لەوێ بوو، یانی هەنارده و هاوردەکانیان زیاتر لە ڕێگەی بەندەری مارسیلیاوە بە کەشتی ڕەوانەی شوێنەکانی تر ئەکران و باوکم ڕاسپێردرا بوو و ئەبوو بچوایە بۆ ئەوێ، ڕۆژێک هاتەوە و بابەتەکەی بە دایکم وت، بەلام دایکم سەرەتا منی کردە بیانوو و دواتریش وتی من لەگەل ئێرە ڕاهاتووم و ناتوانم لە مارسیلیا بژیم و ئەم شتانە، باوکیشم زۆر دیموکراسیخواز بوو، قبوڵیکرد و داوای لە دایکم کرد ی ئاگای لە من بێت، دوای ڕۆشتنی باوکم، پاسی قوتابخانە ئەهات بە شوێنمدا، واتە سەری کاتژمێر ئەچوومە بەردەرگاو پاسی قوتابخانە ئەهات بە دوامداو سەری ئەخستم و عەسریش ئەیگەڕاندمەوە، ماوەیەک بارودۆخ هەر بەم شێوە بوو تا ئەوەی کە ڕۆژێک لە قوتابخانە گەڕامەوە، هەرچی زەنگم لێدا، دایکم دەرگای بۆ نەکردمەوە، وامزانی لەمال نییە و چووە بۆ کڕین، هەر لەوێدا، لەبەر دەرگا دانیشتم، نزیکەی نیو کاتژمێر دواتر، لەپڕ بینیم دایکم بە جلوبەرگی دەرەوەوە لە مال هاتە دەر، زۆرم پێ سەیربوو، هەر کە ویستم قسە بکەم، دەستی گرتم و دەرگای ئاپارتمانەکەی داخست و وتی ئەیەوێت بڕوات دیارییەک بکڕێت، کاتێک لێم پرسی بۆچی دەرگاکەی بۆ نەکردوومەتەوە، بیانووی هێنایەوە کە حەبی خەوی خواردووەو ئاگای لێنەبووە کە من زەنگ لێدەدەم، منیش بابەتەکەم زۆر لا گرنگ نەبوو تا بیری لێبکەمەوە، ئەم ڕووداوە چەند جارێک دووبارە بووەوە، بەلام دیسان شتێکی گرنگ نەبوو لام، نزیکەی دوو سێ مانگ دواتر، ڕۆژێک کە لە قوتابخانە ئەگەڕامەوە، دایکم پێی وتم، ئەمشەو پەرستارەکە دێت بۆ لام تا ئاگای لێم بێت، وتی بڕیارە بۆ ئانی ئێوارە لەگەل هاوڕێکانیدا بچێتە دەرەوە، ئەمەش زۆر لام گرنگ نەبوو، یانی دەموت ئێ مافی خۆیەتی جارجار لەگەل هاوڕێکانیدا بچێتە دەرەوە، لە ڕاستیدا چونکە دایکم زۆر نەئەبینی و خۆشی نەئەویستم، بوون و نەبوونی زۆر لام گرنگ نەبوو، سەرەتا ئەم بەرنامە هەفتەی یەک شەو بوو، بەلام دواتر زیادیکرد، هەفتەی دوو شەو، سێ شەو، کەم کەم شتگەلێک تێگەیشتم، بەلام لەگەل ئەو پەروەردەو کلتورەی کە لەوێ هەمانبوو، ئەم شتانە زۆر گرنگ نەبوون، دەی ئەزانی خۆ، ئەوێ زۆر شت لەگەل ئێرە جیاوازی هەیە.

ـ تەنانەت ئەم بابەتانە؟

بیریکی کردەوەو وتی:

ـ نا، لە ڕاستیدا یەکێک لەو هۆکارانەی کە باوکم لەگەل دایکم هاوسەرگیری کرد، ئەم بابەتانە بوو، ویستوویەتی لەگەل ژنێکدا هاوسەرگیری بکات کە لە بابەتە ڕەوشتییەکاندا، لە ژنە فەرەنسییەکان پابەندتر بێت، بەلام هەلەی کرد. باوکم هەموو ڕۆژێک تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە ئەکردو سەرەتا لەگەل دایکم و دواتر لەگەل من قسەی ئەکرد، زۆربەی کات، عەسران تەلەفۆنی ئەکرد کە من تازە لە قوتابخانە گەڕابوومەوە ماڵەوە، لەوانەیە ویستبێتی دڵنیابێت کە کچە بچووکەکەی گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە، هەر بۆیە عەسران تەلەفۆنی بۆ ئەکردین، جارجارێکیش هاوڕێکانی باوکم، تەلەفۆنیان بۆ ئەکردین و هەواڵیان ئەپرسین، بەلام کەم کەم، ئەم تەلەفۆن کردنانە زیادیان کرد، هەندێکیانم ئەناسی و هەندێکیشیانم نەئەناسی، دواتریش، گەڕانی ڕۆژانی یەکشەممە لەگەل هاوڕێکانی باوکمدا، هەمیشەش دیارییەک لەگەل ڕاسپاردەی دایکم بەوەی کە پێی باش نییە هیچ دەربارەی ئەم گەڕانانە بە باوکم بوترێت، چونکە ئەو لە ئێمە دوورەو لەوانەیە خەفەت بخوات، منیش لەبەرئەوەی ئەم ڕاسپاردانە هەمیشە دیارییەکی باشی لەگەڵدا بوو، ڕازی ئەبووم و هیچم بە باوکم نەئەوت، ئەڵبەتە باوکم مانگی دوو جار ئەهات بۆ پاریس و ئەگەڕایەوە، بە کورتی، چەند مانگێک بەم شێوەیە تێپەڕی، تا ئەوەی کە شەوێک کاتژمێر دەوری نۆ بوو، باوکم تەلەفۆنی کرد، من چووبوومە ناو جێگە، پەرستارەکە لەگەل باوکم قسەی کردو دواتریش منی بانگکردو باوکم لێی پرسیم دایکم لەکوێیەو بۆچی دیسان پەرستاری بۆ من گرتووە، نەمدەزانی چی بڵێم، هەر ئەوەندەم دێتەوە بیر، بە حساب بۆ ئەوەی باوکم هیچ نەزانێت و خەفەت نەخوات، پێموت کە هەفتەی تەنها دوو سێ شەو پەرستار دێت و ئاگای لە من ئەبێت.

ئەمەی وت و دەستیکردە پێکەنین، دوای تۆزێک پێکەنین وتی:

- نەمزانی بەم قسەم چەندێک بارودۆخەکەم خراپ کرد، بەو عەقڵە بچوکەی خۆمەوە، دەمویست وەک ئەڵێن، کارەکە چاک بکەم، بەلام وا دیار بوو عوزری خراپتر لە قەباحەت بوو، بە کورتی چەند ڕۆژێک تێپەڕی، دایکم هەفتەی دوو سێ شەو ئەچووە دەرەوەو منیش لەگەل پەرستارەکەدا بە تەنها لە ماڵەوە ئەمامەوەو لە کاتی خۆیدا ئەچووم ئەخەوتم و کاتژمێرێک دواتر پەرستارەکە ئەڕۆشت، منیش ئیتر ڕاهاتبووم، یا کاتی خۆم بە سەعیکردن پڕ ئەکردەوە یان سەرقال ئەبووم بە یاری کردنەوە،

یاخود سەیری تەلەفزیۆنم نەکردو ڕۆژم تێنەپەڕاند. تا ئەوەی کە سەرەنجام ڕۆژێک ئەو ڕووداوە ڕوویدا، گوایە باوکم لەدوای ئەو تەلەفۆنە، لە کۆمپانیاکەی مۆلەت وەرنەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ پاریس، بەڵام نایەتەوە ماڵەوە و ئەچێتە ئوتێلێک و بە دزییەوە دایکم ئەخاتە ژێر چاودێری و دوای ئەکەوێت و سەرەنجام شەوێک لە کاتی خۆیدا ئەچێت بەسەریدا، ئەو شەوە لەبیرمە گوێم لێبوو دایکم داوای لە پەرستارەکە کرد کەمێک درەنگتر بڕواتەوە، زانیم کە بە دڵنیاییەوە خۆیشی بڕیارە درەنگتر بگەڕێتەوە ماڵەوە، ئەلبەتە زۆربەی کات کاتژمێر دوازدە یان یەک دەگەڕایەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو شەوە بڕیار بووە ماوەیەکی زیاتر خۆش ڕابوێرێت، باوکم هەر لە شەوی یەکەمەوە ئەکەوێتە دوای و ئەبینێت کە لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێ گیانی بە گیانییەکانی خۆیدا، چوونە سینەماو دواتریش ڕێستۆرانت و تا ئێرەی کارەکە لەوانەیە بەلای باوکمەوە کێشەی نەبووبێت، بەڵام کاتێک دوای ڕیستۆرانت، بە یەکەوە ئەچنە ماڵی هاوڕێکەی باوکم، ئیتر هەموو شتێکی لا ڕوون دەبێتەوە، تەنها هەڵەیەک کە ئەیکات ئەوە بووە کە خۆی دەستبەکار ئەبێت و پارێزەرێک یاخود پۆلیسێکی نهێنی ناگرێت بە کرێ، تا بتوانێت بە شێوەیەکی یاسایی کێشەکە چارەسەر بکات، بە کورتی ئەو شەوە تۆزێک چاوەڕێ ئەکات و دواتر لە دەرگای پشتەوە ئەچێتە ماڵەوەو ئەبینێت، بەڵێ، دایکم و هاوڕێکەی لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بەیەکەوەن، ئەویش کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدات و هێرش دەکاتە سەر هەردووکیان و بە شتێک هەردووکیان بریندار ئەکات، لە ئەنجامی دەنگ دەنگ و هەراکە، دراوسێکانیان تەلەفۆن بۆ پۆلیس ئەکەن و پۆلیسیش باوکم دەستگیر ئەکات، بەداخەوە لەو هەلەدا، دایکم و هاوڕێ ناپاکەکەی باوکم، کاتیان دەست دەکەوێت کە بەڵگەی تاوانەکەیان لەناو ببەن بە جۆرێک کە کاتێک پۆلیس دێتە ماڵەوە، هەردووکیان جلەکانیان لەبەر کردبوو و هیچ بەڵگەیەک لەسەر کاری بێرەوشتی بوونی نەبووە، دادگاییەکەیان دوو سێ مانگ درێژە ئەکێشێت، بەو شایەتییەی کە من و پەرستارەکەم دەربارەی گەڕانەکانی شەوانەی دایکم، لە دادگا دامان و بەرگری پارێزەرەکەی باوکم و گومانکردنی دادگا لە ڕەفتارە ناشرینەکانی دایکم و پێشینەی پاکی باوکم، دوای غەرامە، زیندانی کردنی دایکم ڕەتدەکرێتەوە، بەڵام سەرپەرشتی کردنی منی پێ ئەسپێردرێت.

- بە دایکت بۆچی؟

ڕۆکسانا- لەبەرئەوەی بەڵگەیەک نەبووە بیسەلمێنێت دایکم کاری بێرەوشتی کردووە، ڕاستە کە دەستەی دادوەری و دادگا زۆر شت تێگەیشتبوون، بەڵام لەبەرئەوەی باوکم

CamScanner

نەبتوانیوە بیسەلمینیت، ئەوانیش نەیانتوانیوە لە بەرژەوەندی ئەو حوکم دەربکەن.

- ئاخر هەر ئەوەی کە دایکت لەو کاتەی شەودا لە مالی پیاوێکی بێگانەدا بووە، خۆی بەلگەیە ئیتر.

ڕۆکسانا- نا، ئەوان لە دادگا وتیان کە بەیەکەوە هاوڕێیەتییەکی سادەیان هەبووە.

- دواتر چی ڕوویدا؟

ڕۆکسانا- پارێزەرەکانی دایکم و هاوڕێکەی باوکم، بە دادگایان وت کە باوکم هاوسەنگی دەروونی نییە بۆیە داوایەتی لەوان.

- دەی هەر پیاوێکی تریش بوایە لە جێی باوکت هەر ئەو کارەی ئەکرد، بەرگری لە ناموسی خۆی کردووە.

ڕۆکسانا- بۆچوونی دادگا شتێکی تر بوو، ئەوان دەیانوت ئەگەر ئەو پیاوە دایکمی بە زۆر ببردایە بۆ ماڵەکەی خۆی، ئەوا کارەکەی باوکم جێی قبوڵکردن بوو، بەڵام دایکم بە ویستی خۆی ڕۆشتووە بۆ ئەوێ، ئەگەر باوکم بەلگەی بە دەستەوە بووە، ئەبوایە لە ڕێگەی یاساییەوە کاری بکردایە نەک ئەوەی خۆی دەستبەکار بێت، جگە لەوەش ئەیانوت ئەگەر گومانی هەبووە لە هاوسەرەکەی، ئەبوایە لە ڕێی پارێزەر یاخود پۆلیسی نهێنییەوە بەلگەی بەهێزی کۆ بکردایەتەوە، ئەو کاتە ئەیتوانی دژی دایکم دەستبەکار بێت و یاساش پارێزگاری لێدەکرد، تازە ئەو کاتەش وا ئەزانی دایکمیان چی لێئەکرد؟ هیچ، تەنها باوکم دەیتوانی سەرپەرشتیکردنی منی لێوەربگرێتەوەو نیوەی دارایییکەیشی پێنەدات، هەر ئەوە، لەوێ ئەڵێن، ئەگەر ژنێک مێردەکەی یاخود مێردێک ژنەکەی خۆشنەوێت ناکرێت تا کۆتایی تەمەن دابنیشێت و بسووتێت و بسازێت، ئەوان بڕوایان وایە کە مرۆڤ یەکجار لەدایک دەبێت.

- پێموانییە ئەمە ڕاست بێت.

ڕۆکسانا- منیش پاڵپشتی ناکەم، مەگەر ئەوەی کە ژن یاخود مێردەکە، کێشەیەکی هەبێت.

- ئێ؟

ڕۆکسانا- هیچ ئیتر، لەیەک جیابوونەوەو نیوەی دارایی باوکم بەر دایکم ئەکەوێت و باوکم ئەخرێتە ژێر چاودێری پزیشکێکی دەروونی و ڕێگە نادەن تا دوو مانگ من ببینێت، تازە دوای دوو مانگیش بە پشتڕاستکردنەوەی پزیشکی دەروونی و بەلگەی سەلامەتی عەقلی مۆڵەتی وەرگرتووە.

CamScanner

- پزیشکی دەروونی ئیتر بۆچی؟

ڕۆکسانا- ئێ پارێزەرەکەی دایکم وتبووی، تەنها مرۆڤێک کە نەخۆشی دەروونی هەبێت ئەوەی لێدەوەشێتەوە دوو نەفەر بریندار بکات کە دانیشتوون و خەریکن زۆر هاوڕێیانە پێکەوە قسە ئەکەن، سەیرکە هامون، لەوێ کەس مافی ئەوەی نییە خۆی یاسا دابنێت، لەوێ ژنێک ئازادە کە بۆ نموونە لەگەل پیاوێکدا هاوڕێ بێت، ئەلبەت هاوڕێیەتییەکی سادە، پیاویش هەروا.

- سەرەنجام چی ڕوویدا؟

ڕۆکسانا- ماوەیەک دواتر هەوال گەیشت کە داپیرەم مردووە و دایکیشم کە لە خوای ئەویست، لەگەل مندا گەڕایەوە ئێران، سەرپەرشتی منیشی ناچاری قبوڵکرد و گەر نا ئەهلی ئەو شتانە نەبوو.

- بۆچی ناچاری؟

ڕۆکسانا- لەبەرئەوەی دادوەری ئەوێ دادپەروەرو هۆشیارە، دەستەی دادوەری هۆشیارن، پارێزەرەکان لەوێ بەتوانان و لە کارکردندا ئازادن، دایکم ئەگەر سەرپەرشتی منی قبول نەکردایە، ئەکەوتە کێشەوە و لەوانە بوو کە پارێزەرەکەی باوکم بیسەلماندایە کە گومانەکەی باوکم دروستە، ئەوکات دایکم هیچ پارەی بەرنەئەکەوت، تازە دوای دادگایی کردنەکەش ئیتر نەیدەتوانی هەر کارێک کە حەزی لێبوو بیکات، چونکە وایدەزانی لەژێر چاودێریدایە.

- لەژێر چاودێری کێ؟

ڕۆکسانا- پارێزەرەکەی باوکم، ئەگەر بیتوانیایە تەنها یەک وێنەی لە حالەتێکی بێرەوشتیدا بگرێت، زۆر شت گۆڕانکارییان بەسەردا ئەهات، بەهەر حال دایکم منی هەلگرت و هاتەوە بۆ ئێران، جا ئیتر چەندێک سەختیم کێشا لە قوتابخانە، با بمێنێت.

- لە چ ڕوویەکەوە؟ غەریبیت دەکرد؟

ڕۆکسانا- هەرگیز، منداڵەکانی قوتابخانە ئەوەندە لەگەلم میهرەبان بوون و حەزیاندەکرد لەگەلم ببنە هاوڕێ، کە عاشقی ئێرەو قوتابخانەکەی بووم، لەبەرئەوەی ڕەنگی پێست و قژم لەگەل ئەوانیتر جیاواز بوو و زمانیشم کەمێک جیاواز بوو، وەکو میوانێک ڕەفتاریان لەگەل دەکردم و منیش چێژم وەردەگرت.

- فارسیت ئەزانی؟

ڕۆکسانا- ئەرێ، فارسییەکەم باش بوو، چونکە دایکم لە ماڵەوە بە فارسی قسەی

لەگەل ئەکردم، بەلام نەمئەتوانی بیخوینمەوە و بینووسم.

جگەرەیەکم دەرهیناو دامگیرساندو وتم:

- ئی؟

ڕۆکسانا- ناتەوێ بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە؟

- نە، مەگەر تۆ ماندوو بوویت؟

ڕۆکسانا- نە، هەرگیز، بەلام کاک مانی لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا دانیشتووە.

- ئەی وای! لەبیرمچوو.

سەیری کاتژمێرم کرد، دوازدە بوو بوو.

ڕۆکسانا- بگەڕێینەوە؟

- ئەرێ، بەلام کاتێک گەیشتینە ماڵەوە تەلەفۆنت بۆ ئەکەم تا پاشماوەکەیم بۆ بگێڕیتەوە، سبەینێ ئەچیت بۆ زانکۆ؟

ڕۆکسانا- نە.

- کەوایە با بگەڕێینەوە.

ڕۆکسانا- هامون!

- بەلێ.

ڕۆکسانا- تا ئێرە کە بۆم گێڕایتەوە، چ هەستێکت لادروست بووە بەرامبەر بە من؟

- زۆر بۆت نارەحەت بووم، چونکە ژیانێکی زۆر سەختت هەبووە.

ڕۆکسانا- هەر ئەوە؟

- مەگەر ئەبێت چ هەستێکم لا دروست ببێت؟

ڕۆکسانا- لەوەی کە دایکم...

- پەیوەندی بە تۆوە نییە.

سەیری چاوی کردم و پێکەنی، منیش دەستیمگرت و دوو بە دوو گەڕاینەوە بەرەو کۆلانەکەیان، دوای تۆزێک وتی:

- ئەتوانم پالت پێوە بدەم؟

پێکەنیم، باڵی گرتم و پاڵی پێوەدام و بە ئارامی وتی:

- ئێتر لێرەدا زۆر لام سەختە کە لەسەر پێی خۆم بوەستم، تا ئەمڕۆ بە هەر شێوەیەک و بە یارمەتی چەند نەفەرێکی باش توانیومە خۆم لە زۆر شت پاک ڕابگرم، بەلام تا ئێستا زۆر بۆم سەخت بووە، بارودۆخ زۆر خراپە

- ئەزانم.

ڕۆکسانا- ئەزانیت؟ کچێک هەر تا ماوەیەک ئەتوانێت لەم بارودۆخەدا خۆڕاگر بێت، دواتر سەرەنجام خۆی دەدات بە دەستەوە، منیش نامەوێت خۆم بدەم بە دەستەوە، نامەوێت بۆگەن بم، ئەمەوێت بە پاکی بمێنەوە.

- کەواتە کچێکی دینداری، لە دینی ئێوەشدا ئەم شتانە هەیە؟

ڕۆکسانا- من زۆر پابەندی دین نیم، من باوەڕم بە بنەما مرۆڤایەتییەکان هەیە، ئەگەر هەر کامێک لە ئێمە بتوانین مرۆڤێک بین، ئیتر پێویست بەم بابەتانە ناکات، مرۆڤێک ی هەمیشە ڕێزی لە یاسا گرتووە، پێویستی بە پۆلیس نییە.

گەیشتینە کۆلانەکەیان، پێموت:

- ئێستاکە بڕیارە ئیتر گوڵی دەستکرد دروست نەکەیت، چۆن ژیانت بەڕێوە ئەبەیت؟

ڕۆکسانا- لەوانەیە وانەی تایبەت بڵێمەوە، ئەڵبەتە بۆ کچ تۆزێک کێشەیە، چونکە دیار نییە ئەبێت بچێتە چ ماڵێکەوەو چ مرۆڤگەلێک لەو ماڵەدا هەن، بەڵام سەرەنجام شتێکی هەر لێئەکەم.

وەستام و سەیرێکیم کرد وتم:

- ئەمشەو زۆر منت ناڕەحەتکرد، ئەبێت کارێک بکەیت کە ئەم ناڕەحەتییە لە دڵم دەربهێنێت.

ڕۆکسانا- داوای لێبوردنت لێئەکەم هامون، ئەبێت بمبەخشی، بەخوا تەنها...

- نە، ئاوا نابێت.

ڕۆکسانا- بڵێ، ئەبێت چی بکەم؟

- ئەبێت بەڵێن بدەیت هەرچیم وت بە گوێم بکەیت.

ڕۆکسانا- بەڵێن ئەدەم.

لە کیفەکەم چەکێکی پەنجا هەزار تمەنیم دەرهێناو گرتم بەرەو ڕووی و وتم:

- ئەمە بگرە، جارێ با لات بێت تا دوایی.

ڕۆکسانا- بۆچی؟

- لەبەرئەوەی کە من ئەمەوێت.

ڕۆکسانا- من ناتوانم ئەمە قبوڵ بکەم.

- تۆ بەڵێنتدا.

ڕۆکسانا- بەڵام من وام بیرنەدەکردەوە کە شتێکی ئاوام لێ داوا بکەیت، من ناتوانم

CamScanner

پارە لە تۆ وەربگرم.

- ئەگەر ئەمجارە نارەحەتم بکەیت، جاری دووەمە کە لە یەک شەودا دلم دەشکێنیت.

ڕۆکسانا- توخوا هامون داوای ئەوەم لێمەکە.

- دەمەوێت و تۆش بە دڵنیاییەوە ئەبێت قبوڵی بکەیت، تۆ بەڵێنت پێدام، تازە ئەمەت وەک قەرز پێدەدەم، دواتر لێت وەردەگرمەوە.

هەر کە وێستی دووبارە بیانوو بهێنێتەوە، خستمە گێرفانی ڕووپۆشەکەی و پێموت:

- تۆ هێشتا تووڕەبوونی منت نەبینیوە، من پیاوێکی ئێرانیم، بە تایبەتمەندی پیاوێکی ئێرانییەوە.

پێکەنی و ئیتر هیچی نەوت و کەوتینەڕێ و گەیشتینە بەردەم ماڵی پورێ و بە کلیل دەرگاکەی کردەوەو وتی:

- نایەیتە ژوورەوە.

- نە ئیتر درەنگە، ئەگەر پورێ بەخەبەر بوو سلاوی پێ بگەیەنە، ڕاستی هاوڕێکانت لە کوێن؟

ڕۆکسانا- لە ماڵەوەن.

- سلاو بگەیەنە بەوانیش.

دواتر دووبارە سەیری چاویم کرد وتم:

- جارێ خوات لەگەڵا.

زەردەخەنەیەکی جوانی کردو وتی:

- تۆ زۆر بە شەخسیەتی هامون، سوپاس، لەبری من سوپاسی کاک مانیش بکە.

دواتر بە ئارامی چووە ژوورەوەو دەرگاکەی پێوەدا، منیش خێرا چوومە ئەوبەری شەقامەکەو ڕۆشتم بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی مانی، کاتێک گەیشتم بینیم کوشنەکەی پاڵخستووەو خەوتووە، زۆر بۆی نارەحەت بووم، بە ئارامی چەند دانەمدا لە جامی ئۆتۆمبیلەکە، چاوی کردەوەو ئۆتۆمبیلەکەی خستە ئێش و جامەکەی دادایەوەو سەیرێکی کاتژمێرەکەی کردو وتی:

- بۆچی زوو هاتیتەوە؟ هێشتا سێ خولەکی ماوە لە دە خولەکەکە.

هەر لەوێوە سەرم بردە ناو ئۆتۆمبیلەکەوەو دەموچاویم ماچکردو وتم:

- یاخوا من بمرم، زۆر عەزیەتت بوو، هەر ئاگام لە کاتژمێر نەبوو.

مانی- حەودکە زۆر خۆشحاڵە!

- زۆر!

مانی- کەواتە سەرکەوە بڕۆین زۆر درەنگە.

- ماڵەوەت چی لێکرد؟ چیت بە مامە وت؟

مانی- وتم ئاویان لێهەڵواسیویت.

- بەڕاستتە؟

مانی- جاری تۆ سەرکەوە تا کارەکەمان خراپ نەکردووە.

سەرکەوتم و وتم:

- دەستت خۆش بێت، تۆ چۆن زانیت خەریکە درۆم لەگەڵ ئەکات؟

مانی- ئەزموون ئەزیزم، کاتێک پێت ئەڵێم یەک کاتژمێر پشوو بدە بەم عارف و فەیلەسوفانە، لەبەرئەوەیە کە هەم تۆ هەستیت و بێیتە ناو کۆمەڵگەو پەند وەربگریت و هەم بهێڵیت ئەو بێچارانە تۆزێک بیر لەو شتانە بکەنەوە کە نووسیویانەو وتوویانە، لەوانەیە هەندێک شوێنی بگۆڕن و هەندێک شوێنی خۆشیان ئیتر لێی ڕازی نەبن و لاییەن، بابە ئەو کاتە حافز باسی مەی عیرفانی کردووە، ویسکی (بلاک ئاندوایت)، بوونی نەبووەو گەر نا لەبری شەرابی عیرفانی، لە هۆنراوەکانیدا سوودی لە ویسکی فەلسەفەی وەردەگرت.

ئەمەی وت و کەوتەڕێ و لە کۆڵانەکەی ڕۆکساناو ئەوانەوە پێچیکردەوە ناو شەقامی سەرەکی و لە سەرەوەی گیشاوە چووە سەر شارێگە (ئوتوبان) و دوای تۆزێک وتی:

- چی بوو سەرەنجام؟

- بەیەکەوە قسەمان کرد.

مانی- دەی سوپاس بۆ خوا، دەرت پەڕاند؟

- نە بابە، ئێستا گەشتمە ماڵەوە ئەبێت تەلەفۆنی بۆ بکەم.

مانی- دیسان؟

- ئەرێ، نەکرا بە تەواوی قسە بکەین

مانی- من وتم لەنێوان وانەکانتدا با زەنگێکی پشووی تێدا بێت، تۆ خەریکی هەر واز لە خوێندن ئەهێنیت؟

- بە گیانی تۆ ئەو کاتە کە خەریکبوو ئەو قسانەی پێدەوتم خەریکبوو دیقم ئەکرد، ڕاستی باشبوو بەو هەموو هاوارو قیژەی کە کردی، کەس ئاگای لێنەبوو.

مانی- زیرەک! تەواوی دەرودراوسێکان خەریکبوون سەیریان ئەکردن، لەو شوێنەی

کە لەگەل یەک ناشتبوونەوە، زۆری نەمابوو چەپڵەتان بۆ لیبدەن.

- توگیانی من بەڕاستتە؟

مانی- ئەی چی؟

- ئەی بۆچی هیچت نەکرد؟

مانی- چیم بکردایە؟ بلیتم پێ بفرۆشتنایە؟ دەی خەریکبوون بە خۆرایی سەیری فیلمێکی بەڵگەنامەیی (دیکۆمینتاری)یان دەکرد ئیتر.

بیست خولەک دواتر گەشتینەوە ماڵەوەو مانی ئۆتۆمبیلەکەی پارک کردو دابەزین. ئاویان لێهەڵواسیویت.

هەردوو دەستم خستە سەر سکم و دەستمکرد بە کوڕە کوڕ ڕۆشتن، مانی سەیرێکی کردم و وتی:

- مەگەر خەتەنەیان کردوویت وا کوڕە کوڕ ئەڕۆیت؟ هەر یەک دەستت بخەیتە سەر سکت بەسە.

هەروا بە دەم پێکەنینەوە دەرگاکەمان کردەوەو چووینە ژوورەوەو ڕۆشتین بۆ ماڵی مانی و ئەوان، مامم خێرا ڕایکردە پێشەوەو وتی:

- چی بوو؟ چۆنە؟

هەردووکمان سڵاومان کرد، مانی وتی:

- سوپاس بۆ خوا ڕیخۆڵە کوێرەی نەبوو، خوا زۆر بەزەیی پێماندا هاتەوە.

مامم- ئەی چی بووە؟

مانی- دڵتەنگییەکی سادە.

مامم- چی؟

مانی- دلگیران، دلگیرانێکی سادە بوو، کە هەر کە چاوی بە پزیشکەکەی کەوت، سوپاس بۆ خوا چاک بووەوە.

مامم- دڵتەنگی و دلگیران ئیتر چ جۆرە نەخۆشییەکە؟

مانی- هەر ژەهراویبوونە، ئیستا ناوەکەیان گۆڕیوە.

مامم- چییان پێدا؟

مانی- هیچ، هەر کە پاکیان کردەوە باش بوو.

مامم- پاککردنەوە بۆچی؟

مانی- مەگەر من وتم پاککردنەوە؟

مامم- ئەری.

مانی- مەبەستم ڕیخۆلە شۆر بوو، ڕیخۆلەشۆرێکیان خستە سکییەوەو لەسەرو خوارەوە شۆردیان، وەک گوڵی لێهات، ئیتر نە بۆنی دێت نە هیچ.

لەتاو پێکەنین خەریکبوو ئەمردم، بەڵام خۆم گرتبوو، مامم وتی:

- هیچیان پێنەدا بۆ ماڵەوە؟

مانی- هەرگیز، ئەم پزیشکانە بڕوایان بەو شتانە نییە، سیستەمی تازەی پزیشکی ئاوایە ئیتر، پاککردنەوەیەک، ڕیخۆلەشۆرێک و دواتریش پشوودان، ئەمە بەیانی ناتوانێت بێتە سەرکار.

مامم- قەیناکات، با پشوو بدات، خۆت وەرە.

مانی- ئەوکات کێ ئاگای لەمە بێت و دەرمان و مەرمانەکانی پێبدات؟

مامم- دەرمانی خۆ نییە.

مانی- وەهاش بێ دەواو دەرمان نییە ئیتر، ڕێجیمێکیان بۆ نووسیوە لە سەد دەرمان خراپترە بۆی، کاتژمێر بە کاتژمێر ئەبێت پانتۆلەکەی داکێشمە خوارەوە بزانم تووشی سکچوون بووە یان نە، نیوکاتژمێر بە نیوکاتژمێر ئەبێت شەربەتی پرتەقاڵ و سوپی دەرخوارد بدرێت، سەیری زمانی بکە، دوابڕاوە ڕێک لە ژێنێکی پێ بە مانگی دووگیان ئەچێت، مانای چییە؟ ئاگالێبوون، چاودێری و پەرستاری کردن، پزیشکەکەی وتوویەتی ئەم سکە تا چل و هەشت کاتژمێر نابێت خاڵی بێت، جگە لەوەش نابێت هیچی تێبچێت.

مامم- ئەی ئەبێت چی بکرێت؟

مانی- حوقنە• ئیتر، واتە خواردنی ناڕاستەوخۆ کە زیان نەگەیەنێت بە شانەکانی ناوسک و لە هەمان کاتدا نەخۆش تووشی بێهێزی نەبێت، پزیشکەکەی وتی تەواوی خانەکانی دیواری گەدەی ئەمە، ئێستا تێکە تێکەیە، ئەم ڕیخۆلەشۆرە ڕۆشتووە تا ئەوسەری شڕ و وڕ کردووە، دوابڕاوە زۆر شتێکی ناشرینە، بەڵام پێویستە، تەواوی ئاوی جەستەی لە بارودۆخی ترشیدایە، (PH ترشی) لەوانەیە زیان بدات لە دەمارە سەرەکییەکانی ڕیخۆلە گەورە، هەر بۆیە ئەبێت تا بیست و چوار کاتژمێر بە دەمدا پاڵبکەوێت، خۆ تێئەگەن چی ئەڵێم؟

مامم هەروا سەری ڕائەوەشاند، بەڵام داماوە گێژ بوو بوو، بە مانی وت:

- ئەری، ئەری، باوکیشی جارێک وای لێهات.

CamScanner

مانی- بە دەمدا پالتانخست؟

مامم- ئەرێ، یانی لەبیرم نییە، براژن ئەمانەی چاک بیرماوە.

ئەمجارە ئیتر ئەوەندە لەتاو پێکەنین زۆرم بۆ خۆم هێنابوو و خۆم گرتبوو، بەڕاستی سکم دایە ئێش و نوشتامەوە، مانی خێرا وتی:

- ئاخ ئاخ! زۆر بەپێوە وەستاوە، فشار هاتووە بۆ هینی، یانی بۆ دوازدە گریی.

مامم- خێرا بیبەرە ژوورەوە، لە خوارەوەش پالی بخە، سەختە بۆی بە قادرمەکاندا بچێتە سەرەوە.

مانی- نە، هەرگیز، ئەمە کە ئازاری بۆ دێت، نەڕەی ئەچێت بە ئاسماندا.

مامم- مەگەر هێشتاش ئازاری هەیە؟

مانی- ئەرێ، دوور لە گیانی ڕێک وەکو ئازاری منالبوون.

خێرا مامم و مانی ژێر باڵیان گرتم و بە ئارامی بردمیانە ماڵەوەو هەروا کە بە قادرمەکاندا ئەچووینە سەرەوە، مانیش قسەی ئەکرد:

- تازە لەوێ کاتێک پانتۆلەکەیان ڕاکێشایە خوارەوە، زانییان کە دوومەلیشی لێهاتووە، بەڵام هێشتا دەمی نەکردووەتەوە.

مامم- بڕۆ وێبە، ئەمانە چین دوور لە گیانی، ئەیانڵێیت، دوومەل چ پەیوەندییەکی بە سکەوە هەیە؟

مانی- هەیەتی، کاتێک سکی مرۆڤ کارنەکات، گەدە خۆی کونێکی تازە پەیدا ئەکات بۆ دەرهاویشتنی ماکە زیادەکانی ناولەشی.

مامم- مەگەر گەدەی کاری نەکردووە؟

مانی- یەک ساڵی تەواو، ئەم دوابڕاوە وەکو بەردی لێهاتبوو، لەوێ دەیانویست بەردتاش ئاگادار بکەنەوە

مامم- ئەی بۆچی تا ئێستا باسی نەکردووە؟

مانی- لەڕووی نەئەهات و شەرمی ئەکرد.

مامم- بڕۆ وێبە، ئەم هەڵیت و پەلیتانە چییە ئەیانڵێیت، مامە گیان ئەمانە چین ئەمە ئەیانڵێیت؟

بە ئارامی و بە شێوەیەکی وا کە نەخۆش دەربکەوم، وتم:

- دڕۆ ئەکات مامە گیان، دومەل لە کوێ بوو؟

مانی- خۆ تۆ کەلەت ناگات بەو ژێرەوە تا ببینیت، من و دکتۆر بینیمان.

ئەمجارە من و مامم هەردووکمان دەستمانکردە پێکەنین، مامم وتی:

- ئێستا زمانی بۆچی وای لێهاتووە؟

مانی- چۆن؟

مامم- وەکو ژنی دووگیان، نەیانوت بەهۆی چییەوەیە؟

مانی- بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە بارداریانە، بەهۆی بەرەلاییەوەیە.

مامم- لا إله إلا الله!

مانی- ئێ سەردلی قورسە ئیتر، ئەگەر خۆی بگرێت و نەڕوات بەدوای هەوەسی زوو تێپەڕدا، دووگیانییەکە کەم کەم لەناو ئەچێت، واتە نابێت گەن و گوو بخوات.

مامم- مرۆڤ گیان دێتە کونە لوتی تا دوو قسە لە تۆ دەردەهێنێت.

مانی- بابە گیان دەواو دەرمان و دکتۆری ئەمە، حەفتا هەزار تمەنی تێچوو، لە ئێوەی وەربگرمەوە یان لە باوکی؟

مامم- حەفتا هەزار تمەن؟! بۆچی چییە؟!

مانی- دەی نۆرینگەی تایبەتییە ئیتر.

مامم- ئێ هەرچی بێت، ئەزانی حەفتا هەزار تمەن واتای چی؟ مەگەر چیتان کردووە؟

مانی- ئێ ڕێخۆڵەشۆر بە مەترە، وەکو ئەم ئیسپرینگانەی کە بیری پێ لێئەدەن، داماوە هەشت مەتر ئیسپرینگی کردووە بەناودا ئینجا ڕێخۆڵەی کراوەتەوە، تازە ناچار بوو سێ مەتریش لە خوارەوە بکات بە ناودا، هەشت مەترو سێ مەتر ئەکاتە چەند؟ سیازدە مەتر، مەتری بە چوار هەزار تمەن، ئەکاتە چەند؟ ئەکاتە شەست و پێنج هەزار تمەن، پێنج هەزاریشم پێ داشکاندن، یەکڕاست کردییە حەفتا هەزار تمەن.

مامم- ئێ چەقە چەقێک، شتێکت بکردایە.

مانی- کردم، تازە هەر لەوێ تەلەفۆنمان کرد بۆ ئۆتۆمبیلی سەحب، پرسیاری نرخەکەیمان کرد، ئەلبەتە ئەمە ئیسپرینگەکەی دەستی بوو، یانی ڕێخۆڵە شۆرەکەی دەستی بوو، کارەباییەکەی مەتری هەزار تمەن گرانترە

گەشتینە سەرەوەو چووینە ژوورەکەی مانی.

مامم- ئێستا پاڵیبخە با فشاری بۆ نەیەت.

مانی- فشاری بۆ هاتووە بەسەزمانە، سیازدە مەتر بۆری کەم نییە.

مامم- بخەوە مامە گیان، بخەوە، تا بەیانی حاڵت باشی باش ئەبێت.

بە ئارامی لەسەر جێگەکە پاڵیانخستم، مامم لەپڕ سەیرێکی مانی کردو وتی:

CamScanner

- هەشت مەترو سێ مەتر ئەکاتە چەند؟

مانی- سیازدە مەتر.

مامم- هەشت و سێ ئەکاتە سیازدە؟ ئەکاتە یازدە گوێ درێژا

مانی- بابە گیان ئەم کورە خەریکە لەتاو ئازار ئەمرێت ئەوکات ئێوە سەعی بێرکاری بە من ئەکەن؟ ئەم کارانە ئەبوایە ئەو کاتەی کە لە سەرەتایی بێرکارییەکەم لاواز بوو بتانکردایە، تازە کردمان سیازدە نە یازدە، دوو مەتر بۆ ئێوە ج جیاوازییەکی هەیە؟ ئەم داماوە بەرگەی ئازاری ئەو دوو مەترەی گرتووەو ئەزانێت دوو مەتر بۆری زیادە یانی چی!

مامم خێنسەیەکی لێکردو دواتر دانەوییەوەو دەم و چاوی منی ماچکردو چووە خوارەوە، هەر کە تەنها کەوتین، هەردووکمان دەستمانکرد بە پێکەنین، بە مانیم وت:

- ئەو تەلەفۆنەم بدەرێ.

مانی- بەڕاست ئەتەوێت تەلەفۆنی بۆ بکەیت؟

- ئەی چی؟

خۆم هەستام و تەلەفۆنەکەم هەلگرت و ژمارەکەم لە مانی پرسی و تەلەفۆنم کرد بۆ ڕۆکسانا، هەر کە یەک زەنگ ڕۆشت، تەلەفۆنەکەی هەلگرت.

- ئەلو، ڕۆکسانا؟

ڕۆکسانا- سلاو، چەند زوو گەشتی!

- باشی؟

ڕۆکسانا- سوپاس، باشم.

- ماندوو نیت؟

ڕۆکسانا- کە لەگەل تۆ بم، نە، تۆ چی؟

- منیش کاتێک تۆ قسەم بۆ دەکەیت، هەرگیز ماندوو نابم

مانی لە تەنیشتمەوە بە دەنگی بەرز وتی:

- فشە ئەکات، ئەمە کاتی خۆی کە مەولاناو حافز و شەمس هاوڕێی بوون، هەر ئەمانەی پێ ئەوتن.

ڕۆکسانا- کاک مانین؟

- بەلێ.

ڕۆکسانا- لەلایەن منەوە سلاویان پێبگەیەنەو سوپاس و داوای لێبوردنیشی لێبکە،

هاوڕێکانیشم لێرەن و سڵاوتان لێئەکەن.

- لەلایەن من و مانیشەوە سڵاویان لێبکە.

مانی- لە کێ؟

- مریەم خان و سارا خان سڵاوت لێئەکەن.

مانی- دەی بۆچی تۆ لەبری من سڵاو نەنێریت؟ مەگەر خۆم لالم؟ بلێ تەلەفۆنەی بدات بە هەردووکیان.

- مەگەر نەکریت مرۆڤ بەک تەلەفۆن بدات بە دوو نەفەر؟

مانی- بانی دەنگەکەی بداتە دەردەوە.

- ڕۆکسانا، مانی نەیەویت لەگەل مریەم خان و ساراخان قسە بکات، بێزەحمەن دەنگەکەی بدە دەردەوە

سانێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- دەنگەکەیم دایە دەردەوە.

مانیش خێرا دەنگەکەی دایە دەردەوە، ڕۆکسانا وتی:

- سڵاو کاک مانی، لەگەل زەحمەتەکانی ئێمەدا چۆنن؟

مانی- سڵاو لە بەندەوە، چ زەحمەتێک؟ سڵاو مریەم خان، سڵاو سارا خان.

ئەوانیش، هەردووکیان سڵاویان کرد، مانی وتی:

- هیچ دیارە ئێوە لە کوێن خانمینە؟ هەر جارێک کە دێم بۆ دەست ماچکردنی پۆری گیان ئێوە لەوێ نین

مریەم – لەخزمەتتانداین.

مانی- خزمەت لە بەندەوەیە، بە چییەوە سەرقاڵن؟

مریەم- هیچ، ئەچینە زانکۆو ئەگەڕێینەوە.

مانی- نە، من هەر ئێستا ئەڵێم.

لەپڕ هەرسێکیان دەستیانکرد بە پێکەنین، خێرا تەلەفۆنەکەم لەسەر دەنگە دەرەکییەکەی لابردو خێسەیەکم لە مانی کرد.

ڕۆکسانا- چی بوو؟

- هیچ، مانی ماڵئاوایی دەکات.

مانی- نا، ئەمە ستەمە، من هێشتا سڵاو کردنەکەم تەواو نەبووە.

لەپڕ مامم لە خوارەوە هاواریکردو وتی:

- مانی، مانی، لەگەل کێ قسە ئەکەن؟

مانیش هەر لەوێوە هاواریکردو وتی:

- لەگەل نۆرینگەکە بابە گیان، ئەمەوێت بزانم سبەی ئەبێ بیبەم بۆ ئەوێ یان نە.

بە ئارامی پێموت:

- هەمووی خەتای تۆیە، ئەوەندە دەنگە دەنگ ئەکەیت، ئابڕووت بۆ نەهێشتوین.

خێرا ڕۆشت دەرگاکەی کلیلداو وتی:

- ئێستا بە ئاسودەیی قسە بکە، بەلام جارجارێکیش بە دەنگی بەرز هاوار بکە.

- هاوار بکەم چی بڵێم؟

مانی- بڵێ ئاخ سکم، گوایە سکت ئازاری هەیە.

ڕۆکسانا- چی بووە هامون؟

- هیچ بابە، لەگەل مانی دەمەقرەمانە، تۆ چۆنی؟

ڕۆکسانا- باشم.

- ئەتوانیت لەوێدا قسە بکەیت؟

ڕۆکسانا- ئەرێ.

- ئەتەوێت دایبخەم و دواتر تەلەفۆن بکەمەوە؟

ڕۆکسانا- نە، نە.

- دەی پاشماوەکەی بگێڕەرەوە.

ڕۆکسانا- ئەوە ئێستا نابێت.

- لەبەردەم هاوڕێکانتدا ناتەوێت باسی بکەیت؟

ڕۆکسانا- ئمم!

- هێشتا وەڵامی منت نەداوەتەوە.

ڕۆکسانا- وەڵامی چی؟

- ئەوەی کە کاتێک لەوێ بووم لێم پرسیت.

پێکەنی و وتی:

- چیت پرسی؟

- ئەوەی کە بە ئارامی چپاندم بە گوێتدا.

دووبارە پێکەنی و وتی:

- گوێم لێنەبوو، دووبارە بیپرسەوە.

- چۆن گوێت لێنەبوو؟ زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو.

مانی- ڕاستییەکەی منیش گوێم لێنەبوو، ئێ دووبارە بیپرسەوە، نامرێت خۆ.

لامکردەوە، بینیم کورسییەکەی هێناوەتە پێشەوەو ڕێک لە پشت سەری منەوە دانیشتووەو خەریکە گوێ ئەگرێت.

- لێرەدا چی ئەکەیت؟

ڕۆکسانا- چی؟

- لەگەڵ تۆم نییە.

مانی بە دەنگی بەرز وتی:

- لەگەڵ منی نییە، لەگەڵ ئێوەیەتی ڕۆکسانا خان.

- لەگەڵ تۆمە، بۆچی لێرەدا دانیشتوویت؟

مانی- ئەی چی بکەم؟

- هەستە بچۆ شوێنێکی تر.

مانی- ئەوکات باوکم نالێت ئەو کوڕە نەخۆشەت بۆچی بە تەنها جێتهێشتووە؟

- ناماقوڵیت کرد، بڵێ ئەمەوێت خۆم هەڵقورتێنم.

مانی- ئەمەوێت خۆم هەڵقورتێنم.

- فێڕیان نەکردوویت کاتێک دوو کەس قسە ئەکەن، گوێ نەگریت؟

مانی- بۆچی نا، بەڵام ئێوە بفەرموون، لە ژوورێکی بیست مەتریدا، من چی بکەم تا گوێم لە قسەکانی ئێوە نەبێت؟

- بڕۆ بخەوە، سەریشت بکە بە ژێر بەتانییەکەدا.

مانی- خۆ ئەخنکێم.

- دەی پەنجەت بکە بەناو گوێچکەتدا.

مانی- باشە.

پەنجەی کرد بەناو هەردوو گوێچکەیدا و هەر لەوێدا دانیشت.

- گوێ نەگرێت.

مانی- ها؟

- ئەڵێم بە دزییەوە گوێ نەگرێت.

دەستی هێنایە خوارەوە وتی:

- چی ئەڵێیت؟

- ئەڵێم بە دزییەوە گوێ لە قسەکانم نەگریت.

مانی- کاتێک پەنجەم کردووە بە گوێچکەمدا لە کوێوە گوێم لێ ئەبێت؟

-ڕووشت بکە بەولاوە.

مانی- خۆ لێوخوێندنەوە شارەزا نیم، ئێستا مەگەر ئەتەوێت چی بڵێیت وا ئەوەندە بارودۆخی ئاسایش لەبەرچاو ئەگریت؟

- بە تۆ چی؟ پەنجەت بکە بە گوێچکەتدا.

دووبارە پەنجەی کرد بە گوێچکەیداو چاوی بڕییە من.

ڕۆکسانا- خەریکی چیت هامون؟

- هیچ ئەڵێم وەڵامت نەدامەوە.

ڕۆکسانا- تۆ پرسیارت کردووە؟

- بپرسم وەڵام ئەدەیتەوە؟

ڕۆکسانا- تۆ بپرسە.

- تۆ سەرەتا ئەبێت وەڵامی من بدەیتەوە، چونکە دواتر ئیشی زۆرم پێتە، قسەی زۆرم هەیە کە ئەبێت پێت بڵێم.

دووبارە پێکەنی و وتی:

- منیش هەروا.

- کەواتە وەڵامم ئەدەیتەوە؟

ڕۆکسانا- ئەڕێ، بپرسە.

- هاوسەرگیرییم لەگەڵ ئەکەیت؟

مانی- قوڕ بکەن بەو سەرەتدا، خەڵکی هەموو سەرەتا قسەکانیان ئەکەن و کارەکانیان ئەنجام دەدەن دواتر ئەپرسن هاوسەرگیریم لەگەڵ ئەکەیت، تۆ سەرەتا ئەتەوێت هاوسەرگیری بکەیت و دواتر کارەکانت ئەنجام بدەیت؟

- بمرێت مانی، مەگەر پەنجەت نەکردووە بە گوێچکەتدا؟

مانی- ئەم جۆرە قسانە ئیتر پەنجە قبول ناکات.

- هەستە لە ژوورەکە بچۆ دەرەوە.

مانی- نا، بە گیانی تۆ ئیتر گوێ ناگرم، ئەها، ئەها!

- جاری پێشتریش وات وت.

مانی- نا، ئەوجارە پەنجە بچوکەمم کردبوو بە ناویدا، ئەمجارە پەنجە گەورەم ئەکەم

بە ناویدا تا ئیتر کەپس ببینت.

- گوی نەگریت.

مانی- ئەلیم بە گیانی تۆ، چ کەریکی!

دووبارە تەلەفۆنەکەم خستەوە لای گوێم و وتی:

- ببوورە ڕۆکسانا، ئەم مانییە ناهێلێیت قسە بکەم، ئێستا بڵێ بزانم ئەمجارە گوێت لێبوو چیم وت؟

ڕۆکسانا- گوێم لێبوو.

- دەی وەڵام بدەرەوە ئیتر.

ڕۆکسانا- نا.

- چی؟

ڕۆکسانا- نا.

- بۆچی؟

هیچی نەوت.

- ناتوانیت قسە بکەیت؟

ڕۆکسانا- ئەم.

- ئێ کەوایە کاتێک بینیمیت قسە ئەکەین.

مانی- نا، هەر ئێستا قسە بکەن.

- زەهری مار، هەستە بڕۆ شوێنێکی تر.

مانی- بابە چی بکەم؟ پەنجە گەورەم ناچێت بە کونی گوێچکەمدا.

- زۆرباشە، کەواتە هەستە بچۆ دەرەوە.

مانی- نا، نا، ئەمجارە پەنجەی دۆشاو مژەم ئەکەم بە ناویدا، بە دڵنیاییەوە ڕێ لە تێپەڕبوونی دەنگ ئەگرێت، ئەها، ئەها.

خێسەیەکم لێکردو دووبارە بە ڕۆکسانام وت:

- ببوورن، دیسان دەستیکردووە بە گاڵتەکردن.

ڕۆکسانا- خولەکێک ڕاوەستە هامون.

تۆزێک دواتر وتی:

- ئەلو.

- لێرەم.

ڕۆکسانا- ببوورن هاوڕێکانم لێرە دانیشتبوون و وەکو مانی حەزیان دەکرد بزانن ئەلیین.

- ئێستا ڕۆشتوون؟

ڕۆکسانا- ئەری.

- ئێ، دەی قسە بکە

ڕۆکسانا- بڕیار بوو دوای ئەوەی چیرۆکی ژیانمت بیست وەلامت بدەمەوە، یانی ئەگەر دیسان لەسەر بڕیارەکەت سووربوویت.

- دڵنیابە کە، هەر ڕووداوێکت بەسەر هاتبێت، من دیسان ئەمەوێت هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم.

مانی- کەری چۆن پەیدا ئەبن! هەتیو لەوانەیە ئەو ڕووداوەی کە ئەیلیێت شتێک بێت دەربارەی ئایدز، بۆچی ئەوەندە پەلە ئەکەیت.

- بەڕاستی کە مانی! قسە ناچێت بە مێشکتدا، هەستە بچۆ دەرەوە.

مانی- بەڕاستی داوای لێبوردنت لێئەکەم، هەڵەم کرد.

- چەند سەیر تۆ جارێک زانیت کە هەڵەتکردووە!

مانی- لەبارەی پەنجەمەوە هەڵەم کرد، ئەم پەنجەی دۆشاومژە بۆ کونێکیتر دروستکراوەو من بۆ کونی گوێ سودم لێوەرگرت، واتە مەبەستم ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەمە بۆ کونی لوت سودی لێوەرنەگرن.

- تا تۆ لەم ژوورە نەچیتە دەرەوە، من یەک وشەش ناڵێم.

مانی- بابە بهێڵە قسە بکەم، ئەڵێن ئەزموون و هەڵە، من خۆ تا ئێستا هەموو پەنجەکانم بەکارهێناو نەبوو، با ئەم پەنجەی ناوەڕاستەش تاقی بکەمەوە، بە دڵنیاییەوە ئەمە ئەندازەی گوێچکەمە.

- ئیتر ئەزموون و هەڵە بەسە، هەستە.

مانی- چۆن کە هاتە سەرەی من ئەزموون و هەڵە بەسە؟ وا بیست و شتێک ساڵە کە گەورەکانی ئێمە بەردەوام لە حاڵەتی ئەزموون و هەڵەدان و کەسیش قسەیان پێناڵێت، ئەوکات هەر کە من لە سێ پەنجەدا هەڵە ئەکەم دەرئەکرێم، هەر لە کۆنەوە وتوویانە، ئەزموون، هەڵە، بێ شەرمی، ببوورن، بێ شەرمی نە، پێداگری، پێداگری.

- مانی وەڕست کردم.

مانی- نە بە گیانی تۆ، سەیرکە ئەم پەنجەی ناوەڕاستە ڕێک ئەندازەی خۆیەتی،

خواوەند هەر کونیکی کە لە جەستەی ئیمەدا دروستکردووە، لەگەل پەنجەکانی دەستماندا بۆ یەک گونجاون، بۆ نموونە لە تەواوی دنیادا ئیتر بە تەواوی ئەوە جیگیر بووە کە پەنجەی ئاماژە بە تەنیا لە خزمەتی کونی لوتدایە، پەنجەی ناوەڕاست بیگومان تایبەتە بە کونی گوێ، چوار پەنجە بە داخراوی بەری دەم دانەخات، دوو پەنجە گەورەکە تایبەتە بە لایەنی بەرامبەر کە هەندیکجار بە نیشانەی سەرکەوتن تیی ئەگرین، ئەم پەنجەی ئەملاوە، براتووتەیە، مراتووتەیە، چییە؟ ئەمە تایبەتە بە کەریتی، واتە ئەلقەی هاوسەرگیری، ئەم پەنجە بچووکە هی ئەوەیە کە بۆ نموونە ئەتەوێت بەرکول لە شتێک بکەیت، بەمە ئەیکەیت، جا ئیتر کاتت ناگرم تۆ درێژە بە قسەکردنی خۆت بدە، سەیرکە، پەڕەی گوێم چوار قەد دەکەم و پەنجەم ئەخەمە سەری و ئەیلکێنم بە دەمی کونەکەوە، وا نازانم ئیتر دەنگی لێوە تێپەڕ بێت، ئاوا، ئاوا، سەیرکە، تەنها دەنگی (ئووو) ئەبیستم، تۆ بە دڵی ئاسودە قسەی خۆت بکە.

ڕۆکسانا- هامون، لەوێ چ باسە؟

- هیچ، خەریکم هەوڵدەدەم دیسان بەرگەی ئەمە بگرم .

ڕۆکسانا- سەیرکە هامون، ئیتر بڕۆ، کاتێک بینیمیت قسەت لەگەل ئەکەم.

- بەیانی خۆ لە ماڵەوەیت؟

ڕۆکسانا- ئەرێ، پێشتر تەلەفۆن بکە.

مانی- بۆ بەیانی ژوان دامەنێ، ئەبێت بچین بەدوای ترمەدا.

سەیرێکیم کرد، خێرا وتی:

- بابە خەتای من چییە؟ خواوەند پەنجەکانمی بە ئەندازەی کونەکانم دروست نەکردووە، ئەڵێی پەنجەکانم هی یەکێک بووەو کونەکانیشم هی یەکێکی تر.

سەرێکم بۆ ڕاوەشاندو بە ڕۆکسانام وت:

- باشە، بەیانی تەلەفۆنت بۆ ئەکەمەوە.

ڕۆکسانا- هامون، مەمنوونم بۆ هەموو شتێک.

- لەبەرچی؟

ڕۆکسانا- مرۆڤگەلی وەکو من نرخی خۆشەویستی و عەشق ئەزانن، مرۆڤانێک کە کەمتر لە ژیاندا کەسێک بە ڕاستی خۆشی ویستوون.

- لەکوێ ئەزانی من بەڕاستی خۆشم ئەوێیت؟

ڕۆکسانا- ئەزانم.

- نە، بە جدی لە کوێوە ئەزانی کە بە ڕاستی خۆشم ئەوێیت؟

مانی- لەو ئاوەی کە بەدەم و فلچتا دێتە خوارەوە.

دووبارە سەیرێکیم کرد و سەرم ڕاوەشاند، ڕۆکسانا وتی:

- بە فالی قاوەکەتدا.

- مەگەر تێیدا نووسرا بوو؟

ڕۆکسانا- ئەری.

- چی تری تێدا نوسرا بوو؟

ڕۆکسانا- زۆر شت، دواتر پێت ئەڵێم.

- یانی ئەوەندە بڕوات بە فالی قاوە هەیە؟

ڕۆکسانا- تا ئێستا درۆی پێنەوتووم.

پێکەنیم و وتم:

- بەیانی تەلەفۆنت بۆ ئەکەمەوە.

ڕۆکسانا- چاوەڕێم.

- جاری خوات لەگەڵا.

ڕۆکسانا- بەهیوای دیدارو خوا ئاگای لێتبێت هامون.

- سوپاس.

کەمێک بێدەنگ بوو و دواتر تەلەفۆنەکەی داخستەوە، منیش دامخستەوەو لەسەر میزەکە ڕاستەیەکم هەڵگرت و چووم بەرەو مانی، خێرا دەرگای ژوورەکەی کردەوەو بۆی چووە دەردوە.

* * *

وەرزی حەوتەم

سبەینی بەیانییەکەی کاتژمێر هەشت بوو بینیم دایکم و باوکم هاتوونەتە دیار سەرم، لە کاتی نانی بەیانیدا مامم ڕووداوەکەی بۆ گێڕابوونەوە، باوکم کاتێک دڵنیابوو کە حاڵم باشە، لەگەڵ مامم ڕۆشتن بۆ کارخانەو منیش خێرا بابەتەکەم بۆ دایکم باسکرد، دوای ئەوەی تێر پێکەنی، بە خەیاڵی ئاسودە ڕۆشتەوە بۆ ماڵی خۆمان، من و مانیش هەستاین و هەردووکمان ئاوێکمان کرد بە خۆمانداو چووینە حەوشەکەی ئێمەو نانی بەیانیمان خوارد، دواتر مانی وتی:

- خولەکێک وەرە بچینە ئەوسەری حەوشەکەی ئێمە، ئیشم پێتە.

- چ ئیشێک؟

مانی- ئیشم پێتە.

- دەی هەر لێرەدا بیڵێ، ئەوسەری حەوشە بۆچی؟

سەیرێکی کردم و وتی:

- مەترسە کچی چواردە ساڵە، بەڵێنی شەرەفت پێئەدەم تا مارەت نەکەم، تەنانەت یەک ماچی وشک و خاڵیش لەو کولمەت کە ئەڵێی سێوی سورە، نەچنم.

- زەهری مار!

مانی- هەتیو خۆ ناکرێت لێرەدا قسە بکەین، هەستە بڕۆین.

هەردووکمان چووینە ئەوسەری حەوشەکەیان و لە سوچێکدا پاڵماندا بە دیوارەکەوەو دانیشتین، مانی دوو جگەرەی داگیرساندو وتی:

- تۆ هیچ دیارە خەریکی چی ئەکەیت؟

- چی؟

مانی- ئەم بابەتەی ڕۆکسانا ئەڵێم، دوێنێ شەو بینیم گەرمیت هیچم پێنەوتیت، بەڵام بابەتەکە خەریکە ئەبێت بە ڕاستی.

- ڕاستییە.

CamScanner

مانی- هەر ئەوەی خراپە ئیتر.

- خراپ بۆچی؟

مانی- ڕۆکسانا مەسیحییە، ئاگات لە خۆتە؟ ئەگەر ئەبێتە موسوڵمان چی؟ بیرت لە مامم و ئەوان کردووەتەوە؟ ئەوان ناهێڵن کچێکی مەسیحی بهێنیت، کاتێکیش نەتتوانی هاوسەرگیری لەگەڵ بکەیت، هەم تۆ گورزت بەر ئەکەوێت هەم ئەو، ئەگەر سەیری من ناو لە گوێی من ئەکەیت وازی لێبهێنە.

- ناتوانم.

مانی- بۆچی؟

- خۆشمئەوێت.

مانی- تۆ خۆ تا دوێنێ شەو کاتژمێر دە، دەو نیو ئەتوت (چووە بە دڵمدا) ئێستا چی بوو لەم حەوت هەشت کاتژمێرەدا لەپڕ درەختی بە توانا و شکۆی عەشق لە دڵتدا گەشەی کردو هێندەی چنارەکانی کەنار شەقامی لێهات؟

- خۆشم تیاماوم، تێناگەم.

مانی- بەڵام من تێئەگەم، ئەم دوابڕاوە، تۆوی عەشق، ئەگەر باش کودی پێوە بکەیت، لە شەوێکدا سێ چوار مەتر گەشە ئەکات، ئەگەر کودەکە مرۆڤی بێت ئەوە ئیتر هیچ.

- بێ تەربێت.

مانی- جا ئیتر بە تەربێت یان بێ تەربێت، من پێم وتیت، ئەم عەشقە دژە میکرۆبی (ئانتی بیۆتیک) هەشت کاتژمێر بە هەشت کاتژمێر، هیچ سەرەنجامێکی نییە، عەشقێکیش کە سەرەنجامی نەبێت، ئەبێت هێنی تێبکەیت، واتە پشتی تێبکەیت.

- زۆر بێئەدەبیت مانی!

مانی- خەریکم ڕاستییەکانت بە ڕووت و قوتی و بەبێ هیچ جۆرە جلوبەرگێک پێ پیشان ئەدەم.

- بە بۆچوونی من عەشق زۆر بەرزتر لەو قسانەیە، من کاتێک بڕۆم و دانیشم و لەگەڵ باوک و دایکم قسە بکەم و پێیان بڵێم کە عەشق شتێکی ئاسمانییەو بە دەنگێکی بەرز لەبارەی عەشقەوە بدوێم، بە دڵنیاییەوە خۆیان تێئەگەن، لەبارەی عەشقەوە نابێت لەوسەری حەوشە قسە بکەیت، عەشق ئەگەر پاک بێت ئەبێت کارێک بکەیت کە هەمووان پێی بزانن، ئەبێت عەشقی پاک باس بکرێت تا هەمووان بیناسن، ئەبێت...

مانی- سەبرکە، خولەکێک هاوار مەکە تا شتێکت پێبڵێم، بە بۆچوونی من وا باشە کە ئەم عەشقە بە دەنگێکی ئارامی ئارام و لە ژێر لێوەوە بانگ بکەیت و وەکو مێزەڵدان فووی تێنەیکەیت تا هەمووان ببینن، ئاوا باشترە.

- یانی لە هەمووانی بشارمەوە؟

مانی- نەخێر بیبە بیخە پێشانگایەکی نێو دەوڵەتی تا هەمووان بێن بۆ سەیری.

دەستمکردە پێکەنین، وتی:

- پیاوی باش مەگەر شتێک کێشاویەتی بە کەلەتدا؟ ئەگەر ئەم عەشقە باسبکەیت لەلایەک کڵێسای ئەرمەنییەکان و لەلایەکی تریشەوە خزمانی موسڵمانت، ئەیکەن بە ڕۆژی حەشر، ئەتەوێ جەنگ دژی خاچپەرستەکان بەرپا بکەیت؟

- دەی چی بکەم ئاخر؟

مانی- ئەگەر لە من ئەپرسیت، ئەڵێم واز لەم کچە بهێنە.

- وتم خۆ، نابینت.

مانی- ئێستا کە نابینت، جارێ باسی مەکە تا بزانم چی ئەبینت، لەوانەیە بە ئومێدی خوا، هەروەکو کە خۆی وتی، ئایدزێک، شتێکی هەبێت و بابەتەکە خۆی بە خۆی هەڵدەوەشێتەوە و ئەڕوات بەلای کاریەوە.

- یانی تۆ یارمەتیم نادەیت؟

مانی- چی بکەم؟ بچم دەست بە دامێنی پاپا بم؟ ئێستا چانست هەیە کە ئەگەر مەسیحییەکان موسوڵمان ببن، حوکمی کوشتنیان بۆ دەرناچێت.

- مانی تۆ لە من تێناگەیت، بەگیانی تۆ زۆرم خۆشئەوێت.

مانی- بەگیانی پورت، هەتیو تۆ تا پێرێ هەر سەیریشت نەئەکرد.

- هەر لەبەر ئەمە سەیرم نەئەکرد ئیتر، ئەترسام عاشقی ببم.

مانی- دەی سوپاس بۆ خوا کە سەیرت نەکردو عاشقیشی نەبوویت.

- دەی سەیرمکرد.

مانی- ناماقوڵیت کرد هەتیوی چاوحیزی خوێڕی، چ مرۆڤگەلێکی بێ شەرەف لە دنیادا پەیدا ئەبن! بەردەوام چاویان بەدوای کچی خەڵکەوەیە.

- بەڕاستی ناپیاوی مانی!

مانی- بابە هێشتا خۆ هیچ نەبووە تا من یارمەتیت بدەم.

- کەوایە یارمەتیم ئەدەیت؟

مانی- ئەری بابە ئەری، جاری هەستە جلەکانت بگۆڕە با بڕۆین، ترمە چاوەڕییە.

- ئەی ڕۆکسانا چی؟

مانی- ئاه..! بکە بە گۆڕی باوکی ڕۆکساناوە، بەیانی سەرەی منە، دوێنێ شەو سەرەی تۆ بوو.

- زۆرباشە بابە، ئێستا ئامادە ئەبم.

ئەو ڕۆشت بۆ ماڵی خۆیان و منیش چوومە ژوورەکەی خۆم و جلەکانمم گۆڕی و هاتمە دەرەوە، بینیم مانی ئۆتۆمبیلەکەی خستووەتە ئیش، ڕۆشتم سەرکەوتم و کەوتینەڕێ و سێ چارەک دواتر لەبەردەم ماڵی ترمەدا بووین. مانی لە خوارەوە زەنگی دەرگاکەی لێدا، ترمە وەڵامی دایەوە و وتی خەریکە دێتە خوارەوەو مانیش هات بەردو ئۆتۆمبیلەکەو وتی:

- ڕاستی، مۆبایلەکەت لەناو داشبلەکەدایە.

- ئەی ترمە چی؟

مانی- یەکێکم بۆی کڕیوە.

مۆبایلەکەمم لەناو داشبلەکە هەڵگرت، ترمە دەرگای ماڵی کردەوەو هاتە دەرەوەو منیش دابەزیم و سڵاو و هەواڵپرسیمان لەگەڵ یەک کرد و هەرسێکمان سەرکەوتین و کەوتینەڕێ، ترمە وتی:

- ئەوە مانییە شێت دوێنێ شەو بۆچی تەلەفۆنت بۆ نەکردم؟

مانی- ئەمە چ شێوازێکی قسەکردنە؟ لانیکەم لەم هامون و ڕۆکساناوە فێربە، ئەمانە هەر کە ئەگەن بە یەک ئەوەندە بە ئەدەبەوە قسە ئەکەن و لە پەسا داوای لێبوردن لە یەکتر ئەکەن! ئەوکات تۆش نەگەشتوویت بە من جێنێو ئەدەیت.

ترمە- هامون و ڕۆکسانا داوای لێبوردن لە یەک ئەکەن؟ بۆچی؟

مانی- ئێستا لەسەر چییەکەی گرنگ نییە، گرنگ خودی بابەتەکەیە، سەیرکە، سەرەتا ئەم بە ئەو ئەڵێت (داوای لێبوردن ئەکەم) دواتر ئەو بە ئەم ئەڵێت (نا، من داوای لێبوردن ئەکەم)، دواتر ئەم بە ئەو ئەڵێت (نا، نا، ئەبێت من داوای لێبوردن بکەم)، دواتر ئەو بە ئەم ئەڵێت (هەرگیز، هەرگیز، ئەبێت من داوای لێبوردن بکەم)، دواتر هەردووکیان پێکەنینێکی شیرینی بۆ ئەکەن و بە یەکتر ئەڵێن (چۆنە هەردووکمان داوای لێبوردن لە یەکتر بکەین؟) دواتر دەست ئەگەن بە خێرا خێرا داوای لێبوردن لەیەک کردن.

ترمە- ئەوکات دوای ئەوە چی ئەکەن؟

CamScanner

مانی- هیچ نیتر، هەردووکیان ڕازی و خۆشحال لە داوای لێبوردنی خۆیان، لە یەکتر جیا ئەبنەوە

ترمە- هیچ دیارە چی ئەلێیت؟ کاک هامون خۆتان بڵێن، ئەم بابەتەی داوای لێبوردن چییە؟

- خەریکە هەلیت و پەلیت ئەلێت.

مانی- ئەمە عاشقی ڕۆکسانا بووە و ئەیەوێت عەشقەکەی وەکو میزەڵدان فوو تێبکات تا هەمووان بیناسن.

ترمە- بۆچی؟

مانی- ڕیکلامی تازەیە نیتر.

- ترمە وای خوایە گیان چەند نایابە! ڕۆکسانا چی ئەڵێت؟

مانی- بەم دەستەکەی ئەیدات بەو دەستەکەی وەریدەگرێتەوە!

ترمە- یانی چی؟

مانی- دێت لە بەردەم ئەم داماوی سادەدا ناز و نووک ئەکات تا ئەمە عاشقی ببێت، دواتریش ئەڵێت نەخۆشی مەخۆشییەکی هەیەو ناتوانێت ببێتە ژنی ئەمە.

ترمە قیژەیەکی کردو وتی:

- مەگەر هامون داوای هاوسەرگیری لێکردووە؟

مانی- ئەی چی؟ حەوەکە ئەهلی خێزان و خێزانداریە.

- زەهری مار!

ترمە- وای! هەرگیز باوەڕ ناکەم، چەند نایاب! من هەر کارێکم لەدەست بێت بۆتان ئەکەم بەخوا.

مانی- تۆ ئەگەر کارت زۆر لەدەست دێت کارێک بۆ خۆت بکە.

ترمە- چ کارێک بۆ خۆم بکەم؟

مانی- هیچ، بەلام ئاگاداربە هەر ساتێک ئەگەری هەیە من پەشیمان ببمەوە.

ترمە- تۆ پەشیمان ببێتەوە؟ چەند لەخۆ ڕازی! ئەزانی من ئێستا چەند داواکارم هەیە؟

مانی- ئێ! تۆریش چووە ڕیزی میوەکان؟

هەر کە ئەمەی وت، ترمە لە پشتەوە بە جانتاکەی کێشای بە سەریدا، مانیش هەر لەوێدا، لە سوچێکی شەقامەکەدا وەستا و لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی و لای دەرگاکەوە بە ترمەی وت:

- ئەمە جاری دووەمت بوو کە ئەو کارەت کرد.

ترمە- ئاخر تۆ قسەی بیئەدەبیت کرد.

مانی- ئیستا من لییئەدەم و ئەڕۆم تا فێر بیت ئیتر پەلاماری ڕاهێنەرەکەی خۆت نەدەیت.

ئەمەی وت و دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی پێوەداو ڕۆشت، هاواری ترمە بەرزبووەوە.

- سەگ خۆتی!

دواتر لایکردەوەو سەیرێکی منی کردو وتی:

- زۆر بێتام و لەخۆرازییە!

لامکردەوە بەلای مانیدا، بینیم جگەرەیەکی داگیرساندو خستیە سوچی لێوی و دەستی خستە گیرفانی و لە سوچێکی شەقامەکەدا وەستا.

ترمە- با ئەوەندە بووەستێت تا گیا لەژێر پێیدا سەوز ئەبێت.

پێنج خولەک تێنەپەڕی بوو، بیجۆیەکی ٢٠٦ کە دوو کچ لەناویدا بوون، هاتن و بە بەردەمیدا تێپەڕین و پەنجا مەتر پێشتر ئیستۆپیان گرت و تۆزێک دواتر بەگیان داناو هەر کە گەیشتنە بەردەم مانی جامەکەیان دادایەوەو دەستیانکرد بە قسەکردن لەگەڵیدا، ترمە ئیتر چاوەڕێی نەکرد و دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەوەو هەر لەوێوە هاواریکردو وتی:

- مانی! مانی!

مانی لایکردەوە بەلایدا، ترمە وتی:

- وەرە بێتام مەبە، درەنگ ئەکەوم.

مانی ڕوویکردە کچەکان، ترمە دابەزی و ڕۆشت بۆ لای مانی و هەر کە گەیشت پێی، بیجۆکە پێی لێداو ڕۆشت، دواتریش ترمە تۆزێک لەگەڵ مانیدا قسەی کردو ئینجا دەستی گرت و ڕایکێشاو هێنای بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکەو هەردووکیان سەرکەوتن، ترمە وتی:

- ئاغا قسەی خراپی کردووە تازە ئەبێت نازیشی بکێشین!

مانی- تۆش هیچت نەکرد!

ترمە- نا، چیم لێکردیت؟

مانی- من بووم بە جانتا کێشام بە سەری تۆدا؟

ترمە- پورزاتم، قەیچیکات؟

مانی- لەبەرئەوەی کە پورزامی ڕێگەت پێدراوە هەر کاتێک وەلامت پێنەبوو بەو

CamScanner

جانتا قورسەت بکینشیت بەسەری خاڵۆزاکەتدا؟ چ جانتایەکیشە! ڕێک ئەڵێی باوەڵە، ئەرا بە سەری مرۆڤدا بەرچاوی ڕەش ئەکات، چی تێدایە؟ کەبادەی زۆرخانەت تێخستووە؟

ترمە- ئەم جانتای من کێشی هەر هەیە؟

مانی- ئەرێ بەخوا!

ترمە- چوار پارچە کەرەستەی جوانکاری کێشیان چەندە؟

مانی- جیاوازی هەیە، ئەگەر کەرەستە جوانکارییەکان هی کچێکی ناشرینی وەکو تۆ بێت کە ناچارە بەهۆی جۆرەها ڕەنگ و کرێم و سپیاو و پشت چاو و چی و چی و چی، دەموچاوی وا لێبکات کە بتوانێت بەرگەی بگرێت، بە دڵنیاییەوە قورس ئەبێت.

ترمە- یەکێکیتر ئەکێشم بەسەرتدا ها!

مانی- پیامابکێشیت، ئیتر نامبینیتەوە.

ترمە- بەڕاست ئەگەر لێت بدەم ئەڕۆیت؟

مانی- ئەگەر تەنها کچی سەر ڕووی زەوی بیت، ئەگەر لە جوانیدا ڤینۆس لە بەردەمتدا شەرم بکات، ئەگەر لە سەرنجڕاکێشی و هەیکەل جوانیدا وەکو ئەفرۆدیت وابیت، ئیتر من نابینیتەوە، سەیری پێکەنین و گاڵتەکانم مەکە، من سەگێکم تەنها بولداگ• دەرەقەتم دێت.

ترمە- ئەی چیت لێبکەم کاتێک ئەم قسانەم پێ ئەڵێیت؟

مانی- ئێ وەڵامم بدەرەوە

لەپڕ مانی هاوارێکی کرد، لامکردەوە بینیم ترمە نقورچکی لە باڵی گرتووە.

ترمە- کاک هامون، ڕۆکسانا چ نەخۆشییەکی هەیە؟

مانی- وەکو تۆ هارییەتی.

- زۆر بێئەدەبیت مانی!

ترمە- بەڕاستی کە!

- ڕۆکسانا هیچ نەخۆشییەکی نییە، ئەمە هەڵیت و پەڵیت ئەڵێت.

ترمە- ڕۆکسانا کچێکی جوانە ها، پێش من ئامادەکارەکە پێشنیاری بۆ ئەو کرد، بەڵام نازانم بۆچی ڕازی نەبوو!؟

مانی- ئەمڕۆ کارەکەت چەند ئەخایەنێت؟

ترمە- خوا ئەزانێت!

مانی- کەوایە ئیمە تۆ ئەگەیەنینە ئەوێ و ئەڕۆین، هەرکاتێک کارەکەت نزیکی تەواو بوون بوو، تەلەفۆنێکم بۆ بکە بێم بە شوێنتدا.

ترمە- تۆ ناماقوڵی ئەکەیت ئەڕۆیت، هەر لەوێ لای من ئەبیت تا کارەکەم تەواو ئەبێت.

مانی- یانی ئەوەندە خۆشت ئەوێم؟ ئەمە زۆر خراپە ها، یانی خۆت ئازار ئەبینی، هەوڵبدە هەستەکانت کۆنترۆڵ بکەیت.

ترمە- بەڕاستی بە قوربانی پورت بیت مانی!

بە کورتی تا ئەو خانووەی کە فیلمەکەی تیا تۆمار ئەکرا، مانی سەری خستە سەر ترمەو من پێکەنیم، یەکێک ئەم ئەیوت و یەکێک ئەو، نزیکەی نیوکاتژمێر دواتر گەیشتین و من و ترمە دابەزین و مانیش ڕۆشت تا ئۆتۆمبیلەکە پارک بکات، هەروا کە لەوێدا وەستابووین لەپڕ ترمە باڵی گرتم و وتی:

- کاک هامون تا مانی نەهاتووە ئەمویست شتێکتان لێ بپرسم، یانی ئەمویست ڕاوێژتان لەگەڵ بکەم، ڕاستی نازانم بۆچی زۆر متمانەم بە ئێوە هەیە، وەکو برای گەورەم وان.

- شتێک بووە؟

ترمە- ئەمویست لێت بپرسم کە مانی بەڕاستی منی خۆشئەوێت؟

- ئێوە چی؟ بەڕاستی خۆشتان ئەوێت؟

لەپڕ پێکەنین کەوتە سەر لێوی و وتی:

- مەگەر ئەکرێت کچێک ئەم شێتە ببینێت و خۆشی نەوێت، بەو قسانەی و ئەو کارانەی کە ئەیانکات

- هەر لەبەرئەوە؟

ترمە- نا، دەی مانی هەم قۆزە و هەم هەیکەل و باڵای جوانە، ڕاستی بڵێم، من زۆرم خۆشئەوێت، بەڵام ئەترسم.

- لەبەرچی؟

ترمە- نازانم، بەردەوام وا بیرئەکەمەوە لەبەرئەوەی پوری داوای لێکردووە هاتووە بەلای منداا، یان ئەوەی کە لەبەرئەوەی ئەکتەرم...

- هەرگیز وا نییە، من پێموایە ئەویش ئێوەی زۆر خۆشئەوێت.

ترمە- ئاخر سەیرکە چیم پێئەڵێت.

- هەر بەو شتانەدا کە ئەیانڵێت، ئەزانم.

ترمە- چۆن؟

- ئاخر مانی لەگەل هیچ کەس ئاوا قسە ناکات، بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە بە چای باسیان ئەکات و زۆر بە ئەدەبەوە هەڵسوکەوت ئەکات.

ترمە- یانی ئەمە بەڵگەی خۆشویستنیەتی؟

- وابزانم.

ترمە- شێتێکی سەیرە!

- خەریکە دێت.

مانی خەریکبوو لە دوورەوە ئەهات و سەیری ئێمەی ئەکرد، هەر کە توزێک نزیک بووەوە بە دەنگی بەرز وتی:

- ئیشەڵا هەرکەس لە پاشەمڵە بە خراپە باسی من ئەکا ئەمشەو سیسرک ئەچێتە لەشییەوە.

ترمە- لە پاشەمڵە باسی تۆم نەکردووە.

مانی- گوێچکەی چەپم زرنگایەوە، زانیم خەریکیت بە خراپە باسم ئەکەیت، یارەبی ئەمشەو هەر کە ئەڕۆیت بخەویت، مشکێکی زەبەلاحی ناشرین لەناو جێگەکەتدا بێت و یەک گازی توندت لێبگرێت.

ترمە لەپڕ فرمێسک لە چاویدا کۆبووەوەو وتی:

- زۆر لە دەستت ناڕەحەتم مانی!

مانیش هەر کە بینی ترمە بە ڕاستی ناڕەحەت بووە، وتی:

- مشکەکە ناماقوڵی کرد دێت بەلای تۆدا، دار ئەدەم بە ڕۆحیا، یان هەر پشیلەیک ئەکڕم و ئەیدەم پێت لە ماڵەکەتدا بەرەڵای بکەیت تا هەموو مشکەکان بگرێت و بیانخوات و لەناویان ببات، مەگری قوربانی ئەو فرمێسکانەت بم، ناماقوڵیم کرد، ناماقوڵیم کرد، کەرێکم من! یارەبی زمانم تووشی شێرپەنجە بێت کە نازانم چۆن قسەی پێبکەم، ئێستا کە ناڕەحەتم کردیت، چاوم کوێر ئەبێت و دیارییەکی جوانت بۆ ئەکڕم تا لە دڵت دەربهێنم، یان بۆچی دوای بخەم بۆ داهاتوو؟ هەر ئێستا ئەبێت دیارییەکت پێبدەم، ئەها، ئەها.

دواتر دەستیکرد بە گیرفانیداو پاکەتێکی بچوکی دەرهێنا کە پێچرابووەوەو کرابوو بە دیاری، بەرەو ڕووی ترمە گرتی و وتی:

- سەیرکە من پێشبینی هەموو شتێک ئەکەم، فەرموون، شیاوی ئێوە نییە، بە مبراتان بێت، یانی پیرۆزتان بێت.

ترمه سەیریکی مانی کردو دەستیکردە پیکەنین و پاکەتەکەی لیوەرگرت و کردییەوە، لە پر قیژەیەکی سوکی کرد، مانی مستیلەیەکی زۆر جوانی بۆ کڕیبوو کە نقیمیکی گەورە لە ناوەڕاستەکەیدا بوو.

ترمە- ئەسلە؟

مانی- دەستتان خۆش بێت.

ترمە- کڕیوتە؟

مانی- سەرو فەسالم لەوە ئەچیت کە دز بم؟

ترمە- ئاه.. یانی بۆ منت کڕیوە؟ یانی مەبەستێکی تایبەت هەبوو؟

مانی- ئەری بابە، من هەموو کارەکانم بە مەبەستە، بیدە بە من بزانم.

دواتر مستیلەکەی لە پاکەتەکە دەرهێناو کردییە پەنجەی ترمە و وتی:

- لەم ساتە بەدواوە تۆ دەستگیرانی منیت، جا ئیتر کەی ئەم بابەم بێتە خوازبێنیت، خوا ئەیزانێت

نازانم بۆچی لەپڕ ئەوەندە خۆشحالبووم، لەپڕ بە دەنگی بەرز دەستمکردە پێکەنین.

مانی- زەهری مار، ئەمە پێکەنینی چ کاتییە؟

- زۆر خۆشحالم مانی، پیرۆزبایيتان لێئەکەم، ئیشەلا بەختەوەر بن.

مانی- زۆر مەمنون.

- ئەبێت ئاهەنگێک بگێڕین، هەر ئەمشەو.

دووبارە پێکەنیم، مانی وتی:

- لەسەر ئاوی مردووشۆرخانە بخەویت، هەموو خەریکە سەیرمان ئەکەن، بەسەر خۆتدا زاڵبە

- بەدەست خۆم نییە بە گیانی تۆ.

مانی- بابە بڕۆینە ژوورەوە، ئابڕوومان چوو، لەبری ئەوەی کچەکە خۆشحال و دلخۆش بێت، ئەم هەتیوە خەریکە ئەبوورێتەوە.

ترمە- سەیرکە مانی، ئەم مستیلەت بۆ کڕیم و کردتە دەستم، دەستت خۆش بێت، بەڵام کەی بڕیارە باوکت بێتە خوازبێنی؟

مانی- ئەمسالا، سالێکی تر، دووسالی تر، سێ سالی تر، خوا ئەیزانێت، بەڵام تۆ هیچ نارەحەت مەبە، ئێمە کاری خۆمان ئەکەین، جا ئیتر هەرکات بابەم کاتی هەبوو هات، پێلاوی لەسەر چاو، ئەشهات ئێمە شتێکمان لەدەست نەداوە، چۆنە؟

ترمه سەیریکی کردو دواتر پاکەتی مستیلەکەی فڕیدایە سەر زەوی و وتی:
- بڕۆ ونبە، هەر پێویستی نەکرد خوازبینیم بکەیت، ئەمەشم ناوێت.
مانی- یانی پاکەتەکەیت ناوێت؟
ترمە- ئەزانی قسەکانت یانی چی؟
مانی- یانی ئەڵێم، جارێ دەستگیرانین تا باوکم بە فەرمی بێتە پێشەوە، قسەیەکی خراپە؟
ترمە- ئەها، ئی هەر لە سەرەتاوە وات بوتایە.
مانی- ئێستا ئەگەر ئەوەت پێخۆش نییە، مستیلەکەم بدەرێ تا بیکەمە دەستی خاوەنی.
ترمە- مەگەر لە کەسێکت وەرگرتوە؟
مانی- نا.
ترمە- ئەی لە کوێ هێناوتە؟
مانی- بابە بە پیر بە پێغەمبەر، کڕیومە.
ترمە- ئەی خاوەنەکەی کێیە؟
مانی- کچێکی لە تۆ جوانتر کە هەلومەرجی من قبول بکات.
بینیم هاکا ترمە دووبارە بە جانتاکەی بکێشێت بەسەری مانیدا، خێرا وتم:
- بابە درەنگە، وەرن بچینە ژوورەوە، مانی تۆش ئەوەندە ئازاری ترمە خان مەدە، تۆ گاڵتە ئەکەیت، ئەویش باوەڕ ئەکات.
مانی ویستی شتێک بڵێت، لە پڕ ترمە بە توندی کێشای بە لاقیدا، وەها توند لێیدا کە مانی ئاخی لێ بەرز بووەوە و بە دەستی لاقی گرت و لەسەر زەوی دانیشت و هەروا کە بە دەست ئەیشێلا وتی:
- یارەبی ئەو قاچەت گۆج بێت، نەفرەت لە مردوو و زیندووی ئەوەی تۆ ئەهێنێت کچەتیوەی وەحشی، دڵم وەستا، عەجەب مرۆڤێکی دڵڕەقە ئەمە!
ترمە- دڵم فێنک بووەوە.
مانی- مردووشۆر ئەو دڵەت ببات، ئیشەلا کونارو کافور فێنکی بکەنەوە، قاچیشی چەند بەهێزە! ڕێک ئەڵێی قاچی عەلی داییە.
ترمە- ئیتر ئەم چرت و پرتانەم پێنەڵێیت ها، هەستە بچینە ژوورەوە .
مانی- بڕۆ کچێ یارەبی لە جێگەی ئەو قاچەت، قاچی دەستکرد ببینم، ئەگەر ئەمزانی ئەوەندە وەحشیت تەنەکەشم بۆ نەئەکڕیت، مستیلەکەم بدەرەوە.

ترمه- ئەم مستیلە ئیتر هی منە، مەگەر پەنجەم ببڕیتەوە تا بتوانیت دەری بهێنیت.

مانی- ئەگەر دانە بە دانەی پەنجەکانتم جوییبێت، دەریئەهێنم، دە توخوا وەرە، ئەمەش ئەکتەری مەملەکەت هەم گاز ئەگرێت، هەم لەقە ئەوەشێنێت، هەم بەو جانتا گەڕۆکەی بێت؟ تۆ خۆت ئاگاداری شەستی وەکو ئێمە ئەبیت، سەیرکە توخوا، قاچم ئەوەندەی گوێزێک ئاوساوەو بەرزبووەتەوە، مردووشۆر ئەو قۆنەرە نووک تیژانەت ببات، ئەی پۆری خان سڵاوات بۆ ڕۆحت، سەیرکە ئێمەت تووشی ج کچێکی وەحشی کردووە! مرۆڤ کاتێک نزیکی ئەمەیە گیانی لە مەترسیدایە، قاچی ئەڵێی قاچی مارادۆنایە، قاچم لەجێ چووە بەخوا.

ترمە- هەستە خۆت بێتام مەکە، خۆ من توند لێم نەدایت.

مانی- ئەی ئەگەر توند لێتبدامایە چۆن ئەبوو؟ تۆ بۆچی بوویت بە ئەکتەر؟ وەرە بتبەم بۆ یەکێک لەم یانانەی ئیستیقلال یان پرسپۆلیس ناوت بنووسم، تۆ پەنالتییەکان لێبدە، هامون گیان تەلەفۆن بکە بۆ فریاگوزاری خێرای تاران کورسییەکی تایەدارم بۆ بنێرن.

ئیستا من خەریکم پێئەکەنم و ئەویش خەریکە ئەمانە ئەڵێت.

ترمە- هەستە مانی ناشرینە.

مانی- ناشرین چییە؟ ئەڵێم ناتوانم هەستم.

ترمە– درۆ مەکە، من وا توند لێم نەدایت، تازە من ئەوەندە جەستەم ناسکە ناتوانم بەو شێوەی کە تۆ ئەیڵێیت توند لەقە بووەشێنم.

مانی- ناتوانیت توند بیوەشێنیت؟ ئەو لەقەت ئەگەر لە یاری تۆپی پێدا دادوەر کارتی پێئەدایت بەلا گرتوو، ئەم پورێش ئەیزانی ئەمە ج کچێکی سەرەڕۆیە و ئێمەی نارد تا دەستەمۆی بکەین، هامون گیان، ناوجانتای ئەمە بگەڕێ بزانە چەقۆیەک، شتێکی پێنەبێت.

- هەستە شەرم بکە هەتیو.

مانی- ئەڵێم بە گۆڕی دایکم ناتوانم.

لە بەردەمیدا دانیشتم و دەرقاچەی پانتۆلەکەیم هەڵدایەوەو گورەوییەکانیشیم داکێشایە خوارەوە، بینیم ڕاستەکات داماوە، قاچی ئەوەندەی گوێزێک ئاوسا بوو، ئیستا هەم ناڕەحەت بووم بۆی هەم پێکەنینم دەهات

- دەی بۆچی سەر ئەخەیتە سەری تا ئەو بەلات بەسەر بهێنیت؟

مانی- خوا ئاگاداره من تا ئیستا کچی وەک ئەم جانەوەرەم نەبینیوە، ئەوجارە لە ماڵەکەیدا بە گاڵتە پێموت کە لەبەرخاتری پوری هاتووم بە دوایدا، لەپڕ وەها تاوەکەی تێگرتم کە ئەگەر سەرم لانەدایە، مێشکم بڵاو بوو بووەوە بە چێشتخانەکەدا، وەکو ئەم کۆماندۆیانە وایە، فیلمەکانی ڕامبۆت بینیوە؟ فۆتۆکۆپی ڕامبۆیە، تەنها کاریک کە تۆ ئیستا ئەیکەیت ئەوەیە کە نەهێڵیت ئەمە بێت بەلای مندا، لەبەرئەوەی ئامادەییم تێدا نییەو بە دڵنیاییەوە بە دەستی ئەمە ئەکوژرێم، لەبیرت نەچێت ئەمەم کەی پێوتوویت هامون، من ئەگەر ببمە دەستگیرانی ئەمە، ناگەمە کاتی گواستنەوە، بە دڵنیاییەوە لە دەورانی دەستگیرانیدا بەلایەکم بەسەر ئەهێنێت.

ترمە هاتە پشت سەری من و وتی:

- ڕاستەکات کاک هامون؟

دواتر سەریکێشاو هەر کە چاوی کەوت بە قاچی مانی، لەپڕ ڕەنگی بە ڕووەوە نەماو وتی:

- وای! بۆچی قاچت وای لێهات؟ بەخوا نەمدەویست توند لێیبدەم.

من هەستام و ئەو لەبەردەم مانیدا دانیشت و هەروا کە سەیری چاقی ئەکرد وتی:

- ئیشەڵا قاچم بشکێت، بمبەخشە توخوا.

مانیش خۆی مندال کردەوەو وتی:

- نامەوێت، نامەوێت.

ترمە- ناماقوڵیم کرد، ئیشەڵا قاچم گۆج بێت.

مانی- نامەوێت، نامەوێت.

ترمە- بەخوا نەمزانی مانی گیان، وەرە تۆش لەقەیەک بدە لە قاچم.

مانی- نامەوێت، نامەوێت.

ترمە- وەرە پاڵ بدە بە منەوە، بچینە ژوورەوە دەرمانت بۆ لێیدەم.

مانی- نامەوێت، نامەوێت.

ترمە- ئەی خوا مەرگم بدات، سەیرکە قاچی چی لێهاتووە، چ بێ شوعورێکم من!

مانی- نامەوێت، نامەوێت.

- زەهری مارو نامەوێت، هەستە کەرە زل، شەرم بکە.

مانی- نامەوێت، بە تۆ چی؟ قاچی خۆمە.

ترمە- باشە قوربانت بم، لەمەودوا هەرچی تۆ بڵێیت، هەر ئەوەیە.

مانی- ئیتر لیم نادەیت؟

ترمە- نە، ناماقولی ئەکەم.

مانی- ئەگەر لیم بدەیت باوکم ئەهێنم ها.

ترمە- باشە، بیهێنە.

مانی- باوکم زۆر بەهێزە ها، ئەوەندە زەبەلاحە! هێندەی من و هامون هەردووکمان ئەبێت.

من و ترمە مردبووین لە پێکەنیندا، گۆرەوییەکانی هەلکێشاو وتی:

- تازە، ئەبێت جووتێک گۆرەوی تازەشم بۆ بکڕیت.

ترمە دەستیکرد بە تەکاندنی تەپ و تۆزی پانتۆلەکەی و وتی:

- باشە، نەک گۆرەوی، پانتۆلێکی تازەشت بۆ ئەکڕم.

مانی- باشە، منیش ئەم پانتۆلە کۆنە ئەدەم بە هامون لەپێی بکات و بڕوات لای ڕۆکسانا خۆی پێوە بنوێنێت.

- هەستە مانی، ناشرینە بەخوا.

چوومە پێشەوە ژێربالی بگرم هەستیتەوە، پالینامە دواوە وتی:

- تۆم ناوێت، ترمەم ئەوێت.

- چش، مردووشۆر بتبەن.

ترمە بە پێکەنینەوە یارمەتیدا تا هەستاو دواتر شەلە شەل کەوتە ڕێ بەرەو لای ماڵەکەو بە دەم شەلینەوە دەستیکرد بە گۆرانی وتن:

شەلی بێ کتێب، ڕۆشتووە بۆ جەنگ، لێیداوە تفەنگ، ماشەلا لە گیانی، ماشەلا لە گیانی، بە شەلە شەل، لە حەمام دێمەدەر، تا ئامادە بم، بۆ بینینی یاری میهرەبان، هاتووەتە دەر، تا لێواری بان، ماشەلا لە گیانی، ماشەلا لە گیانی.

ئەمانەی ئەوت و بە ئەنقەست ئەشەلی و بە شێوەیەک کە شەلینەکەی وەک خۆبادان وابوو. من و ترمە وەستابووین و پێئەکەنین، گەیشتە بەردەم دەرگاکەو لایکردەوەو وتی:

- وەرن ئیتر.

- مانی تۆ شەرم ناکەیت؟ بەخوا هەرکەس لێرەوە تێئەپەڕێت، سەیرت ئەکات و پێئەکەنێت.

مانی- خراپە دلی خەلک خۆش ئەکەم؟ یەکێکتان بێن زەنگ لێبدەم لەپێ کەوتم.

ترمە چووە پێشەوەو زەنگی لێداو تۆزێک دواتر دەرگاکەیان کردەوەو هەرسێکمان

چووینە ژوورەوەو لە حەوشەکە تیپەڕین و بە قادرمەکاندا چووینە سەرو ڕۆشتین ژوورەوەو سلاومان لە هەمووان کردو ترمە بە نەفەرێکی وت کە دوو کورسی و چای بۆ ئێمە بهێنێت و خۆیشی چووە ژووری گریم و تۆزێک دواتر بە شووشەیەک دیتۆل و لۆکەوە گەڕایەوەو دەرقاچەی پانتۆلەکەی مانی هەڵدایەوەو تۆزێک دیتۆلیدا لە برینەکەی و دواتریش لەزگەی بۆ لێداو وتی:

- ئێوە هەر لێرەدا بن تا من ئەچم جلەکانم ئەگۆڕم.

دواتر چووە ژووری گریم و بیست خولەک، نیو کاتژمێر دواتر، لە کاتێکدا کە گریمی کردبوو و جلەکانیشی گۆڕی بوو، گەڕایەوەو هاتە پێشەوەو بە مانی وت:

- قاچت باشترە؟

مانی- ئەری، ئەمڕۆ چەندێک کار ئەکەن.

ترمە- نازانم.

مانی- زوو تەواوی بکە، با بڕۆین.

ترمە- ئەگەر ناڕەحەتیت، با هەر ئێستا بڕۆین.

مانی- نە، کاری خۆت بکە.

ترمە پێکەنینێکی بۆ مانی کردو وتی:

- لە بەرامبەردا بۆ نانی ئێوارە میوانی منن.

دواتریش چوو بۆ لای دەرهێنەر کە چاوەڕێی بوو و تۆزێک بەیەکەوە قسەیانکردو دوای ئەوە دەرهێنەر لەگەڵ ئەوانی تردا قسەی کردو چارەکێک دواتر هەموویان ئامادەبوون، خانووەکە دوو نهۆمی بوو و ترمە بە قادرمەکاندا چووە سەرەوە، بۆ نهۆمی دووەم و هەمووان بێدەنگ بوون و دەرهێنەر جوڵەی ڕاگەیاندو ترمە بە ئارامی بە قادرمەکاندا هاتە خوارەوەو ڕۆشتە هۆڵەکەو چووە بۆلای دۆلابێک و دواتر سەیری ئەملاولای کردو کاتێک بینی کەس لەوێ نییە، لە گیرفانی کلیلێکی دەرهێناو دەرگای دۆلابەکەی بە ئەسپایی کردەوەو دەستیکرد بە گەڕانی ناوی و تۆزێک دواتر قیژەیەکی سوکی کردو شتێکی وەکو دەمانچەی لەناو دۆلابەکە دەرهێناو تۆزێک سەیری کردو پاشان بە تورەییەوە خستییەوە ناو دۆلابەکەو دەرگاکەی داخستەوەو دواتر هەر لەوێدا دانیشت و هەردوو دەستی گرت بە سەریەوە و لەپڕ دەستیکردە گریان، لێرەدا دەرهێنەر کاتی (cut) ڕاگەیاند. دواتر ترمە چووە ژووری گریم و چارەکێک دواتر بە جلوبەرگێکی ترەوە گەڕایەوەو چووە هۆڵەکەو لەسەر قەنەفەیەک دانیشت، دووبارە

CamScanner

هەموان بیدەنگبوونەوە و دەرهینەر جولەی ڕاگەیاند، بابەتەکەش بەم شێوە بوو، ترمە دانیشتبوو و سەیری سەتەلایتی دەکرد، کامێرا بە مەبەست دیمەنێکی تەلەفزیۆنەکەی گرت کە بۆ نموونە ترمە دانیشتووە سەیری کەناڵی fashion دەکات، دیمەنێک کە کچان بە مایۆوە ئەهاتن و ئەڕۆشتن، ئەلبەتە دیمەنێکی زۆر کورت بوو، دواتر لەپڕ تەلەفۆن زەنگ لێدەدات و ترمە وەڵام دەداتەوە.

- ئەلو، فەرموون.

- سڵاو و زەهری مار، بڕۆ ونبە!

- ناماقوڵیت کرد، تا ئێستا سێ جار تەلەفۆنم کردووە، دووجاریان لە ماڵەوە نەبوویت جارێکیشیان مێردەکەت لە ماڵەوە بوو و وتت تەلەفۆنت بۆ ئەکەمەوە.

- باشم، دەنگوباس؟

- نا، لە ماڵەوە نییە، لە دەرەوەیە، چۆن مەگەر؟

- چی؟

- دەنگت بەرزبکەرەوە.

- لەکوێ؟

- بەردەم زانکۆ؟

- بە ماتۆڕەوە؟ ماتۆڕ بۆچی؟

- بە هەڵە تێنەگەشتوویت؟

- دڵنیایت؟

لەپڕ دەرهێنەرەکە کاتی (cut) ڕاگەیاندو هاتە پێشەوەو بە ترمەی وت:

- تۆزێک ئاستی پەشۆکانەکەتان کەمە، سەیرکەن، ئەم هاوڕێتان خەریکە لەبارەی مێردەکەتانەوە قسە دەکات، مێردێک کە تا ئەم کاتە وا تێگەیشتوون کە کاری بازرگانی دەکات، ئێستا تازە ئەزانن ئیشە ڕاستەقینەکەی چییە، کارەکەشی بە جورێکە کە ئێوە ڕقتان لێیەتی، دەی ئەبێ زۆر نارەحەت و پەرێشان بن کاتێک هاوڕێکەتان ئەم هەواڵەتان پێدەدات کە بۆ نموونە مێردەکەتانی لە فڵان شوێن ببینێوە، تێنەگەن؟

ترمە- دیالۆگەکە چی لێبکەم؟ هەر ئەوانە بڵێمەوە؟

دەرهێنەر- ئەگەر تۆزێکیش ئەملاوت پێکرد، کێشە نییە.

دواتریش گەڕایەوە سەر جێگەکەی و جولەی ڕاگەیاند، دیمەنەکانی سەتەلایت و تەلەفزیۆن دووبارە بوونەوەو دواتر تەلەفۆن زەنگی لێداو ترمە وەڵامی دایەوە:

CamScanner

- ئەلو، فەرموون.

- سلاو و زەهری مار، بڕۆ ونبە.

- ناماقوڵیت کرد، تا ئێستا سێ جار تەلەفۆنم بۆ کردوویت، دووجاریان لە ماڵەوە نەبوویت جارێکیشیان مێردەکەت لە ماڵەوە بوو و وتت تەلەفۆنت بۆ ئەکەمەوە.

- باشم، دەنگوباس؟

- نا، لە ماڵەوە نییە، لە دەرەوەیە، چۆن مەگەر؟

- چی؟

- دەنگت بەرزبکەرەوە.

- لەکوێ؟

- بەردەم زانکۆ؟

- بە ماتۆڕەوە؟ ماتۆڕ بۆچی؟

- بە هەڵە تێنەگەشتوویت؟

- دڵنیایت؟

- نا.

- نا.

- ئەڵێم نا، تێئەگەیت؟

- ئەم قسانە چین؟

- داویەتی لە کەلەت نوشین؟ ئاگات لە دەمت بێت.

- بێدەنگبە، لە بەخیلیدا وا ئەڵێیت، ئەزانم کوێت ئەسووتێت.

- ونبە چەپەلا، بێدەنگبە هیچ و پوچ.

دواتر بە تورەییەوە تەلەفۆنەکەی داخستەوە و پاشان لە پلاک لێیکردەوە و هەڵیگرت و فڕێیدا بەرە و لایەک، دەرهێنەر یەکسەر کاتی (cut)ی ڕاگەیاند، هەر لەم کاتەدا ئەکتەرە کوڕەکە دەرگای کردەوەو هاتە ژوورەوەو هات بەرەو لای من و مانی و سلاو و هەواڵپرسی کرد، دواتریش چوو بۆلای ترمە و سلاو وئەحواڵپرسی لەگەڵ ئەویش کرد و دەرهێنەر پێی وت:

- ئەگەر زوو گریم بکەن، دیمەنی دواتر تۆمار دەکەین.

ئەکتەرەکەش چووە ژوورێک و کەمێک دواتر گەڕایەوە، تەنکە ڕیشێکیان بۆ دانابوو و جلەکانیشی گۆڕیبوو، ترمەش چوو جلەکانی گۆڕی و گەڕایەوە بۆ هۆڵەکەو لەبەردەم

تەلەفزیۆنەکەدا دانیشت کە لەسەر کەنالی fashion بوو، ئەکتەرە کوڕەکەش چووە نەزمی سەرەوەو دەرهێنەریش داوای لە هەمووان کرد بێدەنگ بن و پاشان جوڵەی ڕاگەیاند. ترمە لە کاتێکدا کە زۆر نیگەران بوو، خەریکبوو سەیری تەلەفزیۆنی نەکرد، هەر لەم کاتەدا ئەکتەرە کوڕەکە لە قادرمەکان هاتە خوارەوەو ڕۆیشت بەرەو لای و هەروا کە چاوی لەسەر تەلەفزیۆنەکە بوو وتی:

- کەناڵەکە پچڕا؟

کامێرا ساتێک خستییە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەو دواتر لایبرد، دواتر ئەکتەرە کوڕەکە لەبەردەم تەلەفزیۆنەکەدا دانیشت و خۆی سەرقاڵکرد بە سەیرکردنەوە، ساتێک دواتر ترمە هەستاو ڕۆشت بەرەو دەرگای ماڵەکەو دەرهێنەر کاتی ڕاگەیاندو هەموان دەستیانکرد بە چەپڵە لێدان.

دەرهێنەر هاتە بەردەم ترمەو وتی:

- نایاب بوو خانم، ئەگەر دیمەنی دواتریش هەر ئاوا تۆمار بکەین، زۆرباش ئەڕۆین.

ترمە هات بۆ لای ئێمەو بە مانی وت:

- ئازاری قاچت کەمبووەوە؟

مانی- ئەری، زۆرباش ڕۆڵەکەت گێڕا.

ترمە- سوپاس ئازیزم.

مانی- چەند لەگەڵما باشبوویت!

ترمە ئەو پەنجەی کە مستیلەکەی تێدابوو، پیشانداو وتی:

- هەمووی لەبەرئەمەیە ئەزیزم.

مانی- هامون تۆ شایەتبە و ببینە کە کرم لە خودی درەختە، من بێدەنگ و بەئەدەب لە شوێنێکیدا دانیشتووم، ئەمە خۆی دێت و کلکە قنگەی من ئەدات.

ترمە- ئاخر تۆ بە هارو هاجییەکەتەوە ئێسکت سوکە.

- ترمە خان، کۆتایی ئەم چیرۆکە چییە؟

ترمە- بە تەواوی ڕوون نییە، لەوانەیە هەر بیگۆڕن.

- بۆچی؟

ترمە- ئێستا زانیم، لەوانەیە مۆڵەتی پێنەدەن.

- لەبەرچی؟

ترمە- ئەڵێن چیرۆکەکە لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێت.

مانی- دەی ڕاست ئەکەن.

ترمە- بۆچی؟

مانی- ئەبێت ئەکتەرە کوڕەکە بگۆڕن تا مۆڵەتیان پێبدەن.

ترمە- بۆچی ئەو بگۆڕن؟ بە پێچەوانەوە، ڕۆڵەکەی جوان دەگێڕێت.

مانی- هەر لەبەر ئەوە ئەڵێم، کوڕەکە مرۆڤێکی باشە، لەگەڵ تۆ بەیەکەوە ناگونجێن.

ترمە- لەقەیەکی تر ئەدەم لە ئەو قاچەکەت.

- ئێستا ئەتانەوێت چی بکەن؟

- لەوانەیە هەندێک دیمەنی سانسۆر بکەن.

- دەی ئەوە خۆ ئیتر بە کەڵک نایەت.

مانی- کەمێکی سانسۆر بکرێت قەیناکات.

- سانسۆر هەر شتێکی خراپە.

مانی- بەشە خراپەکانی فیلم لائەبەن.

- بەشی خراپی تێدا نییە خۆ، کوێی لابەن؟

مانی- ئەو بەشانەی کە ترمەی تێدایە، منداڵی ئەو خەڵکە خۆ تاوانیان نییە تا ئەو شێوە ترسناکانە ببینن

ترمە- خوا لە دەمت ببیستێت.

مانی سەیریکردو پێکەنی.

ترمە- هەر ئەو پێکەنینەت وەڵامی منی دایەوە.

مانی- ئێستا بڕۆو زوو تەواویکە، برسیمانە.

ترمە- ئەبێ کەلوپەلەکان ببەنە حەوشە، مانی ئەوەندە حەز ئەکەم لەگەڵ تۆدا لە فیلمێکدا ڕۆڵ ببینم.

مانی- منیش حەز ئەکەم، بەڵام نابێت.

ترمە- بۆچی؟

مانی - ئاخر من حەزم لە فیلمی ترسناک نییە.

ترمە- ئەمەشیان خوا لە دڵت ببیستێت، ئێستا هەر بە ڕاست تۆ حەز ناکەیت ببێ ئەکتەر؟

مانی- بۆچی نا، بەڵام لە فیلمێکدا کە سیناریۆکەیم بەدڵ بێت.

ترمە- حەزت لە چ جۆرە ڕۆڵێکە؟

مانی- من حەز ئەکەم ڕۆلی گەنجێکی شەڕانی و نارەسەن بگێڕم کە کچانی بێ تاوان دەستخەڕۆ ئەکات و بە لاڕێیاندا ئەبات و دواتریش پۆلیس چاودێری ئەکات و ئەویش لە وڵات ئەچێتە دەرەوەو ئەڕوات بۆ ئەورووپا و لەوێش دووبارە دەستدەداتەوە هەمان کارو دواتریش پۆلیسی ئەوێ بەدوایدا ئەگەڕێت و ئەویش لەو وڵاتەی ئەورووپا دەڕوات و ئەچێتە وڵاتێکی تر و لەو وڵاتەشەوە بۆ وڵاتێکی ترو لەوەوە بۆ یەکێکی تر و بە کورتی تا کۆتایی فیلمەکە بابەتەکە هەر ئاوا بەردەوام بێت.

ترمە هەروا سەیری ئەکرد.

مانی- ئەڵبەتە ئەم فیلمە لە شێوەی ئامۆژگاریدایە تا کچان ئاگایان لە خۆیان بێت و ئیتر مرۆڤی نارەسەنی وەکو من نەتوانێت فریویان بدات، بەڵام ئەم فیلمە زۆری تێدەچێت، ئەڵبەتە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری پێویستە، واتە لانیکەم، سەد، سەدو پەنجا، سەدو شەست ئەکتەرێکی ژن، ئەبێت لەم فیلمەدا بەشداری بکەن

ترمە- ئەو هەمووە!؟ ئەگەر پێتوایە کەمن، ئەکرێت سیناریۆکەی بگۆڕدرێت و بکرێن بە دوو سەد دانە سێ سەد دانە.

مانی- نە بابا، هەر ئەوەندە باشە، چارەنووس و داهاتووی سەد و بیست کچی فریودراو بەسە تا ببێتە پەند بۆ ئەوانی تر، وابزانم دوای ئەوەی کە سەد و بیست جار ئەم جۆرە سەرەنجامانەیان بینی، ئیتر تەنانەت وەڵامی سڵاوی هیچ پیاوێکی بەدفەڕ و نارەسەن نادەنەوە.

ترمە- ئەوکات فیلمی دواترت چی بێت باشە؟

مانی- پیاوی چوار ژنە، پیاوێک بۆ تەواوی وەرزەکان، پیاوێک و شارێک، گەشت بۆ هەسارەی ژنان، پیاوی زەمینی، ژنانی ڤینۆسی، هەر فریا بکەوین ئەمانە بکەین بە فیلم بۆ خۆی زۆر زۆرە.

ترمە- نا، لە فیلمێکی تریشدا ڕۆل بگێڕیت خراپ نییە.

مانی- چ فیلمێک؟

ترمە- ژیان دوای مردن.

مانی- باشە، کێشەی چییە؟ کە بڕۆمە ئەوێش، ئەچمە بەهەشت و لەگەڵ پەریێکانی ئەوێدا لە فیلمی (لەدایکبوونت پیرۆز) دا ڕۆل دەگێڕم.

ترمە- ئەگەر بردیتیانە دۆزەخ چی؟

مانی- من ئەگەر بمبەنە دۆزەخیش کۆڕی شەوانەم ساز ئەکەم، سەیرکە لەبارەی

منەوە خەیاڵت ئاسودە بێت، من ئەگەر بمبەنە جەمسەری باکور، لەگەڵ ئەوێش خۆم دەگونجێنم و کاری خۆم ئەکەم.

ترمە- ئیتر فشە مەکە، ئەوێ جگە لە سەهۆڵ و بەفر هیچی لێنییە.

مانی- بۆچی نا، بیستوومە ئەڵێن مێیەی ورچ زۆر گرنگی بە مال و ژیان ئەدات، بۆ من جیاوازی چییە؟ چ تۆ بێت یان ورچ؟

ترمە- ئیشەڵا ئەو زمانەت مار پێوەی بدات، کە هیچ کات بۆ قسە دانامێنیت.

مانی- ئەگەر مارەکە من بێت، قەیناکا.

ترمە ویستی شتێک بڵێت، بەڵام دەرهێنەر بانگی کرد.

ترمە- هەستن بچینە حەوشەکە، ئەبێت دیمەنێک لەوێش تۆمار بکەین.

هەرسێکمان کەوتینەڕێ بەرەو حەوشەکە، تەواوی کەلوپەلەکانیان بردبووە ئەوێ، من و مانی ڕۆشتینە سوچێک و وەستاین، تۆزێک دواتر تۆمارکردنەکەیان دەستپێکرد، ترمە هەروا کە لە قادرمەکان ئەهاتە خوارەوە، مۆبایلێکی لە گێرفانی دەرهێناو ژمارەیەکی لێداو لە بێناکە دوورکەوتەوە.

- ئەلو، نوشین.

- ئەم قسانە بخە لاوە، تۆڕە بووم قسەیەکم کرد.

- ئەرێ، وا دیارە ڕاستت دەکرد.

- هێشتا بە تەواوی تێنەگەیشتووم.

- لە دۆلابەکەیدا، لە دۆلابەکەیدا شتێکم بێنی، بەخوا خەریکە شێت ئەبم، نازانم ئەبێت چییکەم.

دواتر دەستیکرد بە گریان و وتی:

- ئەزانم، ئەزانم، بەڵام چۆن؟

- ئەرێ، بەڵام زۆر قورسە لام.

- باشە، هەوڵدەدەم.

- نە، لە ماڵەوەیە، خەریکە سەیری سەتەلایت دەکات.

- باشە، هەرچی بوو تەلەفۆنت بۆ ئەکەمەوە.

- نە، جارێ هیچ بە کەس مەڵێ.

- باشە خوات لەگەڵ.

مۆبایلەکەی داخستەوەو لایکردەوە بە لای خانووەکەداو چاوی بڕییە شوێنێک

دەرهینەر کاتی (cut) ڕاگەیاندو بە ترمەی وت:

- نایاب بوو خانم! زۆرباش ئەڕۆین.

دواتریش بە نەفەرێکی وت:

- دیمەنێکیش لە ماڵەوە بگرن، مێردەکەی دانیشتووە و سەیری سەتەلایت ئەکات، دیمەنێکی تەلەفزیۆنەکەش کە لەسەر کەنالی fashion بێت، بگرن، کە تیایدا نمایشکارێک بێت بە مایۆوە، با دیمەنەکە کورت بێت زۆر نەبێت، دواتر لیلی ئەکەین.

ترمە هات بۆ لای ئێمە و وتی:

- وابزانم ئیتر تەواو بوو، خولەکێک بوەستن.

ئاماژەی بۆ دەرهینەرەکە کرد، ئەویش هات بۆ لامان.

ترمە- ئیتر ئیشتان بە من نییە؟

دەرهینەر- نا، مەمنوون، بەڵام لەوانەیە سبەینێ لەبەردەم زانکۆ تۆمارکردنمان هەبێت، ئەگەر بتوانین کارێک بکەین لەوێدا ئاپۆڕایەک دروست ببێت، شتێکی وەکو خۆپیشاندان، زۆرباش ئەبێت.

ترمە- دەی ئەوە زۆر قورسە.

دەرهینەر- لەبیری ئەوەدام، ئەبێت مۆڵەت وەربگرین کە زۆر بە سەختی ئەیدەن، تازە ئەگەر بیشیدەن ئەبێت لانیکەم سەد نەفەر لەوێدا کۆبکەینەوە، تۆزێک زۆری تێ ئەچێت، تازە تێچوونەکەش بخەینە لاوە، ئەم هەموو مرۆڤە چۆن کۆبکەینەوە؟ ترافیک و قەرەباڵغی و ئەم شتانە لەوانەیە ببێنە هۆی ئەوەی مۆڵەت نەدەن.

مانی- ئەتانەوێت بەردەم زانکۆ قەرەباڵغ بێت؟

دەرهینەر- ئەرێ، کێشەکەمان ئەوەیە.

مانی- دەی ئەوە خۆ کارێکی قورس نییە، نیوکاتژمێر پێش داخستنی زانکۆ، قازانێک شەربەت یان کاکاو لە بەردەم زانکۆ دابنێن بە ناوی خێرەوە، دە پەرداخ زیاتریش دامەنێن، وەها ڕێز ئەبەستن کە ئەڵێی خۆپیشاندانە، کاتێکیش کە خوێندکارەکان تەواو ئەبن و ئەو کۆمەڵە خەڵکە لەبەردەم زانکۆ ئەبینن، دەستبەجێ وا بیردەکەنەوە کە هێرشیان کردوونەتە سەر، ئەوانیش ئەڕژنە دەرەوەو ڕێک وەکو خۆپیشاندانی لێدێت، ئەگەر بتوانن لەگەڵیشیدا پاکەتێک پسکیت بدەن، ئیتر هەر بەڕاستی خوێنی لەسەر دەڕژێت، ئەوکات دەبێتە خۆپیشاندان هاوکات لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەو توندوتیژی، بەڵام ئەبێت پێش تەواوبوونی خوێندکارەکان بێت تا خەڵکی لەوێ قەرەباڵغی دروست نەکەن.

دەرهێنەر دەستیکرد بە پێکەنین و وتی:

- ئ بیرێکی نایاب! سبەینێ هەر وا ئەکەم، بەڕاستی ئێوە بۆ دەرهێنەری باشن نەک ئەکتەری.

ئەمەی وت و ماڵئاوایی لێکردین و ڕۆشت، مانی بە ترمەی وت:

- وەرە، دەستپێکی کاری من دەرهێنەرییە، ئاگات لە خۆت بێت ئەبێت لەمەودوا لەژێر دەستی خۆمدا کاربکەیت، جوڵەت لێوە بێت، کاتت (cut) ڕادەگەیەنم.

ترمە- دوایی وەلامت ئەدەمەوە، با ئەم قاچەیانت باش بێت دواتر ئەگەمە خزمەتی ئەوی تریان.

دواتریش ڕۆشت تا جلەکانی بگۆڕێت.

- ئێوە بەرنامەتان چییە؟

مانی- نازانم، بابێتەوە.

-دەی من ئەڕۆم.

مانی- بۆ کوێ؟

- ئەچم بۆ لای ڕۆکسانا، ئیشت بە من نییە؟

مانی- نایەیت بەیەکەوە بڕۆین؟

- نا، ئێوە بڕۆن.

مانی- دەی با ترمە بێت، هەرسێکمان بە یەکەوە ئەڕۆین.

- خۆم ئەڕۆم.

مانی- نا بابە، لێرە تا ماڵەوە ئەوەندە دوور نییە، ئەتگەیەنم

تۆزێک دواتر ترمە هات و ماڵئاواییمان لە هەمووان کردو لە ماڵەکە هاتینە دەرەوەو سوار ئۆتۆمبیلەکەی مانی بووین و نیوکاتژمێر دواتر لەسەر سوچی کۆڵانەکەی خۆمان منیان دابەزاندو خۆیان ڕۆشتن، منیش ڕۆشتم ئۆتۆمبیلەکەم خستە ئیش و کەوتمەڕێ بەرەو ماڵی پورێ، لە ڕێگە تەلەفۆنێکم بۆ ڕۆکسانا کردو وتم خۆی ئامادە بکات، بیست خولەک دواتر گەیشتمە بەردەم ماڵیان و زەنگی دەرگاکەیانم لێدا، خۆی گۆڕیبوو و ئامادەبوو و خێرا هاتە دەرەوە، بە هەمان ڕووپۆش و لەچکی جارەکەی پێشترەوە.

هەر کە منی بینی، پێکەنی و وتی:

- سلاو، چەند زوو گەشتی!

- تۆش چەند زوو ئامادەبوویت!

ڕۆکسانا- من هەمیشە بۆ تۆ ئامادەم.

سەیریکیم کرد و وتم:

- ئەی بۆچی ڕازی نابیت هاوسەرگیرم لەگەل بکەیت؟

دەستی گرتم و لەگەل خۆی ڕایکێشاو وتی:

- وەرە، وەرە، کە کاتی هات، خۆت ئەزانیت.

ڕۆشتین بەرەو ئۆتۆمبیلەکە و دەرگاکەم کردەوەو سەرکەوت، خۆشم لەولاوە سەرکەوتم، وتی:

- ئۆتۆمبیلەکەت زۆر جوانە هامون! وەکو ئۆتۆمبیلەکەی کاک مانی وایە.

- تەنها ڕەنگەکانیان جیاوازە

ڕۆکسانا- زۆر گرانن؟

سەرم بە نیشانەی بەڵێ ڕاوەشاندو ئۆتۆمبیلەکەم خستە ئیش و کەوتینە ڕێ

- ئەمەوێت بچین بۆ کڕین، لەدایکبوونی کچی پورمە، ئەمەوێت چەند شتێکی بۆ بکڕم، سایزی جلەکانی ڕێک وەک تۆیە، هەر بۆیە وتم تۆش لەگەڵم بێیت، ئەمەوێت بە سەلیقەی تۆ شتی بۆ بکڕم.

هیچی نەوت، تەنها سەیری پێشەوەی کرد، دوای تۆزێک وتم:

- بۆچی بێدەنگ بوویت؟

ڕۆکسانا- بێدەنگ نەبووم.

- ئێ دەی بڵێ.

ڕۆکسانا- چی بڵێم؟

- دوای ئەوەی کە هاتنەوە بۆ ئێران چی ڕوویدا؟

تۆزێک سەیری کردم و وتی:

- چ جیاوازییەکی هەیە؟

- زۆر جیاوازی هەیە، بۆم گرنگە بزانم.

خولەکێک هیچی نەوت، دواتر دووبارە سەیرێکی منی کردو وتی:

- سەرەتا کە هاتینە ئێران مامۆستایەکی بۆ گرتم، دایکم ئەڵێم، مامۆستایەکی بۆ گرتم تا فێری خوێندنەوەو نووسینم بکات، نزیکەی ساڵێک درێژەی کێشا تا بە باشی فێری نووسین و خوێندنەوەی فارسی بووم، دواتریش لە قوتابخانەیەکی ناوەندی ناوی نووسیم، ئەو کاتانەی کە لە قوتابخانە بووم، زۆر خۆش بوو، یانی بۆ من ئەزموونێکی

تازە بوو، قسەی کچەکان، دەردە دڵەکانیان، خەمەکانیان، شادییەکانیان، هەمووی لەلام شیرین بوو، بۆ کچێک کە لە ئەوروپا گەورە بووبوو، ناشنابوون بە فەرهەنگ و کلتورێکی تر، زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ئەزانی لێکدانەوەم بۆ هەموو قسەو جوڵەو شێوازی بیرکردنەوەو بە کورتی هەموو شتێکیان چی بوو؟

سەیریم کرد.

ڕۆکسانا- زانخوازی!

- دەربارەی تۆ؟

ڕۆکسانا- نا، دەربارەی کوڕان، دەربارەی ڕەگەزی بەرامبەر، ڕەگەزی بەرامبەر رازێکی زۆر گەورە بوو لایان، بەردەوام ئەیانویست بزانن ئەوان چ جۆرێکن، بیرکردنەوەیان چۆنە، چ تایبەتمەندییەکیان هەیە، بیر لە چی ئەکەنەوە، چ بیرۆکەیەکیان هەیە، تەنانەت ئەوانەشیان کە برایەک یان دوانیان هەبوو.

- ئێ دەی بە دڵنیاییەوە کەمێک ئاشناییان هەبووە.

ڕۆکسانا- نا، هەرگیز، پەیوەندییان بە ڕادەیەک بە یەکەوە کەمبوو، کە هیچ کامیان نەیانتوانی بوو یەکتر بناسن، براکان زۆربەیان وشک و دەمارگیر، بەلام ئازاد بوون، ئەو ئەیتوانی بە ئازادی بڕواتە دەرەوەو شتەکان تاقیبکاتەوە، بەلام کچەکان نا، بۆ هەر جوڵەیەکیان پێویستیان بە مۆڵەتی خێزانەکانیان هەبوو، تەنانەت بۆ جوڵەیەکی زۆر سادە، بۆ نموونە ئەگەر ڕۆژێک بمانویستایە دوای قوتابخانە بە یەکەوە بچینە پیتزا فرۆشییەک و نانی نیوەڕۆ بخۆین، بە دڵنیاییەوە ئەبوو مۆڵەتیان لە دایک و باوکیان وەربگرتایە، کە زۆربەی کاتیش ڕێگەیان پێ نەئەدان، ئەگەر بمانویستایە شەوێکی هەینی بە یەکەوە بچین بۆ سینەما، وەلامەکەیان نەخێر بوو، ئەگەر بمانویستایە بەیانییەکی هەینی بچین بۆ پارک، وەلامەکەیان نەخێر بوو، دیوار، محاجەرە، بەربەست، تەلی دڕکاوی، حیجاب، هەموو شت بۆ ئەوان بوو، ئەوان پیاویان تەنها بە شێوەیەکی تیۆری ناسیبوو.

- یانی نەبوو تاقییان بکردایەتەوە؟

ڕۆکسانا- نا، هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە، سەیرکە، بۆ نموونە ئەگەر تۆ بتەوێت تاقیکردنەوەیەک لەسەر ترشی سۆلفۆریک ئەنجام بدەیت و تایبەتمەندییەکانی بناسیت، بە دڵنیاییەوە هۆکارەکەی ئەوە نییە کە بتەوێت لێی بخۆیت یان بیڕژێیت بە دەستدا، تۆ تەنها ئەتەوێت ئەو بناسیت، تایبەتمەندییەکانی و سودو زیانەکانی بزانیت، بە بۆچوونی من ئەمە خراپ نییە، ئەگەر بڕیار بێت ترشی سۆلفۆریک تەنها لە کتێبەکاندا ناوی ببرێت

ئەمە پێی ناوترێت پێناسە، ئەوکات، ئەگەر ڕۆژێک ئەم مادە بگاتە دەستت، کارەسات دروست دەکات، تۆ ئەوت نەناسیوە، شێوازی بەکارهێنانی فێر نەبوویت، نازانیت چۆن بەکاری بهێنیت تا زیانت پێنەگەیەنێت، من ئەم شتانە فێر بووبووم، لە پاریس ئەچووم بۆ قوتابخانەیەکی تێکەڵا، هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ کوڕدا لەسەر یەک ڕەحلە دانەنیشتین، کوڕ لەلام شتێکی پڕ ڕازو نهێنی نەبوو، ناسیبووم، ئەویش منی ناسیبوو، واتە لە ڕاستیدا هەردوو ڕەگەز یەکتریان ناسیبوو و شارەزای ڕەفتارو تایبەتمەندی یەکتر بوون، ئەمە زۆر گرنگ بوو، لەوێ کچ و کوڕ بەیەکەوە هاوڕێ بوون، هاوپۆل بوون، تەنها ئەمە.

- بەلام من شتی تریشم بیستبوو.

ڕۆکسانا- یانی لێرە کە کچ و کوڕ لەیەک جیان، ئەو شتانە بوونیان نییە؟

هیچم نەوت، وتی:

- ئەلبەتە بابەتی گفتوگۆی ئێمە ئەمە نییە، بەلام ئەگەر بۆت باسبکەم کە لەوێ چۆن هەوڵدەدەن ڕەگەزی بەرامبەر بناسن، ئەوکات خۆت تێئەگەیت کە کام ڕێگەیان دروستترە، بە دڵنیاییەوە ئاگاداری هەندێک لە ئامارەکان هەیت، وا نازانم پێویست بە بیرهێنانەوە بکات.

تۆزێک بێدەنگ بوو، دواتر وتی:

- لە قۆناغی ئامادەیی بارودۆخەکە خراپتر بوو، من بووبووم بە سەرچاوەی زانیارییەکانیان، زۆر تێکەڵی خێزانەکانیان نەبوون، کەسیش نەبوو تا زانیارییان پێبدات، بۆیە لە منیان دەپرسی:

- تۆ شارەزاییت هەبوو؟

ڕۆکسانا- هەمبوو و ئەمەش شتێکی خراپ نەبوو، من لەگەڵ کوڕدا گەورە بووبووم، ئەمناسین، هەر ئەمە

- سودیان لەو زانیارییانە وەردەگرت کە پێتدەدان؟

ڕۆکسانا- بەداخەوە زانیارییەکانی منیش بە شێوەیەکی تیۆری بوون، بۆ نموونە گێڕانەوەی چیرۆکێک یان یادگارییەک لەو گەشتانەی کە ڕۆشتبووم و ئەو شتانەی کە بینیبووم، ئەمانە بۆ گوێگر سەرنجڕاکێش بوون، بەلام کاریگەرییەکی وایان نەبوو، هەر بۆیە هەوڵیاندەدا کە خۆیان تاقی بکەنەوە، هەر ئەمەش هۆکاری گەلێک لە شکستەکان بوو، ئێمە لەوێ لەگەڵ کوڕدا بۆ نانی نیوەڕۆ بە یەکەوە بووین، بە یەکەوە بۆ سینەما ئەڕۆشتین، بۆ پارک ئەڕۆشتین، بۆ کافتریا ئەڕۆشتین و تا ئێرە بە ڕادەی پێویست

یەکترمان دەناسی و ئەگەشتین بەو شتەی کە ئەمانویست، بەلام لیرە نا، لیرە لەبەر بارودۆخەکە، لە نانی نیوەڕۆو پارک و سینەماو کافتریاوە دەستی پێنەدەکرد.

کەمێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- شکستی لەپر، لەوانەیە بەیەکەم بەریەککەوتن.

دوای تۆزێک وتی:

- ناوی چییە؟

- ناوی چی؟

ڕۆکسانا- کچە پورەکەت.

- کێ؟

ڕۆکسانا- کچە پورەکەت کە وتت.

- ئەها، هێن، سەمیرا.

ڕۆکسانا- سەمیرا؟

- ئەرێ، چۆن مەگەر؟

ڕۆکسانا- هیچ، هەروا پرسیارم کرد.

- ئێ، دواتر چی ڕوویدا؟

ڕۆکسانا- من لەوەها کەشێکدا چوومە قوتابخانەو ئامادەییم تەواوکرد، ئەمە لەبارەی بارودۆخی خوێندنمەوە، بەلام ئەو بارودۆخەی کە تیای ئەژیام.

دووبارە بێدەنگ بووەوە، وتم:

- ئێ؟

ڕۆکسانا- وێران بوو، یانی تایبەتمەندی ڕەوشتی من لە گۆڕانکاریدا بوو، ئاوێتەییەک لە کلتوری خۆرهەلات و خۆرئاوا، ئیتر دوای چەند سال ژیان لە ئێران، زۆر کار کە لە ئەورووپا ئەنجامدانی ئاسایی بوو، بەلامەوە ناشرین بوو، بارهێنانی کلتوری.

- یانی چی؟

ڕۆکسانا- لەوێ ژنێک ڕێگەی پێدراوە کە بە شێوەیەکی ئازاد لەگەل پیاوێکدا پەیوەندی هەبێت، ئەمە شتێکی سەیر نییە، بەلام لیرە نا، لیرە سەرەڕای ئەوەی کە سەبرە بە تاوانیش دەژمێردرێت.

- تێناگەم.

ڕۆکسانا- دایکم!

لامکردەوەو سەیریم کرد، ڕوویکردە ئەولاوەو سەیری پێشەوەی کردو ئیتر هیچی نەوت. گەیشتین بە گەراجی تەلاری گولستان و چووینە ناوەوە و ئۆتۆمبیلەکەم پارک کرد و دابەزین، وتی:

- خولەکێک ڕاوەستە هامون.

- چی بووە؟

ڕۆکسانا- من هێشتا ئەوەندە ئەورووپیم کە بەبێ شەرم ئەوەی لە دڵمدایە پێت بڵێم، بانی ئەڵێم حەز ئەکەم لەگەڵتدا ئاسودەبم و لە ڕاستیدا دوو ڕوو نەبم، پێمخۆشە زمان و دڵم لەگەڵتدا یەک بێت.

- بانی چی؟

ڕۆکسانا- من حەزناکەم لەگەڵتدا بێم بۆ کڕین.

- بۆچی؟

ڕۆکسانا- ئەگەر تۆ ئەتەوێت شت بۆ کچە پورەکەت بکڕیت، خۆت بڕۆ بیکڕە، واتە من ئەبێت بزانم پەیوەندیتان بە یەکەوە چۆنە.

پێکەنیم و وتم:

- غیرە ئەکەیت؟

ڕۆکسانا- ئەگەر پەیوەندی من لەگەڵ تۆ هاوڕێیەتییەکی سادە بوایە، هەرگیز، بەلام تۆ پێشنیاری هاوسەرگیریت بە من داوە، کەوایە مافی خۆمە بزانم.

دووبارە پێکەنیم و وتم:

- هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵیدا نییە، تەنها کچە پورمەو ئەمەوێ دیارییەک بۆ لەدایکبوونەکەی بکڕم، ئێستا تێگەیشتیت؟

پێکەنی و وتی:

- ئەزانم هەمیشە ڕاستی ئەڵێیت، هەر بۆیە بڕوا بە قسەکەت ئەکەم.

- لە کوێوە ئەزانیت؟

ڕۆکسانا- دواتر خۆت تێئەگەیت، تۆ مرۆڤێکی جێی متمانەیت ، ئەویش زۆر زۆر، من دڵنیام کاتێک ئەڵێیت پەیوەندیم لەگەڵی نییە، ڕاست ئەکەیت.

پێکەنیم و کەوتینەڕێ بەرەو تەلارەکە، دوای تۆزێک وتی:

- کوڕ لەوانەیە لە دوازدە ساڵیدا هیچ نەزانیت، بەلام کچ نا، کچێک لە دوازدە ساڵیدا زۆر شت ئەزانێت و تێئەگات، من کاتێک هاتمە ئێران یازدە دوازدە ساڵ بووم، ماوەیەک

لە ماڵەوە مامۆستام هەبوو، دواتریش چوومە قوتابخانە، لەبیرمە کاتێک کە لە قوتابخانە ئەهاتمەوە هەستێکی زۆر ناخۆش ڕووی تێئەکردم، هەر جارێکیش یەک جۆر بوو، وەکو یەک، زۆربەی کات خواردنی دەرەوەمان ئەخوارد، پیتزا، لەفە، ماسی، هێلکەو ڕۆن، هێلکەو تەماتە، کەباب، مریشکی کینتاکی، چڵەو کەباب و بە کورتی ئەم شتانە، دایکم لەوانەیە لە هەفتەیەکدا دووجار خواردنی دروست بکردایە، ئەویش چ خواردنێک! شتێک کە هەر بەناو خواردن بوو و لە کۆڵی خۆی ئەکردەوە، ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو ئەوە بوو کە هەمیشە یەک دوو قاپی سەفەری یان پاکەتێکی زیادەم لەناو سەتڵی زبڵەکەدا ئەبینی، ئێستا زۆربەی ڕۆژەکان نەک هەمووی، بەڵکو زۆربەی کات، ئەمەم لابوو بوو بە مەتەڵێک، بۆچی دایکم کاتی نەبوو خواردن دروست بکات؟ ئەو خۆ هەمیشە لەسەر کارە، ئەو قاپ و پاکەتە زیادانە هی کێ بوون؟

- کاتژمێر چەند ئەگەڕایتەوە ماڵەوە؟

ڕۆکسانا- سێ و چواری دوانیوەڕۆ، هەمیشەش دایکم نانی خوارد بوو یان خەوتبوو یان خۆی دەشۆرد یان مکیاج و ئەم شتانە، منیش ڕاهاتبووم، خۆم دەڕۆشتم و بە تەنهایی نانم دەخواردو دواتریش پشوو پاشان سەعیکردن، ڕۆژەکان هەروا تێپەڕ ئەبوون و من ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ئەبووم بە ئێرانی، ئەزانی، لە خۆرئاوا پەیوەندییەکان وەکو ئێرە نییە، لەوێ زۆر کەمترە، لێرە، یانی ئێرانییەکان، زۆر تێکەڵی یەک ئەبن، زوو بە یەکەوە ئەگونجێن و زووش باسی ژیانیان بۆ یەکتر ئەکەن، هەر ئەمەش بوو بوو بەهۆی ئەوەی من ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ببمە ئێرانی، هەر لەبەرئەمەش بوو حەزم لە ئێران بوو، هەموو ڕۆژێک دوانیوەڕۆ کە ئەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، چاوەڕێ بووم ڕۆژ ببێتەوەو بچم بۆ قوتابخانە، ئەوێم زۆر لا خۆشتر بوو، میهرەبانی و هاوڕێیەتی و خۆشەویستیم تەنها لەوێ دەستدەکەوت، لە ماڵەوە تەنها ئەرکەکان ئەنجام ئەدران، ئەویش لە ئاستێکی نزمدا، بە کورتی چەند ساڵێک تاڕادەیەک هەر بەم شێوەیە تێپەڕی، بیرمە نزیکەی شازدە ساڵ بووم، هاوین بوو و بەردەوام لە ماڵەوە بووم، شەوێکیان کە دایکم لە بەیانییەکەیەوە بێ ئۆقرە و نائارام بوو، بانگی کردم و وتی ئەیەوێت قسەم لەگەڵ بکات، ڕاستییەکەی من کچێکی گوێڕایەڵ بووم، یانی لەوانەیە نەکرێت بڵێیت گوێڕایەڵا، ئەبێت بڵێم وەکو باڵندەیەکی پەڕو باڵ شکاو وابووم، ئەزانی یانی چی؟ وا نازانم، لەبەرئەوەی ڕۆحیەی تۆ لەگەڵ من جیاوازە، تۆ چ سەردەمی منداڵیت چ سەردەمی مێردمنداڵیت، هەموو شت بە دڵی خۆت بووە، دایک و باوکت ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان داوە تا لە هیچ

ڕوویەکەوە هەست بە کەم و کورتی نەکەیت، بەڵام من چی؟ نەبوونی باوک، دایکێکی کەمتەرخەم، بینینی بێ سۆزی لە کەسێک کە ئەبێت سیمبولی میهرو خۆشەویستی بێت، هەر لەبەرئەمەیە کە ئەڵێم ڕۆحییەی من پەلوپۆی نەگرت، من هەمیشە شادی و دڵخۆشیم لە گۆڕانی تردا دەبینی، هەمیشە پێکەنینم بە دەنگی بەرز و لە ناخی دڵەوە، لە دەمی هاوڕێکانمەوە ئەبیست، لە کاتێکدا کە ئەوان دەربارەی هەموو شتێک، قسەو بابەتیان پێوو بۆ کردن و گێڕانەوە، من تەنها بینەر و بیسەر بووم، ئاخر هیچ قسەیەکم دەربارەی هیچ کەسێک پێنەبوو بۆ کردن، لەو کاتەی کە لە قوتابخانە دەهاتمەوە تا ئەو کاتەی کە دووبارە ئەچوومەوە بۆ قوتابخانە، لەوانەیە دە ڕستە قسەم لەگەل دایکم نەکردایە، ئەو تەنانەت وەکو هاوژووریکیش نەبوو بۆم چ بگات بە دایک.

گەیشتینە ناو تەلارەکە، وتی:

- سەمیرا سەلیقەی چۆنە؟

- چی؟

ڕۆکسانا- سەمیرا، ناینناسیت؟

- ئەها، بە سەلیقەی خۆت بیکڕە.

ڕۆکسانا- ئەتەوێت چی بۆ بکڕیت؟

- هەموو شتێک، قۆنەرە، جانتا، ڕووپۆش، لەچک، بۆن، هەموو شتێک.

لایکردەوەو سەیرێکی کردم و وتی:

- ئەتەوێت ئەو هەموو شتەی بۆ بکڕیت؟

- من ئەیکڕم، لەلایەن خۆم و مانی و دایکم و مامەوە، یانی لەلایەن هەرکەسێکەوە شتێک.

وتی:

- ئاخر سایزی چەندە؟

- ڕێک وەک تۆ وایە.

چووینە دوکانێکی فرۆشتنی قۆنەرە و دوو جووت قۆنەرەی هەڵبژارد و کڕیمان و لە شوێنێکی تر دوو ڕووپۆشی زۆر جوانمان کڕی لەگەل دوو لەچک، دواتر هاتینە دەرەوە، ڕۆکسانا وتی:

- چی ترت ئەوێت؟

- پانتۆل و بۆن.

چووینه دوکانێکی تر و دوو پانتۆل و سێ تیشێرتمان کڕی و هاتینه دەرەوە، وتی:

- کچە پورەکەت ئەبێت زۆر خۆشحال بێت کە ئێوە ئەوەندە خۆشتان دەوێت و دیاری ئەوا گران و جوانی بۆ ئەکڕن.

- بە دڵنیاییەوە خۆشحال ئەبێت، ئەگەر دوو بۆنیشی بۆ بکڕین ئیتر تەواوە.

ڕۆشتینە نهۆمێکی تر کە تایبەت بوو بە فرۆشتنی بۆن و چووینە دوکانێک، ڕۆکسانا وتی:

- هەڵبژاردنی بۆن زۆر کێشەیە، هەرکەسەو حەزی لە جۆرە بۆنێکە.

- بۆنەکان ئەبێت خۆم بۆی هەڵبژێرم.

ڕۆکسانا- چی؟

- ئەبێت بە سەلیقەی خۆم بن، تۆ تەنها ناوی ئەو بۆنانە بڵێ کە بەلاتەوە خۆشن.

بڕۆی بەرزکردەوەو ناوی چەند بۆنێکی بە فرۆشیارەکە وت و منیش لەنێوانیاندا، دوانیانم هەڵبژارد کە زۆر گران و بۆنخۆش بوون، کاتێک کە فرۆشیارەکە خەریکبوو دەیپێچانەوە بۆ دیاری، ڕۆکسانا بە شێوەیەکی سەیر، سەیری جوڵەی دەستی فرۆشیارەکەی دەکرد.

پارەی بۆنەکانمداو هاتینە دەرەوە، ڕۆکسانا وتی:

- ئەزانی هامون! سەردەمێک ئارەزووم بوو کە کەسێکیش هەبێت کارێکی ئاوا بۆ من بکات.

ویستم شتێک بڵێم، خێرا وتی:

- نا، نا، بە هەڵە تێمەگە، ئەو ئارەزووە سەردەمێک زۆر زۆر گرنگبوو لام، نەک ئێستا.

دواتریش جانتاکەی کردەوەو پاکەتێکی دەرهێنا کە کرابوو بە دیاری و گرتی بەرەو ڕووم و وتی:

- ئەمە بۆ تۆیە هامون.

- بۆ من، بە چ بۆنەیەکەوە؟

ڕۆکسانا- هەروا.

- ئاخر لەبەرچی؟

ڕۆکسانا- لەبەر زۆر شت، لەبەر دڵم، لەبەر ئارەزووەکانم، لەبەر زۆرشت کە نەمبوون پێکەنیم و پاکەتەکەم لێوەرگرت و کردمەوە، بۆنێکی زۆر گران بوو، نرخەکەی نزیکەی ئەو پارە ئەبوو کە پێمدا بوو.

- هەموو پارەکەت داوە بە دیاری بۆم؟

ڕۆکسانا- لە هەرچی شتە چێژبەخشتر بوو بۆم، بەدڵتە؟

- نایابە، هەمیشە لەم بۆنە بەکارئەهێنم.

ڕۆکسانا- منیش سەد بۆنم تاقیکردەوە تا ئەوەم دۆزییەوە کە تۆ بەکاری ئەهێنیت

- بەڕاستتە؟

سەری ڕاوەشاند، وتم:

- ئێستا تۆش دیارییەکانی خۆت وەربگرە.

ئەو چەند کیسە نایلۆنەی کە بەدەستمەوە بوو پێمدا، سەیرێکی کردم و دواتر ناوچاوی گرژ کردو وتی:

- قەرەبوو ئەکەیتەوە؟

- نا، ئەمانەم بۆ تۆ کڕی، من پورم هەر نییە.

بۆ ساتێک حەپەسا، لە چاویدا سەرەتا تورەییم بینی و دواتر میهرەبانی و شادی، وا دیاربوو خۆیشی هەستی بەوە کرد، بۆیە وتی:

- بمبوورە هامون، من هەندێکجار نازانم ئەبێت خۆشحال بم یان خەمگین و تورە.

- ئێستا چۆنیت؟

ڕۆکسانا- تۆخوا خێرا جێگەیەک بدۆزەرەوە تا من بتوانم تۆزێک لەوێدا بگریم و ئارام ببمەوە.

پێکەنیم، وتی:

- بەڕاستمە.

خێرا چاویلکەکەی لە جانتاکەی دەرهێناو کردییە چاوی و کەوتەڕێ بەرەو لایەکی تەلارەکە کە چۆڵ بوو، منیش بە دوایدا کەوتمە ڕێ، لە بەردەم یەک بە یەکی دوکانەکاندا کەمێک ئەوەستاو ئەو تنۆکە فرمێسکانەی بە کلینکس دەسڕییەوە کە لە ژێر چاویلکەکەیەوە ئەهاتنە خوارەوەو ئەچووە بەردەم دوکانی دواتر، تیامابووم کە چییەتی، زۆر ناڕەحەت بووم بۆی، خەریکبوو مێشکم تێکدەچوو، بەڵام نەمدەزانی ئەبێت چیبکەم، هەر بۆیە چاوەڕێم کرد تا خۆی ئارام ببێتەوە، دە خولەکێک هەروا گریا تا ئارام بووەوەو دواتر لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- ناڕەحەتم کردیت؟

- وادیارە من توم ناڕەحەت کرد.

ڕۆکسانا- نا، تۆ خۆشحالت کردم.

- ئەی بۆچی گریایت؟

ڕۆکسانا- هەندێکات دلخۆشی لە خەم زیاتر پێویستی بە گریان و فرمێسک ڕشتن نیستا هەر بەڕاست ئەمانەت بۆ من کڕیوە؟

- بەلێ بەخوا، من پوردم هەر نییە.

لەپڕ باڵی گرتم و وتی:

- سوپاس هامون، نازانم چیت پێبڵێم، تۆ ئەمڕۆ بەڕاستی خۆشحالت کردم، ئەگەر لەبەر ئەو شتانەی کە بۆت کڕیوم، لەبەر خودی کارەکە، زۆر دەمێکە لە بیری کەسا نەبووم.

- لەمەبەدوا کەسێک هەیە.

بە دەست قۆڵمی گوشی، وتم:

- برسیت نییە؟

ڕۆکسانا- بۆ نا.

- بڕۆین لێرە شتێک بخۆین؟

ڕۆکسانا- نایابە.

کەوتینەڕێ و بە قادرمەکاندا چووینە خوارەوەو ڕۆشتینە یەکێک لە ڕێستۆراتەکان و داوای دوو پیتزامان کرد و چووینە نهۆمی سەرەوە دانیشتین تا ئامادە بێت، ڕۆکسانا وتی:

- ئەو شەوە دایکم بانگی کردم تا قسەم لەگەڵ بکات، ئەمدەزانی ئەیەوێت چیم پێبڵێت، یانی ئەبوو چاوەڕێی ئەوەشم لێبکردایە، ئەزانی چی وت؟ تورە بوو و بە شێوەیەکی ناشرین وتی: «سەیرکە ڕۆکسانا، خۆ نابێت من بەدیار تۆوە بسووتێم و بسازێم» وتم چی؟ وتی «هاوسەرگیری من و باوکت هەر لە سەرەتاوە هەڵە بوو، ئەزموونێکی تاڵ ئەو کاتە من منداڵ بووم و ئەمدەزانی چی ئەکەم، لەبەرئەوەی لە ژیانمدا کۆمەڵێک کێشەم هەبوو، ئەمویست زووتر لەو بارودۆخە ڕزگارم ببێت، هەر لەبەرئەوە ڕازی بووم هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم و گەرنا هەرگیز خۆشمنەدەویست، هەڵەی دووەمیشم ئەوە بوو کە منداڵم بوو».

تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر پێکەنی و وتی:

- توخوا سەیرکە بزانە دایکێک چی بە کچەکەی ئەڵێت! پێم ئەڵێت من ئەنجامی

هەڵبەکم، سەیری میهری دایکایەتی بکە!

- لەوانەیە مەبەستی شتێکیتر بووبێت.

ڕۆکسانا- هەرگیز! ڕێک مەبەستی ئەوە بوو کە وتی، ئەیوت نایەوێت ژیانی بەفیڕۆ بچێت، ئەیوت ئەیەوێت سود لە ژیانی وەربگرێت، ئەیوت نایەوێت کاتێک کە پیر بوو ڕابنیشێت و خەفەت بخوات کە بۆچی ئەو کارانەی نەکردووە کە حەزی لێیان بووە.

دووبارە بێدەنگ بوو و دوای کەمێک وتی:

- وە کردی، هەرچەند زۆر پێش ئەوە کردبووی، بەڵام ئێستا ئیتر ئاشکرای کرد، ڕۆژی دواتر دەستی پیاوێکی گرت و هێنایە ماڵەوە، یانی ڕۆژێک عەپسرەکەی کە لە ماڵەوە دانیشتبووم و گوێم لە شریت دەگرت، بینیم دەرگا کرایەوەو دایکم لەگەل پیاوێکدا هاتنە ژوورەوە، سەرەتا وامزانی دراوسێیەک شتێکە، شێوەو هەیکەلی زۆر جوان بوو، بەڵام دواتر تێگەشتم بابەتەکە چییە، دایکم هێناوی پێی ناساندم و وتی هاوڕێیەتی، دواتریش لەوپەڕێ بێ حەیایدا وتی لەمەبەدوا بڕیارە لەگەل ئێمە بژی.

- هەروا بە ئاسانی.

ڕۆکسانا- ئەڕێ، هەروا بە ئاسانی؟

- ئەی تۆ هیچت پێنەوت؟

ڕۆکسانا- چیم پێبوتایە؟ تۆ نازانیت ج جۆرە مرۆڤێک بوو! ژنێکی دەم پیس و ڕووەڵماڵراو، دەستی لێدانیشی هەبوو، منیش کچێکی شازدە ساڵە زیاتر نەبووم، چیم پێئەکرا؟

- یانی هەروا دەستی پیاوێکی گرت و هێنایە ماڵەوە؟ نە مارە بڕینێک شتێک؟

ڕۆکسانا- مارەبڕینی چی؟ ئەگەر لانیکەم هاوسەرگیری لەگەل کردبوایە قەینا، بەڵام ئەوی بەناوی دۆستەوە هێنابووە ماڵەوە، هەرچەند مانگی دواتر لە ترسدا چوو بوو بە سیغەی، بەڵام ئەمەش تەنها لەبەرئەوە بوو کە لە دەرەوەو سەر شەقامەکان کەس کاری بەسەریانەوە نەبێت، لە ڕاستیدا ئەو پیاوە هەر دۆستی بوو، بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان کارەکەیان پەردەپۆش کرد، پێکەنیناوییە، مەگەر نا؟

- نا، هەرگیز.

ڕۆکسانا- کەواتە قیزەونە!

- نازانم.

ڕۆکسانا- ئەبێت جۆرێک بێت ئیتر، یان باش یان خراپ.

- نازانم سیفە شتێکی باشە یان خراپ، هەر نازانم چییە.

ڕۆکسانا- من ئەزانم چییە.

لە خوارەوە ئاگاداریان کردینەوە کە خواردنەکەمان ئامادەیە، هەستام و چووم خواردنەکەمانم هێنایە سەرەوەو دانیشتم، تۆزێکمان لێخوارد، وتی:

- ئارەحەت نابیت لە کاتی نانخواردندا قسە بکەم؟

- من نا، بەڵام بۆ خۆت ناخۆشە.

ڕۆکسانا- ئەبێت قسە بکەم، ئێستا کە دەستم پێکردووە ئەبێت بیڵێم.

- ئێ قسە بکە.

تۆزێک ساردی خواردەوەو دواتر وتی:

- کابرا دوو مانگ زیاتر لەگەڵی نەژیا، جا ئیتر من لەو دوو مانگەدا چیم کێشا، ناتوانم باسی بکەم، تۆش ناتوانیت تێبگەیت، من لەو کابرا ئەترسام، بە شێوەیەک سەیری ئەکردم کە جەستەم ئەلەرزی، ئیتر لە ماڵەوە ئاسودە نەبووم، لە ترسدا پانتۆل و بلوزی قۆل درێژم لەبەر دەکردو بەردەوام لە ژوورەکەمدا بووم، وەکو زیندانییەک.

- ئێ بڕۆشتیتایە سکاڵات لەسەر تۆمار بکردایە.

ڕۆکسانا- چ سکاڵایەک؟ سیغەی بوو.

هیچم نەوت، تۆزێکیتر لە پیتزاکەی خواردو وتی:

- شەوێک لەپڕ دەنگی هاتوهاوارو جنێو و جنێوکاری بەرزبووەوە، خەریکبوون لەیەکیان ئەداو هەرچییان بە دەمدا بهاتایە بە یەکیان ئەوت، من لە ترسدا دەرگای ژوورەکەمم کلیلدا بوو و گوێچکەمم گرتبوو تا هیچ نەبیستم، بە کورتی بەیانییەکەی سیغەکەیان هەڵوەشاندەوەو سوپاس بۆ خوا تەواو بوو و من ماوەیەک ئاسودە بووم، بەڵام دوای سێ چوار مانگ دووبارە دەستی پێکردەوە.

- دووبارە؟

ڕۆکسانا- ئەرێ.

- یانی چی؟

ڕۆکسانا- دەی ئەو بێوەژنێکی دەوڵەمەند بوو و پیاوانی گەنجیش بەدوایەوە، هەم پارەی هەبوو هەم خانوو و ئۆتۆمبیل، ڕوخسارو هەیکەلیشی خراپ نەبوو، نزیکەی چل سال دەبوو، بەڵام پێوەی دیار نەبوو.

- دووبارە بووەوە بە سیغەی هەمان پیاو؟

ڕۆکسانا- نا، یەکێکی تر.

- دەی پێت بوتایە بڕوات بۆ مالی ئەو پیاوە.

ڕۆکسانا- کام مالا؟ هەموو ئەوانەی کە ئەبوو بە سیغەیان سەرسوالکەرو دوای پارەکەی کەوتبوون.

تۆزێکی تر ساردی خواردەوەو وتی:

- ئەمەیان تەنها پێنج شەش سال لە من گەورەتر بوو، بەڕاستی جێی شەرم بوو، هەستابوو و یەکێک لەم گەنجانەی هێنابووەوە مال کە قژ درێژ ئەکەن و بڕۆیان لائەبەن، ئەمەیان ئیتر هەر بڕوام نەئەکرد، لەجێی کوڕی بوو، ئیستا چش لەمانە، وەها نازو نوکی بۆ ئەکرد کە ئەتوت کچێکی هەژدە ساڵەیان بۆ کوڕێکی بیست و یەک بیست و دوو ساڵە مارەکردووە، خۆشبەختانە ئەمەیان دوو مانگیش درێژەی نەکێشا، ڕێک نزیکەی دوو مانگ دواتر چوون سیغەکەیان هەڵوەشاندەوە.

- بۆچی، ئەمەیان بۆچی؟

ڕۆکسانا- ئەمەیان تاوانی من بوو.

- تاوانی تۆ؟

ڕۆکسانا- ئەرێ، کوڕەکە هەر کە چاوی بە من کەوت دایکمی لەبیرکرد، ئەزانی، من هەر لە سەرەتاوە باڵام بەرز، گەشەشم زیادبوو، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە باوکم فەرەنسی بوو، بۆ نموونە کاتێک شازدە ساڵان بووم، هەیکەل و جەستەم ئەتوت هی کچێکی نۆزدە بیست ساڵەیە، بە کورتی کوڕە هەر کە منی بینی، وەکو گول گەشایەوەو شاگەشکە بوو، بە دڵنیاییەوە وای بیرکردووەتەوە کە بە تیرێک دوو نیشانی پێکاوە، بەردەوام ئەهات بۆ لای من و هەوڵی ئەدا سەری قسەم لەگەڵدا بکاتەوە، منیش خۆ بەردەوام لە ژوورەکەمدا بووم، وەکو زیندانیم لێهاتبوو، بە ڕاستی وەکو زیندانیم لێهاتبوو، یانی هەر کە لە قوتابخانە ئەگەڕامەوە، ئەچوومە ژوورەکەم و دەرگاکەم کلیل ئەدار هەر لەوێدا بووم تا بەیانییەکەی کە ئەچوومەوە بۆ قوتابخانە تەنها بۆ تەوالێت یان خۆشۆردن، ئەهاتمە دەرەوە، ئەویش بە ترس و لەرزەوە، بۆ نانی نیوەڕۆش ئەوە هیچ، یانی لە قوتابخانە شتێکم ئەخوارد، تەنها ئەمایەوە نانی ئێوارە کە بۆ ئەو بانگیان ئەکردم، یانی دایکم بەنابەدڵی و لەڕووی ناچارییەوە بانگی ئەکردم، ئەویش بە پێداگری ئەو کوڕە کە حەزی ئەکرد من ببینێت و لەگەڵمدا گەرم بیگرێت، سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کاتێک ئەیبینی کە من تەنانەت سەیریشی ناکەم، گیتارەکەی هەڵدەگرت و دەستی دەکرد بە

CamScanner

لیدانی، بە ڕواڵەت بۆ دایکم، بەڵام من دەمزانی مەبەستی چییە، خۆزگە جوانیش لییبدایە تا لانیکەم مرۆڤ تووشی ژانەسەر نەبێت، ئەوەندە ناخۆش و خراپ لییدەدا کە من لە سەرەوە نەمدەتوانی سەعی بکەم.

- هیچت بە دایکت نەوت؟

ڕۆکسانا- مەگەر ئەکرا لەبارەی شتێکی لەو جۆرەوە لەگەڵ دایکم قسە بکەم؟ گیان و تەمەنی ئەو کوڕە بوو، هەروا پارەی ئەڕشتە بەردەستی، ماتۆڕسکیلێکی بۆ کڕی بە ٤ نرخێک! بەملا ئەهات و بەلاو ئەڕۆشت شتی بۆ ئەکڕی، پانتۆلا، تیشێرت، بۆن، زنجیری ئالتوون، مستیلە، نازانی چەند خۆشیئەویست!

- سەرەنجام چی ڕوویدا؟

ڕۆکسانا- سەرەتا زۆر بەیەکەوە باشبوون، وەکو لەیل و مەجنون، بەڵام کەم کەم بارودۆخەکە گۆڕا، وا دیار بوو دایکم کاتێک کەمێک لە کەف و کول کەوت، ئەو کاتە زانی کە کوڕەکە چاوی بەدوای پارەی ئەو و عەشقی منەوەیە، ئیتر لە ترسدا نەئەچوو بۆ کڕین یان ئەگەر بیویستایە بڕوات، بە زۆر کوڕەکەشی لەگەڵ خۆی ئەبرد، کوڕەش تەمەل بوو لە مال جوڵەی نەئەکرد، هەر بۆیە دایکم بە ناچاری منی ئەنارد بۆ کڕین، زۆربەی شتەکانیان ئەهێنایە بەردەم مالا، بەڵام نان و هەندێک شتی تر ئەبوایە خۆمان بڕۆشتینایەو بمان کڕینایە، من سەعیم هەبوو، کوڕەش نەئەڕۆشت، دایکیشم خۆ نەیدەویرا ئێمە بە تەنها بەیەکەوە جێبهێڵێت، کەم کەم خۆیشی وەکو من بوو بە زیندانی، ماوەیەک تێپەڕی، ڕۆژێک ئەبووایە پسولەی ئاو و کارەباو تەلەفۆنی ببردایەو بیدایە بە بانک و پارەشی ڕابکێشایە، نازانم چی لە مێشکیدا بوو کە بە بیانووی بانک چووە دەرەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ بە دزییەوە گەڕابووەوە ماڵەوە، کوڕە هەر کە بینی ئەو لە مال چووە دەرەوە، خێرا هاتە پشت دەرگای ژوورەکەی من و لە دەرگایدا، منیش لەبەرئەوەی ئەمزانی دایکم لە ماڵەوە نییە، هەر وەڵامیشم نەدایەوە، خۆی کەوتە قسەکردن و وتی: « ڕۆکسانا، بۆچی ئەوەندە خۆت لە من دوور ئەگریت؟ زانیوتە عاشقت بووم، بۆیە ئەوەندە پۆزم بەسەردا لیدەدەیت؟» هیچم نەوت، وتی «نەکا لەوە نارەحەتی کە دایکتم سیفە کردووە؟ ئیرەیی ئەبەیت؟» ئەمەی وت و دەستیکرد بە قاقای پێکەنین، ئیستا من لەملاوە خەریکبوو لەتاو ترس و توڕەیی ئەمردم و لە پەسا لە دڵمدا جنێوم بە دایکم ئەدا، وتی: «ئ چاوەڕوانییەکت لە گەنجێک هەیە؟ کاتێک بارودۆخی وڵات ئاوایە، گەنجێک چی لە دەست دێت؟ سوێند بە خوا لە هەر دەرگایەکمدا داخرا بوو، لە ناچاریدا ئەم

کارەم کردو گەر نا کی حەز ئەکات ژنیک سیفە بکات کە لە تەمەنی دایکیدایە؟» هیشتا ئەم ڕستە لە دەمیدا بوو، دەنگی زرمەیەکم بیست و بە دوایدا دەنگی هاواری کوڕەکەو قیژەی دایکم، مەلی کە بە دزییەوە هاتبووەوە ماڵەوەو گوێی گرتبوو و ئەو نەفامە نەیزانیبوو، بە کورتی نازانم بە چی کیشا بووی بە سەری کوڕەکەدا، سەری شکابوو و خوێن لەو ناوەدا ڕژا بوو، چانسی هەبوو کە بە دەستی دایکم نەکوژرا بوو، ئاخر تۆ دایکمت نەئەناسی، کاتێک کە تورە ببوایە کەس دەرەقەتی نەئەهات، کار گەیشت بە بنکەی پۆلیس و سکاڵاو ئەم شتانە، ئابڕوومان لەو گەڕەکە چوو، هەرچەند من وەکو کەو سەرم کردبوو بەژێر بەفرداو خۆم ئەدا لە گێلی، هەموو خەڵکی ئەو گەڕەکە بە ڕووداوەکەیان زانی، بەڵام دەی چیم پێئەکرا؟ سەرەنجام منیشیان بۆ شایەتی بانگکرد بۆ بنکەی پۆلیس و دوای چەند جارێک هاتن و چوون بابەتەکە بڕایەوە، بەڵام ئاخری لە بنکەی پۆلیس، سەرهەنگێک لایکردەوەو بە دایکمی وت «ئەگەر ئەشتەوێت ببیتە سیفە، لانیکەم کەسێک بدۆزەرەوە کە لەگەڵ تەمەنەکەتدا گونجاو بێت تا کە سەرت وەرگێڕا نەڕوات بەدوای کچەکەتدا».

- دایکت چی وت؟

ڕۆکسانا- دایکم خۆ گوێی بەم قسانە نەئەدا.

- نانەکەت ساردبووەوە

تۆزێکی خوارد و دواتر وتی:

- دووبارە بۆ ماوەیەک ئاسودە بووم، یانی ئیتر کەسی نەهێنایە ماڵەوە، بەڵام تووشی دەردەسەرییەکی تر بووم، کەوتبووە سەریەوە کە من بدات بە شوو، یانی ئەیویست بە جۆرێک لە شەڕی من ڕزگاری ببێت، بە هەموانی ڕاسپارد بوو کە ئەگەر کەسێک شک ئەبەن، ئامادەیە من بدات بە شوو، ئەزقەزا زۆر کەس ئامادە بوون، ئیستا وا ئەزانی بە خۆمدا هەڵدەدەم.

- ئا، هەر بەڕاست هەرکەس تۆ ببینێت عاشقت ئەبێت، بە تەواوی لەگەڵ ئەمەدام، تۆ ڕێک ئەڵێی شارۆن ئیستۆنیت.

ڕۆکسانا- ئیستا تۆ منت خۆشئەوێت یان ئەو؟

پێکەنیم و وتم:

- تۆ.

پێکەنی و وتی:

- تۆش نانەکەت بخۆ، ئەوەی تۆش سارد بووەوە.

تۆزێکم خواردو وتم:

- داواکارەکانت بوون بە چی؟

ڕۆکسانا- کە یەکەم دانە قاچی خستە ماڵەوە، هەڕەشەم لە دایکم کرد کە ئەگەر دووەم دانە قاچی بخاتە ماڵەوە خۆم ئەکوژم، ئەویش ئیتر لە ترسدا بەدوای بابەتەکەدا نەڕۆشت.

سەرەنجام ماوەیەک تێپەڕی و هاوین هات، هاوینی ئەو ساڵە من سەعییەکی باشم کردو تاقیکردنەوەم ئەنجامداو وەرگیرام، یانی ساڵێک پێشکەوتم، ئەلبەتە تۆزێک فشارم لەسەر بوو کاتێک مانگی ئەیلول هات و قوتابخانەکان کرانەوە، من لەپڕ نەخۆش کەوتم، چەند ڕۆژێک لە ماڵەوە کەوتم تا چاکبوومەوە و چوومەوە بۆ قوتابخانە، لەبەرئەوەی چەند ڕۆژێک نەڕۆشتبوومەوە وتیان ئەبێت دایکت بێت تا هۆکاری نەهاتنەوەکەت ڕوون بکاتەوە، عەسرەکەی بابەتەکەم بۆ دایکم گێڕایەوەو بڕیار بوو بەیانییەکەی بێت بۆ قوتابخانە، بەڵام تا دوو ڕۆژ دواتریش نەهات و ڕۆژی سێهەم سەرەنجام هات، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان خانمێک بوو، برایەکی هەبوو کە جار جارێک ئەهات بۆ قوتابخانەکەمان و سەری لێئەدا، تەمەنی نزیکەی چل و دوو چل و سێ ساڵ بوو لەوانەشە کەمتر، پیاوێکی باڵابەرزی قۆز بوو، لەوانەی کە قژیان لە هەردوولای سەریانەوە ماش و برنجییە، هەمیشە بۆنێکی زۆر خۆشی بەکارئەهێنا و کاتێک کە بە حەوشەی قوتابخانەکەماندا تێپەڕ ئەبوو، بۆنەکەی بە هەموو لایەکدا بڵاو ئەبووەوە، ئۆتۆمبیلێکی جوانیشی پێبوو و بەردەوامیش چاکەت و پانتۆڵی شیکی لەبەر ئەکرد، بە کورتی ئەو ڕۆژە کە دایکم هات بۆ قوتابخانە ئەویش لەوێبوو، یانی من دواتر تێگەیشتم، کاتێک کە هاتبوو من لە پۆلدا بووم، پشووی نێوان وانەکان بوو، لەپڕ بینیم دایکم لەگەل ئەو پیاوەدا لە ژووری بەڕێوەبەر هاتنە دەرەوە، وای خودای من! جەستەم عارەقێکی ساردی دەرکرد، بەردەوام خواخوام دەکرد کە دایکم من نەبینێت و نەیەت بۆ لام، دایکم هەروا مایەی بێئابڕوویی بوو، چ بگات بەوەی کە لەگەل ئەو پیاوەدا پیاسە بکات، تۆ نازانیت دایکم چۆن ئەهاتە دەرەوە، ئەیوت لە ڕقدا وا ئەکەم، بەڵام درۆی ئەکرد، بە مەبەست ئاوا ئەهاتە دەرەوە.

- بە چ شێوەیەک؟

ڕۆکسانا- جلی وای لەبەر ئەکرد کە کچێ هەژدە ساڵەش لەبەری ناکات، بە شێوەیەک

مبکبازی ئەکرد کە سەد ڕەحمەت لە..... چی بڵێم ئاخر؟ بە کورتی خۆی بە جۆرێک لێئەکرد کە هەموان سەیریان ئەکرد، بەردەوام ڕووپۆشێکی لەبەرئەکرد کە یەخەی ئەواو کراوە بوو تا ملوانکە گرانبەهاکانی دەربکەون و هەموان بزانن کە دەولەمەندە، ئیستا شێوازی جل لەبەرکردنەکەی بخە لاوە، ڕێ و ڕۆشتنەکەی زۆر گاڵتەجار بوو، جۆرێک خۆی بانەدا کە ئەتوت نمایشکارە و خەریکی نمایشی جلەکانیەتی، من تا ئەو جێگەی ئەمتوانی لەگەڵیدا نەئەگەڕام، ئەو ژنە هەر نەخۆش بوو، کارەکانی زۆر سەیرو نامۆ بوون، ئۆتۆمبیلەکەی بەردەوام دواین مۆدێل بوو، بۆ نموونە کاتێک کە شۆفێری ئەکرد، ئەگەر ئەملا یان ئەولای، پیاوێکی قۆز لەناو ئۆتۆمبیلدا بوایە، بە مەبەست دەستی ئەشکاندەوە و ئەچووە بەردەمی، هەر کە کابرا ئەیویست شتێکی پێبڵێت، پێکەنینێکی بە ڕوودا ئەکردو پێی لێئەداو ئەڕۆشت، کابراش بە دوایدا، جارێکیان کارێکی کرد، خوا ئەزانێت من لە هیچ کچێکی هەژدە نۆزدە ساڵەم نەبینیوە، ڕۆژێک بەیەکەوە لەناو ئۆتۆمبیلدا دانیشتبووین و ئەڕۆشتین بۆ شوێنێک، لە چواڕێبانێکدا تووشی ترافیک بووین، لە پێشەوەمان ئۆتۆمبیلێکی شیک وەستا بوو کە گەنجێکی لەناودا بوو و بە دەنگی بەرز گۆڕێی لە گۆرانی ئەگرت، ئەزانی دایکم چی کرد؟ قاچی لەسەر کلاچ لابردو بە ئارامی دای لە ئۆتۆمبیلی کوڕەکە، من تیامابووم کە بۆچی ئەو کارەی کرد؟ سەرم داخست، گوێم لە دەنگی کرانەوەی دەرگای ئۆتۆمبیلی کوڕەکە بوو، ساتێک دواتریش دەنگی دایکمم بیست کە بە نازو غەمزەوە داوای لێبوردنی لێدەکردو ئەوی تریشی با بمێنێت، دوای ئەو ڕووداوە تا ئەو جێگەی پێم بکرایە لەگەڵی نەئەچووم بۆ هیچ شوێنێک، بە کورتی ئەو ڕۆژەش لە قوتابخانەکەمان بە شێوەیەکی ئاوا لە ژووری بەڕێوەبەر هاتە دەرەوەو بەدەم ڕۆشتنەوە، لەگەڵ برای بەڕێوەبەرەکەمان قسەی دەکردو پێدەکەنی، خێرا لە پشت بەکێک لە هاوڕێکانمەوە خۆم شاردەوە تا دایکم نەمبینێت، لەپڕ هەموو قوتابییەکان پێیان زانی، خەریکبووم سوپاسی خوام ئەکرد کە کەسیان نەیانزانیوە ئەو دایکی منە، بەڵام لەم کاتەدا چاوم کەوت بەو هاوڕێیەم کە خۆم لە پشتیەوە شاردبووەوە، بە هەموو شتێکی زانیبوو، بەیانییەکەی کە چوومەوە بۆ قوتابخانە، هەموو قوتابییەکان زانیبوویان کە ئەو ژنە دایکی من بووە، جا ئەمە بخە لاوە، ئەو قسەی کە دروستیان کردبوو، زۆر ئازاری هەبوو، خۆ تێئەگەیت چی ئەڵێم؟ برای بەڕێوەبەرەکەمان کاتێک ئەهات بۆ قوتابخانە، خەریکبوو بە چاوی قوتابییەکانی ئەخوارد، ئەوەندە خوێڕی و بێڕەوشت بوو کە هەر مەڵێ، هەموو قوتابییەکان ئەیانوت کاتێک ئەڕوات بەڕێوە، کاغەزی بچوک لە گێرفانی

دەخاتە خوارەوە کە ژمارەی مۆبایلەکەی لەسەر نووسیوە تا کچەکان هەلبیگرن و تەلەفۆنی بۆ بکەن، هەرچەند درۆیان دەکرد، بەلام چاوباشقالییەکەی گومانی تیدا نەبوو.

- ئەو ئیشی چی بوو بە دایکت؟

ڕۆکسانا- دواتر زانیم، یانی تا ئەو ڕۆژە تەنها لە ماڵەوە ئازارم دەکیشاو لە قوتابخانە ئاسودە بووم، بەلام دوای ئەو ڕووداوە ئیتر چوارچێوەی قوتابخانەشم لا بووبوو بە دۆزەخ، قوتابییەکان قسەی چۆنیان نەئەکرد، چییان نەدەچیاند بە گوێی یەکتردا!

- بۆچی، مەگەر هاوڕێت نەبوون؟

ڕۆکسانا- ئیرەیی، من لەبەر دوو ڕەگبوون و زیرەکی و ڕەنگی قژو بەدەمی خۆم نەبێت، جوانییەکەم، لە قوتابخانە مامۆستاکان خۆشیاندەویستم، ئەمەش بوو بوو بە هۆی ئەوەی قوتابییەکان ئیرەییم پێببەن، بەردەوام هەوڵیان دەدا بە جۆرێک من ناڕەحەت بکەن، لەوانەشە لە ناخی دڵیانەوە ئەوەیان نەویستبێت، بەلام ئاوابوو، کاتێکیش کە بیانوویەکی ئاوایان دەستکەوتبوو، ئیتر واوەیلا! ئیستا گوێ لە پاشماوەکەی بگرە، ئەمانە باشەکەی بوون، چەند ڕۆژێک دواتر لەپڕ بینیم زەنگی دەرگاکەمانیان لێداو برای بەڕێوەبەرەکەمان کە ناوی فەرامورز بوو، هاتە ژوورەوە، نازانیت چ حاڵێکم هەبوو! دایکم مامۆستا تایبەتی بۆ گرتبووم، ئەویش بۆ چ وانەیەک؟ هیچی تری نەدۆزیبووەوە مامۆستای بۆ وانەی فارسی بۆ گرتبووم.

- فارسی؟

ڕۆکسانا- ئەری، ئاخر لە زۆربەی وانەکاندا زۆر باش بووم تەنها تۆزێک لە هۆنراوە فارسییەکاندا لاواز بووم، ئەویش زۆر نا، بۆ نموونە لە فارسیدا شازدە لە بیست یان حەڤدە لە بیستم ئەهێنا، ئەوکات دایکم لەپڕ کەوتبووە بیری ئەوەی کە فارسییەکەم بەهێز بکات و مامۆستای بۆ گرتبووم.

- ئیشی چیبوو؟

ڕۆکسانا- منیش ئاخرەکەی هەر نەمزانی، بەلام دەمزانی لە فەرمانگەیەکدا کار دەکات و لە بەیانییەوە تا چوار و پێنجی ئێوارە لەسەر کار بوو.

- سەیرکە ڕۆکسانا، پرسیارێکم لادروستبووە.

ڕۆکسانا- چی؟

- تۆ خۆ پەروەدەیەکی ئەورووپیت هەبووە، ئەی بۆچی ئەوەندە لە هەڵسوکەوتەکانی دایکت ناڕەحەت ئەبوویت؟

سەیرێکی کردم و وتی:

- تۆ چی لەبارەی ئەورووپییەکانەوە ئەزانیت؟

- زۆر کەم.

ڕۆکسانا- سەیرکە، ژنێک یان پیاوێک کاتێک چوارچێوەکان ئەشکێنێت، هەڵسوکەوت و کردارەکانی ئەبنە شتێکی سەیر، جا ئیتر لەوانەیە ئەم چوارچێوانە سنوری خراپ و باب و ئەریتی بەسەرچووبن کە تەنها دەست و قاچی مرۆڤەکانیان بەستووەتەوە و ڕێگە لە گەشەو پێشکەوتنیان دەگرن و دەبنە هۆکاری نارەحەتییان، ئەوکات شکاندنیان سەرسوڕهێنەرەو کۆمەڵگە پێشوازی لێدەکات، کەسێکیش کە ئەم کارەی ئەنجامداوە پێی دەڵێن داهێنەر، ئەو جموجوڵەش ئەبێتە تەکانێک بەرەو پێشکەوتن، کەواتە شتێکی باشە، هەزاران نموونەشمان هەیە، ئازادی ژنان، یەکسانی لەنێوان مافی پیاو و ژن، ڕێنیسانس، گۆڕانی بیرکردنەوەکان، دروستبوونی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، لەڕووی پیشەسازیشەوە خۆ ئیتر خۆت ئەزانی، پیشەسازی، تەکنەلۆژیا، داهێنانەکان، دۆزینەوەکان، هەموویان لەپێناو ئاسایش و ئاسودەیی ئێمەی مرۆڤدا بوون، بەڵام چوارچێوە گەلێک هەن کە شکانیان نەک تەنها مایەی شانازی نییەو کۆمەڵگە پێشوازی لێناکات، بەڵکو زۆریش ناشرین و خراپە، وەکو چوارچێوەی خێزان، دایکی من ئەو چوارچێوە پیرۆزەی شکاند، لەوێ هیچ کەس دژی ئەوە نییە کە کچێک دۆستی کوڕی هەبێت، بەڵام کاتێک دایکێک چوارچێوەی خێزان لێکهەڵدەوەشێنێت و دەبێتە مایەی بێئابڕوویی، لە هەموو شوێنێکی دنیا ئەفرەتلێکراوە. ئەو دەیتوانی زۆر بە بوێرییەوە بە باوکم بڵێت کە ئیتر خۆشیناوێت و لێی جیابێبوایەتەوەو دوای ئەوە ئیتر ئازاد بوو هەر کارێکی پێخۆش بوو بیکردایە، بەڵام ئەو سنوری پیرۆزی خێزانی گڵاوکرد، ئەمەش لە هەموو شوێنێکی دنیا ناشرینە، جگە لەوە، کێ حەز دەکات دایکی ژنێکی هەوەسباز بێت؟ جا ئیتر سیغە کرابێت یان نە، کارەکەی دایکی منیش هەروا بوو، هەر بۆیە من هەمیشە شەرمەزار بووم لە بوونی وەها دایکێک. سەری داخست و بێدەنگ بوو، منیش بە پێتزاکەمەوە سەری خۆم گەرم کرد، تۆزێک دواتر وتی:

- بڕۆین؟

- بڕۆین.

هەستاین و چووینە خوارەوەو لە ڕێستۆرانتەکە چووینە دەرەوەو وتی:

- با بچینە شوێنێک پیاسە بکەین.

چووینە ئەو پارکەی کە نزیکی تەلارەکە بوو، پارکێکی بچووک و جوان و چۆلا، دەستمان کرد بە پیاسەکردن، بەبێ قسە، دە خولەک تێپەڕی، لەسەر نیمکەتێک دانیشتین، زۆر ئارەحەت بوو، دوو جگەرەم دەرهێناو دامگیرساندن و یەکیانم پێدا، زەردەخەنەیەکی کردو لێی وەرگرتم، وازم لێهێنا تا کەمێک ئارام ببێتەوەو دواتر وتم:

- من ئیتر نامەوێت پاشماوەکەی ببیستم.

ڕۆکسانا- بۆچی؟ ئەترسیت شتگەلێک ببیستیت کە نەتوانیت قبوڵیان بکەیت؟

- نا، نامەوێت تۆ ئارەحەت بکەم.

ڕۆکسانا- من هەمیشە لەبەر ئەو ڕابردووە تاریکەی کە هەمبووە، ئارەحەتم.

- کاتێک دووبارەیان دەکەیتەوە ئارەحەتتر دەبیت.

ڕۆکسانا- بە پێچەوانەوە، هەست بە ئارامی دەکەم کە ئەمانەم بۆ گێڕایتەوە.

- دەی کەوایە پاشماوەکەشی بگێڕەرەوە.

جگەرەکەی فڕێدایە سەر زەوی و وتی:

- بە کوردی مامۆستا فارسی بۆ گرتم، منیش چیم پێئەکرا؟ ئەمزانی مەبەستی چییە، بەڵام مەگەر ئەمویرا ئارەزایی دەرببڕم؟ سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە ئەم بەرنامە هەموو ڕۆژێک بوو، عەسر بە عەسر ئاغا فەرامورز تەشریفیان ئەهێنا بۆ ماڵی ئێمەو دەستیان ئەکرد بە وتنەوەی وانەی فارسی، سەرنجڕاکێشتر شێوازی وانەوتنەوەکەیان بوو! کتێبی کەلیلەو دیمنەی کڕیبوو و لەگەل خۆی ئەیهێناو وانەی بە من ئەوتەوە، قەلەڕەش و کوندەپەپوو، شێرو ڕێوی، بینیت چ دارشتنێکی ئاڵۆزی هەیە؟

جا تۆ بیهێنە پێشچاوی خۆت کە کچێکی نیوە فەرەنسی کەلیلەو دیمنە بخوێنێت! ئەگەر تەنها خوێندنیش بوایە قەینا، بۆ ئەوەی بە بیانوویەک من دووربخەنەوە و حەتم بەسەریانەوە نەبێت، هەر وانەیەکی کە پێدەوتمەوە، ڕاهێنانیشی پێدەدام تا شیکاری بکەم، من لەگەل ئەو هەموو سەعییەی کە هەمبوو، ئەبوو سەرەتا ئەو وانەم لەبەر بکردایەو دواتریش یەکجار لەبەر کتێبەکە بمنووسیایەتەوەو ئامادەبوومایە بۆ ڕێنووسی (ئیملا) سبەی عەسر، ئەڵبەتە هەرچەندە کە زۆر قورس بوو، بەڵام فارسی و ڕێنوسم لە دوای ئەوەوە لە قوتابییە ئێرانییەکان باشتر بوو، بە کوردی وانەکەی پێئەوتمەوەو منی ئەنارد ژوورەکەم و خۆیان بە تەنها ئەمانەوە.

- بۆچی دایکت وەکو جارەکانی پێشتری نەکرد؟

ڕۆکسانا- چاوترسێن بوو بوو، دەیویست سەرەتا ئەمەیان تاقیبکاتەوە دواتر

هاوسەرگیری لەگەل بکات.

- مەگەر هاوسەرگیری لەگەل کرد؟

ڕۆکسانا- ئەری، هاوسەرگیری کردو ئەمەیان بوو بە زڕباوکی من.

- ئێ؟

ڕۆکسانا- هیچ نیتر، کاتێک من فارسییەکەم زۆر باشبوو و دەرکەوت ئاغا فەرامورز مامۆستایەکی یەکجار باشە، دایکم وەک پاداشت هاوسەرگیری لەگەل کرد، لە قوتابخانە هەموان زانییان، جارەکانی پێشتر لانیکەم ئەو دوو نەفەرەم پشتگوێ ئەخست و گوێم پێنەئەدان، بەڵام ئەمەیان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە قوتابخانەکەمانەوە هەبوو، یانی سەرەتای هاوسەرگیرییەکەیان من کەمێک بیانووم ئەگرت و نەئەسازام لەگەلیان وە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەفتارەم لە قوتابخانە، لەلایەن بەڕێوەبەرەکەمانەوە بینی.

- یانی چی؟

ڕۆکسانا- هیچ، سڵاوم لێنەدەکردو وەڵامی سڵاویشیم نەدەدایەوە، دوای یەک دوو ڕۆژ، بەڕێوەبەری قوتابخانە لە ڕێز هێنامیە دەرەوەو لە بەردەم قوتابییەکاندا شکاندمی.

- دەی نەچوویتایەتەوە بۆ ئەو قوتابخانە.

ڕۆکسانا- کێ لەوێ دەرییهێنامایەو لە قوتابخانەیەکی تر ناوی بنووسیمایە؟ دایکم ئەو کارەی نەدەکرد، هەر کە قسەم لەگەل دەکرد، دەیویت قوتابخانەکەت باشترینە، هەم قوتابییەکانی باشن هەم بەڕێوەبەرەکەی خوشکی منردەکەمە.

ئاهێکی کورتی هەڵکێشاو وتی:

-ئەگەر هێشتا لە فەرەنسا بوومایەو فەرەنساش، فەرەنسای دوو سەد سال پێش ئێستا بوایە، لەلایەن کڵێساوە دایکمیان بە تاوانی لەشفرۆشی دەستگیر دەکردو دەیانسووتاند.

- بەڕاست ئەم کارەیان دەکرد؟

ڕۆکسانا- ئەک تەنها ئەوان، هەر کەسێک بە هەر شێوەیەک خۆی لە کارەکانیاندا هەڵبقورتاندایە، بۆ نموونە خوێندکارێک کە کاری بە مادە کیمیاییەکان دەکرد، پێیان دەوت جادوگەرە، یان ئەگەر گریمانەیەک لەلایەن خوێندکارێکەوە دابهێنرایە، بۆ نموونە بیوتایە زەوی تەخت نییە و خڕە، دەستبەجێ پێیان دەوت، یا تۆبە ئەکەیت یان ئەتسووتێنین.

- ئەمانە ئەزانم، دەربارەی ئەو ژنانەی کە وەک دایکت وابوون چی؟

ڕۆکسانا- دەی بە دڵنیاییەوە قامچییان لێدەدان یا بە گیوتین لە سێدارەیان دەدان یان کارێکی هاوشێوەی ئەوانە، درندەیی هەر ئەمەیە نیتر.

- ئی سەرەنجام چی بوو؟

ڕۆکسانا- وا دیارە چیرۆکەکەت بەلاوە خۆشە!

پیکەنیم و وتم:

- ژیانیکی سەیرت هەبووە!

ڕۆکسانا- هەر سەیر؟ ئەبێت لە بارودۆخێکی ئاوادا بژیت تا بزانیت مانای چییە، ئەبێت کچ بیت تا بزانیت ج ئەشکەنجەیەکە کاتێک بەیانی بە بەیانی لە خەو هەڵسیت و بیاوێکی حیز لە تەنیشتدا ببینیت کە بە هەموو ڕێگەیەک هەوڵدەدات خۆیت لێنزیک بکاتەوە، کاتێک پەنایەکت نەبێت، ئائومێدی تەواوی بوونت ئەگرێتەوە، ئەگەر لاوازیش بیت، خۆت دەدەیت بە دەستەوە، من تەنها شانسێک کە هەمبوو پەروەردەی دە یازدە سالی سەرەتای تەمەنم بوو لە قوتابخانە، مەبەستم سەرەتاییە، فێریان ئەکردین کە بەهێز بین و لە بەرامبەر کێشەکانی ژیاندا خۆڕاگر بین، لەوە گرنگتر قۆناغی پێش سەرەتایی بوو، یانی باخچەی ساوایان، لەوێ بە شێوەی کردەیی و بەو یارییانەی کە لەگەلیان ئەکردین، خۆڕاگری و پشوودرێژییان فێر دەکردین، بۆ نموونە یەکێک لە یارییەکان ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر پازلیان پێدەداین، ئەوانەش بە جۆرێک بوون کە ئەبوو لەسەر یەک ڕیزت بکردنایەو شتت پێ دروست بکردنایە، جۆرێکیش بوون کە ئەگەر ورد نەبوویتایە لە بەیەکەوە نووساندنیان، دوای ئەوەی تۆزێکت دروست دەکرد، لەپڕ ئەڕوخان بەسەر یەکدا و هەموو خراپ دەبوو، ئەوکات دەبوو دووبارە دروستیان بکەیتەوە، ئەمجارە بە سەرنجەوە، بۆ ئەوەی هانیشمان بدەن، هەمیشە دیارییەکی باشیان دەدا بەو کەسەی کە دەیتوانی دروستی بکات، خودی من کاتێک کە ئەم یارییەم دەکرد، جاری وا هەبوو، بۆ نموونە بینایەکم دروست دەکرد، چەندینجار خراپم دەکرد تا سەرەنجام سەرکەوتوو ئەبووم، یان کۆمەڵێک یاری تر کە هەموویان ئامانجیان هەبوو و کەسایەتی منداڵەکانی دروست و بەهێز دەکرد.

- چەند سەرنجڕاکێش! خۆزگە بۆ منداڵەکانی ئێمەش شێوازێکی ئاوایان بەکاردەهێنا، یانی کۆمەڵێک یارییان دروست بکردایە کە ئاوا ئامانجدار بوونایە .

ڕۆکسانا- هەن، بەڵام بە دروستی کاریان لەسەر نەکراوە یان گرنگییان پێنەدراوە، وەکو یاری بووک بوکێنە، هیچ ئەزانی کە ئەو یاری بووک بوکێنەی کە کچێک بە شێوەیەکی زۆر سادە دەیکات، چەندێک پەروەردەو فێرکردنی ڕۆحی تێدایە؟ کاتێک بوکە شووشەیەک بۆ کچێک دەکڕیت، لە ڕاستیدا هەست و ڕۆحی پەروەردە ئەکەیت، بە

باریکردن به بوکه شووشه، هەستی دایکایەتی، عەشق، هاوڕێیەتی، هەستی بەرپرسیاریتی و زۆر شتی تری لەلادروست دەبێت و گەشە دەکات، یان بۆ نموونە کاتێک کەلوپەلەکانی چێشتخانەی بۆ دەگێڕیت کە لە شێوەی یاری منداڵاندا دروستکراون، لە ڕاستیدا ئاشنای دەکەیت بە چێشتلێنان، کە دواتر ئەمە هەمان هەستی ڕاگرتنی شکۆی خێزانە، خواردن، گەرمی، کۆکردنەوەی ئەندامانی خێزان لە دەوری یەک و زۆر شتی تر، یان یاری بوک و زاوا، ئەمانە هەموویان شتی باشن کە ئەبێت کاریان لەسەر بکرێت، ئەلبەتە لە تەنیشت پەروەردەیەکی دروستدا بۆ دروستکردن و پێکەوەنانی کەسایەتی کچێکی بچکۆلانە کە دواتر دەبێتە کۆلەکەو ستوونی خێزان، ئەبێتە دایک، ئەبێتە هاوسەر، ئەبێتە یەکەم ڕاهێنەرو مامۆستای منداڵا، ئەمانە زۆر گرنگن، منداڵێک یەکەمین شتەکان کە فێر دەبێت، لە دایکیەوەیەتی، هەر دایکە کە کەسایەتی منداڵەکەی دروست دەکات، بەڵام ئەبێت لە تەنیشت ئەم یارییانەدا فێری بکەین کە لە ژیاندا ئەو ڕۆڵی کلیلێک دەبینێت، ئەبێت بیری بهێنێوە تا بزانێت کە بۆ نموونە چێشتلێنان تەنها تێرکردنی سکی خێزان نییە، یان بۆ نموونە پاکژ کردنەوەی ناومالا، خزمەتکاری نییە، یاخود یاریکردن لەگەل منداڵەکەی، تەنها کات کوشتن و سەرگەرمکردنی منداڵ نییە، ئەمانە هەموو ڕۆڵی بنچینەییان هەیە لە سەقامگیری خێزان و کاریکی زۆر قورسیشەو تەنانەت لە پارە پەیداکردنی مێردیش گرنگترە، ئەمانە ئەبێت هەر لە سەرەتاوە فێری کچێکی بچکۆلانە بکرێت و ئاگادار بکرێتەوە کە لە داهاتوودا ئەبێت چ بەرپرسیاریتییەکی گەورە لە ئەستۆ بگرێت. با شتێکی سادەت پێبڵێم، هەر ئەو دولبەری و نازو جولە جوانانەی کە کچێک ئەیانکات، ئەزانی چەند گرنگن لە دیاریکردنی چارەنووسی خێزان؟ هەر کچ یا ژنێک بە جولەی جوان و دڵڕفێنی چاو، بڕۆ، قژ، دەست و پێکەنینەکانی، دەبێتە هۆی بەدیهاتنی عەشق و خۆشەویستی کە ئەمەش گرنتی پتەوی و خۆڕاگری خێزان دەکات.

خەریکبوو سەیری منی دەکرد، لەپڕ پێکەنیم، خۆیشی پێکەنی و سەری داخست و بێدەنگ بوو، وتم:

- تۆش فێری ئەم شتانە بوویت؟

جولەیەکی جوانی بە قژی کردو سەری بەرزکردەوەو وتی:

- ئەگەر چی دایکم زۆربەی ئەرکەکانی خۆی وەک دایکێک، ئەنجام نەدا، بەڵام تەنها بە یەک سەیرکردنی، دەتتوانی هەموو ئەم خاڵانە فێر ببیت، دواتر بە ئارامی دەستی گرتم و وتی:

- ئەزانی هامون، من کاتێک کە لەگەڵ تۆدام، هەست بە ئاسایشێکی زۆر دەکەم، کەسایەتیت جۆرێکە کە هەستی بڕوا بەخۆبوون بە مرۆڤ دەدات، ئەمە بۆ پیاوێک زۆر گرنگە، من هەمیشە پێموابوو کە ئەگەر دەربارەی ڕابردووم تەنانەت بیریش بکەمەوە، شێت ئەبم، بەڵام لە تەنیشت تۆدا هەستم بەوە کرد کە خەریکم کەم کەم ئارام ئەبمەوە و بە وەبیرهێنانەوەیان خەریکن ئیتر ئەو ڕەنگە ڕەشە لە دەست دەدەن.

دواتر هەستاو وتی:

- پیاسە بکەین؟

منیش هەستام و قۆلی کرد بە قۆڵمداو وتی:

- من زۆر تەنها بووم، تەنهایی، باشیشی هەیەو خراپیشی هەیە، خراپییەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ گۆشەگیر ئەبێت، بەڵام ئەم گۆشەگیرییە دەبێتە هۆی خۆدروستکردن و بەئاگاهاتنەوەی مرۆڤ.

پێکەوە کەمێک ڕێمان کرد، توند قۆلی گرتبووم و هیچی نەدەوت، خەریکی سەیرکردنی ڕابردووی بوو، لەپڕ وەستاو لایکردەوەو سەیری ئەو نیمکەتەی کرد کە لەسەری دانیشتبووین و وتی:

- سەیرە! ئەڵێی زۆربەی تاڵییەکانی ژیانمم، هەر ئەو کاتەی کە بۆم گێڕایتەوە، لەسەر ئەو نیکمەتە جێهێشتووە.

دواتر پێکەنی و دووبارە کەوتینەوەڕێ و وتی:

- بە کورتی ژیانی نوێی هەرسێکمان دەستی پێکرد، ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە ئەبینم مرۆڤێکی زۆر لێزان بوو، بیری لە هەموو شتێک کردبووەوە، هەموو کارەکانی بە پلان و سیاسەت ئەبردە پێشەوە، کارێکی وای کردبوو نەمدەوێرا یەک قسە لای دایکم بگێڕمەوە، ستوونی یەکەمی ئاوا دانا، ڕۆژێک کە لە قوتابخانە گەڕامەوە ماڵەوە، پێنج خولەک دوای من ئەویش هاتەوە، تازە جانتاکەمم لە ژوورەکەمدا دانا بوو، بانگی کردم، هەر کە چوومە بەردەمی زللەیەکی لێدام، کارەکەی ئەوەندە چاوەڕوانێنەکراو بوو کە تووشی شۆک بووم، تەنانەت گریانیشم نەدەهات، دایکم ئەم دیمەنەی بینی و بێویست لە جێگەکەی هەستا، فەرامورز پێی وت «تۆ خۆت هەڵمەقورتێنە، ڕاستە من زڕباوکم، بەڵام سەرەنجام هەر ئەم ناوی زڕباوکە کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی ئەخاتە سەر شانم، من مرۆڤێکی بێغیرەت نیم، لە بەردەم خەڵکدا ئابڕووم هەیە، حەز ناکەم سبەی دوو سبەی، فلان و فلان بێنە سەر ڕێم و بچپێنن بە گوێمدا، بەر لە زڕکچەکەت بگرە، ئەزانی ئەو کاتە

ئەو قسە بۆ من مەرگە؟ نامەوێت کڵاوی کابرا لەسەر بکەم، چل کراسم زیاتر لە ئێوە دڕاندووە». من و دایکم، هەردووکمان بە حەپەساوی سەیرمان ئەکرد، دایکم وتی (فری چی بووە ئاخر؟) سەیرێکی دایکم و دواتر منی کردو (لا إله إلا الله)یەکی وت و چوو لەسەر قەنەفەیەک دانیشت و جگەرەیەکی داگیرساندو دواتر بە ئارامی وتی (ئاخر ڕۆڵە گیان تۆ وەکو کچی من وایت، هەر کارێکیش بکەم لەبەر خۆتە، ئەو زللەش کە لێم دایت لە خۆشەویستیمەوە بوو، ئەگەر خۆشم نەویستیایە لێئەگەڕام هەر هەلەیەک کە حەزت لێیە بتکردایە، بەڵام چی بکەم کە هەم غیرەتم هەم ویژدانم ڕازی نابن بیدەنگ بم، تۆ ئێتر خەریکیت بۆ خۆت ئەبیتە خانمێک، با سبەی دوو سبەی قسەو قسەڵۆکت بۆ دروست نەکەن، ئەمڕۆ لە دەرەوە و سەر شەقامەکان ئاوا بڕۆیت بە ڕێگادا، سبەینێ چی ئەکەیت؟ کچ نابێت بە نازو غەمزەو خۆبادانەوە بەسەر شەقامەکاندا بڕوات، چ مانایەکی هەیە کە خولەک بە خولەک لابکەیتەوەو سەیری پشت سەرت بکەیت؟ ئەگەر چوار گەنجی لات و خوێری فیکە ئەکەن، تۆ بۆچی لا ئەکەیتەوە؟ تا ئەو کاتەی کە من لە ژیانتاندا نەبووم، حەزت لە هەر کارێک بووە، کردووتە، بەڵام ئێتر تەواو بوو، خەریکم پێت ئەڵێم، بە خۆتدا وەرەوە، لەمەش بەدواوە وەکو سێبەر بەدواتەوەم، وەکو مرۆڤ دەڕۆیت و دێیتەوە، من مرۆڤێکی دەمارگیرم، تۆ بڵێ دواکەوتوو، دەمارگرژ، قەیناکات، بەڵام من ئاوام، خەریکم لەبەردەم دایکتدا پێت ئەڵێم، ئەگەر وازت لەو ڕەفتارانەت نەهێنیت، من ئەڕۆم، ئەوە دوا قسەمە).

کە ئەمانەی وت، لەپڕ دایکم گۆڕاو وتی (مەگەر چی کردووە؟) فەرامورز جگەرەکەی کوژاندەوەو وتی (هیچ، ئێتر باسی مەکە، ئەزانم هەر کارێکیشی کردبێت، ئێتر لەمەودوا نایکات، تەواو بوو و بڕایەوە).

کە ئەمەی وت، لەپڕ دایکم هاشاولی هێنا بەرەو من، بەڵام فەرامورز خۆی خستە نێوانمان و دایکمی گرت و وتی (خانم، ئەگەر من باوکیم، تۆ خۆت هەڵمەقورتێنە، قسەکردنی تۆ یانی ئەوەی کە من ناماقوڵیم کرد). دواتر دایکمی کە زۆر توڕە بووبوو، بردو لەسەر قەنەفەیەک دایێنیشاند و لایکردەوە بەلای منداو وتی (بڕۆ بابە گیان، تۆش ئاسایی بووە کە هەڵە بکەیت، بەڵام ئەم کارەم کرد تا بزانیت کە ئێتر ئەو ڕۆژگارە بەسەرچووە، تا ئێستا ئاسایی بووە، یانی کاتێک منداڵ باوک بە دیار سەرییەوە نەبێت هەر ئاوا ئەبێت، بەڵام لەمەودوا تۆ باوکیکت هەیە کە ملی تەور نایبڕێت، بڕۆ ئازیزم، بڕۆ بەلای سەعییەکەتەوە، ئەوەش بزانە کە من کات و ناکات، وەکو ئەمڕۆ، چاودێریت

ئەکەم). خەریکبووم سەیریم ئەکرد، دایکم وتی (فری، لەمەودوا هەر کاریکت ویست ئازادی بیکەیت، من ئیتر ئەمەم سپاردەو دەستی تۆ، دەستیشت خۆش بێت کە کەوتینە دوای، هەر کاریکت کرد خۆت سەرپشکیت) لەوێدا بوو کە زانیم فەرامورز ئ مرۆڤێکی زۆرزانە!

- هیچت نەوت؟

ڕۆکسانا- چیم بوتایە؟ وەها ڕۆڵی گێڕا کە هیچم پێنەئەکرا، ئەستەم بوو دایکم باوەڕ بکات کە هەموو ئەمانە درۆ بوون، من تەمەنێک تەنها بووم و لە ڕۆژگارێکی یەکجار سەختدا خۆم ڕاگرتبوو و هیچ کات کەلکی خراپم لەو بارودۆخەم وەرنەگرتبوو، بەلام دایکم ئاگای لەم شتانە بوو، ئەو هەمیشە لە خۆیەوە لێی ئەڕوانی و وای ئەزانی منیش وەکو خۆی وام، لە کاتێکدا کە ڕۆحییەو بیرکردنەوەو ڕەفتاری من و دایکم، تەواو پێچەوانەی یەک بوو، ئەوە بوو یەکسەر تێگەیشتم لەو کاتەدا بەرگریکردن هیچ کە سودی نییە، ئەنجامی پێچەوانەش ئەدات، هەر بۆیە بێدەنگ بووم و چوومە ژوورەکەم و کاتێک دڵنیابووم کە جارێ حەقیان بەسەرمەوە نییەو بانگم ناکەن، دەستمکرد بە گریان و پاشماوەی ڕۆژەکانی خوێندنم ژمارد، بە ئارامی دەگریام تا دەنگی گریانەکەم بە کەس نەگات، تا تێنەگەن منیش وەکو مرۆڤەکانی تر خاڵی لاوازم هەیە، بە ئارامی دەگریام، چونکە دەمزانی دەنگی گریانەکەم بۆ کەس گرنگ نییە، بە ئارامی دەگریام، چونکە لە دەنگی گریانەکەم تەنها دڵی خۆم خەمبارتر ئەبوو، هێشتاش بە ئارامی دەگریم، چونکە فێربووم ئەبێت بە ئارامی و بێدەنگی بگریم، چونکە هەمیشە بە تەنها گریاوم.

هەروا کە ئەڕۆشتم لامکردەوەو سەیریم کرد، بینیم فرمێسک بە ئارامی و بێدەنگی بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە، لەپڕ دڵی خۆشم گیرا، ئەوەم کەوتەوە بیر کە کاتێک منداڵ بووم، هەر کە ئەگریام، سەرەتا مانی ڕایئەکرد بۆ لام، دواتر دایکم و باوکم و مامم، هەر کاتێک گریاوم، تەنها نەبووم، هەمیشە دوای من مانیش ئەگریا، یانی کاتێک منی ئەبینی کە ئەگریام، ئەویش گریانی ئەهات.

بە دەستم فرمێسکەکانیم سڕی، پێکەنی و وتی:

- تەنها ئەم دوو سێ جارە بووە کە کاتی گریان تەنها نەبووم.

- لەمە بەدوا هیچ کات تەنها نیت، من هەمیشە لەلاتم.

ڕۆکسانا- گرنگ ئەوە نییە کە مرۆڤ کاتی گریان کەسێکی لابێت، گرنگ ئەوەیە کە بەکێکیتریش هەست بە ئازارەکەی بکات و لەگەڵیدا بگری.

CamScanner

دواتر بە دەستی فرمێسکەکانی منی پاک کردەوە کە خۆم هەر هەستم پێیان نەکردبوو، سەرم وەرگێڕا بەرەو ئەولا و فرمێسکەکانمم سڕی، وتی:

- ئەرامورز هەستی بەوە کرد بوو کە دایکم بەرامبەر بە من هەستیارە، یانی ئەگەر دوست یان مێردەکەی بچوکترین گرنگی بە من بدایە، ئیرەیی ئەبردو ئەبووە هۆی جیابوونەوەیان، هەر بۆیە ڕێگەیەکی باشی هەڵبژارد بوو، توندوتیژی و سەختیگری! چەپ ئەڕۆشتم ڕەخنەی ئەگرت، ڕاست ئەهاتم ڕەخنەی ئەگرت، لە جل لەبەرکردن، سەعیکردن، شریت گوێ لێگرتن، قسەکردن، دانیشتن، هەستان، بە کورتی تەواو ژیانی لێ تال کردبووم، خۆزگە ئەو ڕەخنانەی کە ئەیگرتن، ڕاست و بەجێ بوونایە، هیچ کات چاودێری نەئەکردم، تەنانەت ئامادەم سوێند بخۆم جاری یەکەمیش نەهاتبوو، چونکە وا ڕاهاتبووم لە شەقامدا بووەستم و سەیری ئەملاولای خۆم بکەم، هەمیشە بە خێرایی ئەچووم بۆ قوتابخانەو بە خێراییش ئەگەڕامەوە، بە جۆرێک کە هەمیشە هاوڕێکانم پێیان ئەوتم بۆچی ئەوەندە خێرا ئەڕۆیت؟ تەنانەت زۆربەی کات لەگەل من نەئەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، چونکە ئەوان ئەیانویست ڕێگەی قوتابخانە تا ماڵەوە بە خۆشی ڕابوێرن، بەڵام من نا.

- بۆچی؟

ڕۆکسانا- بۆچی چی؟

- بۆچی ئەتویست زوو بگەڕێیتەوە ماڵەوە؟ لەوێ خۆ کەس چاوەڕێت نەبوو، بۆچی پەنات بۆ کەسێک نەبرد؟ بۆ نموونە کوڕێک، بە شێوەیەکی گشتی لەم جۆرە کاتانەدا کچان هاوڕێی کوڕ ئەگرن، تۆ خۆ لە سەدا پەنجات ئەوروپی بوو، بۆچی ئەو کارەت نەکرد؟

ساتێک بیری کردەوەو وتی:

- ئەگەر ئەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە لەبەرئەوە بوو کە شوێنێکی ترم نەبوو، لانیکەم ماڵەوە ژوورێکی تیابوو کە لەوێ کەس حەقی بەسەرمەوە نەبوو، ئەگەریش هاوڕێی کوڕم ئەگرت، لەبەر شێوازی بیرکردنەوەم بوو، تۆ ڕاست ئەکەیت، بە شێوەیەکی گشتی کچان هەر لەگەل کێشەیەک لە ژیانیاندا دروست ئەبێت، کارێکی وا ئەکەن و کێشەیەکی گەورەتر بۆ خۆیان دروست ئەکەن، بەڵام من ئەمزانی نابێت هەڵەیەکی وا بکەم، کچێکی شازدە ساڵە یانی چی؟ یانی شتێک لەنێوان لاوی و تازە لاوی، لەو تەمەنەدا، نە ئەزموونی هەیە، نە پلەیەکی خوێندن، نە هەلومەرج، کەواتە خۆی لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان

کارێکی پێناکرێت، ئەگەر پەناش بۆ کوڕێک ببات، ئەوە خراپتر، لەگەڵ دنیایەک تێبینی، کوڕێکی نۆزدە ساڵە ناتوانێت ببێتە پشت و پەنا بۆی، یانی ئەو خۆیشی پێویستی بە پەناگەیەکی وەکو خێزان هەیە، ئەگەر وا نەبێت، دیارە ئەو کوڕە ئەو کچەی بۆچی ئەوێت. منیش ئەمانەم ئەزانی، یانی پەروەردە ئەورووپییەکەم فێری کردبووم، هەر بۆیە هەڵەی وام نەئەکرد.

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- بە کورتی، ژیانم زۆر سەخت بووبوو بە جۆرێک کە پەروەردەی سەردەمی منداڵیشم نەیتوانی یارمەتیدەرم بێت، خۆڕاگریم شکستی هێنا، هەموو شەوێک پێشەم گریان بوو، بە گریانەوە سەعیم دەکردو بە گریانەوە ئەخەوتم، زۆر ماندوو بووبووم، مالم لێ بووبوو بە دۆزەخ، قوتابخانەم لێ بووبوو بە دۆزەخ، ئیتر هیچ ئومێدێکم بە ژیان نەبوو، هەر بۆیە شەوێکیان کاتێک ئەمویست خۆم بشۆم، بێویست موسێکم هەڵگرت و خۆم ئامادەکرد کە دەماری دەستم ببڕم و خۆم بکوژم، هەمیشە پێموابوو کە خۆکوشتن کارێکی قورسە، بەڵام لەو هەلومەرجە قورسترەی ژیاندا، ئەو کارەم بەلاوە ئاسان بوو، بانیۆکەم پڕکرد لە ئاوی گەرم و چوومە ناوی و موسەکەم گرت بە دەستمەوەو دەستم کرد بە گریان، کەوتمەوە بیری باوکم و ئەو ساڵانەی کە لە فەڕەنسا بووین و دایکم هێشتا مرۆڤ بوو، کەوتمەوە بیری ئەو کاتەی کە باوکم منی لەسەر قاچی دائەنیشاندو قژمی نەوازش ئەکرد، کەوتمەوە بیری ڕۆژانی پشوو کە منی لەگەڵ خۆی ئەبرد بۆ پارک و سینەماو ڕێستۆرانت، هەردووکمان بە یەکەوە ئەچووینە دەرەوەو ڕۆژێکی زۆر خۆشمان بەڕێئەکرد، تەنانەت ئەو کاتانەشی کە دایکم خەریکی بەدڕەوشتی بوو، دیسان کاتێک لەگەڵ باوکم بووم، بەلامەوە جوان بوو، کەوتمەوە بیری ئەو چیرۆکانەی کە شەوانە پێش خەوتن بۆی ئەگێڕامەوە، ئەوەم هاتەوە بیر کە لەگەڵ تەواوی خراپییەکانی دایکم، هیچ کات لای من بە خراپە باسی نەکردو کاتێکیش کە من سکاڵام لە دایکم ئەکرد لای، هەمیشە ئەیوت کە دایکم خۆشی ئەوێم، کەوتمە بیری میهرەبانییەکانی باوکم، بیری هەڵسوکەوتە ئارامەکانی، بیری سەیرکردنە جوانەکانی، بیری دەستی نەوازشی کە هەمیشە ئارامی ئەکردمەوەو هەستی بڕوا بەخۆبوونی پێ ئەبەخشیم، بیری ئەو گۆرانییەی کە هەمیشە بۆی ئەوتم، بەلام هەر لەو کاتەدا کەوتمە بیری ئەو ساتەی کە باوکم لە تاو نائومێدی و ڕق و نەفرەت و شکان و دۆڕان لە ژیاندا، لە دادگا گریا، گریانی پیاوێک، گریانی باوکێک، ئەویش وەکو من ئارام و بێدەنگ ئەگریا، هەر لەو کاتە

موسەکەم خستە سەر دەماری دەستم، ڕێک ساتێک بوو، جوڵەیەک، فشارێک، ئەگانێک و دواتر تەواو، بەڵام نازانم لەو ساتەدا چ بیرێک هات بە مێشکمدا، بیرێک، هەستێک، تێڕوانینێکی تر، دروست نازانم چی بوو، بەڵام بوو، وەک ئەوەی کە یەکێک دەستێکرد بە قسەکردن لەگەڵمدا، کەسێک لە ناخی خۆمدا، پێی وتم کە ئەم موسە هەمیشە هەیە، هەرکاتێک بمەوێت ئەتوانم بێمە گەرماو و بەکاری بهێنم، پێی وتم کە خۆکوژی پێویستی بە نازایەتی نییە، بەڵام ئەوە ژیانە کە بۆ بەڕێکردنی پێویستی زۆری بە بوێری هەیە، پێی وتم کە ئەم موس و بانیۆو گەرماوە کەس لێم ناسەنێت، بەڵام ژیان بۆ نا، هەمیشە سبەینێیەک هەیە، هەمیشە جۆرێکی تر هەیە، هەمیشە شتی تازە هەیە، لەو ساتەدا بە جۆرێکی تر بیرم کردەوە، شتگەلێکی تازەم لە خۆمدا دۆزینەوەو ناسیمن، کارگەلێکی زۆرم هاتە بەرچاو کە ئەبێت ئەنجامیان بدەم، ڕێگە گەلی زۆرم بۆ ژیانکردن دۆزییەوە، زەردەخەنەیەک هاتە سەر لێوم، موسەکەم خستەوە شوێنی خۆی و خۆم شۆردو هاتمە دەرەوە، سبەینێ بەیانییەکەی لەبری قوتابخانە، چووم بۆ باڵیۆزخانەی فەڕەنسا، هەر کە چوومە ناو باڵیۆزخانە، لەچکەکەمم لابردو لەگەل یەکەمین کەس کە خەریکبوو بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەکردم، بە فەڕەنسی دەستم کرد بە قسەکردن، هەموو شت تەواو بوو، یەکسەر بردمیان بۆ لای باڵیۆز، زۆر گەرم، میهرەبان، بە ئەدەب و باوکانە، مرۆڤێک، وەکو باوکم، وەکو باوکم لەباوەشی گرتم، دەستی بەسەردا هێنام، خەفەتی بۆ خواردم و پشتگیری لێکردم.

نازانم بۆچی کاتێک لە گێڕانەوەکەی گەیشت بە ئێرە، لەپڕ بێویست پێکەنیم، بە سەرسوڕمانەوە سەیری کردم، وتم:

- پێکەنینی خۆشحاڵییە، لەوەی کە لە سەدای پەنجاکەی باوکت یارمەتی دایت.

ئەویش پێکەنی و وتی:

-یەکسەر تەواوی قۆناغەکانی ناردم بۆ فەڕەنسا، تەواو بوو، هەروا بە ئاسانی، یانی کاتێک ژیانمم بۆ باڵیۆز گێڕایەوە، لەگەل ئەوەی کە هەوڵیدەدا، ئارام و پشوو درێژ، وەکو سیاسەتمەدارێک هەڵسوکەوت بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەئەبوو، ئەمزانی کە لە ناخیدا شۆڕشێک هەڵگیرساوە، هەر بۆیە خێرا کارەکانمی ئەنجامداو هەر لەوێدا تەلەفۆنی بۆ فەڕەنسا کرد داوای کرد کە باوکمم بۆ بدۆزنەوە.

دواتر لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- جگەرەیەکی ترم پێئەدەیت؟

خێرا دوو جگەرەم دەرهێناو دامگیرساندن و دانەیەکیانم پێدا، کەمێک بەبێ دەنگی پیاسەمان کرد و دواتر وتی:

- بەداخەوە ئیتر باوکم بوونی نەبوو، خۆی کوشتبوو، یانی وایان بیردەکردەوە، بە ئوتومبیلەکەیەوە خۆی کرد بوو بە شیوێکدا، نەخواردبوویەوە و نە ئوتومبیلەکەی کێشەی هەبوو، نە خێراییەکەی زیاد بوو، تەنها ویستبووی خۆی بکات بە شیوێکدا، لەوانەیە وەکو من کە تەنها ویستبووم بە موس دەماری دەستم ببڕم، ئەم کارەساتە گورزێکی گەورە بوو، بەلام پەیامێکیشی پێبوو بۆم، پەیامی عەشق، پەیامی خۆشەویستی، عەشق و خۆشەویستی باوکم، ئەمە زۆر گرنگبوو، لەوێ دوای چەند کاتژمێرێک پێیان وتم کە لەگەل ڕۆیشتنی ئێمە لە فەڕەنسا، باوکم دووچاری تەنگژەیەکی دەروونی زۆر قورس بووە، هەموو شتێک بەلایەوە تەواو بوو بوو، ئەو ژنەی کە خۆشی ئەویست خیانەتی لێکردبوو، ئەو کچەیان لێدزی بوو کە عاشقانە ئەیپەرست، ئەویش ئومێدی لەدەست دابوو.

توزێکیتر پیاسەمان کردو دواتر جگەرەکەی فڕێدایە سەرزەوی و وتی:

- کاتێک ئەم هەواڵەم بیست نائومێد بووم، هەمیشە بیرکردنەوە لەوەی کە لە شوێنێک کەسێک هەیە کە نیگەرانمەو خۆشی ئەوێم و چاوەڕێمە، ئارامی ئەکردمەوە، تەنانەت شەوی پێشتریش، ئەو کاتەی کە موسەکەم بەدەستەوە بوو و دەمویست دەماری دەستم ببڕم.

ساتێک بێدەنگ بوو و دواتر لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- تازە ئەو کاتە زانیم کە شەوی پێشتر کێ بوو بانگی کردم، دەنگی باوکم بوو، دەنگە خۆشەکەی باوکم کە خەریکبوو لای لایەی بۆ ئەکردم، لای لایەیەک کە ڕزگاری کردم، گۆرانی شەوانی ترس و تەنهایی، ئەو لای لایە لە دایکییەوە فێر بووبوو و ئەو شەوانەی کە خەوم لێنەدەکەوت یا بۆ نموونە ترسابووم، ئەهات لە تەنیشت تەختی خەوەکەمدا دائەنیشت و بە دەنگە خۆشەکەی بۆی ئەخوێندم، هەمیشە سبەینێیەک هەیە، هەمیشە جۆرێکی تر هەیە، هەمیشە شتی نوێ هەیە، هەمیشە ژیانێکی نوێ هەیە، بە کورتی ئەو ڕۆژە لە باڵیۆزخانە زۆر گریام، بەلام شتێک کە ئارامی ئەکردمەوە، بوونی ئەو مرۆڤانە بوو کە وەکو خۆم وابوون و لێم تێئەگەیشتن و ئەیانویست پشتیوانیم لێبکەن و کردیان، هەموویان لە دەورم کۆبووبوونەوەو دڵیان ئەدامەوە و قسەیان لەگەل ئەکردم و نازیان ئەکێشام و پێیان ئەوتم کە خۆشیان ئەوێم، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی

CamScanner

کە بەرگەی ئەو کارەساتە بگرم، ئەو ڕۆژە دوای چەند کاتژمێرێک، پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ لەگەڵ باڵیۆزو چەند کارمەندێکی باڵیۆزخانە، بە شێوەیەکی فەرمی بردمیانەوە بۆ ماڵەوە، جێگری باڵیۆز و دوو پۆلیسی باڵیۆزخانە و پارێزەرێک و دوو پۆلیسی ئێرانی لەگەڵم هاتن، حەزم نەکرد لەوێ بوویتایەو لەو کاتەدا دایکم و فەرامورزت ببینیایە، هەر بۆ ئەوە باشبوون کە سەیرت بکردنایە، کاتێک زەنگی خانووەکەم لێدا، زانییان منم، دەرگاکەیان لێنەکردمەوە، بە خەیاڵی خۆیان دەیانویست تەمبیەم بکەن، بەڵام کاتێک یەکێک لە پۆلیسەکان دەستی نا بە زەنگەکەداو هەروا لەسەری ڕایگرت، تۆزێک دواتر هەردووکیان هاتنە بەردەرگا، هەردووکیان لێم پڕبوون، خۆیان ئامادەکردبوو کە بەڵایەکم بەسەر بهێنن، بەڵام هەر کە چاویان کەوت بەو هەموو مرۆڤە، ڕەنگیان بە ڕووەوە نەماو کەوتنە تەتەڵە، جێگری باڵیۆز داوای لێکردن کە بچینە ژوورەوە قسە بکەین، ئەوانیش لەبەر دەرگاکە لاچوون و هەموومان چووینە ژوورەوە، کاتێک لە هۆڵەکەدا دانیشتین، سەرەتا یەکێک لە پۆلیسە ئێرانییەکان، کارمەندانی باڵیۆزخانەی فەرەنسای بە دایکم و فەرامورز ناساندو دواتریش پارێزەری باڵیۆزخانە، زۆر بە جوانی و دانە بە دانە، سەرەتا بە فەرەنسی و دواتریش بە فارسی وتی (ئەم خانمە هاونیشتمانی وڵاتی فەرەنسان و دەوڵەتی فەرەنسا پارێزگارییان لێدەکات، لە ئێستا بەدواوە هەر جۆرە، توندوتیژی، ئازاردانی جەستەیی، ئازاری ڕۆحی و دەروونی بەرامبەر بە ئەوان، لەلای دەوڵەتی فەرەنسا بە توندوتیژی بەرامبەر بە هاوڵاتییەکی فەرەنسی هەژمار دەکرێت و بە تاوان دادەنرێت و بەدواداچوونی یاسایی بۆ دەکرێت، لە ئێستاش بەدواوە بەپێی ئەو مۆڵەتەی کە لە دادگا فەرمییەکانی ئێران وەریدەگرین، هەفتەی یەک یان دوو ڕۆژ، یاریدەدەرێکی فەرەنسی دێت بۆ ئێرە و دیداری لەگەڵ ئەوان ئەبێت، ئێمە لەمەبەدوا، گرنگییەکی تایبەت ئەدەین بە بارودۆخی خوێندن و ژیانیان، دەوڵەتی فەرەنسا هیواداره لە ئێستا بەدواوە هیچ کێشەیەک دروست نەبێت). کاتێک پارێزەرەکەی باڵیۆزخانە ئەمانەی بە فەرەنسی ئەوت، فەرامورز لە ترسدا خەریکبوو جەڵتە لێیدەدا، بەردەوام سەیری دایکمی ئەکرد تا زووتر تێبگات بابەت چییە، کاتێکیش جاری دووەم بە فارسی وتیەوە، ئەوە ئیتر هەر باس ناکرێت کە چی بەسەرهات، هەر لال بوو بوو، هەردووکیان لال بوو بوون، دوای پارێزەرەکەی باڵیۆزخانە، یەکێک لە پۆلیسە ئێرانییەکان هۆشداری پێدان کە ئاگایان لە هەڵسوکەوتیان بێت، چونکە من لەلایەن دەوڵەتی فەرەنساوە پارێزگاریم لێدەکرێت، دوای ئەم قسانە، هەموویان هەستان و ماڵئاواییان کردو ڕۆشتن، منیش تا بەردەم

CamScanner

دەرگا لەگەڵیان ڕۆشتم، لەوێدا ژمارە تەلەفۆنی باڵیۆزخانەیان پێدام و وتیان لەگەڵ دروستبوونی هەر کێشەیەک تەلەفۆنیان بۆ بکەم. دوای ڕۆشتنی ئەوان، منیش بەبێ قسەو هیچ شتێک، چوومە ژوورەکەم و بە ئاسودەیی خەوتم و بەیانیش هەستام و چووم بۆ قوتابخانەو هەر کە گەیشتمە ئەوێ قوتابییەکان پێیان وتم کە بچم بۆ ژووری بەڕێوەبەر، هەستم کرد بابەتەکە چییە، گوایە پێش من پارێزەرەکەی باڵیۆزخانە هاتبوو بۆ ئەوێ و لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەمان قسەی کردبوو، چونکە بەڕێوەبەر هەر کە منی بینی، لە جێگەکەی هەستاو هات بەرەو لام و بە کورتی زۆر ڕێزی لێگرتم و دوای ئەوە ئێتر لە قوتابخانەش ئاسودە بووم، هەم لە دەست بەڕێوەبەرو هەم لە دەست قوتابییەکان، یانی کاتێک هاوڕێ نزیکەکانم، کەم و زۆر ئاگاداری بارودۆخی ژیانم بوون، وەک عادەتی هەمیشەیی ئێرانییەکان، دووبارە لەگەڵمدا میهرەبان بوونەوەو ئێتر ئەمتوانی بەرگەی کەشی قوتابخانە بگرم، نزیکەی ساڵێک بە سەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی، نامەوێت بە باسکردنی وردەکارییەکان، ماندووت بکەم ئەو دووانە ژیانی خۆیانیان هەبوو و من ژیانی خۆم، لە بیست و چوار کاتژمێردا، ئەوپەڕی کاتژمێرێک یەکمان ئەبینی، دواتر من ئەچوومە ژوورەکەی خۆم و لەوێ ئەژیام و ئەوانیش لەولاوە دەمە دەمەیان ئەکرد، ڕۆژێک شەڕیان بوو و ڕۆژێک ئاشتی، ڕۆژێک چاویان نەبوو یەک ببینن و ڕۆژێک ئەوەندە لەگەڵ یەک میهرەبان ئەبوون و ڕەفتاری ناشیرینیان لێئەوەشاوە کە من شەرم ئەکرد، ئەمانە بخە لاوە، کێشەی من ڕەفتاری فەرامورز بوو، دوای نزیکەی ساڵێک، تازە لەگەڵم میهرەبان بووبوو و جۆرێکی تر ئازاری ئەدام.

- زۆر لەگەڵتدا میهرەبان بوو؟

پێکەنینێکی تالی کردو وتی:

- بەشێوەیەکی قێزەون.

توزێکێتر بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- ئێتر لە هەرچی جەژن و لەدایکبوون و ئاهەنگە بێزار بووم، بۆ نموونە کاتی گوڕانی ساڵا، بە بیانووی پیرۆزبایی و ئەم شتانە، ئەوەندە ناشرین و بە هەوەسەوە لەباوەشی ئەگرتم و ماچی ئەکردم کە دڵم هەڵئەشێوا، بەردەوام خوا خوام بوو کە هیچ جەژنێک نەیەتە پێشەوە، یان بۆ نموونە ئەهات و پەڕاوێ تاقیکردنەوەکانمی هەڵئەگرت و ئەگەر نمرەکەم باش بوایە، بەناوی هاندانەوە لە باوەشی ئەگرتم و وەها ئەینووساندم بە خۆیەوە، کە حەزم ئەکرد هەرچی بە دەستمەوە بوو بمکێشایە بەسەریدا، نەمدەتوانی

نـەش بکەم، لەبەرئەوەی ئەگەر شتێکم بوتایە، یان ئەو یان دایکم، ئەیانوت تۆ شکت لە خۆت هەیە، ئەوەبوو کە خۆم ڕائەگرت و هیچم نەئەوت و هەوڵمدەدا کەمتر بیانووی هەبێت بۆ پیرۆزبایی و هاندان، پەڕاوێ تاقیکردنەوەکانم کە ئەبوو واژوبان لەسەر بکرایە، کاتێک ئەو لەماڵ نەبوایە، پیشانی دایکمم ئەدان و پێم ئەوت واژوبان لەسەر بکات و دواتر ئەمشاردنەوە، ڕۆژانی جەژن هیچم لە دەست نەدەهات، چاوەڕێم ئەکرد تا ئەو کاتەی کە هەردووکیان بەیەکەوەن و ئەوسا ئەچوومە خوارەوە، هەر کە ئەهات بەرەو لام، بە درۆ ئەموت هەڵامەتمە و بە جۆرێک ڕێم لێئەگرت، ئەمەش خۆ هەمیشە نەئەکرا، بەڵام چارە نەبوو، خۆم ڕائەگرت و هەر ئەمەش بوو بووە هۆی ئەوەی کە ڕووداوتر بێت، چەند جارێک لێرەو لەوێ دام بە گوێی دایکمدا، بەڵام هیچ تێنەئەگەیشت، ڕێک وەکو مانگا، ئەوەندە وەکو کەو سەری کرد بەژێر بەفردا کە هەر نەیئەزانی لە دەوروبەریدا چی ئەگوزەرێت، وایئەزانی فەرامورز عاشقی بێ ئۆقرەیەتی، سەرەنجام ناچاربووم بە ئاشکرا پێی بڵێم، ئەزانی چی کرد؟ هاواری کرد بە سەرمداو وتی کە من داخ لە دڵم، ئەیوت لەبەرئەوەی هەموان عاشقی ئەو ئەبن، من ئێرەیی ئەبەم، ئەیوت لەبەرئەوەی کەس نایەت بەلای تۆدا، خەریکی شەق ئەبەیت، توخوا سەیری بیرکردنەوەی دایکێک بکە، هەرچەند کە لەوە زیاتری لێ چاوەڕێ نەئەکرا، سەرەنجام ماوەیەک تێپەڕی، نازانم چۆن فێڵی لە دایکم کردو هەلیخەلەتاند کە بە بیانووی بینا دروستکردنەوە پارەی لێسەند، یانی ئەو بەک دوو پارچە زەوییەی کە بە میراتی پێی گەیشتبوو، فرۆشتی و پارەکەی دا بە دەست فەرامورزەوەو ئەویش بەلگەنامەیەکی دا بە دەستییەوەو دەستیکرد بە دروستکردنی بینا، بەک دوو مانگێک تێپەڕی و دایکم دڵی خۆش بوو کە تا ماوەیەکی تر پارەکانی زیاد ئەکات و ئەو بینا دروست ئەکرێت و قازانجێکی زۆری لێئەکات، فەرامورزیش هەموو شەوێک ئەهاتەوە بۆ ماڵەوەو ئەیوت، ئەمڕۆ فلان کارمان کردو فلان هات و وتی زەوی ئەوەندەی چووەتە سەرو خانوو و ئاپارتمان مەتری هەر ئێستا ئەوەندە قازانج ئەکات و فلان و فلان و فلان، دایکیشم کە ئەمانەی ئەبیست دڵی خۆش ئەبوو تا ئەوەی کە شەوێک فەرامورز بە دایکمی وت کە سبەینی کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ بێت بۆ نوسینگە، ئەبوت ئەبێت چەند شتێک واژۆ بکات، یانی شوێنێکی پێوت کە لەوێدا بەکتر ببینن و ئەگەر کەمێکیش دواکەوت، چاوەڕێی بکات.

کە گەیشتە ئێرە، وەستاو لایکردەوە بەلای منداو زەردەخەنەیەکی تالی کردو وتی:

- هەر لێرەدا کە بە دڵنیاییەوە بڕیارت دەربارەی من ئەگۆڕێت، ئێستا ئەتەوێت

پاشماوەکەیت بۆ بگێڕمەوە؟

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- سبەینێکەی من وەک هەمیشە، من چووم بۆ قوتابخانەو دوانیوەڕۆ گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ئەمزانی کە دایکم لە ماڵەوە نییە، جلەکانمم گۆڕی و چوومە هۆڵەکە، گوێم لە دەنگی دەرگای حەوشەکە بوو، لە پەنجەرەکەوە سەیرم کرد، بینیم فەرامورزە، وتم بە دڵنیاییەوە شتێکیان بیرچووەو هاتوونەتەوە تا بیبەن، خێرا هاتە ماڵەوەو هاتە هۆڵەکەو هەر کە من هەستام بچمە ژوورەکەم، لەپڕ لە پشتەوە قژی گرتم و ڕایکێشا، هەر بواری ئەوەشم نەبوو بقیژێنم، وەها بە مستەکۆلە کێشای بە دەم و چاومدا کە بوورامەوە.

خەریکبووم سەیریم دەکرد، ئەویش خەریکبوو ڕاستەوخۆ سەیری چاوی ئەکردم، چاوەڕێ بووم تا پاشماوەکەی بڵێت، بەڵام هیچی نەدەوت، کاتێک بینی کە لەوە ئەچێ تێنەگەیشتبم، وتی:

- ئەوی تری تێگەشتی؟

تەنها سەیریم کرد، بە ئارامی وتی:

- کاتێک بەهۆش هاتمەوە، ئیتر کار لە کار ترازا بوو!

وەک ئەوە وابوو یەکێک بە دار کێشابێتی بە سەرمدا، لەپڕ بەرچاوم ڕەش بوو، هیچم نەئەبینی، تەواوی ماسولکەکانم گرژ بووبوون، شەویلگەم هەر نەئەجوڵا، تووشی شۆک بووبووم، لە بارودۆخێکی زۆر زۆر خراپدا گیرم خواردبوو، هەزار بیر لە سەرمدا بوو و نەمدەتوانی تەنانەت یەکێکیشیان بهێنمە سەر زمانم، تەنانەت جنێوێک، قسەیەکی خراپ یان دەربڕینی ناڕەحەتی، یان هەر شتێکی تر، هیچم پێنەئەوترا، لەپڕ هەستم کرد ژێر قاچم خاڵی بووە، خەریکبوو ئەژنۆکانم ئەچەمانەوە، بەڵام هەرچۆنێک بوو خۆم گرت، ئەمزانی خەریکە سەیری پەرچە کردارەکەم ئەکات، ئەمویست ئاگام لە ڕەفتارم بێت، بەڵام نەئەکرا، لەیەک ساتدا لەوانەیە هەزار دانە دیمەن هاتبنە پێش چاوم، دیمەنگەلی ناشرین و خراپ، دیمەنگەلی بەدڕەوشتی، سەرێکم ڕاوەشاند تا ئەو دیمەنانە لە مێشکم بچنە دەرەوە، ئەمویست سەیری بکەم، بەڵام هاوسەنگی چاوەکانم تێکچوو بوو و بەردەمی خۆمم بە لێلی ئەبینی، لاجانگەکانم بزیسکەیان پێدا ئەهات و دەردێک لە دەمارەکانی ملمەوە ئەیدا لە سەرم، کات خەریکبوو تێئەپەڕی و ئەبوایە شتێکم بوتایە بان کارێکم بکردایە، لەپڕ سەرم بە توندی بردەوە بۆ دواوە، دەنگی شکانی دەمارەکانی ملم بیست، ڕاچڵەکام و هەستم بە دەوروبەرم کرد، ڕۆکسانا لەبەردەممدا نەبوو، لامکردەوەو

سەیری لای ڕاستم کرد، بینیم بە ئارامی خەریکە ئەڕوات، هەر لەوێوە هاوارم کردو وتم:

- ڕۆکسانا بۆ کوێ؟

ڕۆکسانا- بەلای ژیانمەوە.

- بۆچی؟

ڕۆکسانا- تا تۆیش بڕۆیت بەلای ژیانتەوە.

هەروا وەلامی ئەدامەوە بێ ئەوەی کە لابکاتەوە بەلای منداا، خەریکبوو ئەڕۆیشت، ڕامکرد بەدوایداو دەستیم گرت و وەستاندم، وەستا، بەلام پشتی لێمەوە بوو، چوومە بەردەمی، بینیم دیسان هەروا خەریکە فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارەوە، بە ئارامی بە دەستم فرمێسکەکانیم سڕی و وتم:

- بۆچی وا ئەکەیت؟

ڕۆکسانا- خەریکم کارەکەت بۆ ئاسان ئەکەم، ئاوا ئەتوانیت ئاسانتر بڕۆیت، مێشی لەو خانووە ئەڕۆم تا ئیتر ناچار نەبیت من ببینیت.

- ئاخر بۆچی؟

بە زەردەخەنەیەکی وەک ژەهرەوە سەری داخست و وتی:

- مەگەر تۆ ئێرانی نیت؟

- بۆ نا!

ڕۆکسانا- ئێ؟

- ئێ چی؟

ڕۆکسانا- قسەکانمت نەبیست؟

- بۆ نا.

ڕۆکسانا- ئێ؟

- ئێ!

ڕۆکسانا- یانی بەلاتەوە گرنگ نییە؟

- بۆ نا، زۆر بەلامەوە گرنگە.

ڕۆکسانا- ئەی بۆچی هاتیت بە دوامدا؟

- بۆچی نەیەم؟

ڕۆکسانا- ئەم هاتنە مانایەکی تایبەتی هەیە ها، ئەگەر هاتیت، ئەبێت بۆ هەمیشە ببیت.

- دێم.

ڕۆکسانا- بیر لەو ڕووداوە ناکەیتەوە کە بەسەر مندا هاتووە؟

- بۆ نا، بیری لێدەکەمەوە، بیری لێدەکەمەوەو ناڕەحەت ئەبم، ناڕەحەت لەوەی کە ڕووداوێکت بەسەردا هاتووەو لەو ڕووداوەدا ڕۆح و دەروونت ئازاریان پێگەیشتووەو بریندار بوون، هەر ئەوە.

سەری بەرزکردەوەو سەیری چاوی کردم، وتم:

- ئەمە تەنها ڕووداوێکی تال بووە کە لەوانەیە بۆ هەر کەسێک بێتە پێش، وەک ڕووداوی ئۆتۆمبیل، بە جیاوازی ئەوەی کە لەو جۆرە ڕووداوانەدا جەستەی مرۆڤ ئازاری پێدەگات و لەمیاندا ڕۆحی مرۆڤ.

ڕۆکسانا- بەڕاستی وا بیرئەکەیتەوە؟

- ئەری.

ڕۆکسانا- بەڵام من ساڵەهایە لەبەر ئەم بابەتە خۆمم نەبەخشیوە.

- مەگەر تۆ کارێکت کردبوو وا خۆت نابەخشیت؟

ڕۆکسانا- نەبەخوا!

- دەی ئەم کارەت بێ هۆیە.

ڕۆکسانا- من نەمتوانی پارێزگاری لە خۆم بکەم.

- زۆرکەس هەن کە ناتوانن، ڕووداو لەوانەیە بۆ هەرکەس بێتە پێش.

ڕۆکسانا- یانی ئیتر هیچ کات ئەم بابەتە نادەیتەوە لە ڕووم؟

- ئەم قسانە چین، وەرە بڕۆین، کیسە نایلۆنەکانت لەکوێ دانا؟

لامکردەوە بەلای ئەو شوێنەی کە پێشتر تیایدا وەستابووین، بینیم زەرفەکانی هەر لەوێدا داناوە، چووم هەڵمگرتن و گەڕامەوە بۆ لای و پێموت:

- لەمەودواش ئیتر ئەوەندە مەگری، ئەوەندە بە ئارامی ئەگریت کە مرۆڤ پێی نازانێت تا زووتر ڕێی لێ بگرێت، وەرە بڕۆین.

کەوتینەڕێ، دوای چەند هەنگاوێک ژێر باڵی گرتم و سەری پاڵدا پێمەوە، لامکردەوەو سەیریم کرد و وتم:

- ببینم، خۆ ناگریت؟

ڕۆکسانا- نا، خەریکم پێدەکەنم.

- بەڕاستتە؟

ڕۆکسانا- ئەری، ئەزانی، نیوانی بەدەستهێنانی دڵ و شکاندنی، تەنها سەیرکردنێکە،

یانی تەنانەت بە یەک سەیرکردن ئەتوانی دڵێک شاد بکەیت یان بشکێنیت، لەو کاتەوەی کە بۆ یەکەمجار بینیمیت، بەردەوام لە بیری ئەوەدا بووم کە بە چ شێوەیەک ڕابردوومت بۆ بگێڕمەوە، دواتر لە فاڵەکەتدا بینیم، لەگەڵ منداییت، بەڵام نەمدەزانی چۆن.

- یانی چی؟

ڕۆکسانا- یانی ئەمبینی کە هەیت، بەڵام نەمدەزانی چ جۆرە بوونێکە.

- لەم شتانە تێناگەم.

ڕۆکسانا- دواتر پێت ئەڵێم، ئێستا ناتەوێت پاشماوەی ڕووداوەکە بزانیت؟

- بۆ نا، ئەمەوێت بزانم سەرەنجام چی ڕوویدا.

تۆزێکێتر ڕۆشتین و دواتر وتی:

- بەدەم ئازارو بێهێزییەوە بە هۆش هاتمەوە، دەم و چاوم ئەوەندە ئازاری هەبوو کە نەمدەتوانی سەرم بجوڵێنم، تەنها ساتێک بەرزبوومەوەو دانیشتم، یانی سەرەتا نەمزانی چی بووە، بەڵام کاتێک بینیم جلم لەبەردا نییەو..

نەمهێشت تەواوی بکات و وتم:

- دایکت لە کوێ بوو؟

ڕۆکسانا- کاتێک خۆمم لەو بارودۆخەدا بینی، لەتاو خەفەت خەریکبوو دیقم نەکرد، هەروا ڕاکشام و دەستم کرد بە گریان، خەریکبووم بیرم نەکردەوە کە ئێستا ئیتر چی بکەم، لەپڕ دایکمم بینی بە دیار سەرمەوە، خەریکبوو بە گێژو وێژی سەیری نەکردم، ئێستا ئیتر هەموو شتێک تێگەیشتبوو، هەم ئەو قسانەی کە من پێم وتبوو، هەم پیرۆزباییە گەرم و گوڕو میهرەبانییەکانی فەرامورز بەرامبەر بە من، هەم نەچوونی فەرامورز بۆ ئەو شوێنەی کە بڕیار بوو یەکتر ببینن، هەم عەشقی ئاگرینی فەرامورز بەرامبەر بە خۆی، هەم پێدانی پارە بە فەرامورز، هەم دروستکردنی بینا، هەمووی تێگەیشتبوو، بەڵام ئەوەندە گەمژە بوو هێشتا نەیدەویست باوەڕ بکات، نازانم ئەو ژنە چی لە ژیان ئەویست؟ نازانم چۆن بیری نەکردەوە؟ هێشتا لە دنیای خۆیدا بوو، ئەیبینی چی ڕوویداوە، بەڵام هێشتا نەیدەویست باوەڕ بکات هەموو شتێک تەواو بووە، هێشتا دەیویست باوەڕ بە خۆی بهێنێت کە ئەمانە هەمووی درۆن و شتی وا بوونی نییە.

- یانی ئەوەندە ساویلکە بوو؟

ڕۆکسانا- نا، ساویلکە نەبوو، گەمژە بوو و لەناو خەیاڵدا ئەژیا، هەمیشە بەدوای شتێکی تردا ئەگەڕا، هەمیشە لەناو خەیاڵدا بوو، بەڵام کاتێک من هەستام و بە ئارامی و

بەدەم ئازارەوە جلەکانمم لەبەر کردو زللەیەکی توندم دا لە دەموچاوی، نیتر تێگەیشت کە ئەمانە ڕاستین و خەیال نین.

- لیتدا؟

ڕۆکسانا- ئەری، لیمداو هەرچی بە دەممدا هات پێموت، پێموت کە تەنها لەشفرۆشێکی پیرە، پێموت کە هیچ کات شیاوی باوکم نەبووە، پێموت ئەم چەند کەسەو ئەوانی تریش، تەنها بۆ چێژێکی چەند کاتژمێری یان بۆ پارەکەی ئەویان ویستووە، هەموو ئەمانەم پێوت، ئەگەر بە خۆیدا بهاتایەتەوەو بیزانیایە کە ژیانی دۆڕاندووەو بووەتە هۆی لەناوچوونی ژیانی منیش و هەوڵی بدایە کە بە جۆرێک قەرەبووی ڕابردوو بکاتەوە، لەوانە بمبەخشیایە، یانی ئەگەر هەرکەسێکی تریش بوایە بە دڵنیاییەوە تێئەگەیشت، هەرچی پارەو داهاتی هەبوو، لەژێر دەستی دەرهێنا بوو، تەنها خانووەکەی بۆ مابووەوە.

- یانی فەرامورز هەڵهات؟

ڕۆکسانا- ئەری، سکاڵاو ئەم شتانەش بێسوود بوو، ئەو بێ ڕەوشتە هەموو کارەکانی کردبوو و تەنانەت بلیتیشی بڕیبوو.

- ئەی ئەو بەڵگەنامەی کە وتت چی بوو؟

ڕۆکسانا- بەڵگەنامەیەکی ساختە بوو.

- یانی هەموو پارەکانی هەڵگرت و ڕۆشت؟

ڕۆکسانا- ئەری، دواتر ئێمە ماینەوەو خانوویەک، دایکیشم کە بینی هیچی لەدەست نایەت و پارەشی بەدەستەوە نییە، خانووەکەی خستە سەر فرۆشتن تا دواتر ئاپارتمانێکی پێ بکڕێت و هەندێک پارەشی بەدەستەوە بێت، منیش وام بیرئەکردەوە کە پەشیمانە لەو کارانەی کە کردوویەتی، هەرچەند هێشتا دڵم ئارام نەبوو بووەوە، بەڵام وامئەزانی لەمە بەدوا ڕەفتاری باش ئەبێت، بەڵام نەبوو.

- یانی دیسان؟

زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- ئیتر نا، یانی من ئیتر تاقەتم نەبوو، هەموو شتێکم لەدەست دابوو، تەمەنێک سەختیم کێشا بوو، هەمووی تاوانی ئەو ژنە بوو، ئەگەر بڕیار بوو دیسان ڕابردوو دووبارە ببێتەوە ئەوە ئیتر هیچ.

- ئەی چیت لێکرد؟ یانی چی ڕوویدا؟

ڕۆکسانا- ڕۆژێک کە خەریکبووین بەیەکەوە ئەڕۆشتین بۆ بینینی ئاپارتمانێک بۆ

ئەوەی بیکرین، کاتێک خەریکبووین بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا تێپەڕین، لەپڕ چاوی گەرت بە گەنجێک کە لەوبەری شەقامەکە لەناو ئۆتۆمبیلێکی زۆر کەشخەدا دانیشتبوو و سەیری منی دەکردو پێیەکەنی، ئەو گەمژە بیری نەگردەوە کە ئەو کورە خەریکە سەیری من ئەکات نەک ئەو، وەک هەمیشە دەستیکرد بە مەکرو نازکردن، لەپڕ کۆنترۆڵم لەدەستدا، خۆم هەر ڕقم لێی بوو، زیاتر ڕقم لێی بووەوە، تەواوی ڕابردووم هاتە پێش چاوم و ئیتر نەمزانی خەریکم چی ئەکەم، یانی هەروا کە دەمانویست لەمبەری شەقامەکەوە بچینە ئەوبەر، لەپڕ خۆم وەستام و ئەوم پاڵنا بۆ پێشەوە، هەر لەو کاتەدا ئۆتۆمبیلێک هات و ئیستۆپی گرت، ئەگەرچی ئۆتۆمبیلەکە وەستا، بەڵام بە توندی لێیداو هەڵیدا بۆ ئەولاوە.

- مرد؟

ڕۆکسانا- نا بەداخەوە، بەڵام خراپ هەڵیدا، لەپڕ هەموان ڕژان بەسەرماندا، داماوە ئۆفێرەکە زۆر ترسا بوو، منیش خێرا پێموت کە لێیخوڕێت و بڕوات، ئەویش لە خوای ڕیست، بازیدایە ناو ئۆتۆمبیلەکەی و بۆی دەرچوو، هەموویان وتیان خانم بۆچی واتکرد؟ وتم خەتای ئێمە بوو و ئەو داماوە تاوانی نەبوو.

- دایکت چی لێهات؟

ڕۆکسانا- هیچ، تۆزێک دواتر بەبێ قسە هات بۆ لای من، بە ئارامی پێموت، بەداخەوەم کە هێشتا زیندوویت، سەیرێکی کردم و هیچی نەوت، منیش سەرم داخست و ڕۆشتم، ڕایکرد بەدوامداو دەستی گرتم و وتی بۆ کوێ ئەچیت؟ وتم هەر شوێنێک، بەڵام دڵنیابە ئیتر من نابینیتەوە، دواتر پاڵم پێوەناو وتم بڕۆ بەلای بەڕەلاییتەوە، پاشان لێمداو ڕۆشتم.

تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وەستاو سەیری منی کرد وتی:

- حەزمدەکرد بیکوژم.

ویستم شتێک بڵێم، بەڵام مۆبایلەکەم زەنگی لێدا، هەر کە وەڵامم دایەوە بینیم مانییەو زۆریش پەلەیەتی، تەنها پێی وتم خێرا خۆت بگەیەنەوە ماڵەوە، منیش مۆبایلەکەم داخستەوەو بابەتەکەم بە ڕۆکسانا وت و بەیەکەوە ڕۆشتین بۆ لای ئۆتۆمبیلەکەو سەرکەوتین و سەرەتا ئەوم گەیاند و پێموت دواتر خۆم دێم بۆ بینینی پوری و بە زۆریش چەکێکی پەنجا هەزار تمەنی ترم پێداو ماڵئاواییم لێکردو نیوکاتژمێر دواتر گەیشتمەوە ماڵەوە.

* * *

وەرزی هەشتەم

تازە ئۆتۆمبیلەکەم پارک کردبوو، گوێم لێبوو یەکێک فیکەی بۆ کردم، دابەزیم، بینیم مانی لەسەربانی دراوسێکەمان وەستاوەو خەریکە دەستم بۆ ڕادەوەشێنێت.

- لەسەربانی خەلک چی ئەکەیت؟

مانی- مەگەر ئێرە خانووەکەی خۆمان نییە؟

- زەهری مار، بڕۆ ئەوبەر، ناشرینە.

مانی- هەموو خاکی ئێران مالی منە.

- لەوێ چی ئەکەیت؟

مانی- هێواش! چیتە!؟ بە ئەسپایی وەرە سەرەوە تا پێت بڵێم.

- بەو درەختەدا بێمە سەرەوە؟ من ناتوانم.

مانی- نا، دەرگاکە ئەکەمەوەو وەرە سەرەوە.

- بێمە مالی خەلک؟

مانی- ئاه.. ئێرەش وەک مالی خۆمان وایە، وەرە سەرەوە، شەرم مەکە.

- ئاخر نالێن ئیشت چییە هاتوویتە مالی ئێمە؟

مانی- مەترسە، کەس هیچت پێناڵێت، سلاو بکەو وەرە سەرەوە.

دواتریش بەو سەرەوە شتێکی بە خوارەوە وت، تۆزێک دواتر دەرگاکە کرایەوە، منیش بە ناچاری ڕۆشتمە پێشەوەو چوومە مالی دراوسێکەمان، شەرمیشم نەکرد کە لەوێ چی بڵێم، لە حەوشەکە تێپەڕیم، یەکێک وتی:

- فەرموونە ژوورەوە، کاک مانی لەسەرەوە چاوەڕێتانن.

- ببوورن خانم، بێزارتان ئەکەین، بابەو ئەوان باشن؟

- زۆر مەمنوون، سلاویان هەیە، فەرموون.

چوومە ژوورەوەو بە قادرمەکاندا سەرکەوتم و لە نهۆمی دووەمەوە چوومە سەربان و هەر کە گەیشتم بە مانیم وت:

- تۆ شەرم ناکەیت؟

مانی- بۆچی؟

- ئاخر بیرناکەیتەوە ئەم دراوسێیانەی بەرامبەر، کاتێک تۆ لێرەدا ببینن چی ئەڵێن؟

مانی- ئەمانە ئەوەندە منیان لەسەربانی ئەم مال و ئەو مال□ بینیوە، هەموویان وا ئەزانن تەواوی ئەم خانوانە هی ئێمەن، تۆ جارێ واز لەمانە بێنە، بابەم و مامم لێمان تورەن.

- بۆچی؟

مانی- ئێ بڕیار بوو ئەمڕۆ لە ماڵەوە بووینایەو جەنابت پشووتان بدایە، هاتوونەتە ماڵەوە و بینیویانە لە ماڵەوە نین، کردوویانە بە هات و هاوار، عەزیز پێی وتوون کە تۆزێک پێش ئێستا چوون پیاسەیەک بکەن و خێرا تەلەفۆنی بۆ من کرد.

- ئەی بۆچی بۆ منی نەکرد؟

مانی- کردوویەتی وەڵامت نەداوەتەوە.

- ئێ ئێستا چی بکەین؟

مانی- جارێ وەرە با بچین بۆ مال ئێمە تا پێت بڵێم.

- تۆ لەکوێ بوویت؟ مەگەر لەگەڵ ترمە نەبوویت؟

مانی- با.

- ئەی لێرە چی ئەکەیت؟

هەروا کە خەریکبوو خۆی هەڵدەدایە سەربانەکەی خۆیان، وتی:

- شیفتی ئەوێم تەواو بوو و هاتم بۆ ئێرە.

- بەڕاستی کە مانی!

مانی- ئێ لەم ڕۆژەدا مرۆڤ ناتوانێت بەیەک ئیش ژیانی بەڕێوە ببات، ئەبێت دوو سێ شیفت کار بکەیت تا بتوانێت بژیت، ئێستا زوو بازبدەو لەم نێوانەدا سەری کێشە ئابوورییەکان مەکەرەوە.

لە سەربانی مالی دراوسێکەمانەوە بازمدایە سەربانی مالی مانی و ئەوان و هەردووکمان چووینە ژوورەکەی مانی و مانی وتی:

- خێرا جلەکانت بگۆڕەو جلی ماڵەوە لەبەر بکە، کاتێکیش چووین بۆ لای باوکم و ئەوان، بڵێ نیوکاتژمێر چووینە دەرەوە پیاسەمان کردو گەڕاینەوە ماڵەوە، هەر ئەوە، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تر نەدەیت.

- تۆ نانی نیوەڕۆت خواردووە؟

مانی- بێ تۆ ناخۆش، حەزی لێ نەکەیت، دوو جار خواردم، جارێک شیفتی یەکەم، جارێکیش شیفتی دووەم، وەرە بڕۆین درەنگە.

بەیەکەوە لە قادرمەکان چووینە خوارەوەو ڕۆشتینە حەوشەو لەوێشەوە چووینە حەوشەکەی ماڵی ئێمە، مانی وتی:

- هێواش بڕۆ بە ڕێگەدا، وەک ئەوەی کە هێشتا باش نەبوویت.

هەردووکمان چووینە ژوورەوەو سڵاومان کرد، لەپڕ باوکم وتی:

- لەکوێ بوون؟

مانی- لە ماڵی ئێمە بووین مامە.

مامم- ئەی بۆچی بانگم کردن وەڵامتان نەدایەوە؟

مانی- بە دڵنیاییەوە چووبووینە سەربان، کەی بانگتان کردین؟

مامم- دە جار بانگمان کردن.

مانی- بیست خولەک چووینە دەرەوەو پیاسەمان کردو ئەمە دووبارە سکی دایەوە ئێش و گەڕاینەوە ماڵەوە جلەکانمانمان گۆڕی و چووینە ژوورەکەی من و دواتریش تاقەتمان نەبوو چووینە سەربان.

باوکم- ئێشتان چی بوو لەوێ؟

مانی- لەو سەرەوە سەیری شار دەکەین، ئەوەندە جوانە مامە گیان!

باوکم و مامم سەیرێکی ئێمەیان کردو دواتر سەیری جلەکانمان و هیچیتریان نەوت، دایکم خێرا وتی:

- نانی نیوەڕۆتان خواردووە؟ وەرن دانیشن بۆتان تێبکەم و بیخۆن.

مانی- هەرگیز! هەرگیز! ئەمە هێشتا ئەبێت پارێز بکات.

دایکم- دەی خۆ ئەبوورێنەوە.

مانی- لە دەرەوە شەربەتێکی پرتەقاڵی سروشتیم پێداوە، بەسیەتی.

دایکم- خۆت چی؟

مانی- هیچم پێناخورێت، یانی ئەمڕۆ نییە کە چالاکیم نەبووە، برسیشم نەبووە.

مامم- زۆر باشە، ئێستا وەرن دانیشن ئێشمان پێتانە، کاکم ئەیەوێت قسەتان لەگەڵ بکات.

هەردووکمان دانیشتین، باوکم بە ئارامی وتی:

- دیسان چوون بۆ لای پورتان؟

مانی- پورمان؟ پورمان کنیه؟

مامم- دیسان دەستت پیکردەوە؟

مانی- ئەها! ئەو خانمە؟ نە بابە، دواتر دەرکەوت قۆلبڕە و ئەیەوێت پارەمان لێبکێشێتەوەو ئێمەش وازمان لێهێنا.

مامم- سوێند بەخوا هەرچی بێت بەدەستمدا ئەیگرمە سەرت.

مانی- لەبەرچی؟

مامم- جوان وەڵامی مامت بدەرەوە.

مانی- بەسەرچاو، ئێوە پرسیار بکەن، ئێمەش وەڵام دەدەینەوە.

مامم- ئەو کچە چی بەسەرهات؟

مانی- کامیان؟ یانی کام کچە؟

مامم- هەر ئەوەی کە لەگەڵیدا بوویت.

مانی- پرسیارەکەتان ڕوون نییە، ئەکرێت زانیاری زیاتر بدەن؟

مامم- ئاه.. هەر ئەوەی کە وتت جوانەو واو وایە.

مانی- پرسیارەکەتان ناڕوونتر بوو.

مامم- ئەکێشمە سەرتا.

مانی- ئێ.. بۆچی زۆرم لێئەکەن؟ بەو ناونیشانە سەد دانە ناو هەیە.

دایکم لەپڕ دەستیکردە پێکەنین و چوو بۆ چێشتخانەکە، باوکیشم ڕووی کردە ئەولاوە تا پێکەنینەکەی ئاشکرا نەبێت، مامم وتی:

- ئەوەی کە وتت ئەکتەرە.

مانی- ئەها! ئێ ئێستا search سنورداره، گیانم بۆتان بڵێت، ئەو کچە سوپاس بۆ خوا ساغ و سەلامەتەو باشە، خوا هەموان لەپەنای خۆیدا بپارێزێت.

مامم- ئەڵێم کاری لەگەڵ تۆ گەیشت بە کوێ؟

مانی- کام کاری؟

کە ئەمەی وت، من و باوکم هەردووکمان سەرمان داخست تا پێکەنینەکەمان ئاشکرا نەبێت.

مامم- لا إله إلا الله! هەتیو تێکم مەدە.

مانی- ئاخر بابە گیان، یەکەم بڕیاربوو مامم لەگەڵ ئێمە قسە بکات، جاری خۆ هەر

CamScanner

ئیوە قسە ئەکەن، دواتریش ئیوە بڵێن کام کاری تا من وەلام بدەمەوە؟

مامم- مەگەر نەهاتوویت بڵێیت ئەمەوێت لەگەلی هاوسەرگیری بکەم؟

مانی- ئەتانەوێت ئامادەکاری بکەن بۆ هاوسەرگیرییەکە؟

مامم- نەخێر.

مانی- ئەی بۆچی پرسیار ئەکەن؟

مامم- ئەمەوێت پێت بڵێم بیری هاوسەرگیری لە مێشکی خۆت بکە دەرەوە.

مانی- یانی هەروا بیهێنمە ماڵەوە کێشە نییە؟

من خۆ ئیتر نەمدەتوانی لەتاو پێکەنین سەرم بەرز بکەمەوە، باوکیشم بە بیانووی جگەرەکێشان، هەستاو چووە ئەوسەری هۆلەکە، مامم خۆیشی پێکەنینی ئەهات، بەلام بە زۆر خۆی گرتبوو.

مامم- هەتیو سەر مەخە سەر من خراپ ئەبینیت.

مانی- جوانەمەرگ بم ئەگەر بمەوێت سەر بخەمە سەرتان، بەلام پرسیارەکانی ئیوە زۆر دوولایەنەن.

مامم- من ئەڵێم هاوسەرگیری لە تەمەنی ئیوەدا هێشتا زووە

مانی- ئیوە خۆ هەمیشە ئەتانوت کوڕ هەر کە ڕیش و سمێڵی دەرکرد ئەبێت ژنی بۆ بهێنیت و کچیش هەر کە هێن بوو...

مامم- زەهری مار، مرۆڤ ئەم شتانە لەبەردەم لە خۆی گەورەتردا ناڵێت.

مانی- بەسەرچاو.

مامم- من کاتێک ئەو قسانەم کرد کە هێشتا ڕیش و سمێڵتان دەرنەکردبوو، وام وت تا توشی هەڵە نەبن، ئەگەر نا خودی تۆ لە شازدە ساڵیدا ڕیش و سمێڵت دەرکردبوو، ئەبوو ژنم بۆ بهێنایتایە؟

مانی- ببوورن، ئەی لە سەردەمی ئێمەدا ستانداری ژنهێنان چییە؟ یانی ئەبێت چی دەربکەین تا مەرجەکانمان تێدا بێت؟

مامم- زەهری مار، دیسان لەو قسانەت کردەوە؟ مرۆڤ ئەبێت شەرمی هەبێت لەبەردەم لە خۆی گەورەتردا.

مانی- ببوورن، ئاگام لە خۆم نەبوو.

مامم- من ئەڵێم ئەم هەموو گەنجە لەم وڵاتەدا خەریکی چین؟ هەموویان هەر کە گەیشتن بە کچێک ئەڵێن ئەمانەوێت هاوسەرگیری لەگەل بکەین؟ دیارە کە نا، ئەلی لە

CamScanner

هەر باخیک گولیک.

مانی- ببوورن، ئەم قسەی ئیوە هاندانە بۆ کاری خراپ.

مامم- نا، هەرگیز، من هیچ کات نالیم کاری خراپ ئەنجام بدەن، مەبەستی من ئەوەیە کە ئیوەش جاری ئەو کارانە بکەن کە گەنجانی هاوتەمەنی خۆتان ئەیکەن.

مانی- یانی بڕۆین موعتاد بین؟

مامم- مەگەر ئەم گەنجانە هەموویان موعتادن؟

مانی- تا ڕادەیەک، هەموویان نا، بەلام زۆربەیان لەتاو بەدبەختی و بێچارەیی خەریکن موعتاد ئەبن، ئێستا ئەگەر بە باشی ئەزانن ئێمە قسەمان نییە.

مامم- من وتم بڕۆن موعتاد بن؟ وتم جاری بڕۆن ماوەیەک هەروا بۆ خۆتان بگەڕێن تا دوایی.

مانی- دواتر یانی کەی؟ کاتێک بووین بە چل ساڵا؟ نەکا ئیوە بەنیازبن مارەبڕین و گواستنەوەمان یەک بێت!؟

من ئیتر خۆ هەر پێئەکەنیم، باوکم لە هۆلەکە چووە دەرەوەو دەنگی پێکەنینی دایکیشم لە چێشتخانەکەوە ئەهات، مامم هەروا سەیری مانی ئەکرد، مانی وتی:

- ببوورە بابە گیان، بەلام یانی نابێت هیچ بەرگرییەک لە خۆمان بکەین؟

مامم- مەگەر خەریکین لێرە سەرتان ئەبڕین وا ئەتانەوێت بەرگری لە خۆتان بکەن؟

مانی- نا، بەلام ئیوە ئەڵێن کاتی ژن هێنانتان نییە، دواتر ئەڵێن بڕۆن بۆ خۆتان بگەڕێن و لە باخەکان گول بچنن، ئینجا ئەڵێن کاری خراپیش نەکەن، دواتر ئەڵێن هەر کارێک گەنجەکانی تر کردیان ئیوەش بیکەن، دواتر چاوەڕێ بکەین تا ئەبینە چل سال و ئەوکات ژنمان بۆ بهێنن، بە دڵنیاییشەوە ئەبێت لەو تەمەنەدا کچێکی سی و حەوت سی و هەشت ساڵە بهێنین، دەی خۆ سەرمان ببڕن باشترە، ئاخر لە کوێی دنیا بینیوتانە بە گەنجێک کە کاتی ژنهێنانیەتی، بڵێن بڕۆ بە شەقامەکاندا بگەڕێ و کاری خراپیش مەکە؟ ئێستا گریمان ئێمە بچین بە شەقامەکاندا بگەڕێین، خەڵکی نالێن ئەم دوانە شێت بوون و لە پەسا لە شەقامەکاندا بە دەوری خۆیاندا ئەخولێنەوە؟

مامم- بۆچی بە شەقامەکاندا؟ بڕۆن بە دنیادا بگەڕێن، سوپاس بۆ خوا خۆ پارە هەیە.

مانی- دەی ئەگەر ئەتانویست ئێمە ببینە جیهانگەڕ، بۆچی بە زۆر ناچارتان کردین کە بخوێنین و لە کۆنکۆر وەربگیرێین و بچینە زانکۆو بەکالۆریۆس بەدەست بهێنین؟ هەر لە سەرەتاوە تورەکەیەکتان بۆ بکڕینایەو هەم خۆتانتان ئاسودە بکردایەو هەم ئێمە.

مامم- دیسان دەستت کردەوە بە هەلیت و پەلیت وتن؟

مانی- ببوورن، بەسەرچاو، بەلام ئەگەر ڕووداری نییە، پێمان بڵێن ئێمە ئەبێ بەپێ دەست بکەین بە جیهانگەڕی یان بە پاسکیل؟ یانی ئەڵێم ئەگەر بڕیارە بە پاسکیل بڕۆین، لەبیرمان نەچێت تایەکانی پڕ بکەین لە هەوا، ئێنجا گەشتی یەکەممان لە هندستانەوە دەست پێبکەین یان ڕۆژهەلاتی دوور؟

مامم- هەستە بڕۆ بەلای کارتەوە، هەر پێویست ناکات قسە بکەیت، هەستە بڕۆ بزانم.

هەردووکمان هەستاین و هاتینە حەوشەکە، گوێم لێبوو کە مامم و ئەوان هەرسێکیان خەریکبوون پێئەکەنین، خۆشم هەروا کە خەریکبووم پێئەکەنیم، بە مانیم وت:

- ئەوەندە سەر مەخە سەر مامم.

مانی- دە وەرە سەیری ئەمە بکە! بابەم بە مەبەست کارێکی وا ئەکات تا من ئەم شتانە بڵێم، بۆ ئەوەی دواتر کە تەنها ئەکەوێت بکەوێتە بیری و پێبکەنێت، دڵخۆشە بە بوونی وەها کوڕێک، بەڕاست با بڕۆین سەرخەوێک بشکێنین، شەو ترمە بانگهێشتی کردووین بۆ ماڵی خۆی، وتی تۆو ڕۆکساناش بێن.

- بۆچی؟

مانی- هەروا، وتی شەو بەیەکەوە بین.

- من خەوم نایەت ئێستا.

مانی- بەلام من خەوم دێت، ماندووم.

- بۆ مەگەر چیت کردووە؟

مانی- بابە مرۆڤ کاتێک دووشیفت کار دەکات، پێویستی بە کاتژمێرێک خەویش هەیە ئیتر، تازە ئەبێت هێزمان تێبێتەوەو ئامادەبین بۆ گەشتی هندستان.

هەردووکمان چووین بۆ ماڵی مانی و ئەوان و مانی خەوت و منیش گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆمان و ئاوێکم کرد بە خۆمداو دواتریش لێی ڕاکشام و ئەوەندە گوێم لە شریت گرت تا خەو بردمیەوە. کاتژمێر نزیکەی پێنج و نیو بوو کە مانی بانگی کردم، هەستام و تا کارەنمانم کرد، بوو بە کاتژمێر شەش و تەلەفۆنم کرد بۆ ڕۆکساناو بابەتی میوانییەکەم پێوت و بڕیار بوو خۆی ئامادە بکات تا بچم بەدوایدا. لەگەل مانی لە ماڵ هاتینە دەرەوەو کەوتینە ڕێ بەرەو ماڵی پوری و نیوکاتژمێر دواتر گەیشتین و چووینە ژوورەوە تا هەم پوری ببینین و هەم ڕۆکساناش لەگەل خۆمان هەلگرین و بڕۆین، چارەکێک بیست خولەک زیاتر لەوێ نەماینەوە، یانی کاتێک گەشتین ڕۆکسانا هێشتا

خۆی ئامادە نەکردبوو تا ئێمە چاییەکمان خواردەوە، ئەویش تەواو بوو و کاتێک هاتە ژوورەوە بڕوام نەئەکرد ئەم ڕۆکسانا هەر ئەو ڕۆکسانا بێت، یانی ئەو چلانەی لەبەر کردبوو کە بۆم گڕیبوو، زۆر پێی ئەکەوت، قژیشی زۆر جوان ڕێکخستبوو و کەمێک ماکیاژیشی کردبوو، ئەوەندە جوان بووبوو کە حەزم نەئەکرد چاوی لەسەر هەلگرم. تۆزێک دواتر مالئاواییمان لە پوری کردو ڕۆکساناش یەکێک لە ڕووپۆشەکانی لەبەرکرد کە جوانتری کردو لەچکێکیشی دا بەسەریداو هەرسێکمان کەوتینەڕێ و چارەکێک دواتر گەیشتینە بەردەم مالی ترمەو دابەزین و زەنگی دەرگاکەیمان لێداو دەرگاکەی کردەوەو چووینە سەرەوە، ترمە زۆر خۆی جوان کردبوو و چاوەڕێمان بوو، هەر کە ڕۆکسانای بینی، هەردووکیان دەستیانکردە گریان و باوەشیان کرد بە یەکدا، من و مانیش تۆزێک سەرمان خستە سەریان و بە کورتی چووینە ژوورەوە، مالی ترمە ئاپارتمانێک بوو کە دوو ژووری هەبوو، یەکیان ژووری خەوتن بوو و ئەوی تریشیان ژووری میوان لەگەل هۆڵێکی بچکۆلانە، ترمە چوو چایمان بۆ بهێنێت و ڕۆکساناش چوو بۆ یارمەتیدانی و من و مانیش لە سەر دوو قەنەفە دانیشتین، بە مانیم وت:

- مەگەر بڕیار نەبوو ترمە خان لەسەر خێر بارگەی سەفەر بپێچێتەوە؟

مانی- خوا لە دەمت ببیستێت، إن شاوالله هەرچی زووترە ئەم ترمە خانمە بارگەی سەفەر بپێچێتەوە.

- زەهری مار، مەبەستم مال گواستنەوە بوو، مەگەر بڕیار نەبوو بێتە خانووەکەی سەرەوە؟

مانی- بۆ نا، بەلام نایەت.

- بۆچی؟

مانی- چوزانم.

- ئێ کەمێک کەلوپەل بکڕەو خانووەکەی بۆ ئامادە بکە.

مانی- ئامادەیە، هەندێک شتیشم بۆ کڕیوەو بردومن بۆ ئەوێ، بەلام خانم جاری نایەت.

- ئاخر بۆچی؟

مانی- بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆی هەیە.

- ئەوکات تۆش هیچت پێنەوت؟

مانی- با وتم.

- چیت وت؟

مانی- وتم چش که نایەیت.

- وەلا ناهەقی ناگرم ئەگەر نەیەت، منیش بوومایە نەنەهاتم.

هەر لەم کاتەدا ترمە بە سینییەک چاییەوە هاتە ژوورەوە و بە دوایشیدا ڕۆکسانا بە قاپێک میوەوە، ترمە هەروا کە خولکی دەکردین بۆ چایی وتی:

- زۆر مەمنوون کاک هامون، ئەزانم ئێوە بە تەواوی ئەم مانییە ئەناسن، هەر بۆیە من جاری ناتوانم هیچ دڵێک بەمە خۆش بکەم.

مانی- بۆچی ناتوانیت دڵم پێ خۆش بکەیت؟

ترمە- چونکە متمانەت پێناکەم.

مانی- مەگەر چیت لێم بینیوە؟

ترمە- هیچم نەبینیوە، بەڵام هێشتا متمانەت پێناکەم، فەرموون چاییەکانتان هەڵبگرن.

مانی- خۆ شت و متت تێنەکردووە؟

ترمە- چیم تێنەکردووە؟

مانی- جادوو و مادوو و ئەم شتانە.

ترمە- بڕۆ ونبە، من پێویستم بەم شتانە نییە، هەر پێویست ناکات چاییەکەش بخۆیتەوە.

مانی خێرا چاییەکەی هەڵگرت و وتی:

- تۆو پوری و ئەم ڕۆکسانا خانەو ئەو دوو هاوڕێیەی ترتان بە یەکەوە دەستتان تێکەڵ کردووە و بەپێی نەخشەیەکی دارێژراو، دوو مێردی وەکو من و هامونتان بۆ خۆتان دۆزیوەتەوە، بەڕاستی پیرۆزباییتان لێئەکەم، ئەم دوو مێردە سی سال گرنتی کارگەیان لەگەڵدایەو لەگەڵ پەنجا سال گرنتی پارچەی یەدەک و خزمەتگوزاری دوای فرۆشتن.

ترمە- ئەمشەو لێرە میوانیت، وەلامت نادەمەوە.

مانی کەمێکی لە چاییەکەی خواردەوەو وتی:

- بۆچی چاییەکەت تامی (د.د.ت) دەدات؟ نەکا ژەهراویم بکەیت و دواتر نەنەرێک بهێنیت و مارەت بکات لە من؟ ئەو گرێبەستە پووچەڵە ها، با لە ئێستاوە پێت بڵێم، هەرچەند ئەگەر لەبری (د.د.ت) سیانوریشم دەرخوارد بدەیت ئەستەمە بتوانیت بەڵێ لە من وەربگریت.

ترمه هەروا کە پێکەنی و ئەچوو بەرەو چێشتخانەکە، وتی:

- خوا لە ناخی دڵت ببیستێت.

ڕۆکسانا هاتە تەنیشتی من دانیشت و دەستیکرد بە دانانی میوە بۆمان، مانی وتی:

- ڕۆکسانا خان ئێوە کەمێک قسە لەگەڵ ئەم کچەدا بکەن و ئامۆژگاری بکەن، پێی بڵێن خەریکە لەقە ئەدات لە بەختی خۆی، ئەمشەو دواییین جارە کە شانازی هاوسەربوونی خۆمی پێئەدەم، سوێند بە گۆڕی باوکم ئەگەر ئەمشەو تێپەڕێت، هەرکات پشت گوێی خۆی بێنی، ئەو کاتە منیش ئەبینێت.

ڕۆکسانا- خۆ باوکتان زیندوون.

مانی- مەبەستم دایکم بوو.

هەر کە ئەمەی وت، ترمە لە چێشتخانەکەوە دەستیکرد بە پێکەنین بە دەنگی بەرز، مانی بە ئارامی وتی:

- تێکچووە!

ترمە لە چێشتخانەکەوە سەری هێنایە دەرەوەو وتی:

- چیت وت؟

مانی- وتم یاخوا بەقوربانی ئەو پێکەنینانەت بم کە ئەوەندە شیرینن.

ترمە پێکەنی و گەڕایەوە بۆ چێشتخانەکە، مانی دووبارە بە ئارامی وتی:

- مەگەر تۆ نەبێتە ژنی من! کارێکی وا ئەکەم کە زەردەخەنەت لا ببێتە ئارەزوو، کچە تیوەی هاروهاج، بە من ئەڵێت متمانەت پێناکەم، خەڵکی دێن کچی خۆیان بە ئەمانەت ئەسپێرنە دەستی من و بە مانگ ئەچن بۆ گەشت و گەڕان، ئەوکات ئەم باوان شێواوە پێم ئەڵێت متمانەت پێناکەم، تۆخوا سەیرکە کاری ئێمە گەیشتووەتە کوێ! ئیشەڵا خێر نەبینی پورێ کە ئەم نانەت خستە کۆشی من.

- زۆر بێئەدەبی مانی.

مانی- بڕۆ تۆش، بوویت بە پورێ ناس لە من.

- دەی ترمە خان ڕاست دەکات.

مانی- درۆ ئەکات وەکو هێن، یانی وەکو درۆزنێک، لەو کاتەوەی کە منی ناسیوە ناتوانێت بەبێ من بژی، دوو کاتژمێر تێپەڕی و تەلەفۆنی بۆ نەکەم، وەکو مریشکی سەربڕاو پەلەقاژەیەتی، سەیری ئێستای مەکەن کە ئەڵێت بە من بێ بڕوایە.

- بە من بێبڕوایە یانی چی؟

مانی- ئاه...! زاراوەیەکی کۆنە، یانی لێم نائەرخەیانە.

- ئەمەیان یانی چی؟

مانی- بڕۆ لە دایک و باوکت بپرسە یانی چی.

- بێ تەربیەت.

لەپڕ ترمە لە چێشتخانەکە هاتە دەرو بە مانی وت:

- چی ئەڵێیت تۆ؟

مانی- هیچ بەخوا.

ترمە- چاییەکەتت خواردەوە؟

مانی- ئەرێ، دەستت خۆش بێت، زۆر نایاب بوو، بەڵام هێشتا جادوو مادووەکانی کاریگەرییان دەرنەکەوتووە.

ترمە- من و ڕۆکسانا ئەوەندە جوانین کە پێویستمان بەو شتانە نییە، ئێستا ئەگەر ئەوێریت هەستە وەرە بۆ چێشتخانەکە، بیسەلمێنە کە ڕاستگۆیت.

مانی- من مانیم، سادق باوکمە.

ترمە- بێتام مەبە، هەستە وەرە، ڕۆکسانا گیان تۆش ڕووپۆشەکەت داکەنەو ئاسودەبە.

ڕۆکسانا هەستاو ڕووپۆشەکەی داکەندو بە منی وت:

- هەستە وەرە هامون.

- بۆ کوێ؟

ڕۆکسانا- چێشتخانەکە.

- چێشتخانە؟ بۆچی؟

ڕۆکسانا- وەرە خۆت تێئەگەیت.

ترمە- هەستە مانی، کاتی تاقیکردنەوەیە.

مانی- ئەتەوێت هەر ئێستا تاقیکردنەوە بکەم؟

من و ڕۆکسانا پێکەنین، ترمە وتی:

- بەڵێ.

مانی- من خەت کوژێنەم نەهێناوە خۆ.

ترمە- پێویست بە خەت کوژێنە ناکات، تەنها خۆت وەرە، چییە؟ ئەترسیت؟

مانی- ترس؟ ج خەیاڵێکی خاو!

دواتر خێرا لە جێگەکەی هەستاو هەروا کە ئەڕۆیشت بەرەو چێشتخانەکە، وتی:

- هەر ئیستا بمخەنە ناو یەک فەوج کچەوە، بە گیانی ئەم هامونە ئەوەندەی سەرە سوژنیک ترس لە دڵمدا نییە.

هەر لەم کاتەدا گەیشتە بەردەم چێشتخانەو سەیرێکی کردو دواتر لایکردەوە بەلای ترمەداو وتی:

- ئەمانە چین؟ سەقاخانەت کردووەتەوە؟

هەستام و چووم بەرەو چێشتخانەکە، بینیم مێزێک لە ناوەڕاستی چێشتخانەکەدایەو سێییەکیان خستووەتە سەری و نزیکەی بیست سی مۆمیان لەناویدا داگیرساندووە.

مانی- جەژنی لەدایکبوونم بۆ ئەگێڕیت؟ خۆ ئەمڕۆ نییە.

ترمە- بەمە ئەڵێن یاری ڕاستی و ڕاستگۆیی، بڕۆ لە پشت مێزەکەوە دانیشە.

مانی- من هەرگیز ناچمە ئەوێ دانیشم، یانی چی؟ ئەتانەوێت بزانن مرۆڤ ڕاستگۆیە یان نە؟ ئێ بڵێن سەد دانە شایەت و بەڵگەتان بۆ ئەهێنم، یان هەر وەرن بۆ گەڕەکەکەمان شایەت کۆبکەنەوە، ئیتر ئەم کارانە یانی چی؟ وەرە بڕۆین هامون، جێیەک کە ئەوەندە بە شک و گومان بن لە دوو گەنجی پاک و ڕاستگۆ، بەکەلکی ئەوە نایەت قاچی تێبخەیت، تف لەم ڕۆژگارە کە کەس متمانە بە کەس ناکات، وەرە بڕۆین هامون.

هەر کە ئەمەی وت، ترمە پاڵی پێوەنا بۆ چێشتخانەکەو دواتریش بلوزەکەی گرت و ڕایکێشاو بە زۆر دایێنیشاندە سەر کورسییەک لە پشت مێزەکەوە.

مانی- بۆچی پاڵ ئەنێیت؟ ئێ بڵێ بڕۆ دانیشە، دائەنیشم.

من و ڕۆکسانا لە تەنیشت یەک، لەسەر دوو کورسی دانیشتین، ترمە گڵۆپەکانی کوژاندەوەو خۆیشی هات دانیشت، مانی سەیرێکی کردین و وتی:

- وای! شێوەتان چەند ترسناکە! من ئەترسم گڵۆپەکان داگیرسێنن.

ترمە- بێدەنگ، ئیتر بابەتەکە ڕاستییە.

مانی- ئەتانەوێت چیمان لێبکەن؟ من بە بابەمم وت دێم بۆ ئێرە ها، ئەگەر یەک کاتژمێر دوا بکەوم دێت بەدوامدا.

ترمە- مانی ناخۆشی مەکە.

مانی- وای دەم و چاوت چەند ترسناکە ترمە گیان! لەو کچەی فیلمی جنگر ئەچیت.

ڕاستی دەکرد، ڕووناکی مۆمەکە لە ژێرەوە کەوتبووە سەر دەم و چاومان و دیمەنمان زۆر سەیرو نامۆ بوو!

ترمە- ئەم یارییە سێ و سێ مۆمە، ڕۆکسانا شارەزایە، بەم جۆرەیە، ئێمە

هەرکەسێکمان بوێت پرسیاری لێبکەین، ئەگەر ئەو کەسە بەڕاستی وەڵامی دایەوە، مۆمەکان ناجوڵێن، بەڵام ئەگەر درۆ بکات، مۆمەکان ئەجوڵێنەوە، ئێستا ئامادەن؟

من سەرم ڕاوەشاند، لایکردەوە بەلای مانیداو وتی:

- ئەگەر بڕوات بە خۆت نییە، هەر ئێستا هەستەو بڕۆ.

مانی- من بڕوام بە خۆم نییە؟ ئەمە لەو قسانە بوو، دەستپێبکە بزانم.

ترمە- ئێ، دەستی یەک بگرن.

دەستی یەکمان گرت، ئەملام مانی بوو و ئەولام ڕۆکسانا، لەپڕ لامکردەوە و سەیری ڕۆکسانام کرد، وا دیار بوو ئەویش هەمان هەستی هەبوو، خەریکبوو پێدەکەنی.

مانی- مەگەر دەسکی دەرگات گرتووە وا ئەوەندە فشاری ئەدەیت؟ هێواش ندی و بدی.

گشتمان دەستمان کرد بە پێکەنین، ترمە وتی:

- ئێ، کاک مانی تەمەنت چەندە؟

مانی سەیرێکی ترمەو دواتر سەیرێکی مۆمەکانی کردو بە ئارامی وتی:

- بیست و حەوت، بیست و هەشت.

مۆمەکان جوڵەیان لێوە نەهات.

مانی- بینیتان؟ هیچ جوڵەیان لێوەنەهات، هەستە گڵۆپەکان داگیرسێنە، ڕوو سپی دەرچووم، هەستە بزانم.

ترمە- تازە سەرەتایەتی، ئارامت هەبێت.

مانی- ئێ ئیتر سەرەی من تەواو بوو، با هامون تاقی بکەینەوە.

ترمە- سەرەی کاک هامونیش دێت، ئێستا بڵێ بزانم، تا ئێستا جگە لە من بە چەند کەسی ترت وتووە خۆشم ئەوێیت؟

مانی- هیچ کەس.

هەر کە ئەمەی وت ئاگری تەواوی مۆمەکان دەستیان کرد بە جوڵانەوە. من و ڕۆکسانا دەستمان کرد بە پێکەنین.

مانی- مۆمەکانت زۆر بێ کەڵکن! بە چەند کڕیوتن؟ دوو قڕان؟

ترمە- کێشە لە مۆمەکانەوە نییە، دڵنیابە.

مانی- یانی چی؟ ئێ مرۆڤ کاتێک قسە ئەکات، هەناسە لە دەمیەوە دێتە دەرەوەو ئاگری سەر مۆمەکان ئەجوڵێن ئیتر، پەیوەندی بە درۆ و ڕاستییەوە نییە.

ترمە- زۆرباشە، هەمان پرسیار لە کاک هامون ئەکەین، ڕۆکسانا گیان تۆ لێی بپرسە.
ڕۆکسانا لایکردەوە بەلای منداو زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:
- پێت ناخۆش نابێت ئەگەر پرسیارێکی وات لێبکەم؟
مانی- دە وەرە، فێربە خانم، ئەم پرسیارە هەر خۆی جۆرێکە لە سوکایەتی کردن بە مرۆڤ، ئەویش بە کەسێکی وەکو من، من ئیتر یاری ناکەم.
ترمە- دانیشە تا تورە نەبووم، تاوەکەت بیرچووە؟
مانی- چ گیرێکمان خواردووە، بابە مرۆڤ شەو یاری بە ناگر بکات، لە جێگەی باران نەبارێت، واز بهێنن ئیتر.
ترمە- هەڵئەستم ها!
مانی- ئاه..... لە پەسا هەڕەشە ئەکات.
ترمە- بێدەنگ.
لامکردەوەو بە ڕۆکسانام وت:
- هەرچیت ئەوێت بپرسە.
ڕۆکسانا- تا ئێستا بە چەند کەست وتووە خۆشمئەوێیت؟
لامکردەوەو سەیری مانیم کرد، چاوی بڕیبووە مۆمەکان، بە ئارامی وتم:
- چوار کەس.
ئاگری مۆمەکان جوڵەیان لێوە نەهات.
ڕۆکسانا- ئەوانە کێن کە پێت وتوون؟
- مانی، باوکم، دایکم و مامم.
ئەمجارە ئاگری مۆمەکان جوڵانەوە، لەپڕ مانی بە دەنگی بەرز وتی:
- ئاخ! ئیشەڵا ئیفلیج بیت ترمە.
ترمە- کاک هامون دووبارە وەڵام بدەنەوە، ئەمە لێرەوە فووی کرد تا ئاگری مۆمەکان بجوڵێنەوە.
هەرسێکمان دەستمان کرد بە پێکەنین، من دووبارە وتمەوە:
- مانی، دایکم، باوکم و مامم.
ئاگرەکان نەجوڵانەوە.
ترمە- بینیت کاک مانی؟ ئەم یارییە ڕاستییە.
مانی- چی چی ڕاستییە؟ ئەم هامونە نەخۆشە، گیانی تیا نییە قسە بکات، هەر بۆیەش

ئاگری ئەمانە جولەیان لێوە نایەت، من چونکە گەرمم، گەرمی بدات لە گەرمی، بەپێی یاسا فیزیاییەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی جولە، هەر بەم ئاسانییە، پرسیارێکی ترم لێبکە.

ترمە- باشە، تۆ مرۆڤێکی ڕاستگۆیت یان نە؟

مانی- دەی دیارە....

هەر کە ئەمەی وت ئاگرەکان دەستیان کرد بە جولە.

مانی- یانی چی؟ ئەمانە پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە ئەجولێن، ئەمە قبول نییە.

ترمە- دەی درۆ ئەکەیت.

مانی- من هێشتا نەموت دیارە کە چی، لەوانەیە بموتایە دیارە کە نا، ئەمانە پێش ئەوەی وشەی کۆتایی بڵێم، جولان.

ترمە- تۆ تەنها بڵێ بەڵێ یان نەخێر.

مانی- دەی پرسیارەکەت دووبارە بکەرەوە.

ترمە- تۆ مرۆڤێکی ڕاستگۆیت یان نا؟

مانی سەری بە نیشانەی بەڵێ ڕاوەشاند.

ترمە- نابێت بەسەر وەڵام بدەیتەوە، ئەبێت قسە بکەیت.

مانی- نەخێر، هەرگیز وا نییە، وەڵام هەر وەڵامە ئیتر، ئەم مۆمانە ئەگەر مرۆڤ بن، لە وەڵامەکەی من تێئەگەن.

ترمە- ئەبێت قسە بکەیت، نابێت بەسەر وەڵام بدەیتەوە.

مانی- لە دادگاش ئەگەر دادوەر پرسیارێک بکات و بۆ نمونە بڵێت کاکە تۆ مرۆڤت کوشتووە، کابراش بە سەر وەڵامی بەڵێ بداتەوە، وەڵامەکەی قبول ئەکەن و ڕاستەوخۆ لەسێدارەی ئەدەن، ئێستا ئەم چوار مۆمە، سەری منیان بەم زلییە پێ قبول نییە؟

من و ڕۆکسانا دەستمان کرد بە پێکەنین، ترمە وتی:

- مانی خەریکی تورەم ئەکەیت.

مانی- ئاخر تۆ ئەتەوێت بە زۆر دانپێدانانی درۆ لە من وەربگریت، مافی خۆمە بەرگری لە ئابڕووم بکەم یان نا؟

ترمە- تۆ تەنها بە ئارامی بڵێ بەڵێ یان نەخێر، هەر ئەوە، ئاگرەکان خۆیان تێئەگەن تۆ درۆ ئەکەیت یان ڕاست.

مانی- ئاخر ئەم چوار مۆمە چۆزانن ڕاست و درۆ چییە؟ بابە با بێت ئەجولێن، با نەیەت ناجولێن.

ترمە- وەلام بدەرەوە مانی ئەگەر نا زویر ئەبم.

مانی- ئاخر پرسیارەکەی تۆ پرسیارێکی گشتییە، ڕاستگۆیت یانی چی؟ مرۆڤ لە هەندێک شوێندا ئەبێت چەند درۆیەک بکات کە بەرژەوەندی تێدایە، بۆ نموونە دوێنێ شەو، بۆ ئەوەی کە ئەم کاک هامونە بگەیەنم بە ڕۆکسانا خانم سەد درۆی زلم کرد، ئەم مۆمانە خۆ ئەم شتانە لەیەک جیاناکەنەوە، لەبڕ ئەلەرینەوەو مرۆڤ بە درۆ ئەخەنەوە، نازانن کە ئەم لەرینەوانە هی درۆیە کە لە پێناو بەرژەوەندیدا بووە یان شتێکی تر.

ترمە- باشە، پرسیارەکەم ئەگۆڕم.

مانی- ئەها! ئەمەیان تەواوە، بپرسە.

ترمە- تۆ جگە لەو درۆیانەی لەبەر بەرژەوەندی و ئەنجامدانی کاری باش ئەیانکەیت، درۆی تریش ئەکەیت؟

مانی- سەیرێکی مۆمەکان و دواتریش سەیرێکی منی کردو بە ئارامی وتی:

- نا.

هەر کە ئەمەی وت ئاگری مۆمەکان دەستیان کرد بە جولانەوە، مانی بە تورەییەوە وتی:

- بابە مۆمەکان خراپن بە خوا.

ترمە- هیچ خراپ نین.

مانی- ئاخر خۆتان بڵێن، من تەنها یەک وشەم وت، ئەویش بە ئارامی وتم نا، ئەوکات ئەمانە ئەبێت وەها بلەرزن کە ئەڵێی لێرەدا تۆفان ڕوویداوە؟ مەگەر من بە وتنی یەک نا چەندێک بام لێ دەرئەچێت وا ئەمانە وەک بی ئەلەرزن؟

من و ڕۆکسانا هەر مردبووین لەتاو پێکەنین، ترمە خۆیشی پێکەنینی ئەهات.

مانی- سەیرکەن، خۆشتان ئەزانن کە ئەم مۆمانە ڕقیان لە من هەڵگرتووە.

ترمە- نەخێر درۆکانت ئەوەندە گەورە و شاخدارن، بۆیە ئاوای لێدێت.

مانی- دەی پرسیارێکی تر لەم هامونە بکەن با من ببینم بزانم ئەمانە ئەجوڵێنەوە یان نا.

ترمە- ڕۆکسانا گیان بپرسە.

ڕۆکسانا لایکردەوە بەلای منداو سەیرێکی کردم و دواتر دەستی گوشیم و وتی:

- منت خۆشئەوێت؟

- ئەری، زۆر!

ئاگرەکان جولەیان لێوە نەهات.

ترمە- ئێستا بینیت؟

مانی- من قبوڵی ناکەم، ئەم شوێنەی کە من لێی دانیشتووم، کزەیەکی دێت و ئەمانە ئەجوڵێنەوە، با من و هامون جێگەکانمان بگۆڕینەوە.

بە پێکەنینەوە هەستام و چوومە سەر جێگەکەی مانی و ئەویش هاتە سەر جێگەکەی من، ترمە وتی:

- ئێستا بڵێ بزانم، تۆ جگە لەو درۆیانەی کە لەپێناو بەرژەوەندیدا ئەیانکەیت، درۆی تریش ئەکەیت؟

مانی بە ئارامی وتی:

- چک!

ترمە- بڵێ بەڵێ یان نەخێر.

مانی- ئێ چکیش وشەیەکە ئیتر.

ترمە- مانی بە گیانی خۆت ئەگەر وەڵام نەدەیتەوە زویر ئەبم.

مانی- زۆرباشە بابە، وەڵام ئەدەمەوە.

ترمە- تۆ جگە لەو درۆیانە لەپێناو بەرژەوەندیدا، درۆی تریش ئەکەیت یان نە؟

ئەمجارە بە ئارامی وتی:

- نا

دووبارە ئاگرەکان لەرینەوە، مانی بە تورەییەوە وتی:

- ئەی مۆمە دوو قرانییەکان، ئەگەر من فووم تێنەکردن تا بکوژێنەوەو ئەوەندە نەلەرزنەوە! دواتریش فڕێتان ئەدەمە سەتڵی زبڵەوە.

ترمە- کێشە لە خۆتەوەیە نەک مۆمەکان.

هەستام تا بچمە سەر جێگەکەم دابنیشم، مانی سەیرێکی کردم و وتی:

- ئەی هامونی سەگباب تۆ چی ئەکەیت وا ئەمانە جولەیان لێوە نایەت؟ زۆر بێوەفایت، منیش فێر بکە، ئەوەندە من لە ژیانا تۆم فێری شت کردووەو یارمەتیم داویت!

هەموومان دەستمان کردە پێکەنین، مانی لە جێگەکەی هەستاو چووە ئەولاوە، لای ترمە دانیشت و وتی:

- بابە ئەم دوابڕاوانە بکوژێننەوە، ئەمانە هەمووی فشەن، سەیرکە لەسەر جولان یان نەجولانێک خەریکە نێوان و من و تۆ تێکئەچێت.

CamScanner

ترمە- ئێستا کە خەریکە دەستت ناشکرا ئەبێت؟

مانی- بابە ئێستا گریمان مرۆڤ دوو درۆش بکات، ئەمە خۆ بەڵگەی خراپبوونی نییە، یان بزانم، بۆچی هەر ئێوە پرسیار لە من ئەکەن؟

ترمە- ئێ تۆش پرسیار لە من بکە.

مانی- باشە.

دواتریش دەستیکرد بە بیرکردنەوە، ترمە وتی:

- خێراکە، مۆمەکان تەواو ئەبن.

مانی- چش، وازیان لێبێنە، با بسووتێن سەگبابانە، لە خۆڕا نییە کە کردوویانن بە مۆم، بە دڵنیاییەوە شتێکیان کردووە و ئەبێت سزا بدرێن، هەر ئەم تێکدانی نێوانی مرۆڤانە، مەگەر شتێکی کەمە؟ لەپەسا ئەڵێن مۆم و گوڵ و پەپولە و بولبول، هەر ئەم مۆمە ناپاکەیە کە سەرەتا نێوانی گوڵ و بولبول تێکئەدات و دواتریش پەپولە ئەسوتێنێت، ئەوکات ئێوەیەک بەم زلییە، باوەڕ بە قسەی ئەم سەگبابانە ئەکەن.

ترمە- بپرسە.

مانی- زۆرباشە بابە.

تۆزێک بیری کردەوەو دواتر وتی:

- تۆ کە منداڵ بوویت، شەوانە میزت ئەکرد بە خۆتدا یان نا؟ خێرا وەڵام بدەرەوە.

من و ڕۆکسانا دەستمان کرد بە پێکەنین.

ترمە- زەهری مار، ئەمە چ پرسیارێکە؟!

مانی- ئێ پرسیارە ئیتر.

ترمە- پرسیارێکی باش بکە.

مانی- مەگەر لە میزکردن باشتر هەیە؟

ترمە- وێبە، ناشیرینە.

مانی- لەبەردەم ئەم مۆمانەدا ئەوەندە قسەی ناشرین مەکە، دوایی ئەڕۆن لە پاشەمڵە باست ئەکەن و ئەڵێن ئەکتەری ئەمانە چەند بێ تەربیەتە.

ترمە- پرسیاری جوان بکە.

مانی- باشە، بڵێ، کاتێک کە بچووک بوویت پەنجەت ئەکرد بە لوتدا یان نا؟

ترمە- مردووشۆر بتبەن بۆ خۆت و پرسیارت.

مانی- سەیرکە ئەترسیت وەڵام بدەیتەوە، زۆرباشە، پرسیاری دواتر، تۆ تا ئێستا بە

شیوەیەکی دیاریکراو چەند جار تووشی سکچوون بوویت؟

من و ڕۆکسانا دەستمان کرد بە پێکەنین، ترمە وتی:

- ئیتر پێویست ناکات پرسیار بکەیت.

مانی- بۆچی؟

ترمە- لەبەرئەوەی پرسیارەکانت بێجێن.

مانی- ئەی چۆن ئێوە لە من ئەپرسن تا ئێستا درۆم کردووە یان نا، بێ جێ نییە؟

ترمە- لەبەرئەوەی ئەمەوێت بزانم مێردی داهاتووم مرۆڤێکی چۆنە؟

مانی- ئێ منیش ئەمەوێت بزانم هاوسەری داهاتووم مرۆڤێکی چۆنە، زوو زوو سکی ئەچێت؟ مێزنە؟ چڵمنە؟

لەپر ترمە لە ژێر مێزەکەوە بە قاچی توند کێشای بە پوزیدا، هاواری لێ بەرزبووەوە.

ترمە- کاک هامون ئێوە پرسیار لە ڕۆکسانا بکەن.

لامکردەوەو سەیرێکی ڕۆکسانام کردو وتم:

- من هیچ پرسیارێکم لە ڕۆکسانا نییە.

مانی- یانی بۆت گرنگ نییە کە هاوسەری داهاتووت مێزن بێت یان نا؟

هەموومان دەستمان کرد بە پێکەنین، وتم:

- هیچ کات نامەوێت هاوسەری داهاتووم تاقیبکەمەوە و هەڵیسەنگێنم.

ڕۆکسانا توند دەستی گوشیم و پێکەنی، ترمە وتی:

- فێربە مانی، ئەم کاک هامونە ئاسمان و ڕێسمان لەگەڵ تۆ جیاوازی هەیە.

مانی- بڕۆ بابە، ئەمە چونکە خۆی مێزن بووە، نایەوێت دۆسیەی ئاشکرا بێت.

لامکردەوە بەلای مانیداو وتم:

- مرۆڤ کاتێک کەسێکی خۆشئەوێت، ئەبێت ئەو شتانەشی خۆشبوێت کە ئەو خۆشیئەوێت، جا ئیتر هەرچی بێت.

مانی- ئەگەر پەنجە بە لوتدا کردنیش بێت قەیناکات؟

ترمە لەژێر مێزەکەوە لەقەیەکی تری پیاکێشا هاواری لێبەرزبووەوەو وتی:

- بابە ئەوەندەت کێشا بە پوزمدا تووشی سەقاملوس( ) بووم، ئا خولەکێک بە ئارامی دابنیشە، با سود لە ڕێبازی ئەم خاوەنشکۆ وەربگرین.

دواتر لایکردەوە بەلای مندا و وتی:

- ببورن مامۆستا، ئەگەر من عاشقی هاوسەرەکەم بم، هەر کارێک، ئەگەر ناشیرینیش

بینت، تەنها لەبەرئەوەی کە ئەو پێی خۆشە، ئەبێت منیش پێم خۆشبێت و هانی بدەم؟ بۆ نموونە من ئەم ترمەم خۆش ئەوێ، ئەمیش وا ڕاهاتووە لەقە بووەشێنێت یان گاز بگرێت یان شت بگرێتە مرۆڤ، بەندە ئەبێت سەرو کەللەم بخەمە ژێر دەستی ئەو تا هەر کاتێک کە پێی خۆشبوو بە شتێک بکێشێت پایدا و بیشکێنێت؟ ئ ڕێبازێکی بێ نرخ!

- عەشق ئاوایە ئیتر.

مانی- ئەوە عەشق نییە، پێی ئەڵێن جۆرێک لە کەرێتی.

- ئەی پێناسەی عەشق چۆن ئەکەیت؟

مانی- ئەتەوێت بیڵێم تا ئەم ترمە هەڵەکە بقوزێتەوە، بۆ مەگەر شێت بووم؟

ترمە- توخوا بیڵێ مانی.

مانی- بیڵێم تا لەقەیەکی تر بکێشێت بە پوزمدا؟ شتی وا نابێت.

ترمە- تو گیانی من بیڵێ، من بمرم بیڵێ.

مانی- ئاه.. سوێندم مەدە.

ترمە- بیڵێ تا سوێندت نەدەم.

مانی- تۆزێک ئەڵێم.

ترمە- باشە تۆزێک بڵێ.

مانی- ئامادەبن ئەمەوێت تێزەکەم پێشکەش بکەم، ئێ، بنووسن، لە بنەڕەتدا عەشق بەو مانایەی کە تا ئێستا بە ئێمەیان وتووە، بوونی نییە.

- یانی چی؟

مانی- یانی ئەوەی کە وتم.

ڕۆکسانا- ئەکرێت زیاتر ڕوونی بکەنەوە؟

مانی- سەیرکەن، تەنانەت پێشینانی ئێمەش لەهەڵەدا بوون و عەشقیان نەناسیوە و لە ماناکەی نەگەیشتوون.

ترمە- ئەکرێت نموونەیەک بهێنیتەوە؟

مانی- من بۆچی نموونە بهێنمەوە؟ ئێوە بیهێننەوە تا من وەڵامتان بدەمەوە.

- شیرین و فەرهاد، فەرهاد لەبەر شیرین خۆی کوشت.

مانی- دەی هەڵەی کرد، هەر خۆت بیڵێ، شیرین بە کەلکی ئەو ئەهات؟

ترمە- لەیل و مەجنون!

مانی- ئەوان عەشقیان لەگەل شتێکی تردا لێتێکچوو بوو.

CamScanner

ترمە- یانی چی؟

مانی- ئەو دووانە یەکتریان زۆر خۆشدەویست و خێزانەکانیشیان بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان نەئەدان کە هاوسەرگیری بکەن، وایە؟

ترمە- ئەری.

مانی- ئەوکات خوای گەورە کارێکی کرد کە هەردووکیان لە چاڵێکدا گەیشتن بەیەک، وایە؟

ترمە- ئێ.

مانی- کاتێک گەیشتن بە یەک چییان کرد؟ ئەگەر بەڕاستی یەکیان خۆشبوویستایە ئەبوو کارێکی وایان بکردایە کە نەتوانن لە یەک جیایان بکەنەوە، بەڵام ئەو مەجنونە شێتە لەگەڵ ئەوەی لەیلی چرای سەوزی بۆ هەڵکرد، چیکرد؟ شێتێتی، عەشقی ئێمە ئاسمانییە، عەشقی ئێمە پاکە، عەشقی ئێمە پیرۆزە، من دڵنیام هەر لەو ساتەدا لەیل لە دڵی خۆیدا سەد دانە جنێوی بە مەجنون داوە، ئەڵبەتە مەجنونیش بێتاوان بووە، شێت بووە ئیتر، ناوەکەی بە خۆیەوەیەتی، مەجنون!

- من هەرگیز ئەم گریمانەیەم پێ قبوڵ نییە.

مانی- قبوڵت نییە چش، خۆم قبوڵمە.

- یانی ئەڵێیت مرۆڤ کاتێک کەسێکی خۆشئەوێت، ئەبێت هەموو شتێک بخاتە ژێر پێ؟

مانی- مەگەر خۆت خولەکێک پێشتر نەتوت مرۆڤ کاتێک کەسێکی خۆشئەوێت، ئەو شتانەشی خۆشئەوێت کە ئەو خۆشی ئەوێت؟

- ئێ با.

مانی- ئێ ئەمە یانی چی؟ یانی خستنە ژێر پێی زۆر شت، یانی لەبەرچاو نەگرتنی زۆر شت، هەر خۆت بیڵێ، شیرینی بۆ چییە؟ خواردن، ئۆتۆمبیل بۆ چییە؟ سواربوون، بۆن بۆ چییە؟ بۆ لەخۆدان ئێستا ئێوە بڵێن، بۆ نموونە شیرینییەکی خۆشیان داوە بە تۆ، تۆش دائەنیشیت و لە پەسا ستایشی ئەکەیت یان خێرا ئەیخۆیت؟ یان بۆ نموونە ئۆتۆمبیلێکی کەشخەیان داوە بە تۆ، تۆ تەنها سەیری ئەکەیت و پێیدا هەڵدەدەیت یان سواریشی ئەبیت؟ لۆژیک ئەڵێت هەر شتێک ئەبێت بە شێوازە دروستەکەی کەلکی لێوەربگریت، ئەو بەشەی کە خواش پێی داویت ئەبێت بە شێوەیەکی دروست سودی لێوەربگریت.

- من مەبەستم ئەوە نەبوو کە تۆ بیری لێئەکەیتەوە.

CamScanner

مانی- ئەی مەبەستت چی بوو؟

- مەبەستم ئەوە بوو مرۆڤ کاتێک کەسێکی خۆشئەوێت ئەبێت ئەوی لەبەر خۆی ئەو خۆشبوێت نەک لەبەر خۆی، بۆ نموونە من ئەگەر ڕۆکسانام خۆشئەوێت، ئەبێت ئازادی بکەم تا چێژ لەو شتانە وەربگرێت کە حەزیان لێئەکات، نەک ئەوەی وەک شتێک کە کڕیومە و هی خۆمە، لە ماڵەوە دایبنێم و دەرگای لێ کلیل بدەم، لە عەشقدا ئەبێت ئازادی بوونی هەبێت، زۆربەمان سەرەتا هاوسەرگیری ئەکەین و دواتر هەولدەدەین کە عاشقی یەکتر ببین، ئەوە ئیتر ئازادی تیادا نییە، چونکە کچ و کوڕێک لەگەل یەک هاوسەرگیرییان کردووە و ئەبێت بە یەکەوە لەژێر سەقفێکدا بژین، ئێ ئێستا لەو ژیانەدا ئەگەری ئەوەی کە عاشقی یەکتربن ڕێژەییە، بەلام هەمیشە وا نییە، گریمانەی ئەوەی کە ئەو کچ و کوڕە عاشقی بن هەیە، بەلام کەمە، ئێ ئێستا چی ئەمێنێتەوە؟ یان ئەبێت بە زۆر یەکیان بەدل بێت، یان ئەبێت لەگەل یەک ڕابێن، یان ئەبێت لەڕووی ناچارییەوە پەنا بۆ یەک ببەن، یان بە زۆر بەرگەی یەک بگرن، هەرکام لەم دۆخانە کۆمەڵێک کێشەی زۆریان تێدایە، یانی مرۆڤ خۆ ناکرێت بەزۆر کەسێکی بەدل بێت، بۆ ژیانیش تەنها لەگەل یەک ڕاهاتن دروست نییە، بەرگەی یەک گرتن ژیان نییە، پەنا بردن بۆ یەکتریش هەروا، ئەگەرچی زیاتر ژن ناچارە پەنا بۆ پیاو ببات، کەواتە ئەو هاوسەرگیرییە دروست نییەو هەر بەهۆی ئەوەوەیە کە ڕێژەی جیابوونەوە بەرەو بەرزبوونەوە ئەڕوات، واز لەوە بهێنین کە کچ و ژنی ئێرانی هەمیشە پشووڕیان درێژ بووەو کاتێک کە ئیتر گەیشتووەتە گیانیان پەنایان بۆ جیابوونەوە بردووە.

مانی- دەی کەوایە ئەبێت چی بکرێت؟

- سەرەتا یەکتر ناسین، دواتر عاشق بوون، تەنها ڕوخسارو قەد و بالاش بۆ عەشق بەس نییە، شێوازی بیرکردنەوە، هەڵسوکەوت، ناستی تێگەیشتن، ئەمانە هەرکامیان ڕێژەیەکیان لە عەشقدا هەیە، عاشقی هەر کامێک لەمانە بوویت لە کەسی بەرامبەرتا، عەشقت بۆ کەسەکەش زیاتر دەبێت و دەبێت بگاتە ڕادەیەک کە هەردووکیان بڕیار بدەن کە دوای ئەوە بەیەکەوە بن، یانی هەست بکەن کە دەتوانن بە یەکەوە بمێننەوە، یان پێویستیان بەوە هەبێت کە لەوە بەدوا بەیەکەوە بمێننەوە، بەلام ئەبێت ئازادی بوونی هەبێت تا ئەم پڕۆسەیە ڕێچکەی خۆی بگرێت، خودی تۆ مانی، هەر کە گەیشتی بە ترمە ویستت لەگەلی هاوسەرگیری بکەیت، بۆچی؟

مانی- لەبەرئەوەی کلتوری ئێمە ئاوایە، ئەگەر هەر ئەو ڕۆژە بە ترمەم بوتایە وەرە

ماوەیەک بە یەکەوە بگەڕێین و یەکتر بناسین، لەوانەیە دوو جنێویشی پێبدامایەو لێی بدایەو بڕۆشتایە، لە کاتێکدا کە من هەر جاری یەکەم کە لەو فیلمەدا بینیم چوو بە دڵمدا، کاتێکیش خۆیم بینی و زانیم پورزامە، ئێ زۆر باشبوو بۆم، ئەبوو زیاتر بمناسیایە، بە قسەی تۆ، ئەبوو شێوەی بیرکردنەوە و ڕەفتاریم ببینیایە، خۆ شێت نیم هەر بە یەک دانیشتن داوای هاوسەرگیریم لێبکردایە، یانی نە بۆ من باشە نە بۆ ئەو، جاری یەکەمیشمان نییە کە ئەمانەوێت هاوسەرگیری بکەین، من تا ئێستا حەفتا جار ویستوومە هاوسەرگیری بکەم، بەڵام پەشیمان بوومەتەوە، ئەمەش با بچێتە سەری.

هەر کە ئەمەی وت، ترمە لەقەیەکی تری کێشا بە پوزیدا، دیسان هاواری لێیەرزبووەوە وتی:

- ئیشەلا قاچت تووشی ناخوونەزێ( ) ببێت کچێ، چوار جاری تر بدەی لەم پوزەم، پێویستم بە کورسی تایەدار ئەبێت، لانیکەم بدە لەوی تریشیان، ئەم قاچەیانم لەت و پەت بووە.

ترمە- قسەی وا مەکە تا منیش لێت نەدەم.

مانی- لانیکەم ناوبڕ وەربگرە و لەبری لەقە وەشاندن، دوو گازیش بگرە تا ئەم قاچەم تۆزێک پشوو بدات و چاک بێتەوە.

ترمە- جوان دانیشە ئەمەوێت پرسیارت لێبکەم.

مانی- بابە واز لە لێپرسینەوە بهێنە، لەژێر ئەشکەنجەداندا دەمرم و خوێنم دێتە ملت.

دواتر لەپڕ سەیری لای غازەکەی کردو وتی:

- ئەوە چییە بەسەر غازەکەوە خەریکە ئەسوتێت؟

هەر کە ترمە لایکردەوە تا سەیری کاغەزەکە بکات، مانی بە فوویەک هەموو مۆمەکانی کوژاندەوە و هەروا کە لە جێگەکەی هەڵدەستا، دەستیکرد بە چەپڵە لێدان و وتی:

- لەدایکبوونتان پیرۆز!

دواتریش هەڵهات و لە چێشتخانەکە چووە دەرەوە.

* * *

ئەو شەوەمان زۆر بە خۆشی بەڕێکرد، کۆتایی شەو ماڵئاواییمان لە ترمە کرد و ڕۆکسانامان گەیاندەوە ماڵەوەو خۆشمان ڕۆشتینەوە بۆ ماڵەوە، کاتێک ئۆتۆمبیلەکەمان پارک کرد و ڕۆشتینە ژوورەوە، بینیم باوکم و ئەوان خەریکن سەیری سەتەلایت ئەکەن، سڵاومان کردو دانیشتین، مامم وتی:

- سبەینی خۆ بە سەلامەتی بە نیازی هیچ شوێنێک نین؟

مانی- هیچ، هیچ، سبەینی ڕۆژی کارە، کارو کۆشش.

مامم سەیرێکی کردو وتی:

- دڵنیایت؟

مانی- ئەڵبەتە، سەد ئەڵبەتە، ئەگەریش کەمێک سستیتان لێمان بینیوە، بەهۆی نەخۆشی ئەمەوە بووەو گەر نا ئێمە زادەی کارو کۆششین.

مامم- کەواتە ئێتر کارو گرفتاریتان نییەو سبەینی ئەچنەوە بۆ کارخانە؟

مانی- دیارە کە ئەڕۆین، سبەینی ڕۆژی کارو کۆشش و هەوڵدانە.

مامم- کەرە زل سبەینی کە کارخانە داخراوە کەوتوویتە بیری کارو کۆشش؟

من و مانی سەیرێکی یەکترمان کردو مانی وتی:

- مەگەر سبەینی کارخانە دانەخەن؟

مامم- بەڵێ.

مانی- شتی وا نابێت، ئێمە سبەینی ئەبێت بڕۆین بە دوای کارو کۆششدا، لە خۆڕا دانەخەن.

مامم- باشە، زۆریش باشە، سبەینی بڕیارە من و مامت بچین بۆ باکور سەرێک بدەین لە ڤیلاکان، ئێوەش ئەبێت بێن، ئەتوانن لەوێ کارو کۆشش بکەن.

مانی- باشە، دێین، زۆریش خۆشحال ئەبین.

مۆڕەیەکم لێکرد، پێی وتم:

- هەستە هامون گیان بڕۆین زووتر بخەوین و ئامادەبین بۆ کارو کۆششی سبەینێ.

ناچار هەستام و ماڵئاواییم لە هەموویان کردو ویستمان بچینە سەرەوە، مانی بە باوکی وت:

- بابە گیان زانیوتە چیبووە؟

مامم- نا، چیبووە؟

مانی- بە کابرایەکیان وت کارو کۆشش بخە ڕستەوە، خێرا وتی (پانتۆڵی کارەکەی من لە کوێیە)، جاری شەوباش تا سبەینی مەلا بانگدان.

باوکم و دایکم پێکەنین و مامم هەروا کە سەیری دەکرد وتی:

- بڕۆ بخەوە، شەشی بەیانی بانگتان ئەکەم.

مانی- بەسەرچاو، دووبارە شەوباش، تازە، بۆ ئەوەی کە شەو باش بخەوین،

پەرداخێک شیر ئەخۆینەوە، هەم ئێسقانەکانمان پتەو ئەبن، هەم ددانەکانمان کالیسیۆم وەرئەگرن، هەم ڤیتامینی پێویست ئەگات بە جەستەمان، هەم ئاسودەتر ئەخەوین، هەم کەدەمان بەهێز ئەبێت، هەم زیرەک ئەبین هەم..

مامم- لال بیت هەتیو، بڕۆ ئیتر، خەریکین سەیری فیلم ئەکەین.

من شەوباشم کرد و چوومە سەرەوە، دە خولەک دواتر مانیش بە دوو پەرداخ شیرەوە هاتە سەرەوە، یەکیانی دا بە من، وتم:

- ویستمان سبەینێ سەرێک لە پورێ بدەین.

مانی- سەرەنجام ئەبێت بە کارو کۆششیشمان ڕابگەین.

- ئێستا ئێمە ئیشمان لە باکور چییە؟ خۆزگە بیانوویەکت بهێنایەتەوە تا نەڕۆین.

مانی- نەئەبوو، یەک وشەم بوتایە شەڕ دروست ئەبوو، ئێستاش هیچ نەبووە خۆ، ئەڕۆین و ئەگەڕێینەوە.

- تاقەتم نییە.

مانی- جارێ شیرەکەت بخۆرەوەو بخەوین تا سبەینێ بە دەماغ بین.

شیرەکانمان خواردەوەو مانی وتی:

- من ئەمشەو لێرە ئەخەوم.

- بۆچی ناچی بۆ ژوورەکەی خۆت؟

مانی- تا کاتژمێر شەش شتێکی وای نەماوە.

هەردووکمان هەستاین و کارەکانمان کردو جێگەیەکم بۆ مانی ڕاخست و خەوتین.

سێ چوار کاتژمێر تێنەپەڕی بوو، بە هۆی سک ئێشەوە لە خەو ڕاپەڕیم، هەر کە لە جێگەکەم هاتمە خوارەوە مانیش خەبەری بووەوەو وتی:

- چیبووە؟

- سکم داویەتییە ئێش.

مانی- بەڕاستتە؟

- ئەرێ بە گیانی تۆ، ئەمجارە بەڕاستی ئێش ئەکات، ڕاوەستە ئێستا دێمەوە.

ڕامکرد بەرەو تەوالێت، حالم زۆر خراپ بوو، چەند خولەک دواتر گەڕامەوە، مانی وتی:

- تووشی سکچوون بوویت؟

- ببورە، بەڵام ئەرێ، حالم زۆر خراپە مانی.

مانی- گرنگ نییە، پینج دانە حەبی بیزاکۆدیلم خستبووە ناو پەرداخە شیرەکەتەوەو پێم رایت خواردتەوە، هیچ نییە، گەدەت لێی قەوماوە.

ساتێک سەیرم کرد و تازە تێگەیشتم بابەتەکە چییە، ئەوەندە لە دەستی تورە بووم کە هەر مەلێ.

- تۆ ناماقوڵیت کرد، ئەم کارانە چین ئەیانکەیت؟

زۆر بەبێ خەمی وەستا بوو سەیری منی ئەکرد.

- ئیتر تەواو ناخۆشت کردووە.

مانی- مەگەر نەتتەویست نەچیت بۆ باکور؟

- با، بەڵام نەک ئاوا.

مانی- دەی بە شێوەیەکی تر نەئەکرا، یانی باوەڕیان نەئەکرد.

- ئێستا باوەڕ ئەکەن؟

مانی- ئەڵبەتە، ئەتوانین زۆر بە ئاسانی بەڵگەیان لەناو تەوالێتدا پێ پشان بدەین، بەڵام کە ئەچیتە تەوالێتەکە سەری سیفۆنەکە دامەدەرەوە.

ویستم بچم بۆی و بکێشمە سەریا، هەڵهات و چووە دەرەوە، ڕامکرد بە دوایدا، بەڵام دووبارە حاڵم تێکچووەوەو چووم بەرەو تەوالێت و هەر لەم کاتەشدا گلۆپی خوارەوە داگیرسا، ئیتر نەمزانی چی ڕوویداو چوومە تەوالێتەکە، کاتێک هاتمە دەرەوە بینیم دایکم و باوکم و زەری خانم لەوێ وەستاون هەر کە منیان بینی هەرکامیان شتێکیان وت:

زەری خانم- سەرمای نەبووبێت؟!

باوکم- بە دڵنیاییەوە دووهەوا کەوتووە.

زەری خانم- با بیبەین بۆ نەخۆشخانە.

تۆزێک دواتر مامیشم گەیشت، هەموویان سەراسیمە بوون جگە لە دایکم کە وایدەزانی دیسان خەریکین فێڵ دەکەین، ویستم شتێک بڵێم، دووبارە حاڵم تێکچووەوە و چوومەوە بۆ تەوالێت، مانیش بە دوامدا هاتە ژوورەوە وتی:

- تۆ دانیشە کارەکەت بکە با بیبینین بزانین چۆنە.

- وتبە برۆ دەرەوە تا نەمکێشاوە بە سەرتا.

باوکم- ئێ بهێڵە ببینین با بزانین چۆنە.

- باوکە تکا ئەکەم.

مامم- دەی کوڕەکە شەرممان لێئەکات.

مانی- زەری خانم! زەری خانم! کەوایە تۆ بێ سەیری بکە.
زەری خانم- وای خوا بمکوژێت!؟ ئەم قسانە چین ئەیانکەیت کاک مانی!
مانی- ئاخر ئەمە شەرم لە پیاو دەکات، بۆ خانمان گوێی لێنییە.
- مانی ئەچیتە دەرەوە یان نا؟
قاچی خستبووە لای دەگاکە و نەیئەهێشت دایبخەم.
مانی- نابێت، من ئەبێت پشکنین بکەم بزانم پیساییەکەت خوێنی تیایە یان نە.
- بابە خوێنی تیا نییە.
مانی- ئەی چی تیایە؟
- زەهری مار!
مانی- لانیکەم رەنگەکەی بلێ تا خۆمان بزانین پێکهاتەکەی چییە.
- مانی دەمت دائەخەیت یان نە؟
باوکم- بۆچی جنێو بە کوڕەکە ئەدەیت؟
مانی- ئەڵێت بۆچی منت نەبرد بۆ لای دکتۆرێکی باش.
- مانی تکا ئەکەم قاچت لابە، حاڵم باش نییە.
مانی- زۆرباشە، بەڵام بیکە خوارەوە با دەرو دیوار پیس نەبێت.
ئەمەی وت و قاچی لابرد، دەرگاکەم کلیلداو کاتێک خەیاڵم ئاسودە بوو هەر لەوێوە هاوارم کرد وتم:
- مەگەر دەستم پێت نەگات مانی!
مانی- تۆ جاری ئەگەر دەستت بە بەلوعەی ئاوەکە بگات باشترە.
هەم لە دەستی تۆرە بووم هەم پێکەنینم ئەهات، هەر لەوێوە گوێم لێبوو کە چییان بەیەکتر دەوت
باوکم- کەی وای لێهات؟
مانی- کاتژمێرێک ئەبێت، تا ئێستا هەشت جار خۆی کردووە بە تەواڵیتدا.
مامم- ئاوی لەشی تەواو نەبێت باشە.
مانی- نە، ئێستا بێتە دەرەوە، لە خوارەوە ئاوی ساردی تێدەکەم تا هەم جەستەی ئاوی پێویست وەربگرێت و هەم ئەو شوێنەی بیبەستێت و بگیرسێتەوە.
دایکم، وادیار بوو کەمە کەمە هەستی بەوە کرد بوو کە بابەتەکە ڕاستییە، هاتە پشت دەرگای تەواڵیتەکەو وتی:

- هامون بەڕاستی باش نیت؟

- بەلی دایکە، جاری ئێوە مۆڵەت بدەن.

دایکم- چی بکەین تا بگیرسێتەوە؟ خۆ ئاوا نابێت.

مانی- تەبەدۆرێکی گەورەی پێویستە تا بینێین بە دەرگاکەیداو بیگیرسێنینەوە.

- دەمت داخە مانی.

باوکم- جاری وەرە دەرەوە بزانین چی بووە ئاخر.

- بابە گیان ناتوانم بێمە دەرەوە، ئەزانن ناتوانم یانی چی؟

مانی- وەرە دەرەوە قەدەغەت بۆ دانەنێین.

- مانی مەگەر نەیەمە دەرەوە.

باوکم- بابە ئاخر پەیوەندی چییە بەمەوە؟

مانی- ئاخر من بە بەرپرسیاری ئەم کاردانەوە سروشتییەی خۆی دەزانێت، ئەبێنین مرۆڤێکی نالۆژیکییە؟ ئاخ! ئاخ! ئاخ! سەری سیفۆنەکە دابدەرەوە مردین لەتاو بۆن، دوابڕاوە بۆنی کەلاکی مردوو ئەدات، ئەو گەدە چەنێکە کاری نەکردووە؟ شەو چیت خواردووە، هێلکە؟

هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین، خۆیشم لە تەوالێتەکەدا مردبووم لەتاو پێکەنین، بە دەنگی بەرز هاوارم کرد وتم:

- بابە ئێوە لەوێدا وەستاون من ناتوانم هیچ بکەم، مانی! مانی!

مانی- گیانی مانی، ئێستا بڵاوەیان پێئەکەم.

دواتر بە دەنگی بەرز هاواری کردو وتی:

- لەم ساتە بەدواوە کۆبوونەوەی زیاتر لە دوو نەفەر و خۆمەلاسدانی زیاتر لە سێ نەفەر لە بەردەم دەرگای تەوالێت قەدەغەیە، بڵاوەی لێبکەن ئەمە هەر ساتێک لەوانەیە تەقە بکات.

دایکم- هەر بەڕاست حاڵی خراپە؟

مانی- یانی چی؟ باوەڕ ناکەن؟ هامون! هامون!

- چییە؟

مانی- بێزەحمەت بنەوە لە خۆت تا من لێرەوە بتوانم دەنگی ئازاری سکت وەک بەلگەی زارەکی پێشانی عەزیزو ئەوان بدەم.

- زەهری مار! بێ تەربیەت!

مانی- ئی.. ئەی من چۆن بۆ ئەمانەی بسەلمینم کە نەخۆشیت؟ وینەکەت سانسۆر کردووە و پیشانمان نادەیت، لانیکەم بهێڵە با بە دەنگەکەی دڵمان خۆش بکەین، بۆنیک، دەنگیک، شتیک بدە بە من تا من بیگەیەنم بە گوێی جیهانیان.

دواتر بە دایکم و ئەوانی وت:

- بیدەنگ، بیدەنگ، ئێستا دەنگەکەی بە ڕوونی و بێ تەشویش ئەبیستین.

هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین، مامم وتی:

- ئێستا چی بکەین؟

مانی- ئەمە خۆ بەم حالەیەوە ناتوانێت بێت بۆ باکور، یانی ناتوانێت تا بەردەم تەوالێتەکەش بێت ج بگات بە باکور، ئێوە بڕۆن، منیش چەند کاتژمێرێکی تر ئەیبەم بۆ لای دکتۆر.

مامم- یانی بە تەنها جێی بهێڵین؟

مانی- بە شێوەیەکی گشتی لەم جۆرە کاتانەدا نەخۆش بە تەنها جێدەهێڵن تا بە ئاسوودەیی کارەکەی بکات، جا ئیتر ئەگەر ئێوە بۆی نیگەرانن، با دەرگاکەتان بۆ بکەمەوە تا نیگەرانییەکەتان نەمێنێت.

مامم- دیسان دەستت کردەوە بە قسەی بێ ئەدەبی؟

باوکم- کەواتە ئێمە ئەڕۆین، دڵنیایت ئیشت بە ئێمە نییە؟

مانی- بڕۆن بە سەلامەت، نیگەرانیش مەبن، من ئێستا ئەگەڕێم دەمەوانەیەک، شتێک پەیا ئەکەم و ڕێ لە دزەکردنی ئەگرم تا ئەیگەیەنمە لوولەکێشییەک، شتێک.

دووبارە هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین و باوکم لە پشت دەرگاکەوە وتی:

- هامون، ئێمە بڕۆین؟

- بەڵێ باوکە، ئێوە بڕۆن، کەمێک باشترم.

باوکم- دەی ئەگەر تۆزێک باشتر بوویت لەگەڵ مانی بچن بۆ لای دکتۆر.

- بەسەرچاو، ئەچین.

باوکم و مامم چوونە خوارەوە، دایکم وتی:

- سەرەنجام ڕاست ئەکەن یان فڕت و فێل بوو؟

مانی- بابە دوو دانە حەبی ڕەوانکەرم خستە ناو شیرەکەی و خواردییەوە و دووجاریش چووەتە سەرئاو دنیا زانی کە گەدەی کەوتووەتە کار.

هەر لەوێوە هاوارم کردو وتم:

- درو ئەکات، پینج دانە حەبی بیزاکودیلی خستووەتە ناو شیرەکەو دەرخواردی منی داوە.

دایکم- پینج دانە! ئەوە خۆ ڕیخۆڵەی ئەبڕێت.

مانی- نە بابە، ئەمە گەدەی ئەوەندە ئەستورە پەنجا دانەش کاری لێناکات، چ بگا بە پینج، جاری ئێوە بڕۆن بخەون، من لێرەم.

دایکم- ئاخر خۆ سکچوونەکەی بەم زووانە ناگیرسێتەوە.

مانی- ئێستا بێتە دەرەوە دایبی بۆ ئەبەستم تا بەیانی داینادات، بەیانیش نەباتی سوتاوی پێنەدەین ئەگیرسێتەوە.

دایکم پێکەنی و وتی:

- هامون! باشی؟

- ئەرێ دایکە، ئێوە بڕۆن.

دایکم- بەڕاستی ئێوە کاری چۆن ئەکەن! سەرەنجامیش بەلایەک بەسەر خۆتاندا ئەهێنن.

ئەمەی وت و پێکەنی و چووە خوارەوە، مانی وتی:

- بەدڵت بوو چۆن بەرنامەی سەفەرەکەم هەڵوەشاندەوە؟

- چ سود؟ گیانی منیش دەرچوو، ئێستا گریمان نەشچم بۆ سەفەر، بەم بارودۆخەمەوە خۆ ناتوانم قاچ لە مال بخەمە دەرەوە، ئیشەلا مانی بمرێت، دڵم وا پێچی پیادێت خەریکە ئەمرم.

مانی- لە بەرامبەردا گەدەت وەک ئاوینەی لێدێت.

- بڕۆ ونبە، ئێستا چی بکەم؟

مانی- ئێستا نۆکی برژاوت بۆ ئەهێنم ڕاستەوخۆ گەدەت قوفل ئەبێت.

- هەموویان چوونە خوارەوە؟

مانی- ئەرێ، زۆرت ماوە؟

- نازانم.

مانی-یانی چی؟ ئاگات لە گەدەی خۆیشت نییە؟

- بڕۆ ونبە.

مانی- من ئەڕۆم ئەخەوم، کارەکەت تەواو بوو تۆش بخەوە.

- مەگەر لێرە نەیەمە دەرەوە، تۆ بیرت لەوە نەکردەوە لەوانەیە بەلایەکم بەسەر بێت؟

بەڕاستی کە مانی! تۆ نابیتە مرۆڤ.

بینیم هیچی نەوت.

- مانی! مانی!

هەرچی بانگم کرد وەلامی نەدایەوە، منیش دە خولەک دواتر هاتمە دەرەوەو چوومە ژوورەکەم، بینیم بە ئاسودەیی لینی خەوتووە، ویستم عەزیەتی بدەم، بەلام دڵم نەهات. خۆشم بۆی خەوتم، بەلام چ خەوێک! تا کاتژمێر نۆی بەیانی چوار جاری تر چوومە تەوالێت.

❁ ❁ ❁

وەرزی نۆیەم

کاتژمێر نزیکەی دەی بەیانی بوو کە هەردووکمان سوار ئۆتۆمبیلەکە بووین و کەوتینەڕێ بەرەو ماڵی پوری، شەقامەکان کەمێک قەرەباڵغ بوون و کاتژمێرێکی پێچوو تا گەیشتین، پوری بە تەنها لە ماڵەوە بوو، کاتێک ئێمەی بینی زۆر خۆشحاڵ بوو، خێرا چایی خستە سەرو تا ئامادەبوونی چاییەکە چووینە ژووری میوان دانیشتین، پوری بە مانی وت:

- حاڵی چۆنە؟

مانی- باشە.

پوری- باسی من ناکات؟

مانی- وەڵا چی بڵێم؟

پوری- قەیناکات، دنیایە ئیتر، تا بووە هەروا بووە، یانی ئەویش گەنجە، مرۆڤ لە گەنجێتیدا زۆر کار دەکات کە دواتر خۆیشی لێیان پەشیمان ئەبێتەوە.

بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕم، وتم:

- ئێوە چۆنن؟

پوری- لە ژینی خۆم بێزارم ئاوات بە مەرگ ئەخوازم

- ناشکوری مەکەن.

پوری- ناشکوری ناکەم، بەڵام زۆر ماندووم.

مانی- هەمووی لەبەرئەوەیە کە تەنهان، ئەگەر شوویەکی لێبکەن تەواوی ماندوویەتیتان دەرئەچێت، ئێوە نازانن ئەم شووە چ قازانجێکی هەیە!

پوری بەدەم پێکەنینەوە وتی:

- من کاتی ئەو شتانەم بەسەرچووە، تازە بێز ئەکەمەوە لە هەرچی پیاویشە، کەمم نەکێشاوە بە دەستیانەوە، ئێستا بڵێ بزانم کاری تۆ لەگەڵ ترمە گەیشت بە کوێ؟

مانی- ئەوەندەی لێداوم، سکاڵام لەسەر تۆمار کرد، جاری بە کەفالەت ئازادیان کردووە تا ڕۆژی دادگایی.

CamScanner

پوری پێکەنی و وتی:

- لێت ئەدات؟

مانی- زۆر وەحشییە، گەییم هەیە لێتان، کاتی فرۆشتن نەتانوت ئەم کچە هێشتا تێکەڵی مرۆڤەکان نەبووە و خووی پێوە نەگرتوون.

پوری دووبارە پێکەنییەوەو وتی:

- ئەمانە لە کوێ فێربوویت؟

مانی- ڕاستی پوری من هیچ دەربارەی ژیانی ترمە نازانم، نامەوێت لە خۆیشی بپرسم، بابەتەکە چۆن بووە؟

پوری- ئەگەین بە ئەویش، کەمێکیم بۆ هامون گێڕاوەتەوە.

مانی- منیش هاتووم ئەوی تری ببیستم.

پوری- مەگەر بۆی گێڕاویتەتەوە؟

مانی- ئەری، بیستم لەمە بە دوای چیرۆکەکە کۆمەڵە شتێک هەن جیاوازن لەوانەی کە ئێمە بیستوومانە

پوری تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- ڕاستی نازانم بۆتان بگێڕمەوە یان نا.

مانی- بیگێڕنەوە، دەمی ئێمە قورسە، هەر لێرەدا ئەیخەینە ژێر خاک.

پوری دووبارە پێکەنی و وتی:

- کەواتە بهێڵن با سەرەتا چاییەک بخۆینەوە دواتر.

- ڕۆکسانا و ئەوان لە کوێن؟

پوری- ڕۆیشتوون بۆ لای هاوڕێکەیان، دانیشن ئێستا دێنەوە.

هەستاو چوو بۆ چێشتخانەکەو تۆزێک دواتر بە سینییەک چاییەوە گەڕایەوە و خولکی کردین و هەڵمان گرت، دواتر دانیشت و وتی:

- ترمە کچێکی باشە، بەڵام تورەیە، ئەگەر شارەزای ڕەوشتی بیت بەیەکەوە خۆشبەخت ئەبن.

من و مانی پێکەنین، خودی پورێش پێکەنی و وتی:

- ئێ، ئاغا هامون، تا کوێم بۆ گێڕایتەوە؟

- ئەو شوێنەی کە باوکی باپیرەی ئێمە جەڵدە لێی دەدات.

پوری- ئەری، جەڵدە لێی دەدات، یانی بۆ ڕیش ئەچێت سمێل ئەنێتە بانی، دەیەوێت

نازانجی زیاتر بکات و گیانی لەم پیناوەدا دانەنیت، بە کورتی، دایکم و باپیرەم پەنایان بۆ ئەو هینابوو کەچی ئەبینن خیزانی ئەویش ئەبیت یەکێک کوێان بکاتەوە، چارەی تریش نەبووە، باپیرەم بەو شێوەی کە بیستوومە زۆر باوکی باپیرەی ئیوەی خۆشویستووە و هەر بۆیە باپیرەی ئیوە بە کوڕی خۆی دەزانیت و ئەو و دایک و خوشکەکانی دەهێنیتە ژێر سایەی خۆی. پێتانم وتبوو کاتێکیش کە لە ڕووسیا دەکەوێتە ڕێ، پێش ئەوە هەرچی هەبووە و نەبووە فرۆشتوویەتی و کردوویەتی بە ئالتون، واتە لە ڕووی دارایییەوە بارودۆخی زۆر باشبووە.

بە کورتی، لە ئێران دەست دەکات بە کاسپی کردن و باپیرەی ئیوەش ئەکات بە هاوبەشی خۆی و زۆر ڕاستگۆیانە هەرچی هەبووە ئەیخاتە کارەوە و بە لێزانین و تێگەیشتنی باشی خۆی لە بواری ئابوریدا، زۆر زوو بارودۆخی لەوەی کە هەبووە باشتر ئەبێت، ئەمە بەردەوام بووە تا ئەوەی کە ئەزانێت باپیرەی ئیوە، نەک دلێک سەد دل عاشقی کچەکەی، یانی دایکی من بووە، کە بەم بابەتە ئەزانێت ئەڕوات و بە دایکم ئەڵێت، دایکی منیش لە وڵاتێکدا گەورە بوو بوو کە کچان و ژنان تیایدا ئازاد بوون، حەزی نەکردووە بۆ هەمیشە لە ئێران بمێنێتەوە، چاوەڕێ بووە تا بزانێت شۆڕشی ڕووسیا ئەگات بە کوێ، یانی بەردەوام وا بیری کردووەتەوە کە یەک دوو ساڵێک پشێوی ئەبێت و دواتر دووبارە ڕوسییە سپییەکان دێنەوە ناوەوە و دەست دەگرنەوە بە سەر وڵاتداو ئەوان ئەتوانن بگەڕێنەوە ڕووسیا، هەر بۆیە نەیویستووە لە ئێراندا گیر بخوات، بەو شێوەیەی کە خۆی ئەیگێڕایەوە، هەرگیز نەیدەتوانی بەرگەی ژیانی ئێران بگرێت، کچێک کە لەوێ خوێندوویەتی و ئازاد بووە و لەگەل کوڕانی هاوتەمەنی خۆیدا تێکەڵاوی هەبووەو گۆرانی وتووە و سەمای کردووەو چی و چی و چی، ئیستا ناچار بووە لە ژوورێکدا دابنیشێت و ئەگەریش ویستبێتی تەنانەت بێتە حەوشە، ئەبوو چارشێوی بدایە بەسەریدا، ئەو کاتانە خۆ بارودۆخی ئێران ئاوا نەبووە، ژن ئەگەر پیاوێکی بێگانە قژی ببینیایە، خوێنی حەلاڵ بووە، هەر بۆیە دایکم نەیوێراوە بەبێ چارشێو قاچی لەژوور بخاتە دەرەوە، بە کورتی کە باپیرەم بابەتی عەشقی باپیرەی ئیوە بە دایکم ئەڵێت، دایکم بە توندی ڕەتی ئەکاتەوە و ئەڵێت ئەگەر تا یەک دوو ساڵێکی تر بارودۆخی ڕووسیا باش بوو ئەوە هیچ و گەرنا من لە ئێران نامێنمەوە و ئەڕۆم بۆ وڵاتێکی ئەورووپی، باپیرەشم ئیتر قسە ناکات و لێئەگەڕێت تا کات کاری خۆی بکات و ڕەنگە دایکیشم تا ماوەیەکیتر لەگەل بارودۆخەکە ڕابێت.

ماوەیەک تیئەپەڕیت، ڕۆژێک باپیرەی ئێوە کە ئیتر نەیتوانیوە خۆی بگرێت، بابەتی عەشقەکەی بە باپیرەی من ئەڵێت و پێی ئەڵێت ئەگەر دایکی منی پێنەدەن، سەری خۆی هەڵئەگرێت و ڕوو ئەکاتە بیابان، یانی حەقیشی بووە، لەو سەردەمەدا کە کوڕ ئەنانەت نەیتوانیوە گوێی لە دەنگی کچێک بێت، دایکی من بەبێ حیجاب، بە جلوبەرگی جوانەوە، بە قژی کاڵا و درێژەوە، بە جوڵەی ناسک، دڵی دزیبوو، ئێوە خۆتان بخەنە جێی ئەو، بەو بارودۆخەی ئەو سەردەمەوە، یانی کۆتایی دەسەڵاتی قاجار، کچێکی وەها سپی و جوان و ناسک، پێشانی کوڕێکی بیست ساڵەی ئێرانی بدەن، کوڕەکە چی بەسەردێت؟

مانی- یاخوا من بمرم بۆ ئەو دڵەی باپیرەم کە چی تیابووە!

پوری- لە گۆڕی باوکی دایکی منیش بەیت، ها.

مانی- نا، نا، یاخوا بمرم بۆ دڵی ئەویش، بەڵام من بە تەواوی خانەکانی جەستەم دەردی باپیرەم هەست پێئەکەم.

پوری- تۆ ئەگەر لە جێی باپیرەت بوویتایەو بەو شێوە عاشقی کچێکی بیانی بوویتایەو وەڵامی ئەویش نەخێر بوایە، چیت ئەکرد؟

مانی- ئەڵبەتە ڕێزم لە بۆچوونەکەی ئەگرت، بەڵام شتی وا ڕێی تێناچێت.

پوری- یانی چی ڕێی تێناچێت؟ ئەڵێم ڕاستی ڕووداوەکە ئەوەیە کە بۆتان ئەگێڕمەوە.

مانی- ڕاستە، ئێمەش بڕواتان پێئەکەین، بەڵام لەبارەی منەوە ڕێی تێناچێت، یانی تا ئێستا شتی وا نەبووە.

پوری- سەگباب زۆر لە خۆت دڵنیایت؟

مانی- لە خۆم دڵنیا نیم، لە کچانی ئەزیز دڵنیام، یانی دڵنیام کاتێک کوڕێکی باشیان دەستکەوێت، خێرا هاوسەرگیری لەگەڵ ئەکەن.

پوری- ئێستا ئەگەر تۆ لەجێی باپیرەت بوویتایە چیت ئەکرد؟ ڕاستییەکەی بڵێ.

مانی- ئەڵبەتە ڕێزم لە بۆچوونی....

پوری- ئەڵێم ڕاستییەکەی بڵێ و گەرنا ئەویتری ناگێڕمەوە.

مانی- ڕۆزگاری لە ڕاستگۆیدایە، خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێت، خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێت، زمانم لاڵا، زمانم لاڵا، ئەگەر ڕۆژێک شتێکی وام بەسەر بێت، یەکسەر لە نێوەشەوێکی تاریک و چۆڵدا....

هێواش بە قاچم کێشام بە قاچیدا، سەیرێکی منی کرد و دواتر وتی:

- ئەمدایە دەستی خوا.

پوری دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

- ئەی سەگباب! مەگەر ترمە دەرەقەتی تۆ دێت؟!

مانی- وەلا هاتووە، ئەوەندە بە لەقە کێشاویەتی بە پوزمدا، ئەبێت لەم رۆژانەدا لەبیری پلاتیندا بم بۆی

- پوری ئەتانفەرموو.

پوری- ئەری، بە کورتی بابەتی عاشقبوونەکەی بە باپیرەم ئەلێت، باپیرەشم کە ئەزانێت کچەکەی پێی رازی نابێت، جیاوازی دینەکەیان ئەکاتە بیانوو و ئەلێت شتی وا رێی تێناچێت، دواتریش بەلێنی پێئەدات کە هەر لەم رۆژانەدا قۆلی لێ هەلئەمالێت و کچێکی جوانی بۆ داوا ئەکات کە هاودینی خۆی بێت، باپیرەی ئێوەش هیچ نالێت و نائومێد و ناکام لێی ئەداو ئەڕوات و تا چەند رۆژێک هەروا بووەو دواتر کەم کەم رەفتاری باش ئەبێت و دەست ئەکات بە کارکردن و فێربوونی وردەکاری و فرت و فێلەکانی کاسبی و بازرگانی لە باپیرەم. سالێک بەسەر ئەم رووداوەدا تێپەڕ ئەبێت و هەموو شتێک بەپێی ویستی دل بووە، دایکم ئەیگێڕایەوە بەیانیان کە لەخەو هەلئەستان، باپیرەی ئێوە ئەڕۆشت نانی تازەو قەیماغی ئەکڕی کە دایکم زۆر حەزی لێی بووەو لە دەوری یەک دانەنیشن و نانی بەیانیان ئەخواردو دواتریش باپیرەی ئێوەو باپیرەی من ئەچوونە سەر کارو دایکم لە ماڵەوە ئەمایەوە لەگەل خوشک و دایکی باپیرەی ئێوە، ئەوانیش بەردەوام قسەیان لەگەل کردووەو میهرەبان بوون لەگەلی و بە کورتی بە هۆی میهرەبانی ئەوانەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرگەی دیلبوونی ناو ئەو ماڵەی گرتووە، دوای سالێکیش باپیرەی من، دانە دانە خوشکەکانی باپیرەی ئێوەی داوە بە شوو و بوکێنی و جیازی و چی و چی و چی و چی.

تا ئێرە هەموو شتێک باشبوو، تا ئەوەی کە نزیکەی دوو سال دوو سال و نیو دواتر، لە مانگی موحەرەمدا کە لە هەموو شوێنێک مەراسیمی ماتەمگێڕان و لەخۆدان بووە، رۆژێک باپیرەی ئێوە بە دایکی ئەلێت شەربەتی خێر دروست بکات بۆ ئەوەی دابەشی بکات بەسەر ئەو کۆمەلە خەلکانەی کە بە دەستە دێن و شین ئەگێڕن، دایکیشی شەربەتێکی خۆش دروست دەکات و ئەیکاتە ناو چەند سوراحییەک و لەوێدا دایئەنێن، کاتێکیش شەو دادێت باپیرتان بە باپیرەی من ئەلێت کە هەردووکیان بڕۆن بۆ دابەشکردنی شەربەتەکە، ئەویش قبولی ئەکات و لەگەلی ئەڕوات.

کە گەیشتە ئێرە تۆزێک وەستاو دواتر وتی:

- لیرە بەدواوە ئەو شتانەیتر کە باسیان ئەکەم تازەو سەیرن، بیگێڕمەوە؟

هەردووکمان وتمان قەیناکات و چاوەڕێین، جگەرەیەکیتری داگیرساندو من و مانیش یەکی دانەیەکمان داگیرساند، دواتر وتی:

- بە کورتی هەردووکیان بە دوو سێ سوراحی شەربەتەوە ئەکەونە ڕێ و لە ماڵ ئەچنە دەرەوە تا ئەگەن بە کۆمەڵێک کە شین ئەگێڕن، هەر لەوێدا تەپڵەکێک دانەنێن و شەربەتەکانی لەسەر دانەنێن، باپیرەی ئێوە بە باپیرەی من ئەڵێت، بۆ ئەوەی کە لای خەڵکی ڕێزی زیاتری هەبێت، وا باشترە ئەو شەربەتەکان دابەش بکات، ئەویش ئەبینێت کە ڕاست دەکات، شەربەتەکان ئەکاتە ناو پەرداخەوەو ئەیاندات بە خەڵک، چەند ئەفەرێک ئەیخۆنەوە، لەپڕ قاڵە قاڵ ئەکەوێتە نێوان شینگێڕەکان و یەک دوانێکیان شەربەتەکە تف ئەکەنە دەرەوەو هەراو زڵە زڵ لەنێوان خەڵکەکەدا دروست ئەبێت، دەنگی کافر کافر لەناو شینگێڕەکانەوە بەرز ئەبێتەوەو ئەو کەسەی کە لاواندنەوەکە ئەکات کاتێک ئەمە ئەبینێت، لاواندنەوەکەی ئەپچڕێت تا بزانێت ئەو دەنگە دەنگە چییە، لەپڕ دوو سێ ئەفەر هاوار ئەکەن و ئەڵێن ئەم کافری بێدین و ئیمانە عارەقی کردووەتە ناو شەربەتی خێرەکەوە، خەڵکەکە کە بەمە ئەزانن، ئەڕژێنە سەر باپیرەم، ئەو بەدبەختەش هەرچی ئەیەوێت قسە بکات، خراپتر ئەبێت، چونکە زمانەکەی ڕوون نەبووەو کەس شتی لێ قبوڵ نەکردووە، کێردەکان بەرزئەبنەوەو دێنە خوارەوەو خوێن لە دە شوێنی جەستەی باپیرەمەوە فیشقە ئەکات و پێش ئەوەی گەورەو ڕیش سپییەکان بزانن چی بووەو بێن و بەر لەو خەڵکە توڕە و دەمارگیرە بگرن، باپیرەم لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ و ئیتر کار لە کار ئەترازێت و لەو ناوەدا سێ چوار ئەفەر پەیدا ئەبن و جەستەی نیوەگیانی باپیرەم لەنێوان شینگێڕەکان ئەهێننە لاوەو ئەیبەن بەرەو ماڵەکەی، لەم کاتەشدا باپیرەی ئێوە ئەگات و ئەڵێت چی بووە، ڕووداوەکەی بۆ ئەگێڕنەوەو ئەویش ئەکێشێت بەسەرو چاوی خۆیداو یارمەتییان ئەدات تا باپیرەم بگەیەننە لای کچەکەی، جا ئیتر چەندی پێچووە، خوا ئەزانێت، بەڵام باپیرەم کاتێک دەگاتە ماڵەوە کە خەریکبووە گیانی داوەو دوایین هەناسەکانی کێشاوە، دایکیشم کە ئەمە ئەبینێت، خۆی ئەگەیەنێتە دیار سەری باوکی و دەست ئەکات بە هاوارو قیژەکردن و گریان و زاری، خەڵکەکەی تریش هەروا، یانی ئیتر کەس بە کەس نەبووە تا گوێ بگرن و بزانن ئەو پیرەمێردە بەدبەختە ئەیەوێت چی بڵێت، تەنها دایکم بۆ ساتێک ئەبیستێت کە باوکی بە ڕوسی وشەی (ناپاکی) ئەڵێت و سەیری باپیرەی ئێوە ئەکات و دواتر چاوی لێکئەنێت.

CamScanner

پوری کە ئەمەی وت، بیدەنگ بوو و پاڵیدا بە قەنەفەکەوەو مژیکیدا لە جگەرەکەی و دوانر سەیری من و مانی کرد. نەمدەتوانی باوەڕ بەوە بکەم کە ئەیبیستم، یانی باپیرەمان وەها پلانیکی پیسی دارشتبوو؟ یانی پوریم ڕاستی دەوت؟ هۆکارێک نەبوو بۆ درۆکردن، ئەویش دوای ئەو هەموو ساڵە، سەیری چاوەکانیم کرد، ڕاستگۆیم تیایاندا دەبینی، بەڵام سەخت بوو لەلام باوەڕکردن بە شتێکی ئاوا، بۆیە پرسیم:

- باپیرەی ئێمە ئەو کاتە لە کوێ بوو؟

پوری- نازانم.

- یانی ئەمانە هەمووی پلان بوون؟

پوری- نازانم.

مانی- باپیرەی ئێمە عەرەقەکەی کردبووە ناو شەربەتەکە؟

پوری- نازانم.

مانی- یانی کەسێک دوای ئەو هەموو میهرەبانییەی کە بەرامبەری کردوویانە، کارێکی وا ئەکات؟

پوری- نازانم.

- بەڵام ئەو شتەی کە ئێوە بۆ ئێمەتان گێڕایەوە هەر ئەو مانایە ئەدات.

پوری- من تەنها ئەو شتەم بۆ گێڕانەوە کە بیستبووم، لەوە زیاتریش نازانم، بۆیە هیچی تریش ناڵێم، چونکە لە درۆ بێزارم.

- باپیرەی ئێوە لەو ساتەدا هیچی تری نەوتووە؟

پوری- تەنها یەک وشەو یەک سەیرکردن، ئەویتری ئەبێت خۆتان پێشبینی بکەن.

- باوەڕکردنی سەختە.

پوری- کەوایە من درۆ ئەکەم.

- ناڵێم ئێوە درۆ ئەکەن، بەڵام بابەتەکە زۆر سەیرە!

مانی- لە ڕێی پاشماوەی چیرۆکەکەوە ئەگرێت پێشبینی ئەم بەشە بکرێت، لەوانەشە بابەتەکە هەر بەو جۆرە نەبوو بێت.

- یانی چی؟

مانی- لەوانەیە کەس عارەقی نەکردبێتە ناو شەربەتەکەوە.

- ئی خەلکەکە لە کوێوە زانییان؟

مانی- لەوانەیە ئەو کەسانەی کە هاواریان کردووەو وتوویانە ئەم کافرە عارەقی

کردووەتە ناو شەربەتەکەو ئەوانەشی کە بە کێرد داویانە لە باپیرەی پوری لەگەل ئەوانەی کە لەناو خەلکەکە هێناویانە دەرەوەو گەیاندوویانەتە ماڵەوە، هەموویان بەکێک بووبێتن.

- یانی باپیرەمان چەند کەسێکی بەکری گرتووە تا ئەم پیلانە جێبەجێ بکەن؟

مانی- شینگێر بەبێ مۆلەتی سەرپەرشتیارەکەی هیچ کارێک ناکات، سەرپەرشتیاریش هەمیشە هەوڵ دەدات دەنگە دەنگەکان کپ بکاتەوەو نەهێڵێت بارودۆخەکە زیاتر دژوار بێت.

لەپڕ پوری دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

- بینیتان، خۆتان توانیتان بۆی بچن.

- یانی بۆچوونەکەمان ڕاست بوو؟

پوری- دایکم ئەیوت ئەو کاتەو لەو ڕۆژانەی سەرەتادا کە ئەو کارەساتە ڕوویدابوو، نەیتوانیوە بیرو هۆشی کۆبکاتەوە، بەڵام دواتر بۆ نا، یانی دەیوت دوای ئەم ڕووداوە، هەموو مانگێک یەکێک هاتۆتە بەر دەرگاو باپیرتان ڕۆشتووەتە بەر دەرگاو کەمێک قسەی لەگەل کردووە و دواتر ئەو لێیداوەو ڕۆشتووە، باپیرەشتان هیچ کات بە کەسی نەوتووە ئەوە کێیە یان ئیشی بەو چییە، شەوێک کە دایکم هەستیار دەبێت بەرامبەر بەم بابەتە، هەوڵدەدات بە دزییەوە لە شوێنێکەوە دەم و چاوی ئەو کابرا ببینێت، لێرەدا بووە کە کەم کەم هەموو شتێکی بۆ ڕوون ئەبێتەوە، ئەو پیاوەی کە مانگی شەوێک ئەهاتە ئەوێ، یەکێک بووە لەو کەسانەی کە باوکیان هێناوەتەوە ماڵەوە دوای بریندار بوونی، کاتێک بەم بابەتە ئەزانێت، باپیرتان ئەخاتە ژێر چاودێرییەوەو ئەوەی بۆ ئاشکرا ئەبێت کە هەر کاتێک ئەو کابرا دێتە بەردەم ماڵا، باپیرتان شتێک ئەخاتە دەستە سڕێک و پێی ئەدات، دواتر تێئەگات کاتێک کە نزیکی هاتنی ئەو کابرا ئەبێتەوە، باپیرتان بڕێک پارە ئەخاتە ناو دەستەسڕێک و لە دۆلابێکدا دایدەنێت و کاتێک ئەو دێتە بەر دەرگا ئەیدا پێی.

مانی- پاداشت یان مافی بێدەنگی!

پوری پێکەنی و جگەرەیەکی تری داگیرساندو مژێکی لێداو وتی:

- لێی گەڕێین، دوای ئەو شەوە، ماوەیەک هەمووان پرسە دەگێڕن تا کەم کەم بابەتەکە کال ئەبێتەوەو ژیان ئەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، لەو ماوەدا باپیرەی ئێوە دەست دەگرێت بەسەر نوسینگەی کارو کاسبی باپیرەمداو هەموو کاروبارەکانی ماڵەوەش دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەوە بەدواش زیاتر لە جاران لەگەل دایکم

CamScanner

میهرەبان بووە، دایکم ئەیوت کاتێک لە دەرەوە بووە، لە دەرەوە بووە، کاتێک دەگەڕایەوە ماڵەوە، وەک پەپوولە بە دەوری مندا دەسوڕایەوە، لە هیچ شتێک درێغی نەئەکرد بۆم، ئەبێت ئەوەش بڵێم باپیرتان بە ڕاستی عاشقی دایکم بووە، لە تەواوی ئەو پلانەشی کە جێبەجێی کردبوو، دوو ئامانجی هەبووە، یەکیان ئەوەی کە دایکم بە دەست بهێنێت، ئەویتریشیان ئەوەی کە دەست بگرێت بەسەر تەواوی سەروەت و سامانی باپیرمدا، لە هەردووکیشیاندا سەرکەوتوو بووە، دایکم ئەیوت یەک سال بەسەر کوشتنی باوکیدا تێپەڕبووە، شەوێک باپیرتان دێتە ژووری دایکم و دەرگاکەش لە دوای خۆیەوە دانەخات و بە دایکم ئەڵێت ئەیەوێت قسەی لەگەل بکات، دایکیشم وا ئەزانێت باپیرتان ئەیەوێت لە بارەی کارو پارەو ئەم شتانەوە قسەی لەگەل بکات، دانەنیشێت و گوێ ئەگرێت، باپیرتان بابەتی هاوسەرگیری ئەهێنێتە پێشەوە، دایکم بە توندی دژی ئەم بابەتە ئەوەستێتەوەو پێی ئەڵێت بەنیازە ماوەیەکی تر بڕوات بۆ ئەورووپا، باپیرەشتان تەنها پێی پێئەکەنێت و دایکم بەیانییەکەی لە مانای ئەو پێکەنینە تێئەگات، دەرگای ژوورەوەی لێ کلیل ئەدرێت و دایکم ئەبێت زیندانییەکی ڕاستەقینە، ڕەفتاریان لەگەلی دەگۆڕێت و ئەوانەی تا ئێستا لەگەلی دۆست بوون، ئەبنە دوژمنی تەواو، ئەیوت لەپڕ لە میوانی ئەو ماڵەوە گۆڕاوە بە خزمەتکاری ئەو ماڵە، ناچاری ئەکەن گسک بدات، پەنجەرە بشۆرێت، دروومان بکات، تەوالێت بشۆرێت و بە کورتی هەموو کارێک جگە لە قاپ شۆردن و چێشتلێنان، ئەزانن بۆچی ئەو دوو کارەی پێناکەن؟ بە دڵنیاییەوە ئەمەشیان ئەگەر توزێک بیربکەنەوە تێئەگەن، بەڵام ئێتر مێشکتان ماندوو ناکەم، پێیان ئەوت تۆ پیسی، کافری، ئەیانوت ئەگەر دەست بدات لەو قاپانە، پیس ئەبن و ئەبێت ئاویان بکێشن، سوکایەتی، ڕووخاندنی کەسایەتی، لەناوبردنی باوەڕبەخۆبوون و وێرانکردنی ڕوحی، کار ئەگات بە شوێنێک کە تفی تێئەکەن، یانی خێزانی باپیرەی ئێوە کاتێک ئەیانبینی، بە ئاشکرا تفیان تێئەکرد، خۆزگە هەر بەمانە کۆتایی بهاتایە.

- جا چیتر ماوە کە بیکەن؟

پوری- ئەشکەنجەی تر، ئێوە نازانن مرۆڤەکان کاتێک بیانەوێت خراپ بن، تا چەند لەم کارەدا ئەچنە پێش! کاتێک ئەو مافەیان بە خۆیاندا کە ئەتوانن بەرامبەر بە مرۆڤێکی تر خراپ بن، ئێتر ناتوانرێت پێشیان لێبگیرێت، دایکم ئەیوت ئێتر ڕێگەیان نەداوە لەگەل ئەوان نان بخوات، قاپەکانی ئەویان جیاکردبووەوە، ئەو ژوورە گەورەیان لێسەندبووەوەو لە تەنیشت تەوالێتەکە، عەمبارێکیان لەژێر زەمینێکدا پێدابوو، قسەی ناشرینی وایان

پیدەوت کە هەر بە بیستنیشیان موچڕکە بە لەشی مرۆڤدا دێت، کاریکی وایان لەگەل کردبوو کە هەموو جۆرە خۆراگرییەکی لە دەستدابوو.

- ئازاری جەستەییان ئەدا؟

پوری- نا، ئیتر پێویستی بەوە نەدەکرد، ئەوەت لەبیر بێت هەموو زیندەوەرێک دوای ماوەیەک، یا بەرگری پەیدا ئەکات بەرامبەر بە ئەشکەنجەی جەستەیی یاخود دەمرێت، بۆیە پێویستی بەم بابەتە نەئەکرد، سەرەڕای ئەوەش، باپیرتان دایکمی خۆشویستووە و ڕێگەی ئەم کارەی پێنەداون، تەنها داوای لێکردبوون کە بیشکێنن، کەسایەتییەکەی، ڕابردووی، ئیمانی، بیروباوەڕی، ئەمانە لە هەرچی شتە خراپترە، بەتایبەت گورزی کۆتایی بە تەواوی ئەبێتە هۆی خۆ بەدەستەوەدانی دایکم، ئەیوت ڕۆژێک بەوەمزانی ئەو خواردنەی کە بۆ منی تێئەکەن و ئەیدەن پێم تا لە عەمبارەکەدا بیخۆم، تفی تێئەکەن، ئیتر لەوە بەدواوە تا کاتێک کە توانیویەتی و بەرگەی گرتووە، دەمی نەداوە لە خواردن و کاتێکیش خۆراگری لەدەستداوە، ڕۆژێک باپیرتان بانگ ئەکات و پێی ئەڵێت ئامادەبە هاوسەرگیری لەگەل بکات.

- بۆچی لەوێ هەڵنەهاتووە؟

پوری- تۆ خانووە کۆنەکانت بینیبوو؟ ڕێک وەک بەندیخانە وابوون، بەندیخانە بۆ ئەو ژن و کچانەی کە بەناو تیا ئەژیان، دەرەوەو ناوەوەیان لەیەک جیابوو، دیوارەکانیان بەرز بوو و نێوانیشیان هەبوو لەگەل مالی دراوسێکانیاندا، کاتێکیش دەرگاکانیان لە ناوەوە کلیل ئەدرا، ئیتر لە بەندیخانە خراپتر بوون، هیچ کەس نەیدەتوانی لێیانەوە هەڵبێت، بە تایبەت کاتێک چەند پاسەوانێکیشی هەبوو بێت. کە ئەمانەی وت هەستا کوپەکانی خستە سەر سینییەک و لە ژوورەکە چووە دەرەوەو تۆزێک دواتر بە چەند چاییەکەوە گەڕایەوەو یەکی دانەیەکی خستە بەردەمی ئێمەو خۆیشی دانەیەکی هەڵگرت و دانیشت و تۆزێکی لێ خواردەوەو وتی:

- دایکم ئەیوت، کاتێک کە بە باپیرتان ئەڵێت ئامادەیە هاوسەرگیری لەگەل بکات، زۆر خۆشحاڵ ئەبێت و خێرا پێی ئەڵێت کە چەندێک خۆشی ئەوێت و چەندێک ناڕەحەت بووە لەو کارانەی کە لەم ماوەدا بەرامبەری کردووەو ئەم قسە هیچانە، دواتر ئەڵێت ئیشەڵا کاتێک موسڵمان بوویت، دووبارە ئەبێتەوە بە خانمی ئەم ماڵەو ڕێزو حورمەتت ئەگەڕێتەوە سەر جێی خۆی، دایکم هەر کە گوێی لەم قسە ئەبێت دەست ئەکات بە هات و هاوار و ئەڵێت نامەوێ ئایینەکەم بگۆڕم و ئەم بابەتە ج پەیوەندییەکی بە

CamScanner

هاوسەرگیرییەوە هەیە؟ تۆ بە دینی خۆت و من بە دینی خۆم، بەلام باپیرتان زۆر بە ئارامی ئەلێت ناتوانێت لەگەل کچێکی ناموسلماندا هاوسەرگیری بکات و کاتێک ئەبینێت دایکم پیداگری ئەکات، سەردانەخات تا بڕواتە دەرەوە، دایکیشم ئەزانێت کە بە ڕۆشتنی ئەو، لە سبەینێوە دووبارە ئەشکەنجەدان دەست پێدەکاتەوە، بۆیە بانگی ئەکات و هەوڵ ئەدات بە لۆژیک قسەی لەگەل بکات و تێی بگەیەنێت، بەلام هەر کارێک ئەکات و هەرچی ئەلێت، باپیرتان لەسەر قسەی خۆی سوور ئەبێت و ئەلێت ئەبێت دایکم موسلمان ببێت، دایکیشم لەبەرئەوەی چارەی تری نەبووە، ڕازی ئەبێت، باپیرەشتان هەر لەو کاتەدا ئەنێرێت بە دوای کابرایەکداو لەگەل گەیشتنی، خێرا دایکم موسلمان ئەکات و هەر لەوێدا مارەی ئەکات و دایکم ئەبێتە ژنی باپیری ئێوە، یانی ئەبێتە ژنی باوکم، هەر ئەو شەوەش دایکم دووبارە ئەگەڕێتەوە ژوورە پێنج دەرگاکەو شەوی بوکێنی بەڕێئەکەن.

- دایکی ئێوە مێردەکەی خۆشویستووە؟

پوری- ئەگەر ژنی تۆ باوکتی کوشتبێت و تۆش بزانی، خۆشت ئەوێ؟

هیچم نەوت، جگەرەیەکی تری داگیرساندو وتی:

- لە سبەینێوە دایکم بە خەیالی ئەوەی کە ئیتر بارودۆخی ژیانی ئەگۆڕێت، لە خەو هەڵئەستێت، بەلام هەزار داغ! کاتێک سنورەکان بەزێنران ئیتر هیچ ڕێز لەنێواندا نامێنێت. ئەو ڕۆژە دایکم کاتێک کە لە خەو هەڵئەستێت، باوکم یانی باپیری ئێوە، ڕۆشتبووە سەر کار، دایکم هەڵئەستێت و لە ژوورەکەی ئەچێتە دەرەوەو ئەچێتە لاکەی تری تەلارەکەو ئەڕواتە ئەو بەشەی کە خەسووی و خوشکەکانی مێردەکەی تیا ئەژیان، ئەلبەتە خوشکەکانی مێردەکەی هەردووکیان هاوسەرگیرییان کردبوو و یەکیان منداڵێکی هەبووە و ئەوی تریشیان دووگیان بووە و لەگەل مێردەکانیاندا لە ژوورێکدا ژیاون، لە کۆندا ئاوا بووە، بە کورتی هەر کە ئەچێتە ئەو بەشەو سلاو ئەکات، تێئەگات ئەو بیرانەی کە کردوویەتیەوە ڕاست نەبووە و ئەگەرچی ماڵ باوکی مێردەکەی ڕەفتاریان کەمێک باشتر بوو بوو لەگەلی، بەلام زۆریش جیاوازی نەبووە لەگەل ڕابردوودا، ئەچێتە سوچێکەوەو دائەنیشێت، خەسووی پێی ئەڵێت سەیرکە ناشتا خانم..

مانی- چی خانم؟

پوری- ناشتا خانم، ئاخر دایکم ناوی ناتاشا بووەو خەسوویشی لەبەرئەوەی کەسێکی نەخوێندەوار بووەو لەبری ناتاشا بە ناشتا بانگی کردووە، بە کورتی پێی ئەڵێت سەیرکە ناشتا خانم تا ئێستا هەرکی بوویت و هەرچی بوویت، بۆ خۆت بوویت و

لەمە بەدوا تەواو بووەو براوەتەوە، لە ئێستا بەدواوە بوکی ئەم ماڵەیت، ئەگەر نازانیت بزانە، هەر بوکێک ئەچێتە ماڵێکەوە ئەرکی خۆی لەسەرە، گسکدان و قاپ شۆردن و جلشۆردن لەسەر تۆیە، ئاگاداربە لە ئەمڕۆ بەدواوە، نە زبڵێ و خاشاک لە ژوورەکان و حەوشەدا ببینم و نە قاپ و قاچاخی پیس و نە جلی نەشۆردراو، دایکم بە باشی لە زمانی فارسی تێنەگەیشتووە، تۆزێک ڕائەوەستێت تا لە مانای قسەکانی خەسووی تێبگات و کاتێک تێنەگات کە چی ئەڵێت، کەمێک بیر ئەکاتەوەو دواتر ئەڵێت ئەم کارانە پێشتریش کردوویەتی، خەسوویشی ڕاستەوخۆ ئەڵێت تۆش بۆ ئێمە هەر ئەوەی ک پێشتر بوویت، تۆش نەگۆڕاویت، دایکیشم ئەڵێت من ئێستا بووکی ئێوەم، خەسوویشی ئەڵێت ئێ لەبەرئەوەی کە بووکی ئێمەیت ئەبێت ئەو کارانە بکەیت، دایکم دیسان کەمێک بیر ئەکاتەوە و ئەڵێت ئەی کەوایە ئەم هاوسەرگیرییە چ باشییەکی هەبووە بۆم؟ ئەویش ئەڵێت لەبەرئەوەی بوویت بە موسڵمان ئیتر تفت تێناکەین. ئەو کاتە بووە کە دایکم چاوی کراوەتەوەو بە خۆیدا هاتۆتەوە، بەڵام چارەیەکی تری نەبووە جگە لە ڕازیبوون، لانیکەم ئەو باشییەی بۆی هەبووە کە ئیتر شتی پیسیان نەکردووەتە ناو خواردنەکەیەوە، هەر بۆیە ڕازی ئەبێت و هەڵئەستێت تا بڕوات، خەسووی دووبارە پێی ئەڵێت دانیشە ئیشم پێتە، ئەویش دائەنیشێت، خەسووی پێی ئەڵێت لە ئێستاش بەدواوە ناوت سوغرایە، دایکم ئەڵێت یانی چی؟ خەسووشی ئەڵێت لێرە داب و نەریت وایە دوای مارەبڕین ماڵی باوکی مێرد ناو بۆ بووک دائەنێن، ئێمەش دوێنێ شەو زۆر بیرمان کردەوەو ئەم ناوەمان بۆ دۆزیتەوە، لەمە بەدواش کاتێک وتمان سوغرا، یانی تۆ بانگ ئەکەین، بڵێ بەڵێ و ئەگەر دەستت لە خوێندا بوو وەرە، دایکم دیسان کەمێک بیر ئەکاتەوە تا لەمانای قسەکانیان تێبگات، کاتێک ئەزانێت خەریکن چ بەڵایەکی بەسەر ئەهێنن، بە تورەییەوە هەڵئەستێت و ئەڵێت من ئیتر لەم ماڵەدا نامێنمەوە، ئێستا ئیتر ئامادەم لەتاو ئێوە خۆم بدەم بە دەست سورەکانەوە، هەر کە ئەوە ئەڵێت خەسووی و دشەکانی کە مانای قسەکانی بە شێوەیەکی تر تێگەیشتبوون و وایان زانیبوو دایکم ئەڵێت ئەمەوێت ئێوە سوور بکەمەوە، هەڵدەستن و پەلاماری دایکم ئەدەن و دەست ئەکەن بە لێدانی و ئێستا لێی نەدەی کەی لێی بدەی، دایکم ئەیوت ئەو ڕۆژە ئەوەنەیان لێدام و قژیان ڕاکێشام، لەتاو دەرد بێهۆش کەوتم و ئەوانیش منیان هەڵگرت و فڕێیان دامە عەمبارەکەوە.

ئەیوت کاتێک بەهۆش هاتمەوە دانیشتم و دەستمکرد بە گریان، بێچارە چارەیەکیشی نەبووە، بوو بووە دیلی کۆمەڵێکی بێبەزەیی، سەرەنجام ئەوەندە لەوێدا ئەمێنێتەوە تا

ئەو دادیت و مێردەکەی، یانی باوکی من لە کار ئەگەڕێتەوە، دایکم تۆزێک دڵی خۆش ئەبێت کە لانیکەم پشتیوانێکی هەیە، داماوە خۆی ئامادە ئەکات کە ئێستا مێردەکەی دێت و ئەو لە عەمبارەکە ئەهێنێتە دەرەوەو پشتیوانی لێئەکات، هێشتا مێردەکەی ئەگەشتووەتە ماڵەوە، ئاه و ناڵەی دایکی بەرزئەبێتەوەو دەست ئەکات بە ئەفرین کردنی و سکاڵای ژنەکەی لائەکات و ئەڵێت هێشتا هیچ نەبووە ژنەکەت ئەیەوێت ئێمە بسووتێنێت و سورمان بکاتەوە، باپیرەشتان کە ئەمانە ئەبیستێت و گریانی دایکی ئەبینێت، دێت و دەرگای عەمبارەکە ئەکاتەوەو ئەچێتە ژوورەوەو دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دائەخات و بە دایکم ئەڵێت تۆ چیت بەمانە وتووە؟ دایکیشم بەو زمانە فارسییە نیوە ناتەواوەی خۆیەوە ڕووداوەکەی بۆ ئەگێڕێتەوەو داوا لە مێردەکەی ئەکات کە پشتیوانی لێبکات، باپیرەی ئێوەش لەو نێوەندەدا گیری خواردووە، هەم نەیویستووە دڵی ژنەکەی بشکێنێت، چونکە بینیویەتی ڕاست دەکات، لەلایەکی تریشەوە نەیویستووە بکەوێتە بەر نەفرینی دایکی، قایشەکەی دەرئەهێنێت و بە سوکی دانەیەک ئەدات لە دایکم و دواتر دەست دەکات بە هات و هاوارو بە قایشەکەی ئەکێشێت بە دارو دیواردا یانی خەریکم ژنەکەم ئەمبێ ئەکەم، لە پەساش چاو لە دایکم دائەگرێت، یانی ئەمانە هەمووی فێڵن، دایکم ئەیوت سەرم لەو ڕەفتارە نەفامانەی دەرئەئەهێنا، بەڵام هیچیشم لەدەست نەئەهات، کاتێک باپیرتان نمایشەکەی تەواو ئەبێت، بە ئارامی بە دایکم ئەڵێت کە ئەبێت بڕوات و دەستی خەسووی ماچ بکات تا ئەو ببوورێت، دایکم سەرەتا ڕازی نابێت، بەڵام کاتێک ئەبینێت نمایشەکە لەوانەیە ببێتە ڕاستی و لێدانێکش لەلایەن مێردەکەیەوە بخوات، سەری دائەخات و لە عەمبارەکە ئەچێتە دەرەوەو بە نەفرەتەوە دەستی خەسووی ماچ ئەکات و دواتریش ئەچێتە ژوورەکەی، جا ئێتر بیهێنە پێش چاوی خۆتان، کەسایەتی ئەو کچە بیانییە خوێندەوارە لە کوێ و کەسایەتی ئەم کچە دیلکراوە لە کوێ! برسی و تینوو دوای ئەو هەموو سوکایەتی پێکردنە، ئەبوو داوای لێبوردنێشی بکردایە، بەڕاستی مرۆڤێکی بەدبەخت بووە ئەو دایکی منە! باوکیان کوشتبوو، دەستیان گرتبوو بەسەر ئەواوی سامانەکەیدا، بە زۆر ئاینەکەیان پێ گۆڕی بوو، بە زۆر ناچاریان کردبوو بە هاوسەرگیری، بە زۆر دەیانویست ناو و ناسنامەکەشی لێبسەننەوە، ئێستاش برسی و تینوو و لێدراو، ناچار بووە کە بڕوات دەستی نەفامێکیش ماچ بکات، ئەویش چ کاتێک؟ ڕۆژێک دوای بوکێنییەکەی.

پوری زۆر ناڕەحەت بوو، جگەرەیەکیتری داگیرساندو دەستیکرد بە کێشانی، منیش

سکم دابوویه ئازار، بەلام شەرمم نەکرد قسەکانی پێببڕم، لەپڕ خۆی هەستی پێکردو وتی:

- تۆ چیتە هامون؟

- ببورن پوری، کەمێک سکم ئازاری هەیە.

پوری- ئەتەوێت ئاو نەباتی گەرمت بۆ بهێنم؟

- نە، زۆر مەمنون.

پوری- حەپی سک ئێشەم هەیە، بیهێنم بۆت؟

مانی- ئەگەر حەبی سکچوونتان هەبێت، کێشەکەی چارەسەر نەبێت، لە کۆمیشەوە ڕێخۆلە گەورەی پاک بکرێتەوە خراپ نییە.

- زەهری مار!

پوری- حەپی سکچوون بۆچی؟

ئیتر نەمتوانی خۆم ڕابگرم، داوای لێبوردنم کردو هەستام و چووم بەرەو تەوالێت، ئەوەندە تورەبووم لەدەست مانی هەر مەلێ، بە کورتی دە خولەک دواتر گەڕامەوە بۆ ژوورەوە، پوری هەر کە چاوی پێمکەوت، دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

- ئەم مانییە زۆر چوختییە، باوکیشی هەر ئاوا بوو.

دیسان داوای لێبوردنم کردو چووم دانیشتم، پوری وتی:

- ئەویتری بگێڕمەوە؟

هەردووکمان سەرمان ڕاوەشاند، وتی:

- بە کورتی ئەو شەوەش وەکو هەزاران شەوی تر تێئەپەڕێت، یانی ژیان تێئەپەڕێت، جا ئیتر چ باش چ خراپ، بەلام داماو ئەوانەی کە چەرخی ژیانیان بە جیرەو کرەکرو دەنگە دەنگەوە ئەخولێتەوە، بۆ دایکی من ئاوا بوو، کچێکی بۆرژواز بوو بە کارەکەر، لەبیرمە دایکم هەمیشە ڕقی لە سورەکان و کۆمۆنیستەکان بوو، هەرکاتێک کە بۆی بکرایە و کاتی هەبوایە و بیویستایە و بیتوانیایە قسەم لەگەل بکات، هەمیشە ئەیوت مرۆڤگەلێکی پیسن، یانی داماوە ئیتر کاتی نەبوو بۆ قسەکردن و هیچی نەبوو بۆ وتن، شەوانە ئەوەندە ماندوو بوو، دە خولەک قسەی لەگەل ئەکردم و لە هۆش ئەچوو.

ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

- دنیایە ئیتر، لێی گەڕێین، گیانم بۆتان بڵێت، لە سبەینێی ئەو شەوەوە، دایکم ئیتر ئەرکەکانی خۆی ئەزانێت و پێگەی خۆشی ئەزانێت، ئیتر کارێکی وا ناکات تێی بگیرێن

و نبی پیچن، ئەبیتە بووکێکی گوێرایەڵ، ئەوەی کە ئەوان ئەیانەوێت، یانی بەندەیەک، کارەکەرێک، کەنیزەکێک، بۆی ئەگێڕامەوە و ئەیوت کە لەو چەند ساڵەی کە لە ئێراندا بووە، تەنها دوو سێ جار شا عبدالعظیمی بینیوە و یەکجاریش بردبوویانە مەشهەد، یانی نزیکەی چواردە پانزدە ساڵ لە ئێران بووەو تەنها سێ یان چوار جار توانیویەتی لە ماڵ بچێتە دەرەوە، یانی نەک ئەوەی کە دشەکانیشی زیاتر چووبێتنە دەرەوە، نا، ئەوانیش زیندانی بوون، ئەوانیش دیل بوون، بەڵام ڕاهاتبوون و زۆر سەخت نەبووە بۆیان، بەڵام دایکی من نە، وەک ئەوەی کە فڕین لە باڵندەیەک قەدەغە بکەن و بیخەنە قەفەسەوە، بە کورتی، ماوەیەک تێپەڕ ئەبێت، شەوێک دایکم لەبارەی پارە و سامانەکەی باوکیەوە پرسیار لە باپیرتان ئەکات و ئەڵێت نوسینگەی کارەکەی و پارەو ئەم شتانەی چییان بەسەر هاتووە، داماوە هێشتا قسەکە لە دەمی نەهاتبووە دەرەوە، باپیرتان بە پشت دەستی ئەکێشێت بە دەمیداو خوێن بە لوتیدا دێتە خوارەوە، دایکم ئەیوت من هەر ئەمزانی چی بوو تەنها لەپڕ بینیم ئازار سەرمی تەنیەوە، ئەیوت باپیرتان وەکو وەحشی لێهاتبوو، وەها ئەینەڕاند کە هەر مەڵێ، وەها هاوار ئەکات کە تەواوی ئەوانەی لەو ماڵەدا بوون دێنە ژوورەکەیان تا بزانن چی بووە، کاتێک باپیرتان ڕووداوەکە ئەگێڕێتەوە، هەموویان دەست ئەکەن بە شەڕکردن لەگەڵ دایکم، یانی چی؟ چ مانایەکی هەیە ژن پرس و جۆ لە مێردەکەی بکات؟ مەگەر مێردەکەت دزە یان لێی دڵنیا نیت کە ئەم قسانە ئەکەیت؟ شەرم بکەو دانیشە بە دیار ژیانی خۆتەوەو سوپاسی خوا بکە کە سێبەری مێردێک بەسەر سەرتەوەیە، دواتریش هەموویان دەوروبەری باپیرتان ئەگرن و داوای لێئەکەن کە ئەم بووکە بیانییە بە گەورەیی خۆی و کەرێتی ئەو ببورێت لەبەرئەوەی باب و ئەرێتی ئێمە شارەزا نییەو باش پەروەردە نەکراوەو غەریبەو ئەم شتانە نازانێت.

کاتێکیش باپیرتان بە گەورەیی خۆی لە گوناهی دایکم خۆش ئەبێت، یەکێک لە دشەکانی خانمی ئەکات و دایکم هەڵئەگرێت و ئەیباتە سەر حەوزەکەو دەست و دەم و چاوی ئەشۆرێت و دواتریش نێوەندگیری ئەکات تا باپیرتان مۆڵەت بدات کە ئەم ژنە ئاوانبارە بڕوات و دەستی ماچ بکات و داوای لێخۆشبوون بکات و ڕووداوەکە بەخێرو خۆشی تەواو بێت.

لەبیرمە کاتێک دایکم ئەمانەی بۆ ئەگێڕامەوە، تیشکێکی سەیرم لە چاویدا ئەبینی، تیشکی تۆڵە، تیشکی نەفرەت، تیشکی ڕق و توڕەیی، هیچ کات لەبەردەم منداڵ ناوی باپیرتانی نەبرد، هەمیشە بە (ئەو) ناوی ئەهێناو منیش ڕاهاتبووم کە کاتێک دایکم ئەیوت

CamScanner

ئەو، یانی مەبەستی باپیری ئیوەیە، تەنانەت منیش هیچ کات نەمتوانی لە ناخی دڵەوە بە باوکە بانگی بکەم، چونکە ئەمبینی و ئەمزانی چییان بەسەر دایکم هێناوە، هەمیشە ڕقم لە داپیرە و پورەکانم دەبووەوە، کاتێک دایکم باسی ئەو بەڵانەی ئەکرد کە بەسەریان هێناوە، حەزم ئەکرد توانام هەبووایە بمکوشتنایە و دایکمم هەڵبگرتایەو لەگەڵ خۆمدا لەو بەندیخانەوە بمبردایە بۆ ڕووسیا، بۆ جێیەک کە دایکم لانیکەم بیتوانیایە تیایدا بە ئازادی و خەیاڵی ئاسودەوە دەرگای ماڵەکەی بکردایەتەوە و بڕواتە دەرەوەو خەڵک ببینێت. ئەزانم دایکیشم وەها ئارەزوویەکی هەبوو، سەرەنجام پێشی گەشت، بۆی ئەگێڕامەوە کە ڕۆژێک حاڵی تێکئەچێت و تێئەگات کە دووگیانە، یەکسەر بڕیاری خۆی ئەدات، ئەیوت دوانیوەڕۆیەک کە هەموویان خەوتبوون، بە دزییەوە کەمێک شڕ و شەخەڵ هەڵئەگرێت لەگەڵ بڕێک ئاڵتون کە باوکی پێی دابوو بۆ ڕۆژی تەنگانە، دواتریش بە ئارامی لە ژوورەکەی دێتە دەرەوەو کاتێک ئەبینێت کە هیچ دەنگێک نایەت، ئەچێت بەرەو ڕاڕەوێک کە ئەچێتە سەر دالانێکی هەشتی و دواتریش دەرگای دەرەوە، ئەیوت لە حەوشەکە تێپەڕیم و گەشتمە ڕاڕەوەکەو لەوێش تێپەڕبووم و چوومە دالانە هەشتییەکەو گەشتمە دەرگای حەوشەکە، بەڵام کلیل درابوو، بە چەقۆیەک کەوتمە گیانی قوفڵەکە، بەڵام هەر کارێکم کرد نەکرایەوە، ئەوەندە بیرم لای قوفڵەکە بوو کە نەمزانی لە دەنگە دەنگەکەی خەسووم بێدار بووەتەوە و هاتووە و لە پشت سەرمەوە وەستاوە و کاتێک بینیویەتی چی ئەکەم، ڕۆشتووەو ئەوانیتریشی ئاگادار کردووەتەوە، ئیتر ئەویتریشی ئەبێت خۆتان بزانن، تەمبی و لێدان لەلایەکەوە، هەڵهاتنی ژنێکی موسوڵمانی مێرددار لەلایەکیترەوە، کەمترین سزا لەو کاتەدا مردنێکی ئاسان بووە، لەبەر ئەم هەوڵدانە بۆ ئازادی، هەفتەیەک بەند ئەکرێت، بەندکردن لەگەڵ کاری قورس کە هەمان لێدان و خواردن پێنەدان بووە، یانی خەسوو و دشەکانی ئەیانوت ژنێک کە بیەوێت لە ماڵی مێردەکەی هەڵبێت، ئەبێت ئەوەندە برسی بکرێت تا دەمرێت، ئەیوت باپیرتان دوای دوو سێ ڕۆژ لێی خۆشبووە، بەڵام دایکی و خوشکەکانی نە، سەرەنجام دوای هەفتەیەک مێردی دشەکانی دێن و دایکم بە نیوەگیانی لە عەمبارەکە ئەهێنێنە دەرەوە، تا هەفتەیەک دواتریش حاڵی دایکم باش نەبووە و سەیر بووە کە لەو بارودۆخەدا منی لەبار نەچووە، یانی شانسی هەبووەو بوونی من هۆکاری ڕزگاربوونی بووە، گوایە ڕۆژێک باپیرتان دێتە پشت دەرگای عەمبارەکە، جا ئیتر دڵی تەنگبووە یان بەزەیی هاتووەتەوە پیایدا یان عەشق تا ئەوێی بردبوو، ئەوەیان بمێنێت، کاتێک لەوێدا وەستاوەو گوێی گرتووە، ئەبینێت دایکم

CamScanner

خەریکە ئەگری، بە درژی و گرژییەوە پێی ئەڵێت نیستا لە کارەکەت پەشیمان بوویتەوە یان نە؟ دایکیشم ئەڵێت لەوە پەشیمانم کە لە تۆی ترسنۆک دووگیانم، کە ئەمە ئەڵێت باپیرتان ڕائەچڵەکێ و لەبەرئەوەی زۆر ڕێزی دایکی گرتووە، مێردی خوشکەکانی ئەکاتە نێوەندگیر و ئەوانیش دایکم لەو عەمبارە ڕزگار ئەکەن.

ئەگەر بمەوێت بۆتان بگێڕمەوە کە دایکم لەو ماڵەدا چی کێشاوە، ئەبێت هەفتەیەک لێرە دانیشن و ئێوە گوێ بگرن و من قسە بکەم، هەر بۆیە بە کورتی باسی ئەکەم، سەرەنجام دوای چەند مانگێک من دێم دنیاوەو هەر کە ئەزانن من کچم، دووبارە سەرکۆنەکردن دەست پێدەکاتەوە، من هەر نازانم ئەوانە مەگەر خۆیان ژن نەبوون؟ کەسێک کە بوونی خۆی بە مایەی شەرمەزاری بزانێت هەر مرۆڤە؟ خۆیان لە ڕەگەزی من بوون و کاتێک من هاتمە دنیاوە، هەموویان دەستیانکرد بە ئاە ئاە کردن، یەکێک نەبوو پێیان بڵێت ئاخر ئەمانە ئەگەر کچ خراپە، خۆشتان ژنن، کەواتە چ ناوێک لە خۆتان ئەنێن، دایکم ئەیوت تۆیان لە باوەش ئەکردو هۆنراوەیان ئەخوێندو ئەیانوت:

کوڕە کوڕە چاوی منە کچە کچە تەوقی گەردنە

ئەگەر من تەوقی گەردن بووبم خۆیان گۆشتی گەردەمل بوون.

دووبارە پوڕێ تورە بوو و جگەرەیەکی تری داگیرساندو تۆزێک دواتر وتی:

- کاتی ناونانی من زۆر سەرنجڕاکێش بووە، دایکم ویستوویەتی ناوم بنێ لیا و ئەوان ئەیانوت ئەبێت ناوم بنرێت عەزرا، سەرەنجامیش ئەوان سەرکەوتوو ئەبن و ناوی من ئەنرێت عەزرا، جا ئیتر مەبەستیان چی بووە، خوا ئەزانێت. سەردەمی منداڵیم لەبیر نییە، مرۆڤ هەمیشە لە تەمەنێکەوە هەمووشتێکی لەبیر ئەمێنێت، ئەو تەمەنەی من، شەش ساڵی بوو، لەبیرمە لەسەر قسەکردن کێشەم هەبوو، لەسەر هەڵسوکەوت کێشەم هەبوو، لەسەر جلوبەرگ لەبەرکردن کێشەم هەبوو، لەسەر بیرکردنەوە کێشەم هەبوو، لەسەر خوێندن کێشەم هەبوو، لەسەر خۆشویستن کێشەم هەبوو، من عاشقی دایکم بووم و هەمیشەش گڵەییم لێی هەبوو، داماوە لە بەیانییەوە کە هەڵئەستا بەدوای کارو بەدبەختییەوە بوو، دەستی وەکو دەستی پیاوی لێهاتبوو، زبرو ڕەق، کاتێک دەستی ئەهێنا بەسەر دەم و چاومداو نازی ئەکێشام، ئازارم پێئەگەشت، هیچ کاتێک پێکەنینم نەبینیبوو، بانی جگە لە یەکجار، لەبیرمە کاتێک کە بەیەکەوە تەنها بووین، بە ڕووسی قسەی لەگەڵ ئەکردم، بەڵام پێی ئەوتم لەبەردەم ئەواندا بە ڕووسی قسە نەکەم، ئێ منیش منداڵ بووم و هەندێکجار وشەی ڕووسیم لەدەم دەرئەچوو و ئەو کاتە بوو لە ماڵەوە شەڕ

CamScanner

هەڵنەگیرسا، یانی سەرەتا دانەیەکیان ئەکینشا بە دەمی منداو دواتریش شەرو دەمەقری لەگەل دایکم، ئیستا ئەمانە بخە لاوە، بەدبەختی سەرەکی لەسەر ئاین و بیروباوەڕەکەم بوو، یانی لەلایەکەوە دایکم لەسەر مەسیح قسەی بۆ ئەکردم و بە باشە باسی ئەکردو لە لایەکیترەوە پورەکانم و دایکی باوکم فێری نوێژیان ئەکردم، دایکم هەرچی پێئەوتم ئەبوو باسم نەکردایەو، لە بەرامبەردا پورەکانم کاتی قورئان خوێندن ئەیانوت ئەبێت بە دەنگی بەرز بیخوێنمەوە، تیامابووم لەو نێوەندەدا بابەت چییە، کچێکی منداڵی شەش ساڵە خۆ سەر لەم شتانە دەرناکات، جا ئەمانەش بەلایەک، دەردەسەر کاتێک بوو کە هەموو هەفتەیەک، شەوی هەینی دایکیشم ئەبوو لەگەل من بەشداری بکردایە لە قورئان خوێندن، داماوە نەیدەتوانی جوان بە فارسی قسە بکات و ئەوان ناچاریان ئەکرد بە قورئان خوێندن، ئیستا ئێوە بیهێننە بەرچاوی خۆتان، ژنێکی ڕووسی بە زمانێکی فارسی ناتەواوەوە ئەیەوێت سەر لەبەری وشە عەرەبییەکان بە ڕاستی و دروستی دەربڕێت، هەمیشە کۆتاییەکەی شەڕو لێدان بوو، هەر وشەیەکی بە هەڵە دەربڕیایە، دانەیەکیان ئەکینشا بە پشت ملیدا، ئەویش لەبەردەم منداڵ، لەبەردەم کچەکەیدا کە گیانی بەسترا بوو بە گیانی دایکییەوە، بە بەرچاوی منەوە ئەیاندا لە دایکم و سوکایەتیان پێئەکرد، ڕقم لێیان بوو، ڕقم لە شەوانی هەینی بوو، ڕقم لە باوکی دڵڕەق و بێغیرەتم بوو، هەر بۆیەش دینی دایکمم هەڵبژارد، چونکە ئەو هەمیشە بە میهرەبانی قسەی لەگەل ئەکردم و قسەی خۆشی بۆ ئەکردم و هەر کاتێک کە هەڵەیەکم بکردایە، بە هێمنی بۆی ڕاست ئەکردمەوە، بەڵام پورەکانم لەگەل هەر هەڵەیەک، دانەیەکیان ئەکینشا بە دەممدا.

مانی- مەگەر دایکتان موسوڵمان نەبوو بوو؟

پوری- بە زۆری هەڕەشە و ئەشکەنجە ناتوانرێت مرۆڤ ناچار بکرێت بیروباوەڕێک قبوڵ بکات، بە لێدان و تەمبێ کردن مرۆڤ ئایینی خۆی ناگۆڕێت، من دوای ماوەیەک تەنها ئەوە چوو بووە مێشکمەوە کە مەسیح ئەبورێت، بەڵام پورەکانم ئەستەمە لە بچوکترین هەڵە خۆشبن، دایکم لەبەرئەوەی فارسییەکەی باش نەبوو، لەگەل هەر هەڵەیەک لە خوێندنەوە یان دەربڕینی سەرەو ژێرە، لێدانی ئەخوارد، پێیان ئەوت لە ماڵێکدا کە پیاوی تیایە ئەبێت خۆی داپۆشێت، پێیان ئەوت بۆی نییە قاچ لە ماڵ بخاتە دەرەوە، پێیان ئەوت نابێت کەس دەنگی ببیستێت، پێیان ئەوت لەبەرئەوەی تۆ ژنی مافی بیرکردنەوەت نییە و ئەبێت مێردەکەت لەبری تۆ بیر بکاتەوە، دەیانویست ئەوە بخەنە مێشکییەوە کە خوا ئەوی تەنها بۆ سەرگەرمکردنی پیاو دروست کردووە، تەنها ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی

CamScanner

مرۆڤ پەشیمان بێت لە زیندوو بوون، بیربکەنەوە، ڕۆژێک پێتان بڵێن خوا ئێوەی بۆ سەرگەرمی و دڵخۆشکردنی ژن دروست کردووە، ج حاڵیکتان نەبێت؟ دواتر چی ئەکەن؟ کەسایەتی هەر لە بوونتاندا ئەمایەوە دواتر؟ دووبارە جگەرەیەکی تری داگیرساندو دەستیکرد بە کێشانی، مانیش دوو جگەرەی دەرهێناو دایگیرساندن و یەکیانی دا بە من و وتی:

- بەڕاستی ژیانێکی سەخت بووە! ئەگەر ڕۆژێک شتێکی وا بە من بڵێن، تەواوی بوونم ئەسڕێتەوە.

پوری- دواتریش بیرت لە خۆکوشتن نەئەکردەوە؟

مانی- خۆکوشتن نا، بەڵام ژیان زۆر لەلام قورس ئەبوو.

پوری- ئەی چیت ئەکرد؟

مانی- چیم پێئەکرا؟ بە دوو دەست باوەشم ئەکرد بە کارەکەمداو بەڕاستی خانمانم سەرگەرم ئەکرد

پوری سەرەتا سەیرێکی کردو دواتر دەستیکرد بە پێکەنین، مۆرەیەکم لە مانی کردو وتم:

- شەرم ناکەیت لە گەرمەی قسەکانی پوریدا گاڵتە ئەکەیت؟

مانی- گاڵتەم نەکرد، ئەگەر خواوەند منی بۆ سەرگەرم کردن دروستکردبێت، ئێ خۆ منیش ناتوانم پێچەوانەی مەبەستی دروستکردنەکەی کاربکەم.

- شتی وا هەر بوونی نییە، ئەمانە پوورەکانی پوری بە عەقڵی بچوکی خۆیان وتوویانەو هەڵەش بووە

مانی- ئەڵبەتە، ئەڵبەتە.

تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- پوری گیان، ئەڵێم نەکا هەر بەڕاستی مەبەست لە دروستکردنی ئاغایان هەر ئەمە بوو بێت؟! ئەو پوریانەتان ئێستا لە کوێن تا ئێمە بتوانین لەم بارەیەوە داوای ڕوونکردنەوەیان لێبکەین؟

پوری پێکەنی و وتی:

- ئێستا حەوت کفنیان ڕزاندووە.

مانی- ئەڵێم ئێستا خۆ زیانی نییە ئێمە هەستین بە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە گرنگەو ڕۆژی یەک دوو کاتژمێر خانمان سەرگەرم بکەین؟ ئەگەر ئەرکێکی وا بەڕاستی بوونی

هەبیت، ئی ئیمە جیبەجیمان کردووە، ئەگەریش بوونی نەبیت، ئی خۆ هیچمان لەدەست نەداوە، ژمارەیەک بەندەی خوامان دڵخۆش کردووە، من هەر لە سبەینێوە دەست ئەکەم بە جیبەجیکردنی ئەرکەکەم، یان هەر لە ئەمڕۆ دەست پێئەکەم، کاتێک مرۆڤێک ئەرکێکی لە ئەستۆیە، بۆچی دوای بخات؟

- بەڕاستی کە مانی!

مانی- یانی چی؟ دوو سبەی، کە منیان خستە گۆڕەوە، تۆ دێیت وەڵام بدەیتەوە؟ ئەتەوێت من بکەیت بە دۆزەخی؟

- تۆ بەڕاستی ئومێدت بە بەهەشت هەیە؟

مانی- مەگەر بەهەشت بۆ مرۆڤە کاردروستەکان نییە کە تەواوی ئەرکەکانیان ئەنجامداوە؟ ئی ئەگەر من ئەرکێکم لەسەر شانە، خۆ نابێت خۆمی لێ بدزمەوە.

- پورێ، ئێوە فەرموون، گوێ لە هەڵیت و پەڵیتەکانی ئەمە مەگرن.

پورێ هەروا کە پێئەکەنی، جگەرەکەی کوژاندەوەو وتی:

- بەو منداڵییە ئەوە چووبووە مێشکمەوە ئەتوانم لای دایکم ڕاستی بڵێم و لێم ئەدرێت، بەڵام لەبەردەم پورەکانمدا هەر ئەبێت درۆ بکەم، چونکە ئەگەر ڕاستی بڵێم لێم ئەدرێت، بۆ نموونە دایکم پێی ئەوتم کە نابێت درۆ بکەم و کاتێک شەوانە لێی ئەپرسیم ئەمڕۆ چ کارێکی خراپت کردووەو چەند درۆت وتووە، کاتێک بە ڕاستی پێم ئەوت، بە زەردەخەنەیەکەوە پێی ئەوتم کارێکی خراپم کردووە، بەڵام ئەیبەخشیم، بەڵام ئەگەر بۆ نموونە لەبەردەم پورەکانمدا قسەیەکم لە دەم دەربچوایە، بێ بەزەییانە بیبەریان ئەخستە دەممەوە، دەست و قاچیان ئەگرتم و یەکیان بیبەری ئەهێناو بە دەستی لوتی ئەگرتم و کاتێک دەمم ئەکردەوە بۆ هەناسەدان، بە زور بیبەرەکەی ئەخستە دەممەوە، ئاگرم ئەگرت، وەها زمانم ئەسوتایەوە ئەتوت ئاگریان خستووەتە سەری، هەڵبەزو دابەزم ئەکرد، بە دەوری ژوورەکەدا ئەخولامەوەو ئەگریام، سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە پورەکانم نەیانئەهێشت ئاو بخۆمەوە تا سوتاوەکەی کەم ببێتەوە، دایکم گوێی لە دەنگم بوو تەنها ئەگریا، منیش لە دەستی تووڕە ئەبووم کە بۆچی شتێک ناکات، بۆچی یارمەتیم نادات، ڕامئەکردو ئەمقیژاندو ئەگریام و گوێم بۆ سەرزەنشتی پورەکانم ئەگرت کە ئەیانوت: ((ئەها! ئێستا باشە؟ ئێستا بوویت بە مرۆڤ؟ ئێستا ئیتر قسەی خراپ ئەکەیت؟ ئێستا ئیتر بێ سەرپۆشی ئەچیتە حەوشە؟ ئێستا ئیتر.....))، منیش لە دڵی خۆمدا ئەموت ئەری، دیسان ئەو کارانە ئەکەمەوە، بەڵام لەبیرم ئەمێنێت کە لەبەردەم ئێوەدا نەیانکەم،

ئەبیرم ئەمینیت کە هەر ئەبینت درۆتان لەگەل بکەم، لەبیرم ئەمینیت کە ئابینت ڕاستی بە ئێوە بڵێم، هەر بۆیە هەمیشە ڕاستیم بە دایکم ئەوت و بە ئەوان درۆ، کاتێک دایکم لێی ئەپرسیم ئەمڕۆ سوپاسی خوات کردو من نەمکردبوو، ڕاستیم پێئەوت، بەڵام بۆ نموونە ئەگەر پورەکانم لێیان بپرسیمایە ئەمڕۆ نوێژت کردووە، هەزار سوێندم بۆ ئەخواردن کە بەلێ کردوومە، لە کاتێکدا کە نەمکردبوو، یانی بەو منداڵییەوە لای خۆم دەموت چ پەیوەندییەکی بە ئێوەوە هەیە؟ مەگەر ئێوە دروستتان کردووم؟ سەرنجڕاکێش ئەوە بوو باسی ئاین و بیروباوەڕیان نەکرد، بەڵام هەر کە لە دەوری یەک کۆئەبوونەوە، دەستیان ئەکرد بە لە پاشەمڵە باسکردنی یەک، خوا ئەزانێت چییان ئەوت و تۆمەتی چۆنیان ئەدایە پاڵ یەک، سەد دانە شتی نەبینراویان ئەکرد بە بینراو، بوختانی چۆنیان بۆ کچی دراوسێکانیان نەئەکرد! درۆی چۆنیان نەئەکرد! جادووی چۆنیان نەئەکردو دەرخواردی خەسوو و دشەکانیانیان نەئەدا! لە بەرامبەردا دایکم هیچ کات درۆی نەئەکرد، هیچ کات لەو جۆرە قسانەی نەئەکرد، تەنانەت کاتێکیش کە من بە خراپە باسی پورەکانم ئەکرد لای، گوێچکەی ئەگرت و بە ڕووسی ئەیوت (من هیچ نابیستم، من هیچ نابیستم) دواتریش خێرا خێرا ئەیوت (خوای من کچەکەم ببورە، هێشتا منداڵەو نازانێت چی ئەڵێت).

لەبیرمە نزیکەی یازدە ساڵان بووم، شەوێکیان لە ژوورەوە دانیشتبووین و چاوەڕێ بووین باپیرتان بێت و بخەوین، ئاخر هەمیشە ئەبوو دایکم کاتژمێرێک پێش ئەو بچوایەتە ژوورەکەی و ئەوانی بەیەکەوە بە تەنها جێبهێشتایە بۆ ئەوەی ئەگەر ویستیان قسە بکەن، بتوانن، ئاخر ئێوە نازانن لە کۆندا چۆن بووە، بووک لەگەل خزمەتکاری ماڵدا جیاوازی نەبوو، بەندەیەک بوو کە هەرچییان پێئەوت ئەبوو گوێڕایەڵیان بوایە، بۆ نموونە لەبیرمە دایکم هیچکات بۆی نەبوو لە سەرەوەی ژوور دابنیشێت، هەمیشە شوێنەکەی لای دەرگاکە بوو، سەرەوەی ژوورەکە جێگەی خەسوو و دشەکانی بوو، دایکم هیچ کات بۆی نەبوو پێش خەسوو و دشەکانی یان مێردەکەی دەم ببات بۆ خواردن، دایکم بۆی نەبوو لەبەردەم ئەواندا قاچ ڕابکێشێت، بۆی نەبوو لەبەردەم ئەواندا پێبکەنێت، هەرچەندە هەرگیز پێنەئەکەنی، بۆی نەبوو لەبەردەم ئەواندا من لەباوەش بکات و نازم بکێشێت، بۆی نەبوو نیوەڕوان بخەوێت و ئەبوو بە کارەکانی ڕابگەشتایە، بۆی نەبوو لای مێردەکەی دابنیشێت یان قسەی لەگەل بکات، هەزار دانە بۆی نەبووی تر.

تەنانەت ئەو داماوە بۆی نەبوو ناوی مێردەکەی ببات، ئەبوو هەمیشە بە ئاغا بانگی باپیرتانی بکردایە، بە کورتی ئەو شەوە چاوەڕێ بووین تا باپیرتان بێتەوە ژوورو

بخەوین، دایکم لەبەردەم مێزێکدا دانیشت و دەستی کرد بە خوێندنی نزای پێش خەوتن، منیش خەریکبووم لەسەر جێگەی خەوەکان یاریم ئەکرد، دایکم کە نزا خوێندنەکەی تەواو بوو، داماوە ناگای لە خۆی نەبوو لەسەر سنگی خاچی کێشا، مەلێ یەکێک لە پورەکانم خەریکبووە بە بەردەم ژوورەکەماندا تێپەڕیوەو ئەم دیمەنەی بینیوە، کارەسات! دە خولەک تێنەپەڕی بوو کە لەولای حەوشەکەوە دەنگە دەنگ بەرزبووەوە، سەرەتا دەنگی قرە قر و و دواتریش هات و هاوار و تۆزێک دواتر هەموویان ڕژانە ژوورەکەی ئێمەو دەستیانکرد بە پرسیارکردن لە دایکم، یەکێک ئەیوت خەریکی چی بوویت؟ یەکێک ئەیوت بۆچی لەبەردەم مێزەکەدا دانیشتبووی؟ یەکێک ئەیوت وا والێکراو بە دەستت چیت کرد؟ بە کورتی دایکم نەیدەزانی وەلامی کامیان بداتەوە، تا خەسووی هەموویانی بێدەنگ کردو خۆی لە دایکمی پرسی تۆ مەگەر موسوڵمان نیت؟ لەبیرمە هەر لەو کاتەدا باپیرتان ویستی بابەتەکە پەردەپۆش بکات، بەڵام دایکی بە یەک توانج بێدەنگی کردو دووبارە هەمان پرسیاری لە دایکم کردەوە، ئەمزانی کە دایکم درۆ ناکات، چاوم لە دەمی نەئەبڕی، چ کارێکی خراپم کرد! خۆزگە زوو هەڵسامایەو لە ژوورەکە بچوومایەتە دەرەوە، لەوانەیە ئەگەر من لەوێ نەبوومایە، دایکم بیانوویەکی بهێنایەتەوە و بابەتەکە بە خێرو خۆشی تەواو بوایە، بەڵام دەی لەو تەمەنەدا عەقڵم بە چی ئەشکا؟ بە کورتی دایکم لایکردەوەو سەیرێکی منی کردو دواتر بە بوێرییەوە وتی (نا، من موسوڵمان نیم) کە ئەمەی وت، لەپڕ دوو پورەکەم لەگەڵ دایکیان پەلاماری دایکمیان داو دەستیان کرد بە لێدانی، لێیان ئەداو جنێویان پێئەدا، کافر، ناپاک، سەگ، زۆلا، باپیرتان لەوێدا وەستابوو و سەیری ئەکردو مێردی پوورەکانیشم لە دەرەوە وەستا بوون و لە پەسا (لا إله إلا الله)یان ئەوت، دایکم لێدانی ئەخواردو من ئەگریام و خولەکێک خۆم هەڵئەواسی بە باوکمداو داوام لێئەکرد کە ڕێ لەوانە بگرێت و خولەکێک ئەڕۆشتم و خۆم هەڵئەواسی بە پورەکانمدا تا لە دایکم نەدەن و ئەوان هەڵیان ئەدامە دواوە، ئیتر نەمئەزانی چی بکەم، بە ڕادەیەک تووشی گوشاری تورەیی بوو بووم، کە لەپڕ بەبێ ویست چوومە سوچێک و دەستم خستە سەر گوێچکەم و بە تەواوی توانامەوە دەستم کرد بە قێژاندن، دەمقێژاند و هەروا دەموت خوا، ئەی ئەو خوای کە ئەمانە ئەیڵێن لە کوێیت؟ خەریکن دایکم ئەکوژن، ئەی ئەو خوای کە ئەگەر ناوەکەت بە هەڵە بڵێم، لێدان ئەخۆم، لە کوێیت؟ خەریکن دایکم ئەکوژن، نازانن چۆن ئەیاندا لە دایکم! هەرچییان بهاتایە بە دەستدا ئەیانکێشا بە سەرو کەللەی دایکمدا، خوێن بە سەرو چاویدا هاتبووە خوارەوە، بەڵام نە هاواری ئەکردو

CamScanner

ئه بەرگری لە خۆی ئەکردو نە تەنانەت نالەشی لیوەئەهات، خەریکبوو لەو ژیرەوە ئەمرد، بەلام هیچی نەئەوت، ئیتر ئەمئەزانی ئەبیت چی بکەم، بە بەرچاومەوە خەریکبوو رایکمیان ئەکوشت و ئەمدەتوانی یارمەتی بدەم، لەپر بە دەم قیژاندنەوە لە ژوورەکە رامکردە دەرەوەو دەستم کرد بە بانگدان، دەمئەراندو بە قیژەوە ئەموت الله أکبر، الله أکبر، الله أکبر، ئەوەندە دەنگی قیژەکەم بەرز بوو کە خۆیشم باوەرم نەئەکرد، سوینند بە ئەو خوا کە هیشتا چوارەمین الله أکبرم ئەوتبوو لە دەرو دیوارەوە دەنگی الله أکبر بەرز بووەوە، هەر کەسیک لە دراوسیکان دەنگی الله أکبری منی بیست بە هەمان الله أکبر وەلامی دامەوە، لە کولانەوەو لە مالی ئەم دراوسیکەوەو لە مالی ئەو دراوسیکەوە و لە سەربانەوەو لە حەوشەی ئەملاوە، دەنگی الله أکبر بەرزبووەوە، ئەوەندە دەنگەکە بەرز بوو کە پوریکانم و دایکیان ترسان و وازیان لە دایکم هینا، خوا وەلامی دامەوە، پوریکانم و دایکیان لە ترسدا هەلهاتبوون و رۆشتبوونە ژوورەکانیان، بەلام دەنگی الله أکبر نەئەبرایەوە، خۆشم ترسا بووم، هەرچی سەیری سەربان و ئەملاولام ئەکرد، کەسم نەئەبینی، بەلام دەنگی الله أکبر لە هەموو شوینیکەوە ئەهات، وەها دەنگ ئەهات کە دلم خەریکبوو ئەلەرزی، لە ترسدا رامکردە ژوورەوەو چوومە لای دایکم کە لە سوچیکدا چاوی داخستبوو، کاتیک خۆم نوساند پییەوە، چاوی کردەوەو سەری وەرگیرا بەرەو لای دەرگای ژوورەکەو توزیک گوینی لە دەنگی الله أکبر گرت و زەردەخەنەیەکی کردو هیواش بە رووسی وتی (دەنگی خوایە).

دواتر چاوی داخست و هەروا کە دەستی گرتبوو بە ناو سکیەوە، سەری نا بە دیوارەکەوەو ئیتر هیچی نەوت، بەلام هیشتا ئەو زەردەخەنە بەسەر لیوییەوە بوو، ئەو شەوە دایکی باپیرتان رینگەی نەدا نە من و نە باپیرتان لەلای دایکم بخەون و تا بەیانی نەمتوانی سەری لینیدەم، بەیانی کە بۆ نویژکردن بیداریان کردمەوە، خیرا چووم بۆ لای دایکم، هیشتا هەر بەو شیوەی کە دوینی شەو پالیدابوو بە دیوارەکەوە، مابووەوەو جولەی نەکردبوو، چوومە پیشەوەو بە ئارامی سەریم بەرزکردەوە، نالەیەکی سوکی لیوەهات، خیرا چرایەکم داگیرساندو بردمە بەردەمی، بینیم تەواوی جلەکانی خوینییە، وا دیاربوو خوینی هەلهینابووەوە، نەمتوانی خۆم بگرم و دەستمکرد بە گریان، کاتیکی گوینی لە دەنگی گریانەکەم بوو، چاوی کردەوەو بە ئارامی پینی وتم مەگری، وتم دایکە ئازارت هەیە؟ سەری راوەشاند، وتم جلەکانت هەمووی خوینییە، دووبارە سەری راوەشاند، نەمئەزانی ئەبیت چی بکەم، لە دەنگی گریانەکەم، باپیرتان کە تازە دەستنویژی گرتبوو،

CamScanner

هاته ژوورەوە، کە بارودۆخی دایکمی بینی هاتە پێشەوەو هەر کە دەستی بەریکەوت، دایکم هاواری لێ بەرزبووەوە، وا دیار بوو پەراسووەکانی شکابوو و تووشی خوێنڕێژی بوو بوو، هات تا لەباوەشی بگرێت و لەسەر جێگەکەی پاڵی بخات، دایکی لە حەوشەکەوە هاواری کرد وتی (ئەگەر قاچت بخەیتە ئەوێ و دەستت بەر ئەو کافرە بکەوێت، نەفرینت لێئەکەم). جوان لەبیرمە، باپیرتان وازی لە دایکم هێناو چووە دەرەوە بە دایکی وت (ئاخر حاجی خانم، حاڵی باش نییە)، دایکیشی دووبارە هاواری کرد بەسەریداو وتی (چش، با بمرێت).

باپیرەشتان لەژێر لێوەوە شتێکی وت و هەر لەوێوە چوو بۆ نوێژ، تەنها من مامەوە، ئێستا ئەبوو چیم بکردایە؟ نە ئەمتوانی دایکم بەرزبکەمەوەو نە هیچ شارەزا بووم، دووبارە دەستم کرد بە گریان و بە دایکمم وت: دایکە چیبکەم؟ ئەویش لەژێر لێوەوە وتی (باوەڕت هەبێت) وتم ئاخر تۆ حاڵت زۆر خراپە، وتی حاڵی من خراپ نییە، حاڵی ئەوان خراپە، وتم ئەتەوێت ئاوت بۆ بهێنم؟ وتی نە، وتم برسیت نییە، وتی نە، ئێتر نەمئەزانی ئەبێ چیبکەم، هەروا لە بەردەمیدا دانیشتبووم و سەیریم ئەکرد، ئەویش سەیری ئەکردم، لەپڕ بە ئارامی و بەدەم ئازارەوە دەستی لەسەر سکی لابردو هێنایە پێشەوەو دەستی منی گرت، زۆر هەوڵی ئەدا تا من نەزانم چەند ئازاری هەیە، بەڵام بە دەموچاویدا دیار بوو چ زەجرێک ئەکێشێت، بە ئارامی دەستی گرتم و وتی (ئەمە بشارەوە)، دواتر شتێکی خستە ناو دەستمەوە، سەیریم کرد بینیم خاچێکە، خێرا سەیری لای دەرگاکەم کرد، ئەترسام لەپڕ پورەکانم لەوێدا بن و ببینن و بێن و دیسان بدەن لە دایکم، خێرا خاچەکەم خستە گێرفانمەوە، وتی ئەگەر مردم بە دزییەوە بیخەنە ناو گۆڕەکەم، وتم دایکە مەگەر تۆ ئەمریت؟ زەردەخەنەیەکی تری کرد، منیش دووبارە دەستم کردەوە بە گریان، وتی بۆچی ئەگریت؟ وتم بۆ تۆ، ئەگەر تۆ بمریت من چیبکەم؟ وتی خۆ مردن گریانی ناوێ، هەندێکجار مردن باشترین ڕزگاربوونە، نەمدەویست تەنانەت دەربارەی مردنی دایکم بیربکەمەوە چ بگات بەوەی قسەی لەسەر بکەم، هەربۆیە وتم دایکە ئەتەوێت قژت بۆ دابهێنم؟ زەردەخەنەیەکی تری کردو بە ئارامی سەری ڕاوەشاند، خێرا هەستام و لەسەر سۆباکە شانەکەیم هێناو چوومە پشتیەوەو بە ئارامی دەستمکرد بە داهێنانی قژی، لەتاو ئازار پێچی ئەخوارد، بەڵام هیچی نەئەوت، منیش خەریکبووم ئەگریام و فرمێسکەکانم ئەهاتنە خوارەوەو ئەڕژانە سەر سەرو قژی.

دوای کەمێک وتی سەردەمێک باوکم ئەم کارەی ئەکرد، چیرۆکی بۆ ئەگێڕامەوەو

قژی رانەهێنام، وتم ئەتەوێت منیش چێرۆکت بۆ بگێڕمەوە؟ بە ئارامی سەری ڕاوەشاند، منیش دەستم کرد بە گێڕانەوەی چێرۆک بۆی، یەکێک لەو چێرۆکانەی کە شەوانە خۆی بۆی ئەگێڕامەوە، چێرۆکم ئەگێڕایەوەو قژیم شانە ئەکرد، لەگەل هەر شانەیە بە ئارامی سەری ئەهێنایە خوارەوە تا ئازاری پێنەگات، ((کاتێک کە لە ڕووسیا بەفر ئەبارێت، لەپر هەموو شوێنێک سپی ئەبێت، وەک ئەوەی پارچەیەکی سپیان دابێت بەسەر هەموو ڕوسیادا، ئەوکات دارسنەوبەرەکان تەنها لە ژێر بەفرەوە دەبینرێن، کچان و کوڕان دەستی یەک ئەگرن و بەدەم گۆرانی وتنەوە بەسەر بەفرەکەدا تێئەپەڕن و جێگەی ئاچەکانیان بەسەر بەفرەکەوە ئەمێنێتەوە، کاتێک سەرمایان ئەبێت، یەکتر لە باوەش ئەگرن و بە دەنگی بەرزتر گۆرانی ئەڵێن))، کە گەشتمە ئێرەی چێرۆکەکە، بینیم کاتێک قژی شانە ئەکەم، ئیتر سەری لەگەل جولەی شانەکەدا ناهێنێتە خوارەوە، بۆ ساتێک شتێک هاتە مێشکمەوە، بەڵام نەمدەویست باوەڕی پێبکەم، دایکم مردبوو.

پوری بێدەنگ بوو، پاڵیدایە بە قەنەفەکەوە و بە دەستی فرمێسکەکانی سڕی و جگەرەیەکی داگیرساند و چوو بە بیردا، من و مانیش سەرمان داخست و هیچمان نەئەوت، من هەر شەرمم ئەکرد سەیری پوری بکەم، بەڕاستی ج باپیرەیەک! بە کورتی کەمێک دواتر دووبارە دەستی پێکردەوەو وتی:

- کاتێک زانیم دایکم مردووە، دەستم کرد بە قیژاندن، لە دەنگی قیژەکەم، سەرەتا باپیرتان و دواتر ئەوانی تر ڕژانە ژوورەکەی ئێمەو کاتێک بینیان دایکم مردووە، زۆر ترسان، خێرا جەستەی دایکمیان ڕووەو بە قیبلە پاڵخست و پەتوپەکیان دا بەسەریداو باپیرتان دەستی منی گرت و هەموومان چووینە دەرەوە، لەوێدا بوو کە زانیان چییان کردووە، ئەوکات وڵات کەس بە کەس نەبوو، ئەگینا ڕیشەیان دەرئەهێنان، لەگەل ئەمەشدا زۆر ترسا بوون، هەموویان چوونە ژوورێکەوە، بەڵام نەیانهێشت من بڕۆمە ژوورەوە، منیش لە پشت دەرگای ژوورەکەوە وەستابووم و گوێم گرتبوو کە بزانم ئەمانە چی بە یەک ئەڵێن، هەموویان بەیەکەوە قسەیان ئەکرد، باپیرتان خەریکبوو شەڕی لەگەل ئەکردن کە بۆچی ئەو کارەیان کردو دایکیشی پشتگیری پورەکانمی ئەکردو مێردی پورەکانم بەردەوام ئەیانوت ئەگەر خەلکی بزانن خراپ ئەبێت بۆمان.

سەرەنجام وا بڕیاردرا کە دایکم هەر لە حەوزەکەی ماڵەوە بشۆرن و لەوێدا کفنی بکەن و دواتر بە دزییەوە بیبەن لە شوێنێکدا بینێژن، یانی مێردی پورەکانم ئەیانوت بەبێ شۆردن تەرمەکە ببەین، بەڵام دایکی باپیرتان و پورەکانم ئەیانوت گوناهە، بە

CamScanner

کورتی کاتێک بە یەکەوە بڕیاریاندا، یەکێک لە مێردی پورەکانم بە باپیرتانی وت ئاغا ئێوە مەحرەمین، هەرئێستا کاغەزێک بهێنن و پەنجەی بخەنە سەری، لەپڕ هەمووان بیدەنگبوون، باپیرتان وتی: بۆچی؟ مێردی پوورم دوو کۆکەی کردو بە هێواشی وتی ئەگەر سبەی لێرە یان لە ڕووسیا بارودۆخەکە گۆڕاو پرسیاری ئەم خوالێخۆشبووەیان کرد و هاتن بە دوایداو حساب و کتابێک هاتە ناوەوە، لانیکەم با کاغەزێکتان بەدەستەوە بێت، کە ئەمانەی وت کەس دەنگی لێوەنەهات، خۆی دووبارە وتی ئەبێت نوسراوێکمان هەبێت لەسەر ئەوەی کە لە فلان بەروارەوە دەستی لە تەواوی مال و سامانی کێشاوەتەوە بۆ ئێوە، لەپڕ دایکی وتی ئالتونەکانیشی هەن، پریاسکەیەکیشی هەبوو کە هەمیشە بە خۆی بوو و لە خۆی جیانەئەکردەوە، ئەویش هەڵگرن، بە دڵنیاییەوە شتێکی گرانبەهای تێدایە، هەر کە گوێم لەم شتانە بوو، لەگەڵ ئەوەی کە خەریکبوو دڵم هەڵئەشێوا لەم مرۆڤانە، بەڵام چاوەڕێم نەکردو تا ئەوان سەریان گەرم بوو، ڕامکرد بەرەو ژوورەکەمان و چوومە ژوورەوەو چەرچەفەکەم لەسەر دایکم لاداو نوشتامەوەو دەم و چاویم ماچ کردو وتم ببورە دایکە، بەڵام گوناهە ئەمانە بکەونە دەست ئەو شرە خۆرانە، خێرا ڕۆشتم بۆ لای پاکەتی ئالتونەکانی و کردمەوە، دوو عاشقبەندی ئالتونی تیابوو لەگەڵ چەند مستیلەیەک و چەند مەناتێکی ئالتون، خێرا هەموویم هەڵگرت و پاکەتەکەم خستەوە جێی خۆی و دواتر چووم لەژێر جلەکانی دایکمەوە، ئەو کیسەم دەرهێنا کە ئەیانوت و دەستم کرد بە ناویدا، گومانم ئەبرد کە چی تیایە، ئینجیلێک بوو، ئەمزانی ئەگەر دەستی ئەمانەی پێبگات ئەیسوتێنن، ئەویشم هەڵگرت، بەڵام نەمئەزانی لە کوێدا بیشارمەوە، لەپڕ شتێک هات بە مێشکمدا، ڕامکرد بۆ ئەوسەری حەوشەکەو بە دار تووێکدا هەڵزنام و تەواوی ئالتونەکان و ئینجیلەکەم خستە ناو کونێکەوە کە لەسەر درەختەکە بوو و خێرا هاتمە خوارەوەو چوومە سەر قادرمەکان دانیشتم، دە خولەک دواتر، دەرگای ژوورەکە کرایەوەو هەموویان هاتنە دەرەوەو باپیرتان چوو بەرەو ژوورەکەمان و ئەوانیتریش بە چەند جاجمێک دەوری حەوزەکەیان داپۆشی تا لە دەرەوە دیار نەبێت، ئەوان سەریان قاڵ بوو، باپیرەشتان بە سەروچاوی عارەقاوییەوە جا ئیتر بەهۆی ترسەوە بوو یان بەهۆی ئەو هەوڵەی کە دابووی، لە ژوورەکە هاتە دەرەوەو ڕۆشت بۆ لای دایکی و بە ناڕەحەتییەوە وتی: پاکەتی ئالتونەکانی خاڵییە، دایکی وتی هەموو شوێنێک گەڕایت؟ وتی ئەری، ئەویش وتی شتی وا نابێت، ئەبێت خۆم بگەڕێم، دواتر بە یەکێک لە پورەکانمی وت بێت بۆ یارمەتیدانی و هەروا کە ئەڕۆشتن بەرەو ژوورەکە، پورم وتی ئاخر دەست و

بالمان پیس ئەبینت، دایکیشی وتی، قەیناکات، ئەوپەڕەکەی ئاو پیاداکردنیکە، هەردووکیان چوونە ژوورەوە، بەڵام چارەکێک دواتر بە دەستی بەتال و توڕەییەوە هاتنە دەرەوەو بۆم بە دەنگی بەرز وتی نییە کە نییە، نازانم ئەو ناموسوڵمانە چی لێکردوون، کە ئەمەی وت مێردەکەی سەرێکی ڕاوەشاندو وتی حەیف، هەرکام لەو عاشقبەندانە پارەی خانوویەک بوون، هەر کە ئەم قسەی لەدەم دەرچوو، باپیرتان بە توڕەییەوە گەڕایەوە بەرەو ژوورەکەو چووە ناوی دەستی کرد بە گەڕان، چووم لە پشت پەنجەرەکەوە سەیریم کرد، لانیکەم ڕێزی عەشقەکەشی نەگرت، هەموو کەلوپەلەکانی ناو ژوورەکەی تێکدا بەسەر یەکداو لە کۆتایشدا جەستەی دایکی من، ژنەکەی خۆی، عەشقەکەی، بۆ دۆزینەوەی چەند پارچە ئاڵتونێک لە پەسا ئەملاولای پێئەکرد، ئیتر خەریکبوو ئەڕشامەوە، بۆ ساتێک ویستم بانگی بکەم و پێی بڵێم واز لە مردوو بهێنە، وەرە ئاڵتونەکانت پێبدەم بەدبەخت، بەڵام خۆم گرت و هیچم نەوت، سەرەنجام دوای نیوکاتژمێر گەڕان، بە دەم و لچی شۆڕەوە لە ژوورەکە هاتە دەرەوەو لە لێواری هەیوانەکەدا دانیشت و وتی نییە کە نییە، بە دڵنیاییەوە یەکێک هەڵیگرتوون، لەپڕ هەموو سەرەکان ڕوویان کردە من، منیش خۆمدا لە گێلی کە یانی ئاگام لە هیچ نییە، ئەوانیش ڕوویان کردە ئەولاوە تۆزێک دواتر یەکێک لە مێردی پوورەکانم کاغەزێکی هێناو دای بە باپیرتان و ئەویش سەیرێکی کردو هەستاو چووە ژوورەوەو تۆزێک دواتر هاتە دەرەوەو هەروا کە سەیری کاغەزەکەی ئەکرد بە مێردی پوورەکەمی وت: (ئەو پەنجەی کە لە سەریەتی بەڵگەیە؟) ئەویش کاغەزەکەی گرت و وتی: (ئێمەش پەسەندی ئەکەین).

دواتر خۆی و مێردی ئەو پوورەکەی ترم لەسەر کاغەزەکە شتێکیان نووسی و واژۆیان لەسەر کردو باپیرەشتان کاغەزەکەی خستە توێی پشتێنەکەی و لە دایکی پرسی (ئامادە نەبوو؟ خۆر گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان)، دواتر خۆشی ڕۆیشت بۆ بارمەتیدانیان و چواردەوری حەوزەکەیان بە جاجم داپۆشی و کاتێک کارەکەیان تەواو بوو، سەیری سەربانەکەی کرد تا کەس دیار نەبێت و لەگەڵ دوو پورەکەم و دایکیان ڕۆشتن جەستەی دایکمیان هێنایە بەر دەرگای ژوورەکەو دووبارە سەیری سەربان و دیواری دراوسێکانی کردو بە هێواشی دایکمیان برد لای لێواری حەوزەکە خستیانە سەر زەوی و مێردی پورەکانم هاتنە لاوە و باپیرەشتان لەناو جاجمەکان هاتە دەرەوەو چوو بۆ لای ئەوان و پورەکانم و دایکیان دەستیان کرد بە شۆردنی جەستەی دایکم، بێ ویژدانانە سەتڵێک ئاویان پیا ئەکردو جنێوێکیان پێئەدا، لفکەیەکیان ئەهێنا بە لەشیداو

CamScanner

جنیویکیان پینەدا، لە هەموویان زیاتر پوورە بچوکەکەم جنیوی ئەدا، کاتێکیش کە زیندوو بوو ئەو لە هەموویان زیاتر ئیرەیی پێئەبرد و تێی ئەپێچاند، چاوی بەرایی نەئەهات دایکم، کە زۆر لە خۆی جوانترو ناسکتر بوو، ببینێت، دایکم خوێندەوار بوو و هەزار هونەری ئەزانی، بەلام ئەو تەنها وەکو گا ئەیخوارد، دایکم وەکو بولبول بە فەرەنسی گفتوگۆی ئەکردو ئەو بە زۆر بە فارسییەکەش قسەی ئەکرد، دایکم شارەزای ئەسپسواری بوو ئەو جیاوازی نەئەکرد لەنێوان کەر و کەمانچەدا، دایکم وەک گول پیانۆی لێئەدا، ئەو ئەیئەتوانی بە مەنجەلیش تەپل لێبدات، دایکم چنینی ئەکردو ئەو ئەیئەتوانی دوو تەقەلیش لێبدات، دایکم وەها وێنەی ئەکێشا کە مرۆڤ باوەڕی نەئەکرد، ئەو زۆر هونەری بنواندایە بۆ ئەیتوانی بە خەلوز لەسەر هێلکە شێوەی چاو بە بازنەیی بکێشێت، بە کورتی هەرگیز شیاوی بەراورد بەیەک کردن نەبوون.

ئێستا کە مرد بوو داخی دلی خۆی پێئەڕێژا، پێی ئەوت سەیری لاشەی بکە، ئەلێی شیرەوایە، قژی چۆنە، وەک لیمۆ زەردە، بالای ئەلێی پەیژەیە، بەچکەی گورگ هەر گورگ دەرئەچێت ئەگەرچی لەگەل مرۆڤیش گەورە بێت، ئەوەندەی لەم هەلیت و پەلیتان وت تا باپیرتان دەنگی لێ بەرزبووەوە و بە توانجەوە پێی وت، دادە بەسە ئیتر، هەرچی بووە ئێستا ئیتر مردووە، لەمەودوا ئەکەوێتە دەست خوا، زووتر کارەکانتان تەواو بکەن تا دراوسێکان نەیانزانیوە. بە ئارامی لای جاجمەکانەوە چوومە ناوەوە، دەمویست بۆ دواینجار دایکم ببینم، هێواش چوومە پێشەوەو سەیرم کرد، ڕەنگی پێستی سپی بوو وەکو بەفر هەرچەندە کەلەکەکانی شین بوو بوونەوە، قژی وەکو ئالتون وابوو، بالا بەرز، هەیکەل جوان، ناسک، لەپڕ دەستم کرد بە گریان، پورم لایکردەوە بەلامداو هەر کە منی بینی، هاواری کردو وتی یەکێک ئەمە لێرە بباتە دەرەوە، باپیرتان خێرا هات و دەستی منی گرت و بۆ ساتێک چاوی بە دایکم کەوت، تەنها ئەو ساتە بینیم کە فرمێسک لە چاویدا کۆبووەوەو دواتر ڕووی وەرگێڕاو دەستی منی ڕاکێشاو لەگەل خۆیدا هێنامیە دەرەوەو بردمیە سوچێکەوەو لای خۆی دایێنیشاندم، ئیتر نە ئەگریام، بەس شتێک خەریکبوو لەسەر سنگم هەلدەتۆقی، شتێکی وەکو کینە، کۆنە قینێک.

گریان قورگی پورێی گرت و بێدەنگ بوو، ئێمەش هیچمان نەوت، ڕاستییەکەی لەگەل ئەوەی کە باپیرەمم نەبینیبوو و کارەکانی ئەو پەیوەندی بە ئێمەوە نەبوو، بەلام شەرم ئەکرد، ئەمزانی مانیش هەمان حالی هەیە، تۆزێک دواتر پورێ دووبارە وتی:

- دە خولەک چارەکێک دواتر، هەرسێکیان دەستیان شۆرد و کارەکەیان تەواو بوو،

CamScanner

باپیرتان له ئەویلەکەی ئەنیشت مالا، گالیسکەیەکی دەرهێناو بە یارمەتی هەموویان قالییەکیان پێچا لە جەستەی دایکم و بردیانە دەرەوە و خستیانە ناو گالیسکەکە، ئەمەیان ئیتر بە ڕاستی جێگەی شەرم بوو، قالییەکە هەروا کە جەستەی دایکمی تیابوو، قەدیان کردبوو تا دیار نەبێت کە خەریکن مردوویەک لەگەل خۆیان ئەبەنە دەرەوە، خەریکبوو لەناو خەم دیقم ئەکرد، بەڵام نە قسەم ئەکردو نە ناڕەزایەتیم دەربڕی و نە ئەگریام، هەموویم کۆکردەوەو خستمە سەر ئەو کۆنە قینە، هێشتم لە پەسا لەسەر یەک کۆببێنەوە، بە کورتی لەسەر بردن و نەبردنی من بوو بە شەڕ، پورێکانم و دایکیان ئەیانوت لەگەل خۆمان نایبەین، بەڵام باپیرتان ئەیوت نا، ئەوان ئەیانوت ئ پێویست ئەکات بێت، خۆمان ئەیبەین و لە کوێنکدا ئەیشارینەوەو ئەگەڕێینەوە، ئیتر ئەم کلکەمان بۆ چییە؟ بەڵام باپیرتان ئەیوت دایکییەتی، ئەبێت لە کاتی ناشتنیا ئامادە بێت، ئەوانیش قاچیان کوتیبوو بە زەویدا کە ئیلاو بیلا نابێت ئەمە ببەین، بەڵام ئاخری مێردی پورەکانم دەنگیان لێیەرزبووەوەو وتیان بابە هەموو شتێک سنوورێکی هەیە، منداڵەکە مافی خۆیەتی بۆ ناشتنی دایکی ئامادە بێت.

باپیرتان منی لە باوەش گرت و خستمیە سەر گالیسکەکەو خۆشی سەرکەوت و گالیسکەکە کەوتە ڕێ، ئەوانی تریش لە داخدا لە ماڵەوە مانەوە و لەگەڵمان نەهاتن و من و باپیرتان و مێردی پوورەکانم بە گالیسکەکە ڕۆشتین، دایکمی داماویشیان قەد کردبوو و تەپاندبوویانە سوچێکەوە، دوو کاتژمێر دواتر گەیشتینە دەرەوەی شارو لە شوێنێکدا کە نازانم کوێ بوو، گالیسکەکەیان ڕاگرت و هاتنە خوارەوەو کاتێک دڵنیا بوون کەس لەو ناوەدا نییە، خاکەنازو قولنگێکیان کە بەستبووەوە بە دوای گالیسکەکەوە، دەرهێناو دەستیان کرد بە هەڵکەندنی سوچێکی ئەو بیابانە، منیش دابەزی بووم و خەریکبووم سەیری ئەو ناوەم ئەکرد، تا چاو بڕی ئەکرد بیابانێکی چۆڵبوو، ئاوەدانی بەرچاو نەکەوت، تاران وەکو ئەمڕۆ نەبوو خۆ، یەک تۆز قاچت لە شار بخستایەتە دەرەوە، ئیتر تۆ بوویت و بیابان، کاتژمێر و نیوێک درێژەی کێشا تا زەوییەکەیان نیو مەتر بە دوو مەتر هەڵکەند، باپیرتان قولنگی لێئەداو مێردی پورەکانیشم بە سەرە بە خاکەناز خۆڵەکەیان ئەکردە دەرەوە، گۆڕەکە ئامادە بوو، باپیرتان بە خاکەناز ئەندازەی قولییەکەی گرت و وتی تەواوە، دواتریش هەرسێکیان ڕۆشتن بەرەو گالیسکەکە و قالییە دەق کراوەکەیان لەناوی هێنایە دەرەوەو بردیانە تەنیشت گۆڕەکەو لەسەر زەوی دایاننا، تا ئەوان ڕۆشتن تەرمەکەی دایکم بهێنن، بە دزییەوە خاچەکەم لە گیرفانم دەرهێناو خستمە سوچێکی

گورەکەوەو بە قاچم لە سەرەوە کەمێک خۆلم کرد بە سەریدا تا دیار نەبێت، کاتێک تەرمەکەیان لە تەنیشت گورەکە خستە سەر زەوی و ویستیان قالییەکە ڕێک بکەنەوە، بەلام بۆیان نەکرا، جەستەی دایکم وشک بوو بوو، هەرسێکیان سەیرێکی یەکتریان کردو باپیرتان نوشتایەوەو بەزۆر تەرمەکەی ڕێک کردەوە، دەنگی قرچە قرچ بەرز بووەوە، لەپڕ گوێچکەم گرت و ڕووم وەرگێڕا، ئەوەندە قێزەون بوو کە مێردی پورەکانیشم نارەحەت بوون و لە پەسا (لا إله إلا الله)یان ئەوت، لامکردەوە بەلای باپیرتاندا، حەزم نەکرد بزانم ئێستا ج حاڵێکی هەیە، هەروا کە لە تەنیشت قالییەکە دانیشتبوو، بە دەستی سەری گرتبوو، خۆیشی نارەحەت بوو لەو کارەی کە کردی، خێرا مێردی پورەکانم هاتنە پێشەوەو وتیان یا الله با تەواوی بکەین، درەنگە، هەرسێکیان قالییەکەیان کردەوەو تەرمەکەی دایکمیان کە چەرچەفێکی سپییان لێنالاند بوو و سەریشیان وەک شوکولات پێچابووەوەو بە تاڵە بەنێک بەستبوویان، دەرهێناو باپیرتان خۆی هەڵدایە ناو گۆڕەکەو تەرمەکەی گرت، ئێستا نە بە تەنهایی ئەتوانێت و نە ئەشکرێت داوای یارمەتی لە مێردی پورەکانم بکات، ئاخر هەرچی بوو دایکم ناموسی بوو، ئەوان پێی نامەحرەم بوون، تەرمەکەی دایکمی دا بە ئەم لێواری گۆڕەکەداو کێشای بە ئەو لێواری گۆڕەکەدا و بە بەدبەختی خستییە ناو گۆڕەکە، ئیتر خەریکبوو دڵم هەڵئەشێوا، وای لێهات کە مێردی پورەکانیشم ڕوویان کردە ئەولاوە، مرۆڤەکان هەندێکجار چەند قێزەون ئەبن! کچێکی جوان و نازدار کە لەناو پەڕی نازدا گەورە کرابوو ئەوا بنێژرێت! لێیگەڕێن.

بە کورتی کاتێک کارەکەی تەواو بوو، لە چاڵەکە هاتە دەرەوەو هەروا بە دیار گۆڕەکەوە وەستا، خێرا مێردی پورەکانم یەکیان بە خاکەنازو ئەویتریان بە دەست و قاچ خۆلیان کردە ناو گۆڕەکە، پێنج خولەک دواتر جەستەی وەک گوڵی دایکم ڕۆشتە ژێر خەروارێک خۆلەوە، تاوانەکە تەواو بوو بوو بەلگەکەشی ڕۆشتبووە ژێر خاکەوە، مابوونەوە ئەو مرۆڤانەی کە دەستیان بە خوێن ئالودە بوو بوو و تازە زانیبوویان چییان کردووە، هەرسێکیان وەستابوون و سەیری گۆڕە پڕبووەوەکەیان ئەکرد، بایەک بە ئارامی ئەهات و لە لایەک خاکی هەڵئەگرت و لەلایەکی تر ئەیخستە سەر زەوی و دەنگەکەی وەک دەنگی لوورە وابوو، بنە دڕکێک لەملا تلی ئەخواردو چوار مەتر لەولاتر لە بنە دڕکێکیتر ئەنالا، هەرچوارمان هەروا بەبێدەنگی وەستابووین و سەیری گۆڕە پڕبووەوەکەمان ئەکرد، نازانم بۆ، بەلام وادیار بوو کەسمان نەمانئەتوانی چاوی لەسەر هەڵگرین، جا ئیتر لەو کاتەدا هەرکام لەوان بیریان لە چی ئەکردەوە نازانم، بەلام

من تەنها بیرم لە ناکەسی مرۆڤەکان نەکردەوە، بەو بچوکییەی خۆمەوە ئەمزانی کە رابکم لەم خاکەدا غەریب بوو و چییان لەگەل نەکرد، بەو بچوکییەی خۆمەوە ئەمزانی رابکم میوانی ئەم خەلکە بوو و چییان لەگەل کرد، گریان قورگی گرتبووم و خەریکبوو ئەیخنکاندم، بەلام ئەمدەویست لەبەردەم ئەواندا بگریم، سەرم نەئەجولاند، چونکە ئەمزانی بە یەک جولەی بچووک ئەو گریانەی کە قورگی گرتووم لەجێی خۆی ئەجولێت و ڕێگەی فرمێسکم ئەکرێتەوە، تەنها سەیری خۆلە بەرزبووەوەکەی سەر گۆڕەکەم ئەکرد، ئەزانم باوەڕ ناکەن، بەلام سوێند بەم کات و ڕۆژە، هەر لەو کاتەدا لەپڕ باکە خێرای کردو خێرای کردو خێرای کرد، لەوانەیە دوو سەد سێ سەد بنە دڕک بووایە کە هەلیکەندن و هێنای بەرەو لای ئێمە، بنەدڕک لە دووری پەنجا شەست مەترەوە گلۆر ئەبووەوە و ڕێک ئەهات بەرەو لای ئێمە، نە یەک و نە دووان، سەیر لەوەدا بوو کە دووان دووان و سێان سێان بە تەنیشت یەکەوە تلیان ئەخوارد و ئەهاتن بەرەو لامان، ئێستا ئەگەر بڵێیت یەک مسقال تۆزو خۆڵ بەرز بوو بووەوەو لە هەوادا بوو، نا، نەبوو، تەنها بای ئەهات و بنە دڕکەکانی لە جێ هەڵئەکەندو بەدەم تلخواردنەوە ئەیهێنان بۆ لای ئێمە.

سەرەتا کەسمان ئاگامان لێی نەبوو، هەموومان بیرمان ئەکردەوە، بەلام دواتر یەکەم کەس من پێمزانی، یانی کاتێک حەوت هەشت بنەدڕک هاتن و بە تەنیشت مندا تێپەڕین و لە قاچی باپیرتان و مێردی پوورەکانم ئالان، من هەستم پێکردو دواتر ئەو سیانە، چاویان لەسەر گۆڕەکە هەلگرت و بە قاچیان بنە دڕکەکانیان خستە لاوە، بەلام چەند دانەیەکیتر هاتن، لەپڕ هەموویان ڕوویان کردە ئەو لای کە باکەی لێوە ئەهات، ئەتوت لەشکرێت لە دوورەوە دێت بەرەو لامان، نازانم بۆچی بێویست پێکەنیم، بە دەست خۆم نەبوو، لەپڕ پێکەنینم هات و کاتێک جولەی بنە دڕکەکانم بینی، ئەم سورەتە هاتە مێشکم و منیش ئەمخوێندوە و پێئەکەنیم: [إذا الشَّمسُ كُوِّرَت وإذا النُّجُومُ انكَدَرَت وإذا الجِبالُ سُيِّرَت]، هێشتا من ئایەتی سێیەمم نەخوێندبوو، باپیرتان و مێردی پورەکانم لە ترسا ڕایان کردو چوون لە پشت گالیسکەکەوە خۆیان شاردەوە، دەنگی پێکەنینی ساردو وشکی من کە خۆشم هەرگیز باوەڕم نەئەکرد کاریکی وا لە کاتێکی ئاوادا بکەم، وەها لەگەل باکەدا لەو بیابانەدا دەنگی ئەدایەوە کە ڕاستییەکەی خۆیشم ترسام، بەلام لە جێی خۆم نەجولام، جا ئیتر تەواوی ئەم ڕووداوانە بە هەلکەوت بوو یا نەبوو نازانم، بەلام سوێند بە گیانی هەرسێکمان، یەک دانە بنەدڕک نەیدا لە من.

کە پوری ئەمەی وت جۆرێکم لێهات، تەواوی جەستەم ئەلەرزی، بێویست دەستم

برد بۆ گیرفانم و پاکەتە جگەرەکەم دەرهینا، بەڵام نەمئەتوانی جگەرەکە لە پاکەتەی دەربهینم، دەستم وەها ئەلەرزی کە جگەرەکە لەنێوان پەنجەکانمدا نەئەوەستا، بۆ ساتێک مانی لایکردەوە بەلای منداو سەیری دەستی کردم و دواتر پاکەتەکەی لێسەندم و دوو جگەرەی لێدەرهێناو دایگیرساندن و یەکیانی دا بە من، پورێش کە ئەم ڕووداوەی بینی، لەپڕ هەروا کە فرمێسک بە چاویدا ئەهاتە خوارەوەو وتی:

- نەهێڵن غەریبێک سەری بەرەو ئاسمان بەرز بکاتەوە! نەهێڵن دڵێک بشکێت! نەهێڵن ئامێک لە ناخی دڵەوە بێتە دەرەوە. دایکی من ئیماندار بوو، جا ئیتر مەسیحی یا جولەکە یا هەر ئایینێکی تر، بەڵام لەوە خۆش نەبن کە ڕۆژێک تەنانەت ستەم بەرامبەر بیدین بکرێت، پێغەمبەر کاتێک بینی کە یەک دوو ڕۆژێکە لەسەربانی ئەو پیاوەوە خۆڵەمێش نایەتە خوارەوە، چوو بۆ لای و پێی وت زانیم نەخۆشی کە نەتتوانی لە سەربانەوە خۆڵەمێش بکەیتە خوارەوەو هاتم بۆ سەردانت، ئەو پیاوە کاتێک ئەم ڕەفتارەی بینی، هەر لەوێدا موسڵمان بوو، بەمە ئەڵێن ڕەفتار، بەمە ئەڵێن هەڵسوکەوت، پەیوەندی بە کەسەوە چییە کە مرۆڤەکان خوا بە چ شێوەیەک و بە چ ناوێک بانگ ئەکەن؟ خواوەند هەر پێویستی بە ستایش و بەندایەتی ئێمە نییە، ئەگەر ئەیپەرستین لەبەر پێویستی خۆمانە، منیش خۆم ئەزانم پێویستی خۆم چییە، حەقمان چییە بەسەر ئاینەکانی یەکترەوە؟

کە ئەمانەی وت بە دەستەسڕێک فرمێسکەکانی سڕی و کەمێک دواتر وتی:

- چارەکێک بیست خولەک هەروا با ئەهات و بنەدڕکەکانی ئەهێنا بەرەو گۆڕەکەی دایکم، ئەو سیانەش لە پشت گالیسکەکەوە خۆیان شاردبووەوە و تەنیا سەیریان ئەکرد، دوای ئەوەی کە باکە کپ بووەوەو نەما، سەر گۆڕەکەی دایکم بنەدڕک داپۆشی بوو و گۆڕەکە لەژێرییەوە دیار نەبوو. کاتێک کە هەموو شتێک بێدەنگ بوو، باپیرتان و ئەو دووانەی تر بە هێواشی لە پشت گالیسکەکەوە هاتنە دەرەوەو هاتنە پێشەوە، بەڵام هیچیان نەئەوت، باپیرتان لەناو کیسە توتنەکەی سەبیلەکەی دەرهێناو دایگیرساندو بە قاچی بنەدڕکەکانی خستە لاوەو نزیک گۆڕەکە شوێنێکی بۆ خۆی کردەوەو دەستیکرد بە سەبیل کێشان، چەند مژێکی لێداو بە ئارامی وتی: «ئێستا خۆ تێپەڕی، بەڵام ژنێکی باشبوو، خراپم لەگەل کرد، یانی هەموومان خراپمان لەگەل کرد، هەم لەگەل خۆی هەم لەگەل باوکی، خۆزگە ئەو ڕۆژە بە قسەکانتان نەخەلەتامایە» مێردی پوورەکانم هاتنە پێشەوەو وتیان: «ئاغا ئەو ڕووداوە تازە تێپەڕی، ئەو داماوەش چارەنووسی وابووە». باپیرتان مژێکیتری لە سەبیلەکەی داو ڕوویکردە ئەوان و وتی: «کام چارەنووس پیاوی

باش؟ ئیستا لێرە خۆ هەر خۆمانین، عەباس جەلادو سەفدەر میر غەزەبیش بوون بە چارەنووس؟». هەر کە ئەمەی وت، ئەو مێردی پوورەکەم چەند کۆکەیەکی کردو وتی: «ئاغا منداڵ لێرەیە» باپیرتان وا دیاربوو لەپڕ هەستی بە من کرد، لایکردەوە بەلای منداو سەیرێکی کردم و دواتر ڕوویکردەوە گوڕەکەو وتی: «خوالێی خۆش بێت، ژنێکی زۆر باشبوو، باوکیشی زۆر پیاو بوو، پەنایان بۆ ئێمە هێنا بوو». مێردی پورەکانیشم سەیرێکی یەکتریان کردو دواتر سەیرێکی منیان کردو دواتر یەکیان خێرا وتی: «ئاغا لەبری ئەم قسانە هەستن با سەیرێکی ئەم زەوییانە بکەین، خراپ نین، ماوەیەکی تر ئێرە ئەبێتە شارو ئاوەدانی، ئێستا ئەکرێت بە بەلاش بیانکڕیت، ئێوە هەستن سەیرێکی بکەن، چییە دانیشتوون و باسی ڕابردوو ئەکەن، کردنی ئەم قسانە لەسەر گۆڕ باش نین، وەلا چارەنووسیان وابوو، بیلا چارەنووسیان وابوو» ئەمانەی وت و هەردووکیان ژێر باڵی باپیرتانیان گرت و هەڵیانساندو دەستیانکرد بە قسەکردن لەگەڵی دەربارەی زەوییەکانی ئەو ناوەو ئەوەی کە ئەوێ ئاوی هەیە یان ناو بە چەند ئەکرێت بیانکڕیت و ئەم شتانە، هەرسێکیان بەڕێکەوتن و دەستیانکرد بە سەیرکردنی ئەو دەوروبەرە، مانەوە تەنها من و گۆڕی دایکم، سەیری ئەملاولام کرد و لەسەر زەوی دوو پارچە داری وشکم پەیدا کردو پارچەیەک لە چارشێوەکەمم بە ددان دڕی و دوو پارچە دارەکەم وەکو خاچ لێکردو بە پارچەکە بەستمن بە یەکەوەو کردم بە بەشی سەرەوەی خاکەکەی سەر گۆڕی دایکمداو بنە دڕکێکیشم نا بەسەریدا تا دیار نەبێت.

دواتریش چووم لە تەنیشت گۆڕەکەیدا دانیشتم، نەمئەزانی ئەبێت چی بە دایکم بڵێم، لامکردەوە بەلای باپیرتاندا، هەرسێکیان ڕۆشتبوونە لایەکەوەو خەریکبوون بەیەکەوە قسەیان ئەکرد، ئەتوت هەر هیچ ڕووی نەداوە، دەستم هێنا بەسەر خاکی گۆڕەکەیداو وتم دایکە ئاسوودە بوویت؟ ڕاستت ئەکرد، هەندێکجار مردن باشترین ڕێگای ڕزگاربوونە، خۆزگەم پێت بۆ خۆت ئاسوودە بوویت، بەڵام من چی؟ تۆ هیچکات لە بیری مندا نەبوویت، لەبیرتە هەمیشە کارت ئەکردو نەئەهاتیت بۆ لای من، لەبیرتە منت لای پورەکانم دائەناو خۆت ئەڕۆشتی و گسکت ئەدا؟ هەرچی پێم ئەوتی دایکە وەرە بۆ لام، نەئەهاتی، هەرچی پێم ئەوتی دایکە ئەمانە نقورچکم لێئەگرن و ئازارم ئەدەن، نە ئەهاتی، بەردەوام کارت ئەکرد، ئێستاش لێتداو ڕۆشتی، من بە تەنیا چیبکەم؟ ئەمانە زۆر ئازارم ئەدەن، ئەو کاتەی کە خۆت هەبوویت ئازاریان ئەدام، وای بە حاڵی ئێستا کە تۆ نیت! ئەترسم دایکە، ئەگەر لە عەمبارەکەدا زیندانیم بکەن، چیبکەم؟ ئەوێ مشک و سیسرکی لێیەو تاریکە،

من زۆر لەو عەمبارە ئەترسم، توخوا بگەڕێوە دایکە، ئیتر پێت ناڵێم کار مەکە، ئیتر پێت ناڵێم وەرە بۆ لام دانیشە، تۆ تەنها زیندوو ببەرەوە، ئیتر هەرچەند حەزت لێیوو کار بکە، توخوا زیندوو ببەرەوە، ئاخر من بە تەنهایی چیبکەم؟ ئیتر کێ نازم بکێشێت؟ ئیتر کێ چیرۆکم بۆ بگێڕێتەوە؟ ئیتر کێ قژم دابهێنێت؟ بینیت بابە خۆشی ئەوێیت؟ بینیت تۆزێک پێش ئێستا لە تەنیشتدا دانیشتبوو چی ئەوت؟ بەخوا بابەم خۆی باشە، پورەکانم و داپیرەم شتی خراپی فێرئەکەن، ئاخر بۆچی ئەمانە ئەوەندە لەگەل تۆ خراپ بوون؟ تۆ خۆ کارت بە سەریانەوە نەبوو، تۆ خۆ هەموو کارەکانیانت ئەکرد، تۆ خۆ هەرچییان پێئەوتی، ئەتوت بەسەرچاو، ئیتر بۆچی لەگەڵتدا خراپ بوون؟ تۆ هەر بۆچی هاتی بۆ ئێران؟ بۆچی هەر لە ڕووسیا کە کاتێک بەفر ئەبارێت ئەوەندە جوان ئەبێت، نەمایتەوە؟ بۆچی ئەوەندە زوو مردی؟ بۆچی مردیت تا ئەمانە بە من بڵێن منداڵی هەتیو؟ ئەمڕۆ کە ئەمویست لەگەڵ تۆدا بێم، پورم ئەیوت ئەم منداڵە هەتیوە بۆچی لەگەڵ خۆمان ببەین؟ هەمووی تاوانی بابەمە کە ئەوەندە سست بوو، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە وەکو ئەمڕۆ بەرامبەریان بووەستایەتەوە، ئەوان ئەوەندە تۆیان ئازار نەئەدا، هەر نەیانئەویرا لێت بدەن تا بمریت، یاخوا قاچی ئەو پورەم بشکێت کە دای لە کەلەکەی تۆ، یاخوا دەستی داپیرەم گۆچ بێت کە قژە جوانەکەتی ڕاکێشا، خۆیان ناشیرین و دزێون، چاویان بەرایی نەئەهات جوانی تۆ ببینن، دایکە! دایکە! هەستە ئیتر، توخوا هەستە، من ئەترسم لە تەنهایی، من ئەترسم لێرە، من ئەترسم بە تەنها بگەڕێمەوە ماڵەوە، خۆت ڕۆشتی بۆ بەهەشت و منت بە تەنها لێرە جێهێشت، من نامەوێت پێم بڵێن منداڵی هەتیو، من ئەمەوێت دایکم هەبێت، من ئەمەوێت دایکێکی جوانی وەک تۆم هەبێت، توخوا هەستە، تۆ گیانی من هەستە، ئەمانەم وت و سەرم خستە سەر خاکی گۆڕەکەی و گریام، لەپڕ دەنگێکی وەکو دەنگی مانگا لە پشتمەوە بەرزبووەوە، لامکردەوە، لەپڕ بابەم وەکو تۆپ لە تەنیشت گۆڕەکەدا، خۆی دا بە زەویدا، بە دەستی خۆڵی هەڵئەگرت و ئەیکێشا بەسەریداو وەکو مانگا ئەیبۆڕاند، ئەگریاو ئەینەڕاندو تەنها ئەیوت وای! وای! وای! مێردی پورەکانم ڕایانکرد تا بیگرن، بەلام فڕێی دانە دواوەو بە هەمان دەنگ و گریانەوە وتی «بڕۆنە لاوە، فێڵتان لێکردم، دوزەختان بۆ کڕیم، هەڵتان خەڵەتاندم، باوکی باوکایەتی بەرامبەرم کرد، خۆی ژنم بوو، خانمم بوو، فێڵتان لێکردم، ئاگری دوزەختان بۆ کڕیم، بڕۆن بێشەرەفانە، بڕۆن بێغیرەتانە، وازم لێبهێنن ئیتر». ئەمانەی وت و دووبارە خۆی دا بەسەر گۆڕەکەداو بە دەنگی بەرز گریاو وتی «ژن خراپم لەگەل کردی، گەردنم ئازا بکە، هەڵخەڵەتام، گەردنم

نازادبکە، قەدرم نەزانیت، گەردنم نازاد بکە، قوربانی ئەو خانمییەت بم، قوربانی ئەو خۆراگرییەت بم، بمرم بۆت چەندت نازارکێشا! بمرم بۆت چەندێک بچوکیان کردیتەوە! خوا لێیان خۆش نەبێت، نەفرەت لە مردوو و زیندووتان وا فێلتان لێکردم و هەڵتان خەڵەتاندم و ژنەکەمتان بە کوشتن دا» ئەمانەی ئەوت و خۆلی ئەکرد بەسەرو کەللەی خۆیدا، هەر لەم کاتەدا مێردی یەکێک لە پورەکانم هاتە پێشەوەو بە منی وت «هەمووی تاوانی تۆی جیقنە، ئەمانە چین لەسەر گۆڕ ئەیانلێیت؟». دواتر ڕۆشتن بۆ لای باپیرتان و بە زۆر لەسەر گۆڕەکە بەرزیان کردەوە، ئەویش بەردەوام جنێوی پێئەدان و ئەیکێشا بەسەریدا، ئەوانیش تەنها دڵیان ئەدایەوەو ئەو جنێوانەشی کە ئەیانبیست هەر بە ڕووی خۆیاندا نەئەهێنا، بە کورتی بە زۆر بردیان و لەناو گالیسکەکەدا دایان نیشاندو یەکێکیان گەڕایەوەو دەستی منی گرت و ڕایکێشامە ناو گالیسکەکە و کەوتینە ڕێ.

پورێ کە گەیشت بە ئێرە، بێدەنگ بوو و جگەرەیەکی داگیرساندو دوو مژی لێداو دواتر وتی:

- بڕۆن لە باوکتان بپرسن عەباس جەلادو سەفدەر میر غەزەب کێن؟ کوڕی یەکێکیان پارێزەریانەو کوڕی ئەوی تریشیان ئەندازیارەو تاوەرو باڵەخانەیان بۆ دروست ئەکات، بڕۆن پرسیار بکەن ئەو دووانە کێن.

دواتر فرمێسک بە چاویدا ئەهاتە خوارەوەو هەستاو لە ژوورەکە چووە دەرەوە، من و مانی بە حەپەساوی سەیری یەکترمان ئەکرد، دوای تۆزێک مانی وتی:

- ئەزانی ئەم سەفدەر میر غەزەبەی کە ئەیلێت کێیە؟ حاجی سەفدەر بە تەپۆلکەیەک ڕیش و خورییەوە، باوکی جەنابی ئەندازیار عەلی!

من تەنها سەیرم ئەکرد، باوەڕم نەبوو ئەو شتانەی کە بیستم ڕاست بن.

مانی- چ پیاوێکیان لە باپیرەمان دروست کردبوو! بتی گەورە! سیمبولی مرۆڤایەتی! گەورەی بنەماڵە! پیاوی ڕاست! مرۆڤێک کە خەڵکی بۆ ڕەوابوونی ڕازو نیازی دڵیان، خێری بۆ ئەکەن! ئەندامی گروپی مافیا، نەخشەدانەری کوشتن و تاوان، قوڵبڕی گەورە!

- بە چیدا دیارە ئەوانەی پورێ وتی ڕاست بن؟

مانی- لەبەرچی درۆ بکات؟ لەبەر پارە؟ لەبەر مالی دنیا؟ ئەزانی ئێستا تەمەنی چەندە؟ ئیتر پارەی بۆ کێیە؟ هەر لەم کاتەدا پورێ بە سینییەک چاییەوە هاتە ژوورەوەو خۆلکی کردین و دواتر دانیشت و پێکەنینێکی تالی کردو وتی:

- نارەحەتم کردن؟

- دەی هەر کەسێک ئەم شتانە ببینێت ناڕەحەت ئەبێت.

پوری- ڕاستی ئاڵە.

- بۆچی تا ئێستا ئەم شتانەتان بە کەس نەوتبوو؟

پوری- سەرەتا بە کێم بوتایە؟ بە باوکتان؟ خۆیان کەم و زۆر هەندێک شتیان ئەزانی، دواتریش، ئەگەر نەمتووە لەبەرئەوە بوو کە تا ئێستا وامئەزانی ئەوە براکانمن کە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ستەمەی کە باوکیان بەرامبەرم کردوویەتی ژیانم بەڕێوە ئەبەن، بەڵام ماوەیەک پێش ئێستا زانیم کە وا نییە، ئەو کاتە داغ و قینی ڕابردوو لەلام تازە بووەوە، جگە لەوە، ئێوە هێشتا بچووک بوون، ئەگەر تەنانەت دوو سال پێش ئێستا ئەم شتانەم بۆ بگێڕانایەتەوە، ئاقەتتان نەبوو گوێ لە نیوەشی بگرن، هەتا لەوانەیە قبوڵتان نەکردایە کە پورێکتان هەیە، ئەزانن هەر ئەم سەفدەر میر غەزەبە، چەند ساڵێک پێش ئێستا منی دۆزییەوەو هات بۆ لام؟ هاتبوو داوای گەردن ئازادیم لێبکات، بەڵام گەردنم ئازاد نەکرد، لە بەردەممدا دانیشتبوو و بە گریانەوە دەردەدڵی ئەکرد، ئەمان چەند ئەفەربوون، ئەو و عەباس جەلاد و مێردی پورەکانم، ئەو شەوەی کە باپیرتان خەریکبوو شەربەتی ئەکرد بە خێر، ئەو چوار کەسە لەو ناوەدا کردبوویان بە هات و هاوار وتبوویان عارەقی کردووەتە ناو شەربەتەکە، عەباس و سەفدەر بە قەمە باپیرەمیان کوشت، پارەیەکی باشیشیان وەرگرت، هەر بەو پارەش دەوڵەمەند بوون، بەڵام بێ سزا ئەمانەوە، خۆی لێرە بە دەم شیوەن و گریانەوە لە بەردەممدا دانی پیانا، ئێستاش ماوە، هەرچەند چەند ساڵێکە کەنەفتی سەر جێگایە، خوا خراپتریشی بەسەر بهێنێت، ئەزانن چی پێ ئەوتم؟ ئەیوت کوڕێک و دوو کچی هەیە، بەڵام تازە دوای ئەوەی کە منداڵەکانی گەورە بوون و لە خەم دەرچوون، کاتێک نەخۆش ئەکەوێت و ئەچێت بۆ پشکنین، بۆی دەرئەکەوێت پیاو نییەو منداڵی نابێت، ژنەکەی ناپاکی کردبوو بەرامبەری، ئەیوت خۆزگە بمردمایەو ئەم ڕۆژەم نەبینیایە، لە ژنەکەی جیا ئەبێتەوە، نیوەی سامانەکەی کردبوو بەناوی ژنەکەیەوە، ژنەکەشی بە بەرچاوی ئەمەوە ئەیدات بە دۆستەکەی، نەیتوانیوە دەنگیشی لێوەبێت، بابەتەکە ئابڕوو بووە، منداڵەکانیشی بە ڕووداوەکە ئەزانن، دۆستی ژنەکەی لەگەڵ ژنەکەیدا هاوسەرگیری ئەکەن و دائەنیشن و سامانەکەی ئاغا ئەخۆن، ئەم هەمووە گیانیدا و پارەی خوێنی وەرگرت و سەرەنجام کە ئەیویست دانیشێت و بیخوات و لە کۆتایی تەمەنیدا پشوو بدات، ئەوە بەرنامەی ژنەکەی بوو، خۆیشی بە دڵنیاییەوە ئەزانن ئێستا چەند ساڵێکە جەڵتە لێی داوەو لە سوچێکدا کەوتووەو قەدعە ئەخەنە ژێری

و هەموو کاتژمێری داوای مەرگ لە خوا ئەکات، دووسالیش ئەبێت بردوویانەتە خانەی بەسالاچوان، منیش جار جار ئەچم بۆ سەردانی، ئەچم پێی بڵێم هێشتا گەردنم ئازاد نەکردووە، ئەمە ئەمیان، عەباسیش سالانێکی زۆر پێش ئێستا تووشی گوڵی و چەند ساڵێک پێوەی تلایەوە، لەم دواییەدا وای لێهاتبوو لەتاو بۆنی لەشی، کەس بێزی نەئەهات نزیکی بکەوێت، دواتریش کە مرد شارەوانی تەرمەکەی لە سەر زەوی هەڵگرت، ئێستاش ئەگەر وا ئەزانن من درۆ ئەکەم سەرێک بدەن لە خانەی بەسالاچوان بۆ بینینی حاجی سەفدەر، دوو پرسیاری لێبکەن، بزانن چی ئەڵێت، بڕۆن ئێتر، بە دڵنیاییەوە من درۆ ئەکەم، بڕۆن ئەو ڕاستییەکەتان پێبڵێت، ئەوکات ئەگەر یەک درۆتان بینی لە قسەکانمدا، بێن و تف بکەنە ناوچاوم.

مانی- ڕێزتان هەیە، ئێمە ناماقوڵی ئەکەین، دوای تەمەنێک سوالکردن شەوی هەینیمان بیرناچێت، من لە ژیانمدا ئەوەندە درۆم کردووە، لە دووری فرسەخێکەوە قسەی ڕاست ئەناسمەوە، بەڵام ئێوە نازانن لای ئێمە چ بتێکیان لەم باپیرەمان دروست کردبوو!

پوری- ئاخر لە دوا دوای تەمەنیدا بوو بوو بە پیاوچاک و خواناس، کاتی سەرەمەرگیشی ناردی بەدوای منداا، بەڵام هەرچی کرد نەچووم بۆ بینینی.

چاییەکەی هەڵگرت و تۆزێکی لێخواردەوەو دواتر سەیرێکی کاتژمێری کردو وتی:

- ئەمانە بۆچی نەهاتنەوە؟

- بۆ کوێ ڕۆشتن؟ زانکۆ پشووە خۆ.

پوری- وەڵا هاوڕێکەیان تەلەفۆنی بۆ کردن و ئەوانیش خێرا خۆیان گۆڕی و وەک تیر بۆی دەرچوون

- یانی شتێک ڕوویداوە؟

پوری- نازانم، بەڵام کاتێک خەریکبوو ئەڕۆشتن، زۆر ناڕەحەت بوون، زۆریش بەپەلە ڕۆشتن، لێشم پرسین چیبووە، بەڵام وتیان شتێکی وا نییە، نیگەرانم.

- نازانن بۆ کوێ ڕۆشتن؟

پوری- بە تەواوی نا، بەڵام باسی زانکۆیان نەکرد.

سەیرێکی مانیم کردو وتم:

- بۆ هەڵنەسین بچین بۆ بەردەم زانکۆکەیان؟

مانی- ئەمڕۆ پشووە، جاری با تۆزێ چاوەڕێ بکەین، لەوانەیە خۆیان بێنەوە

پوری- ئەگەر بە هاتنەوە بوایە ئەبوو تا ئێستا بهاتنایەتەوە، ئەمانە تا بە من نەڵێن

ناچن بۆ هیچ شوێنێک، ئەیانناسم، بە دڵنیاییەوە شتێک بووە.

- هەستە بڕۆین مانی.

مانی- ئاخر بۆ کوێ بڕۆین؟

- بچین بۆ بەردەم زانکۆ.

مانی- بابە نیوکاتژمێری تر چاوەڕێ بکەین خۆیان ئەگەڕێنەوە، ئاخر خۆ هیچ نەبووە کردووتانە بە هەرا

- پوری گیان هەمیشە کە درەنگ ئەکەوتن یان کارێکیان بۆ بهاتایەتە پێش، تەلەفۆنیان ئەکرد؟

پوری- ئەری پوری گیان، ئێستاش سەرقاڵی قسەکردن بووم و ئاگام لایان نەما، زۆر دەمێکە ڕۆشتوون

- هەستە مانی بڕۆین، هەستە زووبە.

مانی- بابە ئەوەندە پەلە مەکە، خۆ هیچ نەبووە، ئاخر ئێستا هەستین بچین بۆ کوێ؟ تۆزێک چاوەڕێ بکەن، بە دڵنیاییەوە خۆیان دێنەوە.

- هەستە ئەچین بۆ بەردەم زانکۆ.

پوری- زانکۆ نە، زانکۆ نە، بەشە ناوخۆیی، بەشە ناوخۆیی کچان.

مانی- ئێ! لەپڕ نیگەرانی ڕوویکردە منیش، ڕاکە بڕۆین.

- ڕاوەستە بزانم، پوری گیان هیچ کام لە هاوڕێکانیان ناناسن؟

مانی- ڕاکە زۆر نیگەرانم، ڕاکە خۆمان لەوێ سەد دانە هاوڕێ ئەدۆزینەوە، یانی سەد دانە لە هاوڕێکانیان ئەدۆزینەوە.

ماڵئاواییمان لە پوری کردو هاتینە دەرەوەو سوار ئۆتۆمبیلەکە بووین و کەوتینەڕێ، لەژێر پردی گیشاوە چووینە سەر ڕێگەی ئەمیر ئابادو هەروا کە ئەڕۆشتین، لە کەنار شەقامەکەدا چەند کچێک وەستا بوون، مانی سەیریکی کردن و وتی:

- کتێبیان بەدەستەوەیە.

- ئێ؟

مانی- ئەڵێی ئەمانەش ئەیانەوێت بچن بۆ زانکۆ.

- ئێ؟

مانی- یانی ئێمە خۆ هەر ئەڕۆین، ئێ با ئەمانەش سەرخەین و بیانگەیەنن، خێرە.

- ئێمە ناچین بۆ زانکۆ، ئەچین بۆ بەشە ناوخۆیی.

مانی- جیاوازی چییە؟ ئەیانگەیەنینە بەشە ناوخۆیی، لەوانەیە بیانەوێت جلێک بگۆڕن یا شتێک بخۆن یا کتێبێک دەفتەرێک هەڵگرن و دواتر خۆیان بچن بۆ زانکۆ.

مۆرەیەکم لێکردو هیچم نەوت، دوای تۆزێک بە تورەییەوە وتی:

- بابە یەک خولەک ڕایگرە ئیشم هەیە.

- ئیشت چییە؟

مانی- مەگەر کوێری نابینیت کە ئەم هەموو کچە لە تەنیشت شەقامەکەدا وەستاون و دەفتەرو کتێبیان بەدەستەوەیە؟ ئێ ڕایگرە ئەمانیش بگەیەنین، چییە ئۆتۆمبیلەکە خۆ هەر خەریکە بە بەتاڵی ئەڕوات.

- کتێبەکانی زانکۆ ئاوا نین، گەورەترن.

مانی- منداڵ کەر ئەکەیت؟ کتێب کتێبە ئیتر، خۆ کتێبی زانکۆ بە بست گەورە نابێت.

- بۆ نا، کتێبی زانکۆ لە هی ئامادەیی گەورەترە.

مانی- ئێ.. یانی قەبارەی کتێبەکانی زانکۆ بە بست دیاری ئەکەن؟ یانی ساڵی یەکەم بستێک و ساڵی دووەم بستێک و دوو پەنجەو ساڵی سێیەم دوو بست و پەنجەیەکی کەمە؟

- ئاه..! ئەهێڵیت بزانم بۆ کوێ ئەڕۆم؟

مانی- ئەوەتا، ئەمەیان خوێندکاری زانکۆیە، سەیری بکە، هەم کتێبەکەی گەورەیە و هەم لە جێی دەفتەر کلاسور بەدەستەوەیە، ئەمەیان ئیتر بە دڵنیاییەوە خوێندکاری زانکۆیە، ڕایگرە سەریخەین، خێرە.

- ئاڵ ئەحمەد چەند قەرەباڵغە!

مانی- خۆ ئەڵێن مرۆڤێکی داماو بووە، بابە ڕایگرە، سوێند بەخوا ئەمانەیان باجەکەیانم بینی، ڕایگرە سەگباب، من هەر نایەم، ڕایگرە من دابەزم، مرۆڤێک کە چاکە ناکات نابێت لەگەڵیدا هاوسەفەر بیت، ڕایگرە من دابەزم.

- مانی بە گیانی تۆ شتێک بووە، سەیری ئەمیر ئاباد بکە، بیبینە چەند قەرەباڵغە.

مانی- بە دڵنیاییەوە ڕووداوێکی هاتوچۆ شتێکی وا بووە.

بە هەزار دەردیسەری چووینە سەر ئەمیر ئابادو دوای تۆزێک ڕۆشتین، بینیمان ئیتر ناتوانین بچینە پێشەوە، ئۆتۆمبیلەکان هەروا لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا وەستابوون، دابەزیم و بە مانیم وت بچینە پشت سوکان و خۆم چوومە پێشترو بینیم لەبەردەم بەشە ناوخۆییەکاندا خۆپیشاندانە، کچ و کوڕ لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا وەستا بوون و

ڕیگەکەیان گرتبوو، هەر لەویوە ئاماژەم بۆ مانی کرد کە بیت، ئەویش لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی و هاتە پێشەوە، هەر کە چاوی بە خۆپیشاندانەکە کەوت وتی:

-خوا دەرگایەک دائەخات هەزار دەرگای بەزەیی تر ئەکاتەوە، شەپۆلی بە تاوی خوێندکاران، من ڕۆشتم بۆ مەلە.

هەر کە ویستم دەستی بگرم، چووە ناوەڕاستی خۆپیشاندەرەکانەوە، گەڕامەوە بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە تا لە ناوەڕاستی شەقامەکە لایبەم، بینیم سویچەکەی بردووە، دووبارە گەڕامەوەو چوومە پێشەوە و هەر لەویوە سەیرم کرد، بینیم لای چەند کچە خوێندکارێکدا وەستاوەو خەریکە بە دەنگی بەرز شت ئەڵێت، ڕامکرد بۆ لای، لەو ناوەڕاستەدا وەستابوو لە پەسا ئەیوت (بژی خوێندکار، بژی ئازادی).

گەشتم پێی و وتم:

- خەریکی چیت؟

مانی- خەریکم بەدواداچوون بۆ داواکاری ئەم خانمانە ئەکەم.

- بژی و مژی بۆچی ئەڵێیت؟

مانی- ئەی بڵێم بمرێت؟ بەخوا حەیفە یەک تال موو لەسەری ئەم کچە خوێندکارانە کەم بێتەوە

بە هێواشی لای گوێیدا وتم:

- ئێستا ئەڕژێنە ئەم ناوەو ئەمانگرن.

مانی- مەگەر تاوانە مرۆڤ بڵێت بژی ئازادی؟

- وەرە بڕۆین ئێشمان هەیە، مەگەر نەهاتووین بەدوای ڕۆکساناو ئەواندا؟

مانی- من ئەم خانمانە بە تەنها جێناهێڵم.

- مانی بە گیانی تۆ ئەمەیان گاڵتە نییە.

مانی- من لەگەڵ کەس گاڵتەم نییە.

دووبارە دەستی کردەوە بە هاوارکردن:

- بژی ئازادی!

دواتر لایکردەوە بەلای ژمارەیەک لەو کچانەداو وتی:

- داوای لێبوردن ئەکەم خانمی بەڕێز، جگە لە بژی ئازادی ئەبێت چی تر بڵێم؟

کچەکان دەستیان کرد بە پێکەنین و یەکیان وتی:

- گاڵتە ئەکەن ئاغا؟

مانی- نە بەسەری ئێوە، ئێمە هەر ئێستا گەیشتووین و نازانین بابەت چییە.
کچەکە پێکەنی و وتی: ئەی بۆچی هاتوونەتە ئەم ناوەڕاستە؟
مانی- ئەمانەوێت لە پشتی ئێوە بین، شان بەشانی یەک و باوەش لە باوەشی یەک بچینە پێشەوە، یانی لە ڕاستیدا ئێمە چونکە ڕاهاتووین، سەرەتا ئەچینە ڕیز و دواتر ئەپرسین چی دابەش ئەکەن، ئەوەیە کە ئێمە سەرەتا هاتینە ئەم ناوەڕاستەو....
کچەکان دەستیان کرد بە پێکەنین و بە هێواشی شتێکیان چپاند بە گوێی یەکتردا و سەیرێکی ئێمەیان کرد، جا ئیتر مانیش وازی نەئەهێنا، هەروا دەستی مشت کردبوو و دروشمی ئەدا.
مانی- خوێندکار، پشتت ئەگرین، یاخوا قوربانتان بم، پشتت ئەگرین.
بە ئارامی چوومە تەنیشتی و چپاندم بە گوێیدا:
- داوێتی لە کەللەت؟
مانی- ئەهێلیت تۆزێک لەبیری وڵاتەکەمدا بم یان نە؟
ئەمەی وت و بەدەم دروشم وتنەوە چووە ناوەڕاستی کچەکان و وتی:
- ببورن، دروشمی تازەتان لا نییە؟ماندووبووین ئەوەندە ئەم کۆنەکانمان وتەوە.
یەکێک لە کچەکان پێکەنی و وتی:
- ئەگەر هەر ئەو کۆنانە جێبەجێ بکەن، بەسە بۆ ئێمە.
مانی- بەڵام بە بۆچوونی من جامەو مامە نەپۆشن جوانترن، یانی هەروا بە ڕووت و قوتی بیانخەینە ڕوو زۆر سەرنجڕاکێشتر و کاریگەرترن.
دووبارە هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین، چوومە تەنیشتی و بە هێواشی وتم:
- وەرە بڕۆین تا تووشی دەردیسەریت نەکردووین، نیگەرانی ڕۆکساناو ئەوانم.
سەیرێکی کردم و بە هێواشی وتی:
- ئەگەر جارێکی تر خۆت هەڵقورتێنیت لە کارە سیاسییەکانی مندا، هاوار ئەکەم و بەم کچانە ئەڵێم کە سیخوڕێک هاتووەتە ناومانەوە و پەنجەم ڕوو ئەکەمە تۆو خۆم ئەچمە سوچێکەوە ئەوەستم، ئەوکات ئەمانە ئەڕژێنە سەرت و تەواوی گۆشتی جەستەت بە نقورچک لێئەکەنەوە، لێرە قسە قسەی منە.
بینیم کچەکان سەیری من ئەکەن، منیش بەبێ دەنگی لە تەنیشت مانیدا وەستام و دەستم کرد بە سەیرکردنی ئەملاولا بەدوای ڕۆکساناو ئەواندا، مانی لایکردەوە بەلای کچەکانداو وتی:

- ماندوو بووین وەلا، ئەوەندە دروشمم و تەوە ئەم قورگەم وەک داری وشکی لیهاتووە، ناو دەمم ئەلێی ژەهری ماری تیایە ئەوەندە تاڵە، لێرە قاوەخانەیەک شتێکی لێ نییە بچین نیسکافەیەک قاوەیەک شتێک بخۆینەوەو قورگمان تازە بێتەوە؟

یەکێک لە کچەکان بە پێکەنینەوە وتی:

- ئێو خۆ دە خولەکیش نابێت کە هاتوون!

مانی- بەە بەە! ئێمە پێش ئێرە لەو زانکۆکەی تر بووین سێ کاتژمێری تەواو بەبێ وەستان دروشممان وتووەتەوە، ئاوا سەیرمان مەکەن، ئێتر خۆپیشاندەرێکی پیشەیین، ئێستاش بەیەکەوە ئەچینە شوێنێک دائەنیشین و شتێک ئەخۆینەوە، هەم قورگمان تازە ئەبێتەوەو هەم ماندوویەتیمان دەرئەچێت و هەم بیرکردنەوەکانمان ئەکەین بە یەک و ئەگەڕێینەوە ئێرە و تا مەلابانگدان دروشم ئەدەین.

کچەکان دووبارە دەستیان کردەوە بە پێکەنین، چوومە تەنیشتی و دووبارە بە هێواشی پێموت:

- ئێستا ماتۆڕ سوارەکان دێن

مانی- سەیرکە من مەترسینە، من وەکو بەربەستی ئەسکەندەر لێرەدا وەستاوم، من و ئەم کچە خوێندکارانە مەگەر مەرگ لەیەکمان جیابکاتەوە، دروشم بدە، مەترسە، داماوی ترسنۆکی بێ غیرەت.

ئەوەندە بە دەنگی بەرز ئەمانەی وت کە کچەکان گوێیان لێبوو و لایان کردەوەو سەیری ئێمەیان کرد، منیش لە شەرمدا سەرم داخست، یەکێک لە کچەکان مۆرەیەکی لێکردم و دواتر لایکردەوە بەلای مانیداو وتی:

- ئەم ئاغا کێیە؟

مانی- هارونە، یانی هامونە، زۆر دڵڕەقە، تەنها بیر لە بەرژەوەندی خۆی ئەکاتەوە، پۆشتەو پەرداخی بێخەم!

مۆرەیەکم لێکردو هیچم نەوت، یانی کچەکان جۆرێک سەیریان ئەکردم نەمئەویرا یەک وشە بڵێم.

مانی- ئێستا وازی لێبهێنن، تاوانیشی نییە داماوە، لە خێزانێکی بۆرژوادا چاوی بە دنیا هەلهێناوە و باوکی تەمەنێک وەکو زەروو خوێنی نەدارەکانی مژیوە و ئەمیش بینیویەتی و فێربووە، بەلام ئەوەش بڵێم، لێهاتوویەکی باشی هەیە، لێ بنەوێت تێکۆشەرێکی ئەوەندە کۆلندەرە کە هەر مەلێ، سەیری هەیکەل و ڕوخساری بکەن، ڕێک وەکو ئەرنستۆ

ی گیڤارا وایە، بە تایبەت ئەگەر بهیلیت تۆزێک قژی دریژ بێت و ناوچاوێکی سور ببەستێت و سمیلێک دابنێت، ئیتر خودی فیدل کاسترۆش ناتوانێت بیناسێتەوە، گوڕێکی باشیشە، بەڵام تەنها کێشەی ئەوەیە کە دەوڵەمەندو لەخۆباییە، ئەڵێم توخوا ئێوە تۆزێک ئامۆژگاری بکەن، بەڵکو ڕەفتاری بگۆڕێت، یانی قسەی خانمان زۆر کاریگەری هەیە لەسەری، ئەگەر خوشکایەتی بکەن و تۆزێک....

لەپڕ یەکێک لەو ناوەڕاستەوە هاواری کردو وتی:

- ماتۆرسوارەکان! ماتۆرسوارەکان!

هەموومان لامانکردەوە و سەیری ئەولای شەقامەکەمان کرد، مانی بە هێواشی چپاندی بە گوێمدا:

- من ڕۆشتم، لەبیری خۆتدابە!

هەر کە گەڕامەوەو سەیرم کرد، بینیم خەریکە وەک بروسکە ڕائەکات بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە، ئەو کچانەش لەگەڵ ئەوانی تردا ڕۆشتن بەرەو بەشە ناوخۆییەکە، من و ژمارەیەکی تر ماینەوە، ئێستا نازانین بۆ کوێ بڕۆین، ئەو خوێندکارانەی کە لەوێدا بوون، هەموویان لەبەردەم دەرگای بەشە ناوخۆییەکەدا کۆبووبوونەوە و ئەوانی تریشیان چووبوونە ناو بەشە ناوخۆییەکەو دروشمیان دەوتەوە، ژمارەیەکیش بە دارو تیلاوە خەریکبوون بەرەولای ئێمە ئەهاتن، هەموان خەریکبوون هەڵئەهاتن، ئیتر نەمزانی چی بوو، تەنها کاتێک بە خۆم زانی کە خەریکم ڕائەکەم بەرەو ئۆتۆمبیلەکە، چەند چرکەیەک دواتر گەیشتم و بینیم مانی چووەتە ناو ئۆتۆمبیلەکە دانیشتووەو دەرگای ئۆتۆمبیلەکەشی قوفل کردووە، ئەوەندە لە دەستی تورەبووم کە هەر مەڵێ، هەر کە منی بینی دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەوەو وتی:

- دانیشە بڕۆین.

سەیرێکیم کردو وتم:

- ئاخر من چی بە تۆ بڵێم؟

مانی- ئێستا کاتی هین وتن نییە، دانیشە بۆی دەرچین.

- بۆی دەرچین؟ یانی هەڵبێین؟

مانی- هەڵهاتن نە، پاشەکشێیەک! تاکتیکێک!

- شەرم ناکەیت مانی؟

مانی- بۆچی شەرم بکەم؟ سەیری دارەکانیان بکە، ئەوەندەی قەدی چناریک ئەبن،

یەک دانە بخوین ئەچین بە پیشوازی گورگی بیابانەوە، دانیشە ئەڵێم.

- من نایەم.

مانی- یانی چی؟

- یانی من ئەمانە بە تەنها جێناهێڵم.

مانی- ماتۆڕ سوارەکان بە تەنها جێناهێڵیت؟ ئەمانە پێویستیان پێی نییە، یانی تەنها نین، هەم دارو تێلایان پێیەو هەم پشتیان قایمە، خەیاڵت ئاسودەی ئاسودە بێت، ئەم ئازیزانە هیچیان بەسەر نایەت، هەزار الله أكبر خەریکن پشت بە پشتی یەک ئەچنە پێشەوە.

- بێتام مەبە، ڕۆکساناو ئەوان ئەڵێم.

مانی- لە کوێوە دیارە ئەوان لێرە بن؟

- ئەبێت بگەڕێین، ئەگەر نەبوو ئەڕۆین.

مانی- لە ناوەڕاستی ئەم هەموو دارو تێلادا بگەڕێین؟

- مەترسە، کاریان بەسەر ئێمەوە نییە.

مانی- یانی هەر بەڕاستی ئەتەوێت بچێتە ئەو ناوەڕاستەوە؟

- دەی بەڵێ.

مانی- خۆت ئەزانی قارەمان، بڕۆ، خوا پشت و پەنات بێت، بەڕاستی شانازیت پێوە ئەکەم، یانی تەواوی خزمان و دەرودراوسێ شانازیت پێوە ئەکەن، ئافەرین بۆ تۆ، من هەمیشە لە چاوی تۆدا ئازایەتیم ئەبینی، بڕۆ چاوەڕێ مەکە، خەیاڵیشت لە هەموو ڕوویەکەوە ئاسودە بێت، ئەڵێم کۆڵان بە کۆڵان کەژاوەی مەرگت بۆ دابنێن، تەپڵەکیش لە تەنیشت هەر کامێکیاندا دائەنێم و سەرەکەی پڕ ئەکەم لە سینییەک خورمای بەم، شەربەتی وەرز بە وەرز، کاکاو نۆرە بە نۆرە، حەڵوا سینی سینی، بڕۆ قارەمانی من، بڕۆ بەڵێنت پێئەدەم تا دە خولەکیتر ناوت ئەچێتە مێژووی میللەتەکەمانەوە.

- ئاه.. تۆ نایەیت؟

مانی- من بە گۆڕی باوکم پێئەکەنم، دارەکانیان نابینی؟ ئەو دەستانە وا ئەچنە سەرەوە و دێنە خوارەوە ئەڵێی فەرش ئەتەکێنن، من هیچ کات شیاوی ئەوە نەبووم کە ناوم لە مێژوودا تۆمار بکرێت، تۆ بڕۆ ئازیزم، لەبەر من خۆت لەو سودە بێبەش مەکە.

- چش، من ڕۆشتم.

گەڕامەوەو کەوتمەڕێ، هاواری کردو وتی:

- ئی...! راوەستە کەرە، هەر بەڕاست ئەڕۆیت؟
ڕابەزی و ڕایکرد بەدوامداو وتی:
- شیت بوویت؟
- من ئەبێت ئێرە بگەڕێم، تا خەیالم ئاسودە ئەبێت کە ڕۆکسانا لێرە نییە، نایەم بۆ هیچ شوێنێک، هەر ئەوە
مانی- ئەی ئەفرەت لە مردوو و زیندووت مرۆڤی نەساز.
کەوتمەڕێ و چوومە پێشەوە، دوو ئەفەر بەریان لێگرتین و یەکیان وتی:
- بۆ کوێ؟
هەر کە ویستم شتێک بڵێم، مانی خێرا وتی:
- هاتووین پێتان بڵێین ماندوو نەبن، خوا یارمەتیتان بدات.
کوڕەکان دەستیان کرد بە پێکەنین و یەکێکیان وتی:
- بگەڕێنەوە بڕۆن، ئێرە جێی ئێوە نییە.
مانی- ئەڵێم برا، ئەگەر دارێکی زیادەتان پێیە ئێمەش جەستەو لەشێک گەرم ئەکەین؟
ئەمجارە منیش پێکەنین گرتمی، هەمان کوڕ ژێر باڵی مانی گرت و وتی:
- بڕۆ بابە گیان، بهێڵە بە کارەکەمان ڕابگەین، هەردووکتان بڕۆن، تۆش بڕۆ.
من هەروا وەستا بووم و سەیریم ئەکرد، ئەمجارە بە جدییەوە وتی:
- لە قسە تێناگەیت؟
مانی- برا ئەمە گوێی قورسە، نابیستێت، بهێڵە من بە ئاماژە تێیگەیەنم.
هاتە بەردەم من و وەستاو بە دەستی دارێکی پیشاندام و دواتر بە هەردوو دەستی ڕادەی ئەستوری دارەکەی دیاری کردو وا نمایشی کرد کە یانی ئەیەوێت بکێشێت بە کەلەتدا، دواتر لەپڕ هاواری کرد و وتی:
- ئاغای زاپاتا، داری ئەستور، دەستی بەهێز، پشتی قایم، گاڵتەو ماڵتەش قبول ناکات، وەرە بڕۆین تا هێشتا لە سایەی سەریانەوە ساغ و سەلامەتین.
کوڕەکان دووبارە دەستیان کردەوە بە پێکەنین، من پێم وتن:
- ئاغایان ئێمە هاتووین بەدوای چەند خزمێکماندا.
کوڕێکیان سەیرێکی منی کردو دواتر بە مانی وت:
- خۆ تۆ وتت هیچ نابیستێت.
مانی- وتم کەڕە، نەموت لاڵە.

کوڕەکە سەبریکی منی کردو دواتر هەروا کە خەریکبوو ئەڕۆشت وتی:

- ئیستا ناکرێت بگەڕێن، بکەونەڕێ بڕۆن.

چاوەڕێم کرد تا تۆزێک لێمان دوورکەوتنەوە، دواتریش لەگەل مانیدا بە شۆستەکەدا کەوتینەڕێ بەرەو ئەوبەر، مەحشەر بوو! ئەم ئەوی هەڵئەدا، ئەو ئەمی هەڵئەدا، کۆمەڵێک لەبەردەم بەشە ناوخۆییەکەدا شتیان ئەوت، ئۆتۆمبیلەکان لەو ناوەڕاستەدا وەستابوون، ژمارەیەک لە خۆڕا هەڵئەهاتن، لە یەک دوو جێیەک چەند ئەفەرێک بە ڕۆژنامە ئاگریان کردبووەوەو دوکەل کەوتبووە، بە کورتی بارودۆخێکی خراپ بوو، من و مانیش هەروا ئەچووینە پێشەوەو سەیری ناو خەلکەکەمان ئەکرد، نەتئەتوانی کەس بناسیتەوە، ئەوەندە مرۆڤ لەوێدا کۆبووبووەوە کە یەک ئەیانکێشا بە یەکدا، هەموو ئۆتۆمبیلەکان هۆرنیان لێئەدا، کەس گوێی لە دەنگی کەس نەبوو، کۆمەڵێک لە خۆوە جنێویان ئەداو دیار نەبوو بە کێی ئەدەن، دەنگی جنێوی ئەوان و هۆرنی ئۆتۆمبیلەکان و دوکەل و دەنگی بلندگۆی لەپەسا لە شوێنێکەوە هاواری ئەکردو تکای لە خەلکەکە ئەکرد کە بڵاو ببنەوە، هەموو بە یەکەوە تێکەل بوو بوون و دیمەنێکی زۆر سەیری دروست کردبوو، من و مانیش هەروا ئەچووینە پێشەوەو سەیری کچەکانمان ئەکرد تا ڕۆکسانا و ئەوان بدۆزینەوە، بەردەم بەشە ناوخۆییەکەش، ئەوە هەر نەتئەتوانی بڕۆیت، لە ناوەڕاستی شەقامەکەشدا ژمارەیەک بوو بوو بە شەڕیان و خەریکبوون ئەیاندا لە یەک، ویستمان بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا بپەڕینەوە، لەپڕ چاوم کەوت بە دەرهێنەری فیلمەکەی ترمەو ئەوان، ئەویش ئیمەی بینی و ڕایکرد بەرەو لامان و بە پێکەنینەوە وتی:

- بابە ئێوە لە کوێن؟ وەرن بچینە پێشەوە.

مانی- قوربانی ئێوە، پێشتر خواردوومانە، نەفەری دوو دارمان خوارد، ئێوە فەرموون تازە هاتوون.

دەرهێنەرەکە دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

- بەڵام پێشنیارێکی زۆر نایابت دا! دەستت خۆش بێت، زۆر باش بوو!

هەردووکمان سەیرمان کرد و مانی وتی:

- چی زۆر باش بوو؟

دەرهێنەر- بابەتی کاکاو و کێکەکە، مەگەر ترمە خانم پێی نەوتن؟

مانی- نە، من ئەمڕۆ هەر قسەم لەگەل نەکردووە.

دەرهێنەر- بابە ئەمڕۆ گرتە تۆمارکردنمان هەبوو، ئەی لەگەل ئێوە نییە؟

مانی- نه، هەر نازانین بابەت چییە؟

دەرهینەر- ئێمە یەک دوو کاتژمێرێک پێش ئێستا دوو پیکاب کاکاو و کێکمان هێنایە ئێرەو لە تەنیشت شەقامەکەدا دامانناو دەستمان کرد بە دابەشکردنی، بوو بە هەرا، ئۆتۆمبیلەکان هەروا کە بە خێرایی لێیان ئەخوڕی هەر کە چاویان بە کاکاو و کێکەکە ئەکەوت، ئیستۆپیان ئەگرت، ئەو خەلکەی کە تێپەڕ ئەبوون، ئەهاتنە پێشەوە، ئێمەش بیست پەرداخ زیاترمان نەهێنا بوو، وەها قەرەباڵغ بوو کە هەر مەلێ، کەمێکمان تۆمار کردو چاوەڕێی ترمە خانمین.

مانی- ئەی ئەو کوڕانەی کە داریان پێبوو و بە ماتۆڕەوە هاتن چی بوون؟

دەرهینەر- هاوڕێی خۆمانن.

مانی- کەوایە ئەم هەموو قەرەباڵغییە بەهۆی کاکاوەوەیە؟

دەرهینەر- ئەرێ، دەستت خۆش بێت، بەڵام ئێستا نیوکاتژمێرێک ئەبێت بارودۆخەکەمان لەژێر کۆنترۆڵمان دەرچووە، یانی کاکاو و کێکەکە خەریکە تەواو ئەبێت و ئەو خەلکەی کە چاوەڕێ بوون، قەرەباڵغیان کردووەو ژمارەیەکیش بەیەکەوە بووە بە شەڕیان، تەلەفۆنمان کرد بۆ پۆلیس تا بێن و دۆخەکە هێمن بکەنەوە.

- ببورن، ئەی خوێندکارەکان لە کوێن؟

دەرهینەر- ئەوان لەبەردەم بەشە ناوخۆییەکەدان، ئەوانەی کە وەستاون و خەریکن بەیەکەوە قسە ئەکەن، ئەڵێم تەلەفۆنێک بۆ ترمە خانم ئەکەن بزانن لە کوێیە؟

من ئیتر چاوەڕێم نەکردو کەوتمە ڕێ بەرەو لای بەشە ناوخۆییەکەو چوومە ناوەڕاستی خوێندکارەکانەوە، لە شوێنێکدا ژمارەیەکیان خەریکبوون دروشمیان ئەوتەوە، چوومە پێشەوە و دەستم کرد بە گەڕان، بەڵام ڕۆکساناو ئەوانم نەدۆزییەوە، هەر لەم کاتەدا چوار پێنج ئۆتۆمبیلی پۆلیس گەیشتن و پۆلیسەکان دابەزین، خۆشیان تیا مابوون کە لێرە چی ڕوویداوە، لە دوورەوە بینیم کە دەرهینەرەکە چوو لەگەل لێپرسراوەکەیاندا قسەی کردو ئەویش وا دیار بوو شەڕی لەگەل ئەکرد، تۆزێک دواتر هەروا کە خەریکبووم بەدوای ڕۆکساناو ئەواندا ئەگەڕام، بینیم پۆلیسەکان دەستیان کرد بە بڵاوەپێکردنی خەلکەکە، هەر لەم کاتەدا لە سوچێکی ترەوە بوو بە شەڕ، پۆلیسەکانیش ڕژانە ئەو شوێنەو ژمارەیەکیان دەستگیر کرد، لەناو ئەوانەشدا ژمارەیەک خوێندکاریان تیابوو، دەستگیرکردن هەمان و گەورەتربوونی کێشەکە هەمان، خوێندکارەکانیتریش کە بینییان بە هەڵە هاوڕێکانیان دەستگیر کران، لەملاوە دەستیان کرد بە دروشم وتنەوە،

بابەتەکە بوو بە ڕاست، چوومە ئەولاوە، بینیم یەکێک لە پۆلیسەکان خەریکە بە بێتەل تەلەفۆن ئەکا تا هێزی زیاتر بنێرن، لامکردەوە بەملادا، لەپڕ لەناو ئەو خوێندکارانەی کە دەستگیرکرابوون، چاوم کەوت بە ڕۆکسانا، ڕامکرد بەرەو لای، بەلام ژمارەیەک پۆلیس بەردەمیان گرتم، منیش گەڕامەوە بۆ ئەملاو ڕامکرد بۆ لای لیپرسراوەکەیان کە هێشتا لەگەل دەرهێنەرەکەدا دەمەقرەی بوو، گەشتمە بەردەمی و سلاوم کردو وتم:

- ببورن، بە دڵنیاییەوە زانیوتانە بابەت چییە؟

سەیرێکی کردم و وتی:

- ئێوە؟

- جەناب سەرهەنگ ئەگەر کەمێک درەنگتر بجوڵێن لەوانەیە بارودۆخەکە لە دەست دەرچێت، پۆلیسەکانتان بە هەلە خوێندکارەکانیان گرتووە، بابەتەکە خەریکە دژوارتر ئەبێت.

هەر کە ئەمەی بیست وتی:

- لە کوێ؟

- لە سەرووی بەشە ناوخۆییەکەوە.

داماوە ڕایکرد بەرەو ئەولا، منیش ڕامکرد بەدوایدا و تا گەشتمە ئەوێ، هاواری کرد بەسەر پۆلیسەکاندا وتی:

- چی ئەکەن ئەوە؟ خوێندکارەکانتان بە هەلە گرتووە.

کە ئەمەی وت لەپڕ خوێندکارەکان بێدەنگ بوون و ئەویش خێرا بە پۆلیسەکانی وت:

- هەرکەسێک باجی خوێندکاری پێبوو، داوای لێبوردنی لێبکەن و ئازادی بکەن، هەموویان ئازاد بکەن، فەرموون خانمان، فەرموون ئاغایان، هەلەیەک ڕوویداوە، بەبێ مۆلەت فیلمیان تۆمار کردووە، فەرموون تکا ئەکەم

پۆلیسەکان داوای لێبوردنیان لە خوێندکارەکان کردو ڕۆشتن، سەرهەنگیش داوای لێبوردنی لە هەمووان کردو گەڕایەوە خوارەوەو بە یەکەوە دەستیان کرد بە بەڕێکردنی ئۆتۆمبێلەکان و خەلکەکە، لامکردەوە بەلای ڕۆکساناو ئەواندا، بینیم هەرسێکیان لە کەنار محەجەرەکاندا وەستاون، چوومە بەردەمیان و وتم:

- وەرن بڕۆین، ئۆتۆمبێلەکەمان لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا جێهێشتووەو هاتووین.

ڕۆکسانا- تۆ لێرە چی ئەکەیت؟

- وەرن بڕۆین تا پێتان بڵێم.

CamScanner

دەستیم گرت و لە شوستەکەوە چووینە سەر شەقامەکە، لەپر مانی بە ئوتومبیلەوە لە بەردەماندا ئیستوپی گرت، ترمەشی لەگەل بوو، سەیریکی مانیم کردو وتم:

- باخوا تۆ بمریت بەم پیشنیارانەت، نزیکبوو لیرەدا لە خۆرا خوین برژیت.

مانی- بابە من چووزانم ئەمانە بەبی ئەوەی بنکەیەکی پۆلیس ئاگادار بکەنەوە دین بۆ فیلم تۆمارکردن، ئیستا سەرکەون برۆین.

دەرگای ئوتومبیلەکەم کردەوەو سارا چووە پیشەوە لە تەنیشت ترمە دانیشت و من و رۆکسانا و مریەمیش لە دواوە دانیشتین، هەموان سلاو و هەواڵپرسییەکی کورتیان لەگەل یەک کرد، رۆکسانا وتی:

- فیلم تۆمارکردن چییە؟

خێرا بابەتەکەم بۆ باسکرد، وتی:

- ئەی ئەم تیلا بەدەستانە کێ بوون؟

- ئەوانیش هەر پەیوەندییان بە فیلم تۆمارکردنەکەوە هەبوو.

رۆکسانا- کێ قسەی وای کردووە؟

مانی- بابە دەرهێنەرەکە نەفەری پێنج هەزار تمەنی دابوو بە چەند کەسێک کە بە دارو تیلاوە بێنە ناوەڕاستی خەلک و خوێندکارەکان.

رۆکسانا- سەد نەفەر داریان بە دەستەوە بوو، چەند نەفەر چییە؟

- ئەمانە هەموو بۆ فیلمەکە بوون رۆکسانا.

رۆکسانا- بۆ فیلم بوو؟ کەوایە سەیری فیلمەکەت بکە.

نوشتایەوەو دەرقاچەی پانتۆلەکەی هەلکرد، لاقی شین بوو بووەوە، سەیرێکی قاچیم کرد و وتم:

- کەوتی بە زەویدا؟

رۆکسانا- نەخێر، یەکێک لە هونەرمەندەکانتان کاتێک خەریکبووم بە بەردەمیدا هەڵدەهاتم، بە دار کێشای بە لاقمدا، دواتریش کردیان بە کیفی چەند نەفەرێکدا و هەلهاتن.

بۆ ساتێک حەپەسام، لامکردەوەو سەیری مانیم کردو وتم:

- مەگەر دەرهێنەرەکە نەیوت ئەمانە هەمووی بۆ فیلمەکەن؟

مانی- وەلا وای وت.

ترمە- بڕیاربوو وابێت، دواتریش حەوت هەشت نەفەر زیاتر نەبوون.

رۆکسانا- تەواوی شوشەی پەنجەرەکانی بەشە ناوخۆییەکەیان ورد کرد، بە

بەرچاوی خۆمەوە لە چەند هاوڕێیەکمیان وادا کە بوورانەوە، فیلم لە کوێ بوو؟
گریان قورگی گرتبوو، خۆیشم هەروا، چاوم کە بە قاچی کەوت هەر حالم تێکچوو، بە مانیم وت:
- بکەوەڕێ.
مانیش پێی لێداو کەوتەڕێ و هەروا کە بە بەردەم بەشە ناوخۆییەکەدا تێپەڕ ئەبووین، بینیم ڕۆکسانا ڕاست ئەکات، کۆمەڵێک سەریان شکاوە، کۆمەڵێکیتر خوێن لە لوتیان دێت، شوشەی پەنجەرەی ژوورەکانی بەشە ناوخۆییەکە ورد بووە.
لامکردەوە بە مانیم وت:
- چ فیلمێکی بەڵگەنامەیی دەرچوو!
مانیش بە دەستی ئاماژەی بۆ کەنار شەقامەکە کرد، لەناو چەند پاسێکدا ژمارەیەک کچ و کوڕ دانیشتبوون کە هەموویان یان بریندار بوون یان خەریکبوون ئەگریان، لەپڕ تۆزێک لەپێشتر ڕۆکسانا هاواری کردو وتی:
- ئەوەتان، ئەو دوو کوڕەی کە خەریکن بە یەکەوە بەرەو خوار ئەڕۆن، ئەوەیان بە دار دای لە من.
هەر کە ئەمەی وت بە مانیم وت:
- ڕایگرە.
ڕۆکسانا- ئەتەوێت چی بکەیت؟
- مانی ئەڵێم ڕایگرە.
مانی ئیستۆپی گرت، هەر کە دەرگای ئۆتۆمبیلەکەم کردەوە، ڕۆکسانا قۆلی گرتم و دەستی کرد بە گریان و وتی:
- توخوا هامون، واز لەو خوێڕییانە بهێنە، درۆم کرد، ئەمانە نەبوون.
قۆلم لە دەستی دەرهێناو دابەزیم و چوومە بەردەمی ئەو کوڕانە، مانیش بە دوامدا هات، هەر کە گەشتم پێم وتن:
- ڕاوەستن بزانم.
هەردووکیان وەستان و یەکیان وتی:
- فەرموون!
- کامتان بە دار داتان لەو خانمە؟
ڕەنگیان بە ڕووەوە نەما، یەکیان وتی:

- بەخوا ئیمە نەبووین، بە هەلە تیگەیشتوون.

هەر کە ئەمەی وت ڕۆکسانا دابەزییە خوارەوەو بە گریانەوە هاتە پێشەوەو بە هەمان کوڕی وت:

- ناماقوڵیت کرد، خۆت بوویت، لەگەل ئەم هاوڕێ هیچ و پوچەتدا، چییە دەوروبەرت چۆل بووە ئەترسیت؟

کوڕەکە سەیرێکی پشت سەری کردو لەپڕ پێکەنینێکی کردو وتی:

- ترس بۆچی؟ ئەگەر من لە ئێوەم دابوایە خۆ ئەموت.

هەر کە ویستم شتێک بڵێم لە پشت سەریەوە دوو گەنجی تر هاتنە پێشەوەو بەکیان وتی:

- چی بووە حسێن؟

کوڕەکە لایکردەوە بەلای ئەو دوانەداو وتی:

- ئێستا تێئەگەیت.

دواتر سەیرێکی منی کردو وتی:

- بەڵێ من بووم لێمدا، ئێستا قسەیەکت هەیە؟

هەر کە ئەمەی وت، وا دام بە دەم و چاویدا کە کەوتە سەر زەوی، ئەو هاوڕێکەشی هەر کە ویستی قسە بکات، مانی زللەیەکی دا بە دەم و چاویداو خوێنی لووتی بەر بوو، لامکردەوە بەلای ئەو دووانەکەیاندا، هەردووکیان هەنگاوێک چوونە دواوە.

خێرا کوڕەکەم لەسەر زەوی بەرزکردەوە وتم:

- وا ئەزانی زۆر زیرەکی کە بە دار ئەدەیت لە کچ ئێستا بدە لە من بزانم، بێ شەرەف لە قەرەباڵغیدا جانتا ئەدزیت؟

دووبارە دانەیەکی ترم کێشا بە دەم و چاویدا و لێوی شەقی برد و خوێنی پیا هاتە خوارەوە، ڕۆکسانا خێرا دەستی گرتم و وتی:

- تو گیانی من هامون وەرە با بڕۆین، وازی لێبهێنە، ئیتر بەسیەتی، تو گیانی من وەرە با بڕۆین.

سەیرێکی کوڕەکەم کردو وتم:

- لەمەودوا بڕۆ لە یەکێک بدە کە سەرو گەردنێک لە خۆت زلتر بێت تا دەوروبەرەکەت پێت بڵێن بارەکەلا.

دەنگی لێوە نەهات، ئێمەش گەڕاینەوەو سوار ئۆتۆمبێلەکە بووین کەوتینەڕێ و چەند

خولەکێک دواتر گەشتینە گیشا، بە مانیم وت:

- ڕایگرە.

مانی- دیسان ئەتەوێت لەگەل یەکێکدا بنیشنە یەک؟

- نە، تۆڕینگەیە، ئەمەوێت قاچی ڕۆکسانای پێشان بدەم.

ڕۆکسانا- هیچ نییە هامون، تۆزێک شین بووەتەوە، تۆخوا با بڕۆین.

- لەوانەیە درزی بردبێت.

ڕۆکسانا- نەبەخوا، هیچ نەبووە، با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە.

ئاماژەیەکم بۆ مانی کرد، کەوتەڕێ و تۆزێک دواتر پێچی کردەوە کۆلانەکەی پوری و ئەوان و لەبەردەم ماڵیاندا ڕایگرت و هەموومان جگە لە ترمە دابەزین، ڕۆکسانا چوو بۆ لای ترمە کە لە پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکە دانیشتبوو و پێی وت:

- نایەیتە ژوورەوە؟

ترمە- نە ڕۆکسانا گیان، جارێ نە.

ڕۆکساناش سەیرێکی کردو دواتر نوشتایەوەو دەم و چاوی ماچکردو هاتە ئەملاوە و ئێمەش ماڵئاواییمان لە ترمە کردو مانی دووبارە سەرکەوتەوەو کەوتنەڕێ و ڕۆشتن، من و ڕۆکساناو مریەم و ساراش چووینە ژوورەوە. هەر کە دەرگامان کردەوە و چووینە ژوورەوە، پوری سەیرێکی کردین و لەپڕ ڕەنگی بە ڕووەوە نەماو وتی:

- چی بووە؟

- هیچ نەبووە پوری، لەبەردەم بەشە ناوخۆیی کچاندا خۆپیشاندان کرابوو.

پوری- وای خوا بمکوژێت، کەس هیچی لێ نەهاتبوو؟

- ژمارەیەک بریندار بوو بوون.

پوری- خۆپیشاندان بۆچی کرابوو؟

دواتر ڕوویکردە ڕۆکساناو ئەوان و وتی:

- ئێوەش بۆ ئەوە ڕۆشتبوون؟

ڕۆکسانا و ئەوان هیچیان نەوت، پوری دەستی پێکرد:

- سەدجار پێم وتن خۆتان تێکەڵی ئەم شتانە مەکەن، بابە سیاسەت دایک و باوکی نییە، دانیشن بە دیار دەرسی خۆتانەوە، ئێوە چیتانە بەسەر ئەم کارانەوە، ئەگەر خوا نەکردە بتانگرن و بتانبەن من قوڕی کوێ بکەم بەسەرمدا؟ کوێ بگەڕێم بە دواتاندا؟ مەگەر پێتان نەوتم ئیتر بەشداری خۆپیشاندان ناکەین؟ دڵمان خەمی کەم تیایە هیتریش

CamScanner

بیت سەری، لیشیان داون؟

- شتێکی وا نییە.

پوری- لێیان داون؟ یاخوا دەستیان بشکێت، ئیشەلا خوا لێیان خۆش نەبێت، یاخوا نازیزەکانیشیان وایان بەسەر بێت، وەرن بزانم چی بووە.

مریەم- شتێکی وا نەبووە پوری خانم، تۆزێک قاچی ڕۆکسانا بریندار بووە.

پوری- بە لیس لێیان داوە؟

ژێر باڵی ڕۆکسانام گرت و بردم بەرەو ژووری میوان و چووینە ژوورەوەو لەسەر تەنەفەیەک دامنیشاند، ئەوانیش هاتن دانیشتن.

پوری- کام قاچەیەتی؟

لەبەردەم ڕۆکسانادا دانیشتم و دەرقاچەی پانتۆلەکەیم هەلکرد، بینیم لاقی هەم شین بووەتەوەو هەم بریندار بووەو ئەوەندەی گوێزێکیش ئاوساوە، دلم جۆرێکی لێهات، سەرم بەرزکردەوەو سەیرێکیم کرد، خێرا وتی:

- ئازاری نییە، خۆت ناڕەحەت مەکە.

- چی ئازاری نییە، یەکەم هەیەتی، دواتریش ئەگەر خوانەکردە لەبری قاچت بەر سەرت بکەوتایە چی؟

سەری داخست و هیچی نەوت، پوری چووە دەرەوەو کەمێک دواتر بە سەتڵێک ئاو و لۆکەو برینپێچ و دیتۆلەوە گەڕایەوە، سەتڵە ئاوەکەم لێگرت و لۆکەکەم کرد بە ناویداو هێواش هێواش خوێنەکەی لاقیم پێ پاک کردەوەو تۆزێک دیتۆلمدا لە برینەکەی و بە پوریم وت:

- مەلهەمی دژە هەوکردنتان هەیە؟

پوری- بۆ ئەوەی کە هەو نەکات؟ ئەری، وابزانم هەمانە.

دووبارە چووە دەرەوەو بە مەلهەمێکەوە گەڕایەوە، لێم وەرگرت و تۆزێکم دا لە برینەکەو دواتریش دەستم کرد بە بەستنی برینەکەی بە برین پێچەکە، پوریش هەر بزلەی ئەهات:

- شتەکە لەپڕ ڕووئەدات، ئەلێن یەکێک ڕاستەو یەکێک ناڕاست، ئەگەر ئەو لیسە بیدایە بە چرۆچاوتا، خۆ تەمەنێک کەم ئەندام ئەبوویت، بابە واز لەم کارانە بهێنن، تێکەیەک نانمان هەیە بەیەکەوە ئەیخۆین، ئێستا گریمان ڕۆشتن و دروشمیشتان وتەوە، وا ئەزانن چی ڕووئەدات؟ هیچ بەخوا، ئەم سەرۆک لانەبەن و ئەو هاوڕێکەی ئەخەنە جێی کە لەو

خراپترە، ئەلین هیچ خراپیک نەڕۆشتووە باش جیگەی بگریتەوە، ئەمیان هەڵئەگرن و ئەیخەنە سەر ئەو پۆست و ئەویان ئەهێنن ئەیخەنە جێی ئەمیان، جاری خۆ ئاوایە، بخۆ بخۆیە، ئەوجارەیان کە لەسەر خواردن مانتان گرت چی ڕوویدا؟ خواردنەکەتان باش بوو؟ نە، تەنها چەند کەسێکیان لە زانکۆ دەرکردو ژمارەیەکیشیان زیندانی کرد، ئێستا چەند نەفەر لەزینداندان؟ ئیتر لەمە بەدوا هەر کە ئێوە قاچتان لە مال خستە دەرەوە ئەبێ من گیانم بلەرزێت تا دێنەوە، خۆم کەم بەدبەختیم هەیە؟ بابە دانیشن دەرسی خۆتان بخوێنن و بڕوانامەکەتان بەدەست بهێنن، کاتێکیش بوون بە شتێک، ئێوە باش بن، دزی مەکەن، بەرتیل وەرمەگرن، مالی خەلک مەخۆن، ئاوا وڵات باش ئەبێت، ئەوەی کە بڕۆن و لە پەسا هاوار بکەن، هیچ ناگۆڕێت، لێتان ئەدەن یا دەرتان ئەکەن و یا ئەتانخەنە زیندان.

بڕینەکەم پێچاو بە هێواشی دەرقاچەی پانتۆلەکەیم دادایەوەو سەیرێکی ترم کردو چوومە سەر قەنەفەیەک دانیشتم، پوری وتی:

- بیبەین بۆ لای دکتۆر؟

- ویستم بیبەم، نەهات.

پوری- ئەوەندە کەللە ڕەقە!

دواتر لە ژوورەکە چووە دەرەوە، ئێمەش هەروا بە بێدەنگی دانیشتین، تۆزێک دواتر ڕۆکسانا بە هێواشی وتی:

- دەستت بشۆ.

تەنها سەیریم کردو هیچم نەوت، لەپڕ، سەرەتا ساراو دواتر مەریەم و ئینجا ڕۆکسانا، دەستیان کرد بە گریان، تازە کوڵی گریانیان بەربوو بوو. ئەو دووانەیان بە دەنگی بەرز ئەگریان و ڕۆکسانا بە بێدەنگی، لە دەنگی گریانەکەیان پوری ڕایکردە ژوورەوەو سەیرێکی کردن و وتی:

- ترساون؟ ناحەقتان ناگرم وەلا، ئاخر ئێوە کە تاقەتی ئەم کارانەتان نییە بۆچی ئەچنە پێشەوە؟

دواتر دووبارە چووە دەرەوەو تۆزێک دواتر بە سێ پەرداخ ئاوی شیرین بۆ ئەوان و دوو چایش بۆ من و خۆیەوە گەڕایەوە، یەکی دانەیەکی دا بە مریەم و ساراو یەکێکیشی دا بە ڕۆکسانا کە سەری داخستبوو و هێدی هێدی فرمێسکی ئەڕشت، هەستام و چووم پەرداخەکەم لە دەست وەرگرت و بە کلینسێک فرمێسکەکانیم سڕی و پەرداخەکەم بردە

CamScanner

پیشەوەو کەمێکی لێخوارد، لەپڕ هەستم کرد مریەم و سارا ئیتر ناگرین، لامکردەوە سەیریم کردن، بینیم هەروا کە چاویان بە گریانەوەیە، خەریکن پێنەکەنن و سەیری من و ڕۆکسانا ئەکەن، شەرم گرتمی و ویستم پەرداخەکە بخەمە سەر مێزەکەو بگەڕێمەوە سەر جێگەکەم دابنیشم، پورێ وتی:

- بیدەرێ بیخواتەوە پورێ، فشاری خوێنیان دابەزیوە، بیدەرێ بیخواتەوە.

دووبارە پەرداخەکەم بردە پێشەوەو تۆزێکی تر خواردەوە، پێموت:

- قاچت ئازاری هەیە؟

پێکەنی و سەری ڕاوەشاند، دووبارە تۆزێکی ترم پێداو وتم:

- ئارام بوویتەوە؟

دیسان پێکەنییەوەو سەری ڕاوەشاند، منیش پەرداخەکەم خستە سەر مێزەکەو چوومە سەر جێگەکەم دانیشتم، پورێ چای پێدام و وتی:

- ئێستا بابەتەکە چی بووە؟ مانی لە کوێیە؟ ئێوە ڕۆشتن چی ڕوویدا؟ لە کوێ دۆزیتانەوە؟

بەدەم چایی خواردنەوەوە، ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە، وتی:

- خوا ڕەحمی کردووە ئێوە لە کاتی خۆیدا گەیشتوون، بەڵام خۆ هەمیشە وانابێت، ئێستا ئەو کوڕە کێ بووە؟ ئەویش هەر لەگەڵ ستافی فیلم تۆمارکردنەکەدا بوو؟

- دەرنەکەوت، ئێمەش نەمانزانی، وا دیارە لەم کیفبڕانە بوو، هەرچی و پەرچی و لات و لوت.

ڕۆکسانا- ئەڵێم لەوانەیە سێ چل نەفەر زیاتر بوونایە.

مریەم- درۆ ئەکەن.

سارا- ئێستا با بزانین چەند لە هاوڕێکانمان سەرنگوون ئەبن.

پورێ- ئێشەڵا هیچ ڕوونادات.

پاکەتێ جگەرەکەم دەرهێناو خولکێ پورێم کردو خۆشم دانەیەکم دەرهێناو دامگیرساند، تازە خەریکبووم بیرم ئەکردەوە کە ئەگەر ڕۆکسانا شتێکی لێبهاتایە من چیم بکردایە؟ ئەگەر بەدار بیاندایە لە سەری چی؟ ئەوەندە توڕە بووم کە هەستام و داوای لێبوردنم کردو چوومە دەرەوەو لەسەر قادرمەکانی سەر سەکۆکە دانیشتم و سەیری دارەکان و ئەو چۆلەکانەم ئەکرد کە لەم چڵەوە ئەفڕین بۆ ئەو چڵە، دەرگای ڕاڕەوەکە کرایەوەو ڕۆکسانا هاتە دەرەوەو وتی:

- بنم بۆلات؟

سەیریم کرد، پێکەنی وتی:

- شەرم لەگەل ناکەیت؟

هەستام و چوومە بەردەمی و وتم:

- ناتوانم بێدەنگ بم و هیچت پێنەڵێم، ئەگەر ئەو دارە لەبری قاچت بیدایە بەسەرتا چی؟ ئەگەر خوانەکردە بیانگرتنایە چی؟

ڕۆکسانا- توخوا شەرم لەگەل مەکە، یەک خولەک با بچینە حەوشەکە.

کەوتمە ڕێ بڕۆم، بینیم ناتوانێت ڕێک بڕوات، لامکردەوە بەلایداو پاڵیمدا بە خۆمەوە هێواش هێواش بردمە بەردەم قادرمەکان و پایدا چووینە خوارەوەو ڕۆشتینە حەوشەکە، وتی:

- با بچینە ناوەڕاستی باخچەکە.

دەستی خستە سەر شانم و هەروا کە قاچی ئەشەلی، بە ئارامی چووینە ناوەڕاستی باخچەکەو هەر لەوێ لەسەر چیمەنەکانی ژێر درەختەکان دانیشتین.

- ئازاری هەیە؟

ڕۆکسانا- کەمێک.

- سەرەتا گەرم بووە هەستت پێنەکردووە.

سەیرێکی کردم و وتی:

- هەر لەو ساتەی کە لە پڕ تۆم لەناو خەڵکەکەدا بینی ئیتر ئاگام لە هیچ نەما، تا ئەو کاتە زۆر ترسا بووم، هەستم ئەکرد تەنهام، بەڵام هەر کە چاوم بە تۆ کەوت، ئیتر ترسم نەما، دوای لیدانی ئەو کوڕەش، ئیتر ئەگەر قاچیشم ببڕنەوە لام گرنگ نییە، ئەزانی ئەو کاتەی کە خەریکبووم بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا هەڵئەهاتم و ئەو کوڕە دارەکەی لێبەرزکردمەوە، حەزم ئەکرد ئەوەندە توانام هەبوایە کە دارەکەم لێ بسەندایەو هەر بەو دارە بمدایە بەسەریدا تا ئیتر ناماقوڵی وا نەکات، ڕاستی شتێکی وەک غودە لە قوڕگما گیری کردبوو، کاتێک تۆ دەتویست لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیت و بچیت بۆی، هەم حەزم نەئەکرد بچیت و هەم حەزم ئەکرد، حەزم نەئەکرد، چونکە ئەترسام شتێکت بەسەر بێت، حەزم ئەکرد، چونکە ستەمی لێکردبووم و ئەبوو وەڵامم بدایەتەوە، یانی ئەبوو یەکێک پشتگیری لێبکردمایە، وامئەزانی تەنهام و کەسم نییە، بەڵام کاتێک تۆ لێتدا، دڵم ئاوی خواردەوە، هەستم کرد منیش کەسێکم هەیە کە ئاگای لێم بێت و پشتگیریم لێبکات، ئەمە

زۆرباشە، بە تایبەت بۆ کچێکی وەکو من کە هەمیشە بێکەس بووە، سوپاس هامون، سوپاس بۆ ئەوەی کە هاتی بە دوامدا، سوپاس بۆ ئەوەی کە لە دەست پۆلیسەکان رزگارت کردم، سوپاس بۆ ئەوەی کە لەو کوڕەتداو پشتگیریت لێکردم، سوپاس بۆ ئەوەی کە هەتوان بوویت بۆ برینم، هەم برینەکەی قاچم و هەم برینی دڵم، سوپاس بۆ ئەوەی کە بیرم لێئەکەیتەوە، خۆشم ئەوێیت هامون، تا ئێستا هیچ کەسم ئاوا ئەوەندە خۆشنەویستووە.

لەپڕ نوشتایەوەو دەستی گرتم و پێش ئەوەی ڕێی لێبگرم، ماچی کرد، خێرا دەستم هێنایە دواوەو وتم:

- بۆچی واتکرد؟

ڕۆکسانا- بۆ ئەوەی بزانیت چەندێک بە چاکەکانت ئەزانم، زۆرم خۆشئەوێیت هامون، هەر یەکەمجار کە بینیمیت عاشقت بووم، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش عەشقم بۆت زیاتر بووە.

- منیش خۆشم ئەوێیت ڕۆکسانا، هەر بۆیەش ئێتر نامەوێت بچیتە ناو خۆپیشاندانەوە.

پێکەنی و بە هێمنی خۆی لێم نزیک کردەوەو سەری پاڵدا پێمەوەو وتی:

- ئەمە یەکەمین جارە دوای ساڵەهای ساڵ هەست بە ئارامی و ئاسایش ئەکەم، ئەزانم نابێت چاوەڕێ بکەم تۆش هەمان هەستت هەبێت، چونکە تۆ لە ژیانتدا هەمیشە کەسانێکت هەبووە کە بۆت نیگەران بن و پشتگیریت لێبکەن و بە شادیت شاد بن و بە خەمت خەمبار، بەڵام من نە، بۆیە ڕێزی ئەم ساتانە ئەگرم و چێژی لێئەبینم

- منیش هەروا، ڕاستە من هەروەک تۆ وتت کەسانێکم هەبووە کە ئاگایان لێم بێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەم هەستەم نەبێت، منیش هەر لە یەکەمجارەوە کە بینیمیت عاشقت بووم، بەڵام عەشقم نەئەناسی، کاتێکیش کە ناسیم هەوڵمدا بە ڕووی خۆمدا نەهێنم، یانی بەردەوام لەگەڵ خۆم شەڕم بوو، ئەموت نا ئەمە عەشق نییە، بەڵام بوو، لەوانەیە ئەگەر ئەهاتم بۆ لای پۆرێ و گوێم لە قسەکانی ئەگرت، هۆکارە سەرەکییەکەی تۆ بوو بیت، ئەهاتم تا تۆ ببینم.

ڕۆکسانا- ئەمانەت بەڕاستە هامون؟

- بۆچی درۆ بکەم؟

لەپڕ سەری بەرزکردەوە بەرەو ئاسمان و لەسەر سنگی خاچی کێشاو وتی:

- خوایە گیان مەمنونتم، سوپاس کە وەڵامت دامەوە، سوپاس.

دواتر لەپڕ بە ئارامی دەستی کرد بە گریان.

CamScanner

- گریان بۆچی؟ توخوا ئاوا مەگری، شێت ئەبم من.

ڕۆکسانا- تۆ نازانی دوای یەکەمینجار کە لەگەڵ پورێدا هاتینە بەردەم ماڵتان و چاوم بە تۆ کەوت چیم کێشا! چەندێک لەگەڵ خوادا دەردەدڵم کرد تا بە جۆرێک بگرێت تۆش من ببینی و منت بچێت بە دڵداو خۆشت بوێم، بەردەوام بیرم ئەکردەوەو هەزار خەیاڵم بۆ خۆم دروست ئەکرد، وام دانەنا کە کچێکی زۆر دەوڵەمەندم و خەریکم ئۆتۆمبیلێکی کەشخەو گران لێئەخورم و لەگەڵ تۆدا تووشی پێکدادان ئەبم و دواتر تۆ لە ئۆتۆمبیلەکەت دانەبەزی و هەر کە چاوت بە من ئەکەوێت، عاشقم ئەبیت، دواتریش ئەموت ئەمە ڕێی تێناچێت، من لە کوێ و دەوڵەمەندی لە کوێ! یان بۆ نموونە لە خەیاڵی خۆمدا ئەمبینی تۆ بە جۆرێک گرفتاریت و من دێم و ڕزگارت ئەکەم و تۆش عاشقم ئەبیت، بەڵام دیسان بیرم ئەکردەوە، ئاخر تۆ بەم بارودۆخەی ژیانتەوە بە چ شێوەیەک ئەکرێت گرفتار بیت کە من بتوانم ڕزگارت بکەم و کێشەکەت لە ڕێگەی منەوە چارەسەر بێت؟ پێکەنیناوی بوو، دواتریش خۆم ئەبینی کە بۆ نموونە خوێندنم تەواو کردووەو بووم بە ئەندازیارێکی زۆر سەرکەوتوو و هاتوومەتە کۆمپانیاکەی ئێوە و کارێکی سەرسوڕهێنەرم کردووە، یان شتێکم داهێناوەو تۆ زانیوتەو هاتوویتەتە پێشەوە قسەت لەگەڵ کردووم و دواتریش عاشقم بوویت، بەڵام دیسان پێکەنینم بە خەیاڵەکەم ئەهات، چونکە ئەمەش ڕێی تێنەئەچوو، یانی هەرچی بیرم ئەکردەوە هیچ ڕێیەک نەبوو بۆ گەیشتن بە تۆ، هەمیشە فاڵم ئەگرتەوەو لە فاڵەکەدا ئەمبینیت، بەڵام وامدانەنا بوونیشت لە فاڵەکەمدا هەر خۆشەویستییە یەکلایەنەکەی خۆمە، هەرگیز بیرم نەئەکردەوە کە ڕۆژێک تۆ ببیتە هی من، هەمیشە دوایین خەیاڵم ئەوە بوو کە..

لەپڕ بێدەنگ بوو، دواتر وتی:

- نە، نە، ئەو خەیاڵەم هەرگیز نەئەویست.

- چ خەیاڵێک؟

ڕۆکسانا- هیچ وازی لێبهێنە.

- نا، بێلێ.

ڕۆکسانا- ئاخر هەرگیز حەزم لەو خەیاڵەیان نەبوو، هەمیشەش هەر کە ئەهات بە بیرمدا، خێرا هەوڵمدا بیر لە شتێکی تر بکەمەوە تا لە مێشکم بچێتە دەرەوە.

- خەیاڵەکەت چی بوو؟

ڕۆکسانا- وازی لێبێنە.

- حەزئەکەم بزانم.

ڕۆکسانا- ئاخر حەزم لێی نییە.

- تۆ بێلێ.

تۆزێک پێکەنی و دواتر وتی:

- هەمیشە کاتێک هەموو دەرگاکان بە ڕوومدا دائەخران ئەم خەیاڵە لەوپەڕی مێشکمدا خۆی پیشان ئەدا کە بۆ نموونە خوا نەکردە تۆ نەخۆشییەکی خراپت تووش بوایە کە پێویستت بە چاندنی ئەندامێکی جەستە هەبووایەو منیش بەمەم بزانیایەو خێرا بهاتمایە و پێم بدایتایە.

- بۆ نموونە پێویستم بە گورچیلە بوایە؟

ڕۆکسانا- نە.

- ئەی چی؟

ڕۆکسانا- وازی لێبێنە ئیتر.

- نە، بابەتەکە سەرنجڕاکێشە لام، بۆ نموونە پێویستم بە چی بوایە؟

تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر بە ئارامی وتی:

- دڵا، لە خەیاڵەکانمدا ئەمبینی کە تۆ پێویستت بە دڵێکەو من دڵی خۆمم پێشەدایت.

- ئەوکات خۆت چی؟

ڕۆکسانا- ئیتر دوای ئەوە ژیان لام گرنگ نەبوو، گرنگ ئەوە بوو کە دڵم لە سینەی تۆدا لێشەدات، گرنگ ئەوە بوو کە لەوە بەدوا لە سینەی تۆدام و گیانی تۆش بەستراوە بە گیانی منەوە، ئەو ژیانە زۆر شیرینترە، من پێم وایە کە دڵ تەنها ترومپایەک نییە، من بڕوام وایە کە دڵی ئێمە تەنها ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی خوێن، ئێمە بە دڵمان هەست ئەکەین، ئەگەرچی ئەزانم ئەمانە پەیوەندییان بە مێشکەوە هەیە، بەڵام هەمووی نە، عەشق هەمیشە لە دڵدایە، ئەمە هەمیشە دواییین خەیاڵم بوو و بەردەوامیش لێی هەڵئەهاتم.

- بۆچی؟

ڕۆکسانا- چونکە دوای ئەوەی کە ئەهاتە مێشکمەوە، بە دوایدا شتی تریش ئەهاتن کە ئازاریان ئەدام، لە کۆتاییشدا گریانم ئەهات و ڕقم لەم خەیاڵەم ئەبووەوە.

- ئاخر بۆچی؟

ڕۆکسانا- چونکە دواتر بیرم لەوە ئەکردەوە کە نەکا من بەوە نەزانم کە تۆ نەخۆش کەوتوویت، نەکا من درەنگ پێت بگەم، نەکا دڵم بۆ تۆ نەبێت و هەزاران نەکای تر،

CamScanner

ئەرکات رقم لە خۆم کە لەبەر خۆویستیم ئامادە بووم لەپیناو گەیشتن بە تۆ، دەردو ئازارت ببینم، دەبووەوەو داوای بەخشینم لە خوا ئەکردو خێرا دەپارامەوە بۆ تۆ ی هەمیشە لەشساغ بیت، بەلام بە دەست خۆم نەبوو، هەمیشە ئەمە دواپین خەیالم بوو، لەوانەشە دواپین ڕێگە بۆ مرۆڤێکی سادە بە مێشکی بچوکی خۆی، بەلام بێ ئاگا بووم لە توانای میهرەبانی خواوەند کە چۆن لەپڕ کارێکی وا ئەکات تا تۆ ببیت بۆ لای من، یانی ئەم بابەتە هەر بە بیرمدا نەئەهات تا خۆی ڕوویدا.

- چ ڕووداوێک؟

ڕۆکسانا- پۆری خۆی بۆت ئەگێڕێتەوە.

لەپڕ دەستی گرتم و وتی:

- ئەزانم ئێستا ئەلێی شێتم، بەلام شتێکم لێت ئەوێت.

- بڵێ!

- سوێند بخۆ کە خۆشت ئەوێم، سوێند بە شتێک بخۆ کە زۆر لات گرنگە.

توند دەستمی گرتبوو و هەستم بە لەرزینێکی سوکیش ئەکرد لە دەستەکانیدا. سەیری چاویم کرد وتم:

- سوێند بە میهرەبانی خواوەند خۆشم ئەوێیت ڕۆکسانا، زۆرم خۆشئەوێیت.

لەپڕ فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە، بەلام پێئەکەنی، سەری بەرزکردەوە بەرەو ئاسمان و دیسان لەسەر سنگی خاچی کێشاو وتی:

- سوپاس، سوپاس، سوپاس، خۆشم ئەوێیت خوایە گیان، سوپاس.

ڕوویکردە من و بە شادییەوە وتی:

- ئەتەوێ ژوورەکەمت پێ پیشان بدەم؟

- ئەرێ، بەلام ناشرین نییە بە بەرچاوی پورێوە؟

ڕۆکسانا- مۆلەتی لێوەرئەگرین، یان هەر لەگەل مریەم و ئەوان ئەچینە سەرەوە، باشە؟

- ئەرێ.

هەستام و ژێر باڵیم گرت و بە هێواشی بەرزم کردەوە، پاڵیدا بە منەوەو کەوتینە ڕێ و بە قادرمەکاندا سەرکەوتین و ڕۆشتینە ماڵەوەو چووینە هۆڵەکە، پۆری هاتە پێشەوە و وتی:

- باشتریت پۆری؟

ڕۆکسانا- زۆر مەمنون، باشترم، پۆری خانم یارمەتی هەیە لەگەل هامون بڕۆم ژوورەکەمی پێ پیشان بدەم؟

پۆری پێکەنینێکی کردو وتی:

- ئەری پۆری، بڕۆن.

لەپر ڕۆکسانا چووە پێشەوە و دەم و چاوی پۆرنی ماچ کردو وتی:

- ئێوە یەک پارچە ئالتونن پۆری خانم.

دواتر دەستی منی گرت و لە دەرگای ڕاڕەوەکە هاتینە دەرەوەو یارمەتیمداو هێواش هێواش بە قادرمەکاندا چووینە سەرەوە، ئەوێش وەکو خوارەوە وابوو، دەرگای ڕاڕەوەکەمان کردەوە و چووینە ژوورەوە، ڕێک وەک نهۆمی خوارەوە وابوو، بەلام بە کەلوپەلی کەمترەوە، بە کورتی چووینە هۆڵەکەو لەوێوە چووینە بەردەم ژوورێک، ڕۆکسانا وتی:

- بیورە ئەگەر شێواو بوو، لەبەرئەوەی بەپەلە لە مال دەرچووم، نەمتوانی ڕێکی بخەم، بەلام وانەزانی هەمیشە وایە ها، ئەمجارە بە ڕێکەوت وای لێهات.

پێکەنیم، دەرگای کردەوەو چووە ژوورەوەو دەستی منیشی ڕاکێشاو وتی:

- وەرە ژوورەوە.

دواتریش خۆی خێرا ڕۆشت جلێکی ماڵەوەی کە لەسەر سیسەمەکە بوو، لابردو خستیە ناو کانتۆرەکەیەوە، سەیرێکی ژوورەکەیم کرد، تەواو ڕێکوپێک بوو، وتم:

- کوێی شێواوە؟

هەروا کە ئەڕۆشت بەرەو مێزەکەی، وتی:

- ئەم جلوبەرگ و کتێبانە.

خێرا کتێبەکانی ڕێکخست و خستنیە ناو کتێبخانەکەو وتی:

- ئێستا کۆبووەوە، وەرە لەسەر سیسەمەکە دانیشە.

- تۆ دانیشە، قاچت ئازاری هەیە.

دواتر سەیری دەوروبەرم کرد، چەند دێڕە هۆنراوەیەک بە خەتێکی نەستەعلیقی گەورەو جوان بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو، هەر ئەوە، نە وێنەی گۆرانیبێژێکی ئێرانی بان بیانی، نە ئەکتەرێک، شتێک، هیچی لێنەبوو، تەنها لە سوچێکدا لەسەر سیسەمەکەیەوە خاچێک هەبوو، بەڕەیەک لە ژوورەکەدا ڕاخرا بوو لەگەل مێزێکی سادەو کورسییەک، تۆمارکەرێکی (تەسجیل) بچوکی دەستی، سیسەمێکی سادە، کانتۆرێکی دیواری، هەر

CamScanner

ئەوە.

ڕۆکسانا- ژووری خوێندکارە ئیتر.

لامکردەوەو سەیری دیوارەکەی ئەمبەرم کرد، بەهەمان خەتی جوانی نەستەعلیق، بە گەورەیی لەسەر مقەبایەک نوسرا بوو (ژیان بەو قورسییە نییە کە بیری لێئەکەیتەوە).

سەیرێکیم کردو وتم:

- سادەو جوان.

ڕۆکسانا- سوپاس.

دواتر ڕۆشت دەرگای کانتورەکەی کردەوەو گیتارێکی کۆنەی لەناوی دەرهێنا.

- ئەتوانیت لێیبدەیت؟

ڕۆکسانا- ئەرێ، حەزی لێئەکەیت؟

- دیارە، وەرە دانیشە لێیدە، باش لێی ئەزانیت یان نە؟

ڕۆکسانا- پیشەیی نە، بەڵام خراپ نیم.

دەستیم گرت و بردمە لێواری سیسەمەکەی، دانیشت و گیتارەکەی گرتە باوەشی و وتی:

- کورسییەکە ڕاکێشەو دانیشە.

چووم لەسەر کورسییەکە دانیشتم، وتی:

- حەز ئەکەیت چیت بۆ لێبدەم؟

- هەرچی کە خۆت حەزی لێئەکەیت.

پێکەنی و دەستیکرد بە گیتار لێدان، سەرەتا بە چەند ئاکوردێک دەستی پێکردو دواتر مۆسیقای یەکێک لە گۆرانییەکانی ..... لێداو لەپڕ دەستی کرد بە گۆرانی وتن، دەنگی زۆر خۆش بوو، باوەڕم نەبوو، بەڵام زۆر خۆش ئەیوت:

دەربەدەری هەمیشەیی ئاوارەی سەد ساڵە منم

خۆڵی تەواوی ڕێگەکـان نیشتووە لە جلی بەرم

هەزاران ڕێگـەم بڕیـوەو هـەزاران جار بـووم بریندار

تا دێیت زیندووم بکەیتەوە، هەزارجار کوشتومی ڕۆژگار

دواتر گۆرانییەکەی بڕی و وتی:

- ئێستا هەزار جار زیندووبوومەتەوە.

- زۆر خۆش ئەڵێیت، دەنگت زۆر خۆشە.

CamScanner

ڕۆکسانا- سوپاس، گوێی تۆ خۆش ئەبێستێت.
- نا، بەڕاستەم.
ڕۆکسانا- یانی هی تریش بڵێم؟
- ئەری، بیڵێ.
لەپڕ دایان لە دەرگا.
ڕۆکسانا- بەڵێ، فەرموو.
دەرگا کرایەوەو مریەم و سارا هاتنە ژوورەوەو وتیان:
- میوانتان ناوێت؟
ڕۆکسانا- بۆچی نامانەوێت، وەرنە ژوورەوە.
هەردووکیان هاتنە ژوورەوەو لەسەر سیسەمەکە لە تەنیشت ڕۆکسانا دانیشتن، ڕۆکسانا وتی:
- ئێستا گروپی مۆسیقاکەمان تەواوە، چ گۆرانییەکت بۆ بڵێین؟
- هەرچی حەزتان لێیە.
ڕۆکسانا- کەوایە گوێبگرە، ئەمە گۆرانییەکە کە لەم ڕۆژەدا ئەبێت هەموان بیڵێین.
دواتر سەیری مریەم و سارای کردو هەرسێکیان پێکەنین و خۆی دەستیکرد بە گیتار لێدان، ئەمزانی چ گۆرانییەکە، لەپڕ هەرسێکیان بەیەکەوە دەستیان کرد بە گۆرانی وتن:

هاوڕێ وەرە بـا مـن و تـۆ پەردەی زوڵم و ستـەم بـدڕێـن
لـەم ڕێگـەدا شـانـازییـە ئـەگـەر بـە کۆمـەڵیش بـمـرین
دەست لەناودەست بۆ پێشەوە ڕێگەی سەخت و دژوار ئەبڕین
بـۆ یـەکسانـی و دادپەروەری مردنیـش بـە گیان ئەکڕین
ڕێگە نـادەیـن بیـرۆخێنی دەستـی زالـم ورەی بەرزمان
هێشتـاش مـاوە شوێنەواری زیندانی ڕەش لە سەر لەشمان
دەستی مـن و تۆیـە ئەبـن داری زۆرداری بشـکـێنـی
لـە تاریکـی شـەوی زوڵمـا مۆمی ئومێـدا داگیرسێنی

خەریکبووم گوێم لێیان ئەگرت، هۆنراوەکەی زۆر جوان بوو و ئەوانیش خۆش ئەیانوتەوە، بە گەرمی و لە ناخی دڵەوە، ئەمەش جوانتری کردبوو، هەر لەم کاتەدا مۆبایلەکەم زەنگی لێدا، خێرا وەڵامم دایەوە تا گۆرانییەکە لەوان تێکنەدەم، مانی بوو هەر کە سڵاوم کردو گوێی لە گۆرانییەکە بوو، بێدەنگ بوو و کەمێک دواتر وتی:

CamScanner

- سلاو، گۆرانی داواکراوە؟ گۆرانی گوڵپەری گیانم ئەویست و دواتریش پێشکەشی ئەکەم بە تەواوی کچانی خزممان.

تەلەفۆنەکەم داخستەوەو وەڵامم نەدایەوە، دووبارە تەلەفۆنی کردەوە، ئەمجارە ڕۆکسانا و ئەوان گۆرانییەکەیان بڕی و ڕۆکسانا وتی:

- کێیە؟

- ببوورن، گۆرانییەکەی لێتێکدان.

ڕۆکسانا- نا، ئەم قسانە چین؟ کێیە؟

- مانییە.

ڕۆکسانا- ئێ وەڵامی بدەرەوە

وەڵامم دایەوە، مانی وتی:

- بۆچی دایئەخەیتەوە؟ ئێ ئەگەر گۆرانی گوڵپەری گیانتان لانییە، لەبری ئەو ئەوە لێبدە کە ئەڵێ ئەم کوێی لارە، کێ ئەڵێ لارە، یانی ئەمە دەستی لارە کێ ئەڵێت لارە.

هیچم نەوت، هاواری کردو وتی:

- پورێ گیان تەلەفزیۆنی بیست و چوار کاتژمێری کردووەتەوە؟

- ئیشت چییە؟

مانی- ئەمە چ شێوازێکی قسەکردنە؟

- لە کوێیت؟

مانی- نزیک مالی پورێ و ئەوانم، لەوێیت هێشتا؟

- ئەرێ، وەرە.

- وا هاتم.

تەلەفۆنەکەی داخستەوەو دە خولەکی نەخایاند گەیشت و زەنگی دەرگای لێداو تۆزێک دواتر هاتە سەرەوەو هەر لەوێوە بە دەنگی بەرز سلاوی کردو هاتە ژوورەوەو هەر کە چاوی بە ئێمە کەوت، پێکەنینێکی کردو وتی:

- خۆزگە جلە عەرەبییەکانمم بهێنایە، ئەی تەپلەکەتان کوا؟

هەموومان دەستمان کرد بە پێکەنین، وتی:

- دانیشتن بێ سەرۆک؟ ئەو مایکە بدە بە من، موزیکی باوک لێبدە.

ڕۆکسانا- موزیکی باوک چییە؟

مانی- بابە کەرەمی خۆمان، هامون هەستە جولەیەکی نەرم و لەبارمان بۆ ئەنجام

بده بزانم.

- دانیشه ئەوەندە دەنگە دەنگ مەکە.

مانی- لە کوێدا دانیشم؟ بچمە ناو کانتۆرەکە؟ جێ نییە دانیشم خۆ.

مریەم خێرا هەستاو چوو لە ژوورەکەی خۆی کورسییەکی هێناو مانی دانیشت و وتی:

- ئەو گیتارەم بدەری بزانم، چەندی لێ ئەزانیت؟

ڕۆکسانا- سەرەتاییم.

مانی- کەوایە شارەزا نیت، دەست بۆ ئامێری مۆسیقا مەبە تکا ئەکەم.

- ئێستا گۆرانییەکی زۆر خۆشی ئەوت.

مانی- ئێستا منیش گۆرانییەکی خۆشتر ئەڵێم.

گیتارەکەی گرت بە دەستییەوەو دەستی کرد بە لێدان و وتن، بەڕاستیش هەم جوان لێیدا هەم خۆش وتی، بە شێوەیەک کە ڕۆکساناو ئەوان تەنها بە حەپەساوی سەیری پەنجەکانیان ئەکرد، دواتریش کە تەواو بوو هەموویان چەپڵەیان بۆ لێداو ئەویش هەستاو وەک نیشانەی ڕێز خۆی نوشتاندەوە و گیتارەکەی دایەوە بە ڕۆکساناو گەڕایەوەو لەسەر جێگەکەی دانیشت و وتی:

- گیانم بۆتان بڵێت، کاتێک خەریکبووم ئەهاتمە سەرەوە، پوری گیانم کە زۆریش نارەحەت بوو، داوای لێکردم سەرە سوژنێک ئامۆژگاریتان بکەم، ئێستا بڵێن ئەمە ج بەزمێک بوو کە نابووتانەوە؟ تەواوی بیرو هۆشە گشتی و تایبەت و نیوە تایبەت و حوکومییەکانتان ئاڵۆز کردووە، تۆمەتباری ژمارەیەک، ڕۆکسانا خان، فەرموون بزانم، کاکاو و کێک ج پەیوەندییەکی بە خۆپیشاندانی ئێوەوە هەیە؟

ڕۆکسانا پێکەنی و لە جێگەکەی هەستاو وتی:

- شەڕ لەسەر کاکاو نەبوو قوربان.

مانی- ئەی لەسەر چی بوو؟

ڕۆکسانا- لە سەرەتاوە من لەوێ نەبووم، یانی دواتر گەیشتم.

مانی- سەرەتا کێ لەوێ بووە؟

ڕۆکسانا- هاوڕێکانمان، کە ئێمە گەیشتین لەوێ بگرەو بەردە بوو.

مریەم- کۆمەڵێک خەریکبوون ئەیاندا لە هاوڕێکانمان.

مانی- بێدەنگ، یەکەم، کێ ڕێگەی پێدایت قسە بکەیت؟ دووەم، هاوڕێی تۆ کتێبەکانتە،

هاوڕێی تۆ دەفتەرەکانتە، هاوڕێی تۆ قەڵەمەکەتە، دانیشە.

سارا- ئێ دەی خەریکبوون ئەیاندا لەمانە.

مانی- یانی هاتبوون و بەدار ئەیاندا لە دەفتەرو کتێب و قەڵەمەکانتان؟

سارا- ئەیاندا لە زانستەکەمان.

مانی- قسە مەکە کچەتیوەی ڕوودار، ئەمە ڕێی تێناچێت، زانست لەبەرئەوەی ی کەسێک نییە و نابینرێت، کەواتە ناتوانرێت لێی بدرێت.

- بۆنا قوربان، ئەگەر زانست لە مێشکی خوێندکارێکدا بێت و بە دار بدەن لەسەری، بێگومان زانستیش زیانی بەر ئەکەوێت.

مانی- تۆ کێیت؟

- بریکاری ئەوانم.

مانی- مرۆڤی زیندوو بریکارو دەمڕاستی ناوێت، بەڵام ئەو بەڵگەم قبوڵە کە هێناتەوە، ئەگەر مێشکی خوێندکار پلیتە پلیتە لە لوتییەوە بێتە دەرەوە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە زانستیشی لەگەڵدا دێتە دەرەوە، ئێ ئێستا ئێوە بڵێن بزانم، ئێشتان لەوێ چی بوو؟

ڕۆکسانا- ڕۆشتبووین هاوار بکەین تا ئەوانەی کە ئەبێت تێبگەن و بزانن، دەنگمان ببیستن.

مانی- تا چی ببێت؟

ڕۆکسانا- تا پێیان بڵێین متمانە خەریکە لەناوئەچێت، باوەڕ خەریکە لەناو ئەچێت، ڕاستگۆیی بووە بە کەرێتی، یەکڕەنگی و سادەیی بووەتە گەمژەیی، دزی بووەتە لێزانی، مالی خەڵک خواردن بووەتە داهاتوو بینی.

مانی- بێدەنگ، لە ئێوە زەبەلاحتر نەبوو تا ئەم قسانە بکات؟ دانیشە قسە مەکە، یاخی، تۆ هەستە بزانم، ئەمانەی کە ئەمە وتی یانی چی؟

سارا- یانی ئەوەی بۆ نموونە کارمەندێک کە تەمەنێک ڕاستگۆیانەو بە پاکی خزمەتی کردووەو ئێستا خانەنشین بووەو دەستی بەتاڵە، ژن و منداڵەکەی لەبەر پاکی و ڕاستگۆیی هانی نادەن، ئەکێشن بەسەریداو بەیانی تا ئێوارە هەژارییەکەی ئەدەنەوە لە ڕووی و پێی ئەڵێن دەستەوسان.

مانی- قسە مەکە، دانیشە، ئاژاوەچی، تۆ هەستە بڵێ ئەم کارمەندەی کە ئەم وتی بۆچی شتێک ناگرێت بەدەستییەوە تا دەستی بەتاڵ نەبێت؟

مریەم- کاتێک موچەیەکی ئەوەندە کەم ئەدەن بە کارمەندێک کە بەشی کڕینی

خانووەکەی ناکات، یانی چی؟ یانی ئەوەی کە ڕێگەی بەرتیل و دزی و هەموو شتێکی پێنەدەن.

مانی- بەرتیل نە، دیاری، دواتریش ئەم سیانەتان لەگەل هاوڕێکانتاندا ڕۆشتبوون کە شتێک بدەن بە دەست ئەو کارمەندەوە؟

مریەم- نەخێر، ئێمە ڕۆشتبووین تا ئەمانە بە دەنگی بەرز و بە هاوارەوە بڵێین.

سارا- بەڵێ ڕۆشتین و هاوارمان کرد.

مانی- کاتێک کە لەبەر نەڕاندن خستمییە بەندیخانەوە، تێئەگەیت زۆر شت هەن نابێت هاواریان بۆ بکەیت، دانیشە گێرەشێوێن، تۆ هەستە بڵێ، ئەمە هاواری کردووە چی وتووە؟

ڕۆکسانا- هاوارمان کردو وتمان وەرزێرە فیداکارەکان لە کوێن؟ ئەو کوڕێژگەی کە شەوانە کاتێک باوکی ئەخەوت، هەڵئەستاو لە نووسینی ناونیشانی سەر پاکەتەکاندا یارمەتی باوکی ئەدا تا بتوانێت پارەیەکی زۆرتر پەیدا بکات، لە کوێیە؟

مانی- ئێوە ناماقوڵیتان کرد، ج پەیوەندییەکی بە ئێوەوە هەیە کە لە کوێیە؟ یەکێان ڕێگەی ئاسنی سەرانسەری وڵات یان وەزارەتی کشتوکال بە دڵنیاییەوە ئەزانن لە کوێیە و ئەوی تریشیان فەرمانگەی پۆستەو گەیاندن، بە ئێوە چی؟

سارا- ڕۆشتین بڵێین بۆچی ئەم هەموو دزو پیاوکوژ و هێرۆین فرۆشە لە شەقامەکاندا ڕژاون و کەس کۆیان ناکاتەوەو هەموو بیریان لای ئەوەیە کە لە کوێدا کچ و کوڕێک بە تەنیشت یەکەوە ئەڕۆن؟

مریەم- ڕۆشتین بڵێین ئێمە هاتووینەتە دنیاوە بۆ دڵخۆشی، بۆ خۆش ژیان، من، ئێوە، هەمووان، هەر بۆیەش خواوەند بە جۆرێ ئێمەی دروست کردووە کە بتوانین پێبکەنین، بەڵام زیندەوەرەکانی تر ناتوانن.

مانی- هەرگیز وا نییە، من پێکەنینی پشیلەم بینیوە، زەردەخەنەی کەریشم بینیوە.

سارا- بە دڵنیاییەوە بە ژیانی ئێمە پێکەنیون

مانی- بێدەنگ، بێ ئەدەب، بڵێن بزانم ئەگەر ئێمە بۆ دڵخۆشی بوون و پێکەنین هاتووینەتە دنیاوە، ئەی چۆن ئەتوانین بشگرین؟

ڕۆکسانا- گریان بۆ کاتێکە کە لە بری دڵخۆش بوون، خەڵکی بە خەمباری ئەبینین، ئەوکات ئەگەر مرۆڤ بین ئەبێت بگرین.

مریەم- ڕۆشتین تا بە هەمووان بڵێین ئیتر کاتی ئەوەیە کە بە جۆرێکیتر سەیری

دنیا بکەین، ڕۆشتین بڵێین هاتنە دنیامان بە دەستی خۆمان نەبووە، هەڵبژاردنی دایک و باوکمان بە دەستی خۆمان نەبووە، هەڵبژاردنی ناوەکەمان بە دەستی خۆمان نەبووە، هەڵبژاردنی شوێنی لەدایکبوونمان بەدەست خۆمان نەبووە، هەڵبژاردنی کچ بوون یا کوڕبوون و شێوە و ڕوخسارمان بە دەستی خۆمان نەبووە، بەڵام هەڵبژاردنی جۆری ژیانمان بەدەست خۆمانە.

مانی- دانیشە دروشم مەدەو ئەگەرنا دەستبەسەری.

ڕۆکسانا- ڕۆشتین تا بڵێین هیچ شتێک بە زۆر نابێت، تەنانەت ئەگەر بەهەشتیش بێت.

مانی- ئێ نەتانئەتوانی وەکو مرۆڤ ئەمانە بڵێن؟ هەر ئەبێت بنەڕێنن و لە پەسا مشتتان ڕەوانەی ئەمبەرو ئەوبەر بکەن؟

سارا- بۆ نا، ئەمانتوانی، ئەگەر ئەیانهێشت بە دڵنیاییەوە هەروا ئەمانوت.

لە پڕ مانی بە جدییەوە وتی:

- وا ئەزانن ئەوانەی کە ئەبێت ئەم شتانە بزانن، نازانن؟ وا ئەزانن ئاگاداری بارودۆخی خەلکی نین؟ نە بەخوا، هەمووی ئەزانن، چاکیش ئەزانن، ڕۆژێکیش لە بەردەم خواوەند دا ئەبێت وەڵام بدەنەوە، کاتێک چەکیاندا بە شێتێک و ئەویش چەند کەسێکی پێ کوشت، بەرپرسیاری ئەو کوشتنە ڕاستەوخۆ ئەو کەسەیە کە چەکەکەی داوە بە شێتەکە، کاتێک ئەوەندە مووچە نادەن بە کەسێک کە بتوانێت کرێی خانووەکەی لێ بدات، ئەگەر کچ و ژنەکەی ڕوویان کردە کاری خراپ، بەرپرسیارەکەی ئەو ڕێکخراوە یان ئەو فەرمانگەیەو ئەبێت وەڵام بداتەوە، وەڵامیش ئەداتەوە، مرۆڤ کاتێک نەبوونی و هەژاری و داماوی لەناو خەلکەکەیدا ئەبینێت، دڵی ژان ئەکات، نازانم ئەوانە چۆن دڵیان ژان ناکات؟ خوا ئەزانێت کاتێک ئەبیستم یەکێک گریاوە یان گەنجێک ئەشکەنجە دراوە یان گیراوە یا لێدانی خواردووە، گریان قورگم ئەگرێت، ئەگەریش قسەیەکم کرد، لەبەرئەوەیە حەز ناکەم ئێتر ببینم بە دارو چەقۆ داویانە لە گەنجێک، لەبەرئەوەیە حەز ناکەم ئێتر ببینم کەسێک لە خۆرا قامچی خواردووە، ئێتر نامەوێت دەردو ئازاری خەلکەکەم ببینم، هەر ئەوە.

مریەم زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- ئێوە بەم بارودۆخە دارایە باشەتانەوە نابێت خەمتان هەبێت.

مانی سەیرێکی کردو پێکەنی و وتی:

- ئیمەش ڕۆژێک خوێندکار بووین!

مریەم- خوێندکارێک کە هەر نەیزانی سەردەمی زانکۆ چۆن هات و چۆن ڕۆشت!

مانی دووبارە پێکەنی و دواتر لەپڕ هەستاو قۆلی منی هەلکردو باڵمی پیشاندان و وتی:

- ئەمە یادگاری کاتێکە کە کەس بۆی نەبوو لە زانکۆ قۆل کورت لەبەر بکات.

هەرسێکیان سەیری شوێنەواری برینەکەی باڵمیان کردو هیچیان نەوت.

مانی- حەیف کە شەرم ئەکەم و ئەگەر نا.

دواتر پێکەنی و وتی: وازی لێبێنە، بە کورتی منیش یادگاری خۆمم هەیە لە سەردەمی زانکۆ.

دواتر وتی:

- ئیتر وەرنە خوارەوە، پورێش تەنهایەو نارەحەتە.

دواتر خۆی چووە خوارەوە، ڕۆکسانا وتی.

- قامچی خواردووە؟

- نا، تووشی شەڕو دەمەقاڵییەک بووین.

ڕۆکسانا- تۆشی تیابوویت؟

- ئەری.

مریەم- چ کەرێتییەکم کرد ئەو قسەم کرد! کارەکەی ئەمڕۆتانم هەر بیر نەبوو.

- گرنگ نییە، با بچینە خوارەوە.

هەرچوارمان چووینە خوارەوەو نیوکاتژمێرێک لای پورێ دانیشتین و دواتر ماڵئاواییمان لێیان کردو لەگەل مانی گەڕاینەوە ماڵەوە، کاتژمێر چوار و نیو بوو، زەری خانم خواردنەکەی بە گەرمی بۆ هەلگرتبووین، هەر کە گەیشتین تۆزێک دواتر دایکیشم کە چوو بوو بۆ ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانی، گەڕایەوەو کە زانی ئیمەش تازە گەڕاوینەتەوە، دەستی کرد بە شەڕکردن لەگەلمان کە بۆچی مۆبایلەکەنتان داخراوە، هەرچی سوێندمان بۆ خوارد کە دانەخراوە، باوەڕی نەکردو لە دەست هەردووکمان نارەحەت بوو و دەستی کرد بە بۆڵە بۆڵا، هەردووکمان هەستاین و ماچمان کرد و لە دڵیمان دەرهێناو نانەکەمان خواردو هەردووکمان ڕۆشتین خەوتین، کاتژمێر دەوری حەوت و نیو بوو کە لەخەو هەستاین، باوکم و مامم لە باکور گەڕابوونەوە، مانی چوو بۆ ماڵی خۆیان تا ئاوێک بکات بە خۆیداو منیش چووم خۆم شۆرد و هاتمە دەرەوەو جلەکانم لەبەرکردو

CamScanner

چوومە خوارەوە، باوکم لە هۆلەکەدا دانیشتبوو سەیری سەتەلایتی ئەکرد، سلاوم کرد و دانیشتم، زەری خانم چای بۆ هێنام و لەگەل باوکم دەستمان کرد بە قسەکردن، سەرەتا دەربارەی ڤیلا و زەوییەکانی باکورو دواتریش کارگەو دوای ئەوەش قەرەباڵغی و ترافیک و بارودۆخی خەڵک و خۆپیشاندانەکانی زانکۆو باوکم بابەتەکەی گەیاند بە هاوسەرگیری من و وتی:

- ئیتر ئەبێت کەم کەم بیری لێبکەیتەوە.

- لە چی؟

باوکم- هاوسەرگیری، پێکهێنانی خێزان، ئیتر تەمەنێکت کردووە کوڕم.

بێدەنگ بووم، دووبارە وتی:

- ئەمەوێت لەگەل یەکێک لە هاوڕێکانمدا ڕۆژێک دیاری بکەم تا بچین بۆ خوازبینی کچەکانی، چۆنە؟

نەمئەزانی چی بڵێم.

باوکم- دوو کچی هەیە ئەڵێی مانگن، خانم، سەلار، جوان، بارودۆخی باوکیشیان زۆر باشە، ئەڕۆین، ئەگەر بەدڵتان بوو ئەوە باشتر، لەسەر خێر ئەچینە پێشەوە و ئەگەریش بەدڵتان نەبوو ئەچین بۆ شوێنێکی تر.

وێستم شتێک بڵێم، بەڵام لەو کاتەدا لە ماڵی مانی و ئەوانەوە دەنگە دەنگە بەرزبووەوە و تۆزێک دواتر سەرەتا مانی و بە دوایشیدا مامم هاتن بۆ ئەوێ، هەستام و سلاوم کرد، مامم هەر وەڵامی نەدامەوە و چوو لەسەر قەنەفەیەک دانیشت، ئەوەندە تورە بوو کە هەر مەڵێ، مانیش سلاوی لە باوکم کردو هات لە تەنیشت مندا دانیشت، باوکم وتی:

- چی بووە دیسان؟

مامم- لە ئاغا بپرسن.

باوکم- چی بووە مانی گیان؟

مانی- باوکم جوتێک تایەی تازەی دۆزیوەتەوە و ئەیەوێت بیدات بە ئێمە.

مامم- دیسان دەستت کردەوە بە قسە؟

مانی- تایەکە ئەبێت من بیهێنم، ئەوکات قسە نەکەم؟

باوکم- تایە چییە؟

مامم- دوو کچە دووانەکەی ئاغای ئیعتیزادی ئەڵێت.

باوکم پێکەنی، مانی لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- ئەیانەوێت دووانەیەکمان بۆ بهێنن.

- دووانە چییە؟

مانی- بەستەنی دووانەت نەبینیوە؟

- بەستەنی دووانە چییە؟

مانی- ژن بابە، ژن، ئەیانەوێت دوو کچی دووانەمان بۆ بهێنن.

ڕەنگم بە ڕووەوە نەما، زمانم بەسترا، مانی وتی:

- ئەتانەوێت ئۆتۆمبیلمان بۆ بکڕن، یەک جۆر ئەکڕن، ئەتانەوێت خانوو بکڕن بۆمان، لە یەک بۆمان ئەکڕن، ناوەندی یەک جۆر، ئامادەیی یەک جۆر، زانکۆ یەک جۆر، شۆرت یەک جۆر، گۆرەوی یەک جۆر، پانتۆل یەک جۆر، ئاخر بابە بهێڵن ژنەکانمان تاکەو تاک بن، مردین ئەوەندە ئەمە شۆرتی منی لەپێکردو من گۆرەوی ئەمە، ئاخر بیر ناکەنەوە ئەگەر ژنەکانمان لەگەل یەک تێکەل بن، چ قورێک بکەین بەسەرماندا؟

مامم- کەرەزل مەگەر ژنیش تێکەل یەک ئەبن؟

مانی- بۆچی نابن؟ کاتێک دووانە بن و لەیەک بچن، چۆن لە یەک جیا ئەکرێنەوە؟ گۆرەوەی و شۆرت و ژێر کراس لانیکەم ئەمانتوانی شوێنێکیان بدوورێنەوە یان نیشانەیەکیان لەسەر دابنێین تا من هی ئەو لەبەر نەکەم و ئەو هی من لەبەر نەکات، بەلام ژن خۆ ناکرێت شوێنێکی بدووریتەوە یان نیشانەیەکی لەسەر دابنێیت تا لێت تێکنەچێت.

باوکم دەستی کرد بە پێکەنین، لە دەنگی هات و هاوار، دایکم و زەری خانمیش هاتنە مۆڵەکە دانیشتن، مامم وتی:

- ئێ بڵێن یەکیان بۆ نموونە قژی قاوەیی بکات و ئەویتریان ڕەش، یان با جلەکانیان لەیەک نەبێت.

باوکم- بابە ئارام بن، بە هات و هاوار کێشەکە چارەسەر نابێت.

مام (لا إله إلا الله)یەکی وت و دواتر بە ئارامی و وشە وشە وتی:

- ژنی مرۆڤ لەگەل ژنی کەسێکیتر، هەرچەند لەیەکیش بچن، تێکەل نابن، ژن هەر خۆی ئەچێت بۆ لای مێردەکەی.

مانیش بە ئارامی و وشە وشە، وەکو مامم، وتی:

- ئەگەر ڕۆژێک ئەم دووانە ویستیان هاروهاجی بکەن و سەربخەنە سەر ئێمە چی؟

مامم- ئێوە ئەبێت ئەوەندە وریا بن کە نەخەلەتێن و لەگەل یەک تێکەلیان نەکەن.

مانی- من شتێک بڵێم؟

مامم- پیویست ناکات.

باوکم- بابه بهیله قسەکەی بکات، بلێ مامە گیان.

مانی- ئەلێن ڕۆژێک دوو کابرا جوتێک مانگایان کڕی و بۆ ئەوەی لێیان تێکنەچێت، یەکیان شاخی مانگاکەی خۆی شکاند، بەیانی شتێک ڕوویداو شاخی مانگای ئەویتریشیان شکا. ئەمیان کلکی مانگاکەی خۆی بڕی و خوا کردی بەیانییەکەی کلکی مانگاکەی تریش هەلکەنرا. ئەمیان چاوی مانگاکەی خۆی کوێر کرد تا ئیتر لەگەل یەک تێکەل نەبن، ئەزقەزا بەیانییەکەی چاوی مانگاکەی تریش بەهۆی ڕووداوێکەوە کوێر بوو، بە کورتی ئەم دووانە کە بینیان ئاوایە، دانیشتن و دەستیان کرد بە بیرکردنەوە، لەپڕ یەکیان وتی: «گەز نەفەر، چۆنە ئەو (مانقا) سپییە هی من بێت و ئەو مانقا ڕەشە هی تۆ؟»

هەموومان جگە لە مامم، دەستمان کرد بە پێکەنین، مانی وتی:

- ئەلبەتە پەرژینێکی قایم بێت لە ڕووی ئەو خانمانە، دوور لە گیانیان، بەلام ئەگەر ئەم دوو کچە دووانەمان بۆ بهێنن، ئەبێت بۆ نموونە من چاوی ئەوەی خۆم دەربهێنم تا لەگەل ئەوەی هامون تێکەل نەبێت، یان بۆ نموونە لێی بدەم قاچێکی شەل بکەم، ئیستا ئێوە بلێن ژنێکی کوێر یان شەل، بەکەلکی چی دێت؟

مامم- ئەمانە ئەوەندە جوانن کە ناتوانیت سەیری دەم و چاویان بکەیت کەرە، ئیمە خۆ شتی خراپتان بۆ نادۆزینەوە، تا ئیستا بووە شتێکتان بۆ بکڕین و خراپ دەربچێت؟

مانی- بەڕاستی نە، ئەو جووتە شۆرتەی کە دواییەن جار بۆتان کڕین، ئەوە سێ ساڵە کار ئەکەن، ئەیانشۆرین و لەپێیان ئەکەینەوە، تا ئیستا کونێکیان تێنەبووە.

هەموومان دەستمان کردە پێکەنین.

مانی- یانی ئەم دووانە وەکو ئەو شۆرتانەمان بەرگە ئەگرن؟

مامم- هەموو شتێک بە گاڵتە وەربگرە.

هەموو خەریکبوون پێئەکەنین، خودی مامیشم پێئەکەنی.

مانی- ئیستا وێنەیەک، شتێکیانتان لایە سەیرێکیان بکەین؟

مامم- ئەی چی، ئەوەندە ئەزموونمان هەیە کە ئەوەندەی تۆ ئەقڵمان پێی بشکێت.

مانی- کەوایە کەتەلۆکەکەیان بدەن، خوێندنەوەیەکیان بۆ ئەکەین و دواتر بۆچوونی خۆمان ئەڵێین.

مام- هەستە بچۆ بۆ ژوورەکەی من، لەژێر سەرینەکەمدا وێنەیەکی تیایە، هەڵیگرەو بیهێنە.

مانی- وینەی ژنی ئیمە لەژێر سەرینی ئیوەدا چی نەکات؟

مامم- لال بە، لە ترسی تۆدا لەوێدا دامناوە، هەستە برۆ بیهێنە.

مانی هەستاو چوو بۆ مالی خۆیان، من هەر ئاگام لە خۆم نەبوو، نەمئەزانی ئەبێت چی بلێم، چۆن بلێم من کەسێکی ترم خۆشئەوێ، ئەگەر بزانن ڕۆکسانا موسڵمان نییە چی، تۆزێک دواتر مانی کە خەریکبوو سەیری وێنەیەکی ئەکرد، هاتەوە و بە ئارامی هاتە پێشەوەو سەری هەڵبڕی و وتی:

- بابە گیان ئەوا خۆ حەوت هەشت سال لە ئیمە گەورەترە.

مامم- دیسان دەستت کردەوە بە هەڵیت و پەڵیت وتن!

مانی- وەلا ئەمە هەر کەم بێت بە ئاسانی سی و پێنج، سی و شەش ئەبێت.

مامم- ئەو داماوانە بیست و یەک بیست و دوو زیاتر نین، بۆچی هەڵیت و پەڵیت ئەڵێیت؟

مانی- ئیستا ئەوە هیچ، ئەمانە هەر لە ئیستاوە خەریکن فێل لە ئیمە ئەکەن.

مامم- یانی چی؟

مانی- بە دڵنیاییەوە ئەوەندە لەیەک ئەچن کە تەنها وێنەی یەکێکیانیان پیداون.

مامم- ناماقوڵیت کرد، وێنەی هەردووکیانە.

مانی- وێنەی دووانە، ئەڵبەتە یەکیان ئاشنایەو خۆم بە تەواوی ئەیناسم، بەڵام ئەویتریان نامۆیە

مامم- یانی چی؟ بمدەری بزانم.

هەرکە مامم ئەمەی وت، مانی بە جۆرێک کە کەس نەیبینێت، وێنەکەی بە هێواشی بردە بەر دەم و چاوی مامم، لەپڕ ڕەنگی مامم وەک چەوەندەری لێهات و پڕی پیداکردو وێنەکەی لە دەست مانی دەرهێناو هەستاو بێ ئەوەی یەک وشە بڵێت، لێیداو ڕۆشت، هەموومان بە حەپەساوی سەیرمان ئەکرد، لەپڕ باوکم دەستی کردە پێکەنین و سەیرێکی مانی کردو وتی:

- تۆ ئیتر چ جانەوەرێکی؟!

مانی- ئەم قسانە چین مامە گیان! وتی برۆ وێنەیەک لەژێر سەرینەکەمدایە بیهێنە، منیش چووم هێنام، ئیتر ئەویتری پەیوەندی بە منەوە نییە.

دواتریش بە ئارامی هات لە تەنیشت مندا دانیشت، باوکیشم هەروا کە بە زۆر خۆی گرتبوو تا پێنەکەنێت، هەستاو لە هۆڵەکە چووە دەرەوە، بە هێواشی بە مانیم وت:

- وینەی چی بوو؟

مانیش بە ئارامی وتی:

- چەتری ڕزگاری ئیمە.

- چی؟

مانی- وینەی بابەم بوو لەگەل خانمێکدا کە بەیەکەوە لە پارکێکدا گرتبوویان، وا دیار بوو سیفەیەک شتێکیەتی.

- تو گیانی من؟!

مانی- ئەری، زۆر پێش ئێستا لە ژوورەکەیدا دۆزیبوومەوە و دامنابوو بۆ ڕۆژی تەنگانە.

ئیتر نەمتوانی خۆم بگرم و دەستمکرد بە پێکەنین، دایکم کە هەر نەیئەزانی بابەتەکە چییە، وتی:

- وینەی کێ بوو؟

مانی- وینەی دایکی خوالێخۆشبووم، بابەم هەر کە سەیری کرد، یادگارییەکانی هاتەوە بیری، دڵی پڕ بوو و ڕۆشت، بابەتی دووانەکەشی جارێ هەڵوەشایەوە.

دایکیشم کەوتبووە ژێر کاریگەرییەوەو وتی:

- زۆر خوا لێخۆشبووی خۆشئەویست

مانی- ئەری، هەر بۆیەش دوای ئەو خوالێخۆشبووە، بابەم وازی لە دنیا هێناو پشتی کردە هەموو شتێک.

دواتر بە ئارامی وتی:

- ئەوەش وینەی پورێم بوو لە پارکی جەمشیدیە.

پێکەنین گرتبوومی، بەڵام لەبەردەم دایکمدا خۆم ڕاگرتبوو، بە ئارامی پێموت:

- یاخوا تۆ بمریت، چۆن ئەم فێڵەت هات بە بیردا؟

مانی- ئێستا ئەمە لەبری دەستخۆشییە؟

- ئاخر مامم داماوە، وەک چەوەندەر سوور بوو بووەوە.

مانی- من ئەگەر دەرەقەتی باوکم نەیەم، کوڕی باوکم نیم، وا ئەزانێت منداڵێن بەستەنییەکی دووقلو (دووانە) بدات بە دەستمانەوە و بێدەنگمان بکات.

بە هێواشی پێموت:

- مانی ئیشم پێتە.

مانی- دواتر بیلی.

- ئەبێت ئێستا بیلێم.

رایکم- چی ئەچێنن بە گوێی یەکدا؟

مانی- بۆنی سوتاوی دێت.

رایکم- ئەی وای خواردنەکەم سوتا!

ئەمەی وت و هەستاو چوو بەرەو چێشتخانەکەو زەری خانمیش بەدوایدا ڕۆشت، بە مانیم وت:

- ئەمەوێ بابەتی ڕۆکسانا بە باوکم بڵێم.

مانی- من پێم باش نییە بیڵێیت.

- ئەبێت بیڵێم.

مانی- کەللەڕەقی مەکە، بارودۆخەکە خراپ ئەبێت ها.

- چی ئەبێت با ببێت، من ئیتر ناتوانم چاوەڕێ بکەم.

هەر لەم کاتەدا مۆبایلەکەی زەنگی لێدا، ترمە بوو، دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵیدا، منیش هەستام و چووم بۆ لای باوکم، لە ژوورەکەی خۆی بوو، لە دەرگامدا و چوومە ژوورەوەو وتم:

- باوکە ئیشم پێتانە.

باوکم- وەرە، وەرە دانیشە.

ڕۆشتم و لەسەر قەنەفەیەک دانیشتم و بەبێ دەنگی سەیری زەوییەکەم کرد، وتی:

- چی بووە؟ ئاسوودە بە.

- وتنی قورسە بۆم باوکە.

تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- بیڵێ، من ئامادەم.

تۆزێکی تر دەستی دەستیم کردو دواتر بە ئارامی وتم:

- من کچێکم خۆشئەوێت، کچێکی زۆر زۆر جوان.

بۆ ساتێک حەپەساو تۆزێک دواتر وتی:

- ئێ سەرەنجام عاشق بوون وخۆشویستن شتێکی سروشتییە، بە تایبەت لەو تەمەنەدا، من بڕوام بە سەلیقەو بیرکردنەوەی تۆ هەیە، ئەزانم بە دڵنیاییەوە کچێکی باشت هەڵبژاردووە.

- کچیکی یەکجار باشە باوکە، دڵنیابن.

باوکم- دڵنیام ئەزیزم، ئێستا بڵێ ناوی چییە؟

- ڕۆکسانا.

باوکم- ج ناوێکی جوان! خێزانەکەی چۆنن؟ یانی باوکی ئیشی چییە؟

- ڕاستییەکەی باوکی مردووە.

باوکم- خوا لێی خۆشبێت، بۆکەخان ئێستا چی ئەکات؟

- لە زانکۆ ئەخوێنێت باوکە.

باوکم- ئافەرین، ئافەرین، ئەو خوالێخۆشبووە کاتێک کە زیندوو بووە ئیشی چی بووە؟

تۆزێک بێدەنگ بووم و دواتر وتم:

- باوکی ئێرانی نەبووە.

باوکم- یانی چی؟

- فەرەنسی بووەو لە کۆمپانیایەکی فەرەنسیدا کە پێش شۆڕش لە ئێراندا لقی هەبووە، کاری کردووە، گوایە ئەندازیار بووە.

باوکم تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- ئێستا لە ئێرانن؟

- بەڵێ، لە تاران ئەژی.

باوکم- ئەژی؟ یانی تەنهایە؟

- تەنها نە، یانی چۆن بڵێم!

باوکم- لەگەڵ دایکیدایە؟

- لەگەڵ دایکی نە، یانی دایکی چووەتە دەرەوەی وڵات.

باوکم- ئەی لێرە بە تەنها چی ئەکات؟

- ئەخوێنێت.

باوکم- ئەمەت وت، مەبەستم ئەوەیە پارەی لە کوێ دەست ئەکەوێت؟ دایکی بۆی ئەنێرێت؟

- نە باوکە، خۆی کار ئەکات، یانی ئەیکرد.

باوکم- تێناگەم، یانی چی خۆی کار ئەکات؟

- ئاخر دایکی کاتێک ڕۆکسانا بچووک بووە لە باوکی جیابووەتەوە.

CamScanner

باوکم بێدەنگ بوو و ناوچاوی دا بەیەکدا، منیش ئیتر هیچم نەوت، ڕاستی هەر پەشیمان بوومەوە کە بۆچی وتم، هەردووکمان کەمێک بێدەنگ بووین، بیرم کردەوە بینیم ئیستا کە هەموویم وتووە، با ئەمەشیان بڵێم.

- باوکە، ڕاستییەکەی ڕۆکسانا هینە، یانی مەسیحییە.

هەر کە ئەمەم وت، لەپڕ هاواری باوکم بەرزبووەوە.

- پێم ڕائەبوێریت؟ یانی چی؟ ئەتەوێت تووشی جەلتەم بکەیت؟ خانم! خانم!

دەستی کرد بە بانگکردنی دایکم، لەپڕ دایکم دەرگاکەی کردەوەو ڕایکردە ژوورەوە، پێشینەی نەبوو باوکم ئاوا هاوار بکات، خۆیشم حەپەسابووم، لامکردەوەو سەیری پشت سەری خۆمم کرد تا بزانم مانی لە کوێیە، دایکم پرسی:

- چی بووە؟ بۆچی هاوار ئەکەیت؟ چی بووە هامون؟

باوکم- پرسیار لە کاکم بکە.

دایکم- پرسیاری چی؟

باوکم- کاک هامون بۆ دایکتانیشی ڕوون بکەنەوە.

سەرم داخست، لەپڕ دووبارە هاواری باوکم بەرزبووەوەو وتی:

- ئاغا بوکی بیانی بۆ دۆزیوینەتەوە.

دایکم ساتێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- چی؟

ئەمئەزانی ئەبێت چی بڵێم، وەک سەگ پەشیمان بوو بوومەوە، لەپڕ لە پشت سەرمەوە دەنگی مانی هات

- ئەوە چییە بابە؟ بۆچی هاوار ئەکەن؟ منداڵەکە ئیستا لەتاو خەم دیق ئەکات، هاکا زیڕەی کرد، ئەمە وەکو من نییە بەرگەی ئەم شتانە بگرێت.

باوکم هەروا کە هاواری ئەکرد، وتی:

- زۆریش بەرگە ئەگرێت.

مانی- دیقی کردو مرد، لە ملی ئێوەیە، ئەمە نازداری دایەیە، یەک شتی پێ بڵێیت دەست ئەکات بە گریان، جا ئیتر ئاگاتان لە خۆتان بێت.

باوکم- ئێوە ئاگادارن ئاغا چ پەنێکی داوە؟

مانی- ئەمە؟ وەلا ئەگەر بە چاوی خۆیشم بیبینم باوەڕ ناکەم.

باوکم- مەبەستم لەو پەنانە نییە.

مانی- ئی... پەن جۆری تریشی هەیە؟

باوکم- ئاغا ئەیەویت کچی بیانی بهینیت، کچیکی فەرەنسی.

مانی- دەی ئیستا بۆچی ناڕەحەتن؟ فەرەنسی لە کۆری و سەنگاپورەی باشترن و دڵنیاترن.

باوکم- گاڵتە مەکە مانی، من بە جدی قسە ئەکەم.

مانی- کچی فەرەنسی کنیە؟

باوکم- ئەو کچە، ناوی چی بوو؟

مانی- جانیت؟

باوکم- نە.

مانی- کریستین.

باوکم- نە، نە.

مانی-پاولا؟

باوکم- ئاه.. نە.

مانی- جاکلین؟

باوکم- ڕائەبوویریت؟

مانی- نە خوا ئاگاداره مامە گیان، ئاخر من چوزانم ناوە فەرەنسییەکان کامانەن؟ خۆم بە ئارامی وتم: ڕۆکسانا.

باوکم- بەڵێ، ئەوە.

مانی- مامە گیان خۆ ڕۆکسانا ناوێکی فەرەنسی نییە.

باوکم- چوزانم، هەرچییە، ڕۆشتووە کچێکی مەسیحی بۆ من دۆزیوەتەوە.

مانی- مامە گیان خۆ ڕۆکسانا مەسیحی نییە.

باوکم- ئەی چییە؟

مانی- کەمێک (مەسیح)ی خۆشئەویت.

باوکم- یانی چی؟

مانی- یانی لە مەسیحی بوون تەنها خاچ کێشانەکەی شارەزایە.

باوکم- گاڵتەم پێئەکەن؟

مانی- خوا بمگرێت ئەگەر درۆ بکەم، ڕۆکسانا ئاین و باوەڕێکی دیاریکراوی نییە، خۆیشی نازانێت چییە، مەسیحییە، موسوڵمانە، یەهودییە، زەردەشتییە.

CamScanner

باوکم- مەگەر شتی وا ئەبێت؟

مانی- بۆ نابێت؟ کاتێک باوک مەسیحی بێت، دایک موسوڵمان بێت، مام یەهودی بێت، پور زەردەشتی بێت، ئێ منداڵەکە چی دەرئەچێت.

باوکم- تۆ هەر قسە مەکە.

دواتر ڕوویکردە من وتی:

- ئەوەیە بەرهەمی ڕەنجی ئێمە؟ ئاوا چاکەمان ئەدەیتەوە؟

سەرم داخستبوو و هیچم نەئەوت، مانی خێرا وتی:

- ناماقوڵی کرد، هێنی خوارد، ئیتر کاری وا ناکات، هەستە دەستی باوکت ماچ بکەو دوو نەفرەت بنێرە بۆ ڕۆکسانا تا بتبەخشێت، پێت ئەڵێم هەستە.

باوکم- ئەم کچەتان لە کوێوە دۆزییەوە؟

مانی- لەسەر شەقام، لەبەر دەرگا.

لامکردەوەو مۆڕەیەکم لێکرد، وتی:

- ئێ مەگەر یەکەمجار لێرە، لەبەر دەرگا نەمانبینی؟

بە ئارامی وتم:

- ڕۆکسانا لەگەڵ پورێ ئەژی.

بۆ ساتێک باوکم بێدەنگ بوو، خێرا وتم:

- مەگەر ئێوە فێرتان نەکردووم و هەمیشە پێتان نەوتووم کە پیاو بم؟ مەگەر فێرتان نەکردووم کە تەنها گرنگی بە ڕواڵەت نەدەم؟

مانی- بابە ئەمانە هەمووی چیرۆکن، ئەمانە دایک و باوکەکان کاتێک ئەیانێن کە خەریکن فشەی زل زل بۆ منداڵەکانیان ئەکەن، تۆ بۆ باوەڕت کرد؟

باوکم- ئەڵێم تۆ قسە مەکە.

مانی- بەسەرچاو.

باوکم- ڕاستە، من ئەمانەم فێرکردوویت، بەڵام نەموتووە بڕۆ کچێک دوور لە ئاینی خۆت بدۆزەرەوە

مانی- مامە گیان توخوا خۆتان تورە مەکەن، بۆ دڵتان باش نییە، من خۆم ئامۆژگاری ئەمە ئەکەم.

باوکم- خۆت پێویستت بە یەکێکە ئامۆژگاریت بکات.

مانی- باشە، من ئامۆژگاری ئەمە ئەکەم و ئەمەش ئامۆژگاری من، باشە؟

سەرم بەرزکردەوەو بە باوکمم وت:

- باوکە، من ڕۆکسانام زۆر خۆشئەوێ، زۆر زۆر، بەڵام ئەگەر ئێوە بڵێن، باشە، بەسەرچاو، هاوسەرگیری لەگەڵ ناکەم و ئیتر باسیشی ناکەم، بەڵام لەگەڵ هیچ کەسی تریش هاوسەرگیری ناکەم.

باوکم بێدەنگ بوو و ڕوویکردە ئەولاوە، لامکردەوە بەلای دایکمدا، بینیم خەریکە بە ئارامی ئەگری، بێویست فرمێسک بە چاوی خۆشمدا هاتە خوارەوە، لەپڕ دایکم بە خێرایی لە ژوورەکە چووە دەرەوە، مانی کە بینی خەریکم ئەگریم، هات بۆلام و لەسەر لێواری قەنەفەکە دانیشت و بە دەستی فرمێسکەکانی سڕیم و وتی:

- باشە، ئێرەکەر، پیاو خۆ ناگری، هەستە بڕۆ ژوورەکەت.

بە ئارامی هەستام و لە ژوورەکە چوومە دەرەوەو چوومە سەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆم و جانتایەکم هەڵگرت و چەند پارچە جلێکم خستە ناوی و جگەرەیەکم داگیرساند و دانیشتم تا مانی بێت.

دە خولەک دواتر هات و هەر کە جانتاکەی بینی وتی:

- ئەمە چییە؟

- ئەمەوێت بڕۆم.

مانی- بۆ کوێ؟

- نازانم، ئوتێلێک، شتێک.

مانی- بۆچی؟

- شەرم ئەکەم سەیری دەموچاوی باوکم بکەم

مانی- بۆچی؟

- تا ئێستا ئاوا قسەی لەگەڵ نەکردبووم.

مانی- هەر ئەوە؟

- نە، ئاخر تیاماوم لەم نێوانەدا، نە ئەتوانم ڕۆکسانا لەبیربکەم و نە ئەتوانم قسە لە قسەی دایک و باوکمدا بکەم.

مانی- عەزیز خۆ هیچی نەوتووە.

- جیاوازی نییە، ئیشت نییە بە من؟

مانی- یانی ئەتەوێ بە تەنها بڕۆیت؟

- ئەری، خۆ تۆ کێشەت لەگەڵ باوکتا نییە.

CamScanner

مانی- داماو، ئەگەر منت لەگەل نەبم تا سەر کولانەکەش ناتوانیت بڕۆیت.

- نە ئیتر واش نییە، تۆ بمینەرەوە لە ماڵەوە، تۆ خۆ نەبووە بە شەڕت.

مانی- بەک خولەک بووەستە، ئیستا دێمەوە.

لە ژوورەکە چووە دەرەوەو ڕێک پێنج خولەک دواتر لە ماڵیان دەنگی مامم بەرزبووەوە، دەنگی هاتووهاواری تا ژوورەکەی منیش ئەهات، دوو خولەک دواتر مانی بە جانتایەکەوە هاتە بەردەم ژوورەکەم و وتی:

- هەستە بڕۆین، منیش لەگەل دایک و باوکمدا بوو بە شەڕم.

- چیت کرد وا هاوار ئەکات؟

مانی- هیچ بابە، من قسەی ئاسایش لەگەل باوکم بکەم ئەیکات بە هات و هاوار، بگات بەوەی کە پێی بڵێم ئەو کچەی کە وێنەکەیت پیشاندام، بە دڵمە و با بچین بۆ خوازبینی، هەستە ڕق بکەین و بڕۆین، درەنگە.

- چوویت ئەمەت پێوت؟

مانی- ئەرێ، ئەی چی؟ چووم وتم دڵێک نە سەد دل عاشقی خاوەنی ئەو وێنە بووم، مەوەستە، ئیتر تاقەتم نییە.

- مامم چی کرد؟

مانی- من ئەوەستام تا بزانم چی ئەکات، ڕامکردە ژوورەکەم و جانتاکەم هەڵگرت و هاتم.

- هیچی پێنەوتی؟

مانی- نە، کە من هاتم هێشتا بە دوای شتێکدا ئەگەڕا کە بیکێشێت بەسەرما، هەستە. هەستام و جانتاکەم هەڵگرت و سەیرێکی ژوورەکەمم کردو بە دوای مانیدا کەوتمە ڕێ و لە قادرمەکان چووینە خوارەوە، بە مانیم وت:

- سەیرکە بزانە کەسی لێیە.

مانی- کەرە با ببینن کە ڕق ئەکەین.

- نە، شەڕم ئەکەم، سەیرێک بکە.

سەیرێکی کردو وتی:

- وەرە، کەسی لێنییە.

هەردووکمان خێرا لە هۆڵەکەوە تێپەڕین و چووینە هۆڵەکەو لەوێشەوە ڕۆشتینە دەردوە، مانی وتی:

- ئوتۆمبیلەکەت ناهێنیت؟

- نە، مرۆڤ کاتێک ڕق لە دایک و باوکی ئەکات، ئەو ئوتۆمبیلەی کە ئەوان بۆیان کڕیوە، هەڵناگرێت و لەگەڵ خۆی ببات.

مانی- بابە تۆ چ یاسایەکی قورست داناوە بۆ ڕق کردنێک! ئەی پارە چی؟

- خۆم ئەڕۆم لە شوێنێک کار ئەکەم و پارەیەک پەیدا ئەکەم.

مانی- بڕۆ وتبە بەو ڕق کردنەتەوە، ئێمە ئەمانبینیبوو مرۆڤ بەپێی بنەما ڕەوشتییەکان لەگەڵ کەسێکدا ڕق بکات، بە دڵنیاییەوە دوو سبەی باوکت بانگهێشتی دوونیلیش ئەکەین، وەک جینتڵمانەکان ڕق ئەکات.

- ئەی چی بکەم؟

مانی- ئوتۆمبیل هەڵگرەو پارەش بینەو ئەچین بۆ گەشت و گەڕان.

- نە، من بەپێی بنەما ڕەوشتییەکانی خۆم ڕق ئەکەم.

مانی- کە لە برسا مردیت، ئەزانیت جێبەجێ کردنی بنەما ڕەوشتییەکان یانی چی.

چوو بۆ لای ئوتۆمبیلەکەی و دەرگاکەی کردەوەو سەرکەوت، منیش چووم لەولای ئوتۆمبیلەکەوە سەرکەوم، بەڵام دەرگاکەی قوفل کرد و وتی:

-سەیرکە، ئەم ئوتۆمبیلەش بەشێکە لە مال و میراتی باوکم و مامم، بەپێی بەندی یەکەمی ڕێکارو بنەما ڕەوشتییەکان، مافی سواربوونت نییە، من لەبەرئەوەی پابەندی ئەم شتە پڕوپوچانە نیم، سوار ئەبم، تۆ ئەبێت بە تەکسی بەدوای منداا بێیت، تازە پارەی تەکسیش بەشێکە لە دارایی ئەوان، کەواتە ئەبێت بەپێ بە دوای منداا ڕابکەیت.

- ئەی ئەم هەموو ماوە کە لە کارخانەکەدا کارم کردووە چی؟

مانی- ئێ.... هەر لە ئێستاوە نارەزایەتیت دەستی پێکرد؟ وەرە سەرەوە تا باوکی داماوت ڕانەکێشاوەتە دادگا.

سەرکەوتم و کەوتینە ڕێ، وتی:

- ئێ ئاغای جینتڵمان، ئێستا بچین بۆ کوێ؟

- بڕۆین بزانین ئەتوانین لە دەوروبەری مەیدانی وەلی عەسرو ئەو ناوە ئاپارتمانێک بدۆزینەوە کە یەک ژووری نووستنی هەبێت.

سەیرێکی کردم و وتی:

- ئێ بۆچی وابکەین؟ ئەچین بۆ بەندیخانەو خۆمان ئەناسێنین، ئەوە ئاسانترە خۆ.

- ئەی چی بکەین؟

CamScanner

مانی- تو رقت کردووه تا چی ببینت؟ برۆیت و سەختی بکیشیت؟ یان ئەتەویت نەفست نەمی بکەیت؟

- چۆزانم بابە، ئەلیم برۆ بۆ ئەو ناوە تا هەرزانتر لەسەرمان بکەویت.

مانی- دەی ئەلیم با بچین بۆ میوانخانەیەک لە ناسر خەسرەو، بەلاش و هەلاش لەسەرمان ئەکەویت.

- ئی برۆ، خراپ نییە.

مانی- برۆ وئیە.

ئەمەی وت و چووە سەر ڕیگەی پارکی وی و تۆزێک دواتر لەبەردەم ئوتێلێکی شیکدا ڕابگرت، دەرگاوانەکە خێرا هاتە پێشەوەو دەرگای ئوتۆمبیلەکەی کردەوە، هەردووکمان دابەزین و مانی سوێچەکەی پێدا لەگەل هەزار تمەنییەکداو پێی وت کە پارکی بکات و خۆشمان چووینە ژوورەوەو من لە کافتریای ئوتێلەکە دانیشتم و کەمێک دواتر مانی بانگی کردم و بە ئاسانسۆر چووینە سەرەوە، ژوورێکی زۆر زۆر شیکی بەکرێ گرتبوو.

- شەوی بە چەند ئێرەت گرتووە.

مانی- هەزارو پێنج سەد تمەن بەبێ خزمەتگوزاری، بە خزمەتگوزاریشەوە ئەکاتە هەزارو شەش سەد تمەن، باشە؟

- هەزارو شەش سەد تمەن بۆ ئێرە؟

مانی- ئێستا بە جۆرێک لەگەلیان ڕێئەکەوین، تۆ نیگەران مەبە، وا بزانە میوانخانەیەکە لە ناسر خەسرەو، ئێستا بۆ نانی ئێوارە چی ئەخۆیت؟

- هیچ، پێم ناخورێت.

مانی- نیوەڕۆش شتێکی وامان نەخوارد.

- ئەلیم پێم ناخورێت.

مانی- نەکا لەبەر پارەکەی بلێیت؟

- ئاه.. تاقەتم نییە.

مانی- سەیرکە، بە گیانی تۆ ئێستا ئەڕۆم و لەم تەنیشتەمان نانێکی سەنگەک و نیو کیلۆ تری و سەلکی پەنیر ئەکڕم و بەیەکەوە دائەنیشین و نان و پەنیر و تری ئەخۆین.

وەلامم نەدایەوە، تەلەفۆنی کرد بۆ ڕیستۆرانت و داوای نانی کردو نازانم چییان پێوت، دەستی خستە سەر تەلەفۆنەکەو وتی:

- ئێرە هەموو شتێکیان هەیە، زەهری مار ئەخۆیت لەگەل نانەکەدا بلیم بیهێنن؟

بەسەر ئاماژەم کرد کە نە، ئەویش تەنها داوای نانی کردو تەلەفۆنەکەی داخست و هات لە تەنیشتمدا دانیشت و وتی:

- وازبینە ئیتر، ڕۆژەکەمان لێ تاڵ مەکە.

- ناڕەحەتم.

مانی- بۆچی؟

- بۆ هەموو شتێک، ڕۆکسانا، باوکم، دایکم.

مانی- مەترسە، خەیاڵت ئاسودە بێت، ئێستا کە بزانن ڕقمان کردووە، دە نەفەر ڕائەسپێرن تا بماندوزنەوە، دنیای دەولەمەنییە و کوڕی تاقانە، بڕۆ دڵت لەلای ئەوانە بێت کە نان نییە بیخۆن.

خەریکبوو ئەم قسانەی ئەکرد لە دەرگایاندا، هەستاو چوو دەرگاکەی کردەوە، خەریکبووم سەیرم ئەکرد، لەپڕ پێکەنی و وتی:

- سلاومان هەیە، ئێمە داوای مریشکمان کردبوو، چۆن کەویان بۆ ناردووین؟

لەولاوە دەنگی پێکەنین هات، لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- تۆ خۆ برسیت نییە، ئەم دوو کەوە هەڵگرم بۆ خۆم یان نە؟

هەستام و چووم بۆ لای دەرگاکەو هەر کە سەیرم کرد، جۆرێکی خراپم لێهات و خێرا داوای لێبوردنم کردو دەستی مانیم گرت و ڕامکێشا و دەرگاکەم داخست و پێموت:

- ئەم کارانە یانی چی؟

مانی- بە من چی؟ ئێستا هەموو شوێنێک ئاوایە.

- تۆ خەریکیت هەڵیت و پەڵیت ئەڵێیت و پێئەکەنی؟

مانی- مەگەر پێکەنین نیشانەی قەدەغەی لێدراوە؟

- ئەمانە کێ بوون؟

مانی- بڕۆ لە ئوتێلەکە بپرسە.

سەیرێکیم کردو سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- توخوا بە داخەوەو ئەم شتانە بخە لاوە، ئاوایە ئیتر، من و تۆش ناتوانین هیچ بگۆڕین، کارەکە لە دەست دەرچووە، کەوایە هیچ مەڵێ و دروشمیش مەدە، ئەمانەش ئەم کارە ئەکەن تەنها بۆ ئەوەی سکیان تێربێت، لەم ڕێیەدا ئەوە هیچ تا ئێستا کەس نەبووە بە ملیاردێر، سەرەنجامیش بە نەخۆشییەک مردووە یان کوژراوە.

خۆیشی زۆر ناڕەحەت بوو بوو، چووە دەستشۆرییەکەو ئاوێکی کرد بە دەم و

بەسەر ئاماژەم کرد کە نە، ئەویش تەنها داوای نانی کردو تەلەفۆنەکەی داخست و هات لە تەنیشتمدا دانیشت و وتی:

- وازبینە ئیتر، ڕۆژەکەمان لێ تاڵ مەکە.

- ناڕەحەتم.

مانی- بۆچی؟

- بۆ هەموو شتێک، ڕۆکسانا، باوکم، دایکم.

مانی- مەترسە، خەیاڵت ئاسودە بێت، ئێستا کە بزانن ڕقمان کردووە، دە نەفەر ڕائەسپێرن تا بماندوزنەوە، دنیای دەولەمەنییە و کوڕی تاقانە، بڕۆ دڵت لەلای ئەوانە بێت کە نان نییە بیخۆن.

خەریکبوو ئەم قسانەی ئەکرد لە دەرگایاندا، هەستاو چوو دەرگاکەی کردەوە، خەریکبووم سەیرم ئەکرد، لەپڕ پێکەنی و وتی:

- سلاومان هەیە، ئێمە داوای مریشکمان کردبوو، چۆن کەویان بۆ ناردووین؟

لەولاوە دەنگی پێکەنین هات، لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- تۆ خۆ برسیت نییە، ئەم دوو کەوە هەڵگرم بۆ خۆم یان نە؟

هەستام و چووم بۆ لای دەرگاکەو هەر کە سەیرم کرد، جۆرێکی خراپم لێهات و خێرا داوای لێبوردنم کردو دەستی مانیم گرت و ڕامکێشا و دەرگاکەم داخست و پێموت:

- ئەم کارانە یانی چی؟

مانی- بە من چی؟ ئێستا هەموو شوێنێک ئاوایە.

- تۆ خەریکیت هەڵیت و پەڵیت ئەڵێیت و پێئەکەنی؟

مانی- مەگەر پێکەنین نیشانەی قەدەغەی لێدراوە؟

- ئەمانە کێ بوون؟

مانی- بڕۆ لە ئوتێلەکە بپرسە.

سەیرێکیم کردو سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- توخوا بە داخەوەو ئەم شتانە بخە لاوە، ئاوایە ئیتر، من و تۆش ناتوانین هیچ بگۆڕین، کارەکە لە دەست دەرچووە، کەوایە هیچ مەڵێ و دروشمیش مەدە، ئەمانەش ئەم کارە ئەکەن تەنها بۆ ئەوەی سکیان تێربێت، لەم ڕێیەدا ئەوە هیچ تا ئێستا کەس نەبووە بە ملیاردێر، سەرەنجامیش بە نەخۆشییەک مردووە یان کوژراوە.

خۆیشی زۆر ناڕەحەت بوو بوو، چووە دەستشۆرییەکەو ئاوێکی کرد بە دەم و

چاویداو گەڕایەوەو وتی:

- سکی برسی نانی ئەوێت، کچ هەژدە سال بێت، نۆزدە سال بێت، بیست سال بێت، سەرەنجام ئەبێت نان بخوات، کاریش دەست ناکەوێت، ئەگەریش دەست بکەوێت کارێکە کە ئەبێت لە تەنیشت ئەودا کاریتر بۆ خاوەنکار ئەنجام بدات، یانی بچێت بۆ هەر شوێنێک ئەبێت هەم ئەم کارەکە ئەنجام بدات هەم ئەو کارەکە.

- ئاخر ئەمانەوێت بگەین بە کوێ؟

مانی- وازی لێبهێنە تا بزانین خۆی ئەگات بە کوێ، ئێتر قسەشی لەسەر مەکە، ئێستا خواردنە ڕاستیەکەمان بۆ ئەهێنن ئەمەوێت بە چێژەوە بیخۆم، داوای ئیستیکم کردووە، ئیستیکی ئێرە قسەی لەسەر نییە.

هەر لەو کاتەدا مۆبایلەکەم زەنگی لێدا، سەیرم کرد بینیم ژمارەی ماڵەوەیە، زانیم دایکمە، مۆبایلەکەمدا بە مانی تا وەڵام بداتەوە، مۆبایلەکەی لێوەرگرتم و وەڵامی دایەوە و وتی:

- بەڵێ فەرموو.

- ئەلو، سڵاو عەزیز گیان.

- لە کوێین؟ ئەبێت لە کوێ بین؟ لە میوانخانەیەکی پیس و چەپەڵ لە باشووری شار. نەمئەزانی دایکم چی ئەڵێت و تەنها گوێم لە قسەکانی مانی بوو.

- بەو دوو زۆرداره، بەو دوو دیکتاتۆرە بڵێ کە ئێمە لەتاو ئەو فشارانەی کە هەموو ڕۆژێک و هەموو کاتژمێرێک، لەسەر و خوارەوە و لە پێش و دواوە بۆمان ئەهێنن، سەرمان هەڵگرتووە بەرەو بیابان، وەک ئەو کچانەمان لێهاتووە کە لە دەست خێزانەکانیان هەڵدێن و ماوەیەک دواتر وێنەیان لە ڕۆژنامەدا بڵاوئەبێتەوە کە بە لەچک خنکاندویانن.

- نانی ئێوارەی چی؟! لە ڕێگە نانێکی بەربەریمان کڕی و خواردمان.

- نا خەیاڵتان ئاسوده بێت، خۆم ئاگام لێیەتی.

- بەسەرچاو، بەو دوو پیاوە زۆردارەش بڵێ کە ئێتر کوڕەکانیان نابیننەوە، خەریکین بیر ئەکەینەوە کە بە چ شێوەیەک خۆمان بکوژین، یانی بڕیارمان داوە و تەنها بە دوای ڕێگەیەکی خۆکوشتندا ئەگەڕێین کە ئازاری کەمتر بێت، پێیان بڵێ ئەبێت کەژاوەی زاوایی و کەژاوەی مەرگمان یەک بن.

- نەوەڵا، گاڵتەی چی؟ پێیان بڵێ ئەهەنگی ژن هێنان و پرسەکەمان بەیەکەوە بۆ

بگیرن تا تیچووی کەمتر بیت.

دواتر لایکردەوە بەلای منداو هەروا کە پیئەکەنی، بە شیوەی گریانەوە وتی:

- مەگری هامون گیان، خوا گەورەیە.

ئاماژەم بۆ کرد کە دایکم ئارەحەت نەکات، دووبارە وتی:

- ئیمە هیچ خیرمان لەم دنیا نەبینی، هیچیشمان لە باوکمان نەویست، تەنها ویستمان لەگەل ئەو کچانەدا هاوسەرگیری بکەین کە خۆشمان ئەوین، هەر ئەوە، تف لە پارە، تف لە پلەوپایە، تف لە سامان، ئاه ئاه ئاه ئاه! تەواوی مۆبایلەکە تفاوی بوو، با پاکی بکەمەوە. هەر لەو کاتەدا لە دەرگایانداو بە مینزیکی تایەدار نانەکەیان بۆ هیناین، مانی بە دایکمی وت:

- دۆزیمانەوە، یانی هامون دۆزییەوە.

- نە عەزیز گیان، ڕێگەی خۆکوشتن ئەلێم، هەر ئێستا هامون دۆزییەوە، ئەزقەزا ڕێیەکی زۆر بە ئازاریشە، بەلام قەیناکە، خوات لەگەل عەزیز، دەستت خۆش بیت، زۆرت زەحمەتکێشا بۆ ئەم دووانەمان، کە گەیشتینە ئەو دنیا تیچووەکەیت بە خێر بۆ ئەخەینە سەر ژمارە بانکییەکەی ئەو دنیات.

وا دیاربوو دایکم دەستی کرد بە گریان، بۆیە مانی خێرا وتی:

- فشەم کرد عەزیز گیان، فشەم کرد.

- نە بە گیانی عەزیز، ئێستا لە ژوورێکداین لە ئوتێلێکی سەرەوەی شارو هەر ئێستاش بۆ نانی ئێوارە ئیستیکیان بۆ هیناین، ئەمانەوێت ئەوەندە بخۆین تا ئەتەقینەوە، بەلام لەلای ئەوان باسی نەکەیت ها.

- نە، خەیاڵت ئاسودە بیت، نزیک ماڵین.

- نە بەخوا هەردووکمان باشی باشین، ئێوە نیگەران مەبن.

خێرا مۆبایلەکەم لێوەرگرت و تۆزێک لەگەل دایکم قسەم کردو دواتریش ماڵئاواییم لێکردو هەردووکمان ڕۆشتین بەلای نانەکەمانەوە.

* * *

وەرزی دەیەم

سبەینی بەیانییەکەی چاوم بە خەوەوە بوو بینیم مانی خەریکە بە مۆبایل قسە دەکات، گوێم پێنەداو هەستام و چوومە گەرماو و ئاوێکم کرد بە خۆمداو هاتمە دەرەوە و جلەکانم لەبەرکرد، پێنج خولەک دواتر لە دەرگایانداو نانێکی بەیانی تێرو تەسەلیان بۆ هێناین، هەردووکمان دانیشتین و دەستمان کرد بە خواردن و هێشتا دوو تێکەمان نەخواردبوو دووبارە لە دەرگایانداو مانی هەستاو چوو دەرگاکەی کردەوە، وامزانی دیسان شتێان بۆ هێناوین، خەریکبووم شەربەتی پرتەقاڵم ئەخواردەوە، لەپڕ بینیم ڕۆکسانا بە چاوی سورەوە هاتە ژوورەوە، شەربەتە پرتەقالەکە پەڕیە قوڕگم، ئیستا نە کۆکی کەی بکۆکیت، ڕۆکسانا ڕایکردو دەستی کرد بە لێدانی پشتم، تۆزێک دواتر کۆکەکەم بڕایەوەو لە کاتێکدا کە دەنگم بە تەواوی دەرنەئەهات، وتم:

- تۆ لێرە چی ئەکەیت؟

ڕۆکسانا- خۆت لێرە چی ئەکەیت؟

- لەگەڵ مانی هاتین بزانین لێرە هینە.

مانی- یانی ببینین شەوێک خەوتن لە میوانخانە چۆنە.

ڕۆکسانا- ڕقت لە ماڵەوە هەستاوە؟

- کێ ئەمانەی بە تۆ وتووە؟

مانی- من وتم.

- تۆ ناماقوڵیت کرد، بۆچی پێت وت؟

مانی- تۆ خەوتبوویت، ڕۆکساناخان تەلەفۆنی بۆ مۆبایلەکەت کردو منیش وەڵامم دایەوە.

ڕۆکسانا- سەیرکە هامون، ئەم کارە هەرگیز ڕاست نییە، تۆ نابێت لەبەر من لەگەڵ دایک و باوکت ڕق یان شەڕ بکەیت، من هەرگیز بە شتی وا ڕازی نیم، ئیستاش خێرا خۆت کۆبکەرەوەو بگەڕێرەوە ماڵەوە، ئەوان نیگەرانی تۆن.

پێکەنیم و وتم:

- رانیشه نان بخۆ.

ڕۆکسانا- گوێ لە قسەکانم ناگریت؟

- بۆ نا، گوێ نەگرم.

کەمێک هێلکەی مریشک و باسترمەم بۆ کردە ناو دەورییەک و خستمە بەردەمی.

وتی:

- من نانم خواردووە هامون.

- کەوایە شەربەتی پرتەقال بخوورەوە.

ڕۆکسانا- من هیچم ناوێت تەنها ئەمەوێت تۆ هەر ئێستا بگەڕێیتەوە ماڵەوە.

- من جاری ناگەڕێمەوە.

ڕۆکسانا- ئەبێت بگەڕێیتەوە، ئەگەر منت...

قسەکەی تەواو نەکردو لایکردەوەو سەیری مانی کرد، مانیش هەروا کە خەریکبوو نانەکەی ئەخوارد وتی:

- تو گیانی ئەو کەسەی کە خۆشتان ئەوێت هەرگیز وا بیرمەکەنەوە کە من لێرەم، من هەر بە مرۆڤ دامەنێن و بە دڵێکی ئاسودەوە بە قوربان و بەساقەی یەکتر بن.

ڕۆکسانا زەردەخەنەیەکی کردو هیچی نەوت، بە مانیم وت:

- هەستە بڕۆ خۆت بشۆو وەرە دەرەوە.

هەروا کە خەریکبوو نانەکەی ئەخوارد وتی:

- من پاکی پاکم.

- بڕۆ ئاوێک بکە بە لەشتدا.

مانی- کاتێک پاکی پاکم، بۆچی ئاو بکەم بە لەشمدا؟

- بڕۆ دەستێک بێنە بە دەم و چاوتداو وەرەوە.

مانی- ئاخر...

- دیسان دەست مەکە بە کەللەڕەقی.

تێکەیەکی کردو هەستاو وتی:

- یاخوا توشی دەرد بیت هامون.

دواتریش ڕۆشت بەرەو گەرماوەکە، ڕۆکسانا بە ئارامی پێی وت:

- ببوورن کاک مانی.

مانی- تکا ئەکەم، بەڵام خێرا خێرا قسەکانتان بکەن، برسیمە.

CamScanner

دواتریش ڕۆشت بەرەو گەرماوەکە، ڕۆکسانا وتی:

- بۆچی لەبەر من کاری وا ئەکەیت؟ من خۆ هەر لە سەرەتاوە پێموتی، لەسەر ڕێگەی من و تۆدا کێشەی زۆر هەن، ئەوە یەکەمیان.

- ئاخر خۆ شتێکی وا نەبووە.

ڕۆکسانا- ئەم قسانە چین هامون؟

- سەیرکە ڕۆکسانا، من تۆم خۆشئەوێ، ئامادە نیم لێت جیابمەوە، لەبەر ڕێزی دایک و باوکم، یانی باوکم، چونکە دایکم کێشەی نییە، لەبەر ڕێزی باوکم، جارێ ماوەیەک چاوەڕێ ئەکەین و هاوسەرگیری ناکەین، بەلام وەک دوو دەستگیران بە یەکەوە ئەبین.

هەر کە ئەمەم وت لەپڕ لە گەرماوەکەوە دەنگی قاقای پێکەنینی مانی هات.

- زەهری مار، ئیشی خۆت بکە.

هەر لە گەرماوەکەوە، هەروا کە پێئەکەنی وتی:

- سابونەکە لەدەستم خۆزا، پێکەنین گرتمی.

دووبارە ڕووم کردەوە ڕۆکساناو وتم:

- من دڵنیام باوکیشم بەمزووانە ڕازی ئەبێت.

دووبارە دەنگی پێکەنینی مانی بەرزبووەوە.

- مانی بێدەنگ ئەبیت یان نە؟

مانی- بەردی قاچەکەم لە دەست کەوت، پێکەنین گرتمی.

ڕۆکسانا- هاوسەرگیرییەک سەرەتاکەی ئاوا بێت، پێتوایە کۆتاییەکەی چۆن ئەبێت؟

- لای من گرنگ تۆیت، شتەکانی تر خۆیان بە خۆیان چارەسەر ئەبن، بەڵێنت پێئەدەم.

دیسان دەنگی پێکەنینی مانی بەرزبووەوە.

- مانی شەرم ناکەیت؟

مانی- لفکەکە لە دەستم کەوت، پێکەنین گرتمی.

- ئەگەر یەکجاری تر پێبکەنیت، من ئەزانم و تۆ.

ڕۆکسانا- سەیرکە هامون، ئەم قسانە دواتریش ئەتوانین بیانکەین، تۆ جارێ بگەڕێرەوە ماڵەوە.

- سەیرکە ڕۆکسانا، تۆ تەنها چەند ڕۆژ مۆڵەتم بدەرێ، بەڵێنت پێئەدەم هەموو شتێک چارەسەر ئەبێت، من دڵنیام هەر ئێستا دایکم خەریکە دەربارەی خۆمان لەگەڵ باوکم قسە ئەکات.

جارێکی تر دەنگی پێکەنینی مانی بەرزبووەوە، ئەمجارە چوومە پشت دەرگای گەرماوەکەو وتم:

- مانی! مەگەر من و تۆ بە یەکەوە تەنها نەبین.

مانی- بە گیانی تۆ شالەکەم لە دەست کەوتە خوارەوەو پێکەنین گرتمی.

ویستم بگەڕێمەوە بۆ لای ڕۆکسانا، مانی دووبارە وتی:

- سەیرکە هامون گیان، من ئێستا سێ دەستم داوە لە سەرم و دوو دەست لفکەو دەستێکیش شال و سابونم داوە لە لەشم، ئەگەر پێتوایە پاک بوومەتەوە با بێمە دەرەوە.

- تۆزێکی تر چاوەڕێ بکە، ئەمریت؟

مانی- ئاخر ئەو قسانەی کە ئێوە خەریکن ئەیانکەن شتێکی وا گرنگ نین کە نەتوانن لە بەردەم مندا بیانڵێن، لێرەشەوە ئەبیستم کە چی ئەڵێن، ئێ بهێڵن بێمە دەرەوە نانەکەم بخۆم، مردم لە برسا.

ڕۆکسانا- فەرموون کاک مانی، ئێوە ڕاست ئەکەن، فەرموون تکا ئەکەم.

مانی- زۆر مەمنون، هامون گیان قوربانی دەست و چنگت، ئەو خاولیەم بدەری.

تا لامکردەوە سەیری ئەمبەر بکەم بزانم خاولییەکە لە کوێیە دەرگای گەرماوەکەی کردەوەو هەر کە ئەهاتە دەرەوە وتی:

- یا الله.

لەپڕ ڕۆکسانا قیژاندی و ڕووی کردە ئەولاوە، ڕووم تێکرد تا شتێکی پێبڵێم، بینیم هەر بەو جلانەی کە ڕۆشتبووە گەرماو، هاتە دەرەوە، سەریشی وشکی وشک بوو.

- مەگەر خۆت نەشۆرد؟

مانی- نە.

- ئەی ئەو دەنگە چی بوو؟

مانی- دەنگی ڕژانی ئاو.

- خۆت نەشۆرد؟

مانی- مرۆڤی برسی خۆ گیانی تیا نییە لفکەو شال بەکاربهێنێت.

- ئەی چیت ئەکرد لەناو گەرماوەکەدا؟

مانی- دانیشتبووم و گوێم لە قسەکانی ئێوە ئەگرت.

- ئەزانی گوێگرتن لە قسەی کەسێکی تر کارێکی خراپە؟

مانی- یانی بۆ نموونە کاتێک ئەڵێن منداڵێکی گوێگرە، یانی منداڵێکی خراپە؟

ڕۆکسانا دەستی کرد بە پیکەنین و مانیش ڕۆشت بۆ سەر مێزەکەو دەستی کرد بە خواردن.

ڕۆکسانا- سەیرکە هامون، من تۆ بە تەنها لێرە جێناهێلم.

مانی- یانی بەندەش هەر مرۆڤ نیم.

ڕۆکسانا- ڕێزتان هەیە کاک مانی.

- ئەگەر تۆ نانەکەت بخۆیت و قسە نەکەیت؟

مانی- بۆچی نابێت هەر ئێستا، هەر ئێستا.

نیگەیەکی کردو خستیە دەمی و هەروا کە خەریکبوو هێواش هێواش ئەیجوی، تۆزێک سەیری منی ئەکردو تۆزێک سەیری ڕۆکسانا.

- ئاوا چاو مەبڕە ئێمە.

مانی- ئەی چیبکەم؟

- نانەکەت بخۆ.

مانی- دەی خەریکم ئەیخۆم.

- ئێ سەیری ئێمە مەکە.

مانی- ئەی سەیری کێ بکەم؟

- نانەکەت بخۆ، لانیکەم بزانیت خەریکیت چی ئەخۆیت.

مانی- باشە، هەرچی تۆ بڵێیت.

سەری داخست، بە ڕۆکسانام وت:

- من لێرە ڕەحەتم ڕۆکسانا.

ڕۆکسانا- ئاخر من نارەحەتم.

- تۆ نابێت نارەحەت بیت.

ڕۆکسانا- بەڵام من نارەحەتم.

- هۆکارێک نییە تا نارەحەت بیت.

ڕۆکسانا- زۆر هۆکار هەن بۆ نارەحەتی من.

مانی- ئاد... مەگەر وایەردکانتان داویەتی لە یەک، قسەیەکی تر بکەن، بابەتی قسەکردنەکەتان بگۆڕن، بەڵای ناخێرم خەریکم نان ئەخۆم.

- ج پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

مانی- ئێ ئێوە لە پەسا ئەڵێن نارەحەتم نارەحەتم، تێگەکە بە ڕەحەتی لە قورگم

ناچیته خوارەوە

مۆرەیەکم لیکرد، دووبارە سەری داخست.

ڕۆکسانا- کەوایە ئەگەر ناگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە، وەرە بۆ ماڵ ئێمە.

- نە، نامەوێت کەس بێزار بکەم.

ڕۆکسانا- ئەم قسانە چین؟ بۆچی شەرم ئەکەیت؟ لەوێ دوو سێ ژووری چۆڵی لێیە، تۆ بچۆ یەکیان

لەپڕ مانی کە تیکەیەکی گەورەشی بەدەستەوە بوو، سەیرێکی ڕۆکسانای کرد و وتی:

- ببوورن ئەو ژوورە چۆڵانەی کە فەرمووتان، لە کام نهۆمن؟

ڕۆکسانا- سەرەوە.

مانی- ئەوکات لە نهۆمی سەرەوە کێی تر ژووری هەیە؟

ڕۆکسانا- من و مریەم و سارا.

مانی- یانی مریەم خان و سارا خان پێیان ناخۆش نابێت ئێمە بێین و ببینە دراوسێیان؟

ڕۆکسانا- بۆچی پێیان ناخۆش بێت؟ زۆریش خۆشحاڵ ئەبن.

مانی- منیش زۆر خۆشحاڵ ئەبم، یانی ئێمە هەردووکمان خۆشحاڵ ئەبین، ئەوکات ببوورن، مریەم خان و سارا خان، بە شێوەیەکی ئاسایی شەوانە تا کاتژمێر چەند بێدارن؟ یانی مەبەستم ئەوەیە خۆشحاڵییەکەی ئێمە تا کەی درێژە ئەکێشێت؟

ڕۆکسانا دەستی کرد بە پێکەنین، منیش مۆرەیەکم لیکرد، بێدەنگ بوو و تیکەکەی خستە دەمی.

ڕۆکسانا- پوری خانم کاتێک زانی کە هاتوون بۆ ئوتێل، زۆر زۆر پێداگری کرد کە بێم و بتانبەم بۆ ئەوێ، ئێستاش چاوەڕێتانە.

- من هێشتا بارودۆخم ڕوون نییە.

ڕۆکسانا- بارودۆخی ناوێت، لەبری ئەوەی لێرە بیت، دێیتە ئەوێ، حەز ناکەیت لای من بیت؟ ها؟

- بۆ نا.

ڕۆکسانا- هەم لەلای منی و هەم مریەم و ساراش لەوێن، ئەوەندە خۆش ئەبیت! پوری خانمیشی لێیە.

کە ڕۆکسانا ئەمەی وت، مانی بە ئارامی هەستاو چوو لە تەنیشت سیسەمەکەی جانتاکەی هەڵگرت و گەڕایەوەو دانیشت، جانتاکەشی لە تەنیشت خۆی دانا.

سەیریکیم کردو بە ڕۆکسانام وت:

- دروست نییە بێین بۆ ئەوێ.

ڕۆکسانا- بۆچی دروست نییە؟

مانی- بچین بۆ ماڵی پورێمان دروستترە یا لێرە بمێنینەوە کە پڕە لە کەو و شتی تر؟

ڕۆکسانا- کەو چییە؟

مانی- باڵندەیەکە کە سەری ئەکات بە ژێر بەفردا.

ڕۆکسانا- ئێ؟

مانی- ئێرە شەوانە ڕاڕەوەکانی پڕە لە کەو، لەپەسا باڵیان لە یەک دەدەن و دەنگە دەنگ ئەکەن و لەبەرئەوەی دەرەوە سارده، ئەیانەوێت بێنە ژوورەوە.

ڕۆکسانا- ڕاڕەوەکانی ئێرە باڵندەی لێیە؟

- هەڵیت و پەڵیت ئەڵێ، وێلیکە.

ڕۆکسانا- کەوایە دانیشە نانەکەت بخۆو بڕۆین.

لامکردەوە و سەیری مانیم کرد، وتی:

- ئەگەر ئەمشەو لێرە بمێنینەوە لە هەموو جۆرو شێوەیەک باڵندە دێنە بەردەم ژوورەکەمان، ئەو کات دەنگە دەنگیان نایەڵێت تا بەیانی بخەوین.

هیچم نەوت و پەرداخە شەربەتە پرتەقاڵەکەم هەڵگرت و دەستمکرد بە خواردنەوەی و چەند خولەکێک دواتر، مانی چووە خوارەوە پارەی ئوتێلەکەیداو هەرسێکمان هاتینە دەرەوەو سوار ئۆتۆمبیلەکە بووین و کەوتینەڕێ بەرەو ماڵ پورێ و نیو کاتژمێر دواتر گەیشتین و ئۆتۆمبیلەکەمان پارک کردو چووینە ژوورەوە، پورێ هەر کە چاوی پێمان کەوت، خێرا هاتە بەردەرگا و بەدەم گریانەوە منی لەباوەش گرت و وتی:

- مەگەر پورت مردووە وا ئەچیت بۆ ئوتێل؟ ڕاستە پورێکی تەواو نەبووم بۆتان، ڕاستە کە لەپڕ و چەند ڕۆژێکە سەرو کەللەم دەرکەوتووە، بەڵام ئەوەندە غیرەتم هەیە کە ئێوە نەک وەک برازا بەڵکو وەک هاوڕێیەک، وەک منداڵەکانی خۆم لەسەر چاوم دانێم، جێی شەرمە وەلا!

دواتر مانیشی لە باوەش گرت و هەردووکمانی لەگەڵ خۆی بردە ژووری میوان و تۆزێک دواتر ڕۆکسانا چای بۆ هێناین و خولکی کردین و دواتریش لە ژوورەکە چووە دەرەوە، گوێم لە دەنگی مریەم و سارا بوو، بەڵام نازانم بۆچی نەهاتنە ژوورەوە، چاییەکەمان هەڵگرت، پورێ وتی:

CamScanner

- باوکت نارازی بوو یان دایکت؟

- باوکم.

پوری- ئەیوت چی؟

- کێشەی لەسەر ئەوە بوو کە ڕۆکسانا مەسیحییە، یانی زیاتر لەسەر ئەوە.

پوری هیچی نەوت و چاییەکەی هەڵگرت، مانی وتی:

- پوری گیان، ئێوە بۆچی قاوە ناخۆنەوە؟

پوری پێکەنی و وتی:

- هەندێ جار ئەیخۆمەوە، بەڵام کەم، یانی ئەترسم.

مانی- لە قاوە ئەترسن؟

پوری- نە سەگباب، قاوە خۆ ترسی نییە، لە دواییەکەی ئەترسم.

مانی- دواییەکەی چی تێدایە وا لێی ئەترسن؟

پوری- ڕۆکساناو ترمە پێیان نەوتوون؟

مانی- چی؟

پوری- فالا، فالی قاوە، من فال باش ئەگرمەوە، هەر لەوەش ئەترسم، یانی هەر کە قاوە ئەخۆمەوە ئیتر ناتوانم خۆم بگرم و خێرا کوپی قاوەکە دەمەو خوار ئەکەمەوە تا فالی پێ بگرمەوە، یانی چۆن بیلێم، باش ئەتوانم ڕۆحیەی مرۆڤەکانم بناسم و درۆی زلیان بۆ کەلەکە بکەم.

مانی- ئێ ئێستا کە ئەوەندە باش فال ئەگرنەوە، دانەیەکیش بۆ ئێمە بگرنەوە.

پوری- هەر قسەشی لێمەکە، مرۆڤ وا باشترە ئایندەی خۆ نەزانێت، چونکە ئەمانە هەمووی درۆو دەلەسەن، باوەڕبوون بە شتێک ئەخاتە مێشکی مرۆڤەوەو بێ ویست سەرنجی ڕائەکێشێت، ئایندە تەنها خوا ئەیبێت بیزانێت کە ئەیزانێت، دواتریش ئەمانە زۆربەی قسەی پڕوپووچ و درۆن، مرۆڤ ئالودە دەکەن، دوای ماوەیەکیش مرۆڤ لە هەلەی خۆی تێئەگا، یانی ئاوا بلێم بۆ نموونە تۆبەم کردووە کە ئیتر فێل لە مرۆڤەکان ناکەم.

چاییەکەمان خواردەوە، پوری وتی:

- ناڕەحەتی؟

- تۆزێک، ئەترسم باوکم شتێکی بەسەر بێت، دڵی کەمێک ناساغە.

پوری- ئیشەلا هیچ نابێت، کات خۆی هەموو شتێک چارەسەر ئەکات.

CamScanner

لە سەرەوە دەنگە دەنگ ئەهات، دەنگی گواستنەوەی کەلوپەلی ناومالا، توزێک دوانریش رۆکسانا و مریەم و سارا هاتنە ژووری میوان و سلاوو هەواڵپرسییان لەگەڵ کردین، رۆکسانا وتی:

- ژوورەکەتان ئامادەیە.

- خەریکبوون ژوورتان بۆ چاک نەکردین؟

رۆکسانا- ئامادەیە.

- ئاخر ئاوا ڕاست نییە.

پوری- ئیتر قسە مەکەن، هەستن بڕۆن بزانن باشە یان نە.

مانی- ئاخر بۆچی ئەوەندە زەحمەتتان کێشا؟ هامون ئەهاتە ژوورەکەی ئێوەو منیش ئەچوومە ژوورەکەی مریەم خان و ئەوان، ئێمە خۆ زۆربەی کات لە مال نین، ئەو شەو بە شەوەش کە دێینەوە لە سوچێکدا ئەخەوین تا بەیانی.

مریەم و ئەوان دەستیان کرد بە پێکەنین، هەستام بڕۆم بزانم چییان کردووە، مانیش هەستاو لەگەڵ رۆکسانا و ئەوان چووینە سەرەوە، بینیم رۆکسانا ژوورەکەی خۆی داوە بە من، سەیرێکم کردو وتم:

- ئەی خۆت؟

رۆکسانا- خۆم ئەچمە ئەو ژوورەیان.

- بڕۆین سەیری بکەین.

رۆکسانا- بۆچی؟

- ئەمەوێت ببینم.

هەر کە ویستی قسە بکات، چووم بەرەو ئەو ژوورەی کە وتی و دەرگاکەیم کردەوە، باماوە تەنها مێزی نووسینەکەی بردبووە ئەوێ و دەستی جێگەی نووستنیشی لە سوچێکی ژوورەکەدا ڕاخستبوو، هەر ئەوە، کارەکەی زۆر بە نرخ بوو لام، گریان قورگی گرتم، سەیرێکیم کردو وتم:

- وا ئەزانی من ئاوا ئاسودەم؟

رۆکسانا- ئەبێت ئاسودە بیت، چونکە من ئاوا ئاسودەم.

تەنها سەیریم کرد، مانی خێرا وتی:

- مریەم خان، سارا خان، ژوورەکەمانم پێ پیشان نادەن؟

ئەوانیش خێرا تێگەیشتن چی ئەڵێت و کەوتنە ڕێ بەرەو ژوورەکەی رۆکسانا، من و

ڕۆکسانا ماینەوە لە ژوورەکەی دواوە، پێموت:

- کارەکەت زۆر بە نرخ بوو لام.

ڕۆکسانا- ئەمە خۆ کارێکی وا گرنگ نەبوو، من گیانیشم دانەنێم لەپێناوتا هامون، من تا ئێستا عاشق نەبووم و تا ئێستاش هیچ کەسم خۆشنەویستووە و یەک دنیا عەشق لە دڵمدا کۆبووەتەوە، ئێستا کە تۆم دۆزیوەتەوە، هەمووی هی تۆیە، تۆ لەبەر من ڕقت لە دایک و باوکت هەستاوە، نایەڵم بە تەنها بمێنیتەوە، ئەم کارەی تۆش لای من بەنرخە، من تا کۆتایی ڕێگە لەگەڵتم هامون.

بە ئارامی دەستیم گرت و دەستم هێنا بە قژیدا، خەریکبووم سەیری چاویم نەکرد، پڕ بوو لە عەشق.

- منیش تا کۆتایی ڕێگە لەگەڵتم.

دەستی توند گوشیم و بە قاچی دەرگای ژوورەکەی داخست! دەریای ئاڵتونی! شەپۆل هێندەی چینەکانی قژ! بە قورسایی خەو! بە شیرینی هەنگوین! بە نەرمی نیگایەک! بە کورتی ساتێک!

مانی- هامون! هامون! نایەن؟

لەپڕ چەند دانەیەکی دا لە دەرگا، تازە بە خۆمدا هاتمەوە و پێکەنیم.

ڕۆکساناش پێکەنی و بە ئارامی وتی:

- نازانم لەپڕ چیم بەسەرهات.

- منیش نەمزانی، ناشمەوێت بزانم.

لەپڕ مانی لە پشت دەرگاکەوە وتی:

- بەڵام من زانیم

هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین و دەرگاکەمان کردەوەو چووینە دەرەوە، مانی سەیرێکی کردین و وتی:

- ئێوە دەرگاکەتان داخست؟

- نە، خۆی داخرا.

مانی- ئێ! چ دەرگایەکی هۆشمەندا! چاوی ئەلیکترۆنی هەیە؟

ڕۆکسانا سەری داخست و چوو بەرەو دەرگای ژوورەکەی، بە مانیم وت:

- بە تۆ چی؟ بۆ خۆت هەڵئەقورتێنی؟ دواتریش، با دەرگاکەی داخست.

مانی- ئەڵێم ئەگەر لێرەوە با دێت، چۆن لەولاوە نایەت؟ یانی ئەڵێم بەردێک بخە لای

دەرگاکە.

- وەرە بڕۆین، ئەوەندە هەلیت و پەلیت مەلێ.

وەستمان بچین بۆ ژوورەکەی ڕۆکساناو ئەوان، بەلام پوری لە خوارەوە بانگی کردین، ڕۆکساناو ئەوانیش گوێیان لە دەنگی بوو و هاتنە دەرەوەو هەموومان چووینە خوارەوە، پوری وتی:

- باش بوو هامون گیان؟

مانی- نایاب بوو پوری گیان، بە تایبەت دەرگای ژوورەکە زۆر نایابە، هامون پەلیەتی.

پوری سەیرێکی کردو وتی:

- چی؟

مانی- ئەڵێم ج دەرگاو بانێکی باشی هەیە ژوورەکان! داری باش، پتەو! هۆشمەند! کاتناس! گوێڕایەڵ!

ڕۆکسانا دووبارە سەری داخست، مۆڕەیەکم لە مانی کردو وتم:

- پوری پرسیاری لە من کرد نەک تۆ.

مانی- منیش لە جێی تۆ وەڵامم دایەوە.

پوری- شتە کۆنەکان باش و پتەو دروست ئەکران، ئەوانەی ئێستا گیانیان تیا نییە.

مانی- ئێستا گیانداریەکەیان بخەینە لاوە، تێگەیشتوویی دەرگاکان جێی سەرسوڕمانە! لەپڕ مریەم و سارا دەستیان کردە پێکەنین، پوری وتی:

- تۆ چی ئەڵێیت سەگباب؟

- ئەمە خۆ قسەیەکی باش ناکات.

پوری- بزانم خۆ تۆ ڕقت لە باوکت هەڵنەساوە؟

- بۆ نا، ئەمیش ڕقی کردووە.

پوری- ئەم ئێتر بۆچی؟

- بینی من ڕقم هەستاوە، ئەمیش ڕۆشت سەری خستە سەر مامم و هاواری مامم بەرزبووەوەو ئەمیش جانتاکەی هەڵگرت و دوای من کەوت.

من خەریک بووم ئەمانەم بۆ پوری باس ئەکردو مانیش خەریکبوو سەیری دەرگای ژوورەکانی ئەکرد، کاتێک قسەکەم تەواو بوو، ڕووی تێکردم و وتی:

- چۆن ئەم دەرگایانە خۆیان داناخرێن؟

مۆرەیەکی ترم لیکرد، خێرا وتی:
- ئەها، با تەنها ئەدات لە دەرگاکانی سەرەوە.
ئەمجارە خۆشم پێکەنین گرتمی، پۆری وتی:
- با لە سەرەوە چی ئەکات؟
مانی- بای ئەواو نییە خۆ، شەمالێکی لەسەرخۆیی سەر شار لە زیرەکییە.
بینیم خەریکە ئابڕوومان ئەبات، هەر بۆیە بە ڕۆکسانام وت:
- ڕۆکسانا ئەمڕۆ ئەچوون بۆ زانکۆ؟
ڕۆکسانا- نا، سبەینێ ئەچین، سبەی تاقیکردنەوەمان هەیە.
پۆری- کەوایە هەستن بڕۆن بەلای سەعییەکەتانەوە، هەستن.
ڕۆکسانا لایکردەوەو سەیرێکی منی کرد، دڵم لەرزی، هەرچی زیاتر سەیرم ئەکرد، زیاتر حەزم ئەکرد لەلام بێت، بەلام وتم:
- پۆری ڕاست ئەکات، بڕۆن بەلای سەعییەکەتانەوە، ئەو گرنگترە.
پێکەنینێکی جوانی کردو سەری ڕاوەشاند، قژە جوانەکەی هەمووی کەوت بە لایەکداو زۆر جوانتری کرد، هەستاو وتی:
- ئەگەر ئیشت هەبوو، بانگم بکە.
هەر کە ئەمەی وت مانیش خێرا وتی:
- منیش ئەگەر ئیشم هەبوو ئەتوانم مریەم خان و ئەوان بانگ بکەم یان نە؟
پۆری- تۆ ئەگەر ئیشت هەبوو، من بانگ بکە.
مانی- ئاخر ناشرینە لە پەسا ئیوە بخەمە زەحمەتەوە.
پۆری- مەگەر چەندێک ئیشت هەیە؟
مانی- زۆر، من هەموو کاتژمێرێک ئیشم بۆ دێتە پێش.
پۆری- ترمەش ئەم ڕەفتارانەت ئەزانێت؟
مانی- ترمە چییە؟ ئەوەی کە ملپێچی پێ دروست ئەکەن؟
- مانی ئەگەر پێم نەوت.
مانی- پێی بڵێ، مەگەر لێی ئەترسم.
- ئەری، وەکو سەگ.
هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین، مریەم و ساراش هەستان و مالئاواییان لێکردین و هەرسێکیان چوونە سەرەوە، من و مانی و پۆری ماینەوە، مانی وتی:

- پوری گیان کاریکی باشتان کرد به ئەمانەتان وت برۆن، ڕەوشتی مرۆڤ تێکئەدەن، لە پەسا لەبەردەم پیاوردا دانەنیشن و ئەیهێننە قسەو وای لێئەکەن لە بیری نەمێنێت کە ڕەستگیرانی هەیە.

- کاتێک کە بە ترمەم وت، بە دڵنیاییەوە ئەو ئەزانێت چی بکات تا هەموو ئەو شتانەت بیئەوە بیر کە لەبیرت کردوون.

مانی- تاوانی من چییە؟ ئەمانە لەگەڵما قسە ئەکەن، شەڕ لەگەڵ ئەمانەدا بکە.

- ئەم داماوانە کەی قسەیان لەگەڵ تۆ کردووە؟

مانی- قسە ناکەن، ئاماژەم بۆ ئەکەن، ئاماژەش وەکو قسەکردن وایە.

- دیسان دەست بکەرەوە بە هەڵیت و پەڵیت وتن.

پوری- مریەم و ئەوان لەو کارانە نازانن.

مانی- ئێ... پوری گیان ئەتەوێ فێریان بکەم؟

پوری دەستی کرد بە پێکەنین، بە پورێم وت:

- پوری پاشماوەی چیرۆکی ژیانتمان بۆ ناگێڕیتەوە؟

پوری- ئەزقەزا بۆیە بە ئەوانم وت برۆن تا بۆتان بگێڕمەوە.

مانی- ئەکرێت ئێوە ئەوەکەی تری بۆ هامون بگێڕنەوەو من بڕۆم تۆزێک یارمەتی ئەمانە بدەم لە وانەکانیاندا؟ من لە بیرکاریدا زۆر باشم.

- مانی دانەنیشیت یان نە؟

مانی- ئێ دانیشتووم.

- یانی ئیتر قسە مەکە.

پوری پێکەنی و دواتر وتی:

- ئیشەلا هەمیشە شاد و دڵخۆش بن، ئیشەلا هەمیشە سێبەری دایک و باوکتان بەسەر سەرتانەوە بێت، ئەمڕۆ لێرە شتێک ڕوویدا کە دڵم ئاگری تێبەربوو.

- چ ڕوویدا؟

مانی- لە مال ئێوە؟

پوری- نە، لە کۆڵانەکەمان، یانی لەسەر کۆڵانەکە گەنجێکی لێیە کە دایکی هاوڕێمە، باوکی داماوە دوو سال پێش ئێستا جەڵدە لێیدا، یانی لەتاو فشاری ژیان جەڵدە لێیدا، داماوە لە دوو شوێن ئیشی ئەکرد، هەشتی بەیانی تا چواری دوانیوەڕۆ لە شوێنێک، پێنجی دوانیوەڕۆش تا دەی شەو لە شوێنێکی تر، ئیتر کاتێک کە ئەهاتەوە ماڵەوە وەک

جەنازە وابوو، موچەیەکی ئەدا بە کڕینی خانوو ئەوی تریشیانی ئەوەندە بوو کە نان و پەنیرێکی پێبکرێت و بیدات بە ژن و منداڵەکانی بیخۆن، ئاوا ژیانیان بەڕێوە ئەچوو تا کچ و کوڕەکەی گەورە بوون و کچەکەی داواکاری هات و بە قەرزو قۆڵە جیازییەکەی بۆ پێکەوە ناو ناردییە ماڵی خۆی، مایەوە کوڕەکە کە ئەویش دوای ماوەیەک عاشقی کچێک بوو، ئەمەیان ئیتر هیچی لەگەڵ نەئەکرا، باوکەکە خۆی ماڵ و ژیانی نەبوو، ئیستا چۆن ئەتوانی ژن بۆ کوڕەکەی بهێنێت، داماوە لەم دواییەکەدا وەک مەکینەی لێهاتبوو، تەنها کاری ئەکرد، خۆزگە لانیکەم ئەیتوانی چوار قڕان پەیدا بکات، لە کۆتایی مانگدا چی وەرئەگرت یا ئەیدایەوە بە قەرزو قۆڵەی جیازی کچەکەی یان ئەیدا بە کڕینی خانوو و ئەو دوو قڕانەش کە ئەمایەوە ئەیانخوارد، دەی مرۆڤ مەگەر چەند تاقەتی هەیە؟ مەکینەش ئەگەر شەو و ڕۆژ کاری پێبکەیت هەر خراپ ئەبێت، سەرەنجامی ئەم داماوەش هەر وا بوو، لەتاو خەمی کوڕەکەی جەڵدە لێیداو کەوتە سوچی ماڵا، یانی نان پەیداکەری ماڵ خانەنشین بوو، کوڕەکەش وازی لە زانکۆ هێناو ڕۆشت بە دوای کاردا، بەڵام کوا کار؟ بە کورتی لەم دەرگا بدەو لەو دەرگا بدە، بوو بە چایچی و پاکەوانی کۆمپانیایەک، جا ئیتر بە موچەی چەندێک؟ خۆتان ئەزانن، یانی ئەگەر وەرییگرتایە، نیوەی کرێ خانووەکەشیان نەئەبوو، دەرودراوسێ کە بینییان ئاوایە، هەڵمەتێکیان کردو چەند ئەفەر یەکیان گرت و هەر ڕۆژێک یەکیان کوڕەکەی بانگ ئەکرد بۆ ماڵەکەی تا بۆ نموونە سەعی بیرکاری بە منداڵەکەی بکات، ئیستا کە تۆ لە قسەکانتا باسی بیرکاریت کرد، ئەو ڕووداوەم کەوتەوە بیر، بە کورتی، بە هیمەتی دراوسێکان کڕینی خانووەکەیان بەمجۆرە چارەسەر کرا، بەڵام ژیان چۆن ئاوا بەڕێوە ئەچێت! خواردن و خۆراکیان لەلایەکەوە، تێچووی داو و دەرمانی باوکەکە لەلایەکی ترەوە، لێرەدا بوو کە دایکی، یانی هاوڕێکەی من، لێی ئەنەوێت و ئەڕوات بەدوای کاردا تا ئەویش پارەیەک پەیدا بکات، سەرەتا ئێمە ئەمانزانی کارەکەی چی بوو، بەڵام دواتر دەرکەوت ڕۆشتبووە کۆمپانیایەک کە تایبەت بوو بە خزمەتگوزاری و پاککردنەوە، بوو بوو بە کارەکەر، جا ئیتر نازانم مێردەکەی چۆن بوو بەمەی زانی، غیرەتی بەمە ڕازی نەبوو، بۆ ئەوەی نەبێتە سەرباری ئەوان، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

- خۆی کوشت؟

پورێ- ئەرێ داماوە، نازانم شەو چی خواردبوو، بەیانی تەرمەکەیان لەناو جێگەکەی هێنایە دەرەوە، نامەیەکیشی نووسی بوو لەژێر پشتییەکەیدا دۆزییانەوە، نوسیبووی

CamScanner

ئیتر شەرم ئەکەم سەیری ناوچاوی ژن و منداڵەکانم بکەم، هەر بۆیە خۆم ئەکوژم تا لانبکەم باریک لەسەر شانیان هەڵبگرم، بە قوربانی بم، پرسەکانی ئیمەش خۆ چەند ئەوەندەی هاوسەرگیرییان تێئەچێت، خواردنی هاوسەرگیری شەوێکەو هی پرسە چەند شەو، سوپاس بۆ خواش لەم چەند ساڵەدا تا هاوسەرگیرییەک ئەکرێت دە پرسە ئەبینین، سەرتان نەیەشێنم، دوای ئەو خوا لێخۆشبووە، کوڕەکە ئەوەندە کاری کردو کردو کرد، بەڵام ئەوە هیچ کە بە کچەکە نەگەشت، ئەوە هیچ کە بارودۆخی باش نەبوو، ئەوە هیچ کە خەم و خەفەتی دایکەکە کەم نەبووەوە، لەتاو داماوی و بێ چارەیی، کوڕەکەش بە دوای باوکەکەدا ڕۆشت.

- ئەویش خۆی کوشت؟

پوری- نە، دڵی وەستا، ئیستا ئەوە لە هەمووی خراپترە کە داماوە چۆن مردووە، گوایە شەوەکەی کەمێک ئازاری دڵی هەبووە، دایکی هەرچی لێی ئەپرسێت چیتە، هیچ ناڵێت، شەو کە ئەخەوێ، خراپتر ئەبێت، ئەچێتە سوچێکی ژوورەکەو چوار مشقی ڕانەنیشێت و هەر لەوێدا جەڵدە لێی ئەدات، نازانن دایکی چی ئەکرد! ئەم کۆڵانەی هێنابووە سەر خۆی، قیژەی وای ئەکردو جنێوی وای ئەدا کە هەر مەڵێ، جنێوی بە دارو بەرد ئەدا بە جۆرێک کە ئێمە وتمان ئیستا دێن ئەیگرن و ئەیبەن، یانی ئیتر جیاوازی نەبوو بۆی، وا دیار بوو شەو کە کوڕەکەی دڵی ئازاری هەبووە، لە ماڵەوە پارەیان نەبووە کە بیبەن بۆ لای دکتۆر.

جگەرەیەکی داگیرساندو پێکەنینێکی تاڵی کردو وتی:

- چ دنیایەکە!

- بۆچی دایکەکە قەرزی لە دەرو دراوسێ نەکردبوو؟

پوری- چەندجار بێت؟ لە خودی من سێ جار قەرزی کردبوو و نەیتوانی بوو بمداتەوە.

- ئێ شتێکی ناومالی بفرۆشتایەو کوڕەکەی ببردایە بۆ لای دکتۆر.

پوری سەبرێکی کردم و پێکەنی، مانی وتی:

- بە نەفەرێکیان وت گەنمان نییە، وتی چش، نانی وشک ئەخۆین.

پوری- ئەم گوناهی نییە، یانی ئەم شتانەی نەبینیوە، ئیشەڵا هیچ کاتیش نایبینێت، ئیشەڵا هیچ کەس ڕۆژی واو شتی وا نەبینێت.

مانی دوو جگەرەی داگیرساندو یەکیانیدا بە من و هەرسێکمان بێدەنگ بووین،

توزیک دواتر مانی که روخساری زۆر خەمبار بوو، دەستی کرد بە گیرفانیداو کیفەکەی دەرهیناو گردیەوەو حەوت هەشت چەکی پارەی لەناوی دەرهیناو سەیری کردن، من و پوری خەریکبووین سەیرمان نەکرد، وتی:

- هەمیشە کاتیک شوینیک ئاگری نەگریت، مرۆڤەکان ئەم کاغەزانە لەبەردەم ئاگرەکە لانەبەن و رزگاریان نەکەن، ئیستا لەم ئاگرەیاندا، ئەم کاغەزانە نەتوانن مرۆڤەکان رزگار بکەن، ئەمرۆ ئیتر ئەم کاغەزانە چارەنووسی مرۆڤەکان دیاری نەکەن.

دواتر لایکردەوەو سەیری ئیمەی کردو وتی:

- چی بوو بەڕاست؟ بڕیار نەبوو ئاوای لیبیت.

دواتر چەند چەکیکی خستە سەر میزەکەو کیفەکەی خستەوە گیرفانی، پوری وتی:

- بۆچی لەویا داتنان؟

مانی- من ئەمانە ئەدەم بە بۆن و قۆنەرەو پانتۆل و ئەم شتانە، تا هەم بۆنم خۆش بیت هەم قۆز بم، ئیستا ئیوە لەلایەن منەوە ئەمانە بدەن بەو دایکە، ئاوا من زیاتر بۆنخۆش و قۆز ئەبم، ئیستا کە باوک و کوڕە ڕۆیشتن و نەمانزانی، با دایکەکە رزگار بکەین.

پوری سەیرێکی کردو لەپڕ فرمیسک بە چاویدا هاتە خوارەوەو وتی:

- خۆزگە چەند دانەیەکیش لەم دڵە لە سنگی ئەوانەدا بوایە کە شتیان لەدەست دیت.

دواتریش هەستاو کوپەکانی هەڵگرت و لە ژوورەکە چووە دەرەوە، لامکردەوە و سەیری مانیم کرد، وتی:

- هەمیشە کاتیک دەستم بەر ئەمانە ئەکەوت هەستیکی خۆشم لا دروست ئەبوو، هەمیشە دڵم پێیان خۆشبوو، یانی زۆر جوان بوون لام، بەڵام ئیستا زۆر ناشرینن لەبەرچاوم.

- نە، ئەمانەی کە ئیستا لەسەر ئەو میزەن، زۆر جوانن مانی! سەیریان بکە.

لایکردەوەو سەیرێکی کردن وتی:

- ڕاست ئەکەیت، دووبارە جوان بوونەوە.

- کاتیک جا ئیتر بە هەر هۆکارێک، ئەم پارچە کاغەزە ڕەنگاو ڕەنگانە ژیانێک رزگار ئەکەن، جوان ئەبن

هەردووکمان بیدەنگ بووین، پوریش بە سینییەک چاییەوە گەڕایەوە و خستیە سەر میزەکەو وتی:

CamScanner

- هەلبگرن با سارد نەبێتەوە.

بەگی دانەیەکمان هەلگرت، وتی:

- ئەو رۆژەی کە لەناو گالیسکەکەدا دانیشتبووم و لەگەل باپیرتان و میردی پورەکانم ئەگەرایەوە بۆ ماڵەوە، هەولمدا شارەزای ریگەکە بم تا لەوانەیە رۆژێک بتوانم بێمە سەر گۆری دایکم، بەڵام ئەوە هیچ کە فێری نەبووم، ئیتر نەشمتوانی بچمە سەر گۆرەکەی، چەندین سال دواتریش کە رۆشتم، ئەو ناوە ئەوەندە گورا بوو کە ئەگەر ناونیشانی گۆرەکەیشیم بە ئەواوی بزانیایە نەمدەدۆزییەوە، ج بگات بەوەی کە هیچ ناونیشانیکم نەبوو لێی، یانی دوای چەند سال ئەو ناوە هەمووی ناوەدان کرابووەوە، بە کورتی ئەو رۆژە گەرایەوە ماڵەوەو پورەکانم کاتێک خەیالیان ئاسودە بوو کە دایکم چووەتە ژێر خاک، لەناو دەرودراوسیدا بڵاویان کردەوە کە براژنیان بە شەودا لە ماڵ دەرچووەو بریکی زۆریش ئالتونی دزیوەو گەراوەتەوە بۆ ڕوسیا، خەلکیش بڕوایان کردو ماوەیەکیش ئەم بابەتە بوو بوو بە بنیشتە خۆشەی سەردەمیان و دواتریش وردە وردە لەبیر کراو ڕۆشت بەلای کاریەوە، ئیستا دیینە سەر خۆم، تا ئیستا کە گێڕاومەتەوە ژیانی دایکم و باوکی و باپیرەو داپیرەی بوو.

چاییەکەی خواردەوەو جگەرەیەکی تری داگیرساندو وتی:

- ئاغایەک کە ئێوە بن، تا چەند ڕۆژێک من ئازیز بووم و یادگاری ژنە جوان و خانم و سەلارەکەی باپیرتان، بەڵام لەویوەی کە ئەو مرۆڤە، یانی باپیرتان، مرۆڤێکی دنیاپەرستی پارە خۆشەویستی ویلەکی کەمتەرخەم بوو، دووبارە ڕووی کردەوە ماڵی دنیاو وردە وردە منی لەبیرکرد، یانی نەک ئەوەی کە منی نەئەبینی و چوار قسەی لەگەل نەئەکردم، نە، بەڵام ڕێک وەک کچی دراوسییەک وابووم کە هاتووەتە ئەو ماڵە تا بۆ نموونە لەگەل منداڵەکانیاندا یاری بکات و بڕوات، کاتێک منی ئەبینی و سلاوم لێئەکرد، وەڵامی ئەدامەوەو خێرا لێی ئەپرسیم نان و چایت خواردووە؟ یا بۆ نموونە نانی نیوەڕوت خواردووە؟ یا نانی ئێوارەت خواردووە؟ منیش یا ئەموت ئەری ئەویش خێرا ئەیوت ئەها، یا ئەموت نە ئەویش خێرا ئەیوت بڕۆ بیخۆ، هەر ئەوە، هەر ئەوە، هەر ئەوە، باوکم بەو زەبەلاحییە تەنها ئەو چوار قسەی هەبوو لەگەل من بیکات، بەڵام نە خوایە، دڕوم کرد، ئەم شەوی جەژن بۆ ئەو شەوی جەژنیش دەستێک جل و چارشێویکی بۆ ئەکڕیم یان ئەیوت بۆم بکڕن و کاتێک لەسەر سفرەی حەوت سین، هەموومان لە دەوری یەک کۆئەبووینەوە، لەویش یەک دوو قسەی لەگەل ئەکردم، یانی کاتێک جلە تازەکانی

له بەرمدا ئەبینی، ئەیوت جلەکانت جوانە؟ ئەگەر بموتایە ئەرێ، ئەیوت پیرۆزت بێت، ئەگەریش بموتایە نە، دیسان ئەیوت پیرۆزت بێت، کاتێکیش کە سال ئەگۆڕا، هەموان ئەو مۆلەتەیان هەبوو کە هەستن و دەستی ماچ بکەن، منیش لە کۆتایی هەموانەوە ئەو شادیە ئەبوو بە بەشم کە دەستی باوکم ماچ بکەم و ئەویش پێم بڵێت (لە پەنای خوارا)، چەند شەوی سەرەتا بە یەکەوە هەر لەو ژوورەدا ئەخەوتین، بەڵام دواتر دایکی پێی وت، ج مانایەکی هەیە کە کچێکی دە دوازدە ساڵە لای باوکی بخەوێت؟ من لە تەمەنی ئەمەدا منداڵێکیشم بوو بوو، دوای ئەوە جێگەکەمی لە ژوورەکەی خۆیدا دانەخست و بوو بووم بە کەنیزەکی گوێ لە مستی خانم و لیفەو دۆشەکەکەم چووە خوار قاچی خانمەوە، ک ئەڵێم کەنیزەکی گوێ لە مست یانی کەنیزەکی گوێ لە مست، نەکا وا بیر بکەنەوە ک خەریکم نموونەیەک ئەهێنمەوە، نەوەڵا، هەر لە بەیانییەوە کە لەناو جێگەکەیەوە بە نوکی پێی لێی ئەدام و بانگی ئەکردم، تا کاتێک دووبارە جێگەکەیم بۆ ڕائەخستەوە و سەری ئەخستە سەر زەوی و ئەخەوت، پەیتا پەیتا فەرمانی جارسکەری دەرئەکرد، عەزرا جێگەکان کۆبکەرەوە، عەزرا سەماوەرەکە داگیرسێنە، عەزرا سفرەکە ڕاخە، عەزرا پیالەو قۆرییەکان بشۆ، عەزرا گسک بدە لە حەوشەکە، عەزرا جلە سپییەکان بشۆ، عەزرا دان بدە بە مریشکەکان، عەزرا ئەو سەوزە پاک بکە، عەزرا ئەو برنجە ببژێرە، عەزرا فڵان کار بکە، عەزرا فیسار کارت نەکردووە، عەزرا تەمەڵ بوویت، عەزرا سەرەتا باش کارت ئەکرد، عەزرا ئەوەندە دانیشتوویت خەریکە وەکو ورچت لێدێت، عەزرا.....

سوێند بە خوا ئەیئەهێشت یەک خولەک ئاسودە بم، کاری ئەم تەواو ئەبوو ئەویتر بانگی ئەکردم، کاری ئەو تەواو ئەبوو فەرمانەکانی ئەوی تر دەستی پێئەکرد، منداڵی ئەمیانم ڕانەگرتبوو بۆ میزکردن، منداڵی ئەویان میزی ئەهات، تارەتم بۆ ئەمیان نەگرتبوو، ئەویان خۆی پیس ئەکرد، چی بڵێم؟ چی بڵێم؟ چی بڵێم؟ چیم کێشا خوایە من لە دەست ئەو داپیرەو ئەو دوو پورە؟! ئەوەش بڵێم کە دایکی لێی نەئەدام، یانی هەمیشە لە هەر کوێیەک کە دانەنیشت، ئەیوت لەبەرئەوەی عەزرا هەتیوە، من لە خوا ئەترسم و دەستی لێ بەرزناکەمەوە، بەڵام لەبری ئەو دوو پورەکەم تۆڵەیان ئەکردەوە، هەر کاتێک کە دایکەکە لە دەستم ناڕەحەت ئەبوو و هەستی ئەکرد کە ئەبێت لێم بدات و بە قسەی خۆی لە خوا ئەترسا، ئاماژەیەکی بۆ کچەکانی ئەکردو ئەوانیش لە جێی دایکیان زەحمەتیان ئەکێشاو لێیان ئەدام تا ترس لە خواکەی دایکیان تێک نەچێت، تێپەڕی بەڵام نەک وەک بروسکەو با، شەش مانگ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی، لەو شەش مانگەدا کاتێک

CamScanner

پشووم ئەدا کە دە دەسک سەوزەیان ئەخستە بەردەمم تا پاکی بکەم، ئەمە کاتی پشووم، ئەو کاتەش دلم خۆش ئەبوو کە گوێنییەک برنج یان لەتکەنۆک یان نیسک یا هەر شتێکی تریان پێدام تا بیبژێرم، حەزم لەم کارەیان بوو، هەرچەند دواتر کاتێک کە هەڵئەستام ئیتر نە ئەو قاچانە هی من بوون نە ئەو کەمەرە، تا کاتژمێرێک هەروا بە چەماوەیی ئەمامەوە، بەڵام حەزم لێی بوو، سینییەکی گەورەیان ئەخستە بەردەمم و دەمی گوێنییەک برنجیان ئەخستە سەری و ڕایان ئەسپارد کە تا ئەگەڕێنەوە پاکم کردبێت و ئەڕۆشتن، منیش سەرم دائەخست و دەستم ئەکرد بە کارکردن، بەڵام ئاگادار بووم و هەر کە دەوروبەرم چۆل ئەبوو، برنجەکانم لەسەر سینییەکە پان ئەکردەوەو خەونەکانم ئەبوون بە شێوەو ئەهاتنە سەر سینییەکە، بە برنجەکە ئەو کۆشکەم دروست ئەکرد کە دایکم لەگەڵ باپیرەمدا تیایدا ئەژیان، شێوەی دایکمم دروست ئەکرد کە لەسەر ئەسپ بوو و تفەنگی بەدەستەوە بوو، شێوەی دایکمم دروست ئەکرد کە دە دانە کارەکەر و نۆکەر بە دەوریەوەن، ناوی پورەکانم و دایکیان و باپیرتان و مێردی پورەکانمم ئەنا لە کارەکەرو نۆرەکەرەکان، برنجەکەی سەر سینییەکەم پان ئەکردەوە وەک ئەوەی کە هەموو شوێنێک بەفر گرتبێتی و لە ناوەڕاستەکەیدا بەربەستێکم دائەنا لەگەڵ چەند خانوویەک و کۆمەڵێک کچ و کوڕ کە لە ناوەڕاستی ڕێگەکەدا دەستی یەکتریان گرتووەو خەریکن بە ڕێگەدا ئەڕۆن، ئەوکات خۆم ئەو گۆرانییانەم ئەوت کە دایکم فێری کردبووم، هەمیشەش مشتێک زبخ و وردە بەردم ئەخستە گیرفانمەوە تا ئەگەر لەپڕ پوورەکانم هاتنەوە، پیشانیان بدەم کە یانی خەریکم برنج پاک ئەکەم، بەڵێ شازادەکان ئەمە دڵخۆشی من بوو، ئێوە ئەزانن چل پەنجا کیلۆ برنج بژاردن یانی چی؟ ئێوە ئەزانن پاککردنی دە مەن سەوزە چ مانایەکی هەیە؟ یانی کچێکی دە دوازدە ساڵە لە بەری بەیانییەوە تا بانگی نیوەڕۆ لە سوچێکدا دابنیشێت و لەجێش نەجوڵێت، تازە ئەگەر دەستیشی خێرا بێت، ئەگەریش خوانەکەران بهاتنایەتەوەو بیانبینیایە کە سەوزەکان خەسار بوون، ئەوە ئیتر واوەیلا! لەبیرمە شەوان کە دوایین ئەرکم، یانی ڕاخستنی جێگەکان و دانانی گۆزە ئاوم لەسەر سەری خانمەوە ئەنجام ئەدا، مۆڵەتم هەبوو کە لە خوار قاچییەوە خەوی مەرگم بکەم، سەرم نەخستبووە سەر سەرینەکە خەوم لێئەکەوت، بەڵام درێغ بۆ خەو بینینێک! ئارەزووم بوو کە شەوێک دایکم لە خەودا ببینم، بەڵام ئەوەندە ماندوو بووم کە یان خەوم هەر نەئەبینی یا ئەگەریش بمبینیایە بەیانی لەبیرم نەبوو، ئەوانەشی کە تاک و تەرا ئەمبینین و لەبیرم ئەمان، ئەو کارانە بوون کە بە ڕۆژەکەیدا کردبوومن، قاپ شۆردن، جل شۆردن، تەوالێت

شۆردن، زەوی شۆردن، شت پاککردنەوە، میز بەمندال کردن، ئیستا هەموو ئەمانە ئەکەین بە گول و ئەیدەین لە سەرمان، ئەمانە هەمووی باش، ئەمانە هەمووی خۆشەویستی، ئەمانە هەمووی ئەرک، بەدبەختی شتێکی تر بوو، کاتێک کە ماندوو و مردوو، وەکو تەرم ئەچوومە ناو جێگە، من لەتاو ماندوویەتی چاوم هەڵنەئەهات و خانم تازە دەستی ئەکرد بە وتاردان و ئامۆژگاری کردن، ئەویش شتی چۆن! چۆن فێرکردنێک! چۆن پەروەردەیەک! هەر کە ئەمویست بخەوم ئەیوت عەزرا نەخەوتوویت؟ ئێ منیش ئەمتوانی چی بڵێم؟ یانی مەگەر ئەموێرا بڵێم نە؟ خانم دەستی پێئەکرد، ژن ئەبێت گوێڕایەڵی مێردەکەی بێت، ئەگەر وتی بمرە، بمرێت، دایکی باوک یانی خوا، یانی پیرۆز، وای لەو ڕۆژەی کە بە دەنگی بەرز وەڵامی سڵاوەکەیان بدەیتەوە! ئاگری دۆزەخ بڵیسە بڵیسە، سوتەڵەدار، خەروار خەروار، قیری گەرم، بەرمیل بەرمیل، دووپشک لە ڕادەبەدەر، سەدهەزار سەد هەزار، مار، پێنج سەد هەزار پێنج سەد هەزار! نازانم چۆن و بۆچی ئەم هەمووەیان ئامادەکردبوو بۆ کچێکی منداڵ کە لەم دنیادا بۆ پوورەکانی و دایکیان باش کارنەکات و کارەکەرێکی باش نەبێت یان خوانەکەران نازو فیزیان بەسەردا بکات، یا زمانم لاڵ بێری خراپ لەبارەی باوکییەوە بکاتەوە؟! جۆرێکیش دۆزەخیان بۆ دروست کردبووم کە پارچەیەک زەوی بۆ بەهەشت نەمابووەوە و ئەگەریش مابووەوە ئاگری دۆزەخ وا کڵپەی ئەسەند کە تەواوی دارودرەختەکانی بەهەشتی ئەسوتاندو ئەیکردن بە خەڵوز، بەهەشتێکی بچوک هێندەی باخچەیەک و دۆزەخێکی گەورە هێندەی وڵاتەکەمان، بەهەشتێکی چۆڵ و هۆڵ و دۆزەخێکی قەرەباڵغ و لێواڵێو، بەهەشتێک کە دەرگاکەی بە ڕووی هەموواندا داخرا بوو بە دیواری بەرزەوە و دۆزەخێک بە دەرگای کراوە و بەبێ دیوار کە لە دووری سێ فەرسەخەوە ئاگرەکەی دیار بوو و جێگەی هەبوو بۆ هەر کەسێک کە ئەمرد، بەهەشتێک کە بە یەک کاری هەڵە، یەک وشەی خراپ لە مرۆڤ ئەسەندرایەوە و دۆزەخێک کە بە کارێکی بچوکی خراپ ئەبوو بە بەشی مرۆڤ، بەهەشتێک کە بۆ چوونە ناوی هیچ ئومێدێک نەبوو مەگەر ئەوەی کە چاوت دابخەیت لە ئاستی تەواوی شادی و خۆشی و چێژ و پێکەنین و پشوو و گاڵتەو چی و چی و چی و دۆزەخێک کە زۆر بە ئاسانی ئەچوویتە ناوی، ئەزموونێک بە لەسەدا یەکی چانس و لەسەدا نەوەدو نۆی ئائومێدی، ئاسۆی جوان و گەش، فریشتەگەلی چالاک کە دە دە ڕاسپێردرا بوون بۆ نووسینی کارە خراپەکانمان و بۆ ساتێک چاویان لێک نەئەنا، یان نەیانئەتوانی لێکی بنێن و یەک فریشتەش کە بەردەوام بێکار بوو بۆ نووسینی کارە

پاشەکانمان کە بە زۆری کاغەزەکانی بە سپیتی و دەست لینەدراوی ئەمانەوە، پێش خەو، مژدەی ژیانی دوای مردن، ئەلبەتە ئیتر هەموو ڕێگەی دوای مەرگ موو بە موو شارەزا بووم، هەر کە گیان لە جەستەمان دەرئەچوو، پرسیار و وەلامێکی کورت، لەبەرئەوەی چارەنووسمان هەر لە سەرەتاوە دیارە، ڕێک بۆ دۆزەخ، کارنامەیەکی (نامەی ئەعمال) ڕەش بە دەستمانەوەو ڕوومان لە کارنامەکەمان ڕەشتر، چاوەڕوانی سەرەبووین کە ئاگرەکە ئەبێتە بەشمان، یان قیری گەرم یان سوتەلەدار یان دووپشک و مار، بەلام سوێند بە خواوەندی خوا، بەو منداڵییەی خۆم ئەمزانی کە درۆ ئەکات، یانی خوێندەواری و تێگەیشتنەکەی بەو شتانە ڕاناگات، ئەمزانی خواوەند، بەو شێوەی کە ئەمە ئەڵێت، خرایەکی نامیهرەبان نییە کە نەبورێت و نەبەخشێت، ئەمزانی ئەگەر خواوەند خراپەیەکمان ببینێت، لە دە دانەیان چاوپۆشی ئەکات و ئەیبەخشێت، بەلام ئەو پیرەژنە وازی نەئەهێنا، ئەوەندەی ئەوت و ئەوت، تا خۆیشی خەو ئەیبردەوە، منیش لە پەسا خەوە نوچکەم ئەکردو گوێم لە هەڵیت و پەڵیتەکانی ئەگرت و دواتریش کە پرخە پرخی بەرز ئەبووەوە، منیش خەوی مەرگ ئەیبردمەوە تا دووبارە ڕۆژێکی نوێ دەستپێبکەم، دوای شەش مانگ، ڕۆژێک بینیم پورێکانم و دایکیان بە یەکەوە چپە چپیانە، زانیم کە شتێک هەیە، هەرواش بوو، ئەیانویست ژن بۆ باپیرتان بهێنن، ئەلبەتە باپیرتان ئیتر بۆ خۆی بوو بوو بە شاپیاو، ئێستا ئیتر سامانەکەی دایکمی دەرخستبوو، چەند دانە نووسینگەی کارو زەوی و گالیسکەی تایبەتی و چی و چی و چی، ئێستا ئیتر ئەبوو لە چینی خانەدان ژنیان بۆ بهێنایە، هەرواشیان کرد، هەفتەیەک بەسەر چپە چپەکەیاندا تێنەپەڕی بوو، هەموویان خۆیان کۆکردەوەو کەوتنەڕێ کە بڕۆن، پێش ئەوەی کە بڕۆن خانم گەورە منی بانگ کردو وتی ئەمشەو بۆ نانی ئێوارە بانگهێشت کراون بۆ شوێنێک و درەنگ ئەگەڕێنەوە، وتی ئاگام لە ماڵەکە بێت و ئێشەکانم بکەم و دواتر بخەوم تا ئەوان دێنەوە، دواتریش هەموویان لێیانداو ڕۆشتن، من ئەڵێیت، لە پڕ ترسم لێنیشت، خانوویەکی گەورەو کچێکی منداڵی دە دوازدە ساڵە تەنگی خۆرئاوا بوو، خانووی ئەوساش وەک ئاپارتمانەکانی ئێستا نەبوون خۆ، حەوزێکیان هەبوو کە هەر مەپرسە! دەرو دیواری کۆن و بەرزو لە خشت دروستکراو، ژێرزەمینی گەورەو تاریک کە هەرکامێکیان بە حەوت هەشت قادرمە بۆی ئەچوویتە خوارەوە، حەوشەی گەورە، داڵانی هەشت پاڵووی گەورە، ئەمانە هەمووی بخە لاوە، تاریکی! لە خانوویەکدا بەو گەورەییە، دوو چرای نەوتی داگیرسا بوون کە دەوروبەری خۆشیانیان بە زۆر ڕووناک ئەکردەوە، جا ئیتر بیهێنە پێش چاوی خۆتان

من ئەو کاتە چ حالێکم هەبووە، تا ئەو ڕۆژە بە تەنها لە ماڵدا نەمابوومەوە، یانی هیچ کات ئەو ماڵە چۆل نەئەبوو، ئەو شەوەش هەموویان ڕۆشتبوون بۆ خوازبینی و نەیاندەویست من ببەن، هەر بۆیە لە ماڵەوە جێیان هێشتبووم، ئاغایەک کە ئێوە بن، سەرەتا کەمێک ترسام، بەڵام دواتر خێرا چرا نەوتییەکەم هەڵگرت و ڕۆشتمە ژوورەکەی خانم و جێگەکانم ڕاخست و چوومە ژێر لێفەکەم و چاوم بەست، جا ئێتر شتی چۆن ئەهاتنە بەرچاوم و ئەهاتن بە مێشکمدا، با بمێنێت، تەنها چانسێک کە هەمبوو ئەوە بوو کە ئەوەندە ماندووبووم هەر کە سەرم خستە سەر سەرین خەوم لێکەوت، لە سبەینێکەیەوە کەم کەم بابەتەکە ڕوون بوەوەو دەرکەوت کە بەڵێ، باپیرتان بڕیارە کچی بازرگانێکی گەورەی بازاڕ بهێنێت، ئێتر ماڵەوە بارودۆخ چۆن بوو خوا ئەزانێت، هەرکەس بەدوای کاری خۆیەوە بوو و تەواوی ئێشەکانی ماڵەوە کەوتبوو بەسەر منداا، منیش ئێتر گیانم تیانەبوو بە تەنها ئەو ماڵە هەڵسوڕێنم، بەڵام ئەمتوانی چی بڵێم؟ ئەبوو وەکو هێستر کارم بکردایە، هاتووچۆش دەستی پێکردبوو، ئەم ئەڕۆشت، ئەو ئەهات، ئەو ئەڕۆشت، ئەم ئەهات، پەیتا پەیتا پەیام، تا ئەوەی کە بڕیاردرا کە خێزانی ئەوان بە میوانی بێن بۆ ماڵی ئێمە، جلە نوێکان لە پێشخان دەرهێنران، دیواری ژوورەکان سپێکاری کران، ئاوی حەوزەکە گۆڕا، پەنجەرەکان پاک کرانەوەو پەردەکان شۆران و بە کورتی ماڵەکە وەک گوڵی لێهات، هەموو ئەمانە جگە لە سپێکاری ژوورەکان، کێ کردی؟ کەنیزەکی دەست بەسینەی ماڵا، عەزرا خان، ئێتر کاتێک ئێشەکان تەواوبوون هەر نەمئەزانی ئەم جەستە و لەشە هی منە یان کەسێکی تر، سەندریلا کێیە؟ عەزرا! عەزرا، وەلا ئەگەر دوژمنیش بە دیلی بیگرتمایە ئەوەندە کاری پێنەئەکردم کە ئەوانە پێیان ئەکردم، سەرەنجامیش کە شەوی میوانییەکە گەیشت، کاتژمێرێک پێش ئەوە منیان کردە ژوورێک و پێیان وتم کە ئەگەر دەنگم لێوەبێت تیکە تیکەم ئەکەن، منیش خۆ دەنگم نەبوو تا لێمەوە بێت، چوومە سوچێکەوەو دەستم کرد بە گریان، سەرمنا بە دیوارەکەوەو گریام، چارەنووسێکی چ سەیرم هەبوو! ڕۆژێک باپیرەم لەبەرئەوەی کە نەکا دەست بەسەر سامانەکەیدا بگرن، لە دەست کۆمۆنیستەکان هەڵهاتبوو و هاتبووە ئێرە، بێئاگا لەوەی کە هەم سامانەکەی لەناو ئەچێت هەم خۆیشی و کچەکەشی، ئێستاش سەرەی نەوەکەی بوو.

بە کورتی، ئەوەندە گریام تا لەهۆش چووم، نە هەستم بە تاریکی ئەکرد نە برسێتی و نە تینوێتی، تەنها لەتاو ماندوێتی بێهۆش کەوتم و چ خەوێکم کرد! ئەو میوانییە لانیکەم ئەو باشییەی بۆ من هەبوو کە توانیم چەند کاتژمێرێک زیاتر بخەوم، چەند ساڵێک پێشتر

سەبری زنجیرەی ئوشینم ئەکرد، هەر جاریک کە سەیرم ئەکرد دەستم ئەکرد بە گریەو زاری، ریک وەک روژگاری خوم وابوو، سەرتان نەئیشینم، دوای نزیکەی مانگیک مانوچۆ، هاوسەرگیرییەکە سەری گرت و توران خانیان هینایە مالا، ئ ئاهەنگیک! ئ مەراسیمیک! هەموو جیییەکیان گولریژ کردبوو، سی شەو و روژ لوتی زورنای لیدا، کە ئەلیم لوتی بە هەلە تینەگەن، هەموویان هونەرمەند بوون، بەلام ئەو کاتە بیرکردنەوەی مروڤەکان ئاوا بوو، بەو گروپە هونەرییانەیان ئەوت لوتی، شوینەکەشیان گەرەکی سبروس بوو کە پییان ئەوت گەرەکی جولەکەکان، منیش پیم خراپ نەبوو، هەرچەند کارەکەم چەند بەرامبەر زیادی کردبوو، بەلام کاتیک ئەوان ئەهاتن زورم پیخوش بوو، بە تایبەت کاتیک لەگەل یەکیکیان بەناوی شاناز زەربی ئاشنا بووم و زانیم کە مەسیحییە، ئەویش کاتیک زانی من موسلمان نیم و مەسیحیم، ئەوەندەی پی سەیربوو خەریک بوو شاخی لیئەروا، ئەو شەوانەشی کە ئەهاتن بۆ ئەوی، لە سیر تا پیازی ژیانی خۆمم بۆ گیرایەوە، گورەکەی پربینت لە روناکی، چەندیک گریا بۆم! چەندیک خەفەتی بۆ خواردم! ئەو کاتە بوو زانیم کە هەموو مروڤەکان خراپ نین، بە کورتی، شەوانە تا دوای نیوەشەو زرم و کوت بوو، پیاوەکان لە بەشی پیاوان بوون کە لە دەرەوە بوو و ژنەکانیش لە بەشی ژنان کە لە ژوورەوە بوو، بوکی خانمیش کە ناوی توران خان بوو، خراپ نەبوو، یانی جوان نەبوو، بەلام ناشیرینیش نەبوو، لەو شەوانەشدا کەس کاری بەسەر منەوە نەبوو، یانی لە ژوورێکدا بەندیان نەئەکردم، چونکە ئەوەندە مروڤ لەو ماڵەدا بوو کە کەس بە کەس نەبوو و نەیانئەزانی من کێم، دواتر زانیم بە توران خانیان نەوتبوو کە باپیرتان لە ژنی یەکەمی کچیکی هەیە، ئیستا ئەم توران خانە کییە؟ بە دڵنیاییەوە خۆتان ئەزانن، داپیرتان، شتیکی وا لە من گەورەتر نەبوو، ئەوکات من دە دوازدە ساڵە بووم و ئەو شازدە حەڤدە ساڵ زیاتر نەبوو، بە کورتی توران خانیان بە هەیبەت و شکووە هینایە ماڵ و بە راستی سی شەو و سی روژ ئاهەنگیان بۆ گیرا، منیش هەروا کە کارم نەکرد، چاوم لەسەر هەڵنەئەگرت بە جۆریک هەر جاریک کە بە هەلکەوت چاوی پیم نەکەوت، ئەیبینی کە خەریکم سەیری ئەکەم، ئەلبەتە لە دوورەوە، چونکە نەیانئەهیشت نزیکی بکەوم، بە دڵنیاییەوە ئەویش کاتیک منی بەو جلانەوە ئەبینی کە لەبەرما بوو، وایئەزانی کە کارەکەری ئەو ماڵەم، حەقیشی بوو، کارم نەکردو سەیری دەوروبەرم نەکردو ئەو قسانەم ئەهاتەوە بیر کە دایکم لەبارەی هاوسەرگیرییەوە ئەیکرد، چییان بۆ ئەو داماوە کرد و چی بۆ ئەمیان ئەکەن!، شەوی بوکینی ئەو چون بوو و هی ئەم چون،

دایکی داماوم تاک و تەنها بوو، بووە دیلی دەستی ئەم خێلەو ڕێگەی ڕزگاربوونیشی نەبوو و چییان بەسەر هینا! گریان قورگی گرتبووم، ئەتوت تەواوی خەمی دنیا ڕژاوەتە دڵی منەوە، سەیرم ئەکرد و دایکمم ئەهاتەوە بیر، سەیرم ئەکردو خۆمم ئەهاتەوە بیر، سەیرم ئەکردو هەموو خولەکێک، ڕقم بەرامبەر باپیرتان و دایکی و پورەکانم زیاتر ئەبوو، وا دیاربوو هەر ئەو ڕقە بوو بوو بە هۆی ئەوەی کە تیشکی نەفرەت لە چاومدا بدرەوشێتەوە، بە جۆرێک کە توران خان هەر جارێک منی ئەبینی، دەم و چاومی ئەدا بەیەکدا، سەرەتا زۆر کەم چاوی پێمئەکەوت، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کات وا دیاربوو حەزی ئەکرد زیاتر لە بارەمەوە بزانێت بە جۆرێک کە لە شەوی دووەمەوە خۆی چاوی ئەگێڕا و منی لەناو ئەوانەی کە لەوێ بوون ئەدۆزییەوەو سەیری ئەکردم، سەرەنجام ئاهەنگەکە تەواو بوو و بێگانەکان ڕۆشتنەوەو چەند خزمێکی نزیکی بوک لەوێ مانەوەو دوو سێ شەو دواتر، ئەوانیش ڕۆشتنەوە، ئیتر لە ماڵەوە هەر مرۆڤەکانی پێشتری لێبوو لەگەڵ تازە هاتوویەک کە ئەویش بوکەخان بوو، منیش سەرم بە کاری خۆمەوە گەرم بوو، یانی ئەمئەویست کارێکی وا بکەم کە پورەکانم لە بەردەم توران خاندا قسەم پێبڵێن یان لێم بدەن یان زیندانیم بکەن، غرورم ڕێگەی پێنەئەدام، ئاخر کاتێک دەمیان ئەکردەوە، قسەی خراپی وایان ئەکرد کە تاقەتی بیستنیم نەبوو، ئێستا ئەگەر بە خۆمیان بوتایە قەینا، بەرگەم ئەگرت، بەڵام کاتێک قسەیان بە دایکم ئەوت زۆر زۆرم پێناخۆش بوو، بە کورتی سەرم بە کاری خۆمەوە گەرم بوو، لەپڕ توران خان دەرگای ژوورەکەی خۆی کردەوەو هاتە دەرەوە، جلێکی زۆر جوانی لەبەرکردبوو و چارشێویشی نەدابوو بە سەریدا، هەمووان حەپەسا بوون، لامکردەوە بەلای پورەکانم و دایکیاندا، بینیم هەموویان ناوچاویان گرژ کرد، بەڵام جوکەیان لێوەنەهات، توران خان سەیرێکی دەوروبەری کردو دواتر بانگی کرد، عەزرا خان! عەزرا خان! سەرم وەرگێڕا بەلایدا، باوەڕم نەبوو یەکێک لەو ماڵەدا بە خان بانگی من بکات، خێرا چووم بۆ لای و سڵاوم کرد، وەڵامی دامەوەو وتی ئێشتان نییە؟ وتم نە، وتی ئەگەر ئەرک نییە خولەکێک وەرن بۆ ژوورەکەم کارم پێتانە، وتم بەسەرچاو، هاتم بەرەو ئەولای کە قادرمەکانی لێبوو و ڕۆشتمە هەیوانەکەو چوومە بەردەم ژوورەکەی، ئێستا ژوورەکەی کامە بوو؟ هەمان ژووری دایکی خوالێخۆشبووم، پێلاوەکانم داکەندو چوومە ژوورەوەو سەیرێکی ژوورەکەم کرد، لەو ڕۆژەوەی کە ئیتر خانم گەورە نەیهێشتبوو لەوێ لای باپیرتان بخەوم، ئیتر قاچم نەخستبووە ئەو ژوورەوە، نازانم چی بوو لەپڕ دەستم کرد بە گریان، یانی چیبوو دیارە

CamScanner

ڕەی، ئەوێ ژوورەکەی دایکم بوو، چ شەوانێک لەوێدا تا بەیانی لە باوەشی دایکمدا نەخەوتبووم! چ شەوانێک لە تەنیشتمدا دانەنیشتبوو و چیرۆکی بۆ نەگێڕابوومەوە! چ شەوانێک من لەوێدا سەرم نەخستبووە سەر قاچی و نازی نەکێشا بووم! چ شەوانێک باسی ولاتەکەی و ڕابردووی خۆی بۆ نەکردبووم! چ شەوانێک سەری نەخستبووە سەر سەرینەکەی و نەگریا بوو! هەرچیم ئەکرد نەمئەتوانی بەر بە گریانەکەم بگرم، هەروا فرمێسک بە چاومدا ئەهاتە خوارەوە، توران خانیش ڕووی لەولاوە بوو و خەریکبوو شتی لە دۆلابەکەی دەرئەهێناو ئاگای لە من نەبوو، لەپڕ لایکردەوەو دەستی درێژ کرد بەرەو لام و وتی: «وەرە عەزرا خان، ئەم چەند شەوە...» لەپڕ چاوی کەوت بە دەم و چاوی من و هەر کە بینی ئەگریم، پاشماوەی قسەکەی بە ئارامی وت «زۆر زەحمەتت کێشا» دواتر لەپڕ هاتە بەردەمم و لە باوەشی گرتم و وتی: «چیتە؟ ئەمە چ گریانێکە؟ ئەمە چ سەیرکردنێکە؟ ئەم چەند ڕۆژە منت کوشتووە بەو چاوانەت» ڕاستی ئەکرد، یانی ئاگام لە سەیرکردنەکەم نەبوو، بەڵام گریانەکەم بۆ نا، وەها ئەگریام کە تەواوی جلەکانی تەڕبوون، خێرا سەرم هێنایە دواوە وتم، هیچ توران خان، ببورن، هەروا گریان گرتمی، ئیشتان هەبوو پێم؟ دەستی گرتم و بردمی بۆ ئەوسەری ژوورەکەو وتی وەرە دانیشە بزانم، وتم ئەبێت بڕۆم، ئیشم هەیە، وتی مەگەر ئەهێڵم؟ تا نەزانم تۆ کێیت و بۆچی ئاوا سەیری من ئەکەیت و بۆچی ئاوا ئەگریت نایەڵم قاچت لەم ژوورە بخەیتە دەرەوە، دواتر دەستی درێژکرد بەرەو لام، بینیم تەوقەیەکی جوان لەناو دەستیدایە، فرمێسکەکانمم سڕی و پێکەنیم، وتی: «بانگم کردی تا هەم ئەمەت پێبدەم و هەم بزانم تۆ کێیت؟» تەوقەکەم لێوەرنەگرت و تەنها پێم وت هەر ئەوەی کە لە بیری مندا بوون، بۆ من بەسە، ئەم کارەی ئێوە دڵی گەرم کردم، دەستتان خۆش بێت خانم. وتی تۆ کێیت کچەکە؟ وتم غەریبێک لێرە، وتی غەریبێک لێرە یانی چی؟ وتم مرۆڤێکی بێکەس، وتی تێناگەم، وتم من ئیتر توانای لێدان خواردنم نەماوە، هیچم لێ مەپرسن، وتی یانی چی؟ سەرم داخست، وتی باوکت کێیە؟ وتم نامەردێک، وتی ئەی دایکت؟ وتم فرێشتەیەک، وتی ناوی چییە؟ وتم ناتاشا، وتی چی؟ وتم ناتاشا، وتی ناتاشا؟ وتم ئەرێ، وتی خەڵکی کوێیە؟ وتم ڕووسیا، وتی دایکت ڕوسییە؟ وتم بەڵێ. وتی ئەی باوکت؟ وتم نە، وتی ئێستا ئیتر هەرگیز ناهێڵم لەم ژوورە بچیتە دەرەوە، هەر لێرە دانەنیشیت و جوان بۆم باس نەکەیت تۆ کێیت و لێرە چی ئەکەیت؟ هەر لەو کاتەدا پورە بچوکەکەم لە دەرەوە هاواری کرد عەزرا! عەزرا! لامکردەوەو سەیرێکی توران خانم کردو وتم ئەو دەنگە یانی ئەوەی کە

ئەگەر بەک قسەی تر لەگەل ئیوە بکەم، هەم قسەم پیئەوترێت هەم لیدان ئەخۆم هەم زیندانی ئەکرێم، وتی کێ ئەمانەت لەگەل ئەکات؟ وتم هەموویان، وتی ئاخر بۆچی؟ خۆ تۆ هیندەی سێ ئەفەر کار ئەکەیت، بۆچی ئازارت ئەدەن؟ وتم چی بڵێم؟ لەپڕ دەرگای ژوورەکە کرایەوەو پورە بچوکەکەم هاتە ژوورەوە، توران خان لایکردەوە بەلایدا و هەر کە پورێم ویستی قسە بکات، وتی کێ ڕێگەی پیداوی هەروا سەرت دابخەیت و بێیتە ژوورەوە؟ مەگەر ئیرە تەویلەیە؟ کە ئەمەی وت، پورم زمانی کەوتە تەتەلەو خێرا چووە دەرەوەو دەرگاکەی داخست، توران خان بە تورەییەوە ڕووی تێکردم تا شتێکم پێبڵێت، بەلام لەپڕ سەرم نا بە سنگییەوەو لە باوەشم گرت و دەستم کرد بە گریەو زاری، ئەویش دەستی کرد بە گریان، ئێستا بەدەم گریانەوە ئەیویست سەری من لەسەر شانی بەرز بکاتەوە تا بپرسێت بابەت چییە، منیش بەرم نەئەدا، وتی سەرت بەرزبکەرەوە بزانم، خەریکە شێت ئەبم، لێرە چ باسە؟ تۆ کێیت؟ وتم توخوا بهێڵە یەک خولەک سەرم لەسەر سنگت بێت، دووبارە لە باوەشی گرتمەوە، ئێستا ئەو گریان و من گریان، لە پڕ سەرم لابردو نوشتامەوەو دەستیم ماچکرد، خێرا دەستی کێشایە دواوەو وتی توخوا بڵێ تۆ کێیت؟ وتم دەستتان خۆش بێت، چاک فزەتان لێبڕی، ئەگەر هەر لە ئێستاوە لە بەرامبەر ئەمانەدا نەوەستنەوە تیکە تیکەتان ئەکەن، وتی ناماقوڵییان کرد، من تیکە تیکە ئەکەن؟ وتم ئەری، لەگەل دایکی منیش هەمان کاریان کرد، توخوا ئاگاتان لە خۆتان بێت، وتی دانیشە بزانم، باوکیان لە کۆڕ دەرئەهێنم، دانیشە. دانیشتم، وتی ئێستا گریانەکەت تەواو بکەو بڵێ بزانم تۆ کێیت؟ لە هیچیش مەترسە، من لێرەم، وتم ئیوە لێرە نەبن بیچارەم ئەکەن، وتی سەگی کێ بن کە بتوانن شتی وا بکەن؟ مەترسە، بڵێ، وتم من ڕووسم، موسوڵمان نیم، بەلام توخوا بەمانە مەڵێن کە من موسڵمان نیم، دایکشمیان هەر لەسەر ئەوە کوشت، وتی ئەمان دایکتیان کوشت؟ وتم ئەری، هەر لێرەداو لەم ژوورەداو لەم سووچەدا، هەر ئەم پورانە، هەر ئەم خانم گەورە، ڕژانە سەری و ئەوەندەیان لێدا کە نەگەیشتە بەیانی. وتی بۆچی؟ وتم لەبەرئەوەی خەریکبوو لەگەل خودادا قسەی ئەکرد، لەبەرئەوەی خەریکبوو بە زمانی خۆی بانگی خوای ئەکرد، لەپڕ لامکردەوەو سەیری سووچی ژوورەکەم کرد، ئەو شوێنەی کە دایکم تا بەیانی تیایدا ئەژنۆی لە باوەش کردبوو و گیانی تیائەدا، توران خانیش لایکردەوەو سەیری هەمان شوێنی کرد، نازانم چیتان پێبڵێم، ئەزانم باوەڕ ناکەن، بەلام من دایکم بینی، ئەوا بڵێین من چونکە ئەو شەوەی دایکمم لەبیربوو، هاتەوە بەرچاوم بەلام ئەی توران خان چی؟ خۆ ئەو ئاگای لە

هیچ نەبوو، بەلام سوێند بەو خوا ئەویش دایکمی بینی، هەر لەو بارودۆخەدا بینی، ئەزانن بە چیدا ئەزانم؟ چونکە ساتێک سەیری چاوی دایکمم کرد، بینیم ئەویش سەیری توران خان ئەکات، لامکردەوە بەلای توران خاندا، بینیم خەریکە سەیری دایکم ئەکات، لەپر توران خان دەستی کرد بە گریان و منی لەباوەش گرت، هەروا ئەگریاو منی ئەگوشی لە باوەشیدا، لەوانەیە دە خولەک هەر بەو جۆرە لە باوەشی یەکدابووبین، لەشی توران خان وەک سەهۆڵی لێهاتبوو، ڕەنگی وەکو گەچی لێهاتبوو، وەها ترسا بوو کە منی بەرنەئەدا، وەک بیش ئەلەرزی، دوای ئەوەی نزیکەی دە خولەکێک گریاین، خۆم بینیم کە لایکردەوەو سەیری ئەو سووچەی ژوورەکەی کرد، بەلام ئەمجارەیان هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی (لا إله إلا الله) و هەروا مایەوە، لەوانەیە پێنج شەش خولەکێک جوڵەی لێوە نەهاتبێت، دواتریش وتی ئێستا ڕووداوەکەم بۆ باس بکە، منیش هەموویم بۆ گێڕایەوە، دوای ئەوەی کە بە باشی گوێی لە قسەکانم گرت، پاڵیدا بە دیوارەکەوەو وتی کەوایە تۆ کچی مێردەکەمی، وتم کارەکەریانم، کچ چییە؟ وەلا ئەو کارەی کە لەگەل مندا ئەیکەن لەگەل کارەکەردا نایکەن، لەگەل دیلدا نایکەن، وتی یانی ئەو سامانەی کە ئەمانە هەیانە هی دایکی تۆیە؟ وتم ئەری، وتی بە چیدا بزانم؟ وتم بەلگەم هەیە، وتی چییە؟ وتم دواتر پیشانتان ئەدەم، وتی ئیشێکم بۆ ئەکەیت؟ وتم: بە دل و گیان، وتی دەستێک بهێنە بەو ژوورە پێنج دەرگاییەکەدا با من تێی بچم، ئێرە بچووکە، وتم بەسەرچاو، بەلام خۆتان بەمانە بڵێن، وتی پێیان ئەڵێم، هەستە بچینە دەرەوە، وتم بەس توخوا بە ئەمانە مەڵێن کە من قسەم لەگەل کردوون، وتی خەیاڵت ئاسوودە بێت. هەردووکمان هەستاین و هاتینە دەرەوە، پورەکانم و دایکیان لە سووچێکی حەوشەکەدا وەستابوون و چپە چپیان بوو، کە چووینە دەرەوە توران خان هاواری کردو وتی خانم گەورە! بە یارمەتیتان ئەم منداڵە ئەچێت ئەو ژوورە پێنج دەرگاییە پاک ئەکاتەوە بۆ من. خانم گەورە هاتە پێشەوەو پێکەنینێکی کردو بە ئارامی وتی مەگەر لەو ژوورەدا ناڕاسودەن توران خان؟ وتی ناڕاسودە نیم، بەلام ئاسودەش نیم. دواتریش ڕوویکردە من و وتی عەزرا خان زەحمەتێک بکێشەو ئەو ژوورە پاک بکەرەوە تا کاتێک کە دایە خان هات بە یەکەوە کەلوپەلەکان بگوازینەوە بۆ ئەوێ، دواتریش بێ ئەوەی حسابی سەگ بۆ ئەوان بکات ڕۆشت بەرەو ژوورەکەی، پێش ئەوەی کە بڕواتە ژوورەوە خانم گەورە وتی ببوورن توران خان گیان، ئەگەر پێت ناخۆش نابێت، ئەمەوێت بڵێم لەچکێک بدە بەسەرتدا، توران خان لایکردەوە بەلایداو وتی بۆچی؟ خانم گەورە هەروا ئارام و بە پارێزەوە وتی دەی ئاخر ژن نەبێت

بیدات بەسەریدا، توران خانیش هەروا کە ئەڕۆشت بەرەو ژوورەکەی وتی لە کێ؟ لە دەرو دیوار؟ دواتریش چووە ژوورەکەی و دەرگاکەی داخست. خانم گەورە بە تەواوی دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو، لەژێر لێوەوە شتێکی وت و گەڕایەوە بۆ لای پورەکانم کە خەریکبوون بە مۆرەوە سەیری پەنجەرەی ژوورەکەی توران خانیان ئەکرد، منیش چاوەڕێم نەکرد و ڕۆشتم بەرەو ژوورە پێنج دەرگاکەو چوومە ناوی و دەستم کرد بە پاککردنەوەی، بە گیان و دل ئیشم بۆ ئەکرد، کاتژمێرێک زیاتری نەخایاندو ژوورەکە وەک گوڵی لێهات، تۆزێک دواتریش خانمێک هات کە دایەنی توران خان بوو، سلاوی لە ئەوان کردو چووە ژوورەکەی توران خان و نیوکاتژمێر دواتر هاتە دەرەوەو ڕۆشت، لەوانەیە دوو کاتژمێر دواتر بوو بینت کە گەڕایەوەو لەگەڵ توران خان و من چووینە ژوورە پێنج دەرگاکەو توران خان وتی هەرچی کەلوپەلی ئەوێیە بیخەینە هەیوانەکە، خۆیشی ڕۆشتە هەیوانەکە وەستاو دەستی نا بە کەمەرییەوە تا ئێمە ئەو چەند پارچە کەلوپەلەمان هێنایە دەرەوە، بە دەنگی بەرزیش بە خانم گەورەو ئەوانی وت خانم گەورە! قوربانی دەستتان، ئەم شەخەل و مەخەلانە بخەنە شوێنێکەوە، ئێستا بابەم و ئەوان جیازییەکەم ئەهێنن، ئەمانە نەبینن باشترە، بابەم کەمێک ڕەفتاری توندە، لەپڕ شتێکی لەدەم دەرئەچێت و دڵنیشاوی لێئەکەوێتەوە، خانم گەورە کە ئەمانەی بیست، لە کوێ دایانناو لە کوێ هەڵیانگرت! لچی وا ئەستور بوو کە هەر نەیئەتوانی قسەیەک بکات، تەنها ئاماژەی بۆ پورەکانم کرد کە بچن کەلوپەلەکانی بهێننە خوارەوە، خۆیشی چووە ژوورەکەی و دەرگای داخست، منیش خێرا چوومە ژوورەکەو کەلوپەلەکانی ترم هێنایە دەرەوە، نیو کاتژمێر دواتر دەرگای دەرەوە کرایەوەو ژمارەیەک بە یاالله یا الله وتن و لەگەڵ چەند خوانچەبەر و زوڕنا ژەن و چی و چی و چی هاتنە ژوورەوە، خێزانەکەی توران خانیش لەگەڵیان بوون، ئیتر ج باس بوو لەوێ! پورەکانم و دایکیان لەبەردەم ئەمانەدا وەک مشک وابوون، دایک، باوک، خوشک، برا، مام، خاڵ، خوشکی دایک، خوشکی باوک، خزم و خوێش، عەشرەتێک بوون، هەمووشیان بارودۆخیان باش، دایکی دەستی پڕ بوو لە ئاڵتون لێرە تا ئەوێ، ئاڵتون بە ملی خوشکەکەیدا ئەچووە سەرەوە، براکەی ئەوەندە باڵای بەرز بوو کە لە دەرگاکە نەئەهاتە ژوور، باوکی بڕۆیەکی بەرزکردبووەوەو وەڵامی سلاوی کەسی نەئەدایەوە، تەنها کاتێک توران خان شتێکی چپاند بە گوێیدا، بە ئارامی هات بۆ لای من و دەستێکی هێنا بەسەرمداو قرانێکی کە ئەو کاتە پارەیەکی زۆر بوو، پێیدام، بە کورتی جیازی توران خانیان بە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ

هیناو هەموویان لە حەوشەکەدا داناو کاتژمێرێکیش لەوێ مانەوەو دواتر هەموویان ڕوشتن جگە لە دایکی و خوشکەکەی و خوشکەکانی دایکی و دایەنەکەی، پوریم سینییەک چای هیناو خانم گەورە میوەو شیرینی، خولک و ئەم شتانە دەستی پێکردو خێرا پوریم لە سوچێکی هەیوانەکەدا فەرشێکی ڕاخست، خێزانەکەی توران خان ڕوشتن دانیشتن، توران خان ئاماژەیەکی بۆ دایکی کردو چوونە ژوورەکەی توران خان و نزیکەی چارەکێک لەوێ بوون و دواتر هاتنە دەرەوەو ئەوانیش دانیشتن، دایکی توران خان ڕوویکردە خانم گەورەو وتی ئێمە هەندێک قسەمان لە دەرودراوسێ بیستووە، خانم گەورە بە دەستەپاچەیی وتی چ قسەیەک خانم؟ دایکی توران خان وتی خانم گەورە ئەم کچە کێیە؟ ئەوەی ئێوەیە؟ بۆچی پێشتر بە ئێمەتان نەوتبوو؟ خانم گەورە کەوتبووە ئەتەڵەو و وتی ئەمە کاری بەسەر ئێوەوە نییە خۆ، وا بزانن منداڵی خۆمە، کە ئەمەی وت هەموویان دەم و چاویان دا بەیەکداو بێدەنگ بوون، تۆزێک دواتر دایکی توران خان هەستاو چووە دەرەوە، کاتژمێرێک، کاتژمێرو نیوێک تێنەپەڕی بوو، لە دەرەوە دەنگە دەنگ بەرز بووەوە، دایکی توران خان هاتە ژوورەوەو هەر کە گەیشت بە دەنگی بەرز وتی: «جاری دەست لە جیازییەکان مەدەن تا باوکی بیانخات بە لایەکدا» دواتر خۆشی هات و لای توران خان دانیشت و ئاماژەیەکی بۆ دایەخان کرد، ئەویش هەستاو چووە دەرەوە، ئەمانیش هەروا دانیشتبوون و یەک قسەیان لەگەڵ کەس نەئەکرد، لە دەرەوە قیامەت بوو، دواتر دەرگای دەرەوە کرایەوەو چەند یاالله یان وت و باوکی توران خان و براکەی و مامی و خاڵی لەگەڵ باپیرتان هاتنە ژوورەوەو ئاماژەیەکیان کرد بۆ دایک و خوشک و پورەکانی توران خان و ئەوانیش هەستان و چوونە ژوورە پێنج دەرگاییەکە و باوکی و ئەوانیش بە دواياندا ڕوشتن، باپیرتان لە دەرەوە مابووەوەو لە پەسا لە حەوشەکەدا هاتوچۆی بوو، دیار بوو باشیان کوتا بوو، سوچی لێوی خوێنی لێئەهات، دڵم ئاوی خواردبووەوە، توران خان وەک دایکم بێکەس نەبوو، پوریم و ئەوانیش جوکەیان لێوە نەئەهات، دوای تۆزێک توران خان هاتە دەرەوەو بانگی منی کردو لەگەڵ خۆی بردمیە ژوورەوە، هەر کە چوومە ژوورەوە ترس دایگرتم، توران خان دەستێکی هێنا بە سەرمدا و وتی مەترسە عەزرا خان، هیچ نییە، چوومە سوچێک و سەرم داخست، باوکی توران خان وتی کچەکە گیان ئێمە تازە زانیومانە تو کێیت، ئێستاش ئیتر کار لە کار ترازاوە، ئەگەرچی من واز لەو خوێرییە ناهێنم، ڕیشەی هەموویان دەرئەهێنم، دواتر دەستی کرد بە هاوارکردن و جنێودان بە جۆرێک هەموو ئەوانەی کە لە دەرەوەن گوێیان

لیبیت، دوای ئەوەی باش جنیوەکانیدا، ڕوویکردە من و وتی توش ئاگات لیبیت نایەیت بە دەوری کچەکەی مندا، تیگەیشتی؟ سەرم بەرزکردەوەو وتم یانی ئەچم بۆ لای توران خان؟ هاواری کردو وتی نە، وتم بەسەرچاو، تەنها ئەگەر کاریکیان هەبوو یەک بانگم بکەن، وتی ئیشی بە تۆ نییە، وتم یانی قسەشیان لەگەل نەکەم؟ دووبارە هاواری کردو وتی نە، ناشچیت بەلایدا، وتم بەسەرچاو، ئەگەر خۆیان ویستیان ئەچم، یەک هەنگاو هاتە پیشەوەو وتی خۆیشی نایەویت، وتم بەسەرچاو، وتی ئەگەر قاچت بخەیتە ژوورەکەیەوە قاچت ئەشکینم، تیگەیشتی ئەگەر بزانم نازاری ئەدەیت.. لەپڕ دەستی بەرزکردەوە، خێرا دەستم خستە سەر سەرم و وتم لێم مەدەن ئاغا، من ئیتر هەر ناچم بەلای توران خاندا، ئەمڕۆش خۆیان بانگیان کردم، وتی ئێستا لێت نادەم، بەلام ئەگەر بزانم ئەبێتە مایەی بێزاربوونی، لێت ئەدەم. وتم بەخوا من لەم ماڵەدا نازاری کەس نادەم، هەر قسە لەگەل کەس ناکەم، کەسیش قسە لەگەل من ناکات، تەنها کارەکانیان ئەنجام ئەدەم، کارەکانی توران خانیش ئەنجام ئەدەم ئەگەر حەز بکەن، وتی تۆ لەپڕ لە کوێوە پەیدابوویت؟ سەرم بەرزکردەوەو وتم نازانم ئاغا، ببورن توخوا، ئەگەر من هەر سەیری توران خانیشم کرد، هەرچیتان ویست لێمبکەن، بەخوا من زۆر خۆشیانم ئەوێت، هەرگیز نامەوێت نازاریان بدەم، مەگەر نا توران خان؟ توخوا پێیان بڵێن ئێوە خۆتان ئەمڕۆ بانگتان کردم، وەرن ئەم پارەشتان وەربگرنەوە، من هەر پارەم ناوێت، دەستم کرد بە گیرفانمداو ئەو قرانەم دەرهێنا کە پێی دابووم و گرتم بەرەو ڕووی، لەپڕ دەنگی لا إله إلا الله و اعوذ بالله و أستغفرالله بەرزبووەوە، دایکی توران خان وتی ئاغا! ئاغا! ئاغا! منداڵی هەتیو لە بەردەمتدایە بترسە، کە ئەمەی وت، لەپڕ باوکی توران خان بە تورەیی چووە سوچێکی ژوورەکەو پشتی کردە ئێمەو دەستە سڕێکی لە گیرفانی دەرهێناو بردی بەرەو دەموچاوی، توران خانیش هات بەرەو لای من، خێرا چوومە دواوەو وتم توخوا نە توران خان، دواتر لامکردەوەو بە ترسەوە سەیری باوکیم کرد، قاچم ئەلەرزی، وەها دەوریان دابووم کە لە ترسدا خەریکبوو هەناسەم ئەوەستا، ددانەکانم ئەیاندا لە یەک، ئەوەندەی نەمابوو خۆم پیس بکەم، دایکی توران کە منی ئاوابینی، لەپڕ حاڵی تێکچوو و چوو بۆ لای مێردەکەی وتی ئاغا! زوو لە دڵی دەربهێنە تا ئاگر بەرنەبووەتە ژیانمان، کە ئەمەی وت باوکی توران خان لایکردەوە بەلای منداو هاتە پێشەوە، منیش لە ترسدا هەنگاوێک چوومە دواوەو خۆم کێشا بە توران خاندا، باوکی هاتە پێشەوەو وتی مەترسە بابە گیان، کەس کاری بەسەر تۆوە نییە، دواتر دەستی کرد بە گیرفانیداو پێنج قرانی دەرهێناو

CamScanner

بۆتی بەرەو رووم، دەستم بردە پشتمەوەو وتم نە ئاغا نامەویت، تازە ئەمە پارەکەی
ئەیشتانە، بە ددانی کەمێک لە سمێلی گرت و وتی ناوت چییە کچەکە گیان؟ وتم لیا، وتی
چی؟ وتم لیا، وتی مەگەر ناوت عەزرا نییە؟ وتم ئەمانە پێم ئەڵێن عەزرا، دایکم ناوی ناوم
لیا، وتی ئەمانە دایکتیان کوشت؟ وتم نە ئاغا، دایکم خۆی نەخۆش کەوت و مرد، وتی
راست بڵێ، وتم راست ئەکەم ئاغا، لە سوچی ژوورەکەدا مرد، وتی بۆچی هیچم نەوت
و تەنها سەیریم کرد، لە بەردەممدا دانیشت و وتی ئەمانە ئازارت ئەدەن؟ وتم نە ئاغا،
زۆر باشن لەگەڵم، زۆریش میهرەبانن، سەیرێکی کردم و دەستێکی هێنا بە ریش و
سمێلیداو هەستاو وتی زۆر باشە، ئێستا برۆ، وتم بۆ کوێ برۆم ئاغا؟ ئەو شوێنەی کە
هەموو رۆژێک بۆی ئەرۆیت، برۆ یاری بکە، وتم ئاغا من هیچ کات یاری ناکەم، وتی ئەی
چی ئەکەیت؟ وتم ئیش ئەکەم، وتی ئێ برۆ بەلای ئیشەکەتەوە، وتم ئەمرۆ ئەبێت گسک
بدەم لە حەوشە، بەڵام ئێستا جیازییەکەی توران خانیان لێداناوە، بچم تەوالێت بشۆم؟
کە ئەمەم وت، بینیم قورگی هێندەی سێوێک ئاوسا، ویستی قسە بکات نەیتوانی، براکەی
توران خان هاتە بەردەم من و وتی تەوالێت شۆردن کەی ئیشی تۆیە؟ وتم بۆ نا ئاغا،
بچن سەیری تەوالێتەکە بکەن، ئەڵێی گوڵە، هەموو رۆژێک خۆم ئەیشۆم، بە دڵنیاییەوە
توران خان بینیویانە، هێشتا رستەی کۆتاییم تەواو نەکردبوو دایکی توران خان بە
چارشێوەکەی دەم و چاوی داپۆشی و دەستی کرد بە گریان، باوکیشی خێرا چوو بەرەو
دەرگاکەو کردیەوەو چووە دەرەوە، براکەشی بە دوای باوکیدا چووە دەرەوەو هەر کە
گەیشتە حەوشەکە بە دەنگی بەرز وتی هەندێک مرۆڤ چەند بێغیرەتن! منیش کە بینیم
ئەوان رۆشتن، خێرا لە ژوورەکە هاتمە دەرەوەو رامکردە حەوشەکەو چوومە بەردەم
چێشتخانەکەو لەسەر قادرمەکان دانیشتم، تۆزێک دواتریش توران خان و ئەوان
دەستیانکرد بە رێکخستنی جیازییەکەی و کاتژمێرێک بەسەر نیوەرۆدا تێپەڕی بوو،
ئەواویان کردو هەرچی خانم گەورە خولکیکردن تا بۆ نیوەرۆ بمێننەوە، نەمانەوە و
رۆشتن، ئەو رۆژە تێپەڕی و شەو داهات و کاتی خەو، وەک هەمیشە جێگەی خەوەکانم
لە ژوورەکەی خانم گەورە راخست و خۆیشم چوومە ناو جێ، بەڵام تازە خەو چووبووە
چاوم لەپر بینیم هەناسەم دەرنایەت، کە چاوم کردەوە بینیم پوورە بچوکەکەم دەممی
گرتووەو پوورەکەی ترم هەردوو دەستم و خانم گەورەش هەردوو قاچم، نەمئەتوانی
بجوڵێم، هەر نەمئەزانی بۆچی وا ئەکەن، تەنها بە چاوم لێیان ئەپارامەوەو دەنگێکی وەک
نۆزەم لە قورگمەوە دەرئەکرد کە یانی توخوا ئازارم مەدەن، توخوا ببوورن، هەرچەن

CamScanner

ئەمئەزانی ئەبیت لە چی ببوورن، بەلام هەر بەو دەنگەوە، وەکو بیچووە پشیلە ل قورگمەوە نوزەم لیوەئەهات کە بمبوورن، بەلام کێ گوێی لە نوزەی من ئەگرت؟ هەموویان قسەیان لەگەل یەک ئەکرد، بە ئارامی، تا ئەوەک دەنگیان بچێتە ژووری توران خان، هەر یەکێکیان شتێکی ئەوت، پەتیارە! ئێستا ئێتر واتلیهاتووە کە داو بۆ ئێمە ئەنێیتەوە؟ تولە سەگ ئێستا ئێتر قسەمان بۆ هاورد و برد پێنەکەیت؟ ئێستا پشت و پەنات بۆ پەیدا کردووین؟ ئێستا کە ناردمانێتە لای دایکە..... ئێتر تێنەگەیت لە کوێ دەمت دابخەیت..... خان هار بوویت؟ سکت گۆشتی تازەی گرتووە؟ ئێستا ئەبینی، هەرچی نوزاندم سودی ئەبوو، پارچەیەک پەڕۆیان خستە ناودەممەوەو دەست و قاچیان گرتم و بردیانم بەرەو ژێر زەمینەکەو دەرگاکەیان کردەوەو بردمیانە ژوورەوەو بە گوریس لە پشتەوە دەست و قاچمیان بەستەوەو فڕێیاندامە ئەو ناوەڕاستەوە و دەرگاکەیان داخست و ڕۆشتن، ڕاستیان دەکرد، سکم گۆشتی تازەی گرتبوو، سکی من لە لاوازیدا خەریکبوو ئەنووسا بە پشتمەوە، سکی کچێکی منداڵ کە کاتێک ئەیویست لەسەر نانخواردن دوو تێکە زیاتر بخوات تا تێر بێت، هەموویان توانجیات تێئەگرت، کاکە هی خۆت نییە، کادانەکە هی خۆتە، مەگەر خەریکی ئەیکەیت بە..... دوژمنتا؟ خەریکی ئەتەقێتەوە زلحز، بە کورتی لەو تاریکی و سەرمادا وێڵیان کردم و ڕۆشتن، چاوم نوقاندبوو و نەمئەکردەوە، ئەمزانی کاتێک چاوم لەگەل تاریکییەکەدا ڕاهات چی ئەبینم، هەر بۆیە نەمئەکردەوە، ژێرزەمینەکەمان پڕ بوو لە مشک، ئەویش چۆن مشکێک! هەر یەکێکیان ئەوەندەی بیچووە پشیلەیەک ئەبوون، دووپشکی وای هەبوو ئەوەندە گەورە بوون! خەریکبوو هەناسەم ئەوەستا، بەزۆر ئەو پەڕۆم تف کردەوە کە تەپاندبوویانە دەممەوە، لە تەنیشتمەوە دەنگی خشەخشم بیست، لەگەل ئەوەی ئەترسام، بەلام بە هێواشی چاوم کردەوە، چیم بینی خوایە! ڕێک بە دووری بستێک لە دەم و چاومەوە، مشکێکی ڕەش وەستا بوو و چاوی بڕی بووە من، ئێتر بە دەست خۆم نەبوو، دوور لە ڕووتان هەر لەوێدا خۆم تەڕکرد، ئیوە نازانن چی ئەڵێم، یانی دەی پیاو لە مشک و سیسرک و مارمێلکەو ئەم شتانە ناترسێت، بەلام ژن با، ئەویش چەندێک! هەرچەند ئەگەر ئیوەش لەو تەمەنەدا و بەو کاتەی شەو و بە شێوەیەکی ئاوا و لە ژێرزەمینێکدا کە ئەو کاتانە پێیان ئەوت عەمبار، زیندانی ئەکران، لەوانەیە زیاتر لە منیش بترسانایە، بە دڵنیاییەوە ئەبێت بەسەرتان بێت تا بزانن چی ئەڵێم، من بە دەست و قاچی بەستراوەوە کەوتبوومە سەر زەوی و لەبەردەم دەم و چاومدا مشکێکی ڕەش و گەورە کە چاوی لەو تاریکییەدا ئەدرەوشایەوە،

وەستا بوو و سەیری ئەکردم، سمیلی وا ئەجولایەوە کە گیانمی هینابووە لەرزین، ئەمئەتوانی هیچیش بکەم، تەنها شتیکم هاتەوە بیر، نزایەک کە هەموو شەویک پیش خەوتن، خانم گەورە ئەیخوینند و دواتر ئەخەوت، منیش ئەو شەوە تەنها ئەو کارەم پیکرا، سەیر لەوەدا بوو کە گیانەوەرەکان لە مرۆڤەکان بە بەزەیی ترو بە ویژدان تر بوون و کاتیک بینییان کچیکی منداڵ لە سوچیکدا کەوتووەو لییان ئەترسیت و لە ترسدا خوی تەرکردووە، دەستبەرداری خواردن و خوراکی ئەو شەوەیان بوون و خۆیان خزانده کونەکانیان، سەد ڕەحمەت لە ئاژەڵەکان، سەد ڕەحمەت لە ئاژەڵەکان، سوینند بە گیانی هەرسیکمان کاتیک چاوم کردەوەو چاوی مشکەکەم بینی، ئیتر چاوم تیبڕی، هەست لە جەستەمدا نەما، حەزم ئەکرد هاوار بکەم، بەڵام نە گیانم تیابوو نە ئەموێرا، ئەمزانی هەر کە دەنگم لیوە بیت، پورەکانم دینە ژیرزەمینەکەو بڕیکی باشم ئەکوتن، لەپڕ دەستم کرد بە گریان، بە ئارامی و بیدەنگی ئەگریام و بە هیواشی ئەمەم خوینند:

- دوورکەونەوە، دوورکەونەوە، جانەوەران، دوورکەونەوە، لە گیانمان دوورکەونەوە، تا خۆری بەیان هەڵدیت.

جگەرەیەکی تری داگیرساندو مژیکی تری لیداو وتی:

- نازانم لە من ترسان؟ تیگەیشتن؟ بەزەییان هاتەوە پیمدا؟ تەنها ئەوەندە ئەزانم ئەو مشکە ڕەشەی کە لە بەردەم دەم و چاومدا بوو، بە ئارامی گەڕایەوەو ڕۆشت، سەیری دواوەیم کرد، بینیم بەسەر دارو دیوارو کەلوپەل و سوچی دیوارو بە کورتی هەموو شوینیکدا، مشک هاتووچۆیەتی، بەڵام هەموویان بە دوای مشکە ڕەشەکەدا، یەک یەک بە ئارامی گەڕانەوەو چوونەوە کونەکانیان، لەوانەیە ویستبیتیان بڵین ئیمە وەک مرۆڤەکان بیویژدان و ستەمکار نین.

مژیکی تری لە جگەرەکەیداو چاوی داخست و لەژیر لیوەوە وتی:

- دوورکەونەوە، دوورکەونەوە، جانەوەران دوورکەونەوە، لە گیانمان دوورکەونەوە، تا خۆری بەیان هەڵدیت.

دواتریش هەستاو کوپەکانی کۆکردەوەو خستنیە سەر سینییەکەو ڕۆشت. چەند خولەکیک دواتر بە سینییەک چاییەوە گەڕایەوەو یەکی دانەیەکی دا بە ئیمەو دانەیەکی هەڵگرت و دانیشت و وتی:

- توران سالیک دواتر منداڵی بوو و سالی دوای ئەوەش هەروا، دوو کوڕی شیراو شیر، باوکی ئیوە، منیش یارمەتیم ئەدا، ئەو خوالیخۆشبووەش هەولی ئەدا ڕۆژی دوو

سی کاتژمێر من ببات بۆ لای خۆی تا هەناسەیەکی ئاسودە هەڵکێشم، بەڵام دەی سەرەنجام ئەوانە دش و خەسووی بوون و نەیئەتوانی زۆر دەم بخاتە دەمیانەوە، کەمێک کارم ئاسان بوو بوو، بەڵام هێشتاش بەرنامەکانی پێشترم هەبوو، بەڵام لانیکەم ئێستا ئومێدێکم هەبوو، ئومێدم بۆ توران خان و باوکی ئێوە بوو کە بەو دەنگە منداڵانەیانەوە منیان بە دادە بانگ ئەکرد، بەردەوام دڵی خۆمم ئەدایەوە کە ڕۆژێک ئەوان گەورە ئەبن و کاتێک بزانن ج سەختییەکم کێشاوە و بەڵای چۆنم بەسەر هاتووە، بە جۆرێک بۆم قەرەبوو ئەکەنەوە، بەڵام داخ و هەزار داخ! لێیگەڕێین، چەند ساڵێک بارودۆخ ئاوا بوو تا ئەوەی کە توران خان ئیتر نەیتوانی لەگەڵ خەسوو و دشەکانیدا بژی، باپیرتان خانوویەکی کڕی و لە دایکی و ئەوان جیابوونەوە، لەوێدا بوو کە ئومێدی من بوو بە ئاوومێدی، پورێکانم و دایکیان نەیانهێشت توران خان من لەگەڵ خۆی ببات، داماوە هەوڵی خۆیدا، بەڵام هەم پورێکانم و دایکیان نەیانهێشت و هەم باپیرتان حەزی نەئەکرد هەموو بەیانییەک چڕوچاوی من ببینێت، ئەوە بوو کە من مامەوە لەو ماڵەدا، منیان بۆ کارەکەری ئەویست، ڕۆژانی سەرەتام هەرچۆنێک بوو بەڕێکرد، بەڵام ئەو بێوێژدانانە خەریکبوون تۆڵەی ئەو چەند ساڵەیان ئەکردەوە کە توران خان تۆزقاڵێک پشتیوانی لێکردبووم، ڕاستییەکەی ئیتر لە توانامدا نەمابوو، چەند ساڵێکیش گەورەتر بوو بووم و وەڵامم ئەدانەوە، ئەوانیش خراپتریان ئەکرد، کارم بوو بوو بە لێدان خواردن و زیندانی کران و برسێتی کێشان، هەر بۆیەش ڕۆژێک لەو ماڵە هەڵهاتم، سەربان بە سەربان ڕۆشتم و لەو ماڵە هەڵهاتم، پێش ئەوە هەرچی زێڕو ئاڵتونی دایکم مابووەوە، هەڵمگرت و تێمتەقاند.

پورێ تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- بەڵام پێش ڕۆشتنم کارێکم کرد، جا ئیتر خوا ئەمبورێت یان نە، نازانم، بەڵام من ئیتر گۆڕابووم، ئیتر دڵم بۆ کەس نەئەسوتا، ئیتر نە سوپاسی خوام ئەکردو نە شەوانە نزام ئەخوێند، ڕقم لە هەموو کەسێک و لە هەموو شتێک هەستا بوو.

دووبارە کەمێک بێدەنگ بووەوە و دواتر وەک ئەوەی بڕیارێکی دابێت، لەپڕ وتی:

- ئەیڵێم، هەرچی ئەبێت با ببێت.

دواتر سەیرێکی ئێمەی کردو وتی:

- پێش ڕۆشتنم فڕوجاوێکی زۆر خۆشم دەرخوارد دان، فڕوجاوێک کە هیچ کاتێک هیچ کەسێک دروستی نەکردووە، یانی بەو خۆشییە دروستی نەکردووە، چەند ڕۆژێک

CamScanner

لە ژێرزەمینەکەدا، ئەو شوێنەی کە چەندین و چەندینجار تیایدا زیندانییان کردبووم، گەرام و هەرچۆنێک بوو چەند دووپشک و پەسپەسۆکەیەکم گرت و هەر کامێکیانم خستە ناو شوشەیەکی بەتالەوە، لەم شوشە دەم گەورانە، لەوانەیە سێ چوار دانەیەک بوونایە، دواتریش ئەو ڕۆژەی کە ئەمویست هەڵبێم، ئاوم خستە سەرو دانە دانە دوپشک و پەسپەسۆکەکانم کوشت و خستمنە ناو مەنجەڵەکەوە، ج فڕوجاوێک دەرچوو! گۆشتەکەشیانم جوان ئەنجنی و بردمە سەر سفرە، خۆیشم بە بیانووی ئەوەی کە تۆزێک ئیشم هەیە، وتم دوایی نان ئەخۆم، نیو کاتژمێر دواتر کە گەڕامەوە، بینیم هەموویان لاڵ و پاڵ کەوتوون.

من و مانی تەنها بە حەپەساوی سەیرمان ئەکرد، مانی وتی:

- ئەی منداڵەکانیان؟

پوری- وا ئەزانیت ئەوەندە ستەمکارم؟

مانی- ئێ دەی منداڵیش نان ئەخوات.

پوری- پوری گەورەکەم دوو منداڵی هەبوو و بچوکەکە یەک دانە، بەیانی تا نیوەڕۆ ئەوەندە وردە شتم دەرخواردیانداو نان و کەرێ و مرەبام کرد بە قوڕگیاندا کە ئەو ڕۆژە هەر نەچوونە سەر سفرە، یەکیان ئەوەندەی خواردبوو کە حاڵی تێکچوو و سکی دایە ئازار، خۆیشم لە پشت پەنجەرەکەوە ئاگام لێیان بوو کە لەپڕ نەچنە سەر سفرە، یەکیان لە سوچێکدا پاڵکەوتبوو و ئاو نەباتی گەرمیان پێئەداو ئەو دووانەکەی تریشیان بە یەکەوە لەولاوە خەریکی یاریکردن بوون.

مانی- ئێ دواتر چی ڕوویدا؟

پوری- پورە بچوکەکەم مرد، یانی هەروا کەوتبوو و جوڵەی لێوە نەئەهات، ئاخر هەمیشە وەک مانگا نانی ئەخوارد، ئەو دووانەی تریش وایان ئەنەڕاند کە هەر مەڵێ! ئیتر منیش نەوەستام بزانم چی ڕووئەدات، ڕامکردە ژوورەوەو دەورییەکان و مەنجەڵی فڕوجاوەکەم هەڵگرت و فڕێمدانە ناو زێرابەکەوەو بوخچەکەمم هەڵگرت و لەو ماڵە پڕ ناپاکییە هەڵهاتم.

جگەرەیەکی تری داگیرساندو من و مانیش یەکێ دانەیەکمان داگیرساندو تا تەواو بوون، کەسمان قسەمان نەکرد، تۆزێک دواتر دووبارە دەستی کردەوە بە قسەکردن:

- ئێوە ئەبوو تا ئێرەتان بزانیایە کە بۆم گێڕانەوە، دوای ئەوە ئیتر بەکەڵکتان نایەت.

مانی- ئاخر سەرەنجام چی بوو؟

CamScanner

پوری- هیچ، داماوی! بی چارەیی! ڕۆشتم و بووم بە ژنی فالگرەوەیەک، ژنی مرۆڤێکی لبزان، دوعای بۆ خەلک، یانی بۆ ژن ئەنووسی و فالی ئەگرتەوەو کتێبی ئەکردەوەو ئەم شتانە، شتی وا ئەکرد کە ئەگەر پێتان بڵێم باوەڕ ناکەن، نینۆکی خۆی ئەکردو ئەیخستە ناو قوتوو و یەک و بە ناوی نینۆکی کەسێکی مردووەوە پێی ئەفرۆشتن، ناوی جۆگەی ئەمیناو بەناوی ناوی مردوشۆرخانەوە پێی ئەفرۆشتن، شتی وای ئەکرد ئەگەر پێتان بڵێم دڵتان دێت بە یەکدا، منیش بووم بە یاریدەدەری، یانی سودی لە کەرێتی و سادەیی خەلک وەرئەگرت و نانی ئەخوارد، ئەو ژنانەشی کە مێردەکانیان ژنی بەسەر هێنابوون یان بەد ڕەفتار بوون، یان لێیان ئەدان یان هەر کێشەیەکی تریان هەبوو، ئەهاتن بۆ لای و ئەویش لەو گەن و گووانەی پێئەدان تا بیخۆن یان دەرخواردی مێردەکانیانی بدەن، ئەوەندە پارەشی لێوەرئەگرتن! ژنە ئەهات بۆ لای تا بۆ نموونە بزانێت مێردەکەی لەگەڵ کەسێکی تردا کەین و بەینی هەیە یان نە، ئەویش ئەیوت ئەبێت بۆ نموونە مەرێک بکڕم و بیکوژم و دڵەکەی یان جەرگەکەی بە تازەیی دەربهێنم و لە ناوەڕاستدا لەتی بکەم و ژیانتی تیا ببینم، ئەوکات پارەی سێ مەڕی لێوەرئەگرت کە یانی ئەم مەڕە مەڕێکی تایبەتە، دواتریش ئەچوو مەڕێکی ئاسایی ئەکڕی و ئەیهێناو لەبەردەم ژنەکەدا ئەیکوشت و جگەرەکەی دەرئەهێناو هەندێک هەڵیت و پەڵیتی بە ژنەکە ئەوت و دواتر هەردووکمان جگەرو دڵی مەڕەکەمان ئەکرد بە کەباب و ئەمانخواردو بە کەرێتی کابرا پێئەکەنین. بۆ نموونە ئەهاتن بۆ لای تا یەکێک ببەستن، ئەویش پارەی دە قوفڵی لێوەرئەگرتن و قوفڵێکی کۆنەی ژەنگاوی پێ پێشان ئەدان و ئەیوت ئەم قوفڵە قوفڵی جنۆکەکانە، بیدەیت لە هەر کەسێک ئیتر ناکرێتەوە، بە کورتی شتی وای ئەکرد ئەگەر پێتان بڵێم هەر باوەڕ ناکەن، پشیلەیەکی ڕەشی هەبوو کە ئەوەندەی دوکانێک پارەی پێپەیدا ئەکرد، بە هەموانی ئەوت ئەمە پشیلەی جنۆکەکانە، خەڵکیش لە پەسا خێریان بۆ ئەکرد، منیش هەموو فرت و فێڵەکانی لێوە فێربووبووم و کاتێک کە مرد من چوومە جێگەکەی، بەڵام بە مۆدێلێکی کەمێک تازەتر، فالی قاوە و ئەم شتانە، ئاخر خەڵکەکە تۆزێک ڕۆشنبیرتر بوو بوون و یاسای پارێزگاریکردن لە خێزان هاتبوو و پیاو نەیئەتوانی دوو ژن بهێنێت و ئەم شتانە، بەڵام لەم دواییەدا ئەم کاسپییە دووبارە ڕەونەقی پەیدا کردووەتەوە، هەم فالی قاوە و هەم جادووگەری، ئەو کاتانە خۆیشم ئەزموونم هەبوو، ئەو بەڵای کە بەسەر داپیرەمیاندا هێنا بوو، منیش هەندێک شتم فێری مێردەکەم کردبوو کە پارەی زۆری پێ پەیدا کردن، چۆلەکەی ئەگرت و سوژنێکی ئەکرد بە دڵی ئەو بێزمانەدا و ئەیفرۆشت بە ژنەو ئەیوت

برو بیخه مالی هەویکەتەوە، پشیلەی تۆپیوی ئەفروشت، مشکی رەنگکراوی ئەفروشت، دووپشکمان لە مالی خۆمان ئەگرت و ئەمانکوشت و ئەمانفروشت، ئیمەدا هەر جرو جانەوەریکی تیابووایە، پارەی بۆ پەیدا ئەکردین، ئەلێت تا گەمژەکان مابن قولبرەکان پەکیان ناکەوێت، یانی تا مرۆڤی کەر لە دنیادا بێت، کەسانی وەک من و میردەکەم برسی نابن.

مانی- دواتر چی ڕوویدا؟

پوری- داماوە وەجاخی کوێربوو، بەلام زۆر میهرەبان بوو لەگەل من، منیش خۆشمئەویست، یانی دوای ئەو هەموو سەختییە، هەم ئاسودە بوو بووم و هەم خەریکبووم تۆڵەم لە خەلک ئەکردەوە، کۆنەقین، ئەو داخانەی کە لە دڵمدا بوون، ئیتر ماندوو بووم و ناتوانم قسە بکەم.

مانی- ترمە چی؟

پوری- دایکی هاوڕێم بوو، یانی یەکێک بوو لەوانەی کە ئەهات بۆلام بۆ فال و ئەو شتانە، ئەوەندە بە جادو و فالی قاوەو ئەم شتانە ئەو داماوەم کەر کرد، ڕۆشت و لە میردەکەی جیابووەوە، میردەکەشی چوو ژنێکی تری هێنا، ژنەکەشی کە بینی خەریکە کلاو ئەچێتە سەری، ڕۆشت و شووی کردەوە، ئەو پیاوەشی کە شووی پێکردبوو، ڕازی نەبوو ترمە لایان بێت، ئەیویست ترمە بباتە خانەی بێسەرپەرشتان، لەبەرئەوەی ویژدانم ناناسودە بوو، هێنام و خۆم گەورەم کرد، کە ئەمانەی زانی لێیداو ڕۆشت، ئەمان لە خورافات! ئەمان لە کەریتی! ئێوە نازانن ئێستاش خەلکی چۆن ڕوویان کردووەتە ئەم شتانە، ئەمانەش ئەوەندە فێلبازن هەر ئەوەندە بەسە کە جێ پێی خۆیان قایم بکەن، شتێک بە کابرا ئەڵێن و ئەیخەنە گومانەوە، هەر ئەوەندەش گومان کەوتە دڵییەوە، ئیتر تەواوە، چەندێک ژنیان بێ میرد کرد! چەندێک کچیان بێ سەرپەرشت کرد! بە دوعا خەلک بێچارە ئەکەن، بە وێردو جادوو بەدبەختیان ئەکەن، هەموویان فێلبازن.

تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- شتی چۆنم نەئەکرد! چەند ژیان هەر بەم جادو و بیروباوەڕە پووچانە لەیەک هەڵنەوەشا! خوا سەرەنجاممان بەخێر بگێڕێت، ئەمان لە نەزانی! ئەمان لە نەفامی! ئەمان لە خورافات! ئێوە نازانن ئەم خورافاتە چ زیانێکی لە خەلکی ئێمە داوە! سالانێکی زۆرریشە کە ئیتر وازم لەو کارانە هێناوە، خوا لە گوناهەکانم ببووریت

دووبارە هەستاو کوپەکانی کۆکردەوەو خستنیە سەر سینییەکەو ڕۆشت. من و مانی

سەیریکی یەکمان کردو مانی دوو جگەرەی دەرهیناو دایگیرساندن و یەکیانیدا بە من و وتی:

- ئەی دادو بیداد، هیلکە بۆنی ئەهات، پێمی نەئەدا، کاتێک کە ئەیدا، توێکڵەکەی ئەدا، منیش بۆن ئەدەم، بە ئەوی نادەم، ئەگەریش بیدەم، توێکڵەکەی ئەدەم.

- هیچی لەمە جوانترت نەدۆزییەوە بیڵێیت؟

مانی- ئەگەر بمدۆزیایەتەوە ئەوەم ئەوت.

- ئێستا چی بکەین؟

مانی- لە چی؟

- ئەم بەرنامەی ڕق هەستان و شتانە.

مانی- تەلەفۆنێک بکە بۆ باوکت و منیش بۆ باوکم، یەک وشە بڵێین هێنمان خواردو ناماقوڵیمان کردو بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە.

- بڕۆ ونبە، خۆ تۆ وتت ئێمە تاقانەین هەر کە ڕقمان هەستێت دە نەفەر ئەنێرن بە دواماندا، ئەی چی بوو؟

مانی- وەڵا بە شێوەیەکی گشتی منداڵی تاقانە ڕق هەستانی ئاوایە، مەگەر ئەوەی کە ئێمە هەڵەمان کردبێت و باوکمان لە شوێنێکی تر حەوت هەشت وەچەو بەرەی تری وەک ئێمەیان خستبێتەوە، منی داماویش هەمیشە وا بیرم ئەکردەوە کە باوکم سەلارە و پابەندە بە خێزانەکەیەوە!

- ئەگەر نەیەن بە دواماندا چی؟

مانی- دەرئەکەوێت کە من و تۆ هەردووکمان کەرین، یانی تۆ کەری و من لە تۆ کەرتر کە کەوتمە دوات.

- ئێستا کاتی گاڵتەیە؟

مانی- سەیرکە، ئەگەر من لە جێی باوکت و باوکم بوومایە، ئەوە هیچ کە نەئەچووم بە دوای ئەم کوڕە نارەسەن و خوێڕییانەدا، لە میراتیش بێبەریم ئەکردن.

- لەبەرچی؟

مانی- داماوانە ئەو هەموو زەحمەتەیان بۆ کێشاین و لە کۆتاییشدا جووتێک ژنیان بۆ پەیدا کردین، ئاوا پاداشتمان دانەوە.

- عەشق یانی ئەوە.

مانی- کەرێتی یانی ئەوە، داماو ئەگەر ژمارە بانکییەکەمان بەتاڵ بکەنەوە، لەبری

عەشق و عاشقی ئەبیت وەکو هەموو ئەو گەنجە ڕووت و ڕەجالانە بڕۆین بەدوای هێرۆین و تۆزو دەرماندا، جا ئیتر لە پەسا عەشق عەشق بکە.

- دەی هەستە لەبری ئەم هەلیت و پەلیتانە بیرێک بکەرەوە.

مانی- باوکم تۆوی چاند بە هیوای گەنم کەچی نەیزانی کە من جۆیش نەبووم.

ئیستا باشە لە یانسیبدا پورنیەکمان بردەوە ئەگەر نا ئەمشەو ئەبوو چ قورێکمان بکردایە بەسەرماندا!

- یانی چی؟

مانی- گوێبگرە تا بۆت بڵێم، ڕۆژێک ئەنجومەنی کیسەلەکان سێ کیسەل هەلئەبژێرن تا بڕۆن لوتکە ئەڤریست ببڕن و ئالای کیسەلەکان بەسەر لوتکەکەوە هەلبواسن، بە کورتی ئەکەونە ڕێ و پەنجا ساڵیان پێئەچێت تا ئەگەنە نزیکی لوتکەکە، لەپڕ یەکێک لە کیسەلەکان دەست دەکات بە گریان، دووانەکەی تر لێی ئەپرسن هاوڕێ لە خۆشحالیدا ئەگریت؟ ئەویش وەلام ئەداتەوە، نا هاوڕێیان، لەبەرئەوە ئەگریم بیرم چووە ئالاکە بهێنم لەگەل خۆم.

- دیسان خۆتت بێتام کردەوە؟

مانی- نە بە گیانی تۆ، دوێنێ شەو پێمنەوتی تا نیگەران نەبیت.

- چی؟

مانی- من بیرم چوو پێش ڕق هەستان ئالاکە هەلبگرم، یانی کارتی بانکییەکەم و دەفتەری پاشەکەوتەکەم، دوێنێ شەویش پارەی ئوتێلەکەمداو هەر ئەو چەکانەم پێمایە کە ئەویش بووم بە حاتەمی تەی و کردمن بە خێر.

- چ شێتێکی تۆ! ئیستا چ ناماقوڵییەک بکەین؟

مانی- باشە باشە، مەگەر تۆ نەتوت ئەچین بۆ ئیش و بە ماندوبوونی خۆمان پارەی حەلال پەیدا ئەکەین و ئەم هەلیت و پەلیتانە؟

- ئیستا تا ئیش ئەدۆزینەوە چی بکەین؟

مانی- خۆت تێکمەدە، من سوالکردن شارەزام، تۆ لە دزی ئەزانیت؟

- بەڕاستی کە مانی!

مانی- دیسان من پیاوخراپ دەرچووم، بابە مەگەر تۆ پشتت بە دەفتەری پاشەکەوتەکەی من بەستبوو وا ڕقی خۆت هەستاند؟

- کاتێک خۆمان پێمان نییە بۆ ئەیبەخشیت؟

مانی- لەبیرتچووە خۆت دروشمی چۆنت ئەدا؟ چەندێک ئێستا ئەم کاغەزانە جوانن و ئەم قسانە، ئەلێم چۆنە یەکێان بە دزییەوە هەلگرینەوە؟ خۆ پوری نازانیت چەند دانەن.

- ناشرینە شتی وا.

مانی- ناشیرین چییە؟ پارەی بەنزینیشمان پێ نییە، من ئێستا ئەوپەری سی سەر چوار سەد تمەنم پێیە، ئەی تۆ؟

- من کیفم هەر نەهێناوە.

مانی- ئێستا کاتی ئەوەیە کە هەردووکمان بگرین لەبەر ئەو بەلایەی کە بەسەرمان هاتووە، ئەی نەفرەت لە دایک و باوکی ئەوەی کە ئێتر بە قسەی تۆ بخەلەتێ، خەریکبووین بۆ خۆمان بە ئاسودەیی ئەژیاین، ئێستا نەئەکرا تۆ عاشق نەبیت؟

- ئەی خۆت چی؟

مانی- من لانیکەم عەشقەکەم ئەکتەرە و لە فیلمێکدا رۆل ببینێت، پارەی پێشەکی ئاپارتمانێک پەیدا ئەکات، تۆ عەشقەکەت خوێندکاری زانکۆیە ج قورێکت ئەکەیت بەسەرتدا؟ زۆر زۆر لە خۆی بکات ئەتوانێت چوار وانەی تایبەت بڵێتەوە تا لەبرسا نەمرن.

هەر لەو کاتەدا رۆکسانا هات و سلاوی کرد و وتی:

- نان ئامادەیە.

- چوویت نانت دروستکرد؟

رۆکسانا- ئەری.

- ئەی سەعییەکەت چی؟

رۆکسانا- هەم سەعیم کردو هەم نانیشم دروست کرد.

- ئێمە خۆمان لە دەرەوە شتێکمان ئەهێنا.

مانی- راست ئەکات رۆکسانا خان، پارەکە هەیە، ئێمە ئەچووین لە دەرەوە پلاوی برسێتی و شلەی بوورانەوەمان ئەهێناو هەموومان بە یەکەوە ئەمانخوارد، بۆچی زەحمەتتان کێشا؟

لامکردەوەو مۆرەیەکم لێکرد، وتی:

- هامون گیان ئێستا کە زەحمەتەکەیان کێشاوە، هەستە برۆین نانەکەمان بخۆین، نانی ئێوارە لە دەرەوە ئەهێنین.

هەردووکمان هەستاین و چووینە چێشتخانەکەو لەسەر مێزەکە دانیشتین، ساراو

مریم خەریکبوون خێرا خێرا ئیشیان ئەکرد، تۆزێک دواتر پورێش هات، لەبەری هەستابن، ئەویش هات و لە تەنیشت ئێمە دانیشت و وتی:

- ئەمڕۆ هەژارانە بەڕێبکەن، خواردنی ئێمە هەرچەند باشیش بێت، لەچاو خواردنەکانی ئێوەدا نان و پەنیرەو بە خواردن دانانرێت.

مانی- ئەزقەزا بە پێچەوانەوە، لەم هەلومەرجەی ئێستای ئێمەدا ئەم سفرەت حەوت ڕەنگە، ئێمە ئێستا ئەوەندە دەستمان تەنگە کە خێرمان پێئەشێت.

توند بە قاچم کێشام بە قاچیدا، وتی:

- یانی لە ڕووی خۆشەویستییەوە، قڕان قڕان خۆشەویستی ئێوە ئەخەینە سەر چاومان تا سکمان تێر بێت، ببوورن پورێ گیان، نانی سەنگەک ئێستا دانەی بە چەندە؟ بەلام سادەکەی.

پورێ- بۆچیتە؟

مانی- ئەمەوێت بزانم تا چەند ڕۆژ ئەتوانین بە زیندوویی بمێنینەوە.

پورێ- بە نانی سەنگەک؟

مانی- نە، بەربەریش بێت قەیناکە.

ئەو خەریکبوو هەلیت و پەلیتی ئەوت و من خەریکبووم سەیری ڕۆکسانام ئەکرد کە خێرا خێرا ئیشی ئەکردو بە مریەم و ئەوانیشی ئەوت چیبکەن، قژە ئالتونییە جوانەکەی لە کاتی ئیشکردندا ئەجولایەوە، وەکو کێلگەیەکی گەنم کە با گولە ئالتونییەکانی بەملاولادا ئەچەمێنێتەوەو شەپۆلیکیان لێدروست ئەکات، خێرا خێرا کاری ئەکردو هەر شتێک کە ئامادە ئەبوو، ئەیهێنایە بەردەم من و لەسەر مێزەکە بە ڕێکی و جوانی دایئەنا، قاپە ماست، زەلاتە، سەوزە، نانی پارچەکراو، ترشیات، هەرکامێکیشیانی ئەخستە بەردەم من، هەر کە ڕووی وەرئەگێڕا، مانی ڕایئەکێشاو ئەیخستە بەردەم خۆی، شلەی قیمەو برنجیان لێنابوو، کاتێک ئامادەبوو دەورییە شلەو برنجەکانیان هێنایە سەر مێزەکە، لەپڕ ڕۆکسانا وتی:

- وای! لەبیرمانچوو ساردی بکڕین.

- قەیناکە، ئێستا مانی ئەچێت ئەیکڕێت، مانی بڕۆ هەر لەم ناوەدا هەیە، بیکڕە.

مانی سەیرێکی منی کردو دواتریش سەیرێکی پورێی کردو وتی:

- ببوورە پورێ گیان، ساردی گەورە بە چەندە؟

پورێ- وازی لێبهێنە، خواردنەکەمان تێکردووە، تا ئەیکڕیت و دێیتەوە سارد ئەبێتەوە.

مانی- هەرجۆرێک پێتان باشە یان هەر شەو ئەیکڕین.

CamScanner

پوری- بۆچی پرسیاری نرخەکەیت کرد؟

مانی- نییە لەمەودوا ئەمانەوێت ببینە خاوەنی خێزان، پێویستە نرخی دانە بە دانە پیداویستییەکانی ژیان بزانم تا کاتێک ئەو سەگبابە فەرمان بە شتێک ئەدات بزانم نرخی چەندە.

لەپڕ هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین، ڕۆکسانا و ئەوان هاتنە سەر مێزەکەو دانیشتن، ڕۆکسانا وتی:

- ببوورن، ئێمە هەمیشە پێش نانخواردن نزا ئەکەین، قەیناکە؟

مانی- ببوورن نزاکەی ئێوە چەند لاپەڕەیە؟ یانی ئەڵێم خواردنەکە نەیبەستێت.

- شەرم بکە مانی!

مانی- ئێ ئەگەر بیەوێت نیوەی ئینجیلمان بۆ بخوێنیتەوە، خۆ ئەبێتە کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ.

دووبارە هەموویان دەستیانکرد بە پێکەنین، دواتریش چاویان نوقاندەوە و دەستیان بە نیشانەی ڕێز نوساند بەیەکەوە گرتیان بە بەر سنگیانەوە، ڕۆکسانا وتی:

- پەروەردگارا، سوپاست ئەکەین لەبەر هەموو ئەو شتە باشانەی کە بە هەرزان پێت بەخشیوین.

مانی- ئیلاهی ئامین، بەناوی خوا!

دووبارە هەموویان دەستیانکرد بە پێکەنین، ڕۆکسانا وتی:

- تەواو نەبوو بوو کاک مانی.

مانی- ببوورن، من وامزانی تەواو بوو، یانی بۆ شلەو برنجێک هەر ئەوەندە بەسە.

بە قاچم توند کێشام بەو قاچەیدا کە ئازاری هەبوو، وتی:

- ئاخ! یانی الحمدلله رب العالمین.

ڕۆکسانا- ڕێگە ئەدەن نزاکەمان بخوێنین؟

- بیدەین و نەیدەین نان دەنگی نییە، کەوایە زووتر بیخوێنن با خواردنەکە سارد نەبێتەوەو نەبێتە ناسوپاسی کردن.

دووبارە هەموویان دەستیانکرد بە پێکەنین، دیسان چاویان نوقاندو دەستیان نوساند بە یەکەوەو گرتیان بە سنگیانەوە، ڕۆکسانا وتی:

-پەروەردگارا، سوپاست ئەکەین لەبەر هەموو ئەو شتە باشانەی کە بە هەرزان پێت بەخشیوین و داوات لێئەکەین کە هیچ کەس بێبەش نەکەیت لێیان، ئامین.

هەموویان وتیان ئامین، بەڵام پوری هەم وتی ئامین هەم وتی سوپاس بۆ خوا، دواتر

CamScanner

چاریان کردەوە، مانی وتی:

- ئەواو بوو؟

ڕۆکسانا- بەڵێ، بەڵام ئێوە ناڵێن ئامین؟

مانی- من هەر لە سەرەتاوە وتم سوپاس بۆ خوا، دواتریش خواوەند هەرچی باش بێت ئەوە ئەکات، بە هەرکەسێکی بوێت ئەیدات و بە هەر کەسێکیشی نەوێ نایدات، خۆ بە قسەی من و تۆ نییە.

ڕۆکسانا- بۆ نا، کاتێک ئێمە نزا ئەکەین بۆ هاوچەشنەکانی خۆمان زۆر کاریگەری هەیە، ئێوەش ئەبێت نزا بکەن.

مانی- ئێستا یەک ڕۆژ خواوەند ڕۆزی ئێمەی داوە بە ئێوە، تەمەنێک ئێمە خواردمان و سوپاسیشمان نەکردو ڕۆزیشی داین، ئەمڕۆ کارمان تێتان کەوتووە.

پوری- بخۆ پوری گیان، خوا پێویستی بەو شتانە نییە.

مانی- من هەر نان ناخۆم، زەڵاتەی ڕووت ئەخۆم پێویستی بە نزاو مزا نییە، ئەکا ئێوە بۆ زەڵاتەش نزای تایبەتتان هەبێت؟

ڕۆکسانا و ئەوان دەستیانکرد بە پێکەنین، مریەم وتی:

- نە، ئێوە فەرموون، ئێمە لە بری ئێوەش ئامینمان وت.

مانی- لەخۆڕا وتتان، مەگەر خۆم لاڵم؟ سەرەتا ئەڵێی بەناوی خوا، لە کۆتاییشدا ئەڵێی سوپاس بۆ خوا، ئێتر پێویست بە فرەوێژی ناکات، داوا لە تۆ ئەکەین کە کەسی لێ بێبەش نەکەیت! نزا ئەکەن یان شانۆنامەکانی شکسپیر ئەخوێننەوە؟

- سەیرکە، ناتوانیت یەک خولەک بێدەنگ بیت.

مانی- دەی بەیانی بەزۆر ناردمتانە گەرماو نەتانهێشت یەک تیکە بکەمە قوزەڵقورتم، ئێستاش ئەمەوێت دوو کەوچک بخۆم ناهێڵن.

خێرا پوری دەورییەک شلەو برنجی بۆ تێکردو هەروا کە پێئەکەنی خستییە بەردەمی و ئەویش دەستیکرد بە خواردن، ڕۆکساناش بۆ منی تێکردو خستییە بەردەمم و وتی:

- بیخۆ بزانە دەستاوم خۆشە یان نە.

پێکەنیم و کەوچکێکم لێخوارد، زۆر تامی خۆش بوو.

- نایابە!

مانی- ناچارە داماوە، وا نەڵێ چی بڵێ؟

- تۆ قسە مەکە، کێ پرسیاری لە تۆ کرد؟

ڕۆکسانا- بە ڕاست تامی ناخۆشە کاک مانی؟

مانی - بەمانە ئاڵتەم مکرد، ئەزفەرا زوریش خوشە. بەڵام ئازانم بۆچی ئیوە سەوزە ئاگەمە ئاو شلەی فورمەسەزییەوە؟

مریەم - فورمە سەمزی چییە؟ ئەمە قیمەیە.

مانی - وای ئەی بۆ زووتر قسەتان نەمکرد؟! ئەزفەرا زور لە شلەی قیمە ئەچیت.

- مگۆی لە قسەی ئەمە مەمگرن، هەروایە.

سارا - ئەزفەرا لەناو ئیمەدا دەستاوی رۆکسانا لە هی هەموومان خوشترە.

مانی - ئەلبەتە بۆ ریجیمی ماوە دریژ زور باشە.

هەموویان دەستیان مکرد بە پیکەنین.

- ئامانقولیت مکرد، زوریش خوشە.

مانی - مەگەر من پیچەوانەی ئەوەم وتووە؟ ئەم قیمە یادگارییەکان ئەهینیتەوە بیری مروف، یادگارییەکانی کاتی سەربازی لە سەربازگە، یانی ئەو سانە شیرینانەی کە بەیەکەوە لەم قیمانەمان ئەخوارد و پەندمان لیوەرئەگرت و بەیادی خواردنەکانی رابکمانەوە ئاخمان هەلئەکیشا.

پوری - کچ تا لە مالی باوکییەتی دەستاوەکەی دەرناکەویت، کاتیک چووە مالی میردەکەی ئەو کاتە خوی دەرئەخات.

مانی - بە دلنیاییەوە خو دەرخستنەکەشی بە دەرکەوتنی نیشانەکانی ژەهراوی بوون ئەبیت لە میردەکەیدا، کە لەلایەن پزیشکی دادوەرییەوە دوای مردنی کابرا ئاشکرا دەکریت.

سارا - ئەی ئەو ئاغایانەی کە تازە ژنیان هیناوە ورگیان بەرز ئەبیتەوە هی چییە؟ ئی نیشانەی ئەو خواردنە خوشانەیە کە خانمان دروستیان ئەکەن.

مانی - ئەی ئەو لەبرسا مردوانەی ئەفریقا کە هەموویان ورگیان هیندەی تەپلیک دەرپەریوە، هەمووی بەهوی تیری و خواردنی خوشەوەیە؟

وەلامی هەمووی ئەدایەوەو خیرا خیرا خواردنەکەشی ئەخوارد.

مریەم - خانمان هەر کاریک بکەن، ئاغایان رەخنەیەکیان لیئەگرن.

مانی - ئاخر خانمان کاری بی کەم و کورتی ئەنجام نادەن تا رەخنەیان لی ئەگریت.

سارا - کەوایە ئەگەر خانمان کارەکانیان ئەوەندە خراپە، بۆچی ئاغایان بەردەوام بە دوایانەوەن؟

مانی - لەبەرخوا، هامون گیان ئەو سەوزەم بدەری.

مریەم - راستە کە ئەلین ئەگەر ئەتەویت دلی میردەکەت بەدەست بهینیت ئەبیت لەریگەی سکییەوە دەستبەکار بیت.

مانی- سەد هەزارجار سوپاسی خوا بکەن کە نەیانوتووە ئەبێت لە ڕێگەی ترەوە دەستبەکار بیت، یانی مەبەستم ئەوەیە باشە کە نەیانوتووە لەڕێی کونی گوێی و کونی لوت و ئەم کونانەوە، پوری گیان قوربانی دەستتان ئەو قاپە ماستە ڕەوانەی ئەملا بکەن.

ڕۆکسانا- کاک مانی قیمەتان بۆ تێبکەم؟

مانی- ڕۆکسانا خان ئێستا بێ گالتە، ئەمە شلەی قیمەیە؟

- مانی بێدەنگ ئەبیت یان نە؟

مانی- دەی هەر بێدەنگ بووین بۆیە ئەو هەموو بەلایەمان بەسەرهات.

دەورییەکەی هێنایە پێشەوەو ڕۆکسانا بە پێکەنینەوە قیمەی بۆ تێکردو دووبارە دەستی کردەوە بە خواردن و هەلیت و پەلیت وتن، کەوچکێکی ئەخواردو شتێکی بە ئەوان ئەوت، ئەوانیش هەر پێئەکەنین، کە نانەکەمان خوارد، قاپەکانمان کۆکردەوەو سارا مێزەکەی پاککردەوەو ڕۆکسانا چوو قاپەکان بشوات، ئەوانی تریش ڕۆشتنە ژووری میوان و منیش وەستام تا یارمەتی ڕۆکسانا بدەم، یانی بەو بیانووەوە ئەمویست لەگەلی تەنها بم، دەستە سرێکم هەلگرت و ئەو قاپانەم وشک ئەکردەوە کە ئەو ئەیشۆردن و قسەشم لەگەل ئەکرد.

- کەی تاقیکردنەوەت هەیە؟

ڕۆکسانا- چەند ڕۆژێکی تر.

- لە کاتێکی خراپدا ئێمە هاتین بۆ ئێرە.

ڕۆکسانا- هەرگیز، ئەزقەزا کاتێکی زۆر باشە!

- ئاخر تۆمان لە سەعییەکەت کرد.

ڕۆکسانا- بە پێچەوانەوە، هەر ئەوەی کە ئەزانم تۆ لێرەیت، ئیتر بێ خەمم و ئەتوانم بە خەیالی ئاسودەوە سەعییەکەم بکەم.

- بەڕاستتە؟

ڕۆکسانا- ئەری، بەخوا، تەنها لەوە نارەحەتم کە تۆ ڕقت لە ماڵەوەتان هەستاوە.

- ڕاستی ناتەوێت پاشماوەی ژیانتم بۆ بگێڕیتەوە؟

ڕۆکسانا- شتێکی وا کرنگی نەماوە.

- دوای ئەوەی کە لە دایکت جیابوویتەوە چی ڕوویدا؟

ڕۆکسانا- هیچ، هەروا بێ ئامانج ئەڕۆشتم بە ڕێگەدا تا بوو بەشەو، شوێنێکم نەبوو لێی بخەوم، بە شەقامەکاندا کە ئەڕۆشتم، خەلکی بێزاریان ئەکردم، بەلام دەی چیم پێئەکرا؟ هەروا ئەڕۆیشتم تا ئەوەی کە گەیشتم بە کلیسایەک و لەسەر قادرمەکانی

دانیشتم، سەرم نابوو بە دیوارەکەیەوەو بیرم ئەکردەوە، نازانم چەندیک کات تێپەڕی، یانی هەروا بە دەم بیرکردنەوەوە خەوم لێکەوت، لەپڕ بینیم یەکێک بانگم ئەکات، چاوم کردەوەو دوو کچم بینی کە لەگەل کەشیشێکدا بەدیار سەرمەوە وەستاون، خێرا هەستام و وتم ببوورن و ویستم بڕۆم، بەلام نەیانهێشت، کچەکان دەستیان گرتم و بردمیان ناو کڵێساکەوەو هەر کە چوومە ژوورەوە خاچم کێشا، هەرسێکیان پێیان سەیر بوو، بە کورتی، دوای ئەوەی کە زانییان تەنهام و هیچ جێیەکم نییە بۆی بڕۆم، هێنامیان بۆ ئێرە.

- کچەکان مریەم و ئەوان بوون؟

ڕۆکسانا- ئەرێ، پورێ لیاش زۆر گەرم و خۆمانە باوەشی بۆ کردمەوە و قبوڵیکردم.

- هەواڵت لە دایکت نییە؟

ڕۆکسانا- نا، ناشمەوێت هەمبێت.

یەک دوو قاپی شۆردو دواتر وتی:

- هامون! پرسیارێکت لێبکەم؟

- بێکە.

ڕۆکسانا- پێت ناخۆش نابێت؟

- نە.

ڕۆکسانا- ئایێ من بەلاتەوە گرنگ نییە؟ یانی کێشە نییە بۆت کە من مەسیحیم؟

- نە.

ڕۆکسانا- دواتر چی؟ کاتێک هاوسەرگیرییمان کرد ناچارم ناکەیت کە ئایینەکەم بگۆڕم؟

- من تۆ بە هیچ کارێک ناچار ناکەم.

سەیرێکی کردم و پێکەنی و وتی:

- وەرە پێشەوە!

° ° °

وەرزی یازدەهەم

کاتژمێر نزیکەی شەشی دوانیوەڕۆ بوو لەگەڵ مانی لە مالی پوری و ئەوان هاتینە دەرەوە تا کەمێک پیاسە بکەین، ڕاستییەکەی ئەمویست کەمێک قسە لەگەڵ مانی بکەم، کەوتینە ڕێ بەرەو سەرەوەو پێموت:

- تۆ هەر بە خەیاڵتا نایەت!

مانی- چی؟

- ئاخر بێ پارەو ئیش چی بکەین؟

مانی- مەگەر بڕیار نییە پوری خەرجیمان بدات؟

- خۆت بێتام مەکە.

مانی- بابە ئەوەندە مەترسە، دێن بە دواماندا.

- گریمان دوو ڕۆژی تر هاتن، تا ئەو کاتە چی بکەین؟ یەک فلسمان پێ نییە

مانی- نیگەرانی ئەوەیت؟ هەر زۆر ئاسانە، وەرە دەستی گرتم و بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا پەڕینەوە و چووینە بەردەم بازاڕی نەسر، زۆر قەرەباڵغ بوو، هەر لەوێدا لەبەردەم قادرمەکانیدا وەستاو وتی:

- ئێستا چارەسەری ئەکەم.

- ئەتەوێت چی بکەیت؟

مانی- سوالا!

- بڕۆ وتبە، شەرم ناکەیت؟

مانی- ئێمە خۆ بڕیارە ماوەیەکی تر بکەوینە سوالکردن، لانیکەم با هەر لە ئێستاوە ڕاهێنانی بۆ بکەین.

- سوێند بەخوا، بە گیانی خۆت، ئەگەر خۆت بێتام بکەیت ئیتر ناوت ناهێنم.

مانی- ئاخر دەی چی بکەین؟

- بیرێکی تر بکەرەوە.

تۆزێک بیری کردەوەو وتی:

-دوزیمەوە، بەلام چارەسەریکی کاتییە.

- چی بکەین؟

مانی- تۆ برۆ بەردەم ئەو گولفروشییە بووەستە تا پێت بڵێم.

- ئاخر ئەتەوێت چی بکەیت؟

مانی- تۆ برۆ تا پێت بڵێم.

- کارێکی ناشیرین نەکەیت ها!

مانی- نە بە گیانی تۆ، چ کەرێکی!

بە ئارامی چەند هەنگاوێک چوومە ئەولاوە، لەپڕ دەستی کرد بە هاوارکردن و وتی:

- خانمان! ئاغایان! تکا ئەکەم تا هێزەکانی پۆلیس نەهاتوون یەک خولەک گوێ لە قسەکانی من بگرن.

هەر کە ئەمەی وت، لە شەرما عارەقم دەرکرد، خێرا تۆزێکی تر چوومە دواوە، چەند کچ و ژنێک لە لە دەوری کۆبوونەوە.

مانی- من گەنجێکم کە لەبەر شێوازی بیرکردنەوەم خێزانەکەم دەریان کردووم، با پێشتان بڵێم خێزانەکەم زۆر زۆر دەوڵەمەندن، لەبەر سامان و دەوڵەمەندییەکەیان دژی بیرکردنەوەو بۆچوونەکانی منن، هەر لەبەر ئەوەش وازم لێیان هێنا، وابزانم هەمووتان ئەزانن کە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی گەنجە، بەلام وردبینەوەو ببینن بە ڕاستی کێ گرنگی بە خواستەکانی ئێمەی گەنج داوە؟ ئایا تەنها خواستەکانی خۆتان نییە کە بە هەر هۆکارێک ئەیسەپێنن بەسەر ئێمەدا؟

کە ئەمانەی وت ژمارەیەکیش کچ و کوڕو پیاو و ژن لە تەلارەکە هاتنە دەرەوەو لە دەوری کۆبوونەوە، خەریکبوو لەتاو ترس و شەرم ئەمردم.

مانی- لە هەر شوێنێک پێویستی کرد باسی ئێمەی گەنج ئەکەن و تێمانەوە ئەگێڕن و کەلکی خراپ لە بوونمان وەرئەگرن، بەلام تا ئێستا هەنگاوێکیان بۆ هەڵنەهێناوین، بە هیچ شێوەیەک گوێ لە بۆچوونەکانمان ناگرن، ئێمە بە نەوەی لاسار ناو ئەبەن، هیچ کام لە کارەکانمانیان بەدل نییە، ئەگەر بمانەوێت پەیوەندییەکی زۆر سادە و ساکارمان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا هەبێت، ڕاستەوخۆ تەمبێ ئەکرێین، دڵخۆشیمان بووەتە مادەی بێهۆشکەر، ئارەزووەکانمان بوون بە تاسە، پێکەنینەکانمان بوون بە ئاه، لەبری قسەکردن تەنها مۆڵەتی سەیرکردنمان هەیە، سالانی گەنجیمان خەریکە وەکو ڕۆژانی پیری دایک و باوکمان تێئەپەڕێت، هیچ یادگارییەکی خۆشمان لە سەردەمی گەنجیمان نییە،

گەورەکانمان ڕابردووی خۆیانیان لەبیرکردووە، لەبیریان کردووە ئەوانیش سەردەمێک گەنج بوون، لەبیریان کردووە کە خۆیشیان لە کاتی گەنجیدا چییان کردووەو بۆ شوێنی چۆن ڕۆشتوون کە ئێمە تەنانەت یەکێکیشیانمان نییە، کاتێک دلخۆشن و باسی ڕابردووی خۆیانمان بۆ ئەکەن و هەندێک شت لە دەمیانەوە دەرئەچێت، تازە ئەزانین کە هەر بۆ ئەوە زیرەکن وتار بۆ ئێمە بدەن و گەر نا خۆشیان هەر دەمن و کرداریان نییە، گەنجینە! وا ئەزانن کاتێک ئێمە بگەینە تەمەنی ئەوان و وای دابنێین بتوانین خێزان پێکبهێنین، چ یادگارییەکمان هەیە بیگێڕینەوە بۆ منداڵەکانمان؟

هەر ئەو دە خولەک قسەکردنە بەس بوو تا تەلارەکە چۆل بێت و هەمووان لەبەردەرگاکە کۆببنەوە، هەر ڕستەیەکی ئەوت گەنجەکان پشتڕاستیان ئەکردەوە، کەم کەم لەگەل هەر ڕستەیەکی چەپڵەیان بۆ لێئەدا، منیش لە ترسدا هەر سەیری ئەملاولام ئەکرد کە نەکا پۆلیس بێت، ئیتر ئەوەندە خەڵک کۆبووبووەوە کە مانی خۆیم نەئەبینی، تەنها گوێم لە دەنگی بوو.

مانی- سەیری ئەو گەنجە داماوانەی دەوروبەرتان بکەن، ڕۆژی چەند گەنج ئەبینن کە ئەڕۆن بە ڕێوەو لە بەرخۆیانەوە قسە ئەکەن؟ لە ڕۆژێکدا چەند کەس ئەبینن کە پێئەکەنن؟ پێکەنین هەر ئەبینن؟ ئایا ئێمە هیچ ئومێدێکمان ماوە؟ نەفەرێک تا چەند ئەتوانێت بەرگەی قەلەقی و دڵەڕاوکێ بگرێت؟ گوشاری سەعیکردن، تێچووی خوێندن، ترس و نیگەرانی کۆنکور، لە کۆتاییدا لەبەرچی؟ بەکالۆریۆسێک بە دەست بهێنین و بە داماوی و پاڕانەوە، لە کۆمپانیایەک یان دوکانێکدا ببینە بەردەست یا چایچی یا دەرگاوان، بە چ دلخۆشییەکەوە بخوێنین؟ بە چ ئومێدێکەوە گوێ لە قسەو ئامۆژگارییەکانی دایک و باوکمان بگرین؟ دایک و باوکانێک کە خۆشیان بۆ خەرجی و بەڕێکردنی ژیانیان دەستەوسانن، تا کەی ئەبێت ئەو کچەی کە خۆشم ئەوێت تەنها سەیری بکەم و ئەویش سەیری من بکات؟ تا کەی ئەبێت بە ئومێدی هاوسەرگیری دڵی خۆشبکەم؟ تا کەی ئەبێت بە درۆ پێی بڵێم بە دڵنیاییەوە تا ماوەیەکی تر ئیش ئەدۆزمەوە و جێیەک بەکرێ ئەگرم و بەیەکەوە هاوسەرگیری ئەکەین و ئەبینە خاوەنی منداڵێکی جوان و بە تۆ ئەڵێت دایکەو بە من ئەڵێت بابە؟ مەگەر هەمیشە بە ئێمەیان نەوتووە کە درۆ نەکەین؟ مەگەر نەیانوتووە درۆ ناشرینترین ئاکاری مرۆڤە؟ کەوایە تا کەی ئەبێت مرۆڤێکی ئاکار ناشرین بین؟

لەپڕ هەموان چەپڵەیان بۆ لێداو دەستیان کرد بە فیکە، وتی:

- تکا ئەکەم چەپڵە لێمەدەن، ئیتر بەسە چەپڵە لێدان و دروشم وتنەوە، ئەم هەموو

دروشمە تەنانەت نەیتوانی ماندوویەتی زمانمان دەربکات، مێشکی من سەرتاسەری نیشانەی پرسیارە، بۆچی؟ بۆچی؟ بۆچی؟ وەلامی ئەم بۆچییانە لە کوێن؟ کێ ئەبێت وەلامی ئەم بۆچییانە بداتەوە؟ کێ خەوەکانمان بۆ لێکئەداتەوە؟ بۆچی گەنجەکان لە ڕووی دایک و باوکیاندا ئەوەستنەوە؟ بۆچی دایک و باوکەکان هەمیشە خۆیان بە نموونە ئەهێنەوە کە کاتێک گەنج بوون لە بەرامبەر گەورەکانیاندا بەردەوام سەریان داخستووە؟ لەبەرئەوەی گەورەکانیان ئەیانتوانی پشتیوانیان لێبکەن، بەلام ئێستا خۆیان ناتوانن جلوبەرگیش بە تەواوی بکڕن بۆ منداڵەکانیان ج بگات بە پشتیوانییەکانی تر.

دووبارە هەموان دەستیان کردەوە بە چەپڵە لێدان و فێکەکردن.

مانی- تکا ئەکەم بێدەنگ بن، من نەئەمەوێت دروشم بدەم و نە بڕواشم بە دروشم هەیە، تەنها پرسیار لە دایک و باوکەکان ئەکەم و وەلامم لێیان ئەوێت.

لەپڕ مۆبایلەکەم زەنگی لێدا، سەیرم کرد بینیم ماڵەوەیە، خێرا وەلامم دایەوە، باوکم بوو.

باوکم- ئەلو! هامون؟

- سلاو باوکە.

باوکم- لە کوێیت تۆ؟

- لەژێر سێبەری ئێوەدا.

باوکم- ڕقت هەستاوە؟ لە دەستم ناڕەحەتیت؟

- نە باوکە، شەرمتان لێئەکەم، قسەکانی ئێوە ڕاست بوون، بەلام منیش تاوانم نەبوو، خۆشویستن بە دەست مرۆڤ خۆی نییە، ئێوەو دایکم زۆر زەحمەتتان بۆ من کێشاوە، من نە ئەبوو سپڵە بوومایە، بەلام بە گیانی خۆتان هەرگیز بە نیازی شتی وا نەبووم، شتەکان زۆر خێرا ڕوویاندا، پەیدابوونی پورە لیا، ناردنی بە دواماندا، گێڕانەوەی ڕابردووی خۆی، داواکردنی یارمەتی لە ئێمە، هەمووی ئەوەندە خێرا ڕوویدا، تا ویستم بزانم چی بە چییە، بینیم ڕۆکسانام خۆشئەوێ، بەلام ئێوە دڵنیا بن پێچەوانەی ویستی ئێوە ڕەفتار ناکەم، بەڵێنتان پێئەدەم

لەپڕ بینیم دەنگی گۆڕا.

- باوکە! باوکە! توخوا خۆتان ناڕەحەت مەکەن.

دایکم تەلەفۆنەکەی لێوەرگرت و وتی:

- هامون؟

- سلاو دایکە.

دایکم- خێرا بگەڕێرەوە ماڵەوە، هەر ئێستا.

- ئاخر!

- ئاخری ناوێ، هەر ئەوەی کە وتم.

- بەسەرچاو، ئەی مانی؟

دایکم- هەر ئێستا مامت تەلەفۆنی بۆ ئەکات، خێرا هەردووکتان ئەگەڕێنەوە ماڵەوە، تێگەشتی؟

هەر کە ویستم وەڵام بدەمەوە، دووبارە باوکم تەلەفۆنەکەی گرتەوە دەست، دەنگی گیرا بوو، بە ئارامی وتی:

- کوڕم، ئەو کچەش لەگەڵ خۆت بهێنە ئەمەوێت ببینم.

- چی باوکە؟

باوکم- هەر ئەوەی کە بیستت.

- ڕۆکسانا لەگەڵ خۆم بهێنم؟

باوکم- ئەرێ! ئەرێ! ئەو کچەش لەگەڵ خۆتان بهێنن کە مانی خۆشی ئەوێت، بانگهێشتیان بکەن بۆ نانی ئێوارە.

- دڵنیان باوکە؟

باوکم- ئەرێ، زوو وەرنەوە.

ئەوەندە خۆشحاڵ بووم کە نەمئەتوانی هیچ بڵێم، تەنها وتم:

- قوربانتان بم باوکە گیان.

دووبارە بێدەنگ بوو، کەمێک دواتر وتی:

- چاوەڕێتانم.

دواتر تەلەفۆنەکەی داخستەوە، گریانم ئەهات، لامکردەوە بەلای مانیدا، بینیم ئەویش مۆبایلەکە بە دەستیەوەیەتی و خەریکی قسەکردنە، زانیم لەگەڵ مامەدا قسە ئەکات، بەناو خەڵکەکەدا تێپەڕیم و بەزۆر چوومە پێشەوە، دەوروبەری پڕ بوو بوو لە کچ و کوڕ، هەمووشیان بێدەنگ وەستابوون و سەیری مانییان ئەکردو چاوەڕێ بوون تەلەفۆنەکەی داخاتەوە و قسەکانی تەواو بکا، چوومە پێشەوەو گەشتم پێی، تەلەفۆنەکەی داخستەوە، بە ئارامی چپاندم بە گوێیدا:

- خوا زەبوونت بکا مانی.

مانی- بۆچی؟

- ئابرووت بردین، وەرە بڕۆین.

مانی- ئەمانە چی لێیکەم؟ ئەمویست وردە وردە پارەیان لێکۆبکەمەوە.

- ئێستا ئیتر پارەمان بۆچییە؟

مانی- ئاخر خۆناکرێت دوای نیو کاتژمێر وتاردان هەروا وێڵیان بکەم و بڕۆم.

- خێرا شتێک بکە، ئێستا پۆلیس دێت.

سەرێکی ڕاوەشاندو دواتر بە دەنگی بەرز وتی:

- زۆر باشە، ئێوە فەرموون.

دواتر ڕوویکردە کوڕو کچەکان و وتی:

- هاوڕێیان، هەر ئێستا زانیاریم پێگەیشت کە لە شوێنێکی تر پێویستیان بە بوونی من هەیە، من قسەکانم کورت ئەکەمەوە، دوای تەواوی ئەو شتانەی کە وتم و خودی ئێوەش ئەتانزانی، ئێستا ئەبێت بپرسین چارەسەر چییەو ڕێگەچارە لە کوێیە؟ من بە ئێوە ئەڵێم، خەڵکینە باشترە لەبری قسەکردن خێرا بێین و هەموو بەیەکەوە نزا بکەین کە ئێشەڵا هەرچی زووترە ئەم دۆخە باش ببێت و گەنجەکانمان بچنە ماڵ و حاڵی خۆیان، بێزەحمەت هەمووتان دەستتان بەرزبکەنەوەو من هەرچی ئەڵێم ئێوە بڵێن ئیلاهی ئەمین.

- الهی، پەروەردگارا، سوێندت ئەدەم بە گەورەییت کە سەرەنجامی هەموو گەنجەکانمان بە خێر بگێڕیت

خەڵکەکە سەیرێکی یەکترییان کردو دواتر دەستیان بەرزکردەوەو هەموویان وتیان:

- ئیلاهی ئەمین!

مانی- خوایە شفای بەپەلەی نەخۆشەکانمان بدەیت.

- ئیلاهی ئەمین!

مامی- خوا هەرچی بەڵاو بەدبەختی ئەم وڵاتەیە ببێرێ بۆ وڵاتی دراوسێ.

- ئیلاهی ئەمین.

مانی- خوایە سەرەنجاممان بەخێر بگێڕیت.

- ئیلاهی ئەمین!

مانی- خوایە تیاماوی و دەستەوسانی لە خەڵکی ئەم وڵاتەوە بگوازیتەوە بۆ خەڵکی وڵاتێکی تر.

لەپڕ هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین، وتی:

CamScanner

- بلێن ئیلاهی ئەمین!

- ئیلاهی ئەمین!

مانی- هەر کەسێک لە هەر جلێکدا خزمەتی ئەم خەلکە ئەکات سەرکەوتوو و پایەداری بکەیت.

- ئیلاهی ئەمین!

مانی- هەر کەسێک خیانەت لەم گەلە ئەکات زەبوون و داماوی بکەیت.

- ئیلاهی ئەمین!

مانی- هیواشتر، پەردەی گوێم درا، ئێستا دەستتان بهێنن بە دەم و چاوتانداو هەر لەم ساتەوەو بە پێداگری و سوربوونەوە دەستبکەن بە چالاکی تا هەمووان بە یەکەوە بتوانین ئەم وڵاتە بەڕێوە ببەین، نیگەرانیش مەبن دوعای خێری من لە دواتانە، ببوورن لەوەی لە کاتم گرتن، ئیشەڵا هەمیشە شادو دڵخۆش بن، خواتان لەگەڵا، بە خواتان ئەسپێرم.

ئەمەی وت و ئاماژەیەکی بۆ من کردو خۆیشی لە قادرمەکان چووە خوارەوەو بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا پەڕییەوەو ڕۆشت بەرەو ماڵی پوری و ئەوان و منیش کەوتمەڕێ بەدوایدا، کە گەیشتە سەر کۆڵانەکە وەستا تا من پێی بگەم، هەر کە گەیشتم، پێیوتم:

- قسەت لەگەڵ باوکت کرد؟

سەرم داخست و ڕۆشتم، وتی:

- مەگەر لەگەڵ تۆم نییە؟

- قسەم لەگەڵ مەکە.

مانی- بۆچی؟

- کاکە گیان من نامەوێت قسەت لەگەڵ بکەم، هەر ئەوە.

ڕایکرد بەدوامداو وتی:

- ئاخر چیم کردووە؟

- چیت کردووە؟ بەڕاستی کە! خۆزگە خوا تۆزێک لەو ڕووەی تۆی ئەدا بە من.

مانی- ئاخر بۆچی؟

- ئەزانی ئەگەر پۆلیس بهاتایە چییان لێئەکردی؟ مانی تۆ هەر بیر لەو کارانە ئەکەیتەوە کە ئەیانکەیت؟

مانی- بابە من کەمێک دلم گیرابوو، ویستم دوو قسە لەگەل خەلک بکەم و دلم بکرێتەوە.

- برۆ برۆ، قسەم لەگەل مەکە.

خێرا ئەڕۆشتم و ئەویش بە دوامدا ڕایئەکردو قسەی ئەکرد.

مانی- ئەگەر قسەکانم خراپ بوو ئەی بۆچی خەلک چەپڵەیان بۆ لێدام؟

- سەرەنجام ئەتویست چی بکەیت؟

مانی- هەر ئەو کارەی کە کردم، دوعاکردن بۆ خەلکی و هەموو گەنجەکان.

- ناماقوڵیت کرد، ئەتویست پارە کۆبکەیتەوە.

مانی- ئێستا خۆ کۆمنەکردەوە.

- ئەگەر یەک خولەک درەنگتر تەلەفۆنیان بۆ بکردینایە کوت کردبووەوە.

مانی- گرنگ ئەوەیە لە کاتی خۆیدا تەلەفۆنیان کرد.

- ئەزانی ئەگەر یەکێک لەناو خەلکەکەدا تۆی بناسیایە چی ڕوویئەدا؟

مانی- هیچ، ئەبووە مایەی شانازیم، یەکسەر لەناو خزم و کەسدا بڵاوئەبووەوە کە مانی بووەتە سەرۆکی یەکێک لەم ڕێکخراو و ئەنجوومەنانە، تەنها ئەوەش بەس بوو کە وێنەیەکم بگرن و بیدەن بەم تەلەفزیۆنانە و ئەوانیش بیکەن بە باکگراوندی خۆیان، ئەزانی چەند بەناوبانگ ئەبووم!؟

وەستام و سەیرێکم کردو وتم:

- تۆ نابێتە مرۆڤ!

مانی- باوەڕ بکە ئەو کاتەی خەلکەکەم بانگکرد، بە تەواوی نەمئەزانی چی بڵێم، سەرەتا ویستم گۆرانییان بۆ بڵێم، بینیم گیتارم پێ نییە، دواتریش ویستم نوکتەیان بۆ بڵێم، بینیم نوکتەی تازەم پێ نییە، دواتر بیرێکم کردەوەو بینیم باشترین شت ئەوەیە کە تۆزێک خۆیانیان بهێنمەوە بیر، هەر ئەوە.

- پێشت خراپ نەبوو لەوێوەدا کەمێک کاسپی بکەیت.

مانی- ئەگەر باوکم تەلەفۆنی نەئەکرد! نەیهێشت خۆ!

- شەرم ناکەیت؟

مانی- بۆچی؟ مەگەر کات و ناکات بانگهێشتی ئەم خەلکە ئەکەن بۆ هاوکاری و هاریکاری شەرم ئەکەن؟ هەر پێویست بە شەرم ناکات، ماوەیەک ئەبێت پارە کۆبکرێتەوە بۆ خوێندکارانی هەژار، ماوەیەک ئەبێت پارە کۆبکرێتەوە بۆ جەژن بدرێت بە خەلکی

CamScanner

هەژار، ماوەیەک ئەبێت پارە کۆبکرێتەوەو بدرێت بەو توشبووانەی شێرپەنجە کە هەژارن، ماوەیەک ئەبێت پارە کۆبکرێتەوە و بدرێت بەو توشبووانەی تالاسیما کە هەژارن، ماوەیەک ئەبێت پارە کۆبکرێتەوە بۆ کەمئەندامانی هەژار، ئێ دەی ماوەیەکیش ئەبێت پارە کۆبکرێتەوە بۆ دوو گەنجی هەژار، ئێستا چانست هەبوو کە ژمارەی بانکییەکەم ئەدا پێیان.

- بەسە ئیتر شەرم بکە.

مانی- زۆرباشە بابە، ئەوا شەرمم کرد، ئێستا بڵێ بزانم پێشبینیەکەمت بەدل بوو؟ بینیت تەلەفۆنیان بۆ کردین!

- مامم پێی وتی کە ترمەش لەگەل خۆت بەریت؟

مانی- ئەرێ، با تەلەفۆنی بۆ بکەم.

خێرا مۆبایلەکەی دەرهێناو تەلەفۆنی بۆ ترمە کردو بابەتەکەی پێوت و هەر کە دایخستەوە گەیشتینەوە ماڵی پورێ، چووینە ژوورەوەو منیش بابەتەکەم بە ڕۆکسانا وت، سەرەتا پێی خۆشبوو، بەڵام دواتر هەستم کرد کەمێک ناڕەحەتە، چاوەڕێم کرد تا چووە ژوورەکەی خۆی، بە دوایدا ڕۆشتم لە دەرگامدا.

ڕۆکسانا- بەڵێ!

- مێم.

ڕۆکسانا- وەرە ژوورەوە.

چوومە ژوورەوەو بینیم لەسەر سیسەمەکەی دانیشتووە.

- چی بووە ڕۆکسانا؟

پێکەنی و وتی:

- ڕاستییەکەی ئەترسم.

چوومە پێشەوەو لەسەر سیسەمەکە لە تەنیشتیدا دانیشتم و وتم:

- مەترسە، من لەگەڵتام.

ڕۆکسانا- پێتوایە بۆچی ئەیانەوێت من ببینن؟

- هەر بەو هۆکارەی کە ئەیانەوێت ترمە ببینن.

ڕۆکسانا- ئەکرێت ئەمشەو من نەیەم؟

- ئاوا تا کۆتایی لەگەڵمیت؟

سەیرێکی کردم و وتی:

- ئیستا جلەکانم ئەگۆڕم.

هەستام و لە ژوورەکەی هاتمە دەرەوەو چوومە خوارەوە، مانی ڕۆشتبوو تا ئۆتۆمبیلەکە بخاتە ئیش، چوومە بەردەم پوری و پێموت:

- ئێرە پێتان باشە ڕۆکساناو ترمە ببەین بۆ ئەوێ؟

پوری- ئەری پوری، ئەبێت ئەو کارە بکەن.

پێکەنیم و دواتر دەموچاویم ماچکرد، ئەویش سەیرێکی کردم و پێکەنی، تۆزێک دواتر ڕۆکساناش هات، یەکێک لەو جلانەی لەبەر کردبوو کە بۆم کڕیبوو، ڕووپۆشێکیشی بەدەستەوە بوو، ئەویش هەر لەوانە بوو کە خۆم بۆم کڕیبوو، بۆنێکی خۆشیشی دابوو لە خۆی، سەیرێکی کردم و وتی:

- چۆنم؟

- نایاب!

دواتر چوو بۆ لای پوری و وتی:

- ئێوە ئیشتان بە من نییە.

پوری- نە ئازیزم بڕۆ، بە ئومێدی خوا.

لەپڕ خۆی خستە باوەشی پوری و دەستێکرد بە گریان، پوریش لە باوەشی گرت و دەستیکرد بە ئەوازشکردنی و ئاماژەی بۆ من کرد، منیش چوومە پێشەوەو باڵیم گرت، لە باوەشی پوری هاتە دەرەوەو فرمێسکەکانی سڕی و وتی:

- خواتان لەگەڵا.

دواتر لایکردەوە بەلای مندا، هەستمکرد ئیستا پێویستی بە پشتیوانیکە، دەستیم گرت و لە ناو دەستمدا گوشیم، پێکەنی و دواتر دەرگاکەمان کردەوەو چووینە ناو ڕاڕەوەکە، لەوێ ڕامگرت و وتم:

- چیتە ڕۆکسانا؟

ڕۆکسانا- ئەترسم.

- لە چی؟

ڕۆکسانا- لە هەموو شت.

- ئاخر بۆچی؟

ڕۆکسانا- ئەترسم هەموو شتێک تێکبچێت.

- تێکناچێت.

CamScanner

ڕۆکسانا- ئەترسم من و ترمەیان بەتایبەت بانگهێشت کردبێت تا لەوێ...

- تا لەوێ چی؟

ڕۆکسانا- بە جۆرێک تێمان بگەیەنن کە لە ناستی ئێوەدا نین.

ئومێد باڵیم گرت و پێکەنیم، ئەویش سەری بە جۆرێکی جوان ڕاوەشاندو قژی کەوت بەلایەکدا، ئەوەندە جوان بوو بوو کە هەر مەلێ!

ڕۆکسانا- وا ئەزانی من شێت بووم؟

- نە، وا ئەزانم زۆر جوان بوویت!

سەیرێکی منی کردو دواتر سەیرێکی پلاکی گڵۆپەکانی کردو وتی:

گڵۆپی زیادە بۆ کوژاندنەوە.

دواتر گڵۆپی ڕاڕاوەکەی کوژاندەوە.

* * *

مانی لە ئۆتۆمبیلەکەدا دانیشتبوو و خەریکبوو لەگەڵ ترمە قسەی نەکرد، دەرگای دواوەم کردەوەو ڕۆکسانا سەرکەوت، خۆیشم لە پێشەوە دانیشتم، مانی لایکردەوە بەلای منداو هەروا کە سەیری نەکردم بە ترمەی وت:

- ئێستا سەرکەوتن، تۆش خۆت ئامادە بکە وا هاتم بەدواتدا، جارێ خوات لەگەڵا.

دواتر مۆبایلەکەی داخست و هەروا کە چاوی تێبڕی بووم وتی:

- لە بۆیاخکردن بوویت؟

- چی؟

- بۆیاخ! بۆیاخ!

- بۆیاخکردن چییە؟

مانی- بۆیاخکردن ئەوەیە کە مرۆڤ بە ڕەنگێکی تایبەت بۆ نموونە سور، بۆیاخ بکات و هەندێکجار دەم و چاوی یان کوڵمی ڕەنگاوڕەنگ ببێت، یانی هیچ کێشە نییە، ئەلبەتە بە مەرجێک دواتر کوڵمی بسڕێت.

دواتر کلینسێکی لە پاکەتەکە کلینسەکە دەرهێناو دای بە دەستمەوە و پاشان بەگێکی داناو کەوتینەڕێ، من و ڕۆکساناش سەیرێکی یەکترمان کردو پێکەنین. نیو کاتژمێر دواتر گەیشتینە بەردەم ماڵی ترمە، ترمە لە بەردەم دەرگاکەدا وەستا بوو، هەر کە ئێمەی بینی، هاتە پێشەوەو سڵاو و هەواڵپرسی لەگەڵ من و ڕۆکسانا کردو دواتر دەستی کرد بە شەڕکردن لەگەڵ مانی.

ترمە- هیچ دیارە لە کوییت؟ تەلەفۆنیکم بۆ ناکەیت مەگەر نەتوت ئەڕۆم و ئەگەڕێمەوە؟ ئاوا بەڵێن ئەدەیت؟ جێی شەرمە وەلا!

مانی سەیرێکی کردو دواتر هەر لەناو ئۆتۆمبیلەکەوە وتی:

- دوورکەونەوە، دوورکەونەوە، جانەوەران، دوورکەونەوە.

دواتر فووی کرد بە دەموچاوی ترمەدا، ترمەش هەروا وەستا بوو و سەیری نەکرد. دواتریش هات بۆ ئەملای ئۆتۆمبیلەکە تا سەر بکەوێت، مانی بە منی وت:

- بابە ئەم جادوو نوشتانە هەمووی درۆن، ئەگەر ڕاست بوونایە، ئێستا ئەبوو ئەم ترمە ببوایە بە داری وشک.

دەستم کرد بە پێکەنین و لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیم و دووبارە سلاو و هەواڵپرسیم لەگەل ترمە کردو دەرگاکەم بۆ کردەوەو لە تەنیشت ڕۆکسانا دانیشت و دووبارە سلاو و هەواڵپرسی لەگەل ئەویش کردو دواتر بە مانی وت:

- خراپ نییە لە هامونەوە فێری چۆنییەتی هەڵسوکەوت بیت.

مانی- دوورکەونەوە، دوورکەونەوە...

ترمە- زەهری مار، ئەمە چییە فێری بوویت؟

مانی- جانەوەران، دوورکەونەوە.

دەستمکردە پێکەنین و سەرکەوتم، ترمە بە مانی وت:

- لە کوێ بوویت تا ئێستا؟

ڕۆکسانا- لە مال ئێمە بوون ترمە گیان.

ترمە- تەلەفۆنێکی بۆ من نەکردووە، ئەگەر من بۆی نەکەم هەر لەبیری نییە کە من ئەناسێت، شێتە.

مانی- دوورکەونەوە، دوورکەونەوە.

ترمە- بەسە ئیتر، فێری شتێکی زۆر باش بووە!

مانی- نەخێر! هیچ کاریگەری نییە.

دواتر پێی لێداو کەوتەڕێ، ترمە وتی:

- بۆت نییە یەک قسەی تر لەگەل من بکەیت، تێگەیشتی؟

مانی- کەوایە بگەڕێرەوە ماڵەوە، کاتێک من و تۆ بڕیارە بە یەکەوە قسە نەکەین، بێگومان هاوسەرگیرییەکەشمان هەڵئەوەشێتەوە.

ترمە- نەخێر، ئەو لە جێی خۆیەتی، ئەمیان هەڵئەوەشێتەوە.

CamScanner

مانی- کامیان؟

ترمه- زەهری مار!

- ترمە خان فیلمەکەتان گەیشت بە کوێ؟

ترمە- تەواو بوو و ڕۆشت بەلای کاریەوە.

- یانی چی؟

ترمە- ئەو ڕۆژە دەرهێنەرەکەو ئەو چەند نەفەرەیان گرت کە هاتبوون تا ئەو ناوە قەرەباڵغ بکەن و بردیانن بۆ بنکەی پۆلیس و فیلمەکەش ڕاگیرا.

- ئاخر بۆچی؟

ترمە- پێیانوت هەم خۆت و هەم فیلمەکەت ئەبنە هۆی ئاڵۆزبوونی مێشکی خەلک، ئاخر مۆڵەتی بۆ گرتە تۆمارکردنەکە وەرنەگرتبوو و بەردەم زانکۆ و بەشە ناوخۆییەکەشی قەرەباڵغ کردبوو، ئەزانن چەند کەسی بێتاوان لێدانیان خواردو بریندار بوون و هەندێکیشیان دەستەبەسەر کران؟

- ئەی ئەوانەی کە داریان بە دەستەوە بوو کێ بوون؟

ترمە- هەر دەرنەکەوت، بوون بە قەترەیەک ئاو و چوون بە زەویدا، دەنگوباسی ئێوە؟ ئاشتبوونەوە؟

- ئەڕۆین بۆ ئەوەی ئاشتبینەوە.

ترمە- ڕاستییەکەی هامون ئەترسم.

ڕۆکسانا- منیش هەروا.

مانی- منیش هەروا.

ترمە- تۆ زەهری مار!

دەستم کردە پێکەنین، ترمە وتی:

- توخوا لەوێ ئاگاتان لێمان بێت.

مانی- هیچ نیگەران مەبە، بەخوا هیچ نییە.

ترمە- توگیانی من بەڕاستتە؟

مانی- ئەرێ بە گیانی تۆ، من تا ئێستا دە نەفەری وەک تۆم بردووەتە ماڵەوەو پیشانی باوکمم داوەو بە دڵی نەبووەو هیچیش ڕوویئەداوە.

ترمە- سەیرکە! خۆت ئەتخورێت.

- نیگەران مەبن، ئێمە لەگەڵتانین.

ترمە- مەمنوون، مەگەر ئەوەی دلم بە تۆ خۆش بێت، ئەمە هەر ئالێی خەریکە دەستگیرانەکەی ئەبات تا پیشانی باوکی بدات، بزانم کاک هامون، باوکی مرۆڤێکی چۆنە؟

مانی- مەگەر ئەتەوێت ببیتە ژنی باوکم؟

ترمە- ئەگەریش ببم لانیکەم هەرچی بێت لە تۆ باشترە، بێ بەڵێن!

مانی- بابە ئەگەر تەلەفۆنم بۆ نەکردیت لەبەرئەوە بوو کە لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەدا بووم و خەریکبووم وتارم بۆ هەواداەکانم ئەدا.

ترمە- وتبە، کەر خۆتی!

مانی- بێ ئەدەب!

ترمە- ئەوەندە درۆی زل ئەکەیت کە ئیتر بڕوا بە هیچ کام لە قسەکانت ناکەم.

مانی- باوەڕ ناکەیت، لە هامون بپرسە.

ترمە- ئاخر تۆ چیت ئەکرد لە کۆبوونەوە؟ یان هەر باسی کام کۆبوونەوە ئەکەیت؟

ڕۆکسانا- کاک مانی خۆ هەر لە ماڵی ئێمە بوو!

مانی- ئەی ئەو کاتەی کە لەگەڵ هامون چوومە دەرەوە؟

ڕۆکسانا- کاتژمێرێک زیاترتان پێنەچوو.

مانی- هامون بۆیان باس بکە تا بزانن بەرامبەرەکەیان کێیە!

پێکەنیم و ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوە، سەرەتا باوەڕیان نەئەکرد، بەڵام کاتێک زانییان ڕاست ئەکەم، ئەوەندە پێکەنین کە فرمێسک بە چاویاندا هاتە خوارەوە، هەتا بەردەم ماڵ هەر پێکەنین، بەڵام هەر کە گەیشتینە ئەوێ و مانی ئۆتۆمبیلەکەی پارک کردو چاویان بە ماڵمان کەوت، هەردووکیان دڵیان پڕ بوو، من و مانی دابەزین، ترمەش دابەزی و چوو بۆ لای مانی، بەڵام ڕۆکسانا هەروا لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا دانیشتبوو و سەیری ماڵمانی ئەکرد، سەرم بردە ناوەوەو پێم وت:

- بۆ دانابەزیت؟

ڕۆکسانا- من چەند جارێک ئەم ماڵەم بینیبوو، بەڵام ئەو کاتە ئاوا سەیرم نەئەکرد و لێی نەئەترسام.

- یانی چی؟

هەروا کە چاوی لەسەر ماڵمان بوو وتی:

- یانی ئەو کاتە هەرگیز بیرم لێنەئەکردەوە کە ڕۆژێک بێت و بچمە ناوی.

- دابەزە با زوو بچینە ژوورەوە.

ڕۆکسانا- هامون من زۆر نەترسم! ڕاستییەکەی پێشتر وا بیرم نەکردبووەوە، بانی ئەمزانی دەولەمەندن، بەڵام نەک تا ئەو ڕادە.

- نرخی تۆ زۆر زیاتر لەو شتانەیە.

ڕۆکسانا- خەریکی دروشم نەدەیت.

- نە، بەڕاستمە، من تۆ بە تەواوی ئەم مال و سامان و شتانە ناگۆڕمەوە، خۆت بە کەم مەزانە.

دووبارە سەیرێکی ماڵمانی کردو بە ئارامی دابەزی، بەڵام هەر ئارەحەت بوو، مانیش ئوتومبیلەکەی قوفل کردو ڕۆشتین بەرەو مال و دەرگاکەمان بە کلیل کردەوەو چووینە ژوورەوە، کاتێک خەریکبووین بە حەوشەکەدا تێئەپەڕین، ترمە وتی:

- ئێرە چەند مەترە؟

مانی- ئێوە بۆ کڕینتان ئەوێت یان کرێ؟

ترمە- خۆت بێتام مەکە.

مانی- مەگەر نوسینگەی خانووبەرەت هەیە؟

ترمە- نە، بەڵام وابزانم باوکت و مامت ویستیان لێرە بمانبینن بۆ ئەوەی سەرەتا کەمێک شەرمەزارمان بکەن و دواتریش بمانکەنە دەرەوە، تا ئیتر واز لە ئێوە بهێنین و بڕۆین بەلای کاری خۆمانەوە.

لەپڕ مانی وەستاو باڵی ترمەی گرت و وتی:

- سەرەتا باوکم و مامم ئەبنە خاڵی تۆ، دواتریش ئەگەر کاری وا بکەن، ئێمەش لەگەڵ ئێوە لەم ماڵە دێینە دەرەوە.

دواتریش لایکردەوە بەلای مندا، پێکەنیم و سەرم ڕاوەشاند، لەپڕ دایکم لە پشت پەنجەرەکەوە بینینی و هاتە سەر سەکۆکەو خێرا لە قادرمەکان هاتە خوارەوەو حەوزەکەی تێپەڕاندو هات بۆ لامان، من و مانیش خێرا چووینە پێشەوە، هەردووکمانی لەباوەش گرت و دەستی کردە گریان، جا ئێستا هەرچی ماچی ئەکەین خۆ ئارام نابێتەوە! سەرەنجام دوای گریان و گلەییکردن لێمان، فرمێسکەکانی سڕی و ڕووی کردە ڕۆکسانا و ترمە، ئەوانیش خێرا سلاویان لێکرد.

مانی- ترمە خان! ئەم عەزیزە دایکی منیشە، عەزیز گەورەی کردووم.

ترمە بە ئارامی وتی:

- مانی زۆر باسی ئێوە ئەکات، لەوانەیە ئێوەی لە دایکیشی زیاتر خۆشبوێ.

دایکم پێکەنی و وتی:

- ئەزانم تۆیشی زۆر خۆشئەویت.

دواتر ترمە دەستی کردەوەو باوەشی کرد بە دایکمدا، دایکیشم لە باوەشی گرت و ماچی کردو دواتر بە مانی وت بچنە ژوورەوە، لامکردەوەو سەیریکی پەنجەرەکانمانم کرد، باوکم گوێی لە دەنگە دەنگەکەمان بوو بوو هاتبووە پشت پەنجەرەکەو هەر کە بینینی خێرا پەردەکەی دادایەوەو لە پشت پەنجەرەکە لاچوو، زانیم کە چوو جلەکانی بگۆڕێت، بەلام دلم لە مشتما بوو، ئەترسام هەر بەو جۆرە بێت کە ڕۆکسانا و ترمە وتیان، هەرچەند ئەمزانی باوکم و ئەوان بەو شێوە نین، لامکردەوە بەلای دایکمدا، بینیم خەریکە سەیری ڕۆکسانا ئەکات، ڕۆکساناش دەم و چاوی سور سور بوو بووەوەو سەری داخستبوو، بە ئارامی بە دایکم وت:

- دایکە ئەمە ڕۆکسانایە.

دایکم- ئەزانم.

ڕۆکسانا بە ئارامی سەری بەرزکردەوە، جانتاکەی بە هەردوو دەستی گرتبوو بە شێوەیەک فشاری ئەدا کە دڵنیابووم هەرچی لەناویدا بوو، پلیشابووەوە، ساتێک سەیری دایکمی کردو دواتر بە ئارامی وتی:

- ببوورن.

دایکم- لە چی؟

دووبارە سەیری دایکمی کردو وتی:

- نازانم، لە هەموو شتێک، بووم بەهۆی ناڕەحەتیتان.

دایکم- لە کوێوە ئەزانیت؟

ڕۆکسانا- خۆم ئەزانم.

دایکم- ڕەوشتت نازانم، بەلام هەمیشە حەزم ئەکرد بوکێکم هەبێت کە هێندەی تۆ جوان بێت.

ڕۆکسانا سەری داخست و هەنگاوێک چووە پێش، بەلام دووبارە شەرم گرتی و وەستا، دواتر لەپڕ خۆی خستە باوەشی دایکم، ئەویش توند لە باوەشی گرت، لەبەرئەوەی دایکمم ئەناسی، ئەمزانی کە زۆر ڕۆکسانای چووە بە دڵدا، یانی دایکم کاتێک کەسێکی ئاوا لەباوەش ئەگرت کە خۆشی بوێت، زۆر خۆشحال بووم، زۆر! زۆر! لەپڕ دایکم بە سەرسوڕمانەوە کەمێک ڕۆکسانای هێنایە دواوەو وتی:

CamScanner

- بۆچی ئەگریت؟

ڕۆکسانا- نازانم.

دایکم- ئیستا ئەبێت خۆشحال بیت.

ڕۆکسانا- ئەزانم.

دایکم- سەیرکە! چۆن فرمێسک ئەڕێژێت!

دواتر بە دەستی فرمێسکەکانی سڕی و دەم و چاوی ماچکرد و وتی:

- با بچینە ژوورەوە، چاوەڕێمانن.

مانی- وەرن دەی.

دواتر هەر کە بینی ڕۆکسانا خەریکە ئەگری، بە ئارامی بە ترمەی وت:

- تۆش دوو تنۆک فرمێسکت بڕشتایە خراپ نەبوو! لەم جۆرە کاتانەدا کاریگەری باشی هەیە!

ترمە مۆرەیەکی لێکردو هیچی نەوت، هەموومان کەوتینەڕێ بەرەو مال و لە تادرمەکان چووینە سەرەوەو سەکۆکەمان تێپەڕاند و ڕۆشتینە ژوورەوە، یەکەم کەس کە هاتە بەردەممان زەری خانم بوو، سەرەتا بە گریانەوە ئیمەی لە باوەش گرت و پاشان ڕۆکساناو ئەوان و دواتر هەروا بەدەم گریانەوە بە مانی وت:

- بەخوا کە لە ماڵەوە نەبوویت ئەم ماڵە ئەوەندە بێدەنگ بوو!

مانی- یانی ئاسوودە بوون.

زەری خان- خوا مەرگم بدات! نەوەلا، بەخوا ئەتوت شتێکم ون کردووە.

لەپڕ مامم دەرگای کردەوەو هاتە ژوورەوە، مانی خێرا چووە پشت ترمەو خۆی شاردەوەو هەر لەوێوە وتی:

- سل سل یانی سلاو بابە گیان!

منیش خێرا سلاوم لە مامم کرد، سەرەتا هات بۆ لای من و باوەشی پیاکردم، فرمێسک لە چاویدا کۆبووبووەوە، بەلام نەیئەویست بگری، ئەمزانی چەندێک مانی خۆشئەویت، دواتر لایکردەوە بەلای مانیدا، مانیش لە پشت ترمەوە کە خەریکبوو خۆی لە بەردەمی لائەدا، هات بەرەو مامم و باوەشی پیاکردو توند گوشی بە خۆیەوەو وتی:

- ئۆکەرتم بابە گیان.

مامم- بڕۆ سەگبابی فشەکەر.

مانی-خوا بمگرێت ئەگەر ئەمجارە درۆ بکەم، زۆر بیرم ئەکردن.

CamScanner

مامم- زۆرباشە! زۆرباشە، بڕۆ ئەولاوە بزانم.

دواتر سەیرێکی ترمەی کردو لەپڕ بە سەرسوڕمانەوە وتی:

- ئەوە خۆ هینە!

مانی- ئێ...! ئەگەر زۆر هینە با بچین بیگۆڕینەوە.

هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین.

مامم- دیسان دەستت کردەوە بە هەڵیت و پەڵیت وتن؟

مانی- ئاخر ئێوە ئەڵێن هینە.

مامم- یانی ئەوەی لەو فیلمەدا ڕۆڵی هینی هەبوو.

مانی- زانیارییە سینەماییەکانتان چەند ڕاست و تەواون!

مامم- دیسان دەستت پێکردەوە؟!

مانی- ئاخر ئێوە شتی وا ئەڵێن کە مرۆڤ سەرەنجام...

مامم- تۆ قسە مەکە بزانم، ئەی ناوی چییە؟

مانی- ئێوە وتتان قسە نەکەم.

مامم- تەنها ناوەکەی بڵێ.

مانی- بەشی ملپێچێک قوماش!

مامم- چی؟

ترمە خێرا هاتە بەردەم مامم و دەستی بردە پێشەوە بۆ تەوقەو وتی:

- ناوی من ترمەیە، خۆشحالم.

مامم سەیرێکی کردو دواتر پێکەنی و تەوقەی لەگەڵ کردو وتی:

- بزانم، ئەو فیلمەی کە ڕۆڵت تیا بینی بابەتەکەی ڕاست بوو یان هەر بۆ فیلمەکە بوو؟

ترمە- هەندێکی ڕاست بوو و هەندێکیشی دەستکاری کراو، بەشێکیشی سانسۆر کرا.

مامم- کوێی؟

ترمە- ئەو شوێنەی کە کچ و کوڕەکە...

مامم- نە، ئەو شوێنە ئەڵێم کە کچەکە لە ماڵ چووە دەر، دواتر چوو بۆ کوێ؟

ترمە- ئەها، ئەو بەشەی ڕاست بوو.

مامم- فیلمەکەی زۆر جوان بوو! تۆش جوان ڕۆڵت گێڕابوو! وەرە بزانم.

بەیەکەوە کەوتنە ڕێ بەرەو هۆڵەکەو ترمە ژێر باڵی ماممی گرت و دەستی کرد

CamScanner

بە قسەکردن لەگەلی، دایکیشم بە ئیمەی وت بچینە هۆلەکەو خۆیشی ڕۆشت بەرەو چێشتخانە، مانی بە ڕۆکسانای وت:

- ترمە جێی خۆی کردەوە، ئێستا سەرەی تۆیە.

دواتر هەروا کە ئەڕۆشت بەرەو هۆلەکە وتی:

- هەرچەند باوکی ئەمە....

قسەکەی تەواو نەکرد، ڕۆکسانا بە ئارامی لێی پرسیم:

- باوکی تۆ چی؟ مەبەسی کاک مانی چییە؟

- وەرە تا پێت بڵێم.

ڕۆکسانا- ئێستا بیلێ.

- هیچ، تەنها خۆت بە.

ڕۆکسانا- مەگەر باوکت پیاوێکی چۆنە؟

- حەز ئەکات مرۆڤەکان هەر بەو جۆرە ببینێت کە هەن، تۆش خۆت بە.

دواتر ژێر باڵیم گرت و بردم بەرەو هۆلەکەو هەر کە گەیشتینە نزیک قادرمەکان، باوکیشم لە نهۆمی سەرەوە هاتە سەر قادرمەکان و هەر لەوێدا وەستاو سەیری ئیمەی کرد، من و ڕۆکسانا هەردووکمان سلاومان کرد، سەری ڕاوەشاندو بە ئارامی هاتە خوارەوە، چاوی تەنها لەسەر ڕۆکسانا بوو، ڕۆکساناش خەریکبوو سەیری ئەکرد، کە گەیشتە خوارەوەی قادرمەکان دووبارە سلاوم کردەوە، لایکردەوە بەلامداو وتی:

- گەڕایتەوە؟

- نەڕۆشتبووم!

سەرێکی ڕاوەشاند، وتم:

- باوکە ئەیناسینم، ڕۆکسانا!

دووبارە سەیرێکی ڕۆکسانای کرد، ڕۆکساناش دووبارە سلاوی کردەوەو باوکم بە ئارامی وەڵامی دایەوەو وتی:

- فەرموون بۆ هۆلەکە.

دواتر خۆی لە پێشەوە ڕۆشت، شەرمم ئەکرد لەبەردەم ڕۆکسانادا، ڕۆکسانا کەوتەڕێ بەرەو هۆلەکە، باڵیم گرت و چپاندم بە گوێیداو وتم:

- ئەتەوێت بگەڕێینەوە؟

ڕۆکسانا- نە، ئەمەوێت خۆم بم!

بۆ سانێک سەیری چاوە جوانەکانیم کرد، لێبڕان (ئیرادە)م تیایاندا ئەبینی، پێکەنیم وتم:

- بڕۆین.

کەوتینەڕێ بەرەو لای سەرەوەی هۆڵەکە کە وەک ژووری میوان وابوو و چەند دەست قەنەفەی شێکی تیا دانرا بوو، باوکم گەیشتبووە شوێنی هەمیشەیی خۆی، بەڵام هەر لەوێدا وەستا بوو، هەر کە من و ڕۆکسانا گەیشتین، ئاماژەی بۆ کردین بچینە سەرەوە، ڕۆکسانا وتی:

- سوپاس، ئێرە باشە.

باوکم- فەرموونە ئێرە، تەنیشت من.

ڕۆکسانا بە ئارامی ڕۆشت بۆ لای، ڕوومکردە ئەولاوە تا بزانم مانی لە کوێیە، بینیم خەریکە دێتە پێشەوە، هەر کە گەیشت سڵاوی کردو وتی:

- مامە گیان لەم چەند کاتژمێرەدا چەند گەنج بوونەتەوە!

باوکم سەیرێکی کردو وتی:

- پلان دانەنێیت، ها؟

مانی- خوا بمکوژێت ئەگەر پلانێک لە ئارادا بێت.

باوکم- دەستگیرانەکەی تۆ کوا؟

مانی- نازانم، ئێوە نەتانبینیوە؟

باوکم زەردەخەنەیەکی کرد، زانیم کە زۆریش ناڕەحەت نییە، چونکە کاتێک ناڕەحەت بووایە، خۆشترین نوکتەشیان بۆ بگێڕایەتەوە جیاوازی نەبوو بۆی، بە کورتی ڕۆکسانا لەسەر ئەو قەنەفەی کە باوکم ئاماژەی بۆ کردبوو، لە تەنیشت باوکمدا دانیشت و بە هەردوو دەستیشی جانتاکەی فشار ئەدا، زۆر ناڕەحەت بووم بۆی، منیش ڕۆشتم لە تەنیشتییەوە دانیشتم و مانیش چوو لەولای باوکمەوە دانیشت، لەپڕ باوکم بە دەنگی بەرز وتی:

- زەری خان!

زەری خان زوو هاتە پێشەوەو وتی:

- بەڵێ ئاغا.

باوکم- قاوە! میوانی مەسیحیمان هەیە!

دواتر لایکردەوە بەلای ڕۆکسانادا وتی:

CamScanner

- لەوانەشە حەزیان لە خواردنەوەی کهولی بێت!

زۆرم پێناخۆش بوو کە وای وت، ناوچاوم دا بە یەکدا، لامکردەوەو سەیری مانیم کرد، بینیم گاز لە لێوی ئەگزێت کە یانی هیچ مەلێ، منیش هیچم نەوت، ڕۆکسانا وتی:

- بە خواردنەوە یان نەخواردنەوەی ئەو شتانە بڕیار لەسەر کەسایەتی نادرێت، تایبەت ڕێبازو بیروباوەڕەکان بەهۆی خواردن و خواردنەوەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت.

باوکم- ئاخر بیستورمە مەسیحییەکان هەم قاوە ئەخۆنەوە هەم خواردنەوە کهولییەکان.

ڕۆکسانا- وە موسوڵمانەکان نە قاوە ئەخۆنەوە نە خواردنەوە کهولییەکان!

هەر کە ئەمەی وت مانی دای لە قاقای پێکەنین، باوکم مۆڕەیەکی لێکردو دواتر بە ڕۆکسانای وت:

- ئێستا چی ئەخۆنەوە؟

ڕۆکسانا- هیچ، مەمنون.

باوکم- زەری خان هەم قاوە بهێنە هەم چایی هەم خواردنەوە کهولییەکان.

زەری خان وتی بەسەرچاو و ڕۆشت.

باوکم- بەشە ناوخۆییەکەشتان قەرەباڵغ کردبوو!

لەپڕ هەرسێکمان سەیری یەکمان کرد، مانی وتی:

- چاودێریتان ئەکردین؟

باوکم- ئەبێت ئاگام لە کوڕو برازاکەم بێت بزانم چی ئەکەن یا چی ناکەن یا نە؟

ڕۆکسانا- ئێمە قەرەباڵغمان نەکرد، تەنها نەمانویست مافمان پێشێل بکرێت و سوکایەتیمان پێبکرێت

باوکم- بەڵام ئەگەر ئێوە مافی کەسێکی تر ببەن، کێشەی نییە!

ئەمەی وت و سەیری منی کرد.

ڕۆکسانا- ماف بەرجەستە نییە، مانایە، منیش تەنها ئەو مانایەم ئەویست، هێندەی لەپێ دەستم.

دواتر ناودەستی کە عارەقی کردبوو، کردەوەو پێشانی باوکمیدا و وتی:

- هەروا خاڵی و ڕووت.

باوکم لە توانجەکەی تێگەیشت و هیچی نەوت، هەمووان بێدەنگ بوون، مانی وتی:

- بەڕاستی بیرمان ئەکردن مامە گیان، ئەم هامونە بە پانایی دەم و چاوی فرمێسکی

ئەرشت لە دووریتان

باوکم- هەلەیکرد، من وا پەروەردەم نەکردووە، هەوڵمداوە وەکو پیاو ڕاببهێنم، دڵنیام وەکو مرۆڤە لاوازەکان شین و زاری نەکردووە.

مانی- بەڵێ، ئەوە ڕاستە، تازە دنیایەکیش هەڕەشەی لێکردن، یانی بە چاکە باسی نەکردن و ئەیوت کە ئێوە وەک پیاو ڕاتانهێناوەو ئەڵێی ڕۆستەمی زاڵەو لە هیچ ناترسێت، بەس حەزم نەکرد لەوێ بوونایە و ئەتانبینی کاتی کۆبوونەوەکە چۆن بۆی دەرچوو!

باوکم لایکردەوە بەلای ڕۆکسانادا و وتی:

- ئەگەر لێرە ناگەن بە مافەکانتان ئەتوانن ڕاستەوخۆ بڕۆنەوە بۆ فەڕەنسا، بۆچی وا ناکەن؟

ڕۆکسانا- چونکە نیوە ئێرانییەکەم ڕێگەم پێنادات، ئەمەش زۆر گرنگە، من بە بوونی پەناگەیەکی وەک فەڕەنسا، ئێرانم هەڵبژاردووە.

هەر لەو کاتەدا زەری خان بە سینییەکی گەورەوە هاتە هۆڵەکە، نازانم چی بوو کە تاقمە ئاڵتونەکەی هێنابووە بەردەست! باوکم ئاماژەی بۆ کرد، ئەویش سینییەکەی خستە سەر مێزەکەو ڕۆشت لە تەنیشت هۆڵەکە مەیخانە دەستییەکەی کە لە شێوەی گالیسکەیەکی گەورەدا بوو، هێناو خستیە تەنیشت مێزەکەو ڕۆشت، ڕۆکسانا سەیرێکی تاقمی چاخواردنەوەکەی کردو هیچی نەوت، دوای تۆزێک باوکم وتی:

- هەندێک پابەندی داب و نەریتن، تا ڕادەیەکیش پێموایە ئەبێت وابێت، یانی هەندێک لە نەریتەکان ئەبێت لە جێی خۆی بمێنێتەوە.

ڕۆکسانا- وەکو قوربانیکردنی مرۆڤ لە بەردەم بتە بەردینەکاندا!

باوکم سەیرێکی کردو وتی:

- ئەڵبەتە نەک نەریتە بێ بنەماکان.

ڕۆکسانا- هەر نەریت و ڕەوشتێک لەوانەیە لە سەردەمی خۆیدا مانای هەبوو بێت، هەندێکیشیان لە ڕووی ناچارییەوە بووە یا هۆکارێکی هەبووە کە لە کاتی خۆیدا بە لۆژیکی دانراوە، بەڵام دواتر ئەو ناچارییە یان ئەو لۆژیکە لەناوچووە کەچی ئەو داب و نەریتە هێشتا ماوەتەوە.

باوکم- وەکو چی؟

ڕۆکسانا- خێرکردن و داگیرساندنی مۆم لە کلیساکاندا، هۆکارە سەرەکییەکەی نەبوونی کارەبا بووە، لە سەردەمی کۆندا بۆ ڕووناککردنەوەی ناو کلیساکان، خەڵکی

مۆمیان ئەکرد بە خێرو ئەیانهێنا و لەوێ دایان ئەگیرساند تا ناو کلێساکە ڕۆشن ببێتەوەو هەموان بتوانن لە ڕۆشناییدا بە خواپەرستی و کارەکانی تریان ڕابگەن، بەهۆی داهێنانی کارەباوە، ئیتر کێشەی کارەبا چارەسەر کرا، هەموو شوێنێک بە هێزی کارەبا ڕووناک کرایەوە و هۆکارەکە خۆ بە خۆ لەناوچوو، بەلام نەریتی مۆم داگیرساندن هەر لەجێی خۆی ماوەتەوە.

باوکم سەیرێکی کردو ساتێک بێدەنگ بوو و دواتر قاچی لە سەر قاچ لابرد و تۆزێک خۆی لە مێزەکە نزیک کردەوەو لایکردەوە بەلای ڕۆکسانادا و وتی:

- تکا ئەکەم فەرموون، چیتان بۆ تێکەم؟ قاوە یان چای؟

ڕۆکسانا- مەمنون.

باوکم- من پێداگری ئەکەم.

ڕۆکسانا پێکەنی و وتی:

- قاوە بێزەحمەت.

باوکم- منیش زۆربەی کات قاوەکە ئەخۆمەوە.

دواتر یەکێک لە قۆزییەکانی هەڵگرت و دەستیکرد بە قاوە تێکردن، مانیش دەستی نابوو بە دەمیدا تا پێنەکەنێت، باوکم نەرم بوو بوو.

ڕۆکسانا- من قاوەی تاڵ ئەخۆمەوە.

باوکم- کارێکی باش ئەکەن! ئەم شەکرە بەلای گیانی ئێمەی ئێرانییە.

کوپێکی دا بە ڕۆکساناو خۆیشی دانەیەکی هەڵگرت و وتی:

- حەز لە شەترەنج ئەکەن؟

ڕۆکسانا- زۆر زۆر، تا ئێستا چەند جارێک لە زانکۆ خەڵاتم بردووەتەوە.

باوکم- بەڕاست؟ چەند باش! حەز ئەکەن تا نان ئامادە ئەبێت دەستێک بکەین؟

لەپڕ هەستی بەوە کرد کە لە بەردەم ئێمەدا ئاگای لە خۆی نەماوەو خۆی دۆڕاندووە، بەلام بە ڕووی خۆی نەهێناو خێرا هەستاو کەوتە ڕێ بۆ ئەوسەری هۆڵەکە کە مێزی شەترەنجەکەی لێبوو، بەلام دووبارە گەڕایەوە و لە بەردەم ڕۆکسانا وەستاو زەردەخەنەیەکی کردو دواتر دەستی درێژ کرد بەرەو لای، من و مانی هەروا بە حەپەساوی خەریکبووین سەیرمان ئەکرد، ڕۆکساناش کوپەکەی خستە سەر مێزەکەو دەستی باوکمی گرت و هەستاو پێکەنی، باوکیشم بە دەنگی بەرز هاواری کردو وتی:

- زەری خان! زەری خان! زەحمەتێک بکێشەو ئەم قاوانەی ئێمە بهێنە ئەوبەر،

دەستت خۆش بێت خانم.

دواتر دەستی ڕۆکسانای ڕاکێشاو هەروا کە لەگەڵ خۆی ئەیبرد وتی:

- من هەمیشە وتومە کەسێک کە حەزی لە شەترەنجە مرۆڤێکی زیرەک و بیرتیژە، هەمیشەش بەم کوڕانەم وتووە بڕۆن خۆیان فێربکەن، بەداخەوە خێزانم حەزی لێناکات، بزانم خۆ زۆر شارەزا نیت تیایدا! نەکا زوو ماتم بکەیت!

ڕۆکسانا- ئەگەریش بتوانم دڵنیابن لە یەکەم دەستدا شتی وا ناکەم.

لەپڕ باوکم دای لە قاقای پێکەنین و دەستی خستە سەر شانی ڕۆکساناو وتی:

- سەرەتا زۆر توند ڕۆشتم، نا؟

ئیتر گوێم لێنەبوو ڕۆکسانا چی پێوت، بەڵام دیسان دەنگی پێکەنینی باوکم بەرزبووەوە، من و مانی ماینەوە، مانی وتی:

- ترمەو ئەوان چوون بۆ کوێ؟

- چوون بۆ حەوشەکە.

مانی- قوڕ بکەن بەسەری من و تۆدا، ئەم باوکە داماوانەی من و تۆ ژنیان ئەویست و ئەوەندە نازو نوکیان ئەکرد؟ ئەڵێم هەستە بڕۆین دوانیتر بۆ خۆمان بدۆزینەوە، ئەم دووانە خۆبوون بە بەشی ئەوان.

پێکەنیم و هەستام و کوپەکانی ڕۆکساناو باوکمم هەڵگرت و لەگەڵ مانی چووین بۆ لایان، باوکم مێزەکەی چاککردبوو و هەروا کە قسەی ئەکرد خەریکی شەترەنجیش بوو.

ڕۆکسانا- بە تەواوی ڕاستە، وەک حەزکردن لە سێو یان هەرمی، مەرج نییە کەسێک کە حەز لە سێو ئەکات مرۆڤێکی خراپ بێت، بە هەمان شێوەش ئەو کەسەشی کە حەز لە هەرمی ئەکات.

کوپەکانم خستە سەر مێزەکەی تەنیشتیان، ڕۆکسانا سەیرێکی کردم و زەردەخەنەیەکی کرد، منیش پێکەنیم.

باوکم- ڕاستە، ئێمە زۆر خراپ بووین لەگەڵیان.

ڕۆکسانا- بە دڵنیاییەوە بیستووتانە کە هەموویانیان کردبووە یەک دوو گەڕەکی پەراوێزخراو و پیسەوە

باوکم- ڕاستە، ئەوە لە سەردەمی قاجاردا بووە.

ڕۆکسانا- بیستوومە کاتێک باران باریوە بۆیان نەبووە لە شاردا هاتوچۆ بکەن، ئەیانوت چونکە تەڕ ئەبن و ئەگەری ئەوەش هەیە بەر کەسێک بکەون و ئەو کەسە گلاو

بکەن، بۆیە نابێت لە کۆلانەکانیان بێنە دەرەوە.

باوکم- وایە، لە ڕاستیدا کۆلانە بووە.

ڕۆکسانا- ئەمە زۆر خراپە!

باوکم- زۆر خراپە!؟ مایەی شەرمەزاریە، سەرەی ئیوەیە.

ڕۆکسانا جوڵەیەکی کرد، باوکم سەیرێکی ئەو و دواتر شەترەنجەکەی کرد و وتی:

- چۆن ئاگام لەوە نەبوو؟

ڕۆکسانا- ڕێگەکە یەکە، ئەگەر کەسێک بڕوات بەڕێوە، هەموویان یەک شت ئەڵێن و بەیەک شوێن ئەگەن، ئەویتر هەر قسەیە.

باوکم- ڕاستە.

ڕۆکسانا- ئەگەر ئەوە بجوڵێنن کێش ئەبن.

باوکم- ئەی وای، دەستم نەدابوو لە داشەکە.

ڕۆکسانا پێکەنی و وتی:

- وایە.

باوکم- سەدەکانی ناوەڕاست چۆن ئەبینی؟

ڕۆکسانا- سەردەمی پەڕینەوە، لە سەرەتایی بوونی ڕێژەییەوە بۆ پێشکەوتنی ڕێژەیی، گەشەسەندنی ژیرانە دەست پێئەکات، ببوورن ئیستا گارد وەزیرن.

باوکم- ئەی بابە! ئاوا خۆ ئەسپەکە ئەڕوات.

مانی- قەیناکە لەبری ئەو دنیایەک کەرمان هەیە.

دەستمکردە پێکەنین، باوکم لایکردەوەو سەیرێکی کردین و وتی:

- ئیوە لێرەن؟

مانی- ئەتانەوێت بچین سەیری بەرنامەی منالان بکەین؟

باوکم- لانیکەم بچن لە شوێنێکدا دانیشن، بەسەر سەرمانەوە وەستاون، مرۆڤ ئاگای لە یارییەکە نامێنێت، ئەوە دۆڕاندم.

هەر لەو کاتەدا دەرگای هۆڵەکە کرایەوەو مامم و ترمە بەدەم پێکەنینەوە هاتنە ژوورەوە، مانی خێرا وتی:

- مامە گیان! مامە گیان! دۆزیمەوە.

باوکم- چی؟

مانی- دەستگیرانەکەم!

باوکم- ئاه.... کوا!

مامم و ترمه هاتنه پێشەوەو مامم وتی:

- کاکە بەکێک دوزییەوە شەترەنجی لەگەل بکەیت؟ ئەمەش بوکەکەی منە، ئەوانیش بە دلنیاییەوە ڕۆکسانا خانن.

ڕۆکسانا و باوکم هەستان، مامم دەموچاوی ڕۆکسانای ماچکردو باوکیشم سەری ترمەو دواتریش وتی:

- خۆی لە فیلمەکە جوانترە، هەرچەند لە فیلمەکەشدا جوان بوو، بەلام سیدییەکەی کوالیتییەکەی باش نەبوو، وەرن دانیشن، هامون دوو قەنەفە ڕاکێشە پێشەوە.

من و مانی دوو قەنەفەمان هێنایە پێشەوە و مامم و ترمە دانیشتن، مانی وتی:

- بابە گیان زۆرتان پێخۆشە کە من گەڕامەوە؟

مامم- ها؟

مانی- هیچ، چایتان بۆ بهێنم؟

مامم- کچم تۆ چی ئەخۆیتەوە؟

ترمە- ئەگەر هەبێت چا.

مامم- مانی ڕاکە کوپێک چا بهێنە، ڕاکە.

مانی- هیچی ترتان ناوێت؟

مامم- ها؟

مانی- شەکریش بهێنم؟

باوکم- بابە سەرتان لێتێکدام.

مامم- بڕۆ ئێتر.

مانی چووە ئەولاوەو چایەکی تێکردو گەڕایەوەو دای بە ترمە، ترمەش بە دزییەوە زمانێکی لێدەرهێنا.

مامم- مانی بۆچی ڕێیان لەو فیلمە گرت؟ بیرم بخەرەوە تەلەفۆن بکەم بۆ هاوڕێیەکەم تا ئازادیان بکات

مانی- ئەو فیلمە گوماناوییە بابە گیان.

مامم- تۆ بۆچی بەشداریت لەو فیلمەدا کرد؟

ترمە- دەی داوایان لێکردم.

مامم- فیلمێک چەندی تێئەچێت؟

CamScanner

ترمە- نزیکەی سەد، سەدو شتێک ملیۆن.

مامم- ئی خۆ ئەوە هیچ نییە، خۆم ئەیدەم، ئەز قەزا یەک دوو ئاشنام هەیە دەرهێنەرن، ئەو کورە ئەکەین بە ئامادەکارو ئەوانیش ببنە دەرهێنەرو تۆش ڕۆلی تیا ببینە.

ترمە- مەمنوون بابە گیان.

هەر کە ترمە ئەمەی وت مانی بە حەپەساوی سەیری کرد، ئەویش پێکەنی.

مانی- مەمنوونی چی.... چی گیان؟

مامم- دیسان قسەت کردەوە؟!

مانی- بابە خۆ ناتوانم لال بم

مامم- تۆ بۆچی ناچی بەلای ئیشی خۆتەوە؟

مانی- بابە ئیشی من ئەوەیە دەی، بەلای ئاخیرمان ئەم دووانەمان هێنا بۆ ئێرە تا بیانهێنین.

مامم- ئی ئێستا چی بووە؟

مانی- دەی خۆ ئێوە ناهێلن، هەر مۆڵەت نادەن بە ئێمە.

باوکم- بابە تۆزێک بێدەنگ، هەر هیچ لە یارییەکە تێنەگەیشتم.

لامکردەوەو سەیری ڕۆکسانام کرد، خەریکبوو پێئەکەنی، دڵم جۆرێکی لێهات.

باوکم- چییان کرد لەو خەلکە!

ڕۆکسانا- لێپێچینەوە لە بیروباوەڕ، سووتاندن، ئەشکەنجەدان.

مامم- چی؟

باوکم- سەدەکانی ناوەڕاست.

مامم- گالیلۆ؟

باوکم- هەموویان.

مامم- یانی خۆیان نەیانئەزانی کە خڕە؟

باوکم- بابەت تەنها خڕییەکەی نەبووە خۆ.

مانی- ئەم قسە بێئەدەبانە چییە کە ئەیانکەن؟!

من و ڕۆکساناو ترمە دەستمان کرد بە پێکەنین، باوکم و مامم سەیرێکی مانییان کردو باوکم وتی:

- باسی زەوی ئەکەین هەتیو.

مانی- ئەها!

ڕۆکسانا- ئەوان ئەیانوت زەوی چەقی گەردوونە، گالیلۆ سەلماندی کە وا نییە.

مانی- ئی خۆ خیامی ئیمەش چەند سال پێش ئەو هەر وای وتبوو.

ڕۆکسانا- وتبووی، بەڵام ئەک بە دەنگی بەرز.

مامم- بۆچی نەیوتبوو؟

ڕۆکسانا- چونکە بە دڵنیاییەوە لەو سەردەمەدا ڕاستەوخۆ لەسیدارەیان ئەدا، لەبەرئەوەی مێشکی کەس شتی وای پێ قبول نەئەکرا، ئێستا هەروایە، لەبەرئەوەی مێشکی هەندێک کەس هەندێک ڕاستی پێ قبول ناکرێت، بۆیە نابێت کەس بیڵێت چونکە مەترسیدارە بۆی.

مامم- بەڵام دواتر زۆر پێشکەوتن.

ڕۆکسانا- لەوانەیە گرنگترین شت کە تێیگەشتبن ئەوە بووبێت کە فێربوون بەرژەوەندی خۆیان لە بەرژەوەندی کۆمەڵدا ببینێتەوە، هەر گەلێک کە فێری ئەوە بووە، سەرکەوتوو بووە.

باوکم- بە تەواوی ڕاستە، ئێمە بەرژەوەندی خۆمان تەنها بە شێوەی تایبەتی و کەسی لەبەرچاو ئەگرین.

مامم- ئێمە هەر نازانین کاری بەکۆمەڵ بکەین، هەمیشە کۆتاییەکەی شەڕە.

مانی- وەکو ئێستا کە ڕێگە نادەن بەم دووانەشمان کە وەک چنار لێرەدا وەستاوین لە تەنیشت ئێوەدا دانیشین و کارێکی بەکۆمەڵ ئەنجام بدەین.

مامم- دیسان دەستت کردەوە بە هەڵیت و پەڵیت وتن؟

ڕۆکسانا- چیرۆکی کۆترەکەتان بیستووە لە کلیلەو دیمنەدا؟ کاتێک کە کۆمەڵێک کۆتر ئەکەونە داوی ڕاوچییەکەوە.

مامم- کامە؟

ڕۆکسانا- هەر کامێکیان هەوڵیان ئەدا بە تەنهایی خۆیان ئازاد بکەن، هەر بۆیە جوڵەی تاک ئەفەرەیان ئەنجام ئەدا.

باوکم- سەرۆکەکەشیان فەرمانیان پێئەکا کە هەموویان لەپڕ بەیەکەوە بفڕن، ئەوانیش لە گوێی ئەکەن و لەپڕ داوەکە هەڵئەگرن و لەگەڵ خۆیاندا بەرزی ئەکەنەوەو ئازاد ئەبن

ڕۆکسانا- دواتر لە ڕێگەی مشکێکەوە کە هاوڕێی سەرۆکەکەیان بووە، تاڵەکانی داوەکە ئەقرتێنرێت و داوەکە ئەدڕێت، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە هەر ڕەگەزێک ئەتوانێت لەگەڵ ڕەگەزێکی تردا ببێتە هاوڕێ و هاوکارێی یەک بکەن.

باوکم- بە تەواوی ڕاستە.

مانی- خۆزگەم پێت هامون! ئیشەلا کاتێک کە لەگەل ڕۆکسانا خاندا هاوسەرگیریتان کرد، شەوانە دانەنیشیت و لەم چیرۆکانەت بۆ نەگێڕیتەوە تا بیتاقەت نەبیت.

مامم- هەتیو تۆ بۆ ناچی بۆ شوێنێکی تر؟

هەموومان دەستمان کرد بە پێکەنین، باوکم بە ڕۆکسانای وت:

- سەرت بە قسەکردنەوە گەرم بوو، یەکە یەکە داشەکانی تۆم جولاند.

ڕۆکسانا- لە هەموو یارییەکدا گرنگ ئەنجامە.

مامم- ئەڵێن لەو سەردەمانەدا ئەگەر زانایەک شتێکی دابهێنایە، بە تاوانی جادووگەری ئەیانگرت و ئەیانسووتاند.

باوکم- ترسان و تۆقان زۆر زیادی کردبوو، هەر بۆیە خەڵکی لەپڕ تەقینەوەو شۆڕشیان دەستپێکرد.

ڕۆکسانا- لە خوا ترسان ئەبێت لە دەروونی مرۆڤەکاندا بێت و تەنها پەیوەندی بە خۆشیانەوە هەیەو هەر بە حەزو ویستی خۆشیانە و نابێت کەسیش خۆی تێهەڵقورتێنێت، ئەگەر کۆمەڵێک کەس بێن و خەڵکی ناچار بکەن بە لەخوا ترسان، ئەوە ئیتر لە خواترسان نییە، ترسانە لە بەندە، ترسانە لە مرۆڤەکان یان لە بە ڕواڵەت ڕاسپێردراوانی خودا، ئەوکات ئەبێتە شتێکی دنیایی وەک هەر شتێکی تری دنیایی، ئەوکات ئەتوانێت لێکدانەوەی بۆ بکەیت یان لێی تێپەڕیت یاخود فێڵی لێبکەیت، بۆ نمونە پارککردنی ئۆتۆمبیل لە شوێنی قەدەغە، یان چوونە ناو شەقامێکی یەک ساید، تا کاتێک سەرو کەللەی پۆلیسی هاتوچۆ دەرنەکەوتووە، ئەتوانرێت ئەو یاسایانە پێشێل بکرێت یا دوور لە چاوی یاسا تاوان بکرێت، فێڵ بکرێت، بۆچی؟ چونکە زۆربەی کات مرۆڤ پێوە نابێت، زۆربەی کات مرۆڤی تاوانبار بێ ئەوەی سزای تاوانەکەی وەربگرێت هەڵدێت، چونکە خۆناکرێت بۆ هەر نەفەرێک پۆلیسێک دابنرێت، تازە ئەگەر بشکرێت، لە کوێ دیارە بەرتیل نادرێت بە پۆلیسەکەش؟!

مامم- بەە بەە! وەرە ببینە چ باسە! کێشە نییە بە پارە چارەسەر نەکرێت.

ڕۆکسانا- کاتێک لە خواترسان ببێت بە لە خەڵک ترسان، ئەم شتانەش هیچ دوور نین، کاتێک ڕاستی ئاوێتەی درۆ ببێت و کەمێکیش زیادەڕەوی تیابکرێت، ئیتر خەڵک بڕوا بە ڕاستییەکانیش ناکەن و ئەو کاتەیە کە سەرکەشی دەست پێئەکات، لەو سەردەمانەشدا لە ئەورووپا ئەمە ڕوویدا، کاتێک لەگەل بوونی ئەو هەموو ڕێگرە، دەرکەوت بۆ نموونە

زەوی چەقی گەردوون نییە و کەشیشەکان هەڵەیان کردووە، کاتێک ئاستی زانیاری گشتی کەمێک بەرزبووەوەو خەڵکی کەمێک دوورکەوتنەوە لە بیروباوەڕە بێبنەماکان و زۆر لە ڕاستییەکانیان بۆ دەرکەوت، ئیتر ڕقیان لە هەرچی کەشیش هەیە ئەبووەوەو ئەو ڕووداوانە ڕوویاندا، هەندێک بایکۆتی کلێسایان کرد، هەندێک دینیان ڕەتکردەوە، هەندێک وازیان لە داب و نەریتەکان هێنا، ئەگەرچی هەندێکیشیان باش بوون، کار گەیشت بە شوێنێک کە هەندێک نکۆلییان لە بوونی خوا ئەکرد، هەرچەند دوای ماوەیەک کە دۆخەکە هێور بووەوە، دووبارە گەڕانەوە، بەڵام زۆر شت لەو نێوەدا وێران بوو و لەناوچوو و شتی خراپ جێی گرتنەوە.

مامم- بەڵێ، ئەبێت واز لە مرۆڤەکان بهێنیت تا چۆنیان پێخۆشە، وا بیربکەنەوە.

ڕۆکسانا- لە بنەڕەتەوە چوونە ناو مێشکی مرۆڤەکان، هەمیشە کارێکی هەڵە بووە، هەرجارێکیش کەسێک ویستوویەتی ئەم کارە بکات، شکستی خواردووەو زۆرێکیش ناچاربوون بەهۆی ئەو شکستەوە، باجێکی گەورە بدەن.

خەریکبووم گوێم لە قسەکانی ئەگرت، لەپڕ سەری بەرزکردەوەو سەیری منی کردو وتی:

- لەوانەشە، ئەم باجە نرخی ئەزموونکردنێکی هەبێت، ئەزموونێک لە دەرەوەی داب و نەریتەکان و ئەو چوارچێوانەی کە بە دەوری خۆماندا دروستمان کردوون، بۆ تێپەڕین لەمانە ئەبێت باج بدەین.

کە ئەمەی وت، بینیم بە ئەنقەست بە قاچی دای لە مێزەکە، لەپڕ تەواوی داشەکانی شەترەنجەکە تێکچوون بەسەر یەکدا، دواتر خێرا دەستی کرد بە داوای لێبوردن کردن و وتی:

- بەڕاستی داوای لێبوردن ئەکەم، هەر ئاگام لێی نەبوو، ببوورن باوکە.

پێکەنینم ئەهات، باوکیشم هەروا، هەر بە پێکەنینیشەوە سەیرێکی ڕۆکسانای کردو وتی:

- لەوانەیە پێویست بووبێت کە باجی لاوازییەکەم بدەم، بەڵام خۆدزینەوەیەکی جوان بوو، هەم سەلماندنی براوەیی و هەم ڕەچاوکردنی گەورەتری، دیسان هەڵەم کرد، خەریکبوو ئەتبردەوە.

ڕۆکسانا- ئێوە زۆر باش یاریتان کرد، بەڕاستمە.

باوکم- وە تۆ باشتر، داشەکانی من زیاتر بوون، بەڵام تۆ بردتەوە.

CamScanner

لەپر هەستاو، سەری ڕۆکساناى ماچکردو وتی:

- ئەئەبوو پیش ئەوەی بتبینم هیچم بوتایە، بۆ داوای لیبوردنیش، دیاریەکی دیریەنم هەیە کە دامنابوو بۆ دەرفەتیکی نایاب، ئەو دەرفەتەش ئەمشەوە، بۆ نانی ئیوارە، بیست ساڵەیە، بیست ساڵ جۆش و خرۆش، بیست ساڵ چاوەڕوانی، ئەمشەو ئازادی ئەکەین تا بزانین ئەنجامی ئەم بیست ساڵە چی بووە!

مامم:

شەرابیکـــی تاڵم ئەوێت بە قومێکـــی بمکات سەرخۆش
تا دوورم بکـــات لـە دنیاو بە یەکجـاری بمکـات بیهۆش

مانی:نیگارێکی مەستـــم ئەوێت چارەنووسی بەدەست من بێت
گوێڕایەڵی فەرمانـــم بـێ و من پێی بڵێـــم ئەبێ چۆن بێت

مامم- دیسان دەستت کردەوە بە هەڵیت و پەڵیت؟

هەر لەو کاتەدا دایکم لە چێشتخانەکە هاتە دەرەوەو وتی:

- نان ئامادەیە، فەرموون.

هەموومان هەستاین جگە لە باوکم کە خەریکبوو دووبارە داشەکانی ڕێک ئەخستەوە. ڕۆکساناش مایەوە تا یارمەتی بدات، مامم و مانی و ترمە ڕۆشتن بۆ هۆڵی نانخواردنەکە، باوکم و ڕۆکسانا داشەکانیان ڕێکخستەوە، باوکم هەستایەوەو ڕوویکردە من و وتی:

- سەلیقەت نایابە! کچێکت هەڵبژاردووە، هەم زۆر جوان، هەم وریاو تێگەیشتوو، ئیشەڵا بەختەوەر بن

سەرم داخست، ڕۆکساناش هەنگاوێک چووە پێشەوە بەرەو باوکم و بە شەرمەوە دەم و چاوی ماچکرد و دواتر لەپڕ باوەشی کرد بە باوکمداو بە ئارامی دەستی کرد بە گریان، باوکم حەپەسا بوو، هەروا بە دەم نازکێشانەوە وتی:

- شتێکی خراپم وت کچەکەم؟

ڕۆکسانا خێرا لە باوەشی هاتە دەرەوەو هەروا کە پێئەکەنی، فرمێسکەکانی سڕی و وتی:

- زۆر دەمێک بوو کە بە دوای ئەم پشتیوانییانەدا ئەگەڕام، سوپاس باوکە، لە ناخی دڵمەوە ئەیڵێم، سوپاس!

باوکم- ج جلێکی جوانیشت لەبەر کردووە!

ڕۆکسانا- ئەمانە هامون بۆی کڕیوم، زۆر جوانن!

باوکم- کاتێک لەبەری کچێکی وەک تۆدابێت زۆر جوان دەرئەکەوێت، خۆشحالم ی ناسیمیت.

ڕۆکسانا پێکەنی و ژێر باڵی باوکمی گرت و کەوتینە ڕێ بەرەو هۆڵی نانخواردنەکی.

ئەوانی تریش لەوێ بوون، دایکم و زەری خان مێزێکی زۆر زۆر جوانیان ڕازاندبووەوە. سێ چوار جۆر خواردنیان دروست کردبوو، باوکیشم منی نارد بەدوای دیارییە بیست ساڵەکەدا، کاتێک گەڕامەوە، بینیم هێشتا هەموویان وەستاون و خەریکی قسەکردنن. چووم بۆ لای باوکم و شوشەکەم دا بە دەستییەوەو وتم:

- دانانیشن؟

باوکم کورسییەکی هێنایە دواوە بۆ ڕۆکسانا، مامیشم هەمان کاری کرد بۆ ترمە، مانی چوو لەولای ترمەوە دابنیشێت، مامم پێیوت:

- ئێرە شوێنی منە، بڕۆ ئەولاوە.

مانی سەیرێکی مامی کردو وتی:

- ئەتانەوێت من و هامون نانەکەمان هەڵگرین و بچین لە حەوشەکە بیخۆین؟ ئەڵێم یانی با بێزارتان نەکەین

مامم- دیسان قسەت کردەوە؟ بڕۆ لە شوێنێکی تر دابنیشە، ئەو هەموو کورسییە چۆڵە.

من و مانی بە پێکەنینەوە چووینە ئەولاوە دانیشتین، باوکم لە شوشەکە بۆ هەموومانی تێکردو وتی:

- هەنگوینە ئێتر!

مامم- بیست ساڵ خۆ گاڵتە نییە، دەرمانە.

باوکم هەروا کە پەرداخەکەی هەڵئەگرت بە ڕۆکساناو ترمەی وت:

- بەخێرهاتن بۆ ناو خێزانەکەمان.

دایکم- پیرۆز بێت ئیشەڵا.

مانی تۆزێکی خواردو دواتر وتی:

- هەنگوینی باشت ئەوێت هەر مەچۆ بەلای ئەم مەسیحییانەدا، وەرە بۆ لای خۆمان. هەموو دەستیان کردە پێکەنین، دایکم نانی بۆ ڕۆکسانا تێکردو مامیشم بۆ ترمە، من و مانیش بۆ خۆمان، باوکم بانگی زەری خانیشی کرد تا بێت لەگەڵ خۆمان نان بخوات،

کاتێک ئەویش هات، باوکم هەروا کە پارچەیەک گۆشتی تری ئەخستە ناو دەورییەکەی ڕۆکسانا، وتی:

- گەنجەکان چی ئەڵێن؟ چییان ئەوێت؟

ڕۆکسانا- ئەیانەوێت بژین، ژیان نەک بە مانای زیندو بوون، بە مانای ڕاستی ژیان، پێکەنین بۆ هەمووانە، ژیان بۆ هەمووانە، ئەتوانێت زیندوبێت و شاد بێت، ئەتوانێت زیندو بێت و پێبکەنێت، کار بۆ هەمووان، پەناگە بۆ هەمووان، خواردن بۆ هەمووان، ژیان بۆ هەمووان، ئەمانە شتێکی زۆر نین، سەیرکردنێک، سلاوێک، هاوڕێیەتییەک، پێویست بە ترس ناکات، نابێت بۆ پێکەنینێک دڵی کەسێک لە ترسدا بلەرزێت، بۆچی ئەبێت گەنجەکانمان پێبگەیەنین و پەروەردەیان بکەین بۆ وڵاتانی تر؟ بۆچی ئەبێت بەرهەمی ڕەنجی ئەم خاکە بێگانەکان ببەن؟ گەنجێک لەو کاتەی کە لەدایک ئەبێت تا ئەو کاتەی پسپۆڕییەکەی تەواو ئەکات، چەندێکی بۆ خەرج ئەکرێت؟ چەندێک زەحمەتی بۆ ئەکێشرێت؟ بۆچی ئەبێت کاتێک کە بڕوانامەکەی بەدەستهێنا، پسپۆڕییەکەی هەڵگرێت و لەم وڵاتە بڕوات؟ بۆچی نابێت ئەو هێزە هەر لێرە بمێنێتەوەو خاکی خۆی بنیاد بنێتەوە؟ بۆچی ئەبێت بیر لە ڕۆشتن بکاتەوە؟ بۆچی ئەبێت ئەم نەتەوە ئاوا پەرتەوازە بێت؟ لە مێژووی ئێمەدا کەی بوو کە ئێرانییەکان و فارسەکان کۆچیان کرد؟ بۆچی کۆچیان کرد؟ بۆچی ئەبێت ئێرانییەک لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو دیارییەی خواوەندا وڵاتەکەی خۆی جێبهێڵێت؟ بۆچی ئەبێت ئێمە چەند ملیۆن ئێرانیمان لە دەرەوە هەبێت؟ ئەوانە بە دوای چییەوە بوون وا لێرە ڕۆشتن؟ چ شتێک بووە هۆکار کە لێرە بڕۆن و لە غەریبیدا بەرگەی ئەو هەموو سەختییە بگرن و ڕەچەڵەکی خۆیان تێکەڵی ڕەچەڵەکێکی تر بکەن؟ ئایا هەمووان بەدوای ئازادییەوە بوون؟

باوکم- قسەکانت جوانن، یانی پرسیارەکانت جوانن، بەڵام زۆر حەز ئەکەم بزانم بۆچی ئەبێت ئەم داواکارییانە لە زمانی کچێکەوە کە نیوەی ئێرانییەو نیوەی فەرەنسییە، ببیسترێت؟

ڕۆکسانا- تەنها ئەوە بەسە کە فەرهەنگی دێرینی خۆمان بناسین، کاتێک زانیمان بۆچی چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا ڕەچاوی مافی مرۆڤمان کردووە، وەڵامی ئەم پرسیارانە دراونەتەوە، کاتێک زانیمان ئێران چ گەوهەرێک لە بوونیایەتی، وەڵامی ئەم پرسیارەمان دۆزیوەتەوە، من ئێرانیم و شانازی بە ئێرانی بوونمەوە ئەکەم، من نیوەی دووەمم هەڵبژاردووە، چونکە زۆر ڕیشەدارتر لە نیوەی یەکەممە.

باوکم تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- قسەکانت مرۆڤ ئەبات بە بیردا، مرۆڤ ئەخاتە بیری خۆی، لەوانەیە زۆر دەمێک بێت ئێمە خۆمانمان لەبیر کردبێت، خراپ نییە کە جارێکی تر سەیری ناسنامەکانمان بکەینەوە.

هەموو بێدەنگ بوون، مامم وتی:

- کاک مانی چۆنە وا تۆ بێدەنگیت؟

مانی- خەریکم بیر ئەکەمەوە بزانم ناسنامەکەم کە لە دۆلابەکەی داپیرەم و باپیرەمدا بوو، لە کوێدا شاردوویانەتەوەو کلیلەکەی لای کێیە؟

* * *

وەرزی دوازدەهەم

ئەو شەوە هەموومان بە یەکەوە وتمان و پێکەنین و قسەمان کردو نانمان خوارد، دوای نان گەڕاینەوە بۆ هۆڵەکەو کاتێک خەریکبووین چامان ئەخواردەوە، لەپڕ باوکم وتی:

- دوو مارەبڕین ئەکەین، یەکێک هی ئێمەو یەکێک لە کلیسا.

ڕۆکسانا- یەک٬دانە بەسە، هەرچۆنێکیش بێت ئاساییە، لای من پیرۆزە، من ئەو گرێبەستەم هەر ئەو ڕۆژە لە دڵمدا بەست، کە بۆ یەکەمجار هامونم بینی، مەگەر مەبەست لەو گرێبەستە ئەوە نییە کە هەڵبژێرین و وەفادار بمێنینەوە؟ کەوایە بەڵێنێک بەسە، چونکە هەر بەڵگەو گرێبەستێک ئەکرێت نکۆڵییان لێبکرێت و جێبەجێ نەکرێن، ئەگەر مرۆڤ مرۆڤ بێت، بەڵێنێک بەسە، بەڵام ئەزانم کۆمەڵێک داب و نەریت هەن کە ئەبێت ڕەچاو بکرێن، بۆیە هەر جۆرێک کە ئێوە بە باشی ئەزانن، وا ئەکەین.

باوکم- ئەم قسەشت تەواوە، بەڵام هەروەک وتت، کۆمەڵێک شت هەن کە ئەبێت ڕەچاو بکرێن، بەڵام چەند کێشەیەکی چارەسەر نەکراو هەن کە ئەبێت چارەسەر بکرێن.

ڕۆکسانا- پەیوەندی بە منەوە هەیە؟

باوکم- نا، پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە، یانی بە من و براکەمەوە.

زانیم باوکم مەبەستی چییە، بیری لە پورە لیا ئەکردەوە، تۆزێک دواتر ڕوویکردە دایکم و وتی:

- خانم ئێوە ڕاستتان ئەکرد، من لە بارەی ڕۆکساناوە هەڵەم کرد.

دایکم پێکەنی و دواتر هەستاو چوو بۆ ژوورەکەی لە نهۆمی سەرەوەو تۆزێک دواتر گەڕایەوەو چوو بۆ لای ترمەو دەستی چەپی گرت و مستیلەیەکی کردە پەنجەی و وتی:

- من بەناونیشانی دایکی مانی، خوازبێنی تۆ ئەکەم و ئەتکەم بە دەستگیرانی کوڕەکەم، ئیشەڵا پیرۆزتان بێت، مانی کوڕێکی زۆر باشە، پێموایە شیاوی تۆ بێت.

ترمە گریانی ئەهات، هەستاو سەرەتا دایکم و دواتر مامی ماچکرد، دایکم هات بۆ لای ڕۆکسانا، ڕۆکساناش خێرا هەستا، خەریکبووم سەیرم ئەکردن، گریانم ئەهات، دایکم

CamScanner

مستیلەکەی خۆی دەرهێناو وتی:

- یادگاری دایکمە، زۆرم خۆشئەوێت.

دواتر دەستی ڕۆکسانای گرت و مستیلەکەی کردە پەنجەی و وتی:

- لە چێشتخانەکەوە گوێم لە قسەکانت بوو، خۆزگە کەسانی وەک تۆ زۆر بوونایە، ئەوکات مرۆڤەکان باشتر خۆیانیان ئەناسی، لەمە بەدوا نەک تەنها بووک، کچیشمی.

دواتر لەباوەشی گرت و ماچی کرد، ڕۆکسانا تەنها ئەگریا، بە ئارامی و بێدەنگی، هیچیشی نەئەوت، نە سوپاس نە شتێک، تەنها ئەگریا، حەزم ئەکرد هەستم و لەباوەشی بگرم و نەهێڵم بگری، دایکیشم دەستیکرد بە گریان و ڕۆشت بۆ چێشتخانەکە، لامکردەوە بینیم ترمە هێشتا خەریکە ئەگری، بە کورتی دوای تۆزێک کە هەردووکیان ئارام بوونەوە، باوکم وتی:

- ڕۆژێک دیاری بکەن بۆ مارەبڕین.

مامم- شەوی هەینی.

باوکم- ئەبێت خۆیان دیاری بکەن.

مانی- شەوی هەینی باشە.

مامم- تۆمان نەوت، کاکم مەبەستی ترمەو ڕۆکسانا گیان بوو.

مانی- یانی ئێمە سەلکی سیرو قنچکی پیازین.

ترمە- مەبەستی بابە گیان ئەوەبوو کە ئەبێت ڕێز لە خانمان بگیرێت.

مانی- ئاخری من هەر نەمزانی تۆ بڕیارە ببیتە هاوسەری من یا باوەژنم؟ هەر لە ئێستەوە بێلێ تا بزانم لەم نێوەدا چ کارەم.

ترمە- بە ڕاستی کە مانی!

مانی- ئاخر ئەم باوکەم نە ئەهێڵێت من قسەیەک بکەم، نە ئەهێڵێت بۆچوونێک دەربڕم نە ئەهێڵێت بێم بەلای تۆدا، ئێ هەر خۆیشی مارەت بکات و من لەمەودوا پێت ئەڵێم دایکە ترمە.

هەموومان دەستمان کردە پێکەنین، مامم وتی:

- دیسان دەستت کردەوە بە هەڵیت و پەڵیت وتن؟ ئێ وەرە لای دانیشە.

مانی- ئێستا کە کۆتایی شەوەو ئەبێت بیانبەینەوە ماڵەوە؟ نیوکاتژمێر چ سودێکی هەیە لای دانیشم؟ من ئەمویست لانیکەم نیوەی کاتەکە لای دانیشم، ئەم نیوکاتژمێرەش هەر بۆخۆتان.

باوکم دەستیکرد بە پێکەنین و وتی:

- ڕاست ئەکات داماوە، ئێمە لە سەرەتای شەوەوە ئەمانەمان گرتووە بە قسە، هەستن، هەستن بەیەکەوە بچن بۆ حەوشەکە، دەورانی دەستگیرانتان لە ئێستاوە دەست پێ ئەکات، هەستن بڕۆن دەی.

مانی خێرا هەستا، منیش ویستم هەستم، بینیم ڕۆکسانا و ترمە هەروا دانیشتوون و سەریان داخستووە، بۆیە منیش لە جێی خۆم نەجولام، مامم بە مانی وت:

- سەیرکە، لە هەموویان بێ شەرمتر تۆ بوویت، هەتیو خولەکێک دانیشەو خۆت بگرە، لانیکەم تۆزێک خۆت قورس بکەو دواتر هەستە.

مانی- من خۆ نەمئەویست بچم بۆ حەوشەکە، ئەمویست سەرەتا بچم بۆ دەم و چاوشۆردن دواتر بۆ دەست شۆردن دواتر دووبارە ئەگەڕامەوە بۆ دەموچاو شۆردن دواتر ئایا بێم بۆ لای ترمە ئایا نەیەم، ئەوەیان ئیتر پەیوەندی بە ناوچاوی ئەم خانمەوە هەیە.

ترمە- ئەبێت زۆریش حەز بکەیت.

مانی- یاخوا ئەو حەزەم کوێر بێتەوە.

ترمە- لەقەکەی ئەوجارەت بیرچووە؟ نامەوێت ئێستا لەبەردەم بابەو ئەواندا...

مانی- ئەزانی چییە؟! من ژنهێنەر نیم، ئەگەریش ڕۆژێک ویستم ژن بهێنم، ئەچم کچێکی باشی گوێڕایەڵی لە خواترس ئەهێنم، تۆ بڕۆ ببە بە ژنی باوکم. هەموومان دەستمان کردە پێکەنین.

ترمە- من هەرگیز باوەڕناکەم تۆ کوڕی ئەم بابە گیانە بیت، ئەوان ئەوەندە ئارام و سەلار و باش و ئاغان، ئەوکات تۆ ئاوایت!

مانی- من نامەوێت لە باوکم بچم ئەگەر لەو بچم خراپ دەرئەچم

حەیف پێرێ لێرە نەبوویت تا وێنەی یەکێک لە هاوڕێکانی ئەم باوکە ئارام و سەلارو باش و ئاغا ببینی، پێشانگای وێنەشی هەیە.

مامم- دیسان دەستت کردەوە بە هەڵیت و پەڵیت وتن؟ ئەو وێنە خوشکی یەکێک لە هاوڕێکانم بوو کە بۆ یادگاری بەیەکەوە گرتبوومان.

مانی- خۆزگەم پێتان بۆ ئەو هاوڕێ ڕۆشنبیرانەی کە هەتانە!

مامم- بابە تۆ ئیشت چییە لێرەدا وەستاویت؟ مەگەر بڕیار نەبوو بچنە حەوشەکە پیاسە بکەن؟

مانی- من خۆ هەر لە سەرەتاوە ئەمویست بڕۆم، ئیوە چاوەڕێی شەرم و حەیاو ئەم شتانەتان لێئەکردم.

دووبارە هەموو دەستمان کردەوە بە پێکەنین.

مامم- هەستن بڕۆن، ترمە گیان هەستە.

ئیمەش هەستاین، مانی وتی:

- من ئیتر دڵم سارد بووەوە، ئەچم سەیری تەلەفزیۆن ئەکەم.

هەر کە ئەمەی وت ترمە مۆڕەیەکی لێکردو دواتر وتی:

- ببوورن توخوا.

لەپڕ لەسەر مێزەکە پرتەقاڵێکی هەڵگرت و گرتییە مانی و مانیش لە هەوادا گرتییەوە، مامم و ئەوان دەستیانکرد بە پێکەنین و مامم وتی:

- سوپاس بۆ خوا یەکێک پەیدا بوو دەرەقەتی ئەم هەتیوە بێت و تۆڵەی منی لێبکاتەوە.

مانی- تۆڵەکردنەوە لەو دنیایە بابە گیان، ئەمەش دەرەقەتی من نایەت، خەیاڵتان ئاسودە بێت.

هەر چوارەکەمان بە دەم پێکەنینەوە چووینە حەوشەکە، ترمە سەیرێکی حەوزو دارەکانی کردو وتی:

- ئێرە خۆ حەوشە نییە، باخە.

لە قادرمەکان چووینە خوارەوەو لە حەوزەکە تێپەڕین، دووبارە ترمە وتی:

- ئەم دارانە چەند جوانن! ئەوە داری چییە؟

مانی- قەیسییە، ئەمە بابەم خۆی ناشتوویەتی، قەیسی وا گەورە ئەگرێت!

ترمە- ئەم دارەیان چییە؟

مانی- گێلاسە، ئەمەش هەر بابەم ناشتوویەتی، لە ئیستاشدا ئەیگرێ.

ترمە چووە پێشەوەو ئاماژەی کرد بە دارێک کە لە تەنیشت گڵۆپی ناو باخەکەدا بوو وتی:

- ئەو دارە چییە؟

مانی- داری گڵۆپە، ئەمەیان ئەدیسۆن ناشتوویەتی، گڵۆپ ئەگرێت، هەمووی دوو سەد وات سێ سەد وات، فلۆرسەنت، وزەی کەمیشیان ئەوێ.

من و ڕۆکسانا دەستمانکرد بە پێکەنین، ترمە وتی:

- زەهری مار! تەنیشتەکەی ئەڵێم.

CamScanner

مانی- ئەها! ئەوە چنالاسمە

ترمە- دیسان فشە!

مانی- تۆ بۆچی هەمیشە وا بیرئەکەیتەوە کە من خەریکم دروت لەگەل ئەکەم؟

ترمە- ئاخر ئیمە داری چنالاسمان هەیە؟

مانی- بۆچی نیمانە؟ ئیستا با چیرۆکەکەیت بۆ بگێڕمەوە تا بزانی چنالاسمان هەیە یان نا، چەند ساڵێک پێش ئیستا، ڕۆژێک باوکم قیسپێکی چناری کڕی و هێنای و لێرە ناشتی، بۆ ئەوەی دارچنارەکە نەچەمێتەوە، پارچە دارێکی کرد بە زەویدا، لە تەنیشت چنارەکەوە، بە کورتی ئاو و کود و ئەم شتانەی کرد بە دارچنارەکەوە، بەڵام لەوێوەی کە کاری من و باوکم هەمیشە پێچەوانەی کاری هەمووانە، دوای ماوەیەک وردە وردە دارچنارەکە وشکبوو، بەڵام لەبری ئەو ئەو پارچە دارە ڕیشکی داکوتی و سەوز بوو و دەستی کرد بە گەل دەرکردن، دوو ساڵ دواتر ئەو دارە وشکە بوو بە داری گێلاس، ئێمەش بەو بۆنەوە ناومانتا داری چنالاس، یانی موتوربەی چنارو گێلاس، ئیستا بینیت کە درۆ ناکەم.

ترمە- سەیرە وەڵا!

مانی- ئیستا وەرە بچین بۆ ئەوسەری باخەکە تا پێت پیشان بدەم باوکم لەوێ چی ناشتووە.

ترمە سەیرێکی کردو پێیوت:

- هەر لێرە ئەیبینم باوکت چی ناشتووە.

مانی- من ئەڵێی خۆ من باوکم نەیناشتووم!

ترمە- ئەی کێ ناشتوویەتی؟

مانی- من خۆم ڕووام، خۆم دەرهاتم.

دواتر ژێر باڵی ترمەی گرت و هەروا کە قسەی ئەکرد، ڕۆشتن بۆ ئەوسەری حەوشەکە.

مانی- سەیرکە، ئیمە لەم کێڵگەدا؟ یانی بابەم، گوڵی سوری موتوربە کردووە لەگەل کاکتۆس.

ترمە- ئاخر مەگەر شتی وا ئەبێت؟

مانی- بۆ نابێت؟ مەگەر هەر ئیستا خەریک نین من موتوربە ئەکەن لە تۆ؟

دەستی ڕۆکسانام گرت و ئێمەش ڕۆشتین بۆ ئەولاوە، دوای تۆزێک ڕێکردن پێموت:

- گویم له قسەکانت بوو، شتی جوانت ئەوت کە من تا ئێستا بیرم لێیان نەکردبووەوە.

ڕۆکسانا- تۆ تاوانت نییە، ئەو کەشەی تیایدا ژیاوی تۆی لە زۆر شت دوورخستووەتەوە، ئەگەر تۆزێک لەو کەشە بێیتە دەرەوە، ئەبینی خەریکە چی ڕووداوێکی زۆر زۆر خراپ!

- بۆ نموونە چی؟

ڕۆکسانا- بۆ گرنگ نەبوون!

- ئەوە خۆ ڕووداوێکی زۆر خراپ نییە.

ڕۆکسانا- بۆ نا، زۆر خراپە، کاتێک لە کۆمەڵگایەکدا، گەنجەکانی کە هێزی بنچینەیی کارو نەوەی دواڕۆژن، هیچیان لا گرنگ نەبێت، کۆمەڵگە بەرەو ڕووخان ئەڕوات، یانی بۆ گرنگ نەبوون کوشندەترین ژەهرە بۆ کۆمەڵگە، جا ئیتر لە هەر چین و توێژێکدا بێت.

- وا نازانیت ئەمە کەمێک زیادەڕۆییە؟

سەیرێکی کردم و وتی:

- ئێمە، یانی من و هاوڕێکانم، بۆچوونێکمان هەیە، یانی ئەڵێین دروشم و قسەکردن ئیتر بەسە، ئێستا نۆرەی کردارە.

- ئێ ئەمە باشە.

ڕۆکسانا- ئەتەوێت لەبری ئەوەی من بۆت ڕوون بکەمەوە، خۆت ببینی؟

- دەی ئەڕێ.

ڕۆکسانا- ئەکرێت خولەکێک مۆبایلەکەتم بدەیتێ؟

مۆبایلەکەم لە گیرفانم دەرهێناو دام پێی و وتم:

- هەر بۆ خۆت.

ڕۆکسانا- ئەی خۆت؟

- من هی ترم هەیە، با لای تۆ بێت، ئێستاش هەم ژمارەی ئەمەت پێئەدەم هەم ئەوەی کە خۆم بەکاری ئەهێنم.

ڕۆکسانا- ئێستا با بە خۆت بێت، دوایی لێت وەرئەگرم.

- هەڵیگرە، شەرم مەکە.

پێکەنی و سوپاسی کردم و دواتر ژمارەیەکی لێداو تۆزێک دواتر وتی:

- ئەلو! محەمەد گیان سلاو!

لامکردەوەو سەیرم کرد، بۆ ساتێک غیرەم کرد، وا دیار بوو هەستیکرد، پاڵیدا

پێمەوەو پێکەنی، بەو کوڕەی کە ناوی محەمەد بوو، وت:

- هێشتا نەڕۆشتوون؟ باشە، سەیرکە، بڕیارمان شوێنی هەمیشەیی، نا سێ چارەک، چاتژمێرێکی تر دێمە ئەوێ.

دواتر مالئاوایی کردو سەیری کاتژمێرەکەی کردو وتی:

- ئێستا شتێک لە دە لایداوە، ئەگەر زوو بڕۆین، ئەگەین.

- ئەوە کێ بوو؟

ڕۆکسانا- هاوڕێکی و هاوڕێم.

سەیریم کرد، پێکەنی وتی:

- غیرە مەکە ئازیزم، ئەو تەنها هاوڕێمە، لەرانەشە هاوکار.

- ئێستا ئەبێت بچین بۆ کوێ؟

ڕۆکسانا- مەگەر بە دوای وەلامەوە نیت؟

- بۆ نا.

ڕۆکسانا- کەوایە با بڕۆین.

تۆزێک بێدەنگ بووم و دواتر بانگی مانی و ئەوانم کرد، کەمێک دواتر هاتن و بە مانیم وت:

- من و ڕۆکسانا ئەمانەوێت بچین بۆ شوێنێک، ئێوەش دێن؟

مانی- بۆ کوێ؟

- بەدوای وەلامێکدا.

دواتر سەیرێکی ڕۆکسانام کردو پێکەنیم، مانی وتی:

- کەرە وەلام هەر لێرەدایە، یانی هەم پرسیار لێرەیەو هەم وەلام.

- کەوایە ئێوە لێرە بمێننەوە، ئێمە ئەڕۆین.

ترمە- منیش ئەبێت بڕۆم.

مانی- بۆ کوێ؟

ترمە- ئەگەڕێمەوە.

مانی- بۆ کوێ ئەگەڕێیتەوە؟

ترمە- بۆ لای دایکم!

لەپڕ هەموومان بێدەنگ بووین و سەیری ترمەمان کرد، زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- بیری ئەکەم.

سەرم راوەشاند و پێکەنیم و وتم:

- کاریکی زۆر باش ئەکەن!

ڕۆکسانا- هەر زۆر باشە!

مانی- من لە جێی تۆ بوومایە نە ئەکەرامەوە.

ترمە سەیری کردو پێکەنی و وتی:

- ئەی ئەو هەموو ئامۆژگارییە چی بوو کە کردمت؟

مانی- هەڵەم کرد، ئێستا ئەتەوێت بڕۆیت بڕۆ، بەڵام کاتێک گەیشتیتە بەردەم پۆرێ، سلاو نەکەیت، با سەرەتا ئەو سلاو بکات.

هەرچوارمان پێکەنین و گەڕاینەوە ماڵەوەو ڕۆکساناو ترمە زۆر سوپاسی باوکم و دایکم و ماممیان کردو دواتر ماڵئاواییان کرد و من و مانیش ڕۆشتین کیفی پارەکانمان هێناو هەر چوارمان لە ماڵ هاتینە دەرو سوار ئۆتۆمبیل بووین و کەوتینەڕێ، چارەکێک دواتر لەبەردەم ماڵی پۆرێ و ئەواندا بووین، ترمە تۆزێک وەستاو دواتر دابەزی، مانیش ویستی لەگەڵی بڕوات، بەڵام ترمە وتی نا، ئەیویست بە تەنها چاوی بکەوێت بە پۆرێ، حەقیشی بوو، بە کورتی پەنجەی نا بە زەنگەکەداو چووە ژوورەوە، ئێمەش دووبارە سوار بووینەوەو کەوتینەڕێ و نیو کاتژمێر دواتر گەیشتینە شوێنێک نزیک زانکۆ و ڕۆکسانا شەقامێکی پیشانداین و چووینە سەری و دواتر چووینە لاکۆلانێک و لە دوورەوە ئۆتۆمبیلێکی پەیکانی شەق و شڕی پیشانداین و وتی لەبەردەمیدا ڕایگرین، مانیش چووە بەردەمی و ڕایگرت و دابەزین، سێ کوڕو چوار کچی هاوتەمەنی ڕۆکسانا لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بوون، هەر کە ڕۆکسانایان بینی، دابەزین و سلاو و هەواڵپرسییان لەگەڵ کردو ڕۆکسانا منی وەک دەستگیرانی خۆی پێناساندن و کچەکان باوەشیان پیاکردو پیرۆزباییان لێکردو دواتر پیرۆزبایشیان لە من کردو لەگەڵ کوڕەکانیش ئاشنابووین، ڕۆکسانا وتی:

- با زووتر بڕۆین درەنگ نەکات.

ئەو کوڕەی کە ناوی محەمەد بوو، سەیرێکی ئۆتۆمبیلەکەی مانی کردو وتی:

- بەم ئۆتۆمبیلە نایێت و هەمووشمان لە ئۆتۆمبیلەکەی مندا جێمان نابێتەوە.

مانی- ببوورن، ئەو شوێنە کە بۆی ئەچین، هەڵدێر و نشێوە؟

محەمەد- نا.

مانی- ئێ کەوایە ئێمەش بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆمان دێین.

محەمەد- لەبەر ڕێگەکەی نە، مەبەستم ئەوەیە ناشرینە بە ئۆتۆمبیلەکەی ئێوە بڕۆین بۆ ئەوێ.

مانی سەیرێکی کردو وتی:

- یانی ئەوەندە مۆدێلیان بەرزە کە مارسیدس بینزیش هیچ نییە لە چاریاندا؟

دواتر سەیرێکی پەیکانەکەی کردو وتی:

- محەمەد ئاغا پێم ڕانەبوێریت؟

محەمەد- نەبەخوا، ئاخر ئەم ئۆتۆمبیلەی ئێوە بە کەلکی سەرووی شار دێت.

مانی- مەگەر ئەو ئاهەنگەی کە بڕیارە بچین بۆی، لە خوارووی شارە؟

محەمەد- ئاهەنگ؟

مانی پێکەنی و وتی:

- ئەرێ دەی، یانی ئاهەنگ نە، میوانییەکی سادە، بەلام گەرمی گەرم.

لەپڕ محەمەد و ئەو دوو کوڕەی تر کە ناویان مەحمودو سەعید بوو لەگەل چوار کچەکەدا دەستیانکرد بە پێکەنین.

مانی- زەهری مار، بۆچی پێئەکەنن؟

کە ئەمەی وت من و ڕۆکساناش دەستمانکرد بە پێکەنین، محەمەد وتی:

- کاک مانی ئێمە نامانەوێت بچین بۆ ئاهەنگ.

مانی- ئەی ئەچین بۆ کوێ؟ ئەها لەو میوانییە تایبەتانەیە کە.....!

تێگەشتم، چ فێڵبازێکن ئێوە! ئەترسن چاویان بەم ئۆتۆمبیلە بکەوێت و زیاتر قۆلمان ببڕن؟ قەیناکە، فیدای سەرتان، پارە بۆ شتێکی ئاوایە ئیتر، هەمووتان میوانی خۆمن. دووبارە هەموویان دەستیانکردە پێکەنین.

مانی- دەردی گران، خۆ هەر پێئەکەنن.

محەمەد- کاک مانی ئێمە ئەچین بۆ شوێنێک کە تا ڕادەیەک ئەتوانیت بڵێیت خەلکەکەی زاخەنشینن.

مانی- یانی زاخەنشینەکان ئاهەنگ ئەگێڕن؟

محەمەد بە پێکەنینەوە وتی:

- شتێکی لەو بابەتە.

مانی- دەستیان خۆش بێت، بزانم پۆلیس و پۆلیس نەدەن بەسەرمانا؟ بیریان لەمەیان کردووەتەوە؟

محەمەد- خەیالتان ئاسودە بێت، ئەو ناوە هیچ پۆلیسێکی لێ نییە.

مانی- دەی سوپاس بۆ خوا، کەوایە با زوو بڕۆین درەنگ نەکات.

ڕۆکسانا- کاک مانی ئەو شوێنەی کە بۆی ئەچین ئاهەنگ نییە.

مانی- ئەزانم بابە، هەر ئەوەی کە ژمارەیەک کچ و کوڕ لە دەوری یەک کۆببنەوە بەسە، ئیتر با ناوی ئاهەنگ نەبێت، ئەنجومەن بێت، مێزگرد بێت، کۆبوونەوە بێت، ج جیاوازییەکی هەیە بۆ ئێمە؟

دووبارە هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین.

مانی- دەردی بێ دەرمان، بۆچی ئەوەندە لە خۆڕا پێئەکەنن؟

ڕۆکسانا- کاک مانی ئەچین هاوکاری کۆمەڵێک مرۆڤی هەژار بکەین، یانی مانگی جارێک پارەکانمان کۆئەکەینەوەو ئەچین بۆ ئەوێ و یارمەتییان ئەدەین.

مانی سەیرێکی ڕۆکسانای کردو دواتر یەک بە یەک سەیری محەمەد و ئەوانی کردو دواتریش لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- ئەو وەلامەی کە بە دوایەوە بوویت ئەمە بوو؟

پێکەنیم، وتی:

- خوێڕی، من بە بیانووی ئەم وەلامە دەستگیرانەکەم وێلکرد و دەستبەرداری ئاهەنگێکی وا بووم، ئێستا ئەتەوێت من ببەیت بۆ لای هەژارو ڕەش و ڕووتەکان؟ خوا تووشی دەردێکت بکات دەرمانی نەبێت، تۆ ئەمشەو منت لەناوبرد، ئیشەلا دایکت ڕەشپۆش بێت بۆت، سەیرکە چۆن ئەمشەو بوومە گاڵتەجاڕی ئەمانە! ئەمبینی لە پەسا پێئەکەنن، تۆ مەلێ خەریکبوون لە دڵی خۆیاندا گاڵتەیان بە من ئەکرد، یاخوا هامون ڕۆژی خۆش لە ژیانتا نەبینی وا منت کردە گاڵتەجاڕی دۆست و دوژمن.

ئەمەی وت و کەوتەڕێ بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکەی، ڕامکرد بە دوایداو تۆزێک لە پێشتر دەستیم گرت و وتم:

- بۆ کوێ؟

مانی- وازم لێبهێنە ئەگینا لێرەدا ئەوەندە ئەنەڕێنم تا هەرچی خەڵکە لە ماڵەکانیان دێنە دەرەوە.

- سەیرکە، بەو شێوەش نییە کە ئەمانە باسی ئەکەن.

مانی- ئەی چۆنە؟

- لەوێک جۆرێک لە ئاهەنگە، بەڵام تۆزێک ئاستی نزمدا.

مانی- بلی بە گیانی تۆ!

- مەگەر جیاوازی هەیە بۆ تۆ؟ سەیرکە ئەم کچ و کوڕانەش خەریکن ئەچن بۆ ئەوی.

مانی- ئەمانە خۆ ئەلین ئەچین پارە ئەدەین بە هەژاران.

- بە دڵنیاییەوە پارە ئەدەن بۆ ئاهەنگیش.

لایکردەوەو سەیرێکی کچەکانی کرد کە خەریکبوون پێی پێئەکەنین و لەپڕ پێکەنی و وتی:

- ئەم کوڕانە ئەیانەوێت فێڵمان لێبکەن تا کلکە نەوتینەیان لەگەل نەبێت، من لەوان ڕیاترم، دێم، بۆچی نەیەم؟ لەوێ پیشانیان ئەدەم کە سەرخستنە سەر ئاغا مانی یانی چی، ئەگەر هێشتم لەگەل یەک کچدا سەما بکەن! هەموویان لە دەوری خۆم کۆئەکەمەوە، ئیستا ببینە، وەرن بڕۆین.

دواتر خۆی ڕۆشت و سوار ئۆتۆمبیلەکە بوو و منیش ڕۆشتم بە ڕۆکسانام وت سەربکەوێت، دوو لە کچەکانیش لەگەل ئێمە هاتن و سەر ئۆتۆمبیلەکە کەوتین و ئۆتۆمبیلەکەی محەمەد و ئەوان لە پێشمانەوە کەوتنە ڕێ و ئێمەش بە دوایاندا، دوای کەمێک کە هەروا ئەڕۆشتین بەرەو باشووری شار، مانی سەیرێکی کردم و وتی:

- ئەزانم دیسان فێڵت لێکردم.

- بۆچی؟

مانی- بابە وا گەیشتینە باشوری شار، ئێرە نزیکە چاڵە مەیدانە، ئاخر کێ تا ئێستا لە چاڵە مەیدان ئاهەنگی گێڕاوە تا ئەمانە بیگێڕن؟

لەپڕ ئەو دوو کچە دەستیان کردە پێکەنین و یەکیان وتی:

- کاک مانی خۆ ئێمە وتمان ئاهەنگ لەئارادا نییە.

مانی لایکردەوەو سەیرێکی کردن و دواتر وتی:

- ئەوەندە دەستکاری ئەو جامە مەکە، فیوزەکەی سوتا، تۆش ئەوەندە لەسەر ئەو کوشنە هەڵبەز و دابەز مەکە، ئیسپرینگەکەی تێکچوو.

کچەکە- ئاخر جامەکەی کارەباییە، مرۆڤ لە خۆیەوە حەزی لێئەکات کە سەرو خوار ئەکات.

مانی- ئاخۆ خۆ ناکرێت هەرچی سەروخواری کرد لە پەسا بیبەیتە سەرەوەو بیهێنیتە خوارەوە، ڕۆکساناخان ڕێ لەم هاوڕێیانەت بگرە، ئۆتۆمبیلەکەمیان داغان کرد.

یەکێک لە کچەکان بە پێکەنینەوە وتی:

- کاک مانی ئیوه هاوسەرگیریتان کردووه؟

مانی- نەخێر.

کچەکە- بۆچی؟

مانی- لەناوماندا باو نییە.

کچەکە- یانی چی؟

مانی- یانی لە خێزانی ئێمەدا هاوسەرگیری کردن باو نییە، نە باوکم تا ئێستا هاوسەرگیری کردووە نە باپیرم و نە باوکی باپیرەم.

کچەکە- ئەی ئیوە چۆن لەدایکبوون؟

مانی- زۆر سادە، ئەتانەوێت بۆتان ڕوون بکەمەوە؟

کچە- وای نە! زۆر مەمنون.

مانی- کەوایە بە ئارامی دانیشەو ئەوەندە دەستکاری ئەو جامە مەکە.

کچە- چەند وشک!

مانی- ئەگەر ئیوەش لەبری من بوونایە و ئەمشەو هەم لە دەستگیرانەکەتان بوونایەو هەم لە ئاهەنگێکی گەرمی گەرم، ئێستا وەکو سەگی ئەم ناوە وابوون، یانی سەگی نازی ئاباد، ئێستا لە دەوربەری نازی ئابادین، وا نییە؟

ڕۆکسانا- نەخێر کاک مانی، ئێستا زۆر لە خواروی ئەوێوەین.

کچەکە- لە بەرامبەردا کاتێک گەیشتینە ئەوێ، شتی زۆر جوانی لێیە کە بیانبینن، دڵنیام زۆر سەرنجڕاکێش ئەبێت بەلاتانەوە، تەنانەت سەرنجڕاکێشتر لەو ئاهەنگە.

مانی لە ئاوینەکەوە سەیرێکی کچەکەی کردو دواتر زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- مانی بمرێ بەڕاستتە؟

کچەکە- خوانەکات، ئیشەلا تەمەن درێژ بن.

مانی- لەگەل ئیوە هاوڕێیان لە پەنای خوا.

کچەکە- ئیوە دەستگیرانتان هەیە؟

مانی- دەستگیرانی دەستگیران نە، یانی هەر کاتێک بمەوێت ئەتوانم هەڵیوەشێنمەوە، چۆن مەگەر؟

کچەکە پێکەنی و وتی:

- هیچ، هەروا وتم.

مانی- توخوا ئەگەر پێشنیارێکی باشتان لایە، ڕەچاوی هیچ مەکەن و بیڵێین.

ڕەمورمان دەستمانکرد بە پێکەنین.

مانی- ببوورن، ئێوە ناوتان چییە؟

کچەکە- کەنیزەکی ئێوە ستارە.

مانی- تاجی سەری من، بۆچی بێ ئیش دانیشتوون ستارەخان؟

ستارە- ئەی چی بکەم؟

مانی- تۆزێک یاری بەو جامە بکەن.

ستارە- ئاخر وتتان خراپ ئەبێت.

مانی- فیدای سەرتان، ئەم جامانەیان هەر بۆ ئەوە دروست کردووە تا هەر کەسێک سەرکەوت بێتاقەت نەبێت، یاری پێبکە بە قوربان، یاری پێبکە.

لایکردەوەو بە کچەکەی تریشی وت:

- ئێوەش هەڵبەزو دابەز بکەن، کوشنەکە هیچی لێنایەت.

ستارە- چەند ڕەفتارتان باش بوو لەپڕ!

مانی- ڕەفتارە توندەکەم بەهۆی ترافیکەوە بوو، بەڵام کە گەیشتینە ئەوێ نەچن بەلای محەمەد ئاغاو ئەواندا، ئەوکات دیسان ڕەفتارم توند ئەبێت، لای خۆم بن تا خۆ ئاگام لێتان بێت.

ستارە- بەسەرچاو.

مانی- چاوت بێ بەڵا بێت، ئافەرین کچی باش، ئەڵێم حەزتان لە چکلێت هەیە؟

ستارە- ئەرێ، زۆرم حەز لێیەتی!

مانی خێرا لەناو داشبۆکە پاکەتێک چکلێتی بیانی دەرهێناو پێیداو وتی:

- بیخۆن، نۆشی گیانتان.

کچەکە- بیانییە؟ کوڕێکی چەند باشیت، ئەمە دا ئەنێم بۆ عەبدالله.

مانی- عەبدالله قوزەڵقورت بخوات، پێمدان خۆتان بیخۆن.

ستارە- ئاخر عەبدالله گوناهە.

مانی- عەبدالله کێیە؟

ستارە- کوڕێکی بچوکی خوێن شیرین.

مانی- عەبدالله منم کە ئەوەندە زوو کەر ئەبم، زۆرباشە ئەوە دانێ بۆ عەبدالله و ئەمەیان خۆتان بیخۆن.

پاکەتێکی تر چکلێتی دەرهێناو پێیدان، ئیتر ئێمەش خۆ هەر پێئەکەنین.

مانی- سەیرکە ستارە خان، کاتێک ئەمانە ئاوا پێئەکەنن من گومان ئەکەمێتە دڵمەوە کە خەریکە فیلم لێئەکرێت.

ستارە- نە، خەیاڵتان ئاسودە بێت.

مانی- من بڕوا بە بەڵێنی ئێوە ئەکەم.

ستارە- ئەگەر سەرنجڕاکێش نەبوو بەلاتانەوە خۆم قەرەبووی ئەکەمەوە.

مانی- خوا لە گەورەیی کەمت نەکات کچەکە.

مانی کە ئێستا ئیتر بە دەماغ بوو، دەستیکرد بە گاڵتەکردن و خستنە پێکەنینی ئێمە، چەند خولەک دواتر پەیکانەکەی محەمەد و ئەوان پێچیکردەوە کۆلانێک و لە سوچێکدا ڕایگرت، مانیش لە دوایەوە وەستاو هەموومان دابەزین، هەر کە دابەزیم و چاوم کەوت بە خانووەکان، حەپەسام، سەد ڕەحمەت لە زاخەنشین، تەنها ناویان خانوو بوو، دیوارەکانی دەرەوەیان هەر ساتێک ئەگەری ڕوخانیان هەبوو، دەرو دیوارێکی واشیان نەبوو، کۆلانەکەش تەنها عەمودێکی کارەبایی لێبوو بە گڵۆپێکی سوتاوەوە، لە ناوەڕاستەکەشیدا جۆگەیەکی ئاوی پیسی لێبوو کە پڕ بوو لە لیتەو چڵپاو و بۆنەکەی هەموو ئەو ناوەی گرتبووەوە، لەپڕ لەوسەری کۆلانەکەوە دە دوازدە سەگ هاتنە پێشەوە، محەمەد و هاوڕێکانی خێرا چەند بەردێکیان هەڵگرت و تێیان گرتن، ئەوانیش لێیانداو ڕۆشتن، نازانم بۆچی لەپڕ خەمی دنیا ڕژایە دڵمەوە، سەیری هەر شوێنێکم ئەکرد خەم و خەفەت بوو، گریان قورگی گرتبووم، مانی بە ئارامی هاتە تەنیشتم و هەروا کە سەیری دەوروبەری ئەکرد وتی:

- ببوورن ستارە خان، ئەو ئاهەنگەی کە وتتان لە کام یەکێک لەم وێرانانەدایە؟

ستارە پێکەنی و وتی:

- لە هەموویاندا!

مانی- ئەڵێم قەیناکە بە دەستی بەتاڵ هاتووین؟

ستارە- نا، گرنگ ئەوەیە کە دڵمان پڕ بێت.

محەمەدو هاوڕێکانی ڕۆشتن و سندوقی دواوەی ئۆتۆمبیلەکەی خۆیانیان کردەوەو چەند زەرفێکی نایلۆنیان لێدەرهێناو دواتر بە ئێمەیان وت:

- ئێستا با بچینە ژوورەوە.

هەموومان کەوتینەڕێ و پاڵماننا بە دەرگای یەکەمین ماڵەوەو چووینە ژوورەوە، بەڵام ئەی خۆزگە هەر نەڕۆشتینایە، خانووی چی! حەوشەیەکی پەنجا شەست مەتری

CamScanner

بوو لەگەل چوار ژوور بە چواردەوریەوە، حەوزیکی بچوکی مەنر بە مەتریش لە ناوەراستەکەیدا بوو لەگەل بەلوعەیەکی ناو، لە سوچێکی حەوشەکەشدا، لە تەنیشت پەکێک لە ژوورەکانەوە، دەرگایەکی بچووکی لێبوو، بە دڵنیاییەوە ئەوەش تەوالێتەکەیان بوو، هەر ئەوە، دوو سێ هەنگاو چووینە پێشەوەو لەپر ژنێک کە نزیکی سی ساڵ ئەبوو، لە پەکێک لە ژوورەکان هاتە دەرەوەو سەیرێکی ڕۆکسانای کردو (ئیش)ێکی وت و ڕیستی دووبارە بچێتە ژوورەوە، بەڵام هەر کە چاوی بە من و مانی کەوت، سەیرێکی کردین و پێکەنی، خەریکبووم سەیرم ئەکرد، ئاماژەیەکی بۆ کردم، سەرەتا ئەمئەزانی مەبەستی چییە، بەڵام دواتر تێگەیشتم، خەریکبوو لەسەر ئاماژەی بۆ ئەکردین کە بچینە ژوورەکەی، لامکردەوە بەلای بەلای ڕۆکسانا، بە ئارامی وتی:

- ئەگەر بڕۆن خراپ نییە.

- چی؟

ڕۆکسانا- بڕۆن بزانن چی ئەڵێت.

- یانی بچینە ژوورەکەی؟

ڕۆکسانا سەری ڕاوەشاند، کەمێک توڕە بووم و وتم:

- ئەزانی مەبەستی چییە؟

ڕۆکسانا- ئەری.

- ئەی بۆچی وا ئەڵێیت؟

ڕۆکسانا- مەگەر بە دوای وەڵامەوە نەبوویت؟ بڕۆ وەڵامەکەت وەربگرە.

لامکردەوە بەلای ئەو خانمەدا، دووبارە ئاماژەی بۆ کردم، ئەمزانی چی ئەڵێ، حەزم ئەکرد بزانم لەو ژوورەدا چ باسە، بە ئارامی کەوتمە ڕێ بۆ لای، مانی ژێر باڵی گرتم و بە هێواشی وتی:

- بۆ کوێ ئەچیت؟

- ژوورەوە.

مانی- بردمیت بۆ ئەم هەموو شوێنە باشە و نەچوویتە ژوورەوە، ئێستا ئەتەوێت بیچیتە ئەم ژوورە؟

- ئەبێت بڕۆم، ئەمەوێت ئەو ژوورە ببینم.

کەوتمەڕێ بۆ لای ئەو خانمەو کاتێک گەیشتمە بەردەمی، خێرا سڵاوی کردو وتی:

- بەخێربێن، خێرو بەرەکەتتان هێنا، کوخەکەمانتان ڕووناک کردەوە، فەرموون،

فەرموون، فەرموونە ژوورەوە، بەس ئەگەر ڕووداری نەبێت قۆنەرەکانتان داکەنن، ببوورن، ئێمە لەبەرئەوەی تەنها ئەو ژوورەمان هەیە، ئەبێت پاک و تەمیز ڕاببگرین، فەرموون توخوا.

ئەمانەی وت و خێرا چووە ژوورەوە.

من و مانیش قۆنەرەکانمانمان داکەندو بۆ ساتێک لامکردەوە بەلای ڕۆکساناو ئەواندا، هەموویان وەستابوون و سەیری ئێمەیان ئەکرد، ئەمویست جارێکی تر ببینم کە پێم ئەڵێ بڕۆ ژوورەوە، ئەویش تێگەیشت و دووبارە بە سەری ئاماژەی بۆ کردم، منیش چوومە ژوورەوە، ژوورێکی سێ بە چوار بوو، حەسیرێکی کۆنەی تیا ڕاخرابوو کە هەموو ژوورەکەشی دانەپۆشی بوو، ئەوسەری ژوورەکە دەرگایەکی لێبوو کە دایانخستبوو، لە سوچێکدا جێگەیەکی چلکن و پیس داخرا بوو، لە لایەکی تریشەوە شتێکی وەکو بەتانییان چوارقەد کردبوو تا میوان لە سەری دانیشێت، دیوارەکانیش تا نیوە تەڕەشوعی کردبوو، ژوورەکەش بۆنێکی ناخۆشی لێئەهات کە لەگەڵ بۆنی پیازدا تێکەڵ بوو بوو و هەر ئەیئەهێشت مرۆڤ هەناسە بدات، ڕێک لە ناوەڕاستی ژوورەکەشدا چێو پەردەیەکیان داکوتی بوو و پەردەیەکی پیسیان پیا هەڵواسی بوو و لە لایەکیەوە کۆیان کردبووەوە، خەریکبووم سەیری دارو دیوارم ئەکرد لەپڕ ئەو دەرگای ئەوسەری ژوورەکە کرایەوەو ئەو خانمە لێی هاتە دەرەوەو دەرگاکەشی خێرا لە دوای خۆیەوە داخست و دەستێکی هێنا بە قژیداو وتی:

- فەرموون، توخوا خۆتان بە غەریب مەزانن، ماڵی خۆتانە، کوخەکەمان ئەگەر جوانی تیا نییە یەکڕەنگی تیایە، فەرموون ئێستا چایی تازەتان بۆ ئەهێنم.

لەوانەیە سی ساڵیش نەبووایە، بەڵام ناوچاوی چەند لۆچێکی تێکەوتبوو، بە ئارامی وتم.

- زەحمەت مەکێشن، پێمان ناخورێت.

پێکەنینێکی کردو دواتر لە کاتێکدا کە هەوڵی ئەدا خەمزە و نازمان بۆ بکات، وتی:

- نەکا....؟

مانی- نەخێر، زۆر زۆر مەمنون.

خێرا هات و دەرگای ژوورەکەی داخست و دەستی مانی گرت و بردی بۆ لای ئەو شوێنەی کە بەتانییەکەی تیا ڕاخرا بوو و بە زۆر داینیشاندو وتی:

- زۆر بەخێرهاتن، کوخەکەمانتان ڕوناک کردەوە، بەس تۆ دە خولەک لێرەدا دانیشە

CamScanner

تا من سەرەتا هاوڕێکەت بەڕێبکەم دواتر نۆرەی تۆیە.

ئەمەی وت و پێکەنینێکی بۆ من کردو چوو بەرەو پەردەکەو لە ناوەڕاستدا دایدایەوەو وتی:

ـ ئێستا بوو بە دوو ژوور.

دواتر دووبارە پێکەنی، سەیرێکی پەردەکەم کرد، لە چەند شوێنێکی ناوەڕاستەکەیدا لاکەن بوو بوو و لە کونەکانییەوە ئەتتوانی ئەودیو ببینی، کاتێک بینی سەیری کونەکانی پەردە ئەکەم، خێرا چوو بە دەستی کەمێک پەردەکەی ئەملاولا پێکردو وتی:

ـ هیچ دیار نییە، جێی خەوەکە لەولاوەیە

دواتر پەردەکەی لاداو چوو بۆ ئەولا، خەریکبوو جێی خەوەکەی چاک ئەکرد، لامکردەوەو سەیری مانیم کە هەروا دانیشتبوو، کرد، سەری داخست و بە شێوازێکی تال وتی:

ـ سەرەتا ئێوە فەرموون، سالێک لە من گەورەترن.

دەنگی مانی هێشتا لە گوێمدا بوو کاتێک ئەو خانمە هەر لەوێوە وتی:

ـ وەرن دەی.

لامکردەوە بەلای مانیدا، وتی:

ـ فەرموو دەی، مەگەر نەتتەویست ناو ژوورەکە ببینی؟ ئەوە ژوورەکە، بڕۆ ببینە.

لامکردەوەو پەردەکەم لاداو لەپڕ شتێکم بینی کە خوێن لە دەمارەکانمدا بەستی. تەنها خەریکبووم سەیرم ئەکرد، دووبارە پێکەنی و وتی:

ـ وەرە، شەرم مەکە.

هەنگاوێک چوومە پێشەوەو وتم:

ـ ئەم شتانە لە سەتەلایتەوە فێربوویت؟

دووبارە پێکەنی و وتی:

ـ چۆن زانیت؟

ـ منیش ئەوانەم بینیوە، مەگەر ئێوەش سەتەلایتتان هەیە؟

بە خۆشحاڵییەوە وتی:

ـ ئەرێ، یانی یەکێک لە دراوسێکانمان لەوسەری کۆلانەکە هەیەتی و هەندێکجار پیاوەتی ئەکات و ڕێمان پێئەدات ئێمەش سەیری بکەین، هەندێک جاریش کە مێردەکەی لە ماڵ نییە، ئەچین بۆ ئەوێ و ئەیخاتە سەر ئەو کەناڵانە، وەرە دەی.

CamScanner

سەیریکیم کردو وتم:

- ئیمە بۆ ئەو ئیشانە نەهاتووین.

- ئەی بۆچی هاتوون؟ هاتوون بۆ جەژنە پیرۆزە؟

- ئیوە داواتان کرد بینە ژوورەوە.

- ئی داوام لیتان کرد بینە ژوورەوە ئیشەکەتان بکەن.

- بەڵام ئیمە هیچ ئیشیکمان نییە بیکەین.

لەپڕ هەستاو هاتە دەرەوەو بە تورەییەوە وتی:

- ئەی هاتوون سەیری جوانی من بکەن؟ مەگەر ڕیتان پێئەدەم؟ ئێستا ئابڕووتان ئەبەم، چییە؟ نەکا پیاو نەبن؟ هەر کە دەنگی بەرزکردەوە، مانیش هاتە ئەمدیوی پەردەکەو وتی:

- چیتە؟ هێواش! دەنگت بەرز مەکەرەوە، خۆ تا ئێستا فەرموو فەرمووت بوو، ئێستا چی بووە؟

لەپڕ دەنگی نزم کردەوەو وتی:

- ئێستاش فەرموو فەرموو ئەکەم، بەڵام بەو مەرجەی هەردووکتان بێن، هیچیش ڕوونادات.

خەریکبوو حاڵم تێکئەچوو، پەردەم لادا تا بچمە دەرەوە، هەڵپەڕی و قۆلی چاکەتەکەمی گرت و بە پاڕانەوەوە وتی:

- بۆچی ڕقت هەستا؟

دەستم هێنایە دواوە، دووبارە لەملاوە هاتە بەردەمم و وتی:

- توخوا مەڕۆن.

ویستم شتێکی پێ بڵێم، لەپڕ لە پشت ئەو دەرگا بچوکەی ئەوسەری ژوورەکەوە، دەنگی گریانی منداڵ هات، هەر کە دەنگی منداڵە بەرزبووەوە، ئەو خانمە ڕایکرد بەرەو دەرگاکەو دوو مشتی توندی لێداو دەنگی منداڵەکە نەما، مانی لایکردەوەو سەیریکی منی کردو دواتر خێرا ڕۆشت بەرەو ئەو دەرگاو خانمەکەی کە لەبەر دەرگاکە وەستا بوو، خستە لاوەو دەرگاکەی کردەوە، وای خوایە چیم بینی!! خۆزگە هەر لەو کاتەدا زەوی شەقی ببردایەو ئیمە بچووینایەتە ناوی، خۆزگە هەر لەو کاتەدا زەمین لەرزە بهاتایەو تەواوی ئەو ماڵەی ویران بکردایە بەسەرماندا، خۆزگە هەر لەو کاتەدا کوێرو کەڕ بووینایەو نە هیچمان ببینیایەو نە هیچمان ببیستایە، لە پشت ئەو دەرگا بچوکەوە

ژوورینکی مەتر بە مەتر هەبوو.

یانی گەنجینەیەک بوو، لەو گەنجینەیەدا پیاوێکی لەڕ و لاواز منداڵێکی سێ چوار ساڵەی گرتبوو بە باوەشەوە و بە دەستی توند دەمی منداڵەکەی گرتبوو تا نەگری و دەنگی بێتە دەرەوە، من تەنها سەیرم نەکرد و تەنانەت نەمئەتوانی چاو بتروکێنم، مانی خێرا منداڵەکەی لە کابرا سەندو لە گەنجینەکە هێنایە دەرەوە، منداڵەکە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو دووبارە دەستیکردەوە بە گریان، داماوە دەموچاوی شین بوو بووەوەو ئەوەندەی نەمابوو بخنکێت، چوومە پێشەوەو سەیری منداڵەکەم کە کچ بوو کرد و بۆ ساتێک ئیتر نەمزانی چی ئەکەم، چووم بەرەو گەنجینەکەو یەخەی کابرام گرت و هێنامە دەرەوەو هاوارم کرد بەسەریداو وتم:

- بێ شەرەف خنکاندت!

دواتریش فڕێمدایە سەر جێگەکە، توند کەوت بە زەویدا، هەر کە کەوت بە زەویدا، ئەو خانمە دەستیکرد بە گریان و ڕایکرد بۆ لای و لە باوەشی کردو هەروا بە گریان و هاوارەوە پێی وتین:

- بێ غیرەتانە مێردەکەمتان کوشت، چیتانە بەسەریەوە؟ بڕۆن ملتان بشکێنن.

کاتێک گوێم لەو قسانە بوو ئەتوت دنیا وێران بووە بەسەرمدا، لامکردەوە بەلای پیاوەکەدا، بینیم هەروا کە لەسەر جێگەکە کەوتووە، خەریکە ئەلەرزێ و ئەگری، سوێند بەخوا هەر فرمێسکێکی لە هەزار جێنیوی خوشک و دایک خراپتر بوو بۆ ئێمە، ئەو خانمە هەروا بە ڕووتی مێردەکەی لە باوەش کردبوو و ئەگریا، مێردەکەشی بە ئارامی ئەگریا، منداڵەکەش لە باوەشی مانیدا ئەگریا، ئەتوت ئەم زەوییە خەریکە ئەگری، دیوارەکان خەریکبوو ئەگریان، بنمیچی خانووەکە خەریکبوو ئەگریا، دنیا خەریکبوو ئەگریا، ئیتر خۆم پێنەگیراو لەو ژوورە هاتمە دەرەوەو هەر لەوێدا لەسەر قادرمەکان دانیشتم و دەستم گرت بە دەم و چاومەوەوە دەستم کرد بە گریان، نەمئەتوانی خۆم بگرم، قوڕگم گیرا بوو و کەوتبوومە هەنسکە هەنسک، شتێک لە سنگمدا خەریکبوو ئەتەقییەوە، بەڵام نەمئەتوانی بیکەمە دەرەوە، لەپڕ دەستێک هێنرا بە قژمدا، سەرم بەرزکردەوە، بینیم ڕۆکسانا لە تەنیشتمدا دانیشتووەو خەریکە نەوازشم ئەکات و ئەویش ئەگری، هاوڕێکانیشی هەر لەوێدا وەستابوون و سەیریان ئەکردین، دووبارە دەستم گرت بە دەم و چاومەوەو گریام، خوا ڕەحمی کرد کە فرمێسک بە چاومدا ئەهاتە خوارەوەو گەر نا بە دڵنیاییەوە جەڵتە لێیئەدام، دوای تۆزێک مانیش بە تەنیشتمدا تێپەڕی و قۆنەرەکانی لەپێکردو چووە

حەوشەکە، سەرم بەرزکردەوەو سەیرم کرد، هێشتا منداڵەکەی لەباوەشدا بوو.

مانی- ناوت چییە ئەزیزم؟

منداڵەکە هەنسکە هەنسکی بوو و بە زۆر وەڵامی ئەدایەوە.

- نەستەرەن.

مانی- چەند ساڵی؟

نەستەرەن- چوار ساڵم.

مانی- مەگری مامە گیان، مەگری.

نەستەرەن- باوکم نەخۆشە.

مانی- چاک ئەبێتەوە ئەزیزم، چاک ئەبێتەوە ئیشەڵا.

نەستەرەن- نا، چاک نابێتەوە.

مانی- بە دڵنیاییەوە چاک ئەبێتەوە، بۆچی نەبێتەوە؟

نەستەرەن- ئاخر ئەبێت نەشتەرگەری بکەن.

مانی- ئێ پشت بە خوا نەشتەرگەری ئەکەین.

نەستەرەن- ئاخر پارەمان نییە.

مانی- هەتانە، هەمانە، ناوت چییە ئەزیزم؟

نەستەرەن- نەستەرەن.

مانی- ئافەرین، ڕێک لە گوڵی نەستەرەنیش ئەچیت، چەند ساڵی؟

نەستەرەن- چوار ساڵم.

مانی- ئافەرین، کچێکی چەند جوان!

نەستەرەن- دکتۆرەکان وتیان باوکم چاک نابێتەوە.

مانی- بە دڵنیاییەوە چاک ئەبێتەوە، تۆ دوعا بکە، چاک ئەبێتەوە.

نەستەرەن- تۆ دکتۆریت؟

مانی- ئەری ئەزیزم، بە دڵنیاییەوە چاک ئەبێتەوە، ناوت چییە؟

نەستەرەن- وتم خۆ، نەستەرەن! نەستەرەن!

مانی- ئەها! ئەری، ئەری، چەند ساڵی؟ ئەها! چوار ساڵی، وتت! وتت!، ئێستا چکلێتێکی خۆشت پێئەدەم کە دڵت نەیەت بیخۆیت.

دواتر منداڵەکەی نوساند بە خۆیەوەو دەموچاوی لەناو قژیدا شاردەوەو بە تەنیشت ئێمەدا تێپەڕی و چووە دەرەوە، دوای زیاتر لە پێنج خولەکێک گریان، ڕۆکسانا بە ئارامی

CamScanner

سەری بەرزکردەوەو بە دەستی فرمیسکەکانی سڕیم، لە ژوورەکانی تریشەوە چەند نەفەریک هاتبوونە دەرەوەو بەبێ دەنگی سەیری منیان ئەکرد.

ڕۆکسانا- هەستە قۆنەرەکانت لەپێبکە، هەلەمکرد کە هێنامیت بۆ ئێرە، تۆ ڕانەهاتوویت بەم شێتانە، بەرم بۆت کە خەفەتم پێدایت، خوا من بکوژێت.

بە ئارامی هەستام و وتم:

- مێردیەتی؟

ڕۆکسانا- نەخۆشە، دڵی پێویستی بە نەشتەرگەرییە، یەکیان زۆر خۆشئەوێت، کوڕێکی دە دوازدە ساڵەشیان هەبوو کە هەر نەخۆشییەکەی باوکی هەبوو، نەیانتوانی فریای بکەون و مرد.

- بەم کارە پارەی نەشتەرگەری مێردەکەی پەیدا ئەکات؟

ڕۆکسانا- تەنها کرێی ژوورەکەو تێچووی خورد و خۆراک و دەرمانی مێردەکەی.

سەیرێکیم کردو وتم:

- بزانە جلی لەبەردایە یان نە، ئەمەوێت بچمە ژوورەوە.

سەیرێکی کردم و قۆنەرەکانی داکەندو چووە ژوورەوەو خێرا گەڕایەوە دەرەوەو ئاماژەی بۆ کردم، منیش بە ئارامی چوومە ژوورەوە، بەڵام لە شەرما نەمئەتوانی سەرم بەرزبکەمەوە، شەرمم لە هەردووکیان ئەکرد، زیاتر لە خانمەکە، بە ئارامی پەردەکەم لاداو لەژێر چاوەوە سەیری لای جێگەی خەوەکەم کرد، خانمەکە جلەکانی لەبەرکردبوو و هەر لە تەنیشت مێردەکەیەوە پاڵیدابوو بە دیوارەکەوەو خەریکبوو ئەگریا، مێردەکەشی لەسەر جێگە کەوتبوو و دەستێکی بەسەر دڵییەوە بوو و دەستێکیشی خستبووە سەر چاوی، دووبارە گریان قورگی گرتم، بە ئارامی چوومە نزیک جێگەکەو دانیشتم، سەرم داخستبوو، نەمئەتوانی سەر بەرزبکەمەوە، تەنها دانیشتبووم، نەمئەزانی ئەبێت چیبکەم، ئاواش ناشرین بوو، چشم کرد لە هەموو شت و سەرم بەرزکردەوە، خانمەکە خەریک بوو سەیری ئەکردم و بە چاویشیدا فرمیسک ئەهاتە خوارەوە، لەپڕ نوشتامەوە و دەستیم ماچ کردو دەستم کرد بە گریان و وتم:

- توخوا بمانبووره، گەردنمان ئازاد بکە.

دەستی بردە دواوەو بەدەم هەنسکدانەوە وتی:

- خۆ ئێوە هیچتان نەکردووە.

- بۆ نا، زۆر شتمان کردووە، زۆر شتی خراپ، هەر ئەوەمان بەسە کە بیرمان چوو

بوو مرۆڤین، هەر ئەوەمان بەسە کە لە مرۆڤەکان بیناگا بووین.

دواتر چوومە پیشەوە بۆ لای مێردەکەی و دەستم خستە سەر شانی، بەلام دەستی لەسەر چاوی لانەبرد، دیسان دەستم کرد بە گریان و وتم:

- توخوا گەردنمان ئازاد بکە، من ناتوانم وەلامی ئەم شتانە بدەمەوە.

دواتر کیفەکەم دەرهێناو هەرچی پارەو چەکی تیابوو دەرمهێناو خستمە ژێر سەرینەکەی و ویستم هەستم، ئەو دەستەی کە لەسەر دڵی بوو، لابردو خستیە سەر قاچم، منیش دەستیم گرت و گوشیم و دواتر هەستام و خێرا هاتمە دەرەوە، هەر لەو کاتەشدا مانی لە دەرگای حەوشە هاتە ژوورەوە، نەستەرەن لە باوەشیدا خەریکبوو پێئەکەنی و قسەی ئەکرد.

نەستەرەن- مامە ئەم کاغەزانە چەند جوانن! وێنەیان لەسەر بکێشم؟

مانی- نە مامە گیان، ئەمانە بدە بە باوک و دایکت.

نەستەرەن- ئەمانە چین؟ وێنەن؟

مانی- پارەن.

نەستەرەن- درۆ ئەکەیت!

مانی- نە مامە گیان، درۆ ناکەم.

نەستەرەن- ئەی بۆچی وان؟

مانی- چەکن مامە گیان، بیانده بە باوکت.

نەستەرەن- بەمانە ئەتوانین باوکم نەشتەرگەری بکەین؟

مانی- ئەری مامە گیان، ئەگەر کەمیش بوو هی ترت پێئەدەم بە مەرجێ جارێکی تر ئەو گورانییەم بۆ بڵێیت.

دەستێکی نەستەرەن چکلێتی تیابوو و دەستەکەی تریشی چەند چەکێکی پارە.

- نەستەرەن:

هەر تۆ یارمی هەر تۆ یارمی　　مانگی ئاسمانی شەوی تارمی

دولبەرو یارم ئەمشەو چەند جوانی　　ئارامی دڵم چەند میهرەبانی

کە نەستەرەن ئەمەی وت، مانی خێرا خستیە سەر زەوی و پێی وت:

- بڕۆ ئەمانە بدە بە باوکت، بڕۆ.

دواتریش خێرا لە مال چووە دەرەوەو منیش نەوەستام و بەدوایدا ڕۆشتم، هەوای ئەو خانووە خەریکبوو ئەیخنکاندم بە جۆرێک کاتێک کە گەیشتمە ناو کۆلانەکە، هەواکەی

CamScanner

ڕەگەل ئەوەی بۆنی گەنکاوی لێئەهات، بەلام وەک ئۆکسجینێکی بێ خەوش وابوو بەلامەوەو دەستمکرد بە هەناسەدان، مانی هاتە پێشەوەو دوو جگەرەی داگیرساندو یەکیانی دا بە من، وتم:

- خۆشم نەمئەزانی وایە گەرنا نەمئەهێنایت.

مانی- ئەو کچە ڕاستی ئەکرد، ئێرە لە هەرچی ئاهەنگە ئاهەنگترە!

- یانی بە بوونی ئەم شتانە، خۆ لەڕووی دێت دیسان هەلبێت؟

مانی:

کێ ئەلێت ژیان جوانە؟ کێ ئەلێت ژیانە؟

ئەو ژیانەی من ئەیبینیم کوا شیاوی پیاهەلدانە؟

کۆلەبارێک لە دەردو خەم چیرۆکێکی دوورودرێژ.

دەستێ ماندوو و سکێ برسی و دڵێ پڕو سەرێکی گێژ!

ئیتر هیچ کاممان هیچمان نەوت، نزیکەی دە خولەک دواتر ڕۆکساناو ئەوانیش هاتنە دەرەوەو بێ قسە ڕۆشتن سوار ئۆتۆمبیلەکە بین، بەلام لەپڕ ئەو خانمە بە خێرایی لە دەرگای ماڵ هاتە دەرەوە، چارشێوێکی دابوو بەسەریداو توند گرتبووی، من و مانی لامانکردەوە بەلایدا، بەلام سەرمان داخستبوو، ئیستا هەرسێکمان لەبەردەم یەکدا وەستابووین، بەلام هیچ قسەیەکمان پێنەبوو بۆ وتن، لەوانەیە نزیکەی دە خولەکێک هەروا وەستابین تا سەرەنجام ئەو خانمە بە ئارامی وتی:

- من مێردەکەمم زۆر خۆشئەوێ و وەفادارم بەرامبەری.

سەرم بەرزکردەوەو وتم:

- ئەزانم.

مانی- ئەو فیداکارییەی کە ئێوە کردتان زۆر گەورە بوو!

خانمەکە- ئیستا ئەبێت چیتان پێبڵێم؟

- هیچ.

خانمەکە- بەو پارەی کە پێتانداین سبەی ئەچم لە نەخۆشخانە ئەیخەوێنم.

مانی- پشت بەخوا، ئەگەر پارەکەش کەم بوو تەلەفۆن بۆ من بکەن، نەستەرەن ژمارەکەمی پێیە.

خانمەکە کەمێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- لەجێی برامن، لەجێی کاکمن، خۆ ئێمە ناتوانین هیچ بۆ ئێوە بکەین، تەنها مێردەکەم

پێی وتم پێتان بڵێم ئێوەش گەردنی ئەو ئازاد بکەن.

هیچمان نەوت، دووبارە وتی:

- پشت بەخوا ئەگەر چاک بووەوە، لەم شارە پڕ لە بەد ڕەوشتییە، ئەگەڕێینەوە بۆ دێکەی خۆمان.

دواتر خێرا گەڕایەوەو ڕۆشتە ماڵەوە، ئێمەش خێرا ڕۆشتین و سوار ئۆتۆمبیلەکەمان بووین، مانی وا پێی لێدا کە دەنگی تایەکانی گەڕەکەکەی گرتەوە، وەکو بروسکە لێی خوڕی و ڕۆشت لەسەر کۆلانەکە ڕایگرت تا محەمەد و ئەوان پێی بگەن، کاتێک گەشتن، چووە تەنیشتیان ڕایگرت و جامەکەی دادایەوەو پێی وتن:

- ئێوە ئێمەتان هێنا بۆ شوێنێک کە تەنها پڕ بوو لە پرسیار، ئێستا بەدوای منداوەرن تا بتانبەم بۆ شوێنێک کە وەڵامەکان بدۆزنەوە.

دواتریش جامەکەی هەڵدایەوەو کەوتینەڕێ، شەقامەکان تاڕادەیەک چۆڵ بوون، شرێتێکی داریوشی خستبووە سەرو هیچی نەئەوت، یانی هیچ کاممان هیچمان نەئەوت، سێ چارەک دواتر نزیکەی کاتژمێر یەک و نیوی دوانیوەشەو بوو گەیشتینە شەقامی فریشتەو مانی پێچیکردەوە کۆلانێک و لەبەردەم خانوویەکی گەورەدا ڕایگرت، ئۆتۆمبیلەکەی محەمەد و ئەوانیش گەیشت و مانی گلۆپی ئاماژەی داگیرساندو چووە سەر ئەو پردەکەی کە لەبەردەم ئەو ماڵەدا بوو و ئاماژەی بە محەمەدیش کرد تا ئەویش بێت، دواتر دوو هۆڕنی لێدا، لەپڕ پیاوێکی مل ئەستور دەرگاکەی کردەوەو هەر کە چاوی بە مانی کەوت، خێرا سڵاوی کردو دەرگاکەی کردەوە، مانی تۆزێک چووە پێشەوەو محەمەدیش پێچیکردەوە، کابرا بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئۆتۆمبیلەکەی محەمەد و ئەوانی کردو دواتر لە مانی پرسی:

- ئاغا مانی، ئەم ئۆتۆمبیلە لەگەل ئێوەدایە؟

مانی- ئەرێ کاک حەیدەر.

کابرا دووبارە سەیرێکی ئۆتۆمبیلەکەی کردەوەو دواتر هەروا کە پێئەکەنی بە مانی وت:

- ئاخر ئەم ئۆتۆمبیلە...

مانی- بۆ گاڵتەیە کاک حەیدەر، ئەمانەوێت سەر بخەینە سەر هاوڕێیان، با بێتە ژوورەوە.

ئەمەی وت و چووە پێشەوە، خانووەکە لە خانووەکەی ئێمەش گەورەتر بوو، لەوانەیە نزیکەی سێ چوار هەزار مەتر بووایە، بە کورتی چووینە پێشەوە تا گەیشتینە شوێنێک

CamScanner

کە دە پازدە ئۆتۆمبیلیان لەبەردەم قادرمەکاندا پارک کردبوو، بێگەلکترین ئۆتۆمبیل لەوێدا بوو، نرخەکەی لانیکەم سی چل ملیۆن تمەن ئەبوو، هەموومان دابەزین، محەمەد و ئەو دوو کوڕەو کچەکان تەنها بە حەپەساوی سەیری ئۆتۆمبیلەکان و باغ و خانووەکەیان ئەکرد.

ستارە- ئەڵێم! وەرن بگەڕێینەوە.

مانی- ئەترسن سوپرایز بن؟

ستارە- ئاخر ئێرە جۆرێکە!

مانی- ئەو شوێنەشی کە ئێمەتان بۆ برد جۆرێک بوو، بەڵام ئێمە تا کۆتاییەکەی هاتین، ئێستا تۆرەی ئێوەیە، بچینە ژوورەوە، شەرم مەکەن.

ستارە- بەم جلانەوە؟

مانی- وەرن بابە، گوڵی ژالە ئەڵێت:

بـە ڕوخســارم مەخـەڵەتێ تامـم وەکو ژەهری مارە

هەڵەن ئەوانەی کە ئەڵێن جوانی مرۆڤ بەس ڕوخسارە

لەپڕ ڕۆکسانا پاڵیدا بە منەوەو بە ئارامی وتی:

- ئێرە زۆر ترسناکە!

- بۆچی؟

ڕۆکسانا- تا ئێستا هاتبوویت بۆ ئێرە؟

- ئێرە نە، بەڵام بۆ شوێنی تر ئەرێ.

ڕۆکسانا- لە ژوورەوە چ باسە؟

- بڕۆین ببینین.

دەستیم گرت و لەگەڵ خۆم لە قادرمەکان بردمە سەرەوە، ئەوانیش بەدواماندا هاتن، قادرمەکانمان بڕی، دەرگاکەی ماڵەکە کرایەوەو کچێکی گەنج کە جلوبەرگی خزمەتکاری لەبەردابوو، هاتە پێشەوەو سڵاوی کردو وتی:

- ئێستا خانم دێن ئاغای شەباهەنگ.

مانی- ماندوو نەبن، کێ و کێ لێرەن؟

خزمەتکارەکە هەروا کە خەریکبوو سەیری ڕۆکساناو ئەوانی ئەکرد، وتی:

- هەمووان لێرەن.

هەموومان ڕۆشتینە ژوورەوەو چووینە هۆڵێکەوە، لەپڕ دەرگایەک لەوسەری هۆڵەکە

CamScanner

کرایەوەو کچێک بە جلوبەرگێکی ڕووتەوە هاتە دەرەوەو هەر کە مانی بینی، ڕایکردە پێشەوەو پێی وت:

- ماچت بکەم یان زلەیەکت لێبدەم؟

مانی- هیچ کامیان، ئەمشەو تاقەتی هیچم نییە.

کچەکە- بۆچی؟ چیبووە؟ خانمان و ئاغایان ناناسێنیت؟

مانی سەرەتا کچەکانی ناساندو دواتر محەمەد و ئەوان و لە کۆتایشدا وتی:

- ئەمەش ئامۆزامە، هامون.

کچەکە سەیرێکی منی کردو دواتر پێکەنی و وتی:

- ئەی بۆچی تا ئێستا نەتهێنابوو بۆ ئێرە؟

کە ئەمەی وت ڕۆکسانا توند باڵی گرتم.

مانی- ئەترسام کەلکی ناحەقی لێوەرگرن، کێ و کێ هاتوون؟

کچە- هاوڕێیان هەموویان لێرەن.

مانی- مەبەستم مرۆڤە نەک ئێوە.

کچەکە- بهێڵە بگەیتە جێ دواتر دەستپێبکە.

دواتر ڕوویکردە ئێمەو وتی:

- فەرموون تکا ئەکەم.

دواتر سەیرێکی جلوبەرگەکانی محەمەد و ئەوانی کردو پێکەنی، ئەوانیش زانییان، بەڵام بە ڕووی خۆیان نەهێناو هەمووان لە دەرگاکە تێپەڕین و ڕاڕەوێکمان بڕی و گەیشتین بە دەرگایەکی تر کە هەر کە کچەکە کردییەوە، هەموو جۆرو چەشنە بۆنێکی لێ هاتە دەرەوە، لەپڕ ڕۆکسانا دەستی گرت بە بەرلوتییەوەو بە سەرسوڕمانەوە سەیری منی کرد، پێکەنیم و بە ئارامی وتم:

- تاڕادەیەک بۆنی گەنکاوی جۆگەکەی ئەو کۆڵانە ئەدات.

پێش هەموومان مانی چووە ژوورەوەو هەر کە ئێمەش بەدوایدا ڕۆشتین دەنگی فیکە لە ساڵۆنەکەوە بەرزبووەوە، من ڕاهاتبووم، بەڵام ڕۆکسانا و ئەوان حەپەسان! ساڵۆنەکە بە قادرمە بۆی ئەچوویتە خوارەوە، ئێمە هەر لە سەرەوە وەستابووین و سەیری ئەو کوڕو کچانەمان ئەکرد کە دەستیان خستبووە دەمیانەوەو فیەکەیان بۆ مانی ئەکرد، مانیش هەروا ئاسایی وەستا بوو و سەیری ئەکردن، دوای کەمێک فیکەلێدان، لەپڕ هەموویان بەیەکەوە دەستیان کرد بە هۆنراوە وتن:

یا من ببه بۆ مال خۆتان یا تۆ وەرە بۆ مال ئێمە

یا من ببه بۆ مال خۆتان یا تۆ وەرە بۆ مال ئێمە

دوای دوو سێ جار وتنی ئەم هۆنراوە، لەپڕ مانی بە دەنگی بەرز وتی:

- مەگەر مالی ئێمە کاروانسەرایە؟

دواتر لە قادرمەکان چووە خوارەوە، هەموویان دەوروبەریان گرت و هەریەکێ شتێکی پێئەوت، ئێمەش هێشتا هەر لە سەرەوە وەستابووین و سەیرمان ئەکرد، مانی بە چەند کچێکی وت:

- ئەمشەو تاقەتی هیچم نییە، سەرم مەخەنە سەرم.

- بۆچی؟ چی بووە؟

- یاخوا بمرم و تۆ بە ناڕەحەتی ئەبینم.

- گلاسێکی بۆ تێکە بیخواتەوەو خەمی دنیا لەبیر بکات.

- ئەم هەموو ماوە دیار نەبوویت و ئێستاش کە هاتوویت، تاقەتت نییە؟

مانی- هەموو بێدەنگ! هەموو بێدەنگ!

هەموو لەدەوری کۆبوونەوە.

مانی- ئەڵێم بێدەنگ، ئەگینا ئەڕۆم.

هەموو بێدەنگ بوون.

مانی- هەر کەسەو لە شوێنی خۆیەوە دانیشێت.

- ئەتەوێ یاری بکەین؟

- کلاوین.

- بیست پرسیاری! بیست پرسیاری!

- یەک هێلکەم هەیە! یەک هێلکەم هەیە!

مانی- بێ تەربیەت یەک هێلکەم هەیە چییە؟ مریشکێکم هەیە ڕۆژی هێلکەیەک ئەکات.

هەموویان دەستیانکرد بە پێکەنین و دانیشتن، مانیش لەبەردەمیاندا وەستابوو و ئێمەش هەر لە سەرەوە بووین.

مانی- حەز ئەکەن بزانن من ئێستا لە کوێوە هاتووم؟

هەر کە ئەمەی وت، کچێک هاواری کردو وتی:

- نە، بەڵام حەز ئەکەم بزانم دواتر ئەچیت بۆ کوێ!

مانی- بۆ هەر شوێنێک بچم بۆ لای تۆ نایەم، لەخۆڕا دڵی خۆت خۆش مەکەو

CamScanner

بیدەنگبە، ئیشم پیتانە

دووبارە هەموو بیدەنگ بوون، مانی وتی:

- ئەمەوێت پارە کۆبکەمەوە بۆ ژمارەیەک خەڵکی هەژار.

هەر کە ئەمەی وت هەریەکێ لەلای خۆیەوە دەستی کرد بە قسەکردن:

- ئێمە وامانزانی یارییەکی تازەت دۆزییەوەتەوە.

- ئێمە خۆمان خێرمان پێتەشێت.

- بە گیانی تۆ ئێستا بە یەکجار هەشت سەد هەزار تمەنم لەسەر ئەو مێزە دۆڕاند.

- ناکرێت شتێک لەو هەژارانە کۆبکەیتەوە بۆ ئێمە؟

مانی- پارە نادەن، وایە؟

هەموویان بەیەکەوە وتیان نە، مانی سەیرێکی کردن و وتی:

- ئێ باشە، ئەمشەو یارییەکی تازەم پێیە بۆتان.

هەموو هاواری خۆشیان لێبەرزبووەوە.

مانی- بیدەنگ، بەڵام هەرکەس بیدۆڕێنێت، ئەبێت لە جارەکانی پێشتر زیاتر پارە بدات، ڕازین؟

هەموو هاواریان کردو وتیان:

- ڕازین! ڕازین!

مانیش لە گیرفانی چەند کاغەزێکی دەرهێناو وتی:

- سەیرکەن، من لەم کاغەزە ئەدەم بە یەک بە یەکتان، یانی ئەیدەم بە هەرکەسێک کە بیەوێت یاری بکات، ئەگەر بە گۆڕینی یەک وشە توانی ئەو نووسینانە بخوێنێتەوە، من پەنجا هەزار تمەنی پێئەدەم، وە ئەگەر نەیتوانی بیخوێنێتەوە، ئەبێت ئەو پەنجا هەزار تمەن بدات بە من، ڕازین؟

هەموو بەیەکەوە وتیان:

- ڕازین! ڕازین!

مانی- ئەم نووسینانەش شتێکی خراپ نین، لەبارەی چاودێریکردنی منداڵەوەیە، یانی چەند ڕۆژێک پێش ئێستا لەناو کتێبخانەکەمدا ئەم کتێبەم بینی و شتێکم کەوتەوە بیر کە خانمێکی بەڕێز بەناوی بەدری خان ماوەیەک پێش ئێستا پێی وتبووم، منیش کردم بە یاری، ئێستا کێ ئەیەوێت؟

هەموو دەستیان بەرزکردەوەو بە هات و هاوارەوە داوایان ئەکرد یەکەم کەس

باری بکەن، مانیش دوو کچ و دوو کوڕی هەڵبژاردو وتی کە ئەبێت تا کۆتایی بارییەکە بەردەوام بن و پاشەکشی نەکەن، ئەوانیش ڕازی بوون، مانی وتی:

- غەزال، تۆ لە چ بەشێک ئەخوێنیت؟

غەزال- ئەدەبیات، بمدەری با من سەرەتا بیخوێنمەوە.

مانی- بیگرە.

غەزال هاتە پێشەوەو کاغەزەکەی لە مانی وەرگرت و سەیرێکی کردو دواتر بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە خوێندنەوە.

غەزال- پاککردنەوەی شووشەکان بە ئاوی گەرم، سەرەتا بە وردی شووشەکان بە ئاوی سارد بشۆن، هەوڵبدەن هەمیشە شووشەکان لەملەکەیانەوە بگرن نەک لە سەرەکەیانەوە.

دواتر لایکردەوەو سەیرێکی مانی کردو وتی:

- ئەمە خۆ هیچ نییە!

مانی- بڕیار بوو وشەیەک بگۆڕین بە وشەیەکی تر.

غەزال- ئێ بیلێ.

مانی بە ئارامی شتێکی چپاند بە گوێیدا، غەزال سەیرێکی کردو هیچی نەوت، مانی پێی وت:

- ئێستا بچۆ ئەو ناوەڕاستەو بە دەنگی بەرز بیخوێنەوە.

کچی داماو بە بێدەنگ ڕۆشتە ئەو ناوەڕاستەوە وەستا، مانی وتی:

- لەبری هەر وشەیەکی شووشە، وشەی (هین) دابنێ و بیخوێنەوە، خێرابە!

غەزالی بێچارە سەیرێکی تری کاغەزەکەی کردو دواتر دەستی کرد بە خوێندنەوە:

- پاککردنەوەی (هینەکان) بە ئاوی گەرم.

لەپڕ هەموو کچ و کوڕەکان دەستیان کرد بە پێکەنین.

غەزال- سەرەتا بە وردی (هینەکان) بە ئاوی سارد بشۆن، هەوڵبدەن هەمیشە (هینەکان) لە ملەکەیانەوە بگرن نەک لە سەرەکەیانەوە، پاشان (هینەکان) بخەنە ناو قاپێک ئاو و بۆ ماوەی ٣٠ خولەک بیانکوڵێنن.

هەموویان فرمێسک بە چاویاندا ئەهاتە خوارەوە.

غەزال- ئێنجا (هینەکان) دەربهێنن و وشکیان بکەنەوە.

ئیتر نەیتوانی بیخوێنێتەوەو خێرا کیفەکەی هیناو چەکێکی پەنجاهەزار تمەنی

لیدەرهێناو دای بە مانی، دەم و چاوی وا سوور بووبووەوە کە هەر مەڵێ! خێراش چووە سەر جێگەکەی خۆی دانیشت، بەڵام مەگەر وازیان ئەهێنا؟!

- بۆچی نایخوێنیتەوە؟

- لێرەدا ڕستە بیرچووەکە ئەمەیە:

- ئایاب بوو!

مانی- بێدەنگ! بێدەنگ! بەهرۆز وەرە پێشەوە.

- دیسان بیخوێنەوە.

کوڕێک هەستاو وتی:

- بمدەری بیخوێنمەوە.

مانی کاغەزەکەی پێداو وتی:

- وشەی (شیر) بگۆڕە بە وشەی (هین)، زووبە!

بەهرۆز بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە خوێندنەوە:

- (هین)ی تازە زۆر وزەبەخشە.

هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین.

بەهرۆز- (هین) هەر جۆرێک بێت، ئەبێت سەیری مێژووی بەسەرچوونەکەی بکرێت. (هین)ی لەقووتوونراو ئەتوانرێت بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەڵگیرێت.

دەنگی پێکەنین نەیئەهێشت بە باشی گوێمان لە بەهرۆز بێت.

بەهرۆز- خواردنی (هین)ی وشک، (هین)ی وشکیش تاڕادەیەک بە هەمان ئەندازەی (هین)ی تازە بەسودە، (هین)ی وشک ئەتوانرێت تا ١٥ ڕۆژ بەکاربهێنرێت.

هەندێک لە کچ و کوڕەکان کەوتبوونە سەر زەوی و پێئەکەنین.

بەهرۆز- بە شێوەیەکی گشتی تا پێنج شەش مانگ (هین)ی نیوە چەور ئەدەن بە منداڵ و دوای شەش مانگ (هین)ی تەواو چەور، خواردنی (هین)ی مانگا!

ئیتر ئیمەش لەو سەرەوە خۆمان پێ ڕانەگیرا، ئەوەندە پێکەنیبووم کە سکم دابوویە ئێش، داماوە بەهرۆز ئیتر نەیتوانی ئەوی تری بخوێنێتەوەو کاغەزەکەی بردو لەگەڵ پەنجا هەزار تمەندا دای بە مانی و لە هۆڵەکە چووە دەرەوە.

مانی- سیامەک سەری تۆیە، وەرە پێشەوە.

کوڕێک هاتە پێشەوەو مانی کاغەزێکی پێدا، کوڕەکە سەیرێکی کاغەزەکەی کردو و مانیش شتێکی چپاند بە گوێیدا، کوڕەکە خێرا کاغەزەکەی لەگەڵ پەنجا هەزار تمەندا دایەوە بە مانی و وتی:

CamScanner

- من هەر لە ئێستاوە دان بە دۆرانی خۆمدا ئەنێم، مەگەر کەس ئەتوانێت لەتۆ بباتەوە؟

مانی- ئافەرین، ئێستا بڕۆ بە عاقڵی دانیشە، ئێ، کەمەندخان! ئێستا نۆرەی تۆیە، وەرە پەنجا هەزار تمەنەکەم پێبدەو بڕۆ دانیشە.

کچێک کە وا دیار بوو کەمەندە، هاتە پێشەوەو وتی:

- ئەگەر ئەو پەنجا هەزار تمەنەم لێنەبردینەوە! بمدەرێ ئەو کاغەزە .

مانی کاغەزەکەی پێداو بە دەنگی بەرز وتی:

- منالا.

کەمەندیش چووە بەردەمیان و وەستاو دەستی کرد بە خوێندنەوە.

- ئەگەر (هین) چاونەترس و بوێر بوو، ئەبێت کەمێک ئاگات لێی بێت.

دەنگی پێکەنین وەک تۆپ لە هۆڵەکەدا تەقییەوە.

کەمەند- ئەو (هین)ەی کە نە زۆر بزێو و نە زۆر گۆشەگیرە، ئەبێت ڕێگەی پێبدرێت بەپێی پێویستی تەمەنی گەشە بکات.

ڕۆکساناو ئەوان ئەوەندە پێکەنیبوون کە نەیانئەتوانی قسە بکەن.

کەمەند- لە هەندێ لە قۆناغەکانی پێگەیشتنماندا (هین)ەکانمان بە شێوەیەکی توندوتیژ دەرئەکەون، بۆ نموونە ئەو کاتەی کە (هین) ڕائەهێنین بە ڕاگرتنی مێز، زۆربەی کات پەرچەکرداری زۆر توند پێشان ئەدات بەرامبەر خواستەکانی دایکی.

سێ چوارێک لە کچەکان دەستیان گرت بە سکیانەوەو کەوتنە سەر زەوی، کەمەندیش کە لەسەرەتاوە بە بوێری و ڕووهەڵماڵراوییەوە هاتبووە پێشەوە، ئێستا دەم و چاوی وەک چەوەندەری لێهاتبوو.

کەمەند- پەروەردەکردنی (هین) تەنها لەوەدا کورت نابێتەوە کە ڕێگە بدەیت تواناکانی پەرە پێبدات، (هین)ێک کە ئەتەکێتی هەڵسوکەوت نازانێت، لە ئایندەدا تووشی کێشە ئەبێت.

ئیتر هەموو لەبری پێکەنین، دەنگی مانگایان لێوە ئەهات.

کەمەند- (هین)ێک کە سروشتێکی هونەرمەندانەی هەیە، ئەگەر بە باشی پەروەردە بکرێت..

ئیتر نەیتوانی بیخوێنێتەوەو بە توڕەییەوە کاغەزەکەی فڕێدایە سەر زەوی و کیفەکەی هەڵگرت و چووە بەردەم مانی و کردیەوەو پەنجا هەزار تمەنی لێدەرهێناو گرتی بەرەو ڕووی مانی و وتی:

- بیگرە مانی، بەلام بەڕاستی بینشەرمی!

مانیش پارەکەی لێوەرگرت و وتی:

- بەلام تۆش باش هێنات! شەش (هین)ت تێپەڕاندو چوویتە پێشەوە.

کەمەند- زەهری مار! لانیکەم وەرە کەمێک سەمام لەگەل بکە تا داخی ئەوە نەمکوژێ کە ئەو هەموو پارەم بەخۆڕاییدا.

مانی- هێشتا ئێشم ماوە پێتان، بڵێ گیتارێکم بۆ بهێنن.

لەپڕ هەموویان هاواری خۆشیان لێ بەرزبووەوەو یەکێک لە خزمەتکارەکان خێرا گیتارێکی هێناو دای بەدەست مانییەوەو مانیش دەستێکی پیاهێناو کاتێک دڵنیا بوو کە قورمیشە، سەری بەرزکردەوەو وتی:

- کاتێک ئێمە هاتینە ناو هۆڵەکە، هیچ کامتان لێتان نەپرسیم ئەو میوانانە کێن کە لەگەڵم هاتوون!

هەموویان سەریان بەرزکردەوەو بەرەو لای ئێمە کە بەسەر قادرمەکانەوە وەستابووین.

مانی- هەرچەند هەمووتان لە پەسا سەیرتان ئەکردن، هەمووشتان هەستتان بەوە کرد کە ئەوان جیاوازن لەگەل ئێوە، ئێستا من پێتان ئەڵێم، ئەوان وەک زۆرێک لە ئێوە خوێندکاری زانکۆن، بەلام زانکۆی حکومی، هەمووشیان زیرەکن، ئەمشەویش من و ئامۆزاکەمیان برد بۆ شوێنێک کە تا ئێستا نەمانبینیبوو، ئێستا حەز ئەکەن یەکیان قسەتان بۆ بکات؟

هەموویان تۆزێک بێدەنگ بوون و ئینجا بە ئارامی دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و دواتر بێدەنگ بوون، مانی لایکردەوەو سەیری ڕۆکسانای کرد، ڕۆکسانا سەرەتا حەپەسا، بەلام هەنگاوێک چووە پێشەوەو دەستی گرت بە محەجەرەکانەوە و ساتێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- سڵاو! ببوورن کە ئێمە بەبێ بانگهێشت هاتین بۆ ئێرە، یانی کاک مانی هێنایێ، کاتێک خەریکبووم سەیرم ئەکردن، زانیم کە هەمووتان هاوتەمەنی ئێمەن، لەوانەیە بۆچوونەکەمان کەمێک لەگەل یەک جیاواز بێت، بەلام دڵنیام لەسەدا شەستیان وەک یەک وان، هەموومان شادیمان ئەوێت و هەموومان ژیانمان ئەوێت وە هەمووشمان ئازادی، من نامەوێت لەبارەی ئازادییەوە قسە بکەم، بەلام مەبەستم ئازادییەکی دروست و لۆژیکییە، دڵم خۆشبوو کاتێک دڵخۆشی ئێوەم بینی، هیوادارم هەمیشە دڵخۆش بن، بەلام ئایا ناکرێت ئەم دڵخۆشییە بۆ هەمووان بێت؟ ناکرێت ئەم ئاسایشە ماڵی و ڕۆحییە

CamScanner

بۆ هەمووان بێت؟ ئایا ناکرێت ئەم پێکەنینانە لەسەر لێوی هەمووان بن؟ من ناڵێم هەموو خەڵک ئەبێت لە ڕووی داراییەوە وەک ئێوە وابن، بەڵام ئایا ناکرێت لانی کەمێکی بۆ ئەوان بێت؟ یانی ئێمە چاومان بەرایی ئایەت کەمێک ئاسایشی هاونیشتمانییەکانمان ببینین؟ کەمێک بێدەنگ بوو و دواتر دووبارە وتی:

- ئێمە نزیکەی دوو سەد خوێندکاری زانکۆین کە سندوقێکی خێریمان دروستکردووە بۆ ئەو مرۆڤانەی کە زۆر زۆر لە خۆمان هەژارترن، ژمارەیەک لە هاوڕێیان دەستبەرداری نانی ئێوارەیان ئەبن، بۆ نموونە هەفتەی دوو شەو نانی ئێوارە ناخۆن و پارەکەی ئەدەن بە سندوق، ژمارەیەکیان هەفتەیەک بەپێ دێن بۆ زانکۆو کرێی پاسەکەیان پاشەکەوت ئەکەن و ئەیدەن بە سندوق، ژمارەیەک ڕۆژانە نانی نیوەڕۆ ناخۆن، ژمارەیەک نانی بەیانی ناخۆن، بە کورتی هەر کامێکمان دەستبەرداری شتێکمان ئەبین و ئەیدەین بە سندوق، هاوڕێیانی من! لەم شارەی ئێمەدا مرۆڤی وای تیایە کە تەنانەت ناتوانێت دەفتەری قوتابخانەی منداڵەکەی بکڕێت، ژن و مێردی تیایە کە لەبەر هەژاری ژیانیان خەریکە لێکهەڵدەوەشێتەوە، کچ و کوڕی تیایە کە یەکیان زۆر خۆشئەوێ، بەڵام لەبەر هەژاری ناتوانن بەیەکەوە هاوسەرگیری بکەن، نەخۆشی تیایە خەریکە ئەمرێت، بەڵام پارەی کڕینی دەرمانی نییە، هاوڕێیان ئێمە ناتوانین چاومان لە ئاستی ئەم شتانەدا دابخەین، ئەی ئێوە؟ هاوڕێیان ئێمە ناتوانین ئازاری هاونیشتمانییەکانمان ببینین و بێدەنگ بین، ئەی ئێوە؟ هاوڕێیان ئێمە ناتوانین گریانی قوڕگی مرۆڤەکان هەست پێبکەین و نەگرین، ئەی ئێوە؟ هاوڕێیان ئێمە ناتوانین فرمێسکی منداڵێکی برسی ببینین و شین نەگێڕین، ئەی ئێوە؟ دواتر لەپڕ دەستی درێژ کرد بەرەو ڕوویان و وتی:

- دەستتان ئەدەن بە من؟ دەستی ئێمە زۆر خاڵییە!

لەپڕ هەروا کە خەریکبوو سەیری ئەکردن، بەبێ ئەوەی تەنانەت یەک چاو بتروکێنێت، فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە، هەمووان تەنها خەریکبوون سەیریان ئەکرد، بە ئارامی چوومە بەردەمی و فرمێسکەکانیم سڕی و دەستم خستە ناو دەستی، مانی ڕووی وەرگێڕا بەرەو ئەو کوڕو کچانەو وتی:

- من چاوم ئەنوقێنم و گۆرانییەک ئەڵێم و کاتێک تەواوم کرد، ئەمەوێت بزانم چەندێک عەشق لەبەردەممدا ڕژاوەتە سەر زەوی! گڵۆپەکان بکوژێننەوە.

ساتێک دواتر گڵۆپەکان کوژانەوە، مانی دەستیکرد بە گیتار لێدان و گۆرانی وتن.

لەم تەمەن کورتە سەخت کۆششم کرد

لەگەڵ هەموو نامیهرەبانەکان میهرەبانیم کرد

هاودلی و هاوزمانی و هاومالیم کرد
له ئیستەوە جۆرێک ئەسوڕێ، ئومێدێکم نییە کە نییە
ئەمە دیاری بەخشین و میهرەبانیم نییە کە نییە
پاداشتی من جگە لە مووی سپی نییە کە نییە
من هەرگیز گلەیم لە ڕۆژگار نییە
شکایەتم لە دۆست و یاران نیە
داخ و کەسەری لێوانم
تێکیشکاند ئیسقانەکانم

خەریکبووم لە تاریکیدا سەیرم ئەکرد، کوڕو کچەکان یەک یەک ئەهاتنە پێشەوەو پارەو چەکیان لە کیفەکانیان دەرئەهێناو ئەیانخستە بەردەم مانی، کەم کەم پارەکە زیادی ئەکردو بەرز ئەبووەوە!

میهرەبانی کەمبۆتەوە خەڵکەکانی مردون
سەرفرازی چی ئەزانن سەری پێ شۆڕکردون
ئەڕۆم و دڵە شکاوەکان لە کون دەر ئەهێنم
فەلەک گەر نەساز بێ هەڵی ئەوەشێنم
خەت بەسەر قسەی دژەکاندا دێنم
سرودی بەدیهێنانی هاودڵی ئەخوێنم

گۆرانییەکەی مانی تەواو بوو و تۆزێک دواتر گڵۆپەکان داگیرسان، لەبەردەم مانیدا هەروا چەک و پارە بوو و ڕژا بوو، مانی چاوی کردەوەو سەیرێکی پارەکانی کردو دواتر پێکەنی و وتی:

- هێشتا زیندووین! هەست بە ئازارەکان ئەکەین!

لەپڕ چەند کچ و کوڕێک هاتن بەرەو قادرمەکان و سەرکەوتن و هەرکامێکیان دەستی بەکێکیان گرت و لەگەڵ خۆیاندا بردیانە خوارەوە.

* * *

وەرزی سیازدەهەم

کۆتایی شەو بوو، محەمەد و ئەوان بە خۆشحالی و نزیکەی سێ ملیۆن تمەنەوە ئاهەنگەکەیان جێهێشتبوو، مانێش لەوێ مایەوە، بڕیار بوو یەک دوو کاتژمێرێکی تر خۆیان بێگەیەننەوە ماڵەوە، منیش بە ئۆتۆمبێلەکەی مانی ڕۆکسانام هەڵگرت تا بیبەمەوە بۆ ماڵ خۆیان، هەردووکمان سوار ئۆتۆمبێلەکە بووین لەو ماڵە هاتینە دەرەوە، شتێک لەدڵما بوو ئەمویست پێی بڵێم، بەڵام نەمئەزانی چۆن، دوای تۆزێک وتم:

- تۆ ئێتر ئەبێت کەم کەم لە بیری ژیاندا بیت، ژیانی ژن و مێردایەتی.

خۆی لێم نزیککردەوە و سەری خستە سەر شانم و وتی:

- لەبیریدام.

- مەبەستم ئەوەیە کە ئێتر خۆپیشاندان و چالاکی خوێندکاری و ئەم شتانە بخەیتە لاوە.

ڕۆکسانا- واز لە خوێندنیش بێنم؟

- نا! نا! مەبەستم کاری سیاسییە.

ڕۆکسانا- من کاری سیاسی ناکەم.

تۆزێک بێدەنگ بوو دواتر سەری بەرزکردەوەو وتی:

- هامون! کاتێک ئێمە بیر لە مرۆڤە هەژارەکان ئەکەینەوە، ئەمە کارێکی سیاسییە؟ کاتێک ئەمەوێت ئەوەندەم هەبێت کە سکم تێر بێت، کارێکی سیاسییە؟ ئایا ئەم نەوت و گازو هەزاران شتی ترە، بەشی هەموومانیان تیایە یان نا؟ ئەگەر بمەوێت بزانم چی بە چییە، کارێکی سیاسییە؟

- نا دەی! بەڵام من دڵەڕاوکێمە، نیگەرانتم، نیگەرانی ژیانمانم، نامەوێت سنوردارت بکەم، بەڵام تۆش ئەبێت لە نیگەرانییەکانی من تێبگەیت.

دووبارە سەری خستەوە سەر شانم و بە دەستی توند باڵی گرتم و وتی:

- لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان چیرۆکەکانیٚ داپیرە و باپیرە توانیبیتیان سەرقاڵمان

بکەن و تازە بووبێتن بەلامانەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان، کاتێک لەبارەی مانگ و خۆر و ئەم شتانەوە چیرۆکی خەیالییان بۆ ئەگێڕاینەوە، لەوانەیە سەرنجیان ڕاکێشا بین، بەڵام ئێستا چی؟ گەنجی ئەمڕۆ، گەنجی دوێنێ نییە، ناکرێت پێوەرەکانی دوێنێ بۆ ئەمڕۆ لەبەرچاو بگیرێن و پەیڕەو بکرێن، لەوانەیە ڕۆژێک لەڕۆژان جامی جیهانبین و قاڵی فڕیو بەلای باپیرەمانەوە وەک خەیال وابووبێت، بەڵام ئێستا لای من بەڕاستی بوونیان هەیە، من ئێستا کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتم هەیە، ئەمانە جامی جیهانبینی منن، هەر کاتێک بمەوێت لە یەک ساتدا ئەتوانم تەواوی دنیا ببینم و ئەگەر لەوسەری دنیا شتێک ڕووبدات، من لەمسەری دنیا ڕاستەوخۆ لێی بەئاگام، من ئێتر ئاوات بە قاڵی فڕیو یا فڕین ناخوازم، من فڕۆکەم هەیە کە بە یەک بلیت لە ماوەیەکی کەمدا ئەتوانم لەمسەری دنیاوە بچمە ئەوسەری دنیا، من ئێستا بەم تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە ئەتوانم تەنانەت خەیاڵەکانیشم بکەم بە ڕاستی، ئێستا ئێتر چیرۆکی جنۆکەو پەری و دێوەزمەو ئەم شتانە بەلای منەوە سەرنجڕاکێش نین، ئێستا سەردەم سەردەمی ڕاستییەکانە، کاتی ئەوەیە ئێمەش بە چاوێکی ترەوە سەیری دنیا بکەین، چ سودێکی هەیە جنێو بەو بدەم و ئاوات بە مەرگی ئەم بخوازم؟ جگە لەوەی کە دامانئەبڕێت لە جیهان، چ قازانجێکی تری هەیە؟ سەردەم سەردەمی توانایە! تەکنەلۆژیایە! زانیارییە! ئێمە نەک ئەوەی کە هیچمان لە بیانییەکان کەمتر نییە، بگرە لە ڕووی هۆشەوە زۆر لەوان باشترین، بەڵام مێشکەکانمان هەڵهاتوون، بەردەوامیشن لە هەڵهاتن، بۆچی هەر لێرە ڕایان نەگرین و خۆمان سودیان لێوەرنەگرین؟ بۆچی ئەبێت هەموو دنیا وابیرکەنەوە کە ئێمە دواکەوتووین؟ باشتر نییە بە شێوەیەکی تر خۆمان پێشانی دنیا بدەین؟ کاتی ئەوە نەهاتووە کە دنیا بزانێت ئێرانی کێیە؟ کاتی ئەوە نەهاتووە کە خۆمان و مێشکمان پەروەردە بکەین؟ کاتی ئەوەیە کە شاعیرەکانمان قسەکانیان بە ڕاشکاوی بکەن تا ئێمە ناچار نەبین سەد لێکدانەوە بۆ هۆنراوەکانیان بکەین، کاتی ئەوەیە کە ترسەکانمان فڕێ بدەین، کاتی ئەوەیە لە ڕووداماناەکانمان بخەینە لاوە و داواکارییە ڕاستەقینەکانمان بخەینەڕوو، کاتی ئەوەیە میهرەبانی جێگەی نەفرینکردن و ئاواتی مەرگ بۆ ئەم و ئەو خواستن و ڕق و کینە و نەفرەت بگرێتەوە، کاتی ئەوەیە دەست بخەینە ناو دەستی یەک و سەر لەنوێ ئەم خانووە دروست بکەینەوە، ئێتر کاتی ئەوە هاتووە کە ڕابردوو بخەینە لاوەو بیر لە داهاتوو بکەینەوە، ئێتر کاتی چیرۆکی لەیل و مەجنون نییە، ئێستا قسە لەسەر داگیرکردنی مەریخە، ئێستا قسە لەسەر دروستکردنی هاوشێوەی مرۆڤە، ئەگەر ڕۆژێک من پێویستم بە زانیاری بووایە، ئەبوو بچوومایە لە باپیرەم، کە

CamScanner

بۆ نموونە سەردەمی فلان پاشای بینیوە، پرسیارم بکردایە، بەلام ئیستا ئەگەر باپیرەم شتێکی ئەو سەردەمەی بیرچوو بێت، ئەبێ بێت داوا لە من بکات تا لە ئەنتەرنێت و کومپیوتەردا بۆی بدۆزمەوە و پێیبدەم، بەخوا هیچ کام لەمانە کاری سیاسی ئین هامون، ئەمانە هەمووی دڵسۆزین، ئەمانە هەمووی عەشقە بەرامبەر نیشتمان و خەڵکەکەم، من خەڵکەکەمم خۆشئەوێ هامون! حەز ئەکەم هەرچیم هەیە لەگەڵ ئەواندا بەشی بکەم، یانی ئەک هەمووی، بەلام ئەو شتانەی کە خۆشم ئەوێن حەز ئەکەم بەشیکیان لێبدەم بە خەڵکی، تەنانەت حەز ناکەم کاتێک مردم بەبێ سود جەستەم بخەنە ژێر خاک تا بڕزێت و لەناوبچێت، کاتێک یەکێک لە ئەندامەکانی جەستەم ئەتوانێت ژیان، عەشق، شادی، خۆشویستن لە کەسێکی تردا زیندوو بکاتەوەو درێژەی پێبدات، ئەوە بەردەوامی ژیانی منە، کاتێک دڵی من لە سنگی تۆدا لێبدات، کاتێک چاوی من بدرێت بە کەسێک و سودی لێوەربگرێت، وەک ئەوە وایە کە خۆم زیندووبم، وەک ئەوە وایە کە هەست بکەم و ببینم و چێژ وەربگرم

دواتر سەیرێکی کردم و وتی:

- ئێمە ئەبێت فێری ئەوەبین کە مرۆڤەکان بەیەکەوە و لە تەنیشت یەکەوە زیندوون، لە تەنهاییدا ئەمرن، ئێستاش کاتی مردن نییە، کاتی زیندوبوون و شادبوونە.

دواتر دووبارە سەری خستە سەر شانم و وتی:

- خۆشمئەوێیت هامون! کاتێک سەر ئەخەمە سەر شانت و هەست ئەکەم تۆ لە کەنارمی، ئیتر هیچم لەم دنیا ناوێت، گەشتم بە هەموو ئەو شتانەی کە ئەمویست، خەونی من هەر ئەوە بوو، ئەوەی کە تۆ خۆشت بوێم، لەوانەیە من بەشێک بم لەو ژمارە کەمەی مرۆڤەکان کە بە خەونە ڕاستەقینەکانیان گەیشتوون.

دواتر سەری بەرزکردەوەو دەموچاوی ماچ کردم و دووبارە سەری خستەوە سەر شانم و چاوی نوقاند، منیش بە ئارامی بەرەو مال پۆری و ئەوان لێمئەخوڕی، حەزم نەئەکرد هەر بگەین، ئەمویست کات بووەستێت، بە ئارامی ئەڕۆشتم و لەبەرخۆمەوە بیرم ئەکردەوە، لەبارەی ئەو شتانەی کە ئەو شەوە بینیبووم و بیستبووم، ژنێک کە بۆ بەڕێکردنی ژیان ئەچووە ژێر باری هەر کارێک و دیسان وەفاداریش بوو بەرامبەر مێردەکەی، لەشفرۆشی بە ناپاکی نەئەزانی کاتێک لەپێناو پارێزگاریکردن لە خێزانەکەیدا بێت، گەنجانێکی بێکێشە کە لەوانەیە تا ئەو کاتە جگە لە جلوبەرگ و جوانکاری و ئۆتۆمبیل و زێڕ و ئاڵتون و خۆشگوزەرانی و ئەم شتانە، بیریان لە هیچی تر نەکردبێتەوە،

بەلام بە دوو قسەی ڕۆکسانا، دەستیان خستە ناو دەستی خالیی گەنجانی هاوتەمەنی خۆیان و لە ئازاری یەکتر گەیشتن، بیرم لەم کچە نیوە ئێرانی و نیوە فەرەنسییە جوان و ناسکە کردەوە کە بەو هەموو ناسکی و تەنهاییەوە چەندێک بەهێزو لێبڕاوە! چۆن لەنێوان دوو نیوەکەی خۆیدا، نیوە ئێرانییەکەی هەڵبژاردووەو کار بۆ خەڵکەکەی ئەکات، هەروا کە خەریکی شۆفێری بووم، لامکردەوەو سەیریم کرد، وا دیار بوو خەو بردبوویەوە، کاتژمێر نزیکەی چواری بەرەبەیان بوو، ئیتر بوو بوو بە سبەینێ، بەلام ج سود ئەگەر سبەینێمان وەک ئەمڕۆ وابێت و ئەمڕۆشمان وەکو دوێنێ؟! قسەکانی ڕاست بوو، بۆ ساتێک خەیاڵم چوو بۆ لای ئەو ئۆتۆمبیلەی کە لەژێرمدایە، ئۆتۆمبیلێک کە کاتێک سەری ئەکەوتی هەر هەستت پێنەئەکرد کە ئەڕوات، ئەم ئۆتۆمبیلەش بەرهەمی هەمان کەژاوەکانی دوێنێیە، بەلام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو وەکو ئەو کەژاوانە نەماوەتەوە، کەوایە بۆچی ئەبێت ئێمە بمێنینەوە؟! نزیک ماڵی پورێ و ئەوان بووین، بە ئارامی چوومە کۆڵانەکەیان و لەبەردەم ماڵیاندا ڕامگرت، دڵم نەئەهات هەڵبستێنم، هەروا دانیشتم و تەنها سەیرم ئەکرد، دەم و چاوە ناسکەکەی، چاوە جوانەکانی، قژی وەک ئاڵتونی، بە ئاسودەیی خەوتبوو، خۆشم لەوەی کە ئاوا سەری خستبووە سەر شانم و خەوتبوو، چێژم ئەبینی و حەزم نەئەکرد بێدار بێتەوە، ئەمویست زیاتر سەیری بکەم، هەوڵمدا نەجوڵێم تا بێدار نەبێتەوەو کاتەکەم بۆ درێژ بێتەوە، تازە لە مانای عەشق تێئەگەیشتم، مرۆڤ کاتێک لە ئارامیدایە، ئەو کاتەیە لە هەستی خۆی تێئەگات، زۆر زۆرم خۆشئەویست هەر بۆیە حەزم نەئەکرد بچوکترین شتی بەسەر بێت، ژیانێکی سەختی هەبووە، حەزم ئەکرد لەوە بەدواوە ئیتر خەم نەخوات و تووشی هیچ ناڕەحەتییەک نەبێت، لە کاتی خەودا ئەوەندە پاک و بێگەرد دەرئەکەوت کە حەزم نەئەکرد بێداربێتەوە، بەلام بۆچی خوێن لە گوێچکەی هاتووەتە دەرەوە؟ ئەمە یانی چی؟ نابێت شتێکی خراپ بێت، جلەکانی خۆڵاوییەو ڕووپۆشەکەشی دڕاوە، بۆچی؟ بەدڵنیاییەوە لە شوێنێک گیراوە، لەوانەشە قاچی پێچی خواردبێت و کەوتبێت بە زەویدا، بۆچی لەچکی بەسەرەوە نییە؟ ئێ بە سەریەوە نییە بەسەریەوە نییە، لە بەرامبەریدا بە ئاسوودەیی خەوتووە، بەلام ئەم ناوە بۆچی ئەوەندە قەرەباڵغە؟ دەنگە دەنگ نایەت، بەلام قەرەباڵغە، ئەو هەموو خەڵکە بۆچی خەریکن ڕائەکەن؟ بۆچی ژمارەیەک خەریکن لێیان ئەدەن و ئەمانیش تەنها دەستیان مشت ئەکەن و شتێک ئەڵێن؟ باشە کە دەنگە دەنگ ناکەن و ڕۆکسانا بێداربکەنەوە، بەلام ئەو خوێنە چییە لە گوێچکەی هاتووە؟ نەکا شتێکی خراپ بێت! لەوانەیە تەوقەکەی قژی چووبێت بە

گوێچکەیداو خوێنی لێهاتبێت، بە دڵنیاییەوە هەروایە، بەڵام بۆچی لەسەر زەوی خەوتووە؟ خۆ ئێمە لێرە نەبووین، لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بووین خەوبردبیەوە، سەری خستبووە سەر شانم و خەریکیبوو قسەی بۆ ئەکردم خەوبردبیەوە، ئێرە بۆچی ئەوەندە قەرەباڵغە؟ بۆچی ئەم هەموو گەنجە بەمبەرو بەوبەردا ڕائەکەن؟ بە ئارامی لەسەر زەوی بەرزم کردەوەو لەباوەشم گرت، سوپاس بۆ خوا خەوی قورسەو هێشتا بێدار نەبووەتەوە، سەرم دانەواندو ناو چاویم ماچکرد، دەم و چاوی نیشتبووە عارەق، ئەوەندە جوان بوو بوو کە هەرچیم ئەکرد نەمئەتوانی چاوی لەسەر هەلگرم، لەسەر هەردوو دەستم خەوتبوو و منیش نوساند بووم بە خۆمەوە، بەڵام نازانم ئێرە بۆچی ئەوەندە قەرەباڵغە؟ ئەبێت بیبەم بۆ شوێنێکی بێدەنگتر، یان هەر ئەیبەم بۆ ماڵی خۆمان، لامکردەوە بینیم مانی لە پشت سەرمەوە وەستاوە، ئەو لێرە چی ئەکرد؟ ئەو خۆ لە ئاهەنگەکە نەهاتەوە، دار چی ئەکات بەدەستییەوە؟ ئەو دوو سێ نەفەرە کێن لەگەلیدا؟ ئەوەی کە وەکو حاجییە بازرگانەکان وایە کێیە؟ ئەو دووانەی کە ڕیشیان هەیە کێن؟ ئەمویست لێی بپرسم لێرە چی ئەکات، بەڵام زمانم نەئەسوڕا، تەنها چاوم کاری ئەکرد، هەموو شتێکم ئەبینی، بەڵام گوێم لە هیچ نەبوو، لەپڕ بینیم مانی لە پشت سەرمەوە دەستی کچێکی ڕاکێشاو هێنایە پێشەوە، مریەم بوو، بەدوای ئەویشدا سارا، دواتر وا دیار بوو هەردووکیانی دایە دەست ئەو کابرایەی کە وەکو حاجییە بازرگانەکان وابوو، پاشان پاڵێنا بە هەردووکیانەوە کە یانی لەگەل ئەو کابرادا لێرە بڕۆن، ئێنجا هات بۆ لای من کە ڕۆکسانا هەروا کە لە باوەشمدا خەوتبوو و باڵی گرتم و لەگەل خۆی ڕایکێشام و بە زۆر دەرگایەکیان کردەوەو هەموو بەیەکەوە لێی هاتینە دەرەوە، لەپڕ چەند کەسێک بە دار هێرشیان هێنا بۆمان، خێرا باوەشم کرد بە سەری ڕۆکسانادا تا داری بەرنەکەوێ، دارەکە دای بە ملی خۆمدا، بەڵام نە ئازارم پێگەیشت و نە هەر هەستیشم پێکرد، تەنها بینیم مانی بەدار کێشای بە دەموچاوی ئەو کابرای کە دارەکەیدا لە ملی من، دواتریش ئەو کابرا کە لە حاجییە بازرگانەکان ئەچوو لەگەل دوو کوڕی تر دەوری ئێمەیانداو دەستی یەکیان گرت تا کەس نەیەت بەلاماندا، بەڵام بەردەوام بوون لە هێرش هێنان بۆمان، یەکێک لە کوڕەکان قەراغی کراسەکەی هەڵدایەوە، نازانم دروست بینیم یان نە، بەڵام شتێکی وەک دەمانچە یان شتێکی تر بوو، ئەوانەی کە خەریکبوون هێرشیان بۆمان ئەهێنا، کاتێک ئەم دیمەنەیان بینی، وازیان لێهێناین و ڕێگەیان پێداین کە بڕۆین، دووکەل هەموو شوێنێکی گرتبووەوە، دوکەڵێکی سەیر کە خراپ چاوی ئەسووتاندەوە، خوا

ڕەحمی کرد کە چاوی ڕۆکسانا نەکرابووەوە گەر نا فرمێسک بە چاویدا ئەهات خوارەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ لەناوەڕاستی شەقامەکەدا ئاگریان کردبووەوە، ئەتوت چوارشەممە سورەیە، بە دڵنیاییەوە جەژنی چوارشەممە سورە بوو کە هەم ئاگریان کردبووەو هەم ئەو هەموو مرۆڤە ڕژابوونە ئەو ناوە، خەریکبووین بەناویاندا تێپەڕ ئەبووین، بۆچی مۆڕەیان لێئەکردین؟ ئەم شوێنەو ئەم دیمەنانە چەند ئاشنابوون بەلامەوە! لە کوێ بینیبوومن؟ نەئەهاتەوە بیرم، نازانم بۆچی بەردەوام دوو نەفەر ئەهاتنە بەرچاوم کە لە باوکم و مامم ئەچوون؟! ڕێگەکە چەند دوورو درێژ بوو! تەواوی شەقامەکان داخرابوون، هەموو شوێنێک پڕ بوو لە مرۆڤ و ئۆتۆمبیل و ئەم شتانە، بۆچی خەڵکی ئەگریان؟ چوارشەممە سورە خۆ گریانی ناوێ، بەردەوام لەبیری ئەوەدا بووم کە مانی لێرە چی ئەکات؟! بۆچی داری بەدەستەوەیە؟ بۆچی ئەوەندە بە دەوروپشتی مندا دێت؟ خەریکی چییە؟ هەر نەمئەزانی ج باسە، تەنها توند ڕۆکسانام لەباوەش گرتبوو تا دارێک شتێکی بەرنەکەوێت، ئەو دوو نەفەرەشی کە لە باوکم و مامم ئەچوون بە دەوروپشتمانەوە بوون، نازانم خەریکی چی بوون؟! چەندێکی پێچوو تا گەیشتینە لای ئۆتۆبیلەکە؟ مانگێک! دوو مانگ! سێ مانگ! بەڵام سەرەنجام گەیشتین بە ئۆتۆمبیلەکەو سواربووین، بە ئارامی سەرکەوتم تا سەری ڕۆکسانا بەر شوێنێک نەکەوێت و بێدار بێتەوە، مانیش چووە پشت سوکان، لەپڕ دەرگای ئەولاوەی ئۆتۆمبیلەکە کرایەوەو ئەو دوو نەفەرەی کە لە باوکم و مامم ئەچوون، سەرکەوتن، بەڵام ئەتوت خودی باوکم و مامەن، باوکم لە دواوە لای من دانیشت، نازانم بۆچی هەر کە سەیری ڕۆکسانای ئەکرد گریانی ئەهات و بە تورەییەوە شتێکی ئەوت؟ ویستم بە مانی بڵێم بڕۆ بۆ ماڵەوە، بەڵام دووبارە لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی و خێرا دەرگاکەی لای منی کردەوە، ئەوەندە لە دەستی تورەبووم کە هەر مەڵێ، لەم بێ سەرو بەرییەدا لە پەسا دەستی دەستی ئەکرد، وتم وێلیکە، بە تەکسی ئەیبەمەوە بۆ ماڵەوە، بە ئارامی دابەزیم، بینیم کە ئەم شوێنە شوێنەکەی پێشتر نییە، لە بەردەم نەخۆشخانەیەکداین و نەقالەیەکیان هێناو ئەیانەوێت ڕۆکسانا لە من وەربگرن و لەسەری پاڵیخەن، توند لە باوەشم گرت و هەنگاوێک چوومە دواوە، لەپەسا زۆر لە خۆم ئەکەم کە شتێکیان پێبڵێم، بەڵام دەنگم دەرنایەت، دوو پیاو کە ڕووپۆشی سپییان لەبەردا بوو، ئەیانویست ڕۆکسانام لەدەست وەربگرن، لەپەسا ئەمویست هاوار بکەم و بڵێم بێدار ئەبێتەوە، وازی لێبهێنن، بەڵام نەمئەتوانی، دوو پەرستاریش لەولاوە خەریکبوون ئەگریان، هەر نەمئەزانی بۆچی هەموو خەریکبوو ئەگریان! خوا ڕەحمی کرد مانی شتێکی پێوتن

و چوونە ئەولاوەو گەر نا بە لەقە تورم ئەدان بەلایەکدا، ئەمئەزانی خەریکبوون چییان بە یەک ئەوت، گوێم لە دەنگیان نەبوو، بەلام ئەمبینی کە لێویان ئەجوڵێتەوە، مەگەر ئەمانە خەریکی گاڵتەجاڕین؟ مەگەر شتی وا ئەبێت کە هەموویان خەریکی گاڵتەجاڕی بن؟ نا، خەریکن قسە ئەکەن، ئەی بۆچی من دەنگیان نابیستم؟ یانی کەڕ بووم؟ دوو سێ جار ناوی دەمم قوت دایەوە، تا ئەگەر گوێم کپ بووە، بەربێت، بەلام گوێم هیچی نەبوو، ئەی دەنگەکان لە کوێن؟ حسابم بۆ نەکردن، لەپڕ بینیم مانی بالمی گرتووەو شتێکم پێئەڵێت، خەریکبوو منی لەگەڵ خۆی ئەبردە ناو نەخۆشخانەکە، بەلام بۆچی؟ بە دڵنیاییەوە شتێک هەبوو، مانی جێی متمانە بوو، لەگەڵی ڕۆشتم، ئەوانی تریش بەدوامدا ڕایان کرد، لەناو نەخۆشخانەکەشدا هەرکێ سەیری ئەکردین دەستی ئەکرد بە گریان، گریان بۆچی؟ ئەمانە چ مەرگیانە؟ لە ژوورێکدا بووین کە پڕ بوو لە قەرەوێلەو ئامێری پزیشکی و ئەم شتانە، هەموو ئەیانویست ڕۆکسانا لە باوەشم دەربهێنن، توند لە باوەشم گرتبوو و نەمئەدا، ئاخر بۆچی بیدەم؟ مانی لەبەردەممدا وەستابوو و خەریکبوو یارمەتی ئەوانی ئەدا، یانی چی؟ مانی ئێتر بۆچی؟ خەریکبوو هەندێک شتی پێئەوتم، نازانم چیم بەسەرهاتبوو، ئەبوو هۆشم کۆبکردایەوە، ئەمانە هەموو خەریکن شتێکم پێئەڵێن، بەلام تێناگەم، یانی دەنگەکان ناگەن پێم، ئەبوو تێبگەشتمایە ئەمانە چی ئەڵێن، چاوم نوقاندو هۆشم کۆکردەوە، بەدوای دەنگەکاندا ئەگەڕام، گوێم ڕادێرا گوێم ڕادێرا! گوێم ڕادێرا! کەم کەم خەریکبوو ئەگەشتن، سەرەتا زۆر لاوازو دواتر وردە وردە بەهێزو بەهێزتر، زۆر لەدوای ئێمەوە بوون، بەلام خەریکبوون وردە وردە پێمان ئەگەشتن، ئێستا ئێتر هەندێک دەنگم لە دوورەوە ئەبیست، لێیان بدەن! ئەتانەوێت ئازادی بکەن بە...؟! بیانگرن! گازیان فڕێدا، هاوار! هاوار! نامەردانە کوشتتانن! ئازادی! لێیبدەن وا وا لێهاتووە! قیژە! هاوار! هەرا! هەراوهۆریا! دەنگی ئاژێر، دەنگی هەزار دانە قاچ کە ڕایان ئەکرد، دەنگی هاوار! دەنگی ترس، نەمئەویست گوێم لەمانە بێت، گەڕام و لەناو دەنگەکاندا ئەوانەم دۆزییەوە کە ئەمویستن، هات و هەرابوو، فەرتەنە بوو، بەلام ئێتر هەموو دەنگەکان خەریکبوون پێم ئەگەشتن، هەموو دەنگەکان و ئەو دەنگە! دوو دەنگی ئاشنا! هامون! هامون! مانی! لێرە! ڕۆکسانایان کوشت! ڕاکەن! بەسەر محەجەرەکاندا باز بدەن! بەدار دایان لەسەری! ڕاکەن! بێ شەرەفینە! هیچ و پووچینە! ڕاکەن! کوشتیان! لەپڕ چاوم کەوت بەو خوێنەی کە لە گوێی ڕۆکساناوە هاتبووە دەرەوەو بەلا دەموچاوییەوە وشک بوو بووەوە! کەوایە ڕۆکسانای من نەخەوتبوو! ئەو هەموو مرۆڤە بە دارەوە هاتبوون تا

بدەن لە کچێکی لاوازو داماو؟! ئاخر بۆچی؟ لامکردەوە بەلای مانیداو وتم:

- مانی ڕۆکسانا مردووە؟

مانی- بمدەرێ سەگباب! مەگەر کەڕ بوویت؟

- کوشتیان مانی؟

مانی- بیدە بە من، مرد! بمدەرێ ئیتر!

دەستم شل بوو و مانی لەباوەشی دەرهێنام، لەپڕ پەرستارەکان ڕایانکردە پێشەوەو لەسەر قەرەوێلەیەک ڕایانکشاند و چەند نەفەرێک ڕژانە سەری، نازانم چییان ئەکرد، تەنها خەریکبوون خێرا خێرا کاریان ئەکرد، مانی بە زۆر منی بردە دەرەوە، ئیتر هەموو دەنگەکانم ئەبیست، مێشکم خەریکبوو ئەتەقی، لەسەر نیمەکەتێک دانیشتم و هەردوو دەستم گرت بەسەرمەوە، هەردوو گوێچکەم گرتبوو تا گوێم لەو هەموو ناحەقییە نەبێت، بەلام مەگەر ئەکرا؟ دەنگەکان بە دەستمدا تێپەڕ ئەبوون و ئەهاتنە ناو گوێچکەمەوە، دەنگی گریان! دەنگی هاوار! دەنگی پاڕانەوە! دەنگی جنێو! دەنگی لێدان! خۆزگە هەروا کەڕ بوومایەو گوێم لەو دەنگانە نەبووایە، بە هەردوو دەستم توند فشارم ئەخستە سەر گوێچکەم، بەلام سوودی نەبوو، دەنگەکان خەریکبوون لە چاومەوە ئەچوونە ناو مێشکم، چاوم نووقاند، یەکێک سەری لەباوەش گرتم و نوساندی بە سنگییەوە، چاوم کردەوە، بینیم باوکم لە باوەشی گرتوم و خەریکە ئەگری.

- بابە چاک ئەبێتەوە؟ توخوا بابە شتێک بکە تا چاک بێتەوە توخوا! تو گیانی من! بابە! بابە!

سەرم لە باوەشی باوکم دەرهێناو بە مانیم وت:

- مانی تۆ بڕۆ، بڕۆ ژوورەوە، بڕۆ بزانە ئەگەر شتێکی ئەوێت پێم بڵێ، توگیانی من بڕۆ، بڕۆ ژوورەوە، بڕۆ بزانە چی ئەوێت، بزانە چییەتی! لەوانەیە شتێکیان بووێت، تو گیانی من بڕۆ.

هاتە بەردەمم و دانیشت و وتی:

- ئەگەر شتێکیان بوێت پێمان ئەڵێن ئەزیزم.

- لەوانەیە نەیڵێن، جاری تۆ بڕۆ.

مانی- ئاخر چییان بووێت؟

- لەوانەیە دڵی شتێکی لێهاتبێت، بڕۆ بڵێ دل هەیە! بڵێ هەموو شت هەیە! بڕۆ بڵێ هەرچییان ئەوێت تەنها بیڵێن.

CamScanner

سەری خستە سەر ئەژنۆم و دەستی کرد بە گریان، تازە زانیم ئ باسە! کاتێک مانی ئەگری بانی ئیتر....

سەریم بەرزکردەوەو وتم:

- مردووە مانی؟ راستییەکەیم پێ بڵێ!

تەنها سەیری ئەکردم و ئەگریا، هاوارم کرد بەسەریدا وتم:

- هەستە برۆ ژوورەوە ئیتر! هەستە!

بینیم کە هەستا، بینیم کە چووە ژووری نەشتەرگەری، بەڵام هێشتا خەریکبووم ئەوت برۆ ژوورەوە مانی، برۆ بزانە چییان ئەوێت! هەستە! هەستە ئیتر!

باوکم دووبارە سەری لە باوەش گرتم، مامیشم هات لەملامەوە دانیشت و باوەشی پیاکردم، قسەکەی ڕۆکسانام کەوتەوە بیر، «تۆ هیچ کات بە تەنها نەگریاویت، هەمیشە کەسانێک هەبوون کە لەگەڵ تۆدا گریاون» حەزم ئەکرد سەرم بکێشم بە دیواردا، قوڕگم پڕ بوو لە گریان، بەڵام گریانم نەئەهات، تەنها ڕق! ڕق و نەفرەت! گریان بۆچی؟ کاتێک ڕق و نەفرەت هەن گریان بۆچی؟ هەستام و کەوتمەڕێ، دوو هەنگاو ڕۆشتم بەڵام خێرا گەڕامەوە، لەوانەیە شتێکیان پێویست بێت بۆ ڕۆکسانا، ئیتر ڕقم لە دڵم ئەبووەوە، دەستم لێشۆرد بوو، ئەمویست زووتر بیدەم بە ڕۆکسانا، لەبەردەم ژووری نەشتەرگەریدا وەستابووم، هیچ هەواڵێک نەبوو، چووم بەرەو دیوارەکەو سەرمنا پێیەوە و چاوم نوقاند، دووبارە دەنگەکان ئەهاتنەوە بەر گوێم، دەنگی ساراو مریەم بوو کە بە گریانەوە هاواریان ئەکرد «بێهۆش کەوتووە، چۆن بیگەیەنینە نەخۆشخانە؟ ناشهێڵن یەک کەس بچێتە دەرەوە، خوایە چی بکەین؟!» دەنگی شکانی شووشە! دەنگی یا زەهرا! یا زەهرا! دەنگی ستەم! دەنگی زۆرداری! لەپڕ بینیم دوو نەفەر لە هەردوولاوە باڵیان گرتم، سەرم هەڵبڕی و سەیرم کردن، ساراو مریەم بوون، خەریکبوون ئەگریان، تویڵی مریەم شکا بوو و خوێن بە سەرووی چاویەوە وشک بوو بووەوە.

سەیرم کردو تەنها وتم:

- بۆچی؟

هەر بە گریانەوە وتی:

- فێڵیان لێکردین! گاڵیان داین! هەڵخەڵەتاین!

نەمئەزانی چی ئەڵێ، وتم:

- ڕۆکسانا!

سارا- تەنها خەریکی ئارامکردنەوەی هاوڕێکانمان بوو، بەری لێیان گرتبوو تا نەچنە دەرەوە.

بالم لەژێر دەستیان دەرهێنا، لەپڕ مانی لە ژووری نەشتەرگەری هاتە دەرەوە، خێرا چووم بۆ لای و وتم:

- چی بوو؟ چییان ئەوێت؟

مانی- هیچ! جارێک خەریکن کاری خۆیان ئەکەن، ئەیانەوێت بیبەن بۆ سیتی سکان و ئەم شتانە.

- ڕاستییەکەی بڵێ مانی، ڕۆکسانا چییەتی؟

مانی- ڕاستییەکەت پێئەڵێم، جاری هیچ دیار نییە.

هەر لەو کاتەدا ڕۆکسانایان بە نەقالەیەک هێنایە دەرەوە، ڕامکردە دیارسەری، هەروا خەوتبوو، بەلام خوێنەکەی گوێچکەیان پاک کردبووەوە، خەریکبووم شان بە شانی تەختەکەی ئەڕۆشتم و سەیرم ئەکرد، وەک مانگ وابوو، وا خەوتبوو ئەتوت دە ساڵە خەوتووە، لەبەردەم ئەسانسۆرەکەدا مانی پێی وتم:

- تۆ وەرە دانیشە، من لەگەڵی ئەڕۆم.

- مانی ئەگەر یەک جاری تر بتەوێت ڕێم لێبگریت، هەرچیت بەسەرهات لە ملی خۆتە!

چووینە خوارەوە، نیو کاتژمێرێکی پێچوو، دووبارە گەڕاینەوە، بەلام بردیانە ژوورێکی تر و لەسەر قەرەوێلەیەک پاڵیان خست، منیش هەروا بەدیار سەرییەوە وەستابووم و سەیرم ئەکرد، هەموو لە ژوورەکە چوو بوونە دەرەوە، دنیایەک بۆری و سۆندەیان لێ بەستبوو، بە ئارامی دەستیم خستە ناو دەستمەوە، ساردی سارد بوو! نزیکی دەمم و کردەو هام لێکرد، تۆزێک گەرم بووەوە، نوساندم بە دەموچاومەوە، گەرمتر بووەوە، دوو سێ پەرستار هاتنە ژوورەوەو کەمێک بەدیار سەرییەوە وەستان، خەریکبوون ئەگریان.

- چەند جوانە!

- خوا زەبوونیان بکات!

- ئیشەڵا چاک ئەبێتەوە!

- حەیف بۆ ئەو کچە!

لامکردەوەو سەیرم کردن، خێرا لە ژوورەکە چوونە دەرەوە، کاتێک دەرگاکە خەریکبوو دائەخرا مانیم بینی کە خەریکبوو لەگەڵ پزیشکەکەدا قسەی ئەکرد، تورە بوو!

CamScanner

دەرگاکە داخرا، دووبارە دەستی ڕۆکسانام نوساند بە دەموچاومەوە تا گەرم بێتەوە، لەبر دەرگاکە کرایەوەو پیاوێک بە ڕووپۆشی سپیەوە هاتە ژوورەوە، پەرستارێکیشی لەگەلدا بوو کە پیاوەکەی بە دکتۆر بانگ نەکرد، هەنگاوێک چوومە دواوە، ڕۆشت و دەستیکرد بە پشکنینی ڕۆکسانا، زۆر درێژەی کێشا، ماندوو بووم، سەیری مانیم کرد، هاتە تەنیشتم و دەستی گرتم و گوشی، پزیشکەکەش ئیشەکەی تەواو بوو، لایکردەوە بەلای منداو وتی:

- کچێکی زۆر جوانە!

دواتر سەری ڕاوەشاند و لە ژوورەکە چووە دەرەوە، ئەوانی تریش بەدوایدا ڕۆشتن، بەتانییەکەیم چاک کردو دەستیم لە دەمم نزیککردەوەو هام لێکرد تا گەرم بێتەوە، پەرستارێک هاتە ژوورەوەو سەیرێکی ڕۆکسانای کردو دواتر کورسییەکی هێنایە نزیک تەرەوێلەکەو بە منی وت کە دانیشم، دانیشتم، چووە دیار سەری ڕۆکسانا و کەمێک سەیری کردو دواتر دەستی کرد بە گریان و نوشتایەوەو دەم و چاوی ماچکردو دواتریش هات بۆ لای من، دەستی خستە سەر شانم و بەدەم گریانەوە وتی:

- عەشق بە تەنها لەم دنیایەدا نییە.

دواتر ڕۆشت، دووبارە دەستە جوانەکانیم لەدەمم نزیک کردەوەو هەوڵمدا بە ها لێکردن گەرمی بکەمەوە، جارێکی تر دەرگاکە کرایەوەو یەکێک هاتە ژوورەوە، تاقەتم نەبوو لابکەمەوە بزانم کێیە، دوو دەست هاتنە سەر شانەکانم و توند گوشییان، مانی بوو، بە ئارامی وتی:

- هەستە بچینە دەرەوە ئیشم پێتە.

- هەر لێرە بیلێ.

مانی- لێرە نابێت.

- هەر لێرە بیلێ.

مانی- بچینە دەرەوەو دوو جگەرە بکێشین و دواتر پێت ئەلێم.

- هەر لێرە بیلێ.

توێڵی خستە سەر سەرم و توزێک دواتر وتی:

- ئەزانی چی بووە؟

- نا، تۆش مەڵێ چی بووە.

مانی- ئەتەوێت چی بکەیت؟

- هیچ!

مانی- سەرەنجام چی؟

- چارەری نەبم.

مانی- تا کەی؟

- هەمیشە!

مانی- هەمیشە یانی کەی؟

- تا کاتێک هەناسە ئەدات.

مانی- کە چی بێت؟

- بڕۆ دەرەوە.

دەستێکی هێنا بەسەرمداو بە ئارامی چووە دەرەوە، دیسان دەرگاکە کرایەوە، دیسان لامنەکردەوە، دیسان دەستێک هاتە سەر شانم، باوکم بوو، نەمئەویست سەیری چاوی بکەم، تەنها سەیری ڕۆکسانام ئەکرد.

باوکم- بابە گیان ئاوا ئازاری ئەدەیت!

- نا، ئازاری نادەم!

باوکم- ئەو ئیتر لێرە نییە.

- لێرەیە.

باوکم- ژیانی ئیتر وەکو ئێمە نییە، تەنها هەناسە ئەدات، ئەویش دیار نییە تا کەی.

- منیش هەر لێرە ئەمێنمەوە.

باوکم- تا کەی؟

- تا هەرکات کە پێویست بکات.

باوکم- تا چی بێت؟

- ئەی چیبکەم؟ وازی لێبهێنم؟ ئەگەر بمویستایە وازی لێبهێنم هەر ئەو جارە وامئەکرد.

باوکم- ئاخرْ ئەتەوێت چیبکەیت؟

- نامەوێت بیلێم.

باوکم- بۆچی؟

دووبارە دەرگا کرایەوە، هەموو هاتنە ژوورەوە، مات و بێدەنگ!

باوکم- بلێ ئەتەوێت چی بکەیت؟

- نامەوێت بیلێم.

CamScanner

باوکم- بۆچی؟

- لەبەرئەوەی گاڵتەم پێئەکەن.

باوکم- گاڵتەت پێناکەین، بیلێ.

- ئەمەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم، هەر بەو جۆرەی کە هەیە.

باوکم- ئاخر چۆن؟

شەرمم ئەکرد لابکەمەوەو سەیریان بکەم، چاوم تەنها لەسەر ڕۆکسانا بوو، کاتێک سەیرم ئەکرد هێزم ئەهاتەوە بەبەردا.

- مەگەر ئێوە ڕێگەتان پێنەداین کە هاوسەرگیری بکەین؟ دەی ئێستاش هەروایە ئیتر، ج شتێک گۆڕاوە؟ من خۆشمئەوێت، ئەمەوێت هەر ئاوا هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم، بە تەنها جێی ناهێڵم، ئێوەش ئەگەر نەتانەوێت نەفرینم لێبکەن، لە میرات بێبەشم بکەن، هەرچیتان پێخۆشە بیکەن، من واز لەم کچە ناهێنم، ئەو بەشی پێویست تەنهایی چەشتووە، ئێستا بە تەنها بەجێی ناهێڵم، ئێستاش نازانم پێویستی بە چییە، دڵی بووێت پێی ئەدەم، گورچیلەی بووێت پێی ئەدەم، هەرچی بووێت، چاوەڕێ ناکەم و پێی ئەدەم، ئیتر هیچیش بەلامەوە گرنگ نییە، هەر ئەوە.

لەپڕ دەنگی گریانی ساراو مریەم بەرزبووەوە، خێرا وتم:

- لێرە مەگرین، ئەیبیستێت و ناڕەحەت ئەبێت، هەمووتان بڕۆن.

دواتر سەرم خستە سەر دەستی ڕۆکساناو چاوم نوقاند، دەرگاکە کرایەوەو یەک یەک چوونە دەرەوە، سەرم بەرزکردەوە، کەس لە ژوورەوە نەبوو، تەنها من بووم و ڕۆکسانا و یادگارییە زۆر کەمەکانمان، هەستام و دەموچاوم نوساند بە دەموچاوییەوە، بە ئارامی دەستم بردە ژێر ملی و لەباوەشم گرت و سەریم نوساند بە سنگمەوە، زۆر بە بێهێزی خەریکبوو هەناسەی ئەدا، بە ئارامی لەسەر جێگەکەی پاڵمخست و دووبارە دەموچاوم نوساند بە دەموچاوییەوە، دەرگاکە کرایەوە، مانی بوو، خێرا سەرم هێنایە دواوە، وتی:

- شەرم مەکە، لە باوەشی بگرە، قەیناکە خۆ، دەستگیرانتە.

چوومە سەر جێگەکەم دانیشتم و دەستیم خستە ناو دەستم و هیچم نەوت، مانیش چوو لەسەر کورسییەک دانیشت و وتی:

- بۆچی ناگریت؟

- تۆ بۆ ناڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە؟

مانی- بەڕاستی ئەتەوێت بڕۆم؟

- ئەمەوێت قسە نەکەیت.

مانی- باشە، قسە ناکەم.

سەرم خستە سەر دەستی ڕۆکساناو چاوم نوقاند، مێشکم خاڵی بوو، یانی بیرم ل هیچ نەئەکردەوە، وە ئەمە سەیر بوو! مرۆڤ هیچ بیرنەکاتەوە و مێشکی خاڵی خاڵی بێت! نە ڕابردوو! نە ئێستا! نە داهاتوو! هیچی بەلاوە گرنگ نەبێت، ئەمەم بەلاوە گرنگ نەبوونە خراپ بوو! چارەکێک، نیوکاتژمێر، کاتژمێرێک یان هەرچەندێک تێپەڕی، چەند پەرستیارو پزیشکێک هاتن و ڕۆشتن، بەلام دیسان هیچ بیرێک لە مێشکمدا نەبوو، سەرم بەرزکردەوە، دەستیم خستە ناو دەستم و ماچم کرد، جولەی لێوەنەهات، دواییین جار کە وامکرد، خێرا دەستی بردە دواوەو باوەشی پیاکردم، ئێستا بیرێک لە سەرمدا بوو، ڕقم لە دنیاو مرۆڤەکانی ئەبووەوە، ڕقم لەم ڕۆژو شەوانە ئەبووەوە، ماندوو بووم و هەستم بە ماندوێتی ئەکرد، بەلام ڕقم لە خەوتن ئەبووەوە، دەستم هێنا بە قژە جوانەکەیدا، دیسان جولەی لێوەنەهات، هەرکاتێک کە وام ئەکرد چاوی ئەنوقاندو بێدەنگ ئەبوو تا من نەوازشی بکەم و کاتێک پێمئەوت قژت ئەڵێی خۆرە، پێئەکەنی و سەری ئەخستە باوەشمەوەو ئەیوت ئێستا ئیتر هەموو شوێنێک بووە بە سێبەرو خۆر چووەتە ناو دڵی تۆ، سێبەرەکان! ئێستا بیرێکی تریش لە سەرمدایە، سێبەرەکان! ئێمە هەموومان دیلی دەستی سێبەرەکانین، هەموومان بووین بە دیلی سێبەرەکان! لەوانەیە هەمیشە دیلی سێبەرەکان بووبین، هەمیشە سێبەرێک بەسەر سەرمانەوە بووە، سێبەرێکی ڕەش کە کەوتووەتە سەر سەرمان و وازمان لێناهێنێت، دەستمدا لە لەشی، ساردی سارد بوو! لەشێک کە هەمیشە وەکو ئاگردان ئەسوتاو هەرجارێک کە باوەشی پیاکردم، ئاگرم ئەگرت، دووبارە گریان قورگی گرتبووم، بەلام خێرا قووتم دایەوە، ئەبوو بمهێشتایەتەوە تا ببێتە ڕق و هەر بە ڕقیش بمێنێتەوە، بەتانییەکەم پیادا تا ملی و نوشتامەوە مە جوانەکەیم ماچکرد، هێشتا بۆنی گوڵی لێئەهات، سەرم بردە ژێر گوێی و بە ئارامی پێموت بەخوا زۆر زوو بوو ئەزیزم! بەخوا زۆر زوو بوو گوڵی من! توخوا جارێکی تر چاوە جوانەکانت بکەرەوە! بە گیانی خۆت ئیتر دوای ئەوە هیچم ناوێت لەم دنیا! حەیف کە نەمتوانی قسەت لەگەل بکەم! حەیف کە شەرمم لێئەکردیت! خۆزگە ئەو غرورە هیچەم ئەخستە لاوەو پێمئەوتی چەندم خۆشئەوێیت! قوربانی ئەو چاوانەت بم، فیدای هەر تاڵێکی قژە جوانەکەت بم! منیش گیان دائەنێم لە پێناوت، دڵ هیچ نییە، تۆ بەس

هەستە تا من هەر لێرەدا گیانم دابنێم لەپێناوت، وا ئەزانی درۆ ئەکەم؟ هەستە ببینە، ببینە
کە هامونەکەت بێچارە بووە! هەستە ببینە کە منیش تەنهای تەنها کەوتم، ئیتر کەسم
ناوێت جگە لە تۆ، تۆ تەنها خولەکێک چاوت بکەرەوە تا پێت بڵێم چی لەناو دڵمدا بوو
و پێم نەوتی، تەنها خولەکێک چاوت بکەرەوە و دواتر دایخە، هەر لەو یەک خولەکەدا
هەموویت پێشکەشی قوربانت بم، تۆ خۆ وتت هیچ کات بە تەنها جێم ناهێڵیت! ئێستا کە
خەریکبوو هەموو شت بە باشی ئەچووە پێشەوە، بۆچی؟ بمرم بۆت چەندێک سەختیت
کێشا! خۆزگە زووتر ئەمناسیت! بەخوا تۆ پاکیت! بەخوا تۆ گولیت! ئاخر چۆن دڵیان
هات؟! دانیشتم و دەستیم خستە ناو دەستم، نازانم بۆچی لەپڕ کەوتە دڵمەوە کە ئەبێت
بانگی بکەم! لەبەردەم مانیدا شەرمم ئەکرد، بەڵام دەستم کرد بە بانگکردنی، ڕۆکسانا!
ڕۆکسانا! ڕۆکسانای من! گوێت لە دەنگمە؟ توخوا ئەگەر گوێت لە دەنگمە شتێک بکە تا
بزانم، ڕۆکسانا! ڕۆکسانا! ئیتر تا ڕادەیەک خەریکبوو هاوارم ئەکرد، مانیش هەستاو هاتە
پێشەوە چاوی بڕییە ڕۆکسانا، هەردووکمان سەیرمان ئەکرد، هێشتا ئومێدەوار بووم،
کە لەوانەیە جوڵەیەکی لێوەبێت، یان بە جۆرێک تێمگەیەنێت کە گوێی لە دەنگمە، دەستی
لەناو دەستمدا بوو و ئاگادار بووم کە ئەکا تەنانەت جوڵەیەکی بچوکی لێوەبێت، بەڵام
نەجوڵا، هیچ! مانی گەڕایەوەو لەسەر جێگەکەی دانیشت، دووبارە سەرم خستە سەر
دەستی، چاوم نوقاند، ئێستا بیرێکی تریش لە سەرمدایە، ترس! ترس لە مانەوە! ترس لە
ڕۆشتن! ترس لە مردن! هەمیشە ترساوین! هەمیشە ترس لەگەڵماندا بووە! لە سێبەرەکان
ئەترسین! لە خودی ترس ئەترسین! لە نەترسان ئەترسین! سەرم بەرزکردەوەو وتم:

- ئەزانی دڵم لە چی ئەسووتێت؟

مانی- بێلێ!

- لەوەی کە هەر نەمانتوانی بەیەکەوە بین، هەرجارێک کە ئەگەیشتین بەیەک، هەر ڕابردوو بوو و ڕابردوو، ئەوەندە ڕابردوو لە نێوانماندا بوو کە نەمانزانی حاڵی ئێستامان چۆنە! مانی ئەم خۆ حەقی بەسەر کەسەوە نەبوو، خۆ خۆت ئەزانی.

دووبارە سەرم خستە سەر دەستی، دەستی وەک گوڵ وابوو، نەرم و ناسک و جوان! پەنجە شمشاڵییە جوانەکانی بۆنی گوڵی لێئەهات! بۆنی یارمەتی! بۆنی لەخۆبردوویی و فیداکاری!

- ئەزانی چی پێئەوتم؟ ئەیوت حەز ئەکەم کارێک بکەم بۆ تۆ، بەڵام ناتوانم، یانی تۆ پێویستت بە هیچ نییە تا من بتوانم پێت بدەم، داماوە هەمیشە حەزی ئەکرد کارێکم

بۆ بکات کە بەنرخ بێت بەلامەوە، مانی لەبیرتە کە ژوورەکەی خۆی چۆل کرد بۆ من؟ داماوە هەر ئەوەی لەدەست ئەهات، نە پارەی هەبوو بمداتێ و نە هیچ، ئەوە ئازاری ئەدا، مانی! ئێستا ئیتر کێ ئەچێت یارمەتی ئەو مرۆڤانە بدات؟ ئەمە وەلامی باشی بوو؟ کچێک کە خۆی نەیبوو بیخوات، دەستبەرداری هەموو شتێکی ئەبوو تا بتوانێت یارمەتی مرۆڤە داماوەکان بدات، کچێک کە ئەیتوانی بچێتە ئەوروپاو خۆش ڕابوێرێت و چێژ وەربگرێت، لێرە مایەوە تا یارمەتی مرۆڤە بەدبەختەکان بدات، ئەوە بوو پاداشتەکەی؟ مانی ئەبێت ئەوە بدۆزێنەوە، ئەمەوێت هەر بەو دارە ملی ورد بکەم، من ئەبێت بیدۆزمەوە.

مانی- تا چی ببێت؟ ئەگەریش بیدۆزیتەوە ئەبێت بۆ حالی بگرێت، مرۆڤی وا شیاوی لێدانیش نییە.

- توخوا سەیرکە! ئەمە هەر ئەو ڕۆکسانایە! هەر ئەو ڕۆکسانای کە ئەو شەوە باوکمی عاشقی خۆی کرد! بینیت لە شەترەنجەکەیدا لە باوکمی بردبووەوە، بەلام داشەکانی تێکدا بەسەر یەکدا تا ڕێزی باوکم بگرێت؟ سەیرکە چەند جوانە مانی! توخوا حەیف نییە بەو جوانییەوە لەسەر قەرەوێلەی نەخۆشخانە بێت؟ ئاخر ئەم کچە ئێستا ئەبێت لێرە بێت؟ ئەمە ئێستا ئەبێت شادو تەندروست بێت و چێژ لە گەنجییەکەی ببینێت، ئەمە ئەبێت لەشساغ بێت تا بتوانێت یارمەتی خەڵک بدات.

دووبارە سەرم خستە سەر دەستی، مانی هاتە تەنیشتم و دەستی خستە سەر شانم و وتی:

- ئەتوانرێت بەو شێوەیە بێت کە تۆ ئەیڵێیت، ئەکرێت لەم ڕۆکسانا چەند ڕۆکسانای تر بێتە بوون.

سەرم بەرزکردەوەو وتم:

- ئیتر ناکرێت مانی، ڕۆکسانا تەنها یەک دانە بوو!

مانی- ئەزانی وەستانی مێشک یانی چی؟

- نامەوێت بزانم.

مانی- ئەو هەر ساتێک بۆی هەیە تەواوی بکات.

- قسە مەکە! قسە مەکە! قسە مەکە!

مانی- دڵنیام ئەگەر خۆیشی ئێستا بیتوانیایە قسە بکات، هەر وای پێئەوتیت، ئێستا ڕۆکسانایەکی تر هەر لەم نەخۆشخانەیەداو پێویستی بە دڵە.

- بیدەنگ بە مانی! بیدەنگبە! ئەگەر کەسێک بێت بەلایدا ئەیکوژم، تۆش بیدەنگبە!

CamScanner

مانی- تۆ بۆچی ناگریت؟ ڕۆکسانا مردووە هامون! دەستگیرانەکەت مردووە! ئەو کەسەی کە خۆشت ئەویست مردووە.

- بیدەنگبە مانی، با داخی دڵم بەسەر تۆدا خالی نەکەمەوە.

مانی- ئەمە ژیان نییە خۆ، دیار نییە کەی تەواو ئەبێت، ئەمڕۆ یا بەیانی یا خولەکێکی تر!

- ئەگەر ترمە وای لێبهاتایە هەر وات ئەوت؟

مانی- ئەری، چونکە ئەمویست زیندوو بێت، مرۆڤ ئەتوانێت لە کەسێکی تردا زیندوو بێت، بە تایبەت کەسێکی وەک ڕۆکسانا کە تەنها ئەیویست یارمەتی هەمووان بدات.

- بیدەنگبە هیچ و پوچ! ئەو هەموو بەدبەختییەی کێشا بەس نەبوو، ئێستاش ئەتەوێت پارچە پارچەی بکەن؟

مانی- پارچە پارچەی ئەکەن، بەڵام هەر پارچەیەکی ئەبێتە ڕۆکسانایەک، ڕۆکسانایەکی تۆ، ئەوکات ئیتر نامرێت، یانی جاری نامرێت.

لەپڕ هاوارم کردو کورسییەکەم فڕێدایە لاوەو لەجێ دەرپەڕیم و وتم:

- بڕۆ دەرەوە! ئیتر نەشگەڕێیتەوە! بڕۆ دەرەوە ئاژەڵ! تۆ مرۆڤ نیت! تۆ هەستت نییە! وەک مانگا وایت!

سەری داخست، گەڕامەوەو لەسەر کورسییەکە دانیشتم و دەستی ڕۆکسانام گرت، نازانم بۆچی پەلاماری ئەومدا! تۆزێک چاوەڕێم کرد، زۆر شتم هاتبووەوە بیر، بەڵام هێشتا گێژ بووم، هەر بۆیە پێموت:

- مانی من هیچم لەبیر نییە، من هەر نازانم چی بووە، ڕۆکسانا لە باوەشی مندا خەوتبوو، لەپڕ چی ڕوویدا؟

مانی- تۆ حاڵت باش نییە.

- تۆ بڵێ چی ڕوویدا؟

تۆزێک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

- دوو سێ کاتژمێر دوای هاتنەوەت بوو، هەمان شەوی ئاهەنگەکە، پوری تەلەفۆنی کردو وتی ڕاکەن ڕۆکساناو ئەوان ڕۆشتن، تەلەفۆنیان بۆ کردبوون کە بڕۆن، من و تۆش ڕۆشتین، هەموو ڕێگەکانیان گرتبوو، نەیانئەهێشت بچینە پێشەوە، تەلەفۆنم کرد بۆ باوکم، ئەویش تەلەفۆنی کرد بۆ هاوڕێکەی، هاوڕێکەشی لەگەل دوو کەسی تردا هاتن، لەوێ هەموو ئەیانناسی، بەڵام بەداخەوە درەنگ بوو بوو.

تازە خەریکبوو ئەهاتەوە بیرم، بەریان لیگرتبووین و ئەیانئەهێشت بچینە پێشەوە، بوو بە شەڕمان، گرتیبیان، مانی تەلەفۆنی کرد بۆ ماڵەوە، هەموویم هاتەوە بیر، هەروا کە سەیری ڕۆکسانام ئەکرد و وتم:

- هەموویان ڕۆشتن؟ کاتژمێر چەندە؟

مانی- کاتژمێر چواری بەیانییە، دوو ڕۆژی بەسەردا تێپەڕیوە

لامکردەوە بەلایداو وتم:

- دوو ڕۆژ؟

مانی- ئەری دوو ڕۆژ، دەستێک بهێنە بەدەم و چاوتا بزانە چەندێک ڕیشت هاتووە!

- یانی پێری بوو؟

مانی- ئەری پێری بوو.

سەرم خستە سەر دەستی ڕۆکساناو وتم:

- هەر تۆزێک پێش ئێستا بوو، کاتژمێر چواری بەرەبەیان، ڕۆکسانا لە باوەشمدا خەوتبوو، خۆزگە نەمهێشتایە بڕوات! خۆزگە لەگەلی بمایاتەوە! خۆزگە جێم نەهێشتایە! قورگم پڕ بوو بوو، بەلام نەمئەتوانی بگریم، مانی هاتە پشتمەوە دەستی خستە سەر شانم و وتی:

- هەستە بچینە دەرەوە جگەرەیەک بکێشین، دکتۆرەکان ئاگایان لێیەتی.

دلم نەئەهات جێی بهێڵم، بەلام مانی دەستی ڕاکێشام و لەگەڵ خۆی بردمی، ڕاڕەوەکە کەسی لێنەبوو، وادیار بوو هەموو خەوتبوون، چووینە حەوشەی نەخۆشخانەکەو مانی دوو جگەرەی داگیرساندو یەکیانیدا بە من.

- پوری زانیویەتی؟

تۆزێک سەیری کردم و دواتر وتی:

- کردتە دەرەوە، پێت وت تاوانی ئەو بووە کە تۆ ڕۆکسانات بینیوە، پێت وت تۆڵەی باوکمانی لە تۆ کردووەتەوە.

تەنها سەیریم کرد، هیچم لەبیر نەبوو.

مانی- عەزیزش هات، ترمەش هات.

چوومە لای دیوارەکە وەستام، هاتە تەنیشتم و وتی:

- هامون! هەموو شت تەواو بووە!

ڕووم کردە ئەولاوە، وتی:

وەرزی چواردەهەم

بە تیچوویەکی زۆر پزیشکمان لە دەرەوە هینا، ئەبوو دڵنیا ببوومایەتەوە، هەرچەند چەند دکتۆرێکی پسپۆڕ بۆچوونی خۆیان وتبوو، مانگێک تێپەڕی و بەزۆر بە زیندوویی هێشتبوومانەوە، هەمووشت تەواو بوو بوو، دڵی ڕۆکسانای من ڕۆشتە سنگی کچە خوێندکارێکی زانکۆ، هەر یەکێک لە گورچیلەکانیشی چووە جەستەی ئەفەرێکەوە، جگەریشی هەروا، هەر بەو جۆرەی کە خۆی ویستبووی، لە جەستەی کەسانی تردا زیندوو بووەوە، ڕۆکسانا یەک ڕۆکسانا بوو، بوو بە چەند ڕۆکسانا، من هەر نەگریام، ئیستاش ناگریم، ئیتر نەشڕۆشتم بەلای مالی پورێدا، نەمئەتوانی ئەو ماڵە بێ ڕۆکسانا ببینم، سێ مانگ دواتریش پورێ کە شێرپەنجەی بوو، مرد. هەمیشە پێی وابووە کە خەرجی ژیانی، براکانی، یانی باوکی ئێمە داویانە، بەڵام ڕۆژێک نەفەرێک ئەڵێت وانییە و ئەم خانووە و خەرجی ژیانی، مرۆڤێکی خێرخواز داویەتی، ئەویش کاتێک بەمە ئەزانێت، ئەنێرێت بە دوای ئێمەدا تا ئابڕووی براکانی ببات، نەیزانیوە ئەو کەسەی کە ئەو شتەی پێوتووە دوژمنایەتییەک شتێکی لەگەڵیدا هەبووەو هەر ئەو کەسەش هۆکاری ڕقهەستانی ترمە بووە، دوای ئەوەی ڕۆکسانای من مرد دەرکەوت ئەو مرۆڤە خێرخوازە باوکم و مامم بوون، دوو برا کە خەرجی ژیانی خوشکەکەیان ئەدا، پورێ هەڵەی کردبوو و دواتر بە هەڵەکەی زانیبوو، بەڵام چ سود؟! ترمەش دوای ئەو ڕووداوە ئیتر لە ئێران نەمایەوە، مانی دژی کارکردنی بوو و ئەویش هاوسەرگیری لەگەڵ نەکردو ئێرانی بەجێهێشت، ئەویست بچێتە هۆلیود، ئەیوت لێرە ئەبێت یا لەم فیلمە ئاساییانەدا بەشداری بکات یا هیچ، چونکە ئەگەر فیلمەکە بە دڵی خۆیان نەبێت ڕێگەی پێنادەن، هەر لەبەر ئەوە ڕۆشت، مانیش زۆر یارمەتیدا، وەکو هاوڕێیەک یارمەتیداو کارەکانی بۆ جێبەجێ کرد تا توانی بچێتە دوبەی و لەوێشەوە بۆ ئەمریکا، هەموو شت ئەوەندە خێرا ڕوویدا و تەواو بوو کە هێشتاش گێژو وڕم و تەنها بیری لێئەکەمەوە، بەڵام ساڵێک دواتر، ڕۆژێک لەگەڵ مانی چووین بۆ گیشا، خۆم داوام لێکردبوو کە بچین، چووین بۆ ئەوێ! بۆ ئەو کۆڵانەو بەردەم هەمان ئەو ماڵە! تەنها توانیم دابەزم و جگەرەیەک داگیرسێنم، ساتێک

CamScanner

بینیم دەرگای هەمان ئەو ماله کرایەوەو ڕۆکسانا هاته دەر لێی، خێرا سەر ئوتۆمبیلەکە کەوتم و بە مانیم وت تەنها بڕوات! خێرا بڕوات! تەواوی کۆلانەکە ڕۆکسانا بوو! کاتێک مانی خەریکبوو بە خێرایی لە کۆلانەکە تێنەپەڕی، لامکردەوەو سەیری پشت سەرمانم کرد، ڕۆکسانا لە ناوەڕاستی کۆلانەکەدا چاوی تێبڕی بووم، ئێستا چەند ساڵێک بەسەر ئەو کاتژمێر چواری بەرەبەیانەدا تێپەڕیوە، هێشتاش ڕۆکسانا لە باوەشمدا خەوتووەو نامەوێت بێدار بێتەوە، نامەوێت بێدار بێتەوە تا سەردەمێک کە ئەگەر کچێکی وەکو ئەو ڕیسنی بپرسێت بۆچی، ئەو بەلایەی بەسەر نەیەت، جا ئیتر ئەبێت چەندێک ڕێبکەین و بچینە پێشەوە تا بەو سەردەمە بگەین، نازانم. بەلام ئەوە ئەزانم کە ڕۆکسانای من زیندووە، ئەو کچەی کە دڵی ڕۆکسانای من لە سنگیدا لێتەدات زیندووە، کچێکی لێبڕاو کە لە سەد دانە پیاو، بەهێزترو بە ورەترە! کەوایە ڕۆکسانای من هێشتا زیندووە! نەک دانەیەک و دووان نەک... هێشتاش نەگریاوم.

تەواو/ بیستانسور

کتێبخانەی گۆڵدن بووک
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
07701598762 - 07501444434
Goldenbook ktebfroshe_warzer
GOLDEN BOOK

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا
سلێمانی سەرەتایی شەقامی مەولەوی
فەرعی سەعید تەها کۆیی
٠٧٥٠١١٢٨٣٨٨ - ٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧
Ktebxanai chwarchra
چوارچرا

CamScanner

CamScanner

ئێستا چەند ساڵێک بەسەر ئەو کاتژمێر چواری بەرەبەیانەدا تێپەڕیوە، هێشتاش ڕۆکسانا لە باوەشمدا خەوتووەو نامەوێت بێدار بێتەوە، نامەوێت بێدار بێتەوە تا سەردەمێک کە ئەگەر کچێکی وەکو ئەو ویستی بپرسێت بۆچی، ئەو بەڵایەی بەسەر ئەیەت، جا ئیتر ئەبێت چەندێک ڕێبکەین و بچینە پێشەوە تا بەو سەردەمە بگەین، نازانم. بەڵام ئەوە ئەزانم کە ڕۆکسانای من زیندووە، ئەو کچەی کە دڵی ڕۆکسانای من لە سنگیدا لێئەدات زیندووە، کچێکی لێبڕاو کە لە سەد دانە پیاو، بەهێزترو بە ورەترە! کەوایە ڕۆکسانای من هێشتا زیندووە! نەک دانەیەک و دووان نەک... هێشتاشە نەگریاوم.

٨٠٠٠ دینار

چۆرچلا

GOLDEN BOOK